
تصوير ابو عبدالرحمن الكردي
رۆمان
ENDESE
www.iqra.ahlamontada.com
بەختیار عەلی
منتدى إقرأ الثقافي
کۆشکی
باڵندە
غەمگینەکان

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

کۆشکی باڵندە غەمگینەکان

بەختیار عەلی

ENDESE

ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە
بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: دانا مەلا حەسەن
بەڕێوەبەری هونەری: باسم ڕەسام

ناوی کتێب: کۆشکی باڵندە غەمگینەکان
ناوی نووسەر: بەختیار عەلی
بابەت: ڕۆمان
نۆبەتی چاپ: دووەم ٢٠١٤
چاپخانە: رجایی/ تاران
تیراژ: (٢٠٠٠) دانە
نرخ: (١٠٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٢٢٢٤)ـی ساڵی (٢٠١٣)ـی پێدراوە.
ISBN: 978-1-63068-980-3

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە. بەبێ ڕەزامەندی نووسەر، هیچ کەس و کتێبخانە و چاپخانەیەک لە ناوەوەی وڵات و دەرەوەیدا مافی کۆپیکردن یان لە چاپدانەوە ئەم کتێبەی نییە. هەروەها کەس مافی ئەوەی نییە بێ ڕەزامەندی نووسەر ئەم بەرهەمە یان بەشێکی بخاتە سەر تۆڕی ئینتەرنێت یان لە شێوەی CD و کتێبی خوێنراوەدا بۆ مەبەستی بازرگانی تۆماربکات. بە پێچەوانەشەوە ڕوو بە ڕووی بەرپرسیارێتی یاسایی دەبێتەوە.

ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە/ ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
سلێمانی-شەقامی مەولەوی-تەلاری سیروانی نوێ-نهۆمی چوارەم
www.endeshe.org ● andesha.library@yahoo.com
http//www.facebook.com/Andeshacenter
07501026400

١

یەکێـک لـە ئێـوارە سـاردەکانی زسـتان بـوو کـە مەنگـوڕی بابەگـەورە و کامەرانـی سـەلما لـە سـەر سـیلەی یەکێـک لە کۆڵانەکاندا مەنسـور ئەسرینیان بینـی. سـەعاتێک بـوو بـە تایبـەت لەوێدا وەسـتابوون بۆ ئـەوەی ئـەو ببینـن. کامەرانـی سـەلما سـوێندی خواردبـوو گـەر قسـەکانی لەگـەڵ ئەسـریندا نەگەنـە ئەنجـام، بیکوژێـت. سـووک و سـادە بیکوژێـت، «وەک سـەگێک خەڵتانی خوێنـی بکات» چونکە جگـە لـەوە چارەیەکی تـری نییـە. هەمـوو دەیانناسـی چ کوڕێکـی تـوڕە و خۆنەگـر و دڵگەرمـە. ماوەیـەک بـوو ئـەو دەنگـۆ زۆرانـەی لـە هەنـدێ جێـگادا دەهاتـن و دەچـوون، شـێتیانکردبوو... کـەس بەتـەواوی نازانێـت چـۆن ئـەو دەنگۆیانـە گەیشـتوونەتە کامـەران، بـەڵام دەرونێکـی بەدخـوا تـەواوی چیرۆکەکـەی بـە زیـادە و پێوەنانێکـی زۆرەوە بۆ ئـەو گێڕابـووەوە. هەمـووان دەیانگووت کە سەوسـەن فیکرەت»ئەو کچە شـۆخ و نەناسـراوەی پتـر لـە ساڵێکە لـە بەغداوە هاتۆتـە ئـەم شـارە» حـەزی لـە مەنسـور ئەسـرین کـردوە. ئەگـەر ئـەوە ڕاسـت بێـت، کامەرانـی سـەلما هیـچ چارێکـی نییـە جگـە لـەوەی بیکوژێـت، گـەر پێویسـتبکات دەتوانێـت خۆشـی بکوژێت. ئـەوەی بتوانێـت جارێکـی تـر بـێ ئومێدی ئـەو خۆشەویسـتییە لـە نـاکاوە بـژی، نەکردەبـوو، کوڕەکـە بـە چەشـنێک عاشـق بـوو مـرۆڤ لێیدەترسـا... ئـەوەی بـە هەمـوو کەسـێک گووتبـوو، بـە هاوڕێکانـی سـەر خواردنـەوە، بـە خوشـکەکانی، بـە ئامۆزاکانـی، بـە دراوسـێ

دوکانەکانـی براکـەی... یەکـە یەکـە پێیگووتبـوون ئەگـەر لەگـەڵ مەنسـور ئەسـریندا نەگاتـە ئەنجـام دەیکوژێـت. هەمـوو دەیانزانـی کامەرانـی سـەلما لـەو گەنجـە سـەرەڕۆ و شـێتانەیە کـە دەکرێـت کاری لـەو جـۆرەی لـێ بوەشێتەوە. کوڕەکە لـەو چەقـۆ وەشـێنە بێدەروەسـتانەیە کـە بەدروسـتی نازانێـت حەزکـردن مانـای چـی، ترسـناکترین شـتیش ئەوەیە یەکێـک لەمجۆرە سەرشـێتانە لـە نـاکاو عاشـق بێـت. مەنگـوڕی بابەگـەورە کـە داناتریـن هاوڕێی بـوو، پێشـنیاری ئـەوەی بـۆ کردبـوو بـەر لـەوەی دەسـتبداتە هیـچ کارێـک لەگـەڵ مەنسـوردا قسـەبکات. گووتبـووی «هیـچ کەسـێک تـا ئێسـتا شـتێکی ڕاسـت دەربـارەی پەیوەنـدی سەوسـەن فیکـرەت و مەنسـور نازانێـت... ناکرێـت تـۆ ئەوەنـدە هەڵەشـە و بێهـۆش بیـت، بـێ هیـچ قسـەیەک و بەڵگەیـەک کەسـێک بکوژیـت». مەنگـوڕ خـۆی لـە ناسـراوترین و کۆنتریـن چەقۆکێشـەکانی شـار بـوو، هەمیشـە بـە حیکمەتێکـی زۆرەوە ئیشـیکردبوو، بـاوەڕی بـەوە هەبـوو مـرۆڤ بـەر لـەوەی دەسـت بـۆ چەقۆکـەی بەرێـت، دەبێـت هەمـوو هەوڵێکـی خـۆی دابێـت. هەمیشـە کامەرانـی سـەلمای وەک کوڕێـک یان بـرا بچوکێکـی خـۆی بینیبـوو، شـتێک لـە ئازایەتـی لـەو گەنجـەدا هەبـوو ڕێـزی دەگـرت. ئـەو ڕێـزی ئەمجـۆرە پیـاوە کەللـە گەرمانـە دەگرێـت، چونکـە شـتێک لـە کڵپـەی ژیانیـان تێدایـە مەنگـور زۆر حـەزی پێـدەکات. ئـەوکات کامـەران تەمەنـی لـە بیسـت سـاڵ تێنەدەپـەڕی، لەگـەڵ هەمـوو منداڵـی و سـەرەڕۆیی خۆیـدا خاوەنـی ئەزمونێـک بـوو، مەنگـوڕ کـە گەلێـک لـەو گەورەتـر بـوو نـرخ و بەهـای گـەورەی بـۆ دادەنـا. سـاڵێک لەوەوبـەر لـە کاتـی قومـاردا لـە ژێرزەمینـی ئوتێلێکـی ناسـراودا ناسـیبووی، ئوتێلێکـی چڵکـن و کـۆن کـە ناوبانگـی خـۆی یەکەمجـار لـە پیسـی و پۆخڵـی و دووەمیـش لـەوەوە وەرگرتبـوو کـە کۆمەڵێـک لـە شـارەزاترین و دڵڕەقتریـن قومارچییـەکان یـاری تێـدا دەکـەن. هـەر لـە یەکەم سـاتەوە بەوە سەرسـامبوو کـە کامـەران گەنجێکـی وەهـا چاوقایـم و نەترسـە، بـەو چەشـنە تێکـەڵ بـەو

یاریکەرە شارەزایانە دەبێت کە هەندێکیان لەسەر شتی زۆر لە پارە بچوک و بێماناتر دەستیان خوێناوی بووبوو. هەر ئەوە نەبوو کوڕێکی جوان بێت کە قژێکی قەترانی و پێستێکی شەرابی هەیە، بەڵکو کە هات لە یەکەم ئێوارەوە هەموو شتێکی لەسەر یاریکەرەکان و ئوتێلەکە دەزانی. شێوەی خۆگۆڕینی و چۆنێتی قسەکردنی، ئەو جلە کوردییە قەشەنگانەش کە ئێجگار شیک لەگەڵ قامەتیدا دەگونجان، وایاندەکرد هەمووان بە شتێک لەسەرسامییەوە سەیریبکەن. دەبێت بڵێین گەر لە یەکەم ڕۆژەوە مەنگوڕی بابەگەورە نەبووایە لەوانەبوو تووشی گێچەڵی کوشندە ببێت. خۆی یەکێک بوو لەو سەرەڕۆ بێباکانەی، سڵی لە وروژاندنی هیچ ئەژدیهایەک نەدەکردەوە. بەجۆرێک باوەڕی بە خۆی بوو، دەکرا گەلەک زوو خۆی بخاتە ناو دەرد و گرفتی گەورەوە. غەمخۆری و ئامۆژگاریی خوشکەکانی سوودێکی ئەوتۆیان نەبوو، هەردەم بە شتێک لە هەڵچوون و توڕەیی خۆی دەربازدەکرد. هەموو باوەڕیان وابوو هەر بە گەنجی خۆی تووشی کارەساتێک دەکات و تیادەچێت. پێشتر دووان لە خاڵوانی کە هەمان سروشتیان هەبوو، لە تافی جەهێڵیدا بە ڕوداوی بێمانا و بۆ شتی گەلێک بێبایەخ تیاچووبوون. وەک ئەوەی ئەوجۆرە ڕەفتارە لە خوێنی خێزانەکەدا بێت، هەمیشە ئارەزوویەکی توندی تێدابوو شتگەلێک بکات کە ئاسان نیین و کێشەیان بەدوادا دێت. مەنگوڕی بابەگەورە کەمجار کەسێکی بەو چەشنە خستبووە ژێر باڵی خۆی. دەیزانی ئەو سەردەمەی کامەران تیادەژی، جیاوازە لەگەڵ بیست ساڵ لەوەوبەردا، دەمێک خۆی هەمان یاریدەکرد. بیست ساڵ لەمەوبەر مرۆڤ بەرچاوی ڕوونتربوو، دەوڵەت لە هەموو کونج و کەلێنێکدا خەڵکانێکی نەبوو مرۆڤ حیسابیان بۆ بکات، بەمشێوەیە نەخزابووە ناو چەورە و چەقۆکێشەکانی بازاڕەوە، ئەوکات سیاسەت وەک ئەمڕۆ کۆڕی گەرم نەبوو... ئێستا هەموو شتێک پڕ ترس و تاریکترە. مایەی ئەفسوسە

یەکێکی وەک کامەرانی سەلما بەهۆی نەفامییەکی گەنجانەوە تیابچێت. دوای ئەزمونی بیست ساڵ گەیشتبووە ئەو بڕوایەی نەهێڵێت ئەم کوڕە سوار سەری خۆی ببێت و خولیاکانی بیکوژن، ئەوە بووبوو بە مەسەلەیەکی گەورە لەلای. مەنگوڕی بابەگەورە دەیزانی ئێستا وەک جاران نییە مرۆڤ چەقۆیەک بخاتە گیرفانی و بێهەق و حیساب لە هەموو شوێنێکدا دەریبهێنێت و بە ڕووتی ئاشکرایبکات. گەر کامەرانی سەلمای بیست ساڵ لەوەوبەر ببینیایە باکی بەوە نەدەبوو لە کام شەڕە چەقۆدا زامداردەبێت، کێ دەیپێکێت یان کێ دەیکوژێت، بەڵام ئێستا چ ئارەزوویەکی نییە گەنجێکی وەها خوێن گەرم و پڕ کڵپە بە مردوویی ببینێت. بە هاوڕێکانی گووت ئەم کوڕە قۆناغێکی بێمێشکی ئێجگار تایبەت دەژی، دەبێت چاومان لەسەری بێت. سەرەتا وەک قومارچییەکی زیرەک کە جووتێک چاوی هوشیاری هەیە خۆشیویست، بەڵام دواتر جۆرە سۆزێکی برایانەی بەرامبەری هەبوو. مانگێک لەوەوبەر کامەران بە جۆرێک لە شانازی و خۆشبەختییەوە پێیگووت کە حەزی لە کچەکەی فیکرەت گوڵدانچی کردوە. شێوازی ڕاگەیاندن و درکاندنی کامەران بۆ ئەو عەشقە بەجۆرێک سەیر و بێوێنە بوو، مەنگوڕی سەرسامکرد. پتر لە بیستوپێنج ساڵ بوو لێرەو لەوێ خەڵکی دەبینی کە باسی عەشق و عاشقی دەکەن، بەڵام پێشتر کەسی نەبینیبوو، بەو چەشنە ئاشکرایە باسی خۆشەویستی خۆی بکات. ئەو لە هەموو جێگایەکدا و لە بەردەم هەموو کەسێکدا بە فەخرێکی میرانەوە باسی حەزکردنی خۆی لە سەوسەن دەکرد. لە ناو خوشک و کچە پورەکانیشیدا هەمان ئاوازی دەخوێند. بەڵام هەموو دەیانزانی کە سەوسەن فیکرەت خۆی هیچ شتێک لەو بارەیەوە نازانێت. یەکێک لە خوشکەکانی پێیگووت «سەوسەن بە ئەندازەیەک جوانە، وادەزانم نیوەی پیاوانی شار حەزیان لێکردبێت، دڵنیابە جەنابت لەو حەزەدا بە تەنیا نیت». هەموو کچە

پورەکانی لەو باوەڕەدابوون کە سەوسەن گوڵدانچی کچێکی لووت بەرزە و ناوبانگی جوانی خۆی لەو جل و بەرگ و مەکیاجە کاڵانەوە بەدەستهێناوە کە بەردەوام دەیانگۆڕێت، بەڵام هەمووش دەیانزانی جگە لەو ڕێکپۆشی و جوانبەرگییەی شتێکی نەزانراو لە سەوسەندا هەیە دەیکات بە خانمێکی تایبەت. جلەکانی هەمیشە لە جلی ئافرەتانی دی بە حیشمەتتر بوون، گەرچی مەکیاجێکی زۆر تەنکی دەکرد، بەڵام شتێک لە گونجاندنی ڕەنگ و هارمۆنییەتی تێدابوو، سەرنجی هەر کەسێکی ڕادەکێشا. خانمێکی شاریتر و شارستانیتر لە ژنانی ئەم شارە دەردەکەوت کە لە خۆجوانکردندا خۆیان زۆر ماندوودەکەن، بەڵام هەمیشە شتێک ناڕێک دەڕوات و زۆربەیان هەرچییەک دەکەن هەر گوندەکی دەنوێنن. کە مەنگوڕی بابەگەورە یەکەمجار سەوسەن فیکرەتی بینی، گووتی « گەر ئەم خانمە ببێت بە ژنت تا ماویت پیاوێکی بەختەوەر دەبیت» . کامۆی سەلما ئەگەرچی ئەزموونێکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەڤین و خۆشەویستیدا نەبوو، بەڵام وەک زۆر لە گەنجە بۆشناخەکانی هاوتەمەنی لەو باوەڕەدابوو هەر کاتێک و هەر خانمێکی بوێت دەتوانێت بیکات بە ئەڤینی خۆی. ئەو جۆرە لە خۆڕازیبوونە بێئەندازەیە، لەڕاستیدا هۆیەک و بەهانەیەکی ڕاستەقینەی نەبوو. کوڕەکەی سەلما گەرچی گەنجێکی جوان و بەسەروسیما بوو، بەڵام ناوبانگی بە شێوەیەک خراپ ڕۆیشتبوو، کچە پورەکانی خۆی لێدەرچێت، بەشی هەرە زۆری خانمانی شار، وەک مێردێک یان خۆشەویستێکی نمونەیی سەیریان نەدەکرد. بەڵام مەنگوڕی بابەگەورە دڵنیابوو هەر کەسێک بەم کوڕە ئاشنابێت و ئەو دڵگەرمییە منداڵانەیەی لە نزیکەوە ببینێت، لەو هەڵچوونە لە ناکاو و زمانپیسی و شەڕانگێزییە نەگونجاوانەی دەگوزەرێت. هەمیشە دەیگووت «خراپەکانی خراپەی گەنجین» . هەموو هەستیاندەکرد لێبوردنی مەنگوڕی بابەگەورە بەرابەر ئەو کارە بەد و چەقۆوەشێنییە بێباکانەی کوڕی سەلما دۆلان، جۆرە

لێبوردنێکە لە خراپەکانی گەنجی خۆی، لەو سەردەمانەی بێڕەحمترین چەقۆکێش و مەینۆشی شار بوو، سووکایەتی پیشەی سادە و کاری ڕۆژانەی بوو، وەک شەڕانییەکی بێڕەحم ناوی لە هەموو کۆڕ و مەجلیسێکدا دەهات. ئێستا کە بووە بە کەسێکی دیکە، هێشتا تێگەیشتنی بۆ ئەو جۆرە سەرگەرمی و لادەرییە وەک خۆیەتی. بەڵام مەنگوڕ وەک ئامۆژگاری برایەکی بچکۆلانەی خۆی بکات، پێیگووت «چەقۆ لە ڕووی کەسێکدا بەرزمەکەرەوە کە نەیناسیت، لەگەڵ یەکێکدا بچۆرە جەنگەوە بزانیت چ کارەیە». ئەو ئێوارە ساردەی زستان کە چاوەڕوانی مەنسور ئەسرینیان دەکرد، هەمووان بە تەمای بەفرێکی گەورەبوون، دونیا بە جۆرێک ساردبوو، مەنگوڕ دەلەرزی. ئەوە یەکێک بوو لە نیشانەکانی پیری کە هێدی هێدی هەستی پێدەکرد. وا بۆ زیاد لە سێ ساڵ دەچێت ناتوانێت زستانان بێ کلێتە بژی... بەدرێژایی زستان شتێک لە چەمینەوە و خۆکورکردن و گرمۆڵەبوونی پێوەدیاربوو. ئێستا هەر کەسێک لە دووریشەوە بیدیبایە بەو کرژبوونە زۆر و بەو کلێتە ڕوسییە ئەستوورەدا دەیناسییەوە. مەنسور دوای نیو سەعات چاوەڕوانی لە پاڵتۆیەکی ڕەشدا دەرکەوت، گەنجێکی بەویقاربوو کە هیچ ترسێکی ئەوتۆی لە سەرما پێوە دیارنەبوو، لەو گۆرانیبێژانە دەچوو کە بە گیتارەوە لە بەفردا گۆرانی دەڵێن، قژێکی پڕی هەبوو کە با بەرەو دواوە دەیبرد، باریک و غەمگین بوو، شتێک لە نیگایدا بوو مرۆڤ واهەستبکات هەر ئێستا توانجێکی ڕەش دڵی شکاندوە. مەنگوڕ نەیدەزانی چۆن لەم چەشنە گەنجانە نزیک ببێتەوە، کوڕەکە دەنگێکی ناسک و خاڵی لە گرێی هەبوو، بەڵام دوور لە هەر چەشنە تۆنێکی کچانە کە دەشێت خۆشی و ئەفسونی ناو دەنگی هەر پیاوێکی ئەم شارە لکەداربکەن. مەنسور دەموچاوێکی باریک و جووتێک چاوی کراوەی هەبوو... چەشنێک لە ئادەمیزاد کە مەنگوڕ حەسودی پێدەبردن، بە درێژایی ژیانی وەک

کەسێکی کورت و کونج و سەرڕووتاوە دەبایە دڕتر و بێڕەحمتر بێت بۆ ئەوەی بژی، لە شارێکی بێڕەحمی وەک ئێرەدا، ئەو وەک پیاوێکی ناشیرین دەبایە دەجار لەوانی دی زیاتر هونەری ژیان بزانێت، بۆ ئەوەی بمێنێتەوە و نەخورێت و فەرامۆش نەکرێت. بەڵام ئەم نمونانەی لە جۆری مەنسور ئەسرین هەمیشە زیرەکتر و خۆشەویستتر و قەبووڵکراوترن، شتێکیان تێدایە خەڵک ئاسانتر قەبووڵیانبکات. مەنگوڕ لە یەکەم ساتەوە کە سەیری چاوی کرد، تێگەیشت ئەم کوڕە عاشقە و عاشقێکی ئەبەدیشە. لە نیهانی خۆیدا دڵنیابوو ئەم چەشنە لە ئادەمیزاد، کە هەر چەند کەم زیان و بێخەتەر دەنوێنن، بەڵام لە ناوەوە سەرسەخت و زۆرکێشن. لەو جۆرانەن درەنگ هەڵدەچن و درەنگیش واز لە ئومێدی خۆیان دەهێنن... مەنگوڕ حەزی لەو توخمە دەکرد کە زوو هەڵدەچن، زوو دەیکەنە قیامەت، بەڵام ئاسان پەشیماندەبنەوە. گەرچی مەنسور کوڕێکی گەلەک شیرین دیاربوو، بەڵام مەنگوڕ لە دڵی خۆیدا گوتی « لە سەگ دەچێت». وشەی سەگ لە فەرهەنگی ئەودا هەمان مانای خراپی نەبوو کە خەڵکی ڕۆژانە بەکاریدەهێنن، بەڵکو وشەیەک بوو، بۆ وەسفی جۆرێک لە دەرون کە بە ڕێگای پێچاوپێچ دەگاتە نیازەکانی خۆی، دەرونێک بەڕووکەش سادە و ساکار دەنوێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا وریا و زیت و پڕ فێڵە. مەنسور شتێکی لەسەر چیرۆکی ئەم یەکتر بینینە دەزانی، مەنگوڕ لە ڕێگای هاوڕێیەکی خۆیەوە هەواڵی ئەوەی بە مەنسور گەیاندبوو کە لەگەڵ دۆستێکدا دەیەوێت بیبینێت، بەڵام کاتێکی دیاریکراویان بۆ ئەم چاوپێکەوتنە دیاری نەکردبوو. شتێک لە غرور و لە خۆڕازیبوونی دێرماک کە پێدەچوو پاشماوەی هەستە ئاگرینەکانی سەردەمی گەنجی بێت، وایدەکرد مەنگوڕ وابزانێت هەموو کەس لەم شارەدا دەیناسێت. ناوی خۆی وەک یەکێک لە ناوە گرنگەکان دەبینی، شۆرەت و ناوبانگی لە ڕیزی خەڵکی بازاڕ و قومارچییەکاندا ئەو خەیاڵەی

تیاسەوزکردبوو کە هیچ کەس نییە نەیناسێت، بەڵام لە ڕاستیدا مەنسور ئەسرین نەیدەناسی، کە هاوڕێیەکی پێیگووت «مەنگوڕی بابەگەورە و هاوڕێیەکی دەیانەوێت بتبینن». ئەسرین وای هەستکرد مەسەلەکە پەیوەندی بە کێشەی یەکێک لە خوشکەکانییەوە هەبێت، کە دەیزانی پەیوەندییەکی دڵداری توندی لەگەڵ ئاڵتونچییەکدا هەیە... ڕاستەوخۆ خەیاڵی بۆئەوەچوو، کە ئەو دڵدارییە شێتانە و بێسنوورەی خوشکەکەی دواجار موسیبەتێک لە خێزانەکەدا دروستدەکات. بەوەدا خۆشی عاشق بوو، هەستیدەکرد چەند عاشقێک لە یەککاتدا و لە ناو یەک خێزاندا جێگایان نابێتەوە. ناوی مەنگوڕی بابەگەورەی نەبیستبوو، بەڵام پێشتر مەنگوڕی بینیبوو، کەس نییە ئەم پیاوەی نەبینبێت کە هەمیشە لە مراخانی سەر دەق و کڵاشی پاک و سپیدا لە هەموو شوێنێکدا دەبینرا، لە زۆربەی چایخانە و باڕ و کەبابخانەکاندا دەردەکەوت. شێوەی بەچەشنێک بوو مرۆڤ گەر بیدیبایە لە یادی نەدەکرد. سەرێکی ڕووتاوەی خڕ، دەموچاوێکی کونج، ملێکی کورت، باڵایەکی بچکۆلە و گرد، بەڵام لە هەمان کاتدا پڕ لە شانازی. بەڵام مەنسور سەر بەو دونیایە نەبوو کە ئەو تیادەگەڕا. قوتابی پۆلی سێی بایۆلۆژی بوو. دڵنیابوو لەوەوبەر دەیانجار ئەم پیاوە چکۆلانەیەی بینیوە کە لەگەڵ هەموو ناشیرینییەکانیدا جووتێک چاوی کراوە و هەنگوینی هەبوو، جووتێک چاوی هێند جوان کە زۆر لە دزێوییەکانی دیکەی کەمکردبووەوە، لەو چاوانەی دەکرێت پڕ ڕەحم دەربکەون و لە کاتی تایبەتیشدا ترسناک و تووڕە دیاربن... ئەزموونێکی درێژ فێریکردبوو لە ڕێگای سەرنج و نیگاکردنەوە، هێمنی و تووڕەییەکانی خۆی بۆ خەڵک بگوازێتەوە. هەر کەس بەوردی چاوی بخوێندبایەتەوە دەیتوانی خۆی لە شەڕی مەنگوڕ لابدات. بەڵام ئەو ئێوارەیە بە چەشنێک ساردبوو، مەنگوڕ تەنیا لە بیری ئەوەدا بوو، مەنسور ڕازیبکەن بچنە شوێنێکی نزیک، بچنە یانەیەکی خواردنەوە یان

دوکانی دۆستێک یاخود هەر گوزەرێک ئەو بایە نەیگرێتەوە.

دواجار جێگایەکیان بۆ دانیشتن لە ژێر زەمینی دوکانی خدرۆ دوویاردا دۆزییەوە. مەخزەنێکی گەورەی پڕ لە پانکەی شکاو و موبەڕیدەی کۆن و بۆردی کارەبایی ژەنگاوی و ماتۆڕی بێکەڵکی ناو سەرخستن و تۆپە وایەری کارەبایی ڕزیو و کلێپسی گەچاوی. ئەوەی مەنسور ئەسرین وەها ئاسان دوای ئەم دوو پیاوە نەناسراوە کەوت شوێنی گومان بوو، تا کاتێکیش کە لەسەر سێ کورسی شکاو بەرابەر یەک دانیشتن، مەنسور هەر وایدەزانی مەسەلەکە بۆ قسەکردنە لەسەر دڵدارییەکانی خوشکەکەی. گەر بیزانیبایە مەسەلەکە بۆ قسەکردنە لەسەر سەوسەن فیکرەت، بە دڵنیاییەوە نەدەهات. هەستیدەکرد هێزێک نییە وای لێبکات لەسەر سەوسەن فیکرەت قسەبکات. بەڵام شتێکی سەیربوو، بۆ ئامادەبوو لەسەر دڵداری خوشکەکانی لەگەڵ خەڵکانی غەریبدا قسەبکات، کەچی ئامادەنەبوو لەسەر خۆی هیچ ببیستێت.

بۆنی ژێر زەمینەکە و ناڕێکییەکەی زنجیرەیەک جێگا و شوێنی دیکەی بەیادی مەنسوردا هێنایەوە. ژووری منداڵی خۆی لە ماڵی باپیرەیدا بە خۆی و فەرشە قەشەنگەکانییەوە، ژووری مردنی هوشیاری هاوڕێی لە خەستەخانە، لابۆری جانەوەرە ئاوییەکان لە زانکۆ، ژووری خەوتنی یوسفی پورزای لەگەڵ ژنی دووهەمیدا، زنجیرەیەک شوێن کە یادەوەری ئەو نەبێت هیچ شتێکی دی پێکەوە گرێی نەدەدانەوە. لەو ساتەدا هەستێکی ڕاستەقینەی نەبوو کە ئەم ژێر زەمینە هەموو ژیانی دەگۆڕێت و بەرەو شوێنی زۆر دوور دەیبات.

کامەرانی سەلما لەسەرەتاوە گەلێک بێدەنگ بوو، مەنسور نەیدەزانی ئەم گەنجە لەگەڵ مەنگوڕی بابەگەورەدا چ کارەیە. مەنگوڕ خۆی مامۆستای قسەکردن بوو، دەیزانی چۆن وشەی جوان تێکەڵ بە زمانی سەرسەری و شەلاتییەکانی ناو بازاڕ بکات. بە خۆی دەگووت، من

تێکەڵەیەکم لە شەلاتی و مەلای دوازدە عیلم، لە بودەڵە و پیاوماقوڵ. هەر کەسێکیش ناسیبێتی زانیوێتی مەنگوڕ لەو وەسفەدا لەسەر هەقە. مەنگوڕ لەوەدا بەتەنها نەبوو، یەکێک بوو لە تاقمێک هەر لە سەرەتاوە ژیانیان بە خواردنەوە و شەڕەچەقۆ دەستی پێکردبوو، بەڵام ئەزموونێکی دوور و درێژ لە دونیای سیاسەت و شەڕدا شتێک لە عەقڵ و حیکمەتی پێدا بوون، بێئەوەی ماکی ئەو دەردە دێرینەیان تەواو تێدا بمرێت. مەنگوڕ کە سەیری کامەرانی سەلمای دەکرد لە دڵی خۆیدا دەیگووت «گەر لە سەردەمی مندا بووایە، لە مێژبوو تیاچووبوو». مەنسووری ئەسرین بە غەریزە زیرەکەکانی خۆی هەستیکرد دەبێت مەنگوڕی بابەگەورە پیاوێکی گرنگ بێت، ئەوەی تەزبێحێکی دەنک گەورەی پێبوو، ئەوەی چاوی شتێک لە سووری و بۆنی شتێک لە هالاوی هەمیشەیی عارەقی تێدابوو، ئەوەیان نەدەشاردەوە کە حەکیمانە ڕەفتاردەکات. شتێک لە هەڵسوکەوتیدا بوو متمانەی پێبکات... گەر ئەو شتە نەبایە دوای نەدەکەوت بۆ ئەم ژێر زەمینە. کە مەنگوڕ قسەیکرد، مەنسور دڵی خێراتر لێیدەدا، مەنگوڕ گووتی «شتێک هەیە عەزیزم حەزدەکەم بە خۆشی بیبڕینەوە... باوەڕت بێت حەزدەکەم بە خۆشی تەواویبکەین... ئێمە حەزمان لە شەڕ نییە، بەدرێژایی ژیانم خەڵک دەڵێن مەنگوڕی بابەگەورە حەزی لە شەڕەچەقۆیە، بەڵام وانییە. من و کاک کامەران بۆ ئەو مەسەلەیە قسەت لەگەڵدا دەکەین. بۆ ئەوەی هەرا و بەزمی تێدا نەکەوێتەوە، کاک کامەران دەیەوێت کچەکەی کاک فیکرەت گوڵدانچی بخوازێت. دەیەوێت ئەو بکات بە خێزانی خۆی... دەڵێن کچێکی شەریف و خێزانێکی باشن. بڕیارە لەم هەفتەیەدا بچینە داوای، بەڵام دەنگۆیەکمان بیستووە کە نازانین تا چەند ڕاستە، دەڵێت تۆ لەگەڵ ئەو کچەدا شتێکت هەیە و دەستتان تێکەڵکردوە. حەزدەکەین ئەگەر ئەوە ڕاستە دەست لە مەسەلەکە بکێشیتەوە... ئەوە هەموویەتی... گەر تۆ عەرقەلە

نەخەیتە ئێشەکەوە، هەموو شتێک وەک گوڵ دەڕوات، ئاوایە... شتەکە هەر ئەوەندەیە». مەنسور لەو ساتەوەی ناوی فیکرەت گوڵدانچی بیست، دڵی بە خێرایی لێیدەدا، ڕاستە مەنسور تا ئەوکات لە ژیانیدا شەڕێکی ڕاستەقینەی لەگەڵ کەسدا نەکردوە، بەڵام هەستی نەکردوە کەسێکی ترسنۆکیش بێت. بەڵام بە ڕاستی نازانێت بڵێت چی، نازانێت ئاخۆ ئەو هیچی لەگەڵ کچەکەی فیکرەت گوڵدانچیدا هەیە یاخود نا، زەحمەتە بتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە. پێش دوو مانگ سەوسەن لەگەڵ کچێکی پوریدا هاتن بۆ ئاهەنگێکی زانکۆ، بەوەدا کچە پورەکەی مریەم هاوڕێی مەنسور بوو لە زانکۆ، واڕێکەوت لە ناو حەسودیی هەموو قوتابییە کوڕەکاندا مەنسور و سەوسەن بەدرێژایی ئاهەنگەکە لە تەنیشت یەکەوەبن، کچێکی هێند سیحراوی بوو، هێند جوان و ناسک بوو، ئەم شێتی بوو، سەیری لێهات کچێک هیچ زانکۆیەکی نەخوێندوە لە مامۆستاکانی زیاتر لەسەر باڵندە و گیانەوەرەکان و ڕووەکە ناوازەکانی دونیا شت دەزانێت. لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا بە چاوێکەوە ئومێد و شەیدایی تێزابوو، تکایکرد ژمارە تەلەفونێکی بداتێ بۆ ئەوەی زیاتر قسەبکەن، بەوەدا سەوسەن ژمارە تەلەفونی نەبوو، پێیگووتبوو هەر لە ڕێگای پورزاکەیەوە پەیوەندی پێوەبکات. لەو ماوەیەدا دووجار تەلەفونیکردبوو، مریەم کە نزیکترین هاوڕێ و دەستەخوشکی سەوسەن بوو هەموو شتەکانی ڕێکخست و هەواڵەکەشی بەسەرتاسەری کۆلێژ و شارەکەدا بڵاوکردەوە، مریەم زارێکی هەبوو مرۆڤ سڵی لێبکاتەوە... هەموو نهێنییەک لای ئەو بەخێراییەکی گەورە بڵاودەبووەوە. مەنسور تەنیا دوو جار لەگەڵ ئەو خانمەدا قسەیکردبوو، ئێستا دەیتوانی بڵێت چی... بڵێ پەیوەندیم لەگەڵیدا هەیە؟. کچەکە بە چەشنێک ناسکە مرۆڤ شەیدای دەبێت، بەڵام نازانێت لەگەڵیدا بڵێ چی. سەوسەن ئەو دوو جارە بەدرێژایی کاتەکە باسی ئەوەی بۆ کردبوو کە نابێت ئەوی

خۆشبوێت، لەو کچانەبوو کە دەتوانن زۆر قسە لەسەر سیفەتە خراپەکانی خۆیان بکەن، باسی ئەوەی بۆ کردبوو ئەو لە زانکۆ دەتوانێت کیژی لەو باشتر بدۆزێتەوە. بەڵام ئەستەم بوو ئەو بتوانێت وازی لێبهێنێت. شتێکی زۆری لەسەر سەوسەن فیکرەت نەدەزانی، هێند هەبوو ئەم حەزی لێکردبوو، تا ئەندازەی شێتی حەزی لێکردبوو... لەدوای ئەو ئاهەنگەی زانکۆوە دووجاری تر لە ڕۆژانی هەینیدا بینیبووی، دوور بە دوور ئەو کاتەی لەگەڵ مریەم و هەندێک لە پورزاکانی دیدا بە کۆگاکان و قوماشفرۆشەکاندا دەگەڕان. هەر دوو جارەکە سڵاویان لە یەکتر کردبوو، چەند ساتێکی کورت بەبۆنەی مریەمەوە وەستابوون و سەیری یەکتریان کردبوو، هەر دوو جارەکە چاوانی سەوسەن هێندەی بەزەیی تێدابوو خۆشەویستی تێدانەبوو. ئێستا دەتوانێت بڵێت چی؟ بڵێ واز لەو کچە دەهێنم، بۆ تۆ... بۆ کاک کامەران کە هەرگیز لە ژیانیدا نەیبینیوە، بۆ مەنگوڕی بابەگەورە کە داوایەکی وا ئەستەمی لێدەکات. مەنسور لەو ساتەدا کە سەیری دەموچاوی هەردووکیانی دەکرد، بە خێرایی ڕوخساری مریەمی هاتەوە پێشچاو، ئەوە خوویەکی بەدبوو کە بەردەوام لە کاتی ناپێویست و سەیردا شتێکی دەهاتەوە پێشچاو پەیوەندی بەو ساتەوە نەبوو کە تیا دەژیا. دوای کەمێک وەستان و بیرکردنەوە بە ناسکی و لەسەرەخۆ گووتی «سەوسەن هیچی لەگەڵ مندا نییە، بەڵام من شتم لەگەڵیدا هەیە... پتر لە دوو مانگە شێتانە عاشقی ئەو بووم. بە ناوی ئەو خۆشەویستییە قووڵەی لە دڵمدایە منیش داواتان لێدەکەم واز لە سەوسەن بهێنن». کامەرانی سەلما ویستی قسەبکات، بەڵام مەنگوڕ دەستی بەرزکردەوە و بێدەنگیکرد. دەستەسرێکی پەڕۆی گەلەک تازە و قەدکراوی لە گیرفانی دەرهێنا و لووتی سڕی و گووتی «واهەستدەکەم سەرمام بووە، ئەم ساڵ پێدەچێت زستان لە پار درێژتر بێت. من کە زستان وەها درێژدەبێتەوە، لە ئاخروئۆخردا تەندروستیم تێکدەچێت...

هـا، تـۆ وانیـت... کاک مەنسـور؟». مەنسـوری ئەسـرین بێئـەوەی گـوێ بداتـە قسـەکانی گووتـی «داواتـان لێدەکـەم واز لـە سەوسـەن بهێنـن، چونکـە مـن دڵنیاتاندەکـەم کـە ناتوانـم وازی لێبهێنـم... سەوسـەن هیـچ شـتێکی بـە مـن نەگووتـووە، هێنـد هەیـە مـن بـە جۆرێـک خۆشـمدەوێت هیـچ هێزێـک لـە دونیـادا لـە دڵـم دەریناهێنێـت». کامەرانـی سـەلما ئەمجـارە بێئـەوەی گوێبداتـە مەنگـوڕ گووتـی «دەتکـوژم، بـە شـەرەفی دایکـم دەتکـوژم... تێدەگەیت... بە شـەرەفی دایکم دەتکوژم و تـەواو». مەنگوڕ جارێکـی تـر لووتـی سـڕی و گووتـی «جێـی داخـە کاک مەنسور کە تـۆ پێدەچێت، باش لـە قسـە تێنەگەیـت. مـن گووتـم گـەر تـۆ عەرقەلـە نەخەیتـە ئیشـەکەوە هەمـوو شـتێک وەکو گـوڵ دەڕوات. مەسـەلەکە هـەروا ئاسـان نییـە. شـتێک مەنگوڕی بابەگـەورە قسـەی تیابـکات، هـەروا ئاسـان ناتوانیـت بڵێیـت، مـن لـە دڵمـدا دەریناهێنـم و نازانـم چـی. ئـەم قسـە قۆڕانـە لـە بـەردەم منـدا مەعنایـان نییـە... هیـچ ژنێـک نییـە ئینسـان نەتوانێـت لـە دڵـی خـۆی دەریبهێنێـت. دەرهێنانـی ژنێـک لـە دڵـی خـۆت، لـە داکەندنـی جووتێـک گۆرەوی ئاسـانترە... مـن وەک تـۆ وەختێـک گووتوومـە ناتوانـم فڵانـە ژن لـە خەیاڵـی خـۆم دەربکـەم، بەیانـی کـە پارچەیەکـی جوانتـر و عەیارتـرم بینیوە، گاڵتـەم بـە عەقڵـی دوێنێـم هاتـووە. گـەر تـۆش ئەمـڕۆ عاقـڵ بیـت، سبەی گاڵتـە بـە عەقڵـی ئەمـڕۆت دەکەیـت». ڕەنگـی مەنسـور ئەسـرین لـە ژێـر ڕوناکـی ئـەو گڵۆپـە شەسـتییەدا زەردتـر لـە ڕەنگـی ڕاسـتەقینەی خـۆی دەردەکـەوت، بەبزەیەکـی غەمگینـەوە کـە نیـگای تەنیایـی و دڵشـکانی سـەر ڕوخسـاری قووڵتردەکـردەوە، گووتـی «مـن تێدەگـەم ئێـوە دەڵێـن چـی، مـن نازانـم ئاخـۆ سەوسـەن فیکـرەت منـی خۆشـدەوێت یـان نـا، بـەڵام ئـەوەی ئێوە داوایەکـی قورسـە...». کامـەران گووتـی «ئـەو کچـە دەبێـت بـە ژنـی مـن... تێدەگەیـت، دەبێـت بـە ژنـی مـن. هیـچ تەرەسـێک بـۆی نییـە لـە دڵـی خۆشـیدا حـەز لـە ژنـی مـن بـکات». مەنسـور بێئـەوەی تـوڕە ببێـت یـان

هەڵچێت، یاخود بترسێت گووتی «ئەگەر كچەكەی فیكرەت گوڵدانچی شووی بە تۆ كرد، من ئەم شارە بەجێدەهێڵم و دەڕۆم... دڵنیابە ئەم شارە بەجێدەهێڵم و تا هەتاهەتایە ناگەڕێمەوە». كامەران قسەكانی مەنسووری وەک سووكایەتی وەرگرت، وەک بڵێت تۆ لەوە ناچیزتر و بچوكتریت ببیت بە مێردی كچی گوڵدانچی. بێئەوەی بیربكاتەوە چەقۆكەی دەرهێنا. مەنگوڕ لە ساتێكی غەفڵەتدا بەو خوێنگەرمییەی كامەران سەرسامبوو. گەر بیست ساڵ لەمەوبەر بایە، خۆشی هەمان شتی دەكرد، خۆشی بە هەمان توڕەیی و سەرگەرمی و خێرایی دەستی بۆ چەقۆكەی دەبرد، بە هەمان خێرایی پەلاماریدەدا، بەهەمان شێتی و نەگیران و نەسەكنانەوە. نەیویست دەستی بگرێت، بەردەوام حەزیدەكرد ئەو هەڵچوونە جانەوەرئاسایەی ببینێت... جگە لەوەی سەیریبكات هیچی نەكرد. پێشتر شەڕی كامەرانی سەلمای بینیبوو، ئەو پەلامارە كتوپڕ و لەناكاوانە دڵیان خۆشدەكرد... دەیویست قسەبكات، دەیویست شتێک بڵێت، بەڵام وەک لە ناكاو بووبێت بە بینەرێكی خۆشحاڵ، شاڵاوی كامەرانی سەلمای دەبینی، بریسكەی چەقۆكەی دەبینی، كەوتنەخوارەوەی مەنسووری ئەسرینی لەسەر كورسییەكەی دەبینی، گرمۆڵەبوونی جەستەی ئەو گەنجە باڵابەرزەی لە زەوییەكەدا دەبینی. تا خوێنی سەر چەقۆكە نەكەوتە بەرچاوی، نەجوڵا. لە دڵی خۆیدا گووتی «خوای گەورە، ئەم هەتیوە، زۆر نەفامانە دەیوەشێنێت... زۆر بێمێشكانە، وانابێت». دڵنیابوو ئەگەر دوو جاری دی چەقۆكە وەها بوەشێنێت، ئەو كوڕە بەستەزمانە نابێتەوە بە مرۆڤ. لەو ساتەدا كە كامەران دەستی بەرزدەكردەوە، بۆ ئەوەی دووەم چەقۆ لە كەلەكەی چەپی مەنسور بدات. مەنگوڕی بابەگەورە هۆشی هاتەوە خۆی و پەلاماری دەستی دا و گووتی «تۆ چ جانەوەرێكیت، كامەرانی سەلما كە قەت فێری چەقۆ وەشاندن نابیت... چ حەیوانێكیت». كامەرانی سەلما وەک یەكێک ئەوی برینداركردبێت،

گووتی «لێمگەڕێ بیکوژم... ئێستا نەیکوژم دوایی هەموو ژیانم خەفەتی ئەوە دەخۆم بۆ نەمکوشتوە». مەنگوڕ تا ئەو کات بە جۆرێک بەهێزبوو، بەجۆرێک لە جوڵەو خۆبادان و وەرگەڕان و یاریکردن بەلەشدا وەستابوو، کامەرانی سەلما هیچی بۆ نەکرا. کامەران نەیدەزانی مەنگوڕ چۆن لە چاوتروکانێکدا چەقۆکەی لەدەست دەرهێنا، لێزانینی مەنگوڕ لە گرتنی دەست و ڕاتەکاندنی مەچەک و شلکردنی پەنجەدا بەجۆرێک بوو، کامەرانی سەلمای حەپەساند. پێشتر لەو باوەڕەدا نەبوو کەس بتوانێت وا ئاسان چەقۆیەکی مەحکەم لە مشتیدا دەربهێنێت. بەدەنگی یەکێکی بێچارەوە لەقەیەکی گەورەی لە ئەژنۆی مەنسوری ئەسرین دا و وەک یەکێک بگری گووتی «کوڕی سەگ گەر وازت بهێنایە، بریندارم نەدەکردیت».

مەنگوڕ بەپەلە دەستی مەنسوری ئەسرینی دەکردەوە، قۆپچەکانی کراسەکەی دەترازان بۆ ئەوەی شوێنی برینەکەی ببینێت. خوای گەورە چەقۆکە لەلای چەپیدا بە نێوان پەراسووەکانیدا تێپەڕی بوو. مەنگوڕ دەیزانی ئەوە خراپترین و هەستیارترین شوێنە، گەر مرۆڤ زۆر بەختی نەبێت، برینێکی وەها دەیکوژێت. دیسانەوە لە دڵی خۆیدا گووتی «قەت فێری چەقۆ وەشاندن نابێت... قەت فێرنابێت...».

٢

«خالیدی مام سەبور» کە هەموو بە ئاموون بانگیاندەکرد، کاتژمێری دووی نیوەڕۆ لە ماڵ چووە دەرێ. دڵنیابوو گەر سەوسەن لە ماڵ بێتەدەرێ دەتوانێت لەو کاتانەدا ببیبنێت. گەر جاران بووایە لەم ڕۆژە زستانە کورتانەدا نەدەگەڕایەوە بۆ ماڵێ و لە کۆگاکەی خۆی دەمایەوە، هەر لەوێ لە ناو بۆن و بەرامەی عەتر و جلی ژنانە و هاڵاوی ئەو خانمانەدا نانی دەخوارد کە بەردەوام لە بازاڕدا بۆ ستیان و عەتر و مەکیاجی نوێ دەگەڕان. بەڵام لەو کاتەوەی دەزانێت دەشێت لەم ڕێگایەدا ڕێکەوتی سەوسەن فیکرەت بکات، وازی لە هەموو نەریتە دێرینەکانی هێناوە، نیوەڕوان دەگەڕێتەوە ماڵێ بە ئومێدی ئەوەی عەسران لەو دەمەدا کە دەشێت سەوسەن لە ماڵ بێتەدەرێ ببیبنێت. لە دڵی خۆیدا گووتی «خراپترین شتی عەشق ئەوەیە کە هەموو بەرنامەکانت تێکدەدا. تاکە جیاوازی نێوان ژن و پیاو ئەوەیە، عەشق ژنان بەو شێوەیە شێت ناکات، بەوجۆرە بەرنامەی خۆیان تێک نادەن... پیاوان تاکە جۆری جانەوەرن خۆشەویستی بەوجۆرە سەریان لێتێکدەدا». لەماوەی ئەو چوار مانگەدا کە عاشق بوویوو، جگە لەوەی هەموو خوو و نەریتەکانی گۆڕابوون، بەجۆرێکی ترسناکیش بڕوای بە خۆی نەمابوو. ژیانی پێشتر لەگەڵ ئەو ژنانەدا کە دەهاتنە کۆگاکەی جۆرێکی تربوو. شتێک بوو وەک یارییەکی

هەمیشەیی، بەڵام ئێستا بەردەوام بە دەست سەرئێشەیەکی بەردەوام و لاوازبوونی کتوپڕ و دابەزینی خوێنەوە دەیناڵاند. بە پێچەوانەی زۆربەی عاشقانی ترەوە ڕای وابوو عەشق بە جۆرێکی سەیر ژیان لە هەموو مانایەک خاڵیدەکاتەوە. خالید ئاموون خاوەنی گەورەترین کۆگای جل و بەرگی ژنانە لە ناوەڕاستی بازاڕدا، کە باشترین خۆشنوسەکانی شار بەخەتی گەورە تابلۆی دوکانەکەیان بە سێ زمان بۆ نوسیبوو «کۆگای ئاموون بۆ هەموو شتێکی نوێی دونیا». ئێستا دوای چوار مانگ ئازاری بەردەوام هەستی بە لاوازییەکی گەورە دەکرد. یەکەمین جار سەوسەن فیکرەتی لەگەڵ سێ کچی دیکەدا لە دوکانەکەی خۆیدا بینی، کراسێکی سپی شیفۆنی لەبەردابوو بە گوڵی شینی وردەوە، قژی بەجۆرێکی سەیر تۆپەڵکردبوو، جگە لە دوو تاڵی لوولی زەرد کە بە لادا شۆڕپکردبوونەوە هیچ شتێکی دیکەی پێوەنەبوو، نە گوارە، نە ملوانکە، نە مەکیاجێکی ئاشکرا، هەتا سەعاتیشی لە دەستدا نەبوو... بەڵام بە جۆرێک جوان بوو، مرۆڤ ناچاربێت هەر شتێکی بەدەستەوەیە دایبنێت و تەماشایبکات. پێشتر کچێکی وەها سادەی نەبینیبوو. مرۆڤ لەگەڵ خانمی وەهادا نازانێت ئاخۆ بە جوانییەکەی سەرسام بێت یان بە سادەییەکەی. شێوەی قسەکردن و تەماشاکردن و جوڵاندنەوەی بە گشتی لاوازییەکیان پێوە دیاریبوو. خالید ئاموون کە ژیانێکی گەلەک ئاسان دەژیا، لەناو خێزانە خانەدانەکاندا گەورەبووبوو، لە گەنجییەکی زووەوە سەروکاری لەگەڵ ئەو کڕیارە ژنانەدا بوو کە خۆیان بە خاتوونانی چینێکی باڵاتر دەزانن. خالید شارەزایەکی وردی دونیای داخراوی ژنانی ئەم شارە بوو، لە پاڵ ژنە خانەدانەکاندا، لەگەڵ ئەو ژنە فەرمانبەرە بچوکانەشدا سەروکاری هەبوو کە تەواوی موچە کەمەکەیان لە دوکانەکەی ئەودا خەرجدەکرد. هەزاران ئافرەت هاتبوونە دوکانەکەی، هەمووش دەیناسن کە کەسێکی داوێن پاک نییە. بەڵام لەگەڵ هەموو بەزمەکانی پشت دوکانەکەی و

شـەوگەڕانەکانیدا، شـتێکی نەکـردوە دەنگیدابێتـەوە و لکـەدار بووبێـت... ژنـان هەمیشـە ڕۆڵێکـی گرنگیـان لـە ژیانیـدا بینیـوە، سـاڵێک لەوەوبـەر کـە لەسـەر هەڵنەواسـینی وێنـەی سـەدام حوسـەین گیـرا، ژنێـک ئازادیکـرد کـە سـاڵانێک بـوو کڕیارێکـی بەردەوامـی بـوو، تـا ئەوکاتـە نەیدەزانـی ئـەو ژنـە سـەنگین و بـە ویقـارە دەسـتێکی وەهـای لەگـەڵ پیاوانـی ئاسایشـدا هەیـە بتوانێـت خەڵـک ڕزگاربـکات، بـەڵام لـەو سـاتەدا تەنیـا ئـەوەی بـۆ گرنـگ بـوو لـەو جەهەنەمـە دەرچێـت و بێتـەدەرێ. ئێسـتا چـوار مانگـە ئیـش و کاری بـە جۆرێکـی بێمانـا کەوتۆتـە دواوە، لـەو چـوار مانگـەدا سـەفەرێکی پایتەختـی بـۆ هێنانـی مۆدێلاتـی نـوێ نەکـردوە، ئارەزوویەکـی نەمـاوە وەک جـاران بـەدەم ئـەو قاچاغچییانـەوە پێبکەنێـت کـە جـل و بـەرگ و عەتـر و مکیاجـی ئـەم شـارە دابیندەکـەن. چەنـد هەفتەیەکـە هەسـتدەکات وردەوردە سـیحری دوکانەکـەی دەشـکێت، شـتەکانی کەمدەبنـەوە، نەیارەکانـی لـە دوکاندارانـی تـر و خـاوەن کۆگا گـەورەکان پێیپێدەکەنن، بـەڵام لـە هەمووی سـەختتر ئەوەیـە وەک جـاران بەلایـەوە گرنـگ نییـە چـی بەسـەردێت. لـە دڵـی خۆیدا گووتـی «عەشـق وات لێـدەکات نەزانیـت چیـت دەوێـت». ئێسـتا تەمەنـی بیسـتوچوار سـاڵە، لـە هـەژدە سـاڵییەوە ئەزمونـی لەگـەڵ ئافرەتانـدا هەیـە، لـە سـۆزانییەکانەوە تـا ئـەو کچانـەی لـە بـازاڕ و قەیسـەرییەکاندا بـۆ شـوویەکی بـاش دەگەڕێـن. لـەو چـوار مانگـەدا سەوسـەن فیکـرەت سـێ جـار هاتبـوو بـۆ کۆگاکـەی، بـەڵام هیـچ کات بـە تەنیـا نەبـوو، هیـچ کات خـۆی شـتێکی نەکـڕی بـوو، هـەر سـێ جارەکـە بـە تەنیـا و لاوازییـەوە وەک کچێکـی نەخـۆش بـۆ ئـەوەی پشـوو بـدات لەسـەر نیشـتۆکێکی بچـوک دانیشـتبوو. هـەر سـێ جارەکـە هەندێـک ڕۆژنامـەی بەدەسـتەوە بـوو. ئـەوەی کچەکـە هەمیشـە مانـدوو دەینوانـد جوانتریدەکـرد. لـە هەفتـەی یەکەمـەوە هەمـوو شـتێکی دەربـارەی دەزانـی، یاخـود بـە غـروری پیاوانـی بـازاڕەوە وای هەسـتدەکرد هەمـوو شـتێکی دەربـارە دەزانێـت. لـەو چـوار مانگـەدا دوو

جاری دیکەش لە رێگای هاتوچۆی خۆیدا بینیبووی. سەوسەن فیکرەت هیچ کات بە تەنیا نەبوو، هەمیشە لەگەڵ تەوقێک ژن و کچی دیکەدا دەگەڕا کە خالید ئاموون نەیدەزانی کێن. لەگەڵ ئەوەی لە ژیانیدا زۆر نامەی لە کچان وەرگرتبوو، بەڵام خۆی هەرگیز نامەی نەنوسیبوو. باوەڕی وابوو، مرۆڤ تەنیا لەگەڵ ئەو ژنانەدا دەتوانێت خۆش بژی، کە عاشقیان نییە. پێشتر لە بازاڕدا چەندین جار حیکایەتی ئەو پیاوانەی بیستبوو کە هەموو شتێکی ژیانیان لە پێناوی ژنێکدا داناوە، بەڵام باوەڕی نەدەکرد... ئێستا خۆی بەجۆرێک گێژ و ماندوو بوو، بەڕاستی هەستیدەکرد جگە لەخەیاڵاتەکانی دەربارەی سەوسەن، هەموو شتەکانی تری ژیانی باری زیادن و خۆشبەخت دەبێت گەر بتوانێت هەموویان فرێبدات. بۆ ناتوانێت هەموویان فرێبدات، بێگومان دەتوانێت، لە دڵی خۆیدا دەیگووت، لە رێگای خۆشەویستییەوە، مرۆڤ پوچی هەموو شتەکانی تری بۆ دەردەکەوێت... هەتا پوچی خۆشی.

٣

کە مەنسور ئەسرین گەیشتە خەستەخانە لە دۆخێکی دژواردا بوو، لە نێوان ژیان و مردندا ئەوبەرەوبەری دەکرد. دکتۆر و تیمارپێچ و سیستەرەکان بەجۆرێک لەسەری کۆبوونەوە، وەک کۆمەڵێک منداڵ لە سەر کۆترێکی مردوو کۆبووبێتنەوە. کە گەیشتە خەستەخانە نزیکی سەعاتێک بوو خوێنی لێدەڕۆی. مەنگوڕی بابەگەورە هەندێک کەسی ڕاسپاردبوو بەپەلە بیگەێننە بیمارستان، ئامۆژگاریکردبوون تا زووتر بیبەن درەنگە، بە هەستی زۆرزانی خۆی دەیزانی برینەکەی لە شوێنێکی باشدا نییە. زۆربەی چەقۆکێشە شارەزاکان بە ئەندازەی پزیشکێک لە چۆنێتی برین و شوێنی دەمارەکان و ترس و ناترسی وەشاندنەکان دەزانن. ئەوەی چەقۆ بوەشێنیت و کەس نەکوژیت، هونەرێکی ڕاستەقینەیە. مەنگوڕ لە ژیانیدا خەڵکێکی زۆری زامدارکردبوو، زیاد لە یازدە چەقۆشی پێوەبوو، بەڵام چونکە گەمەکەی بە دەستوپلی چەقۆکێشی شارەزا کردبوو، زیندوو لە هەموو شەڕەکان دەرچووبوو، کەسیشی وەها زامدار نەکردبوو بمرێت. ئێستا خۆی و کامەرانی سەلما دەبایە تا چارەنوسی ئەو کوڕە ڕۆشندەبێتەوە دڵیان بلەرزێت. دکتۆرەکان لە ماوەی سەعاتێکدا بە پەلە هەموو شتێکی پێویستیان بۆ مەنسوری ئەسرین کرد، تا ئەوکات هیچ کەس لە کەسوکاری بە چیرۆکەکەی نەزانیبوو.

سەعات یازدەی شەو بوو کە ئیبراهیم ئەسرینی باوکی و بەفراو و

سیڤانی خوشکی بە لادا پەڕپوت و هەڵوەشاوەکەیان گەیشتنە بیمارستان، لەگەڵ هەموو مەترسییەکی هاتوچۆکردندا لە ئێوارەوە ماڵەو ماڵ بۆ کوڕەکەیان دەگەڕان کە بەبێ هۆیەکی دیاریکراو لە ناوەڕاستی هەفتەدا زانکۆی بەجێهێشتبوو و بێئەوەی هیچ بڵێت گەڕابووەوە بۆ شار. کە بەو حاڵە لە بیمارستان دۆزییانەوە، خوشکەکانی دەستیانکرد بە گریان، بەڵام باوکی نەیدەزانی چی بڵێت. بۆنی دەرمان و دیمەنی ڕاڕەوەکانی خەستەخانە و شەوقی مردووی ئەو بۆیە چەور و دێزەی بەدیوارەکانەوەیە، ئیبراهیم ئەسرینیان تووشی غەمۆکییەکی کتوپڕ کرد. پیاوەکە لە مەعدەنی ئەو کەسانە بوو کە بەرگەی نەخۆشی منداڵەکانیان ناگرن، بەڵام بەوەدا پێیشەرم بوو بگری، شتەکانی بێدەنگ بردەوە ناو خۆی. ویستی بڕوات و سوپاسی دکتۆرەکان بکات، بەڵام پەشیمان بووەوە، چونکە بەوردی نەیدەزانی چییان بۆ کوڕەکەی کردوە. نەیدەویست کوڕەکەی لێرەدا بمرێت، ئەم خەستەخانەیە شوێنێکی باش نییە بۆ مردن، مرۆڤ هەرچییەکی کردوە دەبێت هەوڵبدات لە جێگایەکی دی بمرێت. هەر جارێک هاتبێت بۆ خەستەخانە ڕێکەوتی مردنێکی کردوە، هەمیشە خەڵکانێکی بینیوە دەگرین و خەڵکانێکیشی بینیوە بە پەلە لە ناو قاوشەکاندا ڕادەکەن، بەڵام ئەمشەو دونیا لەوە هێمنترە بەکەڵکی مردن بێت. دڵنیابوو سبەی لە هەموو شتێک تێدەگات، بەڵام ئێستا کاتی ئەوەبوو لە دڵەوە دۆعابکات کوڕەکەی سەلامەت بێت... ئیدی لەم شەوە ساردەی زستاندا، لەوە زیاتر هیچی تر نەدەکرا.

لە ڕۆژی دووهەمدا هەموو شتێک ڕوون و ڕۆشن بوو؛ هەموو شتێک... ناوی مەنگوڕی بابەگەورە لەوە ناسراوتربوو کە ونبێت و بشاردرێتەوە، ئێوارێ دەیان کەس مەنگوڕیان بە خۆی و کلێتە زستانە گەورەکەیەوە لەگەڵ ئەو کوڕەدا بینیبوو... بەڵام ئەوەی ئیبراهیم ئەسرین تێینەدەگەیشت ئەوەبوو، چی وا لە مەنگوڕی بابەگەورە دەکات بیەوێت کوڕەکەی ئەو

بکوژێت.

ئیبراهیم تەمەنی شەست و سێ ساڵ بوو، بەڵام تەواو پیر دیاربوو، پیرێکی پاک و تەمیز کە هەمیشە کراسێکی سپی ملوان پاکی لەبەردابوو، لە هەژدە ساڵییەوە تا ئەمڕۆ یەکجۆر جل دەپۆشێت، قاتی نیللی لەگەڵ کراسی سپی، زستانانیش تەنیا پاڵتۆیەکی ڕەشی دەخاتەسەر. هەتا دوای مردنی ژنەکەشی ئەو عادەتەی نەگۆڕی، شەش مانگ بۆینباخێکی ڕەشی بەست و ئیدی شتێکی دیکەی نەکرد. ئێستا بەم جلە پاکانەوە، بەم قژە پڕە سپییەوە کە بەخشیوێتی بە کچ و کوڕەکانیشی، وەستاوە و نازانێت منداڵەکەی دەژی یاخود دەمرێت. بیستودوو ساڵ بوو لە شارەوانی فەرمانبەر بوو، گەلەک نهێنی گەورەی ئەم شارەی دەزانی، بەڵام ئێستا ناتوانێت تێبگات چ شتێک کوڕێکی زیرەک و بەفامی وەک مەنسور لەگەڵ سەرسەرییەکی وەک مەنگوڕدا کۆدەکاتەوە... دڵنیاشە چیرۆکەکە هەر چییەک بێت دواتر خەڵک بەجۆرێکی تر دەیگێڕنەوە.

خۆی و کچەکانی لە ناو بۆنی نەخۆشەکاندا دانیشتن، دوو کچەکە بەجۆرێک بۆ براکەیان دڵشکاوبوون ئارام نەدەبوونەوە، گەرچی هەردووکیان ڕازی نەبوون تا بەتەواوی مەکیاج نەکەن بێنەدەرەوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نەبوو بۆ براکەیان دڵ بەکەسەر نین. ئیبراهیم ئەسرین لە دڵی خۆیدا گووتی «عەیبی هەرە گەورەی ژنی ئەم شارە، ئەو خووگرتنە نەخۆشەیانە بە مەکیاجەوە، کچەکان هەمان ئەو خووەیان بۆ ماوەتەوە کە دایکی خوالێخۆشبوویان هەیبوو». بەڵام ئێستا بە حەسرەتێکەوە پرسی «چی لەم دوو کچە بەستەزمانە دێت، گەر من و براکەشیان لە ماوەیەکی کورتدا بمرین... چیان بەسەردێت؟»، لە ڕاستیدا هیچ وەڵامێکی پێنەبوو. ئیبراهیم ئەسرین چەندجارێک واهاتە پێشچاوی کە ئیزرائیل بە خۆی و باڵە گەورەکانییەوە دەبینێت، دڵنیابوو ئەوە خۆیەتی، ئیزرائیلە بە لەشێکی سپی و زەبەلاحەوە دەچێتە ناو قاوشەکان و دێتەوەدەرێ.

بینینی ئیزرائیل یەکێک بوو لە دەردە بەردەوامەکانی ژیانی، لایەنی کەم مانگی جارێک بە ڕێکەوت لە شوێنی جیاواز و بۆنەی جیاوازدا ئیزرائیلی دەبینی. ئەگەرچی ئیبراهیم هیچ وەخت نوێژی نەکردبوو، بەڵام ئیمانێکی نەپساوی بەخودا هەبوو، هەتا لەگەنجیشدا کاتێک کۆمۆنیست بوو، هەرگیز باوەڕی بە خودا لەق نەبووبوو. ئێستا دڵنیابوو مەسەلەی بینینی ئیزرائیل بەرهەمی وەنەوز و نائومێدی و ڕێشکەوپێشکەی خەیاڵ نییە، بەڵکو بەرهەمی بینینێکی ڕۆشنی چاوەکانێتی، هەتا جارێک لە جارەکان هەستیکرد زۆر لە نزیک ئەوەوە تێدەپەڕێت و سەیریدەکات. بە هێمنی بەخۆی گووت «بە دڵنیاییەوە ئیزرائیل بەشێک لە ژیانی لێرەدا دەباتەسەر، لەم خەستەخانەیەدا». نزیکی دەمەوبەیان بە دەم وەنەوزەوە گووتی « نا ئیزرائیل پیاوێکی بێئیش نییە». ئەوەی بەدەنگی بەرز گووت. هەر دووکچەکەی دەزانن لەدوای مردنی دایکیانەوە، زۆرجار بێئاگای خۆی شتەکان بەدەنگی بەرز دەڵێت.

بەیانی هەموو شتێک ڕۆشن بوو، چەندین کەس مەنگوڕ و کامەرانی سەلمایان لە بەردەرکی ژێرزەمینەکەی خدرۆ دوویاردا بینیبوو، بینیبوویان لەگەڵ گەنجێکی نەناسراودا دەچنە ژوورێ. ئەو کەسانەش کە مەنگوڕ ڕایسپاردن کوڕەکە بۆ بیمارستان بگوازنەوە، هەر هەمان قسەیانکرد... بەڵام هێشتا هیچ کەس ڕاست و دروستی چیرۆکەکەی بە تەواویی نەدەزانی.

ئەو ڕۆژە نزیک بە نیوەڕۆ مەنگوڕی بابەگەورە بە خۆی و کڵێتە ڕووسییەکەیەوە لە باغی بەر دەرکی خەستەخانەدا دەرکەوت، هەر مرۆڤێکی زیرەک دەیتوانی مێژووی تەواوی شارەکە لە ڕوخساریدا بخوێنێتەوە، وەک هەندێک ناویاندەنا سەگی کۆڵانە تەسکەکانی شار بوو. قسە و ڕەفتاری لە کوچە کۆنەکان و چایخانە تاریکەکاندا شێوەی خۆیان وەرگرتبوو، لە هونەری جنێودانددا پیاوێکی تا خودا حەزبکات لێزان بوو، بەڵام بۆ ئەوەی

بتوانێت جارجار لەگەڵ پیاوە بەڕێزەکانیشدا قسەبکات،ساڵ دوای ساڵ دەستکاری ئەو فەرهەنگە ڕەشەی خۆی کردبوو. هێدی هێدی توانیبووی، ڕووی ڕاستەقینەی مەنگوڕی بابەگەورە بە دەمامکێکی ئەستوور لە وشەی شیرین بشارێتەوە، بەڵام دەمامکەکانی بۆئەوە نەبوون خەڵک فریوبدات و لە خشتەیان بەرێت، بەڵکو بۆئەوەبوو زیاتر بەڕێز بنوێنێت و قسەکردنی لە دەمودووی کەسانی ئاسایی نزیک ببێتەوە... دەرکەوتنی لەو نیوەڕۆیەدا دڵی ئیبراهیم ئەسرینی ڕاچڵەکاند. بینینی ئەو لەبری ئەوەی تورەیبکات یاخود بیخاتە سەر هەوای هەڵچوونێکی باوکانە، بێخواستی خۆی هێمنییەکی کتوپڕ دایگرت. ئیبراهیمی ئەسرین لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی ناو حەوشی گەورەی خەستەخانە دانیشتبوو، مەنگوڕ دوای ئەوەی خۆی پێناساند، پێیگووت هاتووە شتەکانی بۆ ڕوونبکاتەوە، تا بەدرۆ لە زاری ئەم و ئەوەوە نەیبیستێت. ڕاستەوخۆ بەدەنگی بەرز، بەجۆرێک هەموو ئەوانەی چواردەور گوێیان لێبوو گووتی « نازانم ئەو بێنەزاکەتانە چییان لەسەر من گووتووە. دڵنیابە کە کوڕەکەت قەرزاری منە... من دوو جار لە مردن ڕزگارمکرد، بەڵام شتەکان وابوون نەتوانم لەگەڵیدا بێم بۆ خەستەخانە... من دایکیشم لە خەستەخانەبێت ناچم بەلایدا... خۆم برینی خۆم بە شەش تەقەڵ دووریوەتەوە و نەچووم بۆ لای دکتۆر... مەسەلەکە بەوجۆرە نییە کە خەڵکی ناحەز گێڕاویانەتەوە. شتەکە وایە کە کوڕەکەی تۆ حەزی لە کچی فیکرەت گوڵدانچی کردوە، حەزێک لەوجۆرەی مرۆڤ تووشی سکچوون دەکات، شتێک نەلایەقی ئەمە و نەلایەقی کچەکەیە، من کەیفم بەوجۆرە حەزە پڕوپوچانە نایەت... خۆت دەمبینی لە عومری حەزدا نەماوم... شتەکە هیچی بۆ من نییە... ئەوەندەیە کە کوڕەکەی سەلما دۆلان ئەگەر ئێوە بیناسن، تووشی هەمان دەرد و هەمان نەفامی بووە، ئەویش وەک کوڕەکەی تۆ بە قوونیش فرمێسک بۆ ئەو کچە دەڕێژێت. ئێستا ئەو دەیەوێت کچەکەی فیکرەت

گوڵدانچی بخوازێت، وابیردەکاتەوە بیکات بە ژنی خۆی و مارەیبکات... بەڵام خۆت دەزانیت، دوو سەگ دەتوانن لە یەک قاپ بخۆن، بەڵام دوو عاشق ناتوانن... ئاوابوو کە شتەکان بەهۆی بێمێشکی و سەرگەرمی کامەرانی سەلماوە لەدەست دەرچوو... قسەوباسێکی سادە کە دەبوو شتەکان ڕێکبخات و وایان لێبکات وەکو گوڵ بڕۆن، لەدەست دەرچوو، من ئەوەم بۆ کرا چەقۆی دووەمم گرتەوە... خوای گەورە هێزی دامێ و لە کاتی خۆیدا فریای کەوتم. کامەرانی سەلما ڕەفیقمە، ئەو لە هەڵچوونی وەهادا خۆی بۆ ناگیرێت... کوڕێکی ناکەسبەچە نییە، بەشی خۆی پیاوە... شتم لێدیوە بۆیە وادەڵێم، دەزانم بەشی خۆی پیاوە. دەیەوێت ژنێک بهێنێت کە تەنیا خۆی خۆشیدەوێت و کەسی تر خۆشی نەویستوە...».

ئیبراهیم ئەسرین ناوی فیکرەت گوڵدانچی نەبیستبوو، پیاوێکی خۆشباوەڕ نەبوو، بەڵام خێراتر لە ئاسایی باوەڕی بە قسەکانی مەنگوڕ کرد. ئەو لەمێژە وەک دڕترین و ترسناکترین، بەڵام سەرڕاستترین چەقۆوەشێنی شار ناوبانگی مەنگوڕی بیستووە.

٤

فیکرەت گوڵدانچی تەنیا دوای زنجیرەیەک کارەسات بیری لەوەکردەوە بگوازێتەوە بۆ باکوور. تا ساڵی ١٩٨٥ لە بەغداد لە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی ئارد، سەرپەرشتی هەندێک عەمباری گەورەی دەکرد کە ئاردیان بۆ سوپا دابیندەکرد. سەرەتای جەنگ فڕۆکە ئێرانییەکان دووجار ئەو عەمبارەیان بۆردومانکرد، بەڵام فیکرەت گوڵدانچی هەردوو جارەکە بەسەلامەت لە ناو تەپوتۆزی تێکەڵاوبوونی ئارد و باروت و خۆڵدا هاتەدەرێ. هەردووجارەکە فەرمانبەر و کۆڵهەڵگر و کیژانی کوژراوی بەشی حیساباتی بەدەستی خۆی هەڵگرتبوو، سەرنجی ئەو ڕەنگە تایبەتی و بێوێنەیەی دابوو کە تێکەڵاوبوونی خوێن لەگەڵ ئارددا دروستیدەکات. بەڵام فیکرەت گوڵدانچی تەنیا فەرمانبەرێکی باڵانەبوو کە لەسەرەتای پەنجاکاندا بۆ خوێندن چووبووە بەغداد و دوای سیوپێنج ساڵ گەڕابووەوە، بەڵکو پیاوێکی خوێندەواربوو کە بەهۆی ڕۆشنبیرییەکی بەربڵاوەوە ڕێزێکی زۆری لە وەزارەت و لای بەڕێوەبەرەکانی سەرو خۆی هەبوو. ڕۆشنبیری فیکرەت گوڵدانچی لەگەڵێک بواری جیاواز جیاواز و دوور لە یەکدا بوو، وەک چۆن زانیارییەکی زۆری دەربارەی ڕووەکی سەیر و گیای ناوازە و گوڵە عاجباتییەکانی دونیا هەبوو، هەمان شێوەش لەسەر وردەکارییەکانی میکانیکی ئۆتومبێل و شێوازی گەشەسەندنی ماتۆڕی هایدرۆلیکی و پەرەسەندنی ڕاکێتی ئاراستەگر شتی زۆری دەزانی.

سنووری شارەزاییەکانی گەلەک کایەی لەخۆدەگرت، لە ئەدەبەوە بیگرە تا وردەکارییەکانی مێژووی نیگارکێشان و حیکایەتی گەڕاڵە گەورەکان و تراژیدیای زاناکان و نەخۆشی ناوازە و بێوێنەی پادشاکان. لەسەردەمێکی ژیانیدا بیری لە نوسینی کتێبێکی گەورەکردبووەوە دەربارەی شارە نفرۆکان، بابەتگەلێکی زۆری لەسەر کاولبوونی شارەکان کۆکردەوە لە سەدوم و ئامووراوە بیگرە تا دەگاتە سەر وێرانبوونی شارە گەورەکانی وەک «دریسدن» و «ستالینگراد» لە مێژووی نوێدا. بەڵام ژیان هەرگیز بوارێکی ئەوتۆی پێنەدابوو کە بەڕاستی زانیارییەکانی بخاتەکار. لە هەموو ژیانیدا تەنیا چوار وتاری نوسیبوو، کە هەریەکەیان لە بوارێکدا بوون و هەریەکەشیان لە گۆڤارێکی جیاوازدا بڵاوبووبوونەوە، سەرەتای گەنجی گووتارێکی درێژی لەسەر گەڕاڵە ئەورووپییەکان نوسی، هەوڵیدابوو بە کۆمەڵێک نەخشەی زۆر ورد هەندێک هەڵەی گەورە بۆ مێژوونوسە ئەورووپییەکان ڕاستبکاتەوە کە هێندەی کار دەگاتە سەر مێژوو و جوگرافیای خۆرهەڵات بەجۆرێکی مندالانە شوێنەکان و ساڵڕۆژەکان تێکەڵاودەکەن. وتارەکەی هاوشانی پاشکۆیەک بوو دەربارەی ئەو ئامێرە کۆنانەی دەریاوانەکان لە سەدەی چواری زاینییەوە تا سەدەی پازدە بەکاریانهێناوە، هاوشان بەگەلەک وێنەی دەگمەن و ناوازە دەربارەی فۆرمی قیبلەنمای دێرین و ئامێرێکی نەزانراو کە ئەو ئەستێرەپێوی پێدەڵێت. وتارەکانی تری فیکرەت ئیحسان گوڵدانچی، یەکێکیان دەربارەی کاریگەریی ژینگەیە لەسەر مۆسیقای خۆرهەڵاتی دێرین، یەکێکی دیشیان دەربارەی گرێی ئۆدیبە لە شانامەی فیردەوسیدا، ئەوی دیکەیان دەربارەی کاریگەری گوڵی بەیبونە لەسەر ئەنزیماتی ناو لەش و هەر سێکیان لە سێ گۆڤاری ناوداری زەمانی خۆیدا چاپکراون. تیۆەگلانی تەواوەتی فیکرەت گوڵدانچی لەگەڵ بازرگانی ئارددا دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی شەستەکان، زەمانێک لەگەڵ وەفدێکی دەوڵەتیدا دەڕواتە یەکێتی سۆڤێت و لەوێ

لەگەڵ ئۆکرانییەکاندا گرێبەندێکی گرنگی هێنانی ئاردی سپی مۆردەکات. شارەزایی گوڵدانچی لە گەلێک زمانی بێگانەدا کۆمەکیدەکات لەو دەمەوە تا سەرەتای هەشتاکان لە زۆر ڕێکەوتننامەی هێنانی ئارددا بەشداربێت. گوڵدانچی سەفەرەکانی دەخاتە خزمەتی کڕینی کتێبی ناوازە و نەخشەی دێرین و شتی ئەنتیکەوە، لە ماوەیەکی کەمدا دەیان ئەتڵەسی ڕووەک، ئەتڵەسی تایبەت بە کانزاکان، ئەتڵەسی ڕەنگاوڕەنگ دەربارەی شێوەکانی ماتووڕ و باڵۆن و عەتر و گیاندارانی دەریا و میللەتانی دێرین کۆدەکاتەوە. ئەتڵەسەکانی فیکرەت گوڵدانچی کە دەگەنە سەروو دوو سەد بەرگی تایبەتی لە حەفتاکانی بەغدادا کۆمەڵە کتێبێکی هێند گرنگ و ناوازە دەبن، لە هیچ کتێبخانەیەکی وڵات و لە هیچ سەنتەرێکی زانستیدا وەچنگ ناکەون. کتێبخانەکەی دەبێتە هۆیەکی گەورەی شانازی ئەو، هەر کەس ئەو کتێبە دەگمەنانە دەبینێت، سەرسامانە دەڵێت «وای خوای گەورە، وای بابەگیان... فیکرەت بەگ تۆ چیت دروستکردوە». بەڵام لەگەڵ ئەو کتێبخانە گەورە و خولیا شێتانەیەشدا بۆ ئەوەی ببێت بە پیاوی زانست، گوڵدانچی لە هیچ یەکێک لەو بوارانەی جێگای بایەخی بوون، نەبوو بە کەسێکی دیار و بەرجەستە. غەمی بەخێوکردنی ماڵ و منداڵ بەجۆرێک لە مەسەلەی کڕین و دابەشکردنی گەنم و ئارددا نوقمیدەکەن، کاتێکی زۆر کەمی بۆ خولیا ڕاستەقینەکانی خۆی دەمێنێتەوە. ئەوە وادەکات سەردەمانێک وەک پیاوێکی بێدەنگ و مۆن و غەمگین دەربکەوێت کە کەس لە ماڵەوە بەدروستی نازانێت بیر لە چی دەکاتەوە. لەسەرەتای حەفتاکاندا ژنەکەی تووشی سیل دەبێت، پێدەچێت سەرقاڵی فیکرەت بە دونیا تایبەتییەکەی خۆیەوە و نوقمبوونی لە ناو کتێب و وەزیفەدا هۆیەکی گرنگی ئەو دەردەی ژنەکەی بن. «قەمەرخان» ی ژنی بێزار لە تەپوتۆزی ئەو هەموو کتێبە نەخوێندراوەیە، لە بێیاری و هاودەمیدا، هاوڕازی خۆی تەنیا لای دراوسێکان دەدۆزێتەوە، هێند لە کاتی برنج

بـژاردن و فاسـۆلیاجنین و بامـێ قنچککردنـدا لەگـەڵ ژنانـی گەڕەکـدا کۆدەبێتـەوە، تـا لـە خانمێکـی نەخۆشـەوە ئـەو دەردە سـامناکە دەگرێـت. قەمەرخـان بـۆ دوو سـاڵ لـە خەستەخانەیەکی تایبەتـدا لـە دەرەوەی بەغـداد لـە دونیـا جیادەکرێتـەوە، لـەو ماوەیـەدا فیکـرەت گوڵدانچـی وەک هەمیشـە سـەرقاڵی سـەفەر و کۆبوونـەوە و گەورەکردنـی کتێبخانەکەیەتـی کـە سـاڵ دوای سـاڵ ڕەفەکانـی بـە تـەواوی ماڵەکـەدا دەکشـێت و شـوێنێکی خاڵـی جێناهێڵێـت. لـە مـاوەی شـازدە سـاڵ ژن و مێردایەتیـدا، فیکـرەت گوڵدانچـی سێ منداڵـی لـە قەمەرخـان دەبێـت، کوڕێکـی چاوشـین و قـژزەرد کـە کـوڕە گەورەیەتـی و نـاوی نـزار فیکرەتـە لەگـەڵ دوو کچـدا، گەورەکەیـان پڕۆشـە و بچکۆلەکەیـان سەوسـەنە کـە کچێکـی لاواز و نەخۆشـە کـە زۆر درەنـگ پێدەگرێـت.

سـاڵێک قەمەرخـان لـە قەرەنتینـە داخراوەکـەی خۆیـدا لـە بیمارسـتانی تایبەت بە نەخۆشـییەکانی سینە و سـیدا مرد، کوڕە گەورەکەی چواردەسـاڵ تەمەنـی بـوو، پڕۆشـە دوازدە و سەوسـەن فیکـرەت تەنیـا پێنـج سـاڵان بـوو. دوای مردنـی دایکیـان خێزانەکـە بەسـەردەمێکی گەلـەک ڕەش و بە ڕۆژگارێکی گەلێـک تاڵـدا تێپـەڕی. براکەیـان گەنجێکـی سـەر بـەدەرەوە بـوو، سـاڵانی هـەرزەکاری خـۆی بـە شـێوەیەکی شـێتانە و جەنجاڵ لـە کوچەکانـی بەغدادا بردەسـەر، کوڕەکـە لـە شـازدە سـاڵیدا مەیخۆرێکـی لێزانـی لێدەرچـوو، هـەر زوو تێکـەڵ بـە گروپێکـی دەهـۆڵ و زوڕنـا بـوو لەوانـەی لـە یاریگاکانـدا بـۆ هاندانـی تیپـە وەرزشـییەکان کۆدەبوونـەوە، لەوێشـدا تابڵێـی زینـدوو و چالاک و پڕجـۆش بـوو. سـەرەڕۆیی و گەنجێتـی شـێتانەی نـزار فیکـرەت، هیـچ لـەوە ناگۆڕێـت ببێتـە هاوڕێیەکـی نزیکـی خوشـکەکانی. کوڕەکـە لەوانـە نییـە تـەواو پشـتبکاتە خێزانەکـەی و تەنیـا دوای ئارەزووەکانـی خـۆی بکەوێـت، هەمیشـە ئـەوەی لەبەرچاوبـووە کـە دوو خوشـکی هەیـە و دەبێـت لـە بیریـان نـەکات. هەڵبـەت وەک باوکـی ئەهلـی کتێـب نییـە، بـەڵام کـە لەسـاڵی حەفتاوشەشـدا

تاقیکردنـەوەی بەکالـۆری دەدات، پلەیەکـی هێنـد بـەرز وەردەگرێـت دەیخاتـە ئەنـدازەی تەکنۆلـۆژی. ئـەو وێنانـەی دواتـر سەوسـەن فیکـرەت لـە یـادەوەری خۆیـدا بـۆ نـزاری هەڵگرتـووە، پێکڕا نیـگاری کوڕێکـی چاوشـین و قـژزەردن کـە بەزەردەخەنەیەکـی هەمیشـەییەوە سـەری بەرزکردۆتـەوە و بەدەسـتێک جلـی زانکۆوە بەڕێـگادا دەڕوات. منداڵەکانـی فیکـرەت گوڵدانچـی دوای مردنی دایکیـان خولیایەکـی بێمانـای ئـاودان و بەخێوکـردن و جوانکردنـی باغچـە بچکۆلەکـەی ماڵیـان دەکەوێتەسـەر. نزاریـش ئەوکاتانـەی لـە یاریگاکانـدا خەریکـی هاوارکـردن نییـە، لـە ماڵـەوە ئیـش لـە باغەکـەدا دەکات. «هەندێـک ڕۆژ وام هەسـتدەکرد هەمـوو گیانـی لـە هەڵاڵـەدا زەرددەچێتـەوە» سەوسـەن فیکـرەت دواتـر وای دەگـووت. دەبێـت بڵێیـن کـە فیکـرەت گوڵدانچـی پەیوەندییەکـی زۆر خـۆش و هارمۆنـی لەگـەڵ کوڕەکەیـدا نەبـوو، کـە بـەردەوام باوکـی بـەوە گوناهباردەکـرد کـە سـەرقاڵی زۆر و بێباکـی بەرامبـەر ئازارەکانـی دایکـی هـۆکاری گـەورەی کۆچـی دوایـی ئـەو بـوون. کـە شـەڕی ئێـران هەڵگیرسـا نـزار فیکـرەت ئـەو سـاڵە لـە کۆلیـژی ئەنـدازە دەرچووبـوو، لـەو دەمـەدا بـۆ یەکەمجـار فیکـرەت گوڵدانچـی بیـری لـەوە کـردەوە کـە بـە خێزانـەوە بگەڕێنـەوە بـۆ نیشـتیمانی ڕاسـتەقینەی خـۆی لـە باکـوور. خوێندنـەوەی زۆر لـە بـواری مێـژوودا هەسـتێکی پێشـوەختی بـە کارەسـاتەکان تیـا دروسـتکردبوو. کـە سـەدام حوسـەین هاتەسـەرکار و بـۆ یەکەمجـار وەک دیکتاتۆرێـک لـە بالکۆنێکـی بـەرزەوە سـەرەتای سـەرهەڵدانی دونیایەکـی نوێـی ڕاگەیانـد، فیکـرەت گوڵدانچـی لەنـاو حەشـاماتە شـێتەکەدا سەرسـامانە وەسـتابوو و سـەیریدەکرد. خوێندنەوەکانـی گوڵدانچـی لـە ژیاننامـەی دیکتاتۆرەکانـدا پێیدەگـووت ڕۆژگاری زۆر تاریـک و دووردرێـژ بەڕێوەیـە. هەسـتێکی ناوەکـی و زەنگێکـی قایـم لـە دڵیـدا ئاگاداریدەکـردەوە کـە ئـەو ئاهەنگانـەی ئێسـتا، سـەرەتای سـاڵگەلێکی ترسـناک و تاریکـن. ئـەو ڕۆژە کاتێـک گوڵدانچـی لـە پاسـێکی دووقاتـی کۆنـدا لـە «مەیدان»ـەوە

بەرەو «بەیاع» بەناو دەنگی هوتاف و مۆسیقای ئاهەنگگێڕاندا بەڕێکەوت لە خەیاڵی ئەوەدا بوو کە پێش هەموو کارەساتەکان بکەوێت و بەجۆرێک لە جۆرەکان ئیشەکەی خۆی بگوازێتەوە بۆ بەشی تەموین لە باکوور. ئەودەم نزار فیکرەت لە پۆلی سێهەمی کۆلیژی ئەندازە بوو، نیازەکەی باوکی تووشی شۆکێکی گەورەی کرد، مەسەلەکە هەر ئەوە نەبوو کورەکە پێی سەخت بێت ساڵی داهاتوو بەتەنیا لە بەشی ناوخۆیی بەسەربەرێت، بەڵکو نەیدەتوانی ئاسان دەست لە هاوڕێ بەغدادییەکانی هەڵگرێت و واز لە هاتوچۆی یاریگاکان بهێنێت، بەڵام لە هەموو ئەوانە گرنگتر ئەو پەیوەندییە دڵدارییە توندەی بوو بە ئەسیل یەلمازەوە کە ئەگەر بیانگوازتبایەتەوە بۆ شارێکی تر درێژەپێدانی نەکردە و دژوار دەبوو. کورەکە هیچی لەوە نەدەزانی کە فیکرەت گوڵدانچی پێشبینی شەڕێکی ترسناک و گەورە دەکات. قووڵبوونەوەی لە مێژووی خۆرهەڵات و شەڕی تایەفە کۆنەکانیدا ئەو هەستەی تیا سەوزکردبوو کە هاتنی دیکتاتۆرێکی تازە کە مەیلێکی ترسناکی بۆ خۆدەرخستن هەیە، بەبێ ڕودانی شەڕێکی گەورە تێناپەڕێت. لەو ماوە درێژەی ژیانیدا لە شارێکی دەریائاسای وەک بەغدادا لەوە تێگەیشتبوو کە ئێستا هەموو شتەکان بۆ دەرکەوتنی کارەساتێکی گەورە کامڵبوون. بێئەوەی بوێرێت ترسەکانی لای نزاری کوڕی ئاشکرابکات، هۆی خولیاکانی خۆی گێڕابووەوە بۆ ئەوەی هێدی هێدی پیردەبێت و ناتوانێت زیاتر لەگەڵ کاروباری چڕ و بێپشووی دائیرەدا سەرقاڵ بێت. نیازەکەی لای هەریەک لە نزار و پرۆشە شۆڕشێکی ڕاستەقینەی دروستکرد، هیچیان ئامادەنەبوون پێکڕای ژیانیان لە یەکێک لە شارە بچوک و بێگیان و چەپەکەکانی باکووردا ببەنەسەر. پرۆشە لە هەمووان تورەتربوو، سۆنگەی تورەبوونەکانیشی هەمانشێوە عاشقانە بوو. ئەو لە هاوینی حەفتاو هەشتەوە، چەند ڕۆژێک دوای جەژنی لەدایکبوونی هەژدەساڵەی خۆی لە یەکێک لە باغە

گەورەکانی بەغدادا پەیوەندی لەگەڵ کوڕی ئەفسەرێکی بەرزی سوپادا بەستبوو کە ناوی «نەشئەت نیعمە» بوو. کوڕەکە بەجۆرێک ڕێک و سەر ڕاست بوو، پەیمانی دابووە پرۆشە لە ماوەی ساڵێکدا بیخوازێت و بیکاتە خێزانی خۆی، ئێستا گەر بگەڕابانایەتەوە بۆ کوردستان هەموو خەونەکانی بەبادەچوو و دەبایە بۆ هەتاهەتایە لەو عەشقە جیاببێتەوە. تاکە کەسێک کە بەباوکی گووت بۆ هەرجێگایەک بڕۆیت لەگەڵتدا دێم، تا مردن لەگەڵتدا دەبم و هیچ کات... هیچ کات بەجێتناهێڵم، سەوسەنی کچە بچوکی بوو. تاکە منداڵی زۆر نزیک لە گوڵدانچییەوە سەوسەن بوو، دوای مردنی دایکیان فیکرەت گوڵدانچی کچە بچکۆلەکەی خستە ژێر چاوەدێرییەکی زۆر تایبەت و بایەخێکی وەها بێوێنەی پێدا، خەڵکانێکی زۆر لەو باوەڕەدا نەبوون کەسێکی وەک ئەو کە بە ئەهلی کتێب ناسراوبوو، بتوانێت بەو چەشنە سەرپەرشتی کچێکی منداڵ بکات. کچەکە لە منداڵییەوە کەمخوێنی و لاوازی لەگەڵدا بوو، ئێسکەکانیشی بە ئەندازەی پێویست بەهێزنەبوون تا بەرگەی هەموو ماندووبوونێک بگرێت. لەبەرئەوە ترسێکی هەمیشەیی لەگەڵدا بوو. منداڵەکە تەنیا دوای مردنی دایکی بەتەواوەتی پێیگرت و کەوتە سەرزمان. چونکە باوکی بەردەوام بە کوردییەکی ساف قسەی لەگەڵدا دەکرد، زمانی قسەکردنی بە کوردی لە زمانی خوشک و براکەی ڕوونتر و بێگەردتربوو. فیکرەت گوڵدانچی بەجۆرێک لە جۆرەکان توانی وێنەیەکی تەواو ئەفسانەیی دەربارەی کوردستان و شارەکان و هاوینەهەوارەکانی لەسەری کچە بەستەزمانەکەدا بچێنێت، کە زۆرجار زیادەڕەوییەکی نادروستی تێدابوو. لە ئەلبومەکانی گەنجێتی خۆیدا دیمەنی چیا بەفراوییەکان و گوندە خەوتووەکانی نێو دارستان و چەمی گەورەی پڕ ماسی پیشانی کچەکەی دەدا، بێئەوەی هیچی دیکەی بۆ باسبکات. کچەکە بەجۆرێک گەورەبوو، ناوی شارەکانی وەک هەولێر و هەڵەبجە و ئامێدی، ناوی هاوینەهەوارەکانی وەک سۆلاف و

سەرسەنگ و گەلی وەک شوێنی ئەفسانەیی و خورافی دەهاتنە بەرگوێی. فیکرەت گوڵدانچی کە ڕاستەوخۆ نەیدەوێرا بە منداڵەکانی بڵێت جەنگی ترسناک و سەردەمانی زۆر تاریک بەڕێوەن، لە قسەکردنەکانیدا بەچپەوە بۆ سەوسەنی درکاند کە ساڵانی داهاتووی ئەم وڵاتە گەلێک خوێناوی دەبن.

پرۆشە فیکرەت لە ساڵی یەکەمی زانکۆدا شوویکرد، باوکی تەواوی شووکردنەکەی وەک شتێکی منداڵانە سەیردەکرد. ئەو لەلای سەوسەن دەیگووت «من دەزانم پرۆشە بەختەوەر نابێت». بەڵام ئەوەی دواتر سەوسەن فەرامۆشی نەکرد، ئەو قسە درێژانەی فیکرەت گوڵدانچی بوو دەربارەی جەنگ. گوڵدانچی لەسەر چەندەها کتێب و ئەتڵەسی گەورە گەورە بۆ کچەکەی ڕوونکردەوە جەنگ چییە، نیگاری شارە وێرانەکانی پیشاندا، سوپاکان لە کاتی مارشکردندا، سەربازەکان بە خۆیان و خودە ئاسنینەکانیانەوە لە سەنگەردا، لوولەی ترسناکی تۆپەکان کاتێک لێشاوی ئاگریان لێدێتەدەرەوە. تەقینەوەی خومپارەکان لە گۆڕەپانی جەنگدا، هەلاهەلابوونی سەربازان، مردنی بە کۆمەڵ، نیگاری گەنجانی بریندار لە قوڕ و لیتەی بەرەکاندا، گوردانی چەقیو لە بەفردا، ئەفسەرانی برسی و کزۆڵە لە سەهۆڵبەندانی زستاندا، دیلەکان لە تابووری دووروودرێژدا، شارانی سووتاو، ژەنراڵانی ماندوو لە دوکەڵ و باروتدا.

زەحمەتە مرۆڤ تێبگات بۆ فیکرەت گوڵدانچی هێندە مەراقی بووە باسی جەنگ بۆ کچێکی نەخۆش و منداڵکار بکات. گوڵدانچی هەر لەسەرەتاوە بە چەشنێک لە چەشنەکان کۆی ترسەکانی ناو ڕۆحی خۆی بۆ سەوسەن گواستەوە، منداڵەکە لە تەمەنێکی ناسک و زووەوە ئەو هەستەی تێدا دروستبوو کە لە وڵاتێکی سامناک و شوێنێکی ترسناکدا دەژی. بەر لەچەند مانگێک لە بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئێران بۆ بەغداد کچەکە تووشی ئەو دەردە دەبێت بەردەوام سەیری کتێبەکانی

جەنـگ و وێنـەی سـەربازی کـوژراوی نـاو سـاڵنامەکانی شـەڕی جیهانـی بـکات. بینینـی بەردەوامـی ئـەو وێنانـە سەوسـەن تووشـی غەمۆکـی و نینـۆک خـواردن و سـوڕاندنەوەی بێهـودە و کەمخەوییەکـی بـەردەوام دەکـەن، لـەو دەمـەوە فێـری ئـەوە دەبێـت کـە سـەیری وێنـەکان بـکات و بـە ڕۆح بچێتـە نـاو دیمەنەکانـەوە و تـەواوی ئـەو هەسـتانە بـژی کـە وێنەیـەک دەیگوازێتـەوە، سەوسـەن لـە منداڵییـەوە بەجۆرێـک فێـری خوێندنـەوەی وێنـە دەبێـت، دەتوانێـت لەگـەڵ نیـگای هەمـوو وێنەیەکـدا قـووڵ تێکـەڵ بێـت و بڕواتـە نـاو جیهانـە داخراوەکەیـەوە. سـەیری دیمەنەکانـی جەنـگ دەکات و لـە ناویـدا ونده‌بێـت، سـەیری وێنەکانـی سروشـت و شـوێنە ئەفسـوناوییەکانیش دەکات و دیسـان لـە ناویانـدا ونده‌بێـت، بـەڵام ئـەوەی ئـازاری دەدات ئەوەیـە کـە نەدەنگـی نـاو وێنـەکان دەبیسـتێت و نـە بۆنـی نـاو وێنـەکان دەکات، چەنـد ئاسـان دەچێتـە نـاو وێنەکانـەوە، چەنـدە بـە ڕوونـی دیمەنـەکان لـە بەردەمیدا بەرجەسـتە دەبـن و دەبنـە جیهانێکـی ڕاسـتەقینە و زینـدوو، هێندەش هەسـت بـە کپـی و بێبۆنییەکـی گـەورە دەکات. دواتـر ئـەو خولیایـەی بۆنـی مـردووی نـاو وێنـەکان بـکات لـە ناویـدا دەبێتـە ئارەزوویەکـی نهێنـی.

کاریگـەری نیگارەکانـی شـەڕ لەسـەر کچەکـە کوشـندەدەبن، بـە چەشـنێک باوکـی ناچاردەبێـت بـۆ ئـەوەی دیوەکـەی تـری ژیانیشـی پیشـان بـدات، دەرگای ژووری کتێبخانەکـەی بـۆ بکاتـەوە تـا زیاتـر ئەتڵەسـە ناوازەکانـی گـوڵ و ماسـی و باڵندەکانیـش ببینێـت... سەوسـەن گوڵدانچـی لـەو ژوورەدا وێنـەی بەنـدەر و شـار و سـەرزەمینی زۆر دەبینێـت کـە لـە کتێبەکانـی باوکیـدا خەوتـوون. کاریگـەری بینینـی وێنـە جوانـەکان لەسـەر سەوسـەن وەهـا غەمرەوێنـە کیژەکـە تـا ئـەو شـەوەی فڕۆکـەکان بەغدادیـان بۆردومانکرد زۆر لـە هاوسـەنگی سروشـتی خـۆی بەدەسـت دەهێنێتـەوە. بـەڵام لەگـەڵ دەسـت پێکردنـی جەنگدا ژیانـی خێزانـی گوڵدانچی بـە ڕێگایەکـی تەمـاوی و تاریکـدا دەڕوات و ژیانیـان بـەرەو غـەم لادەدات و بـەرەو پەشـێویی دەگۆڕێـت.

٥

ئـەو هەواڵـەی کـە کامەرانـی سـەلما و مەنگـوڕی بابەگـەورە قوتابییەکـی زانکۆیـان بـە چەقـۆ بریندارکـردوە، بەیانـی ڕۆژی دووەم خێـرا بڵاوبـووەوە. نزیکـی دوو سـاڵ بـوو مەنگـوڕ لـە بەزمـی لەوجـۆرەوە نەئاڵابـوو، لەبەرئـەوە هەواڵەکـە زۆر زوو لـە قەیسـەرییەکان و نـاو چایخانەکانـەوە گەیشـتە هەمـوو دوکانـدار و کاسبەکانی بـازاڕ، کـە پێکـڕا مەنگـوڕی بابەگەورەیـان دەناسـی. سـەعات یـازدە هەواڵەکـە بـە سـێ جـۆری جیـاواز لای خالیـد ئامـوون بـوو. هـەر سـێ چیرۆکەکـە بەشـێوەی جیـاواز باسـیان لـە شـەڕە چەقـۆی دوو گەنـج دەکـرد کـە لەسـەر کچێکـی بەغدایـی بەشـەڕهاتوون. خالیـد ئامـوون لـە منداڵییـەوە لـە نـاو دەنگـۆ و درۆی کاسـباندا دەژیـا، دەیزانـی چـۆن حیکایەتـەکان تێکـەڵ بـە خەیـاڵ و خواسـت و غەریـزەی پیاوانـی برسـی نـاو بـازاڕ دەبـن. بـەوەدا نـاوی کچێکـی غەریبـی بەغدایـی لـە مەسـەلەکەدا بـوو، دڵـی بەتـەواوی ترسـا، زۆربـەی ژنانـی شـاری دەناسـی، جگـە لـە سەوسـەن فیکـرەت و خوشـکەکەی کچـی غەریبـی بەغدایـی تـر لـە شـاردا نییـە شایسـتەی ئەوەبێـت شـەڕەچەقۆی لەسـەر بکرێـت. لـە نێـوان یـازدە و یازدەونیـودا کۆمەڵێـک تەلەفونـی بـەولاولادا کـرد تـا لـە ڕاسـتی شـتەکان تێبـگات. دواجـار هەواڵێکـی دەسـتکەوت کـە تـەواو دڵـی ترسـان. کەسـێکی نزیـک لـە مەنگـوڕی بابەگـەورەوە کـە هەتـا ئـەو بەیانییەش لەگەڵیـدا بەرچایی خـواردوە پێیگـووت کـە مەسـەلەکە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە کچـی پیاوێکەوە

هەیە بە ناوی فیکرەت گوڵدانچی کە ماوەیەکە لە بەغداوە گەڕاوەتەوە بۆ شار و خانوویەکی کڕیوە و دوو کچی جوانی هەیە، دوو کچەکە ئێستا لێرە و لەوێ عاشقیان بۆ پەیدا بووە. کابرا هەموو ئەو شتانەی مەنگوڕ بۆی باسکردبوو، بەهەمان ڕیزبەند و وردی، بەهەمان وشە و داڕشتنەوە بۆ خالید گێڕایەوە. ئاموون چەند جارێک ئەوەی پێدووبارەکردەوە کە کچەکەی فیکرەت گوڵدانچی خۆی دوور و نزیک لە مەسەلەکەدا نەبووە و ئاگای لە حیکایەتەکە نییە و هیچ جۆرە پەیوەندییەکی دڵداریشی لەگەڵ لایەنەکانی بەزمەکەدا نییە. کابرا کە دڵنیابوو قسەکانی نرخێکی تایبەتیان لای ئاموون هەیە پێیگووت «ئەوەی من تێگەیشتووم، کچە بەستەزمانەکە تائێستا ناوی کامەرانی سەلمای هەر نەبیستوە».

خالید ئاموون ئێستا دڵنیابوو سەوسەن فیکرەت ئاگای لەم شەڕە نییە کە دوو هەتیوی پڕوپوچ کردوویانە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام دڵی دەلەرزی. دوای تەلەفونەکە دەرگای دوکانەکەی داخست و بە فیاتە چکۆلانەکەی گەڕایەوە بۆماڵێ، گەرچی ئەمڕۆ دونیا وەک ڕۆژانی پێشوو سارد نەبوو، بەڵام هەستی بە لەرزێکی کوشندەکرد لە لەشیدا، هەستیکرد شتێک لە ناوەوە لەرزی لێدەهێنێت. لە دڵی خۆیدا ئەوەی دووبارەکردەوە «ژنان بەمجۆرە عاشق نابن... قەت خۆشەویستی ئاوها شێتیان ناکات». لەو ساتەدا پڕ بەدڵ حەزیدەکرد هەر یەک لە کوڕە بریندارەکە و کامەرانی سەلما لە نزیکەوە ببینێت.

خالید ئاموون گەنجێکی زۆر جوان نەبوو، پیاوێکی سپیکەڵانەی باریک و قژ کورت بوو، چەناگەیەکی باریکی هەبوو کە درێژییەکی نائاسایی بەدەموچاوی بەخشیبوو، جووتێک چاوی بادەمی گەورە، بەڵام جووتێک بڕۆی باریک و درێژیش کە ڕوخساری کەسێکی غەمۆکی و گومانکاریان دەدا بە نیگاکانی. ئەستەم بوو مرۆڤ تەنیا بەسەیرکردنی ڕوخساری بزانێت هەست بەچی دەکات. تاکە شتێک وای لێدەکرد لای ژنان کەسێکی

سەرنجراکێش بێت ئەو ئاڵۆزییەی ناو نیگای بوو، ئەو چاوانەی کە ئاسان نەدەخوێنرانەوە، بەدیوێکدا لە فریشتەیەکی دەستخەڕۆ و بەدیوێکی دیشدا لە پیاوکوژێک دەچوو بۆ دەرفەتێک بگەڕێت دەستی خۆی بوەشێنێت. هەر کەس سەیریبکردبایە دەیزانی لەیەککاتدا دەتوانێت هەم ناسک و هەم دڵڕەقیش بێت. ئەوەی کە هەرگیز نەداری نەبینیوە و ڕۆژگاری هەژاری نەژیاوە، ئاسان لە ڕوخساریدا نەدەبینرا، وادەردەکەوت وەک ئەوەی ئەمڕۆ بەسەر ماڵ و ساماندا کەوتبێت و ڕابوردووی پڕبێت لە ڕۆژانی ناخۆش، هەندێکجار جوڵە و تەماشاکردنەکانی شتێک لە شپرزەییان پێوە دیاربوو ئەوەیان دەشاردەوە کە ئەم گەنجە کوڕی یەکێک لە خێزانە داراکانی شارە. هەندێک لە کڕیارە ژنەکان سەرەتا وایاندەزانی ئیشکەرێکی کرێگرتەیە نەوەک خاوەنی ڕاستەقینەی ناودارترین کۆگای شار، بەڵام کە دەمی دەکردەوە، دەنگی جۆرێک لەرە و چەشنێک سەدای تێدابوو، وای لە هەرکەس دەکرد ئاوڕیداتەوە، وایدەکرد باوەڕی پێبکەیت و حەزبکەیت زیاتر قسەبکات و گوێبگریت. هەندێک لەوانەی لە نزیکەوە تورەبوونەکانیان بینیوە دەزانن لە کاتی توڕەبووندا تۆنێکی وشک و بێزەنگ دەکەوێتە سەر دەنگی، تۆنێکی سارد کە موچڕکە بە لەشی ئادەمیدا دەهێنێت. کەم کەس ئەو دەموچاوەی دووەمیان لە خالید ئامووندا بینیبوو، کچان وەک کوڕێکی هێمن سەیریاندەکرد کە شتێک شەرم و بێدەنگی زۆری تێدایە. بەڵام خالید ئاموون دەیتوانی بە چەشنێک پڕ ڕق بێت خۆشی لێیدەترسا و سڵی لێدەکردەوە. ئەو لە نێو قەیسەرییەکاندا فێربوویوو چۆن هەستەکانی خۆی بشارێتەوە، ڕقی لە زۆربەی دوکاندارەکانی هاوسێی بوو، خۆشی بە هیچ یەک لەو هاوڕێیانە نەدەهات کە لەگەڵیاندا دەیخواردەوە، بەڵام دەیتوانی هەموو ئەو هەستانە بشارێتەوە و هیچیان دەرنەخات. لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ سەوسن فیکرەتدا شتێکی ترە، هەستدەکات هێزێکی لە توانای خۆی

گەورەتـر یـاری پێـدەکات.

تـا دوێنـێ کێشـەی هـەرە گـەورەی خالیـد ئامـوون ئەوەبـوو، چـۆن خۆشەویستی خـۆی بـۆ سەوسـەن فیکـرەت ئاشـکرابکات، ئێسـتا کێشـەیەکی گەورەتـری هەیـە... ڕق. لـە ئێـوارەدا شوشـەیەک شـەربەتی نـادر و پاکەتێـک بسـکیتی هەڵگـرت و چـوو بـۆ بیمارسـتان، قـاوش بـە قـاوش و ژوور بـە ژوور گـەڕا، جەنجاڵـی و پێکـدادان و قەرەباڵغـی نـاو سـاڵۆنەکان دەرفەتـی ئەوەیـان پێبەخشـی بـە ئاسـانی لـە نـاو بەشـەکاندا بسـوڕێتەوە و لـە سسـتەر و تیمارپێچـەکان پرسـیاربکات. یەکەمجاربـوو لـە ژیانیـدا خـۆی وەک گەنجێکـی پـوکاوە و کەسـاس دەهاتـە بەرچـاو، چاکەتێکـی قاوەیـی کەمێـک درێـژ و بلوسێکی زستانەی ملداری لە بەردابوو کە پتـر تەنهاییـان ئاشـکرادەکرد. کـە گەیشـتە بـەر قەرەوێڵەکـەی مەنسـور، خەڵکێکـی زۆری بینـی بـۆ دیدەنـی بریندارەکـە هاتبـوون، لـە نـاو هەموویانـدا لـە کـوڕە زامدارەکـە نزیکبـووەوە و بەقووڵـی سـەیریکرد، هێنـد قـووڵ و بێدەنـگ لێیڕوانـی سـەرنجی هەموانـی ڕاکێشـا. لەگـەڵ مەنسـور ئەسریندا پێکـەوە سـەیری یەکدیـان کـرد، مەنسـور پێشـتر ئـەم کـوڕەی نەبینیبـوو، بـەڵام بێئـەوەی بیریکاتـەوە، تەنیـا لـە شـێوەی نیگاکـردن و غەمگینیـدا تێگەیشـت کـە یەکێکـە لـە عاشـقەکانی سەوسـەن فیکـرەت. نیـگای شـتێکی تایبەتـی تێدابوو کـە دوێنـێ ئێـوارە لـە چاوانـی کامەرانـی سەلماشـدا بینیبـووی، شـتێک نزیکدەبێتـەوە لـە شـێتی، لـە کڵپەکردنێکـی کتوپـڕ. کەسـیان پێویسـتیان بـەوە نەبـوو هیـچ بڵێـن، خالیـد ئامـوون هەسـتیکرد لـە ناخـی دڵـەوە ئاواتەخـوازە ئـەم بریـندارە بمرێـت، شـەربەتەکەی دانـا و بەدەنگێکـی سـارد گـوتی «ئومێـدم وایـە، زوو شـیفات بێـت».

خالیـد ئامـوون هاتبـوو بیبینێـت و بزانێـت ئـەم کـوڕە لـە چـی دەچێـت. گەنجێکـی لاواز و سـادەبوو کـە بـە کاریگەریـی برینەکـەی دوێنـێ و نەشـتەرگەرییەکەی شـەو ڕەنـگ زەرد و نیوەگیـان دەردەکـەوت، بـەڵام لەگـەڵ

ئەو کەمهۆشییەدا هێشتا جوان دەینواند، ئێستا دڵنیابوو ئەم مەنسوری ئەسرینە کەسێکە دەبێت مرۆڤ ئاسان وەرینەگرێت، تەواو تێکەیشت بۆ کامەرانی سەلما ویستوێتی بیکوژێت. لە دڵی خۆیدا گووتی «خودایە چەند لە عاشق دەچێت». کوڕەکە جۆرە نیگایەکی ڕۆمانسیانەی هەیە کە لەم شارەدا بۆ خۆشەویستی زۆر پێویستە. بەسەرزەنشتەوە بەخۆی گووت «خەوتنی زۆر لەگەڵ قەحبەکاندا، ڕوخساری عاشقی لێسەندوومەتەوە». شەپۆلی خێراخێرای میوانەکان کەم کەم لە قەرەوێڵەکە دووریانخستەوە، سالۆنەکە پڕبوو لەو ژنانەی لەبەر خۆیانەوە فرمێسکیان دەڕشت و دۆعایان لە سەبەبکاری برینداربوونەکە دەگرت، هەموو پور و پورزای زل زل بوون کە عەبای شۆڕ و بۆنی کەڕووی بەر بەلۆعە و سەرمای دەرەوەیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنایە ناو خەستەخانەکەوە. کە ژمارەی میوانەکان کەمێک زۆربوون، خالیدی ئاموون بەدەرفەتی زانی بێدەنگ بڕواتە دەرەوە. لە سالۆنەکەدا فەراشێکی زەبەلاح پەنجەرەیەکی گەورەی کردەوە و تکایکرد میوانەکان کەمێک لەسەرخۆ قسەبکەن. خالید ئاموون لە نیهانی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە بۆ ئەم لە عاشق ناچێت، ئاخۆ عاشقان لە بنەڕەتدا ڕوخسارێکی جیاوازتریان هەیە؟ دڵنیابوو ئەو سەوسەن فیکرەتی لەم کوڕە خۆشتردەوێت، گووتی « ئەگەر کامەرانی سەلما واهەڵەشە و شێتانە ڕەفتاری نەکردبایە، لەوانەبوو مەنگوڕی بابەگەورە ئەم کوڕە پەشیمانبکاتەوە». بەلام پاش کەمێک دوودڵی گووتی «هیچ کەسێکم نەدیوە ئاوها لە عاشق بچێت، خوای گەورە من بۆ وا نیم». لەبەر دەرگای خەستەخانەکەدا جارێکی تر هەستیکردەوە کە لەرزێکی کوشندەی لێدێت، لە ماشێنەکەدا بەر لەوەی بەرەو ماڵەوە لێخوڕێت بەدەنگی بەرز گووتی «بەر لە شەوی شەممە دەبێت بچمە پێشێ. هەرکەسێک زووتر لەوانی تر قاچ دانێت شانسی زۆرتری هەیە». وایگووت، بەلام لە ڕۆحیدا هەستی بە لاوازییەکی گەورە کرد.

٦

خۆشی و بەختەوەرییەکانی خێزانی گوڵدانچی دەرهەق بە دەرچوونی نزار فیکرەت لە کۆلێژی ئەندازە ماوەیەکی زۆری نەخایەند. لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگدا کوڕەکە بە پلەی ئەفسەری یەک ئەستێرە، گوازرایەوە بۆ کەتیبەی چاکسازی ماشێن و کەرەستە سەربازییەکان لە فەیلەقی دوو. هەڵبەت نزار فیکرەت دەیتوانی ئاسانتر لە هاوتەمەنانی خۆی لە سوپا هەڵبێت. خۆشەویستی هۆی سەرەکی چوونی نزار فیکرەت بوو بۆ جەنگ. یان دەبایە بڕوات بۆ جەنگ یاخود بە پێشنیارەکەی باوکی ڕەزامەند بێت و بەخێزانەوە بگوازنەوە بۆ باکوور تا ئاسان نەکەوێتە دەست ئەو تیپە تایبەتیانەی لە سەرتاسەری وڵاتدا هەڵاتەکانی شەڕیان تیرباران دەکرد. لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگدا فیکرەت گوڵدانچی جارێکی دی هەوڵێکی دیکەی دایەوە، کوڕ و کچە گەورەکەی بخاتە سەر ئەو بڕوایەی بگوازنەوە بۆ یەکێک لە شارەکانی کوردستان، بەڵام نزار فیکرەت نەیدەتوانی بیر لەوەبکاتەوە کە دەتوانێت بە هەڵهاتوویی لە شارێکی باکووردا بژی. نزار فیکرەت دەیویست خۆی وەک فیداکارێکی بێوێنەی خۆشەویستی نیشانبدات، بەجۆرێکی بێمانا ئەوە چووبووە سەرییەوە کە چوونی بۆ جەنگ گەورەترین بەڵگەی خۆشەویستییە. سەوسەن فیکرەت هەموو قسەکانی نزاری گوێ لێبوو، کە ئاشکرا وێنەیەکی ڕاستەقینەی لەسەر جەنگ نەبوو... وارێکەوت چەند ڕۆژێک

بەر لە گواستنەوەی نزار بۆ بەشی پێشەوەی بەرەکانی شەڕ، پڕوشەی خوشکی شوویکات. نەشئەت کە کوڕێکی شەرمن و کەمدووبوو، ئەوکات پتر لە ساڵێک بوو سەربازبوو، کاتێک پڕوشەی گواستەوە ئاهەنگەکەیان یەکێک بوو لە ئاهەنگە گەورەکانی ئەو وەرزە، باوکی نەشئەت ژەنراڵێکی بەرزی سوپا بوو هەر بەو پێودانە ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی بەرزی دەوڵەت و بەرپرسانی حیزبی بۆ ئەو ئاهەنگە داوەتکردبوو. فیکرەت گوڵدانچی گەرچی خۆشی فەرمانبەرێکی بالای دەوڵەت بوو، بەلام لەناو ئەو خەڵکە لووتبەرز و پلەبەرزەدا، خۆی نامۆ و نەگونجاو و بچوک دەبینی. لە ئاهەنگەکەی پڕوشەدا، لە ئەفسەرە بەرزەکانی هێزی دەریاییەوە تا فڕۆکەوانە چالاکەکانی جەنگ بەشداربوون، ئاهەنگەکە وەک شایی میرزادەیەک ئەفسانەیی بوو، بەجۆرێک دواتر هیچ یەک لە سەوسەن فیکرەت و پڕوشە ئەو ئێوارەیەیان یادنەکرد کە سەمای زۆر تێدا کرا، گۆرانیبێژی بەناوبانگ گۆرانیان تیا گووت و پیاوەکان شەرابی زۆریان تیا نۆشی. نەشئەت گەرچی ماڵێکی گەورەی بۆ زەماوەندەکەی خۆی کڕیبوو، بەلام پڕوشە دەبایە دوای شووکردنیشی زۆربەی کات بەهۆی کەش و هەوای جەنگەوە لە ماڵی گوڵدانچی باوکیدا بمێنێتەوە. باوکی نەشئەت لەو ئەفسەرە فانەتیکانە بوو کە بەشداربوونی کوڕەکەی لە جەنگدا بە ئەرکێکی ڕۆحی و ئەخلاقی دەزانی. کوڕەکە گەنجێکی ئەسمەری چاوڕەش بوو کە ترسێکی گەورەی لە هەیبەتی دایک و بابی هەبوو کە هەردووکیان لە ماڵیشەوە وەک ژەنراڵی ڕاستەقینە لە گۆڕەپانی جەنگدا ڕەفتاریاندەکرد. ئەوەی کچێکی کوردی هەڵبژاردبوو بیکاتە خێزانی خۆی، سەرەتا خێزانەکەی تووشی خورپە و دڵتەنگی کرد، ئەوان خێزانێک بوون باپیرانیان لە ڕیزی پێشەوەی ناسیونالیستە عەرەبەکانی وڵاتدا بوون، ئێستا کوڕێکیان لە ناکاو ژنێکی کورد دەهێنێت، ئەوە هەواڵێک بوو لیوا نیعمەی تووشی دوودڵی و پەشۆکان کرد... کورد

لـە کولتـووری خێزانەکـەدا وێنـەی کۆمەڵێـک دڕنـدەی کێـوی و بێئامانیـان هەبـوو. کوڕەکـە گەرچـی لـە زۆر شـتدا لاواز و زەبـوون دەردەکـەوت، بـەڵام لـە مەسـەلەی ژنهێنانـدا شـتێک لـە خۆگـری و پتـەوی نیشـاندا کـە کـەس چاوەڕوانـی نەبـوو، حیکایەتـی ئـەو خۆشەویسـتییە درێـژەی سـاڵێک زیاتـر بـوو بـە کاغـەز و تەلەفـون و یەکدی بینینـی کـورت کـورت درێـژەی هەبـوو، لـە خەیاڵـی کوڕەکـەدا ڕەهەندێکـی وەهـا پیـرۆزی وەرگرتبـوو کـە نەدەکـرا ڕێگابـدات مێـژووی سیاسـی خێزانەکـە ڕێگربێـت لـە بەردەمیـدا. ئێوارەیەکیـان بـە دەنگێکـی ڕۆشـن و زمانێکـی ڕوون بـە جەنابـی لیـوای گـووت، کـە لـە ماڵیشـەوە لـە ژێـر ڕۆبـە ئاوریشـمییەکاندا هـەر کـراس و پانتۆڵـی خاکـی لەبەردەکـرد «ئـەوەی ژنەکـەم کـورد بێـت، مانـای ئـەوە نییـە کـە منداڵەکانـی مـن عەرەبـی ڕاسـتەقینە دەرناچـن. سـوێندی کوڕێکـی دڵسـۆزت بـۆ دەخـۆم هەمـوو شـتێک دەکـەم بـۆ ئـەوەی منداڵەکانـم بـە ڕۆح و بـە زمـان عـەرەب بـن». پڕوشـە فیکـرەت لـە مانگـی یەکەمـی شـووکردنییەوە، لەبـەر سـەختی شـەڕ و نەبوونـی مۆڵـەت و جەنگـی بـەردەوام لەبەرەکانـدا، بەشـی زۆری کاتەکانـی بەتەنیـا یاخـود لـە ماڵـی باوکیـدا دەبردەسـەر، سەوسـەن لەوکاتـەوە دەیتوانـی ببینێـت خۆشەویسـتی تـا چ ئەندازەیـەک مـرۆڤ لـە لێـواری کارەسـات نزیکدەکاتـەوە. پڕوشـە لـەو ماوەیـەدا حەسـرەتێکی زۆری بـۆ مێردەکـەی دەخـوارد، لـە یەکێـک لـە مۆڵەتەکانـدا پێشـنیاری ئـەوەی بـۆ نەشـئەت کـرد کـە یـان لـە ڕێـگای پەیوەندییەکانـی باوکییـەوە هەوڵبـدات بیگوازنـەوە بـۆ جێگایـەک لـە پشـتی بـەرەکان و دوور لـە شـەڕ یاخـود لـە ڕێـگای خزمەکانـی خۆیانـەوە لـە باکـوور هەڵبێـن و لـە ڕێـگای ئێرانـەوە بەرەو دەرەوە سـەفەربکەن، بـەڵام کوڕەکـە نەیدەتوانـی بچێتـە ژێـر بـاری هیـچ یـەک لـەو دوو داواکارییـە، لـە ڕوویەکـدا خـۆی خاڵـی نەبـوو لـە حەماسـەتی نیشـتیمانپەروەرە گێلـەکان، بەسـەرێکی دیـش دەیزانـی کارێکـی لـەو چەشـنە پاشـەڕۆژی سیاسـی و سـەربازی باوکـی دەخاتـە مەترسـییەکی گـەورەوە و

لەوانەیە بە تیاچوونی تەواوەتی ئەو کۆتایی بێت. ئەو چەند مانگەی کە لە سەنگەرەکانی ڕیزی یەکەمدا ژیابوو، چەندەها چیرۆکی دەربارەی ئەو ئەفسەرە گەورانە بیستبوو کە تیربارانکراون، هەتا دەربارەی ئەو ڕووداوانەش حیکایەتی بیستبوو کە ژنی ئەوجۆرە کەسانە گیراون و بەدەستەجەمعی لە لایەن کۆماندۆ تایبەتەکانی سەرۆکەوە لاقەکراون. ئەوانە هۆ و بەهانەیەکی گەورەبوون تازە زاواکە دۆزەخی جەنگی لە دۆزەخی هەڵهاتن پێباشتربێت.

کاتێک ئاگری جەنگ بڵێسەی سەند سەوسەن فیکرەت چواردەساڵ بوو، کە نزاری برای گوازرایەوە بۆ بەرەکانی جەنگ نزیک ئیلام کچەکە هێدی هێدی تووشی بێخەوییەکی گەورە بوو، بەشی زۆری شەوانی لە کتێبخانەکەی گوڵدانچییدا دەبردە سەر، لەوێ بەدەم خواردنەوەی قاوەی عەرەبی و بۆنکردنی گوڵی مێخەک و خۆ ڕاوەشاندن لەسەر کورسییە جۆلانێئاساکەی باوکی، لە خوێندنەوەی کتێبەکاندا قووڵ بووەوە. کتێب لای سەوسەن شتێک بوو دەیتوانی هەموو جیهان لە خۆبگرێت، هەموو جیهان، تەنیا دوو شت نەبێت «بۆن» و «دەنگ»، سەوسەن چاوی لێکدەنا و شتەکان تا دوا سنوور لە بەرچاوی بەرجەستەدەبوون، لەخەیاڵیدا ڕەنگ و شێوە و جوڵەی هەموو مەخلوقاتی ناو کتێبەکانی دەبینی، بەڵام ئەوەی دەیترساند بێدەنگی کتێبەکان بوو... ترسناکترین شتی دونیا لای سەوسەن بێدەنگی کتێب بوو. لەگەڵ ئەوەی لە ناو هەموو کتێبێکدا سەدان دەنگ قسەدەکات، بەڵام کە هەڵیدەگرتن، کە سەیری وێنەکانی دەکردن، کە گوێی دەنا بە بەرگەکانیانەوە، نە هیچی دەبیست و نە هیچی بۆن دەکرد. سەوسەن لە منداڵییەوە هەر کتێبێکی دادەخست، لەگەڵ داخستنی کتێبەکەدا چاوی لێکدەنا و هەموو شتێکی دەبینی، شارەکانی دەبینی کە با بە ناویاندا هەڵدەکات، ئەسپەکانی دەبینی کە غار دەدەن، شەمەندەفەرەکانی دەبینی تورە بە نێو چیاکاندا

دەڕۆن، پاڵەوانەکانی دەبینی لەسەر پێخەفی مەرگ فرمێسک لە چاویان دێتەخوارێ، عاشقەکانی دەبینی کە باوەشدەکەن بە یەکدا، بەڵام گوێی لە هیچ نەبوو، کتێبەکان و وێنەکان گەردونێکی گەورەی بێدەنگ بوون. سەوسەن لە کتێبەکانەوە یەک شت فێربوو، ڕقی لە جەنگ بێت و پێشی سەرسام بێت. هەر لەو دەمەدا خولیای خوێندنەوەی ژیانی گەڕاڵە گەورەکان کەوتەسەری، هەر لەو دەمەدا خەونی بەوەوە بینی مێردێکی گەڕاڵی هەبێت، پڕبێت لە حیکایەت دەربارەی هەموو کونج و کەلێنێکی دونیا. شەوێکیان لە کاتێکدا بە چەشنێکی منداڵانە لە کورسییەکەی باوکیدا خۆی ڕادەژەند، بە پڕوشەی خوشکی گووت « گەر مێردەکەت خۆشدەوێت وای لێبکە نەچێت بۆ شەڕ، پێیبڵێ با بڕوات بۆ سەفەر، چونکە شەڕ هەموو پیاوەکان، هەتا باشترینیان دەگۆڕێت بۆ کامێشێکی گەورە گەورە». ئەو بۆچوونە مایەی گفتوگۆیەکی توند و دوور و درێژ بوو لە نێوان خوشکەکاندا. هیچ مەخلوقێک نەبوو وەک پڕوشە فیکرەت خێرا بگری، بە جۆری هەنسکۆکە و ئەسرینوان بوو، هەموو بە ئەمیرەی گرینۆکان ناویاندەنا. بابی و خزمەکانی پێیان وابوو دوای شووکردنی باشتردەبێت، بەڵام کە بووشە خاوەن مێرد هەر خاتوونی گرینۆکان بوو. پڕوشە بەدەم فرمێسکەوە بە خوشکەکەی گووت «ئەوەی وا لە نەشئەت دەکات بڕوات بۆ جەنگ، دڕندەیی نییە، بەڵکو خۆشەویستییە». دواتریش گووتی «تەنیا پیاوە زۆر عاشقەکان دەچن بۆ شەڕ». ناکۆکی و ناتەبایی خوشکەکان بە چەشنێک بوو، دەبایە باوکیان بکەوێتە نێوانیانەوە. پڕوشە لای وابوو سەوسەن بێڕەحمانە دەرهەق بە مێردەکەی ئەو قسەدەکات. فیکرەت گوڵدانچی لە چەند دانیشتنێکی تایبەتدا لەگەڵ کیژە بچوکەکەیدا هەوڵیدا ئەوەی تێبگەیێنێت کە لەوانەیە عەشق نەوەک خواستی مرۆڤکوژی، یان دڵسۆزی بۆ دیکتاتۆر پیاوان بنێرێت بۆ جەنگ. گووتی « لە وڵاتی ئێمەدا هەندێک پیاو پێیان باشترە بمرن یان وەک

درِندە دەرکەون، لەوەی لە خۆشەویستیدا کەمتەرخەم دەربکەون». بەڵام کچەکە بە سەرسەختییەکی بێوێنەوە گووتی « ئەوەی لە پێناوی ژنێکدا بڕوات بۆ شەڕ، لای من گەمژەیەکە وەکو ئەوانی تر، بگرە لە هەموو ئەوانی تر گەمژەتریشە». فیکرەت گوڵدانچی بە کچەکەی گووت « زۆربەی سەربازانی دونیا بە خۆشی خۆیان ناچن بۆ شەڕ. بەڵکو ئازارەکانی هەڵهاتن زۆرجار لە ئازارەکانی جەنگ قورسترە، بۆیە خەڵکی هەندێکجار جەنگیان پێخۆشترە. هەندێ کەسیش بۆ ڕزگارکردنی ئازیزەکانیان لە ترس و دڵەڕاوکێ دەچن بۆ شەڕ، دەبێت تۆ باوەڕت بەوەبێت... دڵنیام ڕۆژێک گەورەبوویت و یەکێکت خۆشویست باشتر تێدەگەیت». کیژەکە بە ساردییەکەوە کە تا ئەندازەیەک دڵی باوکی ڕاچڵەکاند گووتی «هیچ کات کەسم هێند خۆشناوێت لە پێناویدا باوەڕ بە شەڕ بهێنم... سوێندت بۆ دەخۆم ڕقم لە هەر پیاوێک دەبێت وابیربکاتەوە... من تا ئەمڕۆ تەنیا ڕقم لەو پیاوانەیە کە سیر دەخۆن یان قژیان چەوردەکەن و بۆ دواوە هەڵیدەدەنەوە، بەڵام لە ئێستاوە ڕقم لەو پیاوانەش دەبێت کە لە پێناوی خۆشەویستیدا دەچن بۆ جەنگ». ئاشکرا ڕقی کیژەکە لە جەنگ شێوەیەکی زۆر پرەنسیپ ئامێزی وەردەگرت، کە ڕۆژ دوای ڕۆژ دەکەوتە سەروو هەموو شتێکی ترەوە. بەڵام لەگەڵ ڕقیشدا لە جەنگ، خانمە بچکۆلەکە مەیلێکی سەیری نیشاندا بۆ بیستنی هەموو شتێک و زانینی هەموو هەواڵ و وردەکارییەک کە لەبارە داگیرساوەکانی پێکدادانەوە دەهاتن... وەک ئەوەی بە دیوێکی دیدا لەزەت لە تەماشاکردن و بیستنی هەواڵەکانی جەنگ ببینێت.

لەساڵی ١٩٨٣ دا نەشئەت نیعمە کوژرا و تەنیا دوای شەش مانگ لاشەکەی لە زۆنگاوەکانی باشووردا دۆزرایەوە.

٧

کامەرانی سەلما لەوانە نەبوو بزانێت چۆن تەعبیر لە خۆشەویستی بکات. مەنگوڕی بابەگەورە بە فیکرەت گوڵدانچی گووت «موسیبەتی هەرە گەورەی ئەم کوڕە ئەوەیە نازانێت هەتا نامەیەکی خۆشەویستیش بنوسێت، بەڵکو ڕاستت دەوێت هەتا نازانێت بەڕاستی نامەیەکیش بخوێنێتەوە، کوڕەکە خوێندەواری تەواوی نییە، بەڵام نەخوێندەواریش نییە. لە ڕاستیدا گەر دەتەوێت کچەکەت تووشی دەردەسەری خوێندەواران نەیەت، کامەران باشترین کەسێکە کچەکەتی بدەیتێ... باشترین زاوا بۆ کچێکی جوانی وەک خانمی بچوکی ئێوە، کەسێکە سیفاتی زۆری نەبێت، بەڵێ ئێوە لە من بپرسن، سیفاتی زۆر سەر لە مرۆڤ دەشێوێنێت. کچەکەتان پێویستی بە مێردێکە تەسلیمی جوانییەکەی ببێت... من دەزانم کوڕەکە لە گەنجیدا مێردێکی باش دەرناچێت، بەڵام ڕاستت دەوێت، لە پیریدا دەبێتە یەکێک لە باشترین پیاوانی ئەم شارە، من کەسێکی درۆزن نیم، ڕقیشم لە هەر شتێکە لە قوونی درۆزنەکانەوە بێتەدەرێ. هیوادارم ناوبانگی خراپم نەبێتە مایەی ئەوەی وابزانن شتەکان بە خراپی دەگێڕمەوە، مەزەبی من خراپ گێڕانەوەی تێدا نییە... ئێمەی پیاو دوو جۆرین، هەمانە لە گەنجیدا لەگەڵ ژنەکانماندا باشین و هەشمانە لە پیریدا باشدەبین. بەڵام باشترین پیاو ئەوانەن کە لە دواییدا دەبنە مێردی باش، من ئەوەم لە ژنانی زۆر قەیرە بیستووە.

هەموو ئەو پیاوانەی لە گەنجیدا دەستەوەستان و بێبەشن، لە پیریدا خەڵکانی تورە و ناحاڵی دەردەچن، بتەوێت و نەتەوێت بەوجۆرەیە، هەموو کەسێک چەند ساڵێکی گەمژەیی لە ژیانیدا هەیە... هەر کەسێک زوو چەموشی خۆی تێپەڕێنێت، دەتوانێت زوو ببێتە پیاو، بۆیە کامەرانی سەلما لەو کەسانەیە کە عومر دەیانکات بە پیاو... ئەو لە توخمی چەقۆ وەشێنانی چەشنی سەعدی مەلا سابرێن و کەریمی دایە گوڵشەن و عومەری مام پەپولەیە، کە جاران چەقۆکێش بوون و ئێستا قومارەکەی لێدەرکەیت خەڵکێکی باشیان لێدەرچووە... بەندە خۆشم لەو تیپ و توخمەم، هەر لەو تیپ و توخمەم».

فیکرەت گوڵدانچی بە تەواوەتی نەیدەزانی ئەم پیاوە چی دەوێت و باسی چی دەکات. بە جۆرێکی تەماوی تێگەیشت یەکێک هەیە دەیەوێت کچەکەی بخوازێت. مەنگوری بابەگەورە نزیکی چارەکێک بوو هاتبوو، چارەکێک بوو سەیری دیکۆری ناوماڵی گوڵدانچی دەکرد، سەیری پەیکەرەکانی بودا و ئیکۆنە تەختەکان و دەمامکە ئەفریقییەکان و پەیکەرەکانی مەسیحی دەکرد، ئەوە لە پاڵ دەیەها تابلۆی خەتدا کە هەندێک سورەتی قورئانیان لەسەر نەخشکرابوو، هەندێکی دیشیان وێنەی جیاواز جیاوازی هەندێک مزگەوت و فۆتۆگرافی هەندێک مەرقەدی نەناسراوی لەسەربوو.

دیوارەکانی ژوورەکەی گوڵدانچی بەجۆرێک سەیربوو، مەنگوڕ کەمێک بەلاغەتی ئاسایی خۆی لەدەستدا و لەو خاڵەوە دەستی پێکرد کە کامەرانی کوڕی سەلما دۆڵان بەتەواوەتی نازانێت نامە بنوسێت. لە ڕاستیدا نەدەبایە لە وەسفی عاشقێکی وەها شەیدادا لەوەوە دەست پێبکات. بەجەهەنەم کە نازانێت نامە بنوسێت، بەشی هەرەزۆری پیاوی ئەم شارە لەوانەن لە ژیانیاندا نامەیان نەنوسیوە، دائیرەی پۆست بێئیشترین و بێماناترین فەرمانگەی شارەکەیە، بۆ دەبێت مرۆڤ لە

ناساندنی عاشقێکی وا دڵسۆزدا لەوەوە دەست پێبکات کە خەت و قەڵەمی تەواو نییە.

مەنگوڕ لە ساتی یەکەمەوە هەستیکرد خراپ دەستی پێکردوە. پەشۆکانێکی کتوپڕ و ونبوونێکی لە ناکاو وایان کردبوو لەوێوە دەست پێبکات. بە درێژایی ڕێگا بیری لەوە دەکردەوە گەر کامەرانی سەلما بیزانیبایە نامە بنوسێت، بیزانیبایە وەک عاشقانی تر تەعبیر لە خۆی بکات، لەوانەبوو هیچ یەک لەم کێشانەی تووش نەیەت. ئەوەی لە گەنجیدا مەنگوڕی خستە سەر ڕێگای چەقۆوەشاندن، بێزمانی بوو... ئەوەی بەهرەیەکت نەبێت لە قسەکردندا، دەتکات بە چەقۆکێش. هەستیدەکرد کامەرانیش بە هەمان ڕێگادا دەڕوات، ئەو ڕێگایەی ئەو لە گەنجییەوە پێیدا هاتووە. بەر لەوەی لە تەمەنی سیوپێنج ساڵیدا مامۆستایەک بگرێت، یارمەتیبدات وشەی نوێ فێرببێت و گوزارەکانی ڕێکبکاتەوە و نەرێتی قسەکردنی خۆی باشتربکات، لە ناوەوە هەمیشە پەشۆکاو و نائارام بوو. جارێک بە مامۆستاکەی گووت «بەشی هەرە زۆری شەڕەچەقۆکانی ژیانم، بەهۆی ترسەوە بوون لە قسەکردن». مەنگوڕ چوار ساڵ بە نهێنی وانەی خوێندبوو، چوار ساڵ بێئەوەی بهێڵێت هیچ کەس پێیبزانێت. لە منداڵییەکی زووەوە دایکی بەدەردەکەی دەزانی، ئەوەی نەیدەتوانی قسەبکات و قژی خۆی ڕادەکێشا و سەری بە دار و دیواردا دەکێشا نیشانەی لاڵ بوونێکی ڕۆحی بوون. لە گەنجیدا لە کاتی شەڕەکاندا زوبانی وەها لە دەمیدا گیریدەکرد و لە گەرویدا کلافەدەبوو، خەریکبوو دەیخنکاند. دایکی بەردەوام پێیگووتبوو «ئەو گرێیە لە زمانتدا دەتکوژێت». کە بەڕێکاوەبوو بۆ ماڵی فیکرەت گوڵدانچی، خەیاڵی لای ئەو دەنگ و هاوارە زامدارانەبوو کە لەکاتی شەڕدا گەروی دەگرن، هەندێک هەناسەی تاساو و وشەی خنکاو کە بەربینی دەگرن و نایەنەدەرێ، ئەوە تووشی تێکچوونی گەورەی دەکرد، هەمیشە ساتێک

بەرلـەوەی تێکەڵـی شـەڕبێت، شـتێکی لێدەهـات وەک پەرکـەم... جۆرێـک لـە نوسـانی گـەروو، نەجوڵانـی زمـان و هەڵنەهاتنـەوەی مەلاشـوو. ئێسـتا پتـر لـە سـی سـاڵ بـوو لەگـەڵ چەقۆکێـش و قومارچییەکانـی ئـەم شـارەدا تێکەڵاوبـوو، بێئـەوەی کـەس بکوژێت، لەگـەڵ ئـەو هەمـوو بەزمـە ترسـناکەدا کـە بینیویێتـی دەتوانێـت شـانازی بـەوەوە بـکات کـە مەنگـوڕی بابەگـەورە کەسـی نەکوشـتووە. هیـچ شـتێک لـەوە خۆشـتر نییـە مـرۆڤ پیاوکـوژ نەبێت. ئـەوە لەزەتێکـە تەنیـا ئەوانـە دەیزانـن کـە وەک ئـەو هـەردەم لەسـەر ئـەو هێڵـە وەسـتاون کـە مرۆڤـی ئاسـایی لـە پیاوکـوژ جیادەکاتـەوە، هێڵێکـە کـەم کـەس وەک ئـەو دەتوانێـت ماوەیەکـی درێـژ لەسـەری بوەسـتێت، بێئـەوەی بکەوێـت... بەرامبـەر کامەرانـی سـەلما هەسـتی بـە سـۆزێکی زۆر کـرد، حەزیدەکـرد ئەویـش بتوانێـت تـا هەتاهەتایـە لەسـەر ئـەو هێڵـە بوەسـتێت و نەکەوێـت. دڵنیابـوو کامـەران لـە دڵـەوە کوڕێکـی تابڵێیـت پاکـە، لـە دڵـی خۆیـدا گووتـی «چەقۆکێشـێکی کـۆن لـە هـەر کەسـێکی تـر باشـتر خەڵـک دەناسـێت، ئێمـە شـارەزای دڵیـن». بیریکـردەوە گـەر ژنـی بهێنایـە و منداڵـی ببایـە ئێسـتا زارۆکـەی لـە تەمەنـی کامەرانـدا بـوو، بـەڵام دڵنیابـوو هیـچ باوکێـک حەزنـاکات کوڕەکـەی وەک کامـەران بێـت. نـا نەیدەویسـت کوڕەکـەی بکەوێتـە نـاو دونیـای قومارچـی و چەقۆکێشـانەوە، سـۆزی بـۆ کامەرانـی سـەلما وەک سـۆزی بـاوکان نییـە، شـتێکی تـرە... زۆر بێگـرێ و بـێ داواکارییـە. خۆشەویسـتی بـاوک پـڕە لـە داواکاری سـەخت. هەناسـەیەکی هەڵکێشـاو خۆشـحاڵ بـوو کـە بـاوک نییـە.

دوێنـێ شـەو دوای بریندارکردنـی مەنسـوری ئەسـرین هەسـتیکرد شـتەکان تـەواو بـە پێچەوانـەی تەگبیـری ئـەوەوە دەڕۆن. دڵنیابـوو گـەر کامـەران وەک عاشـقێکی غەمگیـن و دڵشـکاو بـڕێ، گەنجێکـی ترسـناکی لێدەردەچێـت. بـە خـۆی گـووت «کوڕەکـە لـەو مەعدەنەیـە کـە نایەوێـت بدۆڕێـت، هـەر کەسـێکیش نەیەوێـت بدۆڕێـت، شـتی خراپـی لێدەوەشـێتەوە». دەسـتیکرد

بە گیرفانی شەرواڵەکەیدا و هەستیکرد چەقۆی پێ نییە. ئێستا دوو ساڵ بوو شتێکی زۆر تایبەتی نەبایە چەقۆی هەڵنەدەگرت، بەڵام هەر کاتێک دەستی بە گیرفانیدا دەکرد، دەستی بەر ئەو بەتاڵییە غەمگینە دەکەوت. ئێستا جیهان بە چەشنێک گۆڕاوە ناتوانێت ئاسان چەقۆ هەڵبگرێت، کەچی هەمیشە هەست بە شوێنە خاڵییەکەی دەکات، هەر کات دەست بە گیرفانەکانیدا دەکات، دەستی دەچێت بەو بۆشاییە گەورەیەدا. لە مێژبوو ترسی لەوە نەمابوو کەس لە لاکۆڵانێکدا پەلاماریبدات و بیداتە بەر چەقۆ، دوا دوژمنی ڕاستەقینەی «قولی داود» بوو، ئەویش چوار ساڵ لەوەوبەر لە پێشمەرگایەتیدا تیاچووبوو... دوای ئەو دوژمنێکی وەها گەورەی نەبوو لێیبترسێت. ئێستا دەیویست ئیشێکی باش بۆ ئەم کوڕە بکات، بیپارێزێت، نەهێڵێت بخلیسکێت.

دوێنێ شەو بە کامەرانی سەلمای گووت «ئەم شێتییەی تۆ هەموو شتێکی تێکدا، باوەڕناکەم کچێکی ناسکی وەک ئەو کیژەی گوڵدانچی هەروا ئاسان بێتە ژێر باری ئەوەی شوو بە یەکێک بکات کە وەک تۆ بە چەقۆوە دەچێت بۆ خوازبێنی. کامەران تۆ منداڵیت... تۆ هیچ شتێک لە ژن تێنەگەیشتوویت، هەموو ئەو ناسکییەی لەدەرەوە دەیبینیت هیچ نییە جگە لە توێکڵێکی تەنک، ناسکییەکەیان لە سەرتوێژی ماست، لە توێکڵی پیاز تەنکترە، هیچ کەس نییە بزانێت بیر لە چی دەکەنەوە... من گەر بمزانییایە چۆن بیردەکەنەوە، سەد ژنم دەهێنا... بەڵام سەیری دەموچاوی ژنی ئەم شارە دەکەم و هیچی تیا ناخوێنمەوە، نازانم چۆن بیردەکەنەوە و بیر لە چی دەکەنەوە. تێدەگەیت، ئێستا نازانم ئەم سەوسەن فیکرەتەی تۆ ئاوها لە حوزنا قوونی خۆت بۆ شین و مۆرکردۆتەوە، بە چیرۆکی ئەمشەو بزانێت چۆن بیردەکاتەوە... ئێستا دوای شەڕە چەقۆکەی ئەمشەو، ئیشەکە خراپتر بوو... دۆعابکە ئەو کوڕەی ئیبراهیم ئەسرین نەمرێت، من قەت دڵم بەم کوڕ و کاڵانەی

زانکۆ ناسـووتێت، ئـەوان لـە توخمێـک و ئێمـەش لـە توخمێکـی تریـن، بـەلام وامەزانـە کـە مـن و تـۆ لەنـاو چەقـاڵ و بەقاڵـی بـازاڕدا خۆمـان بـە شـت دەزانیـن، خەڵکـی تریـش هەمـان حیسـابمان بۆدەکـەن. ئێسـتا وەک بیسـت سـاڵ لەمەوبـەر نییـە، ئەوانـە گـەر لـەڕووش قسـەنەکەن، لـە ژێـرەوە وەک حەیـوان، وەک مەیمـون سـەیری مـن و تـۆ دەکـەن، شـارەکە پڕبـووە لـە خەڵکـی خوێنـدەوار کـە ئێمەیـان لـە حوشـتری عەمامـە بەسـەر لا سـەیرترە... بـەلام گـەر ئـەو کوڕەی ئیبراهیـم ئەسـرین نەمرێـت لەوانەیـە شـتەکە ڕاسـتبکەینەوە».

کامەرانـی سـەلما دۆلانـی، هەمیشـە دوای ئەمجۆرە پێکدادانـە خوێناویانـە پەشـیمان و غەمگیـن دیاربـوو. مەنگـوڕی بابەگـەورە لـە حاڵەتـی کوڕەکـە تێدەگەیشـت، پێیگـووت «لەبەرئـەوەی تـۆ کەسێکی باشـیت وەهـا غەمگیـن دەبیـت، مـن تاقیمکردۆتـەوە، مرۆڤـی بـاش دوای شـەڕ غەمگیـن دەبـن، بەڕەحمـەت بـن کاروانـی دایـی و عولـەی مـام غەنیـش وابـوون، دوای چەقۆوەشـاندن هەرچییـەک بایـە غەمگیـن دەبـوون، هـەزار ڕەحمـەت لـە قەبریـان هەردووکیـان دڵێکیـان هەبـوو لـە وێنـەی نەبـوو... بـەلام باوکـم ڕۆ... ئـەوەی چەقـۆ لـە سـنگی چـەپ بدەیـت... شـێتیش شـتی وا نـاکات، هەتـا شـینەی پورخەنانیـش کـە شـێتترین چەقۆکێشـە لـە مێـژووی ئـەم شـارەدا شـتی وای نەدەکـرد... خـوای گـەورە، تـۆ شـەڕکردن لـە کـوێ فێربوویت؟». پرسـیارەکەی بێمانابـوو، کامەرانـی سـەلما شـەڕ لـە کەسـەوە فێرنەبوویـوو، تـا ئێسـتا چـوار کەسـی بریندارکردبـوو، بێئـەوەی خـۆی چەقۆیەکـی بەربکەوێـت. سـەرەتا لەگـەڵ دوو هاوڕێیـدا قوتابییەکـی پەیمانگای مامۆسـتایانیان بریندارکـرد، کـە لەسـەر بەشـە میـرات لەگـەڵ بـرا گەورەکەیـدا کەوتبـووە کێشـەوە و ئـەو ڕایسـپاردبوون تەمێبکـەن، دواتـر لـە بـەر دڵـی قوتابییەکـی ئامادەیـی پیشەسـازی کـە دوور بـەدوور دەیناسـی، چەقـۆی لـە مامۆسـتایەکی بەشـی میکانیـک دابـوو، دواجاریـش شـەوێک کـە لـە ژێـر

زەمینەکەی «ئوتێلی باوەجان» هاتبووەدەرێ، لەگەڵ «ئەکەی گوڵناز» و دوو چەکلی دۆستیدا بووبوو بە شەڕی، کە کوڕەکە بە لوسکەیەکی بێغیرەت تێگەیشتبوون و ویستبوویان ئەو شەوە چی لە قومـاردا بردۆتەوە لێیبسەنن. ئەوە یەکەم شەڕی ڕاستەقینەبوو کامەرانی سەلما دۆلانی تێوەبگلێت و مەنگوڕ لە نزیکەوە بیبینێت. ئەو شەوە بە ڕاستی تێگەیشت کە ئەم کوڕە بەهرەیەکی گەورەیە، شێوەی شەڕکردن و پەلاماردانی «یوسف کەویار»ی هێنایەوە یاد، بەناوبانگترین چەقۆکێشی شەستەکان، کە لە ساڵی حەفتاوچواردا لە بۆردومانێکی فڕۆکە دەوڵەتییەکاندا لە ناوچەی پشدەر تیاچوو. ئەو نزیکی و لێکچوونە هۆیەکی گەورەی ئەو مەحەبەتە بوو کە مەنگوڕی بەرەو ئەو گەنجە کێشکرد. مەنگوڕ ئەو شەوە گووتی «من لە ڕاستیدا نازانم تۆ چەند ئەم سەوسەن فیکرەتەت خۆشدەوێت... نازانم. ئەوەندە هەیە هەستدەکەم لەو کاتەوەی بیستووتە کەسێکی تر هەیە حەزی لە کیژەکەیە ئاوا گڕتگرتووە. من پیاوێکی شارەزا نیم لە خۆشەویستیدا، بەڵام واتێدەگەم ئەمجۆرە گڕگرتنانە زۆر پەیوەندیان بە عەشقەوە نەبێت. ڕاستت دەوێت، من زەمانێکی زۆرە چاو دەگێڕم و لەم شارەدا عاشقی ڕاستەقینە نابینم، سی ساڵە ئەم شارە عاشقی ڕاستەقینەی تیا دروست نەبووە، دوای خوالێخۆشبوو «ئەنوەر زیواڵ» شتێکی تری وەک ئەو پەیدا نەبۆتەوە... ئەو گەورەترین عاشق بوو من بینیبێتم، دوای ئەو درۆیە، عاشقی ترم نەدیوە... ئەویش لەوانە بوو کە بۆ یار تک تک فرمێسک لە قوونی دەهات... خوێن بۆ حەبیبە دادەنیشت. حەزی لە ڕەخشەی کچی عاسم ئاغا کردبوو، کچەکە بە گاڵتەوە پێیگووت دەبێت پێنج ساڵ لە بەر قاپی ماڵەکەماندا وەک سەگ دانیشێت و نەجوڵێت، تێدەگەیت، پێنج ساڵ هەڵترۆشکێن، ئینجا شووی پێدەکەم... ڕەخشە خۆی بە کچە ئاغا دەزانی، لای وابوو هەموو دەڤەری شارباژێڕ موڵکی باوانێتی. ئەنوەر زیواڵ فەرمانبەرێکی

داماوبوو لە مەلاریا... لەوانەی بۆ ڕژانی دەرمانی مێشوولە، دێ بە دێ دەگەڕان... لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا ڕەخشە دەبینێت و شێتی دەبێت... تێدەگەیت... من منداڵ بووم، تەمەنم چواردە ساڵ بوو کە بینیم، لەیەکەم نیگاوە تێگەیشتم چۆن عەشق کردویێتی بە زوخاڵ... پێنج ساڵ لەبەردەم ماڵی ڕەخشەدا کەوت، خەڵک و خوا کەپریان بۆ دروستکرد، نانیان بۆدەبرد، جلیان بۆ دەهێنا. هەموو دونیا هەوڵیدا پەشیمانیبکاتەوە، بەڵام ئیشەکەی خۆی لە مەلاریا جێهێشت و لەبەر قاپی ئافرەتەکەدا وەکو سەگ کەوت... ئەوە عاشق بوو... سێ مانگ بەرلەوەی پێنج ساڵەکە تەواوبکات، شەوێکی بەفروباران لە بەر قاپی ژنەکەدا ڕەقبووەوە، کەس بە فریای نەکەوتبوو... تا عاشقی وانوزە درێژ لەم دەوروعەیامەدا نییە».

کامەرانی سەلما بە غەمەوە گووتی «ئەگەر سەوسەن فیکرەت داوام لێبکات، پێنج ساڵ لە بەر دەرگای ماڵیاندا بوەستم... دەتوانم بوەستم».
لە ڕاستیدا مەنگوڕ هەر لەسەرەتاوە دەرهەق بە حیکایەتەکەی کامەران دوودڵ بوو، هەستیدەکرد کۆی حەزەکە ئومێدێکی ئەوتۆی لێناکرێت. بەڵام هیوای وابوو بتوانێت کار لە فیکرەت گوڵدانچی بکات، بە جۆرێکی ئاسایی و بێبەزم و ڕەزمی خۆشەویستی کیژەکە بە مێرد بدات. بە کامەرانی گووت « ڕاوکەری باش گوللەو باروتی خۆی لەملاولا سەرف ناکات، تۆ لەو توخمە نیت بتوانیت کچەکە لە کۆڵان و پەناپاساردا بگرێت تا نامەی بدەیتێ یان قسەی لەگەڵدا بکەیت... ئەم چەقۆبازییەت لەبەر ئەوەیە ناتوانیت لە کچەکە نزیک ببیتەوە. من خۆم لە ژیانمدا بەوجۆرە عاشق نەبووم چەقۆی بۆ هەڵگرم، بەڵام هەموو چەقۆوەشێنە بەناوبانگەکانی ئەم شارەم ناسیوە، هەموو لەبەردەم ئافرەتدا ترسنۆک بوون... هەر کچێکی دەیتوانی بە یەک شیرە هەموویان بکاتە کونەوە، دەیتوانی وایان لێبکات شەرواڵەکانیان پڕبکەن لە میز. من خۆم یوسف

کەویاری گەورەم بینیوە، لەگەڵیدا ژیاوم، دەزانم چەند شەرمی لە ژنان دەکرد... تۆ یوسف کەویارت نەدیبوو، لەبەرئەوە نازانیت چ بەهرەیەک بوو، چ ئازاییەکی خواکرد بوو. بەڵام ئێمە پیاوانی ئەم شارە کە لەم کوچە و کۆڵانە تەسک و تروسکانەدا لەدایک دەبین، ئەو گێڕەمان تیادەردەهێنن بتوانین لەگەڵ ژندا قسەبکەین... من دەزانم تۆش دەردی هەموو چەقۆکێشە بەناوبانگەکانت هەیە، نەخۆشییەکەی تۆ دەردێکە لە زەمانی سورەی مەرجان خان و ئیدەی سەی گوڵ و فارسی مەجید پەشمەکەوە لەناو چەقۆکێشاندا بڵاوبۆتەوە، لە چل و پەنجاکاندا ئەم شارە زەلالەتی بوو بە دەست ئەوانەوە، بەڵام هەموویان دایکیان ژنی بۆ هێنان، چونکە کەسیان غیرەتی ئەوەیان نەبوو قسە لەگەڵ ژنێکدا بکەن. لەوە دەچێت عیللەتێک بێت پەیوەندی بە ئاو و هەوای شارەکەوە هەبێت».

تاکە ئومێدی کامەرانی سەلما ئەوەبوو فیکرەت گوڵدانچی و کچەکەی بە خوازبێنییەکی ڕەسمی ڕەزامەندبن. ئەو شەوە مەنگوڕ گووتی «باشترە سەوسەن و باوکی بە بەسەرهاتی ئەمشەو بزانن... ئێستە کاتی ئەوەیە کچەکە تێبگات کەسێک هەیە لە پێناوی ئەودا خوێن لە قوونی خەڵک دەهێنێت... بەوەدا تۆ نازانیت کاغەزی دڵداری بنوسیت، ئەوەی ئەمشەو دەبێت بە جۆرێک لە کاغەز، کچەکە ئەگەر وریابێت دەتوانێت شتەکە بخوێنێتەوە... بەڵام گرێ کوێرەکە ئەوەیە نازانین ئاخۆ لە بەغدا خەڵک چۆن دڵداری دەکەن... من یەکێک دەناسم دەڵێن لە بەغدا دڵداری زۆر کردوە، مامۆستای عەرەبییە، هەموو شتێک لەو وەردەگرم و گەر زانیم شتەکە ئابڕوچوونی تێدا نییە، بە ئیشی پیاوی بێحەیا دەرناچێت، سبەی شەو خۆم دەچم بۆ لای گوڵدانچی».

بۆ ڕۆژی دوایی مەنگوڕی بابەگەورە ئەو مامۆستایەی دۆزییەوە کە لە چایخانەی گوڵبەهار، بەردەوام بە دەنگی بەرز باسی دڵداری و

سەرکێشییە گەورەکانی خۆی لەگەڵ ژنانی پایتەختدا دەکرد، پیاوێکی سمێڵ باریکی باڵابەرزبوو، کە بەردەوام بە چاکەتێکی خۆڵەمێشی و هێلەکێکی ڕەشەوە لە ئێوارانــدا دەردەکەوت. ئەو تەواوی بەغدای وەک جێگایەک وێنادەکرد کە کوچەیەکی تیا نییە پیاوی تیا نائومێد بێت... کابرا شارەزایەکی گەورەی سوچ و کەلەبەرە شەهوەتییەکانی پایتەخت بوو، گەرچی زۆر کەس بە قەپۆزێکی زۆر بلَن و درۆزنیان دەزانی، بەڵام تائەوکات ئەدرێسێکی نەدابوو درۆ دەرچێت، مامۆستا لە ماوەیەکی کەمدا وەک شارەزاترین سۆزانیناسی پایتەخت لە شاردا ناوبانگی دەرکردبوو. خەڵک لە کاتی سەفەری بەغدادا مشورەت و ئامۆژگارییان لێوەردەگرت . کە گوێی لە چیرۆکەکەی «مەنگوڕی بابەگەورە» و حیکایەتی قوتابییە بریندارەکەی زانکۆ گرت، بە دەنگە گەورەکەی گووتی «هێی بابەگەورە گوێبگرە، فیکرەت ئیحسان گوڵدانچی یەکێک بوو لە پیاوە عاقڵەکانی پایتەخت... گەر شتەکانیش قەبووڵ نەکات، وەک ئەم بەرازجنسانەی ئێرە نایکات بە گوڵمەز و تەپ و تۆز... بڕۆ لەسەر من، دەزانم بە دەستی بەتاڵ و پاشەڵی پیسەوە نایەیتەوە... بەڵام تۆزێ عەقڵ و هۆشی زیاتر لەگەڵ خۆتدا بەرە... تۆزێ عەقڵ و هۆشی زیاتر». قسەکانی مامۆستا تینێکیان دایە مەنگوڕی بابەگەورە بە شتێک لە بڕواوە بچێت بۆ ماڵی فیکرەت گوڵدانچی.

٨

لە بەیانی ڕۆژی دووەمدا خالید ئاموون، بێئەوەی دوکانەکەی بکاتەوە چوو بۆ چایخانەی «پەپولەی ئازاد». دوێنێ ئێوارە کامەرانی سەلما لەوێ بینرابوو. بیریکردەوە کە دەبێت کابرا چ چاونەترسێک بێت، دوای ئەو بەزمە وا ئاشکرا خۆی دەربخات... چ بێسڵ و دەستوەشێنێکی بێڕەحم بێت؟ کوڕەکە بە ئاشکرا دوژمنێکە دەبێت ئاموون حیسابی تایبەتی بۆ بکات، هەستیکرد ئەم کامەرانی سەلمایە دەبێت لە جنسی ئەو پیاوانە بێت کە تا دەکەون مل ناگێڕنە دواوە، ئەگینا چ مانایەکی هەیە، بە مەبەستی کوشتن کەسێک برینداربکەیت و دواتر بێترس و بێحیساب دەربکەویت و سڵ لە هیچ دەرەنجامێک نەکەیتەوە. هەر ئەوەی بە مەبەستی کوشتن چەقۆی لە سنگی چەپی مەنسور ئیبراهیم دابوو، نیشانەی ئەوەبوو کە دوژمنێکی ترسناکە و دەتوانێت هەر کەس بکوژێت... شەو کە هەواڵی پێگەیشت کامەرانی سەلما لە چایخانەی پەپولەی ئازاد بینراوە و چای خواردۆتەوە و باسی ئەوەی کردوە کە هیچ کەس جگە لەو نابێت بە مێردی خاتوونی سەوسەن فیکرەت، خولیایەکی گەورەی تێدا دروست بوو، بیبینێت.

چایخانەی پەپولەی ئازاد لەسەرەتای حەفتاکاندا جێگای کۆبوونەوەی شاعیرانی ناکام بوو، هەموو دەهاتن لەوێ بەدەم گوێگرتن لە کاسێتی گۆرانیبێژە کلاسیکیەکانەوە لە ئاه و سکاڵای ناو شیعردا نوقم دەبوون

و حیکایەتی ئازارەکانی خۆیان دەگێڕایەوە و لە خواردنەوەی چای ڕەش و دوکەڵی جگەرەدا خۆیان دەخنکاند، بەڵام لەسەرەتای هەشتاکانەوە ڕوخساری شوێنەکە زۆر گۆڕا، بوو بە شوێنی کۆبوونەوەی چەند گروپێکی جیاواز لە خەڵک، وەک وەستایانی کاشی، شۆفێری پاسە نەفەربەرەکان، هەندێ مامۆستای خانەنشین، چەند دەلالێکی خانوو کە نوسینگەی خۆیان نەبوو و لەوێ کاروباری کڕین و فرۆشتنیان جێبەجێدەکرد، جگە لە پێڕێک لە ترسناکترین چەقۆوەشێنەکانی شار. کامەران یەکێک بوو لەوانەی زۆربەی کاتەکانی لەو چایخانەیەدا دەبردەسەر. کوڕەکە بێئیشێکی ئەبەدی بوو، لە زەمانێکەوە کە لە قوتابخانەی سەرەتایی هەڵهاتبوو، ڕۆژێک نەچووبووە ژێر باری کارێکەوە، خێزانەکەشیان وەها دەوڵەمەند نەبوو بتوانن بەجۆرێک دەستی بگرن هەژاری پێوەدەرنەکەوێت، بەڵام بەختێکی بێوێنەی لە قوماردا هەبوو، کە زۆر شەو سەرسەختترین قومارچییەکان لە ئاستیدا دەستەوەستان دەمانەوە.

خالید ئاموون کە چووە چایخانەکەوە، بۆنی چایەکی زۆر کوڵاو و هالاوی ساردی هەندێک قاڵبی سەهۆڵ کە یەکێک لەسەر تەختێکی گەورە دەیشکاندن چوو بە ڕوویدا. چایخانەیەکی گەورە و پاکوتەمیز دیاربوو، گەرچی زۆر قەرەباڵغ بوو بەڵام شوێنەکەی کەمێک بێدەنگ هاتە بەرچاو. دوای سەعاتێک دانیشتن توانی کامەرانی سەلما لە نێوان چاخۆرەکاندا بناسێتەوە. گەنجێکی ئێجگار جوان بوو، بە قژێکی خاوی قەترانی و سمێڵ و ڕیشێکی قەڵەمی ڕەشەوە، پێستێکی شەرابی و جووتێک چاوی قەشەنگ. بێئارامی و توڕەیی و نادڵنیاییەکی زۆر لە دیمەنیدا دەبینرا. لە دڵی خۆیدا گووتی «دەبێت ئەمە چی بێت... تۆ بڵێی لە سوپا هەڵنەهاتبێت؟ دەبێت ڕاکردووی جەنگ نەبێت؟». ئەو بیرۆکەیەی کە دەشێت لە جەنگ هەڵهاتبێت و بتوانێت بەجۆرێک لە جۆرەکان بەگرتنی بدات، کەمێک ئارامیکردەوە. بەڵام خالید ئاموون خۆشی لە سوپا

هەڵهاتبوو، بەوە دەژیا کە دەفتەری خزمەتکردنی سوپای بەپارەیەکی زۆر لە خانەی سەربازگری گشتییەوە بەساختە مۆرکردبوو، بەجۆرێک کەس نەیدەزانی هەڵهاتووی جەنگە، بەڵام گەر بگیرێت و یەکێک بە تەواوەتی بچێتە بنج و بناوانی چیرۆکەکەی ئەوسا تووشی بەڵایەکی گەورە دەبێت. کامەرانی سەلما بێباک چای دەخواردەوە و تاوڵەیدەکرد، بەجۆرێک لە یارییەکەدا نوقم بوو، هەستی بە چاوی خالید ئاموون نەدەکرد کە بەو چەشنە ورد سەرتاپای دەپشکنی. خالید ئاموون ئێستا هەستیدەکرد لەبەردەم ئەم دوو گەنجەدا شانسێکی ئەوتۆی نییە، هەردووکیان لەم شۆختر و سەرنج ڕاکێشترن، ڕاستە هیچیان بە ئەندازەی ئەم لەگەڵ ئافرەتدا نەخەوتوون، بەڵام دڵنیابوو ئەو ژنانەی دێنە کۆگاکەی ئەم لەو ژنانە نیین کە مرۆڤ عاشقیان بێت یان ئەوان عاشقی کەس بن، سروشتی یاریکردن لەگەڵ ژنانی کۆگاکەدا شتێکی ترە، بەڵام سەوسەن فیکرەت لەو کچانەیە کە مرۆڤ یان دەبێت شێتانە عاشقی بێت یاخود دەستی لێهەڵگرێت و لە بیرخۆی بەرێتەوە. بیری لەوەکردەوە کە ئەگەر سەوسەن فیکرەت تەواوی ڕووداوەکە ببیستێت، دەشێت چۆن بیر لەم کامەرانی سەلمایە بکاتەوە، هەوڵیدا دەموچاوی سەوسەن لەجۆرە ساتێکی وەهادا بهێنێتەوە پێشچاوی خۆی، بەڵام نەیتوانی. کە لە کاتی تاوڵەکردن و چاخواردنەوەدا بەوردی لێیڕاما، کوڕەکە بێئەندازە جوان بوو، شتێک لە کێویێتی و ڕامنەکراوی تێدایە کە هەر ئافرەتێک لە ڕیشەوە دەهەژێنێت، لەگەڵ مەنسور ئەسریندا نمونەیەکی تەواو جیاوازە. ئەسرین کوڕێکی ناسکی شارییە، کە شتێکی زۆر لە ڕۆمانسییەتی تێدایە، چاوانی خۆشەویستی لێدەتکێت، باریکی و غەمۆکییەکەی، باریکی و غەمۆکی عاشقە بەستەزمانەکانە، بەڵام کامەرانی سەلما بەهەمان پلە بەزەیی و ڕەحمی مرۆڤ ناجوڵێنێت، لە جانەوەرێکی دڕ دەچێت، بەڵام جانەوەرێکی قەشەنگ، جانەوەرێک پاڵ بە ئافرەتەوە دەنێت بچێتە ناو گرەوی

ڕامکردن و دەستەمۆکردنییەوە یاخود بچێتە سەر خولیای خۆشاردنەوە لە ژێربالی و دالدە وەرگرتن لە ئامێزیدا. بەلام ئەی ئەم چییە؟ خالید ئامۆون چییە؟. دلنیابوو لە ڕوخساریدا سیحرێکی وەها دلڕفێنی نییە بیکاتە کەسێک کچەکە بەچاو نوقانەوە شووی پێبکات، هێند هەیە لە هەردووکیان دەولەمەندترە، لە هەردووکیان باشتر دەتوانێت خەونەکانی کچە بهێنێتەدی، چاوانیشی نهێنییەکی تێدایە کە ژنان حەزی پێدەکەن، بێدەنگتر و ئالۆزترە، جگە لەوەی پاشەڕۆژی لە هەردووکیان مسۆگەرتر و مالی لە هەردووکیان ئارامترە. کێ چووزانێت، کێ دەلێت کیژەکە لەو توخمە نییە کە حەزی بەجۆرە ژیانێکی بێدەردەسەرییە، لەگەل مێردێکی گەنج و پارەداردا، کێ دەلێت ڕاستەوخۆ ئەم هەلنابژێرێت. دوائەوە ئەم دەتوانێت بەدرۆش بیسەلمێنێت کە لەسوپا ئازادکراوە و دەردی سەربازی بەدواوە نییە، ئەوە یەکێکە لە هەرە خالە گرنگەکانی هاوسەرگیری لەمڕۆدا... بەلام لە ناخی دلەوە دەیزانی گەر کیژەکە لە ڕۆحیشیدا وەک ڕوخساری دەرەوەی ڕۆمانسی بێت، ئەوا ژیانی لەتەک ئەمدا سارد و مردوو دەنوێنێت... کچ هەیە بۆ ئەوەی یەک سەعاتی ڕۆمانسیانە بژی، هەموو ژیانی خۆی دەکات بە قوربانی. بەلام ئێستا هەستیدەکرد مەترسی هەرە گەورەی پێشدەمی ئەو کامەرانی سەلمایە. گەر سەوسەن فیکرەتیش ڕازی بێت شووی پێبکات، شتەکان بێدەردەسەرییەکی گەورە تێناپەڕن. بەلام لە دلی خۆیدا سوێندی خوارد کە ئاسان سەوسەن فیکرەت نەدات بە دەستەوە.

لە تەنیشتییەوە گەچکارێکی پیر ماستاوی دەخواردەوە و باسی نرخی وەستای گەچکاری لە شارەکانی تردا دەکرد. خالید ئامۆون بێئەوەی زۆر خەیالی لای فەزا و قسەکانی ناو چایخانەکە بێت، بیری لە ڕێگایەک دەکردەوە ئەم کوڕە لە پێشدەم خۆی لادات و لە سەوسەنی دووربخاتەوە. کوڕەکە قەد و بالایەکی بێوێنەی هەبوو، پتەوییەکی گەورەی ماسولکە و

ئەستوورییەکی سەرنجڕاکێشی مل و ناوشان، بە جۆرێک خالید ئامرون لە بەردەمیدا ڕیوەڵە و بێجورم دەینواند. ئێستا کە سەیریدەکرد دڵنیابوو لەبەردەمیدا هیچ شانسێکی نییە. هەستیکرد ئەمڕۆ ڕۆژێکی ڕەشە لە ژیانیدا، لە دڵی خۆیدا گووتی «ئاخۆ دەبێت سەوسەن فیکرەت عاشقی تریشی هەبێت؟». بەلام بەر لەوەی کەس هەستی پێبکات دەبایە هەستێت و چایخانەکە بەجێبهێڵێت. بۆ یەکەمجار لە بەردەم ئەو چایخانەیەدا بیری لە کوشتنی کامەرانی سەلما کردەوە.

٩

پرۆشە لە پرسەی مێردە گەنجەکەیدا تووشی هەرەسێکی دەروونی قورس هات و وای لێهات فێی توند و چەند نۆبەتێکی هیستیریی بیگرێت. دوای تەواوبوونی پرسەکە، پرۆشە بەتەواوەتی گەڕایەوە بۆ ماڵی فیکرەت گوڵدانچی، بەڵام هێند غەمگین و تەنیا و لاوازبوو شتێکی لەو پرۆشە قەشەنگەی جاران نەدەچوو کە ساڵێک لەوەوبەر لە زەماوەندەکەیدا نیوەی پایتەختی سەرسامکردبوو، کە لەگەڵ فیکرەتی باوکیدا لە تاکسییەک لەبەردەم دەرگای ماڵی خۆیاندا وەستا و سەوسەن ڕایکرد بۆ ئەوەی جانتا و کەلوپەلەکانیان لێوەربگرێت، پرۆشەی وەک مەخلوقێکی غەریب هاتە بەرچاو کە جێگای بەزەییەکی زۆرە، بەڵام ئەوە ڕێگای ئەوەی لێنەگرت بەو خوشکە بریندارەی بڵێت، کوژرانی مێردە گەنجەکەی بەهۆی خۆشەویستی ئەوەوە بووە، لەبەرئەوە دەبێت تا ماوە دڵسۆزی یادگارییەکانی بێت و لەوەفادا شوو بە کەسێکی دیکە نەکات. ئەگەرچی قسەکانی سەوسەن برێک لە ڕاستیان تێدابوو، بەڵام فیکرەت گوڵدانچی، سەوسەنی بێبەزەیی و دڵڕەق هاتە بەرچاو. فیکرەت ویستی کەمێک لەگەڵ کچە بچوکەکەیدا قسەبکات، تا بەوجۆرە بەرابەر خوشکەکەی دڵڕەق نەبێت، بەڵام خانم بەجۆرێک لە بێباکییەوە گوتی « کچ کە عاشق بوو، دەبێت تا کۆتایی لەگەڵیدا بڕوات، تاکۆتایی» . ئەمشێوە بیرکردنەوەیەی سەوسەن، باوکی لە دڵەوە زۆر ترسان. سەوسەن لەو

ساڵە گەرمانەی هەرزەکاریدا، لەگەڵ هەموو ناسکی و جوانیدا، نەخۆشی و لاوازیی و سەرئێشەی هەمیشەیی وازیان لێنەدەهێنا، زۆربەی کاتەکان تەنها و غەمگین دیاربوو، بەردەوام بە تراکسوتێکی پەمەییەوە یان لە ژوورەکەی خۆیدا یان لە کتێبخانە گەورەکەی باوکیدا خەریکی کتێب خوێندنەوە بوو، خولیایەکی سەیری هەبوو لەسەر باڵندە و گوڵ و ئاسەوارە گەورە و کۆنەکانی دونیا شت بخوێنێتەوە، زانیارییەکانی لە هەندێک بواردا گەیشتبووە ئاستی زۆر بڵند. بەدەگمەن نەبێت گوێی لە گۆرانی نەدەگرت، شەوانیش تەنیا ئەو کاتانە سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد کە لاشەی کوژراوەکانی جەنگی پیشاندەدا. کیژەکە لەگەڵێک شتدا بێبەزەیی دەردەکەوت، لەزەتێکی شاردراوەشی لەوە دەبینی ئازاری خوشکەکەی بدات. لەگەڵ نەخۆشییە نادیارەکانیشدا، عەزیمەت و ئیرادەیەکی گەورەی هەبوو. کچێک بوو لەوانەی ئاسان ڕای خۆیان دروستدەکەن، بەڵام زۆر بە زەحمەت دەیگۆڕن. ئەو هێز و ڕەقێتییە گەورەیەی لەگەڵ ئەو ڕوخسارە منداڵانە و ناسکەیدا نەدەگونجا، گەرچی هەردەم نەخۆش دیاربوو، بەڵام شتێک لە هێزی تێدابوو کە بۆ خانمێکی ناسک و منداڵکاری وەک ئەو نائاسایی و ترسناک دەردەکەوت. ڕوخساری لە فریشتەیەکی نەخۆش دەچوو، قژێکی زەردی کورت، دەموچاوێکی وردیلانە، دوو چاوی گەشی بێئەندازە کاڵ، بەڵام ڕەنگێکی سپی و هەڵبزڕکاو. ئەو ڕەنگ پەڕین و لاوازییەی بەدیمەنییەوە بوو لە جوانی و سیحریان زیادکردبوو، هەر کەس دەیبینی وایدەزانی ئاووهەوای گەرم و خنکێنەری ئەم شارە گەورەیەی پێناکەوێت. جارێکیان کە نزاری برای بە مۆڵەت لە بەرەکانی جەنگەوە گەڕایەوە و خوشکە ئازیزەکەی خۆی لە کاتی ئاودانی گوڵەکاندا لە چیمەنەکەدا بینی، سەرنجیدا کە کیژە منداڵەکەی دوێنێ هێدی هێدی خەریکە گەورەدەبێت و مەخلوقێکی زۆر جوانی لێدەردەچێت. بە باوکی گووت دەبێت زۆر ئاگاداری ئەم کچەبێت،

ئەمجۆرە جوانییە خەڵکێکی زۆر بەدبەختدەکات. فیکرەت گوڵدانچی سەرنجی ئەوەی دا کە نزار بایەخێکی گەورە بە سەوسەن دەدات. نزار هەندێک ئێوارە لە ژووری دانیشتنەکەدا، یان لە چیمەنەکەدا، یاخود لە باڵکۆنی دیوی ئەو دیوی قاتی سەرەوەدا، باسی جەنگ و ژیانی ناو سەنگەرەکان و شەوانی پەلامار و دیمەنی کوژراو و دیلەکانی بۆ سەوسەن دەکرد. شتێک سەوسەن تێینەدەگەیشت ئەوەبوو نزاری برای بۆ لەو جەهەنەمە هەڵنایەت. چیرۆکی خۆشەویستی و ئەو شتانەی بە درۆیەکی گەورە دەزانی، کیژەکە سووک و ئاسان باوەڕی بە خۆشەویستی نەبوو. ڕۆژێک سەوسەن، نزاری داوەتکردە ناو کتێبخانەکەوە و هەوڵیدا لە ڕێگای وێنە و نەخشە و زانیارییە جوگرافییەکانەوە براکەی تێبگەیێنێت کە دونیا چەند گەورەیە و زەوی چەندە بەرینە، بەجۆرێک مرۆڤ پێویست ناکات وا هەستبکات دیلی جێگایەکە. جیهان لای سەوسەن بەجۆرێک گەورە و کراوە بوو مرۆڤ خۆی نەبێت هیچ بەربەستێک نەیدەتوانی ڕێگای لێبگرێت. لە ڕێگای نەخشە و کتێب و ڕێنما گەورەکانی ناو کتێبخانەکەوە هەوڵیدا نزار تێبگەیێنێت کە دەتوانێت لە بری ئەوەی بۆ جوانی کچێک خۆی بە کوشت بدات لە سیحری گەورەی ئەم دونیایەدا خۆی ونبکات، کتێبی گەورەی ماسییە ناوازەکانی پیشاندا، کتێبی شوێنەوارە گەورەکانی سەر زەمین، کتێبی نهێنییە سەیرەکانی جیهان، کتێبی تایبەت بە ئەتێلیەی نیگارکێشە بەناوبانگەکانی دونیا، جلدێکی مەزنی هەزار لاپەڕەیی دەربارەی پەیکەرە ناوازە و کۆنەکان، بەندێکی لە چەرمگیراوی تایبەت بە ئاسەواری شارە نغرۆ و ڕووخاوەکان و دەیان شتی دیکە کە بێسنووری جیهان و زەمان نیشاندەدەنەوە. ئەوەی سەوسەن فیکرەتی سەرسامدەکرد گەورەیی جیهان بوو، کچەکە ئاشکرا مرۆڤی وەک شتێکی بچوک دەبینی کە دەتوانێت ئاسان خۆی لەم دارستانە مەزنەدا بشارێتەوە. گاڵتەی بەوە دەهات کە براکەی لە پێناوی

خۆشەویستی ژنێکدا دونیای وەها لە پێشچاو بچوکبۆتەوە. ڕێنماییەکانی سەوسەنی منداڵ سوودی نەبوو، نزار بەرلەوەی بگەڕێتەوە بۆ جەنگ، بە خوشکەکەی گووت «سەوسەن ڕاستییەک هەیە بیرت نەچێت، سیحری مرۆڤ، لە سیحریَ هەموو گەردون گەورەترە».

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ دا نزار کوژرا و لە تابووتێکی داپۆشراو بە ئاڵای عێراقدا مەیتەکەی گەیشتەوە بەردەرگای ماڵی گوڵدانچی، کارەساتی کوژرانەکە لە خێزانی گوڵدانچیدا ژیانی سەر لەبەر هەڵگێڕایەوە. دوای مانگێک بەسەر پرسەکەدا گوڵدانچی هەستیکرد لەم شارە گەورەیەی بەغدادا، هیچ شتێکی نییە بۆی بژی و کچەکانیشی هیچیان نییە بیانبەستێتەوە، ئەوکات کۆی خێزانەکە بە برین و کۆستێکی گەورەوە بڕیاریاندا بگەڕێنەوە بۆ باکوور. تەنیا شتێک بیتوانیبایە ئازاری کوژرانی کوڕەکە لای فیکرەت هێوربکاتەوە گەڕانەوەبوو بۆ لای برا و خوشکەکانی، بۆ بێشکەی دێرینی منداڵی و گۆڕەپانی کۆنی گەنجی... لە هەفتەی یەکەمەوە فیکرەت گوڵدانچی ئاسوودەیی و هێمنییەکی ڕۆحی تێگەڕایەوە، پرۆشەی کچیشی بەو دونیا نوێ و خزمە دڵگەرمانە دڵخۆشبوو. خزمەکانیان بەجۆرێک پشتیان گرتن و لە دەوریان کۆبوونەوە، کاتێکیان بۆ تەنهایی و حەسرەت و غەمخواردن نەما، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو کۆمەک و هاوکارییەدا سەوسەن دوای هەفتەیەک هەستیکرد ئەم شارە تاراوگەیەکی گەورەیە، شارێکە لە ناو ڕەشەبا و گەرما و تەپوتۆزی خۆیدا نوقمبووە و دوور لە هەموو دونیا لە شوێنێکی چەپەک و لاتەریکدا بیرچۆتەوە، هەر لە هەفتەی یەکەمەوە تێگەیشت کە تا کۆتایی لەم شارەدا وەک یەکێک دەژی بەرەو دەرەوەی ژیان دوورخرابێتەوە.

١٠

فیکرەت گوڵدانچی مەنگوڕی بابەگەورەی وەک شێتێکی ترسناک هاتە پێش چاو کە هەوڵێکی زۆر دەدات دیوە ڕاستەقینەکەی خۆی و دەموچاوە ژێرەکییەکەی نەبینرێت، شتێک لە فێڵ لە سەیرکردنی مەنگوڕدا هەبوو نەدەشاردرایەوە، فیکرەت لە ژیانی دوور و درێژیدا ئەم نیگاکردن و قسەکردنەی لە بەرپرسە دەوڵەتییەکان زۆر بینیبوو، کە زۆربەیان کەسانی لەجۆری مەنگوڕبوون و فێری هەندێک ئەتەکێتی تایبەتی بووبوون، بەڵام هەستیکرد مەنگوڕ خۆی زۆر ئەزیەت دەدات تا باش دەربکەوێت. کە دوای زەحمەتێکی زۆر تێگەیشت ئەم پیاوە هاتووە گفتێکی سەرەتایی دەربارەی شووکردنی کچەکەی وەربگرێت، کەمێک پەشۆکا، وەخت بوو تورەبوونێکی کتوپڕ و ناوەخت بیگرێت، بەڵام وەک پیاوێکی سەبوور پێکەنی و بە کەمێک شەرمەوە پەنجەی ڕاوەشاند و بەدەنگێک کە لەرەی خەجاڵەتییەکی تێدابوو گووتی «دەمەوێت ئەم کامەرانی سەلمایە ببینم... دەمەوێت ببینم، تا نەیبینم هیچ شتێک ناڵێم... ها من دەبێت ببینم... ئینجا گیانی من...... ئینجا قسەدەکەین... شێر لە بێشەدا ناکرم». مەنگوڕی بابەگەورە دڵنیابوو فزولێکی زۆری لای خاوەن ماڵەکە بۆ بینینی کامەرانی سەلما چاندوە، ئەوە زۆر دڵخۆشیکرد. بەڵام ئاشکرا فیکرەت بەختەوەر نەبوو ناسکترین کچی خۆی لە ڕێگای کەسێکی وەهاوە بدا بە شوو، مەنگوڕ شتێکی ترسناکی تێدابوو جێگای متمانە و بڕوا

نەبوو. هەر ئەو شەوە کاتێک سەوسەن فیکرەت هەواڵی خوازبێنیکارەکەی خۆی بیست وەک گەمەیەکی پڕ گاڵتە و جەفەنگی دەست پێکردبێت بە بێباکییەوە گووتی « دڵنیام شووی پێناکەم... بەڵام زۆر حەزدەکەم بیبینم». دواتر بە پرۆشەی خوشکی گووت « دۆعام بۆ بکە کوڕێکی جوان بێت، حەزدەکەم یارییەکی نۆر زۆر درێژی لەگەڵدا بکەم». ئەو کات هیچ شتێکی دەربارەی برینداربوونی مەنسور ئەسرین نەدەزانی.

مەنگوڕی بابەگەورە بە خۆشحاڵییەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. لە ڕێگا بەردەوام بیری لە «حەسەنی پورە مەهتاب» دەکردەوە، یەکێک لە چەقۆ کێشە کلاسیکییەکانی شار کە خۆی ژنی نەبوو، بەڵام هەموو ژیانی بۆ خوازبێنکردن و داوای ژن بۆ خەڵکانی تر تەرخانکردبوو، بەر لە مردنی یەکێک بوو لە خوازبێنیکارە بەناوبانگ و گەورەکانی شار. مەنگوڕ زۆر جار ئەو قسەیەی حەسەنی دەهاتەوە یاد کە لە سەرەتای هەموو شاییەکدا دەیگووت «مەلعونە ئەو کچەی لەم شارەدا لە دایک دەبێت... مەلعونە ئەو کوڕەی ژنی تیا دەهێنێت، مەلعونن ئەو ژن و مێردەی تا مردن تێیدا دەمێننەوە». هەستیکرد ئەو سەوسەنە بەستەزمانە، ئەو کچە غەریبەیە زۆر شت لە سەر ئەم شارە نازانێت و دەشێت لە نێوان ئەم دوو عاشقە بێمێشکەدا سەردەرنەکات و ونببێت. گووتی « ئەم شارە لە ئەنوەر زیواڵ بەولاوە عاشقی تیا دروست نەبووە، هەموویان درۆدەکەن... قەسەم بە خودا هەموویان درۆدەکەن، بەڵام لەگەڵیدا دەڕۆم، بزانم تا کوێ دەگات... هەتیوەکە شتێکی تێدایە ناکرێت دەستی لێبەردەیت». ئەو نەیدەتوانی وەک حەسەن بێت، ناتوانێت ژیانی لە خوازبێنکردندا بۆ ئەم و ئەو بباتە سەر، بەڵام دەتوانێت تاسەر لەگەڵ ئەم چیرۆکەدا بڕوات، دڵی بێمانا بەم کوڕە دەسووتێت، زۆربەی چەقۆکێشە تەمەندارەکانی شار، گەنجێک یان دووان لە مێژوویاندا هەبووە کە وەک باوکێکی دڵسۆز دەستیان گرتوون. گەر خۆی لە گەنجیدا یوسف کەویار دەستی نەگرتبایە، چی

دەردەچوو؟ دەکوژرا یاخود یەکێکی دەکوشت و دەبایە تا دەمرێت لە هەڵهاتندا بایە. ئاە خوایە بەڵام ئەم لە کوێ و یوسف کەویاری گەورە لە کوێ؟. ئێستاش کە تەمەنی لەسەروو چلوپێنجەوەیە، زۆر شەو خەو بە یوسف کەویارەوە دەبینێت، چەقۆگرتنەکەی، زەردەخەنەکانی لەکاتی شەڕدا، ڕۆیشتنی بە شەقامەکاندا، ئەخلاق و دادەپەروەرییەکەی، ئەو دەستەسرە ڕەشەی دەیخستە بەر پشتێنەکەی، ئەو نیگایانەی لە کاتی دۆمینەدا سەیری بەرابەرەکەی پێدەکرد. تاکە شتێک لە ژیانیدا بتوانێت بیکات ئەوەیە دەست لە کامەران بەرنەدات... ژیانی خۆی بە جۆرێک بێمانا و پوچە هیچی نوێی تیا سەوز نابێت، تاکە شتێک لە ژیانیدا مانای هەبێت، هەوڵبدات ئەم خەونە بۆ کامەرانی سەلما بهێنێتە دی. بەڵام ئەو فیکرەت گوڵدانچییەی وەک پیاوێکی سەیر هاتە پێشچاو، لەو پیاوانەی بە کچەکەیان دەڵێن «خۆت بڕیاربدە... خۆت هاوسەری ژیانت هەڵبژێرە»، خوای گەورە شتی وا چەند بێمانایە، گەر وانەبایە زۆر ئاسانتر بوو، ڕازیکردنی فیکرەت گوڵدانچی ڕەنگە لە ڕازیکردنی کچەکەی ئاسانتر بێت. لەوە دڵنیانەبوو کە ئایا هەموو ژنانی دونیا ئەوەیان پێخۆشە خۆیان هاوسەری خۆیان هەڵبژێرن؟ زۆربەی ژنانی دونیا ناتوانن بە غەریزەی خۆیان پیاوی باش و خراپ لە یەکتر جیابکەنەوە «قەسەم بە خوا ناتوانن جیایبکەنەوە» لە دڵی خۆیدا مەنگوڕی بابەگەورە وایگووت.

ئەو شەوە کە گەڕایەوە بۆ ماڵ و خەوت، تا بەیانی خەوی بە یوسف کەویار و حەسەنی مەهتاب و کامەرانی سەلماوە بینی. بۆ ڕۆژی دوایی بەیانی زوو، کامەران لێفەکەی لەسەرلادا و بە ئاگای هێنایەوە و پێیگووت «شتێکی خراپ لە گۆڕێیە، پۆلیس بە دوامدا دەگەڕێت... دوێنێ شەو لە ماڵی ئێمە بوون». مەنگوڕ بە سەر و ڕوخساوی ترشاوی بەیانیانەوە گووتی «زیاد لە بیست ساڵە پۆلیس بەدوای حوسەین قەرە و ڕەسوڵی مام چاوەشدا دەگەڕێن و نەیانگرتوون، نیوەی پیاوی ئەم

شارە فایلێكیان لای پۆلیس هەیە... لەم شارەدا گەر پۆلیس سەعاتی یەكەم نەتگرێت، ئیتر تادەمریت ناگیرێیت، باشترین شت لە پۆلیسی ئەم شارەدا ئەوەیە كە دوای تێپەڕینی یەك ڕۆژ بەسەر هەر شتێكدا حیكایەتەكەیان لە بیردەچێتەوە... قەسەم بەقەبری مردووی هەردووكمان جۆرە بەشەرێكن هیچیان لە بیر نییە، مێشكیان لە مێشكی سمۆرە خاڵیترە».

كامەرانی سەلما لەوانە نەبوو زۆر لە پۆلیس سڵبكاتەوە، بەڵام لەوانەش نەبوو خۆی بدات بەدەستەوە، بەڵام مەنگوڕ هەرگیز ترسی لە پۆلیس نەبووە، بەدرێژایی ژیانی بیری نییە پۆلیس لە هەقی هیچ چەقۆكێشێك یان دەمانچەكێشێكی ڕاستەقینە هاتبێت، هەمیشە باوەڕی وابوو كە ترسنۆكەكان دەبن بە پۆلیس. مەنگوڕی بابەگەورە پێیگووت كە شتێك لەوە گرنگتر ئەوەیە كە فیكرەت گوڵدانچی دەیەوێت بیبینێت، دەیەوێت بزانێت ئەم جوامێرە كێیە كە هاتۆتە خوازبێنی كچەكەی. كامەرانی سەلما ئاواتی دەخواست شتەكان بەوجۆرە نەڕۆن، بتوانێت سووك و سادە دەستی كچەكە بگرێت و ببێت بە ژنی بێنەوەی بەم ڕێگا دووردرێژەی خوازبێنی و بیركردنەوە و دوودڵیدا بڕوات. بەدرێژایی ئەو بەیانییە مەنگوڕی بابەگەورە لەسەر وردەكارییەكانی دەركەوتن و خۆدەرخستنی لەبەردەم فیكرەت گوڵدانچیدا قسەی بۆ كرد، پێیگووت «ئەو گوڵدانچییە پیاوێكی بێمێشك نییە، لە منی ببیستە، پیاوێكی زیرەكە. خەڵكی زیرەكیش من و تۆیان خۆش ناوێت، تا ئێستا هیچ پیاوێكی زیرەكم نەبینیوە منی خۆشبوێت، لەبەرئەوەی وادەزانن ئێمە لە زیرەكییەكەیان تێناگەین... چەندە من و تۆ لەوە دەترسین ترسنۆك دەربكەوین، ئەژنۆمان لە شتی وادەشكێت و سەرشێت دەبین، پیاوی زیرەكیش وەهایە، كەللەیی دەبێت یەكێك زیرەكییەكەی نەبینێت. قەسەم بە ئەسحابە، خەڵكی زیرەك لە حاڵەتی وەهادا تێكدەچن و سەر و

لاقی خۆیان تێکەڵدەکەن... ئاه کامەران دۆڵانی... لەو کاتەدا دەبن بە گەمژەی تەواو... لەو کاتەدا من و تۆ لەوان عاقڵترین... من پیاوی زۆر عاقڵم بینیوە تەواو بەلەسەبووە... بەشەر وەهایە... عاقڵترین پیاویش شتێک هەیە بەلەسەیدەکات، عاقڵەکان بەوە بەلەسەدەبن تێیان نەگەیت چەند عاقڵن».

هەردووکیان تەواوی ئەو ڕۆژەیان لە گەڕان و خۆئامادەکردن و جل هەڵبژاردندا بۆ پێشهاتەکانی داهاتوو بردەسەر. شەو بێئەندازە خۆیان مەستکرد، لە ماڵی «مستەفا سەوزە» تا درەنگ لەگەڵ کەسانێکی مەست و قومارچیدا شەرابیان خواردەوە، باسی هەموو شتێکیان کرد، باسی جەنگ لە پێشی پێشەوەی هەموو قسەکانیاندا بوو. مەنگوڕ ڕای وابوو «سیاسەت ئەو شتە پیس و پۆخڵەیە کە ئینسان ناتوانێت قوونی خۆی لێپاکبکاتەوە». هەرکات باسی سیاسەت گەرم بووایە مەنگوڕ پێکەکەی هەڵدەداو دەیگووت «باسی یاری بکەن، باسی کچی دینار و وەلەدی کوپ بکەن... واز لە سیاسەت بهێنن». مەنگوڕ بەدەنگە منگنەکەی باسی ژنێکی کرد کە لە پشت مێردەکەیەوە عەشقبازی دەکات، یەکێک گووتی «بەقەبری باوکم مێردەکەی خۆی ئاگای لێیە و قسەناکات»، بەڵام مەنگوڕ گووتی «وانییە... ئێمەی پیاو کۆمەڵێ حەیوانی خۆشباوەڕین... کۆمەڵێ حەیوانی نەفامین ئەو شتانە بەتەواوی ناچێتە مێشکمانەوە، شەهابی بەهە ئازاترین کوڕی ئەم شارەبوو، ژنەکەی ناپاکی لێدەکرد، شەهاب بەچاوی خۆی دەیبینی و باوەڕی نەدەکرد، تا دواجار ژنەکەی لەگەڵ هەتیوێکدا هەڵهات و یەک کەس دوای ئەوە نەیبینییەوە... بە قەبری عەزیزی هەموومان... ئێمە جگە لە حەیوانی خۆشباوەڕ هیچی تر نین... پیاو تاکە حەیوانێکە لەسەر ئەم ئەستێرەیە کە خۆی بە زیرەک دەزانێت، لەبەرئەوە لە هەر حەیوانێکی تر بێمێشکترە».

ئەوشـەوە پێکرا قسـەیان لـە نیـازی کامەرانـی سـەلما کـرد بـۆ ژنهێنـان. مەنگـوڕی بابەگـەورە جـۆش و خرۆشـێکی شـێتانەی لـە کامەرانـی سـەلمادا بینـی، هێزێـک هەرگیـز بـەو ڕوونییـە لـە خۆیـدا نەیبینیـوە. مەنگـوڕ لـە ناوەڕاسـتی هەمـوو مەسـتەکاندا هەسـتا و گووتـی «قەسـەم بـە خـوا، گـەر لـە پێنـاوی ئـەوەدا سـەد مـردوم لـێ مـردووە، دەبێـت وابکـەم ئـەم کـوڕە بـە نیـازی خـۆی بـگات... بابخۆینـەوە لەسـەر شـەرەفی مەردتریـن کـوڕی شـارەکەمان، کامەرانـی سـەلما»، هەمـوو چەپڵەیـان بـۆ لێـدا... شـەرابیان هەڵـدا، تریقـە و فیکەیـان تـا درەنـگ دەگەیشـتە ئاسـمان. ئـەو شـەوە کامەرانـی سـەلما هەسـتی بـە دڵنیایـی و هێزێکـی گـەورە کـرد، ئـەوە وای لێکـرد بەختەوەربێـت، مەسـت بێـت، پێبکەنێـت و زیاتـر و زیاتـر بخواتـەوە.

١١

مەنسور ئیبراهیم ئەسرین دوای پێنج ڕۆژ مانەوە لە خەستەخانە گەڕایەوە بۆ ماڵ. ئەوەی جارێکی دی شەقام و کۆڵان و پاسارییە کزەکان دەبینێت دڵخۆشیکرد، بەڵام هەستی بە لاوازییەکی گەورە کرد، بەجۆرێک بەزەیی بە خۆیدا هاتەوە. هەستیکرد لەوە لاوازترە کە خۆی لە خۆی تێدەگات، لە هەموو مەخلوقاتەکانی تری دونیا لاوازترە. کە لە تاکسییەکە دابەزی و دەستیان گرت، دڵنیابوو لاوازییەکەی تەنیا پەیوەندی بە برینەکەیەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ڕۆحییەوە هەیە. ئەوەی کە تا ئێستا دەژی و زیندوە غەمگینیکرد، بیری لای ئەوە نەبوو چۆن تۆڵە لە کامەرانی سەلما بکاتەوە، بەڵکو بیری لای ئەوەبوو چۆن بەسەر ئەو بەتاڵییە ناوەکییەی خۆیدا سەربکەوێت. بۆنی ئەو کۆڵانە مەلعونە، کپی ئەو کوچەیە کە بەدرێژایی زستان بەجۆرێک شێدارە مرۆڤ وادەزانێت لە ناو هەورێکدا دانیشتووە، بۆنی سنەوبەرە شێدارەکان، دیمەنی ئەو دار هەنجیرە نەخۆشانەی لە سیاجی حەوشەکانەوە وەک مردوو بەسەر دیوارەکاندا شۆڕدەبنەوە، هێندەی هەستی خنکانێکی کتوپڕیان تیا دروستدەکرد، هەستی گێژییەک کە پەیوەندی بە تێنەگەیشتنی دونیاوە هەبوو، ئولفەت و ئارامیان تیا نەخولقاند. ئەوانەی لە بەردەرگا پێشوازیانکرد زۆربەیان خزم بوون، مام و خاڵ و خاڵۆزاکانی ئیبراهیمی ئەسرین. خێزانێکی گەورە کە پێیوابوو ناتوانێت لە هیچ شتێکدا پشتیان

پێبیەستێت، هەستیکرد دۆستێکی ڕاستەقینەی لەم دونیایەدا نییە. لە نێو میوانەکانیدا «ساقی مەحمود» ی ناسییەوە، ئەو گۆرانیبێژە ناسراوەی کە خەریکە وردە وردە دەچێتە ساڵەوە. لە منداڵییەوە جۆرە سۆزێکی لەگەڵ ئەم پیاوەدا هەیە، نا لەبەرئەوەی زۆر حەزی لە دەنگێتی، بەڵکو لەبەرئەوەی شتێک لە بێباکی قووڵی تێدایە... بێباکییەکی ترسناک... زۆرجار هەمان ڕیشەی بێباکی لە خۆیدا هەست پێدەکات، بەڵام ئێستا دەیویست لە جێگایەکدا بە تەنیا پاڵبکەوێت و بیربکاتەوە. ترس لەو هەموو دەنگەدەنگە لە ناوەوە دڵی دەگرت، دڵنیابوو هیچ کەسێک لەم شارەدا نییە بتوانێ کۆمەکی کەسێکی بەدبەختی وەک ئەو بکات، لەبەرئەوە پێیوابوو ئەم ئاهەنگەی خزمەکانی دەیگێڕن هێندەی تر غەمگینیدەکات و وادەکات بەزەیی بە خۆیدا بێتەوە. لە ناکاو هەستیکرد لە هەموو شتێکی ماڵی خۆیان غەریبە، لە حەوشەکەیان، لە گوڵدانە گەورەکانی باوکی، لە پاسارییەکان، لە هەتاوی دزەکردوی زستان بۆ ناو ژوورەکان... پێشتر بینینی ئینجانەی گوڵ، سەرنجدان لە درەختی بەردار و تەماشاکردنی جلی سەر تەنافەکان، لای ئەو ئاماژەیەکی قووڵ بوون بۆ جوڵە و ژیان و زیندوێتی، ئەوەی مرۆڤەکان بەردەوامن، خۆشحاڵیدەکرد، بەڵام ئێستا هەستیکرد خۆی لەو مەخلوقە لاوازانەیە کە ناتوانێت بەردەوام بێت.
کە چووە ژوورێ یەکەمجار چاوی بە تابلۆیەکی گەورە کەوت، نیگارێکی دێرینە، وێنەی چەند باڵندەیەکی تەنیا کە لە سەر قەفەزێکی خاڵی سەیری ئاسۆیەکی دووردەکەن، ئەوە یەکەمجاربوو هەستبکات باڵندەکان بیردەکەنەوە ئاخۆ بفڕن یان بگەڕێنەوە ناو قەفەزەکە. چەندەها ساڵ بوو ئەو تابلۆیەی دەبینی، بەجۆرێک وەک بەشێکی ئەبەدی دیوارەکەی لێهاتبوو، تابلۆکە وەها بەو جێگایەوە نوسابوو، وەک هەموو ئەو شتانەی لە ناو ڕەوتی ئاسایی شتەکاندا نوقمدەبن، بووبوو بە ژێر شەپۆلی کوشندەی دیمەنە دووبارە و ئەزەلییەکانەوە. لە چاوترووکانێکدا خۆی وەک

تابلۆکە بینی... وەک شتێک کە هەمیشە لێرە لە ناو شتەکاندا بووە و کەس نەیبینیوە. خۆشی بووبوو بە بەشێک لە هەموو شتەکان، بە بەشێک لەم کۆڵانە، بەشێک لەو شارە، بەشێک لە خەڵک، پەڵەیەکی ئادەمی وەک هەموو پەڵەکانی تر... لە قووڵاییدا خۆشحاڵ بوو کە ئەو خەنجەرەی بەرکەوتووە، هەستیدەکرد ئەو خەنجەرە بەر بۆشی و بەتاڵی ژیانی کەوتووە، بەر ئەو هیچییە کەوتووە کە لە ناوەوەیدا دەژی. لاوازییەکەی لەوەوەبوو کە نەیدەزانی چی بکات... هەستیکرد حیکایەتی وەک عاشقێک ئێستا بە هەموو شاردا بڵاوبۆتەوە، بێئەوەی لە ڕاستیدا خۆی دڵنیابێت چی لە باردایە. کە خۆی لە ناو جەنجاڵی خوشک و پور و ئامۆژن و پورزا و خاڵۆزاکانی باوکیدا بینی، کە ئەو هەموو جۆرە عەترەی هەست پێکرد تێکەڵ بە شین و ساردی ژوورەکە دەبوون، گێژییەکی لە ناکاو دایگرت، بۆ ئێستێک فەرشە شینەکەی بەرپێی وەک حەوزێک هاتە بەرچاو، کە ژمارەیەک گوڵی سەرئاوکەوتوو لە ناویدا مەلەدەکەن. بۆنی مریشکی کوڵاو و هاڵاوی ئەو مەنجەڵە فاسۆلیا گەورانەی پورێکی ڕۆیدەکرد، ئەو هەستی بێزارییەی تیا گەورەترکرد... هەستیکرد لە بری ئەوەی توڕەبێت دڵی بەبرینەکەی خۆی خۆشە... ئەو برینەی کە تا دەمرێت لاوازی خۆی بیردەخاتەوە. دڵنیابوو کە سەوسەن فیکرەتی خۆشدەوێت، بەڵام خۆشەویستییەک نییە بتوانێت لە پێناویدا چەقۆ بوەشێنێت. ئێستا دڵنیابوو پیاوانی لاواز بەجۆرێکی تەواو جیاواز لە پیاوانی ئازا عاشق دەبن... دڵنیاشبوو خۆی لە توخمی پیاوە لاوازەکانە... پیاوە زۆر لاوازەکان. بە ئەندازەیەک لاوازە نازانێت دەتوانێت لە ژیانیدا چی بکات، هەتا ئەوەی کۆلێژ تەواوبکات و ببێت بە دەرچوویەکی بەشی بایۆلۆژی مایەی قێزبوو لەلای، ببێت بە کەسێک کە لابوری هەیە، ببێت بە مامۆستایەکی لاوازی بایۆلۆژیا، یان بە فەرمانبەرێک لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ یان پاراستنی سامانی

ئاژەڵداری... خۆی لە هەموو ئەو ڕۆڵانەدا وەک کەسێک دەبینی کە شایستەی بەزەیی و پێکەنینە. ئەوەی وەک عاشقێکی لاواز بژی و بتلێتەوە، خۆی وەک کەسێکی شکستە ببینێت کە ئازارەکانی خۆی بە زەویدا ڕادەکێشێت، نمایشێک بوو زیاتر لەگەڵ ڕۆحیدا دەگونجا... لەکاتێکدا تەواوی خزمەکانی هەرا و هوریایەکی بێسەروبنیان لە هەموو ژوورەکانیماڵەکەدا دروستکردبوو، لە کاتێکدا هەندێکیان لەسەر چەند قاپێکی سەفەری پاقلاوەیان دەخوار و هەندێکی دیکەیان بە پێوە پەرداخی شەربەتیان پێبوو، ژنەکان لە گەرمەی دەنگەدەنگدا بوون لەسەر چۆنێتی دروستکردنی قاڵبێک کێکی گەورە بە ڤانێلاو کرێمەوە، مەنسور ئەسرین دوور لە هەموو خولیا و خەیاڵاتی ئەوان لە خۆی دەپرسی ئاخۆ خۆشەویستی بۆ سەوسەن فیکرەت هێندە قووڵە کە لە پێناویدا بمرێت؟.. بە چاکەتە کۆنەکەیەوە کەمێک لە ناو ماڵەکەدا گەڕا، لە پڕێکدا بە کامەرانی سەلما زۆر سەرسامبوو، ئەو هەرگیز توانای وای لە خۆیدا شک نەدەبرد لە پێناوی خۆشەویستیدا چەقۆ لە یەکێک بدات. لە دڵی خۆیدا گووتی «ئەو عاشقێکی لە من گەورەترە... من هیچ نیم لە بەردەم ئەودا، ئەو هەزارجار لە من باشترە». دڵنیابوو گەر سەوسەن بە چیرۆکەکە بزانێت لەبری ئەوەی بەزەیی پێدابێتەوە پێکەنینی پێدێت... لە ناخی دڵەوە حەزیدەکرد سەوسەن هیچ شتێک دەربارەی ئەو شەوە نەزانێت، هیچ شتێک.

کاتێک لەسەر ئەو قەرەوێڵەیە دانیشت کە بۆیان ئامادەکردبوو، هەستی بە دەستی قورسی پیاوێکی باڵابەرزکرد، پیاوێک کە گەلێک بە ویقار دەینواند، بە سمێڵێکی ماش و برنج و ڕوخسارێکی چرچ و گۆنایەکی قوپاوەوە، مەنسور ئەسرین ناسییەوە، ساقی مەحمود بوو بە خۆی و چاوە شینەکانییەوە کە هەمیشە بریسکەیەکی قووڵی ژیان لە ناویدا دەدرەوشایەوە... لێیپرسی «حاڵی برینەکەت چۆنە؟.». نەیزانی چی

وەلامبداتـەوە، ئـەو گۆرانیبێژێکـی ناسـراو بـوو... بـەو گۆرانییانـە بەناوبانـگ بـوو کـە لەگـەڵ تیپێکـی میللیـدا تۆماریکردبـوون. گۆرانییەکانـی پڕبـوون لەوشـەی بازاڕی، بـەڵام ئـەوەی مرۆڤێـک هەیـە لـەم شـارەدا دەتوانێـت وەک شـایەر بـژی، شـوێنی حورمـەت و ڕێـزی گـەورەی مەنسـور بـوو... شـارەکە لـەوە بەڕێزتربـوو کـە مـرۆڤ ئاسـان بتوانێـت تیـا ببێـت بـە شـایەر. مەنسـور سـەری بەرزکـردەوە و گـووتـی « سـاقی... عاشـقی تـرت بینیـوە، لەسـەر عەشـق کوشـتبێتیان؟». گـووتـی «هەمـوو شـتێک لـەم کەلاوەیـەدا بـووە بـە تەمسـیل، لـە مـن بپرسـە، لـە مێـژە ڕووداوی وەک ئەمـەی تـۆ ڕووی نـەداوە... بۆیـە چیرۆکەکـەی تـۆ بەڕاسـتی کاری تێکـردم». بـە هێمنـی دەمـی لـە گوێـی مەنسـور نزیککـردەوە و چرپانـدی «کارێـک دەکـەم خەڵـک ئاسـان حیکایەتەکـەی تـۆ لـە بیـر خۆیـان نەبەنـەوە... بوەسـتە دەبێـت وەک عاشـقێکی ڕاسـتەقینە بچیتـە مێـژووی ئـەم شـارەوە، سـاقی مەحمـود نیم گەر شـتێکی گـەورەم بـۆ نەکردی». مەنسـور ئەسـرین هەسـتی بـە ڕاچڵەکانێکـی ناوەکـی قـووڵ کـرد، ئـەوەی هەمـوو شـار وەک عاشـقێکی گـەورە بیناسـن، لـە دڵـەوە دەیترسـاند، ئـەوە حیکایەتێکـە دواتـر پیریـش بێـت کـەس لـە بیـری ناچێتـەوە، هەتـا بـۆ نەوەکانـی دواتریـش جـێ دەمێنێـت... ئێسـتا دڵنیابـوو ئـەو چەقۆیـە بـۆ هەتاهەتایـە ژیانـی گۆڕیـوە. لـە ناخـی دڵـەوە ویسـتی تـکا لـە سـاقی مەحمـود بـکات، هیـچ شـتێکی بـۆ نـەکات و لێیگەڕێت لەگـەڵ ئازارەکانیـدا تـەنیـا بـژی، بـەڵام نەیتوانـی هیـچ بڵـێ، چونکـە دروسـت نەیدەزانـی سـاقی مەحمـود دەیەوێـت چـی بـکات.

١٢

لـە ئێـوارەی هەمـان ئـەو ڕۆژەدا کـە مەنسـور ئەسـرین لـە خەسـتەخانە هاتـەدەرێ. خالیـد ئامـوون بـۆ ئـەوەی چیرۆکی خۆشەویسـتییەکەی باسبکات سـێ خزمـی نزیکـی خـۆی کۆکـردەوە، هـەر سـێکیان کەسـانی نـاوداری نـاو عەشـرەتی ئامـوون بـوون. سـەلامی ئاسـنگەر، قەڵەنـدەر ئامـوون، لەتیـف ئامـوون. سـێ پیـاو کـە هـەر سـێکیان ڕابوردوویەکـی پـڕ و ژیانێکـی جەنجاڵ ژیـاون، سـەلامی ئاسـنگەر گەورەتریـن چـەک فرۆشـی شـار بـوو، بـە نهێنـی بازرگانـی چەکـی سـووکەڵەی دەکـرد، قەڵەنـدەر ئاموونیـش بەرپرسـی کۆنـی تۆپخانەکانـی شـۆڕش بـوو، لـە سـاڵانی شەسـت و حەفتـادا ناوێـک بـوو لـە تـەواوی کوردسـتاندا ناسـرا بـوو، لەتیـف ئاموونیـش مامۆسـتایەکی سـەرەتایی کـە دەمـێ سـاڵە وازی لـە قوتابخانـە هێنـاوە و خەریکـی کڕیـن و فرۆشـتنی ئوتۆمبیلـی کۆنـە. سـێ پیـاو کـە خالیـد ئامـوون دەزانێـت گـەر کۆببنـەوە چ پێڕێکـی ترسـناکیان لێدەردەچێـت. هـەر سـێکیان سـێ گرنگتریـن عەقڵـی عەشـرەتی ئامـوون بـوون، هـەر یەکەیـان کۆمەڵێـک مەدالیـای نەبینراویـان بـە سـنگەوەیە، وەک ڕەمـزی ئیشـکردنێکی بێوچـان و دووروودرێـژ بـۆ ئاموونییـەکان. ئـەوەی عەشـرەتی ئامـوون بـە سـەرتۆپی هەمـوو عەشـرەتەکان دەزانـن و شـێخەکانی ئامـوون لـە پلەوپایـەی پیـاوە هـەرە گەورەکانـی مێـژوودا تەماشـادەکەن خاڵـی سـەرەکی و هاوبەشـی نێـوان هـەر سـێکیانە. خالیـد ئامـوون بـەر لـەوەی بانگیانبـکات بیرێکـی تـەواوی

کردبووەوە و لە ناو زیاد لە دە ناودا ئەو سیانەی هەڵبژارد، لەبەرئەوەی هەر سێکیان لە ئاموونییە فانەتیک و دەمارگیرەکان بوون، کە شەرەفی هەر پیاوێکی ئاموونی وەک شەرەفی تایبەتی خۆیان سەیردەکەن. خالید لە ژوورێکی کپدا کە سۆپایەکی داگیرساوی زۆر گەورە و گەرمی تێدابوو، بە وردی و ڕاشکاوانە باسی دڵی خۆی و عەشقی لە ناکاوی سەوسەن فیکرەتی بۆ کردن، چیرۆکی شەڕە چەقۆی ژێر زەمینەکە و ئەو دوو عاشقە سەرسەخت و بەهێزەی لە پێشدەمیدا وەستاون. دڵنیابوو هیچ یەکێ لەم سێ پیاوە گاڵتە بە چیرۆکەکەی ناکەن، بەڵام دڵنیاش بوو کەسیان هەڵەشەنین و هەنگاوی پەلە نانێن. دوای بیرکردنەوەیەکی درێژ هەر سێ پیاوەکە بڕیاریاندا کە باشترە سەرەتا بچنە خوازبێنی کچەکە و چاوەڕوانبکەن هەنگاوەکانی داهاتوو بەرەو کوێ دەڕوات، هەر سێکیان گووتیان کە هەموو مرۆڤێکی عاقڵ بەوجۆرە دەست پێدەکات.

لە شەوی داهاتوودا دوای کۆبوونەوەیەک کە پتر لە بیستوپێنج پیاوی ناسراوی عەشرەتی ئاموونییەکانی تێدابوو، لەسەر سفرەیەکی درێژ کە پڕبوو لە قەلی برژاو، مریشکی ئاخنراو بە برنج، کفتەی گەورە، تاوە قیمەی بادەماوی، لەگەنی چیا ئاسای پلاو، بڕیاریاندا کە پێنج پیاو هەڵبژێرن بچن بۆ خوازبێنی سەوسەن فیکرەت. واتە جگە لەو سێ کەسەی سەرەوە، سەی کەرەمی ئاموونی، سەرعەشرەتی ئاموونییەکان بڕیاریدا نوێنەرێکی تایبەتی خۆی بخاتە ڕیزی خوازبێنیکەرانەوە و لە پاڵ ئەواندا فەوزی بەگیشی دانا، تا وەک قسەزانترین کەسی خێڵەکە قورسایی خۆی بخاتە ئیشەکەوە.

ئەوە یەکێک بوو لە شەوە جەنجاڵەکانی ژیانی خالید ئاموون. چەندین ساڵ بوو، هەمیشە شەوانی پێش خوازبێنی پیاوان لەسەر سفرەیەکی درێژ کۆدەبوونەوە تا وەفدی خوازبێنیکردن هەڵبژێرن، لەو چەند ساڵەدا خالید ئاموون چەندین جار لەو ئێوارەخوانانەدا بەشداریکردبوو، لەو جۆرە

دانیشتنانەدا هەمیشە دەچووەوە ناو خۆی و بێئەوەی هیچی گرنگ بڵێت لە سوچێکەوە چاوەدێریدەکرد. ئاموونییەکان عەشرەتێکی گەورەبوون، لەسەرەتای سەدەی بیستدا وازیان لە وڵاغداری و دروستکردنی پەنیری پێستە و قەل بەخێوکردن هێنابوو تا بگوازنەوە بۆ شار، بەڵام وەک عەشرەتێکی یەک دەست هاوبەندی خۆیان نەدۆڕاندبوو، دوای ماوەیەکی دوورودرێژ لە شاردا هێشتا نەریتی خێڵەکی خۆیان پاراستبوو، بە چەشنێک عەشرەتەکانی تر بەخیلیان پێدەبردن، سەرە گەورەکانی خێڵەکە چ لای دەوڵەت و چ لای حیزبە سیاسییەکان حورمەت و سەنگی خۆیان هەبوو. بەوە ناسرابوون کە هەفتانە پیاوانی خێڵ بە نۆرە لەماڵێک کۆدەبنەوە و خوانی گەورە دەڕازێننەوە، لەو داوەتە گەورانەدا بەردەوام قاپ بە ئاسمانەوە بوو، سینی ئەم دەستە و دەستی دەکرد، سوراحی جۆراوجۆر دەهات و دەچوو. خالید ئاموون لەو دانیشتن و کۆبوونەوانەدا هەستی بە دڵنیاییەکی گەورە دەکرد، هەستی ئەوەی هێز و پشت و پەنایەکی گەورەی هەیە ناوەوەی دادەگرت... ئێستا کاتی ئەوە هاتبوو بەڕاستی داوای یارمەتی لە ئاموونییەکان بکات. بەدرێژایی سێ ساڵی ڕابوردوو هیچ کات ڕێکەوتی نەکردبوو، ئاموونییەکان لە مەسەلەی ژن و ژنخوازیدا شکست بهێنن، قورساییان لە بازاڕ و لە ژیانی سیاسیدا هۆیەکی گەورەی ئەو سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکانەیان بوو، ئەمە جگە لەوەی سەی کەرەمی ئاموونی وەک سەر عەشرەت کەسێکی دیپلۆمات و لێزان بوو. ئەو شەوە کە خوازبێنیکەرە ئاموونییەکان چوون بۆ ماڵی فیکرەت گوڵدانچی، فەوزی بەگ بە پۆزی پیاوێکی پیری خوێندەوارەوە، نەوەک بەپۆزی عەشرەتچییەکەوە لە پێشی هەموویانەوە بوو، فەوزی بەگ یەکێک بوو لە هەرە قسەزانەکان، کەسێک بە وردەکارییەکی زۆرەوە وشەکانی هەڵدەبژارد و زیادەڕۆییەکی گەورەی لە دەرخستنی کوردی زانیدا دەکرد و هەوڵی گەورەی دەدا داڕشتنەکانی لە توانای کەسانی

ئاسایی بەدوور بن. هەموو ناوبانگی فیکرەت گوڵدانچییان وەک پیاوێکی خوێندەوار بیستبوو. بەڵام فەوزی بەگ خۆی لە هەر زانایەکی دونیا بە زیرەکتر دەزانی، پێی وانەبوو فیکرەت گوڵدانچی بە عیلم بتوانێت بیگرێت، دڵنیابوو فیکرەت گوڵدانچی وەک ئەو سێ جار شاهنامەی نەخوێندۆتەوە و وەک ئەویش زۆربەی بەشەکانی «رسالة الغفران» ی مەعەرری لە بەر نییە. ڕاستە زانین و زانستەکەی فەوزی بەگ گەلەک کلاسیکی و کۆنەباوبوو، بەڵام فەوزی بەگ باوەڕی بە بوونی زانستێکی جیاواز نەدەکرد کە لە خیام و حافزی شیراز و جەلالەدینی ڕۆمی تێپەڕاندبێت، هیچ جۆرە تێگەیشتنێکی بۆ ئەو زانست و زانینانە نەبوو کە لە خۆرئاواوە دەردەچوون، مەسەلەکە هەر ئەوە نەبوو کە تێیان نەدەگەیشت، بەڵکو پێیوابوو زانستەکانی خۆرئاوا عەقڵ لە گرێژەنەدەبەن و لە سەر ئاسنەڕێی خۆی دەریدەکەن. شەوی خوازبێنییەکە، فیکرەت گوڵدانچی لەدەرەوە بوو، کە هاتەوە و ئەو هەموو پیاوە نەناسەی لە ماڵی خۆیدا بینی، بۆ ئێستێک لە بەرچاوی میوانان شپرزە و پەشۆکاو دەرکەوت. پیاوانی قسەزانی عەشرەتی ئاموون بە زمانە شیرینەکەی خۆیان هێوریانکردەوە و لە گەڵیدا کەوتنە باسی ڕوداوە سەیرەکانی دونیا، گوڵدانچی بە وردی گوێی لە فەوزی بەگ گرت کە زوو زوو هەندێ بەیتی فارسی تێهەڵکێشی قسەکانی دەکرد و بە شێوە خوێندنی پیاوە کۆنەکان نمونە و حیکایەتی دەربارەی پێویستی تێکەڵاوبوون و نزیکبوونەوەی ئادەمیزادەکان لە یەکتر دەگێڕایەوە. فیکرەت گوڵدانچی زوو لە قسەکانی فەوزی بەگەوە تێگەیشت کە لە بەردەم پیاوێکدایە کە گرنگترین مەرجەعی ڕۆشنبیریی لەلای هێشتا حیکایەتەکانی کلیلەو دیمنەی بەیدەبایە، خێرا ئەوەشی خوێندەوە کە ئەمانە پێڕێک خوازبێنیکەرن و بۆ داوای یەکێک لە کچەکانی هاتوون. کە زانی ئەم پیاوانە بۆ خوازبێنی خانمی بچکۆلە هاتوون، ماوەیەک بێدەنگی قورس

دایگرت و دواتر بێئەوەی دوودڵ بێت گوێی هەر لەم هەفتەیەدا کوڕێکی دیش داوای دەستی کچەکەی کردوە، ئێستا شتەکان لە خەیاڵی خۆیی و خانمە بچکۆلەشدا کەمێک ئاڵۆز و تێکەڵ دەردەکەون لە بەرئەوە دەبێت ماوەیەکی درێژیان بۆ بیرکردنەوە بدەنێ... پیاوانی ئامۆون خۆیان وا دەرخست کە گەلێک بە گفت و تێفکرینی فیکرەت گوڵدانچی خۆشحاڵن، هەر پێنجیان وەک پێنج پیاوی بەختەوەر خۆیان نیشاندا، هەمیشەش پیاوانی ئامۆونی لە بۆنەکاندا و لە پێشدەم خەڵکدا خۆیان بەختەوەر نیشاندەدا... هەر پێنجیان ناوی کامەرانی سەلمایان دەزانی، دەشیانزانی بۆیە وا بە خێرایی هاتوون تا ڕێگا لە کامەرانی سەلما بگرن، بەڵام ڕوخساریان بە هیچ جۆرێک ئەو نهێنییەی ئاشکرا نەکرد... کە دوایی ڕۆیشتن، فیکرەت گوڵدانچی بیری لە فەوزی بەگ کردەوە، هێندەی وەک کەسێک هاتە پێشچاوی مایەی بەزەییە وەک کاراکتەرێکی ڕۆشنبیر نەهاتە بەرچاوی... فیکرەت گوڵدانچی بەدرێژایی ژیانی گاڵتەی بەوانە هاتووە کە زۆر هەوڵدەدەن خوێندەوار دەربکەون... «هەموویان نەخوێندەوارن»، فیکرەت گوڵدانچی بەر لەوەی بچێتە ژێر جێگاکەوە و لێفەکە بەسەر خۆیدا بدات، لە نیهانی خۆیدا وابیریکردەوە.

١٣

سەوسەن تەنیا لە کۆتایی هەفتەدا دوای گەڕانەوەی مریەم لە زانکۆ، بە برینداربوونی مەنسور ئەسرینی زانی. مریەم وەک ڕەشەبا هەر بەجلی زانکۆوە خۆی کرد بە ماڵی فیکرەت گوڵدانچیدا، دڵنیابوو ئەو کچە بێهۆشە تا ئەوکات هیچ شتێکی لەسەر ئەو ڕووداوە نەبیستووە. بە زمانە پڕ هەڕەشەکەی خۆی کە لە دایکییەوە «مەعسومە گوڵدانچی» بۆی مابووەوە، بە دەنگە کەمێک گڕ و پیاوانەکەی لە چەند چرکەیەکدا تەواوی چیرۆکەکەی بۆ سەوسەن و پرۆشە گێڕایەوە و بە سەوسەنی گووت «تۆ چ کچێکی گێژ و گەمژەیت، لەدەرەوە خەڵک لەسەر تۆ شەڕەچەقۆ دەکەن و تۆش لێرەدا، خاتوونەنی بابوونەنی لە ناو ئەم کتێبانەدا دانیشتوویت و ئاگات لە هیچ نییە... من لە ژیانمدا مەخلوقێکی بێباکی وەک تۆم نەبینیوە... کچم نەخۆشی یان پێمبڵێ چ دەردێک لە دڵتدایە بە ئێمەی داماو ناخوێنرێتەوە... بەڕاستی من تێناگەم... کە بیر لە تۆ دەکەمەوە تەواو تووشی سەرئێشەدەبم». مریەم لە گێڕانەوەی حاڵی مەنسور ئەسریندا وێنەکارییەکی گەورەی کرد و گووتی کە کوڕەکە چوار ڕۆژ بێهۆش بووە، هیچ کەس بە تەمای نەبووە، دکتۆرەکان دەستیان لە ژیانی شتووە و تەنیا موعجیزەیەکی خودایی بە هانایەوە هاتووە و ڕزگاریکردوە. دواجاریش گووتی ئەوەی مەنسور ئەسرینی بریندارکردوە، کوڕێکی شەلاتی و نەخوێندەوار و چەقۆکێشە بە ناوی کامەرانی سەلماوە. سەوسەن فکیرەت بێئەوەی زۆر خۆی بە وەڵامدانەوەی مریەمەوە سەرقاڵبکات، بەساردییەکی گەورەوە گووتی «بۆ دەبێت من بزانم پیاوان چی دەکەن... بۆ پێتوایە، دەبێت سەری خۆم

بە شەڕی دوو کەسی نەفامەوە بنێشێنم، کە نایانناسم». وەڵامەکەی بۆ مریەم سنووورە ئاساییەکانی بێباکی دەبەزاند و گەلێکیش بێڕەحم و دڵڕەق دەینواند. مریەم جارێکی دی دەستی ڕاوەشاند و بەدەنگی بەرز گووتی «مەنسور ئەسرینێ کوڕێکی زۆر ناسکە... تێدەگەیت... من دەچم بۆ لای، سڵاوی تۆشی بۆ دەبەم... چونکە دەزانم ئێستا هەر قسەیەک لە تۆوە دڵی ئەو کوڕە بەستەزمانە چەند خۆشدەکات... تێدەگەیت، دەبێت هەستی ئەوەت هەبێت، کە ئەم مەخلوقە ناسکە لە بەر تۆ خەریک بووە بمرێت... لەبەر تۆ... ئاخر هەر کچێکی تر بێت دەستدەکاتە ملی کوڕە و دەڵێت... عەزیزم هەر ئێستا بمبە بۆ خۆت... کە من ئەوەندە قەدر و قیمەتم لای تۆ هەیە، من موڵکی تۆم... بەڵام تۆ... تۆ سەوسەن خان، من هیچ لەو شتانە تێناگەم کە بەسەرو کەللەتدا تێدەپەڕن... هیچ حاڵی نابم».

سەوسەن فیکرەت گەلەک ماندووبوو، بێئەوەی مریەم یاخود پڕوشە شتێکی تایبەتی لە دەنگیدا بخوێننەوە گووتی «خوای گەورە، پیاوان بۆ وەها گەمژەن... مریەم... تۆ پێمبڵێ پیاوان بۆچی وا بێمێشکن... بۆ بە من دەڵێیت... من کە هیچ نازانم... دوای ئەوە من ئەو کوڕەم بە لاوە سەیرترە، کە چەقۆکانی لە مەنسور داوە... ئەوە هەمان کوڕە کە چوار شەو لەمەوبەر هاوڕێیەکی خۆی نارد بۆ خوازبێنم... ئەویش وەک مەنسور ئامادەی قوربانییە... وانییە... هەردووکیان وەکو یەک وان... هەردووکیان وەکو یەک وان».

هەواڵی خوازبێنیکردنی کامەرانی سەلما بۆ سەوسەن کەمێک مریەمی شپرزەکرد، سەیری لێهات سەوسەن هەر دووکیان لە یەک ئاستدا دەبینێت. سەوسەن کە قسەیدەکرد مرۆڤ هەستی ئەوەی هەبوو کە هێندە ناسکە وەک توحفەیەکی کریستال ئێستا نا کەمێکی دی دەشکێت، بەڵام ئەو ناسکییە لە ئەندازەبەدەرەی هاوشانی ناسکی دڵ نەبوو، بە شتێک لە

غەمگینی و هێمنییەوە گووتی «ئاخ مریەم... لێگەڕێ... من شوو بە هیچ یەک لەم دوو پیاوە ناکەم کە لەسەر خۆشەویستی شەڕدەکەن... تێدەگەیت... لەوە تێناگەم مانای چی پیاوان لەسەر خۆشەویستی شەڕبکەن... هەستدەکەم، شتەکان پەیوەندیان بە منەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە ئەو پیاوانە نازانن دونیا چییە... ئاخ مریەم... هەر پیاوێک بزانێت دونیا چییە لەسەر کچێک شەڕ ناکات... ها، هەر پیاوێک بزانێت دونیا چەند گەورەیە، لەسەر کچێکی نەخۆشی وەک من چەقۆ ناوەشێنێت... وانییە».

پرۆشە دڵنیابوو «بیرۆکەی گەورەیی دونیا» کە لەسەری سەوسەندا سەوزبووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو ئەنسکلۆپیدیا و فەرهەنگ و ئەتڵەسە جۆراوجۆرانەی لە منداڵییەوە لە ناویاندا دەژی، بەڵام مەکرێکی کچانەشی لە قسەکانیدا دەبینی کە خاڵی نەبوو لە شەڕانگێزی. ئێستا هەموو لە تایەفەی گوڵدانچیدا لەو باوەڕەدابوون کە ئەم کیژە هەرچەند گەلێک ناسکە، بەڵام گەر بیەوێت دەتوانێت زۆر دڵڕەق بێت. دەبێت بڵێم کە پرۆشە بە دڵسۆزییەکی گەورەوە، بە مەراقی کچێکەوە کە نایەوێت هیچ لە باوکی بشارێتەوە، هەموو هەواڵێکی گرنگی سەوسەنی بۆ فیکرەت دەگێڕایەوە. لەو کاتەوەی هاتبوون بۆ شار و دوای بڕیاری سەختی سەوسەن بۆ وازهێنان لە خوێندن، کچەکە وادەردەکەوت کاراکتەرێکی ناوازەتری لە کاراکتەری ئاسایی هەبێت، هەندێ ڕۆژ تا شەو درەنگ لە ناو کتێبخانەکەی باوکیدا دەمایەوە، هەندێجار باوکی ڕادەسپارد هەندێک کتێبی تایبەتی بۆ پەیدابکات، جارێکیان داوایکرد ئەتڵەسی جیهانی کۆنی لە یەکێک لە کتێبخانەکانی بەریتانیاوە بۆ بکڕێت، ئەتڵەسێک کە کیشوەرە نغرۆکان و خەزێنە ژێر ئاوکەوتووەکان و مەملەکەتە بە باچووەکان و شوێنەکانیان نیشاندەداتەوە، جارێکیش داوایکرد فەرهەنگی بەردەزێڕ و خشڵە گرانبەها و یاقووتە دەگمەنەکانی بۆ پەیدابکات. بەوەدا

گوڵدانچی ناسیاوێکی دێرینی لە دەرەوەی وڵات هەبوو، خۆشبەختانە هەر بەرگێک لەو کتێبە گرانبەهایانەی داوابکردایە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا بەدەستی دەگەیشت، بەجۆرێک لە ماوەی چەند مانگێکدا فەرمانبەرەکانی دائیرەی پۆست گوڵدانچییان لە هەر کەسێکی دیکەی شارەکە باشتر دەناسی، ئەو پیاوە بە ویقارە باڵابەرزە سەروڕیش سپییە کە هەردەم بە هەفتەیەک یان زیاتر بەر لە گەیشتنی کتێبەکان سەردانێکی دائیرەی پۆستی دەکرد بۆ ئەوەی فەرمانبەرەکان لە گەیشتنی «ڕوزمەیەکی گرنگ» ئاگاداربکاتەوە. سەرەتا باوکی وایدەزانی کچەکە یەکێکە لەو توندڕەوانەی دەیەوێت بە ڕێگای تایبەتی خۆی لە زانستدا قووڵ ببێتەوە، بەڵام سەوسەن ڕۆژێکیان پێیگووت «بابە، من زانستم بۆ گرنگ نییە، لەداهاتووشدا هیچ کات زانستم بەلاوە گرنگ نابێت... بەڵام مەبەستمە بزانم دونیا چی تێدایە». دیارە کچەکە لەوە منداڵتر بوو باوکی بوێرێت بە تەنها بینێرێت بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام بۆ ئەوەی وەک باوکێکی ڕێگر و ناحەز دەرنەکەوێت ڕۆژێک لەسەر نانخواردن پێیگووت «سەوسەن گەر بەڕاستی لە تواناتدایە بەرگە بگریت، دەتوانم هەوڵێک بدەم بۆ ئەوەی سەفەریکەیت و بڕۆیت بۆ دەرەوەی وڵات، گەر دەزانی بەوە ئاسوودە دەبیت بڕۆ، لەوێ بە ئارەزووی خۆت دونیا ببینە، من لاریم نییە و ڕێگریت ناکەم». کچەکە بە زەردەخەنەیەکەوە گووتی «بابە من لەوە لاوازترم کە تۆ تێمدەگەیت... تۆ زوو لە یادیدەکەیت کە من کچێکی نەخۆشم، دوائەوە تۆ پارەت نییە، تێدەگەیت سەفەرێکی وەها پارەیەکی زۆری دەوێت، ئینجا چی بە تۆ دەڵێن... ها چیت پێدەڵێن گەر کچێکی گەنجی وەک من بە دونیادا بەرەڵابکەیت. نازانی تۆ لە چ شارێکدا دەژیت؟.... بیرت لەوە کردۆتەوە چەندە بریندارتدەکەن... گەر من بە تەنیا بڕۆم شەرەفی هەموو گوڵدانچییەکان دەکەوێتە بەر تانە، ئاه گەر من وەک کچێکی خراپ ناوم بڕوات، ئەوکات پرۆشەش شووناکات، ڕەنگە

ئامۆزا و پورزاکانیشم شوو نەکەن... وانییە بابە. گەر من بڕۆم ئیتر ناتوانم تۆش ببینم، ناتوانم کتێبخانەکەش ببینمەوە». باوکی دڵنیابوو کچەکە لەسەر هەقە، دڵنیاش بوو سەوسەن لەوە بێقەوارە و کەم تواناترە هەموو ژیانی لە سواری کەشتی و فڕۆکە و شەمەندەفەرەکاندا بباتەسەر. ئەو هەر ئەو ڕۆژە بەباوکی گووت « فیکرەت گوڵدانچی، من دەزانم دونیای ڕاستەقینە، لەدەرەوەی ئەتڵەسەکان و وێنەی ناو کتێبەکان چۆنە. بەڵام دەمەوێت تێبگەم خەڵک چۆن دونیا دەبینن... دونیا خۆی زۆر خۆش نییە، بەڵام ژیان لەگەڵ ئەوانەدا کە دونیایان بینیوە، دانیشتن لەگەڵ ئەوانەدا دڵم ئاسوودەدەکات... من کچێکی نەخۆشم، بابە... گەر بەرامبەر خۆم دڵڕەق نەبم ناتوانم بژیم».

سەوسەن فیکرەت ئەو گوزارەیەی زۆر بە کاردەهێنا «من کچێکی نەخۆشم... من کچێکی نەخۆشم». هەموو دەیانزانی کە بەرامبەر خۆی زۆر دڵڕەقە. مریەم ئەو ڕۆژە بەو سروشتە تورە و نائارامەی خۆیەوە بە سەوسەنی گووت « تۆ لە عومرێکدایت، دەبێت شتێک لە سۆز و هەستت تێدابێت... دەبێت دڵت بە حاڵی خۆشت بسووتێت، من لە تایەفەی گوڵدانچیدا کچێکی ترم نەدیوە وەک تۆ خوێن سارد بێت... خوایە گەر تێبگەیشتمایە چی لەو دڵە خاڵییەی تۆدا دەسوڕێتەوە... چی؟.... بەڵام پرۆشە تۆ پێمبڵێ، تۆ فریامبکەوە، ئەم کچە چ دەردێتی... بە ڕاست کچانێ لە بەغدا گەورە دەبن هەموو وەهان؟ دەبێت هەموو هەمان دەردیان هەبێت ؟... زۆرجار کە ئەم بێباکییەی دەبینم خەریکە لە هۆش خۆم دەچم...». ئەو ڕۆژە کە مریەم لەلای ئەوانەوە هەستا بچێت بۆ سەردانی مەنسور ئەسرین، سەوسەن لە بەر دەرگاکەوە بانگیکردەوە، لە یەکێک لە ئینجانەکانی باوکیدا گوڵێکی سپی پچڕی و دای بە مریەم و گووتی «ئەو گوڵە بدە بە مەنسور ئەسرین، بەڵام پێیبڵێ دڵی زویر نەبێت و بە هەڵە لەم گوڵە بچکۆلانەیە تێنەگات، من دەزانم پیاوان چ

حیکایەتێکی دووردودرێژ و بێمانا لە گوڵێکی وەها دروستدەکەن... گەر دەتوانیت تکای لێبکە تا بۆ هەتاهەتایە من لەبیر خۆی بباتەوە، چونکە پێدەچێت دواجار من شوو بە کەسێکی تر بکەم».

ئەوە یەکەمینَ گوڵ و دواهەمین گوڵ بوو سەوسەن فیکرەت لە ژیانیدا پێشکەش بە مرۆڤێکی بکات.

١٤

هەواڵی خوازبێنیکردنی کتوپڕی یەکێک لە ئاموونییەکان بۆ سەوسەن فیکرەت، لە شاردا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، لەوانەیە ناوبانگی چیرۆکەکەی سەوسەن فیکرەت لە بنەڕەتدا بگەڕێتەوە بۆ ئەو خوازبێنیکردنە و ڕووداوەکانی دوای ئەو. بەڵام جگە لەو خوازبێنییە دوو شتی کتوپڕ لە بەرەی مەنسور ئەسرینەوە ڕوویاندا بوونە مایەی زیاتر بڵاوبوونەوەی حیکایەتی خانمی سەوسەن و خوازبێنیکەرە شەیداکانی. یەکێکیان ئەو شیعرە ناسکەبوو کە یەکێک لە شاعیرە هاوچەرخە گەنجەکان لە گۆڤارێکی ئەدەبیدا بڵاویکردەوە و ستایشی عاشقێکی تێدادەکات کە لە ژێر زەمینێکی چڵکندا لە پێناوی عەشقدا ئامادەبووە بمرێت، کابرا شیعرەکەشی بە ڕوون و ئاشکرا پێشکەش بە مەنسور ئەسرین کردوە، لەوەش بترازێت ساقی مەحمود لە هەمان هەفتەدا لەو تەلەفزیۆنە تەنها و لۆکاڵەوە کە بەرنامەی بۆ ئەو دەڤەرە بڵاودەکردەوە، گۆرانییەکی پەخشکرد، بە شێوەی لاوک و حەیرانە دێرینەکان چیرۆکی هەمان ڕووداوی دەگێڕایەوە، ساقی لە گۆرانییەکەیدا لە چەندین جێگادا ناوی سەوسەن فیکرەت دەهێنێت و گۆرانییەکەی پڕکردوە لە دێڕی وەک «سەوسەنەکەی خۆم»، «سوسەی دڵەکەم»، «سەوسەن ئامان» و «سەوسە باوانم». گۆرانییەکانی ساقی مەحمود گۆرانی بازاڕیی ڕاستەقینەبوون، لەوانەی لە مەزاتخانەی هەموو شارەکانی کوردستان لەسەر کاسێت تۆماردەکران

و دەفرۆشـران، شـۆفێری پاسـە ناوخۆیـی و ئەوانـەی لـە نێـوان شـارەکان و سـەر هێڵـە دەرەکییـەکان کاریاندەکرد، گوێگری ڕاسـتەقینەی سـاقی بـوون. دەبێـت بڵێـم شـیعرەکەی مسـتەفا هـەژار و گۆرانییەکـەی سـاقی مەحمـود مەسـەلەی خوازبێنیَکردنەکـەی سەوسـەن گوڵدانچیـان گـۆڕی بـۆ کێشـەیەکی گشـتی کـە سـاڵانێکی درێـژ هەمـوو خەڵکـی شـار پێـوەی سـەرقاڵبوون.

هەواڵــی خوازبێنیکردنــی ئامونییــەکان مەنگـوڕی بابەگـەورەی گەلێـک سـەغڵەتکرد، تادەهـات شـتەکان سـەختتر دەهاتنـە پێشـچاوی. ئێسـتا دەیزانـی شانسـی کامەرانـی سـەلما تـا بێـت بچوکتـر دەبێتـەوە، ئـەو ڕۆژەی ئامونییـەکان هەواڵـی خوازبێنییەکـەی خۆیـان بڵاوکـردەوە، دوای چەنـد سـەعاتێک هەواڵەکـە گەیشـتە کامەرانـی سـەلماش، هەواڵەکـە کەمێـک ڕایچڵەکانـد و تێیگەیانـد ئەمـە شـەڕێکی سـەختترە لـەوەی ئـەم سـەرەتا دەیبینـی، بـەڵام دڵنیابـوو ئەمیـش هـەروا ئاسـان بەردەمـی کـەس چـۆڵ نـاکات. ئـەو کات کـە هەواڵەکـەی بیسـت لـە چاپخانـەی پەپولـەی ئـازاد دۆمینـەی دەکـرد، لـە بەرچـاوی هەمـووان سـوێندی خـوارد کـە تـا ڕۆحـی تێـدا بێـت لەگـەڵ هەمـوو هێزێکـدا شـەڕدەکات و ئامادەیـە تـا کۆتایـی بجەنگێـت. هـەر ئـەو ڕۆژە بـە هێمنـی لـە چاپخانەکـە هەسـتا، پولەکانـی دانـا و چـوو بـۆ لای مەنگـوڕی بابەگـەورە. لـە ڕاسـتیدا ئـەو هێـزە ناوەکییـەی کامەرانـی سـەلما دوای بیسـتنی هەواڵەکـە پیشـانیدا هێزێکـی ڕاسـتەقینە و تەواوەتـی نەبـوو، گەنجەکـە لـە نـاوەوە هەسـتی بـە لاوازییـەک کـرد پێشـتر لە خۆیـدا نەیبینیبـوو. کاتێـک مەنگـوڕی بابەگـەورە چـاوی پێیکـەوت و هەنـدێ ئاڵوگـۆڕی سـەر ڕوخسـاری خوێنـدەوە، تێگەیشـت ئـەم گەنجـە بەسـتەزمانە بـۆ یەکەمجـار لـە ژیانیـدا ترسـێکی قـووڵ چۆتـە ڕۆحییـەوە. کامەرانـی سـەلما هەوڵیـدەدا گەلێـک شـەڕانگێز و تونـد دەربکەوێـت، بـەڵام مەنگـوڕی بابەگەورە گـوتـی «ئامونییـەکان عەشـرەتێکی بەهێـز و گـەورەن، مـن خـۆم خالیـد ئامـوون دەناسـم، دەزانـم چ هەتیوێکـی مەکـردار و فێڵزانـە... چەنـد سـاڵێکە

لە بازاڕدایە، ئەوەی بەوجۆرە چاوی خستۆتە سەر سەوسەن فیکرەت، شتێکی عاجباتییە، من وەک کەسێکی بێخێر تێیگەیشتووم، بە قەبری مردووی هەموومان بەردەوام حیسابی پاشەڵێکی چڵکنم بۆ کردوە، حیسابی دەرپێیەکی بۆگەن کە هیچی تیا بەستە نییە. هەر وەک کەسێک بینیومە کە دڵی بەو ژنە هەرزانانە خۆشە کە لە پشتی کۆگاکەدا بە هەندێک عەتری بێبۆن و سووراوی هەرزان یان بە تۆزە دینارێک لەسەر فەردەی جلە تورکییەکان دەیانگەوزێنی... بەڵام وەها جوانناس بێت حەز لە سەوسەن فیکرەت بکات... نا... شتی وا ناچێت بە خەیاڵمدا. هیچی لە جوانناس ناچێت، پتر لە قاچاغچییەک دەچێت پارەی خورابێت، شێوەی سەیرکردن و وەستانی شتێکی تێدایە مرۆڤ تووشی ژانە سک دەکات. باوەڕناکەم کچێکی وەک سەوسەن فیکرەت، سەروچاوێکی وەهای خۆشبوێت... یان... نازانم... لەوانەشە. بەدرێژایی ژیانم زۆربەی ئەو قسانەی لەسەر ئافرەت کردومن هەڵەبوون، بەڵام ئەوەی ترسناکە ئامۆنییەکان بە هەموو چەک و تفاقی خۆیانەوە چوونەتە پشتی... لە سیودوو ساڵی ڕابوردوودا هیچ ئامۆنییەک لە مەسەلەی ژن و ژنخوازیدا نەیدۆڕاندوە، ئەوەی من بزانم و لە بازاڕدا بڵاوە ئامۆنییەکان تا ئێستا نەچوونەتە خوازبێنی کچێک و بۆیان نەبێت. لەبەرئەوە گەر ئێمە بچینە شەڕەکەوە دەبێت بزانین شەڕێکی ڕاستەقینەیە کە کلکی شێری تیا دەقرتێت... ئامۆنییەکان وەک ئەو هەتیوە ڕیوەڵەیەی زانکۆ نین... ئەوان عەشرەتێکی گەورەن، خەڵکێکی زۆر شەڕانیان هەیە کە دەست بە قوونی سەگدا دەکەن، لە منی وەربگرە... گەر بزانین شەڕەکەمان پێناکرێت، دەبێت پەشتەماڵێکی باش ببەستین و هەر زوو بەر جوڕنەکە چۆڵبکەین... تۆ خۆت دەبێت پێمبڵێیت من چی بکەم... ڕابکەم یان بوەستم».

کامەرانی سەلما گووتی «تۆ دەڵێیت چی، مەنگوڕ... تۆ بیت لە

شـوێنی مـن چـی دەکەیـت؟... مـن ناتوانـم هـەروا ئاسـان وازبهێنـم».

مەنگوڕ دەیگـووت «یوسـف کەویار بـە ڕەحمـەت بێت دەیگـووت ـ شـەڕ بەبێ تـرس خۆش نییـە ـ. لـە شـەڕی ڕاسـتەقینەدا پیـاوی وەکـو ئێمـە لـە پێشـدا ئەژنـۆی دەلەرزێـت، لەوانەیـە لـە دوایشـدا ئەژنۆمـان هـەر بلەرزێـت، دوائـەوە کـێ چوزانێـت، گـەر سەوسـەن فیکـرەت بڕیـار بـۆ تـۆ بدات، ئـەوکات حیسـابی ئاموونییـەکان پاکـە، یەکسـەرە حیسـابیان پاکـە. حەیفـە هـەر لـە ناوەڕاسـتی ڕێـگادا وەک قەلـی گرگـن بـاڵ شـۆڕبکەین و بڵێیـن تـەواو، وەکـو قەتێـی نەخـۆش بچینـەوە کونەکـەی خۆمـان... ڕاسـتە ئاموونییـەکان بەهێـزن، بـەڵام بەهێزتریـن لایـەن ئەوەیـە کـە سەوسـەن هەڵیدەبژێرێـت، گـەر سەوسـەن تـۆی بـە دڵ بێـت، ئـەوا حیسـابیان پاکـە... بۆیـە دەبێـت بەردەوامبیـن... خوازبێنیکەرانـی خۆمـان بنێریـن... وا بجوڵێینـەوە وەک ئـەوەی هیچمـان نەبیسـتووە، بـە ناموسـی دایکـی خـۆم و خـۆت، هەندێجـار گوێیەکـی کـەڕ لـە چەقۆیەکـی تیـژ چاکتـرە... یەکەمجـار گـوێ کەڕەکـەی خۆمـان دەدەینـە ئاموونییـەکان، دواتـر سـەیردەکەین بزانیـن چـی دەبێـت».

کامـەران لـە ناخـەوە وەک گیانەوەرێکـی برینـداری لێهاتبـوو، گەرچـی دەیویسـت خـۆی خۆگـر و بێبـاک دەربخـات، بـەڵام هەمـان ئـەو دۆخـە نائارامە دایگـرت بـوو کـە بـەر لـە بریندارکردنـی مەنسـور ئەسـرین تیـا دەژیـا. کامەران بەپێچەوانـەی مەنگـوڕەوە پێیوابـوو کـە خالیـد ئامـوون دەبێـت تێبـگات سـەروکاری لەگـەڵ خەڵکێکدایـە کـە دەتوانـن دەسـت بوەشـێنن، ئامـادە و لەسـەرپێن بـۆ شـەڕ. شـتێک لـە کامەرانـدا بوو پتـر هانیدەدا بجوڵێت، دەسـت بوەشـێنێت، خـۆی دەربخـات... بـەڵام مەنگـوڕ دڵنیابـوو ئەمجـۆرە نمایشـانە لـە بـەردەم ئاموونییەکانـدا وەک وروژاندنـی کـورەی زەردەواڵـە وایـە، زۆری ویسـت تـا ئـەوەی لـە کامـەران گەیانـد کـە شـەڕکەری ڕاسـتەقینە مەخلوقێکی بەسـەبرە، گووتـی «مـن عومـرم لەگـەڵ شـەڕکەرەکاندا بردۆتـە سـەر، هیـچ کـەس وەک ئەوانـەی بـە چەقـۆ شـەڕدەکەن پێویسـتیان بـە سـەبر نییـە،

ئەوان شەڕکەری ڕاستەقینەن... گوێبگرە کوڕەکەی سەلما دۆلان، تۆ زۆر عەزیزی لەلام، چەقۆ هەلگرتن و چەقۆکێشی شتێکی قورسە، تێدەگەیت یوسف کەویاری گەورە لە فیشەک تەقاندندا دەست ڕاستێکی بێوێنەبوو، بەلام شەرمیدەکرد دەمانچە لە دوژمنەکەی دەربهێنێت. ئێمە لە شەڕدا ئەخلاقمان هەیە، تۆ جارێ هێشتا تەواو لە ئیشەکە تێنەگەیشتوویت، ئەو بەیانییەی عونیلی سەبەی قەیماغیان کوشت، براکەی دەمانچەیەکی پەڕەلێلی خستە بەر پشتێنەکەی، گووتی «عونیل، باپێت بێت، کەس ئەمرۆ بەم ئەبوئەلقە حیزانە شەڕناکات، تێدەگەیت دوایی دەتکوژن، ئەمە وەکو ئەوە وایە بچیت بۆ شەڕ و چەکت پێ نەبێت». دەبێت بلێم کە عونیل لە چەقۆکێشە شارەزاکان بوو، وەک یوسف کەویار وابوو، خەریکە بلێم لەویش چەقۆپەرستتر بوو، هەموو ئەوانە چەقۆیان لە هەر چەکێکی تری دونیا لا عەزیزتر بوو، هەموو ڕایان وابوو کە کەسی ئازا ئەوەیە کە دوور بە دوور شەڕناکات. شەڕ یەعنی ئەوەی لەش بەر لەش بکەوێت، خوێنی بەرامبەرەکەت ببینیت، چاوت لێبێت کاتێک لێت نزیکدەبێتەوە، گوێتان لە هەناسەی یەک بێت. ئەو ڕۆژە عونیل دەیزانی دەیکوژن، هەموو دەمانزانی گەر دەمانچەی پێبووایە نەیاندەوێرا توخنیبکەون... کوڕێکی وەهابوو شاخ سامی لێدەکرد، بەلام کە هاتەدەرەوە یەکە یەکە بە هەمووانی گووت لە چەقۆیەک زیاتر هیچی تری پێ نییە، لەسەر سوچی دوکانەکەی مام شاهیر کوشتیان، سێ دەمانچە تەقەیان لێکرد، سێ دەمانچە، ئاوها بوو... بە ڕۆژی نیوەڕۆ کوشتیان... ژمارەیەکی زۆر لە چەقۆکێشە ڕەسەنەکان ئاوها کوژران... هەموو دەیانزانی دەکوژرێن، هەموو دەیانزانی کە سەردەمی چەقۆ بەسەر چووە، بەلام دەمارێکی ڕەقی ئازایەتی دەیخرۆشاندن، زۆربەیان تا مردن لە چەقۆ زیاتر چەکێکی تریان هەلنەگرت... منیش لەو توخم و چیزەیەم، هەرچییەکیش دەناسم لەو توخم و چیزەیەن، حەزدەکەم تۆش ڕۆژێک لە ڕۆژان دەمانچە هەلنەگرێت،

تفەنگ چەکی پیاوی ترسنۆکە... لەبەرئەوە بزانە تۆ تا ئێستا سەروکارت لەگەڵ خەڵکی دەستەوەستاندا بووە، بەقەبری مردووی هەموومان، شکم لە ئازایەتی تۆ نییە... مەگەر مەلاییکەت بزانێت من چەند حورمەت و تەقدیرم بۆ ئەو ئازایەتییە هەیە... بەڵام سوێندت دەدەم، بە شەرەفی سەلمای دایکیشت دەتخەمە بەر وەعدی خۆت، کەسانی بەستەزمانی وەک کوڕەکەی ئیبراهیم ئەسرین مەکە بە پێوەر، ئاموونییەکان خەڵکی دڕن، یاریکردن لەگەڵیاندا سەبر و فێڵی دەوێت. نامەوێت وەک عونیل و سمەی دادە بێدوگ بتکوژن... من ئێستا عومرم لە پەنجا نزیک دەبێتەوە، ئەوەی کە دەڵێم هەموو شتێکت بۆدەکەم بەڕاستیمە و درۆت لەگەڵ ناکەم، من تا ئەم عومرە نە ژنم هێناوە و نە کوڕم هەیە... تۆ وەک کوڕی خۆم سەیردەکەم... ئەم مەسەلەیەی تۆ بۆ من وەک مەسەلەی ژیان و مردن وایە، خۆت دەزانی. گەر بتەوێت لە ماوەی چوار سەعاتدا بیست لە باشترین چەقۆکێشەکانی هەموو ئەم ناوچەیەت بۆ کۆدەکەمەوە، بەڵام هەموو شتێک کات و وادەی خۆی هەیە. دەزانم گەر شتێکت لێبێت، لە کوژرانی یوسف کەویار قورستر لەسەر دڵم تەواودەبێت... ئێمە تەنیا سەرو چەقۆیەکمان پێیە، ئاموونییەکان خەتەرن... دەبێت بە زیرەکی قوون لە ئاگرەکە نزیکبکەینەوە... بەڕاستیمە... دەبێت یارییەکی پاک و تەمیزیان لەگەڵدا بکەین. دەبێت چاوەڕوانبین، هەرکات دەرفەتمان بۆ گونجا زیرەکانە دەست بوەشێنین، دڵنیام گەر سەبرمان هەبێت، ساتێک دێتە پێشێ دەتوانین بیانشکێنین... بەڵام ئێستا دەبێت بیر لە دڵی سەوسەن گوڵدانچی بکەینەوە، شتێک نەکەین وەک دوو جانەوەری بەرەڵا بمانبینێت».

دەبێت بڵێین کە کامەرانی سەلما لەگەڵ سەبر و هێمنییدا کێشەیەکی زۆری هەبوو، لەو جۆرە مرۆڤانەبوو کە ئاگرێک دەچێتە خوێنیانەوە و بە زەحمەت دەستەمۆدەکرێن، بەڵام کاریگەری مەنکوڕ لەسەری گەورە

بوو، ئەو تاکە کەسێک بوو دەیتوانی جڵەویبکات، دەیزانی دەرچوونی لە قسەی مەنگوڕ مەترسی گەورەی بەدواوەیە. ئەو ئێوارەیە کە مەنگوڕی بەجێهێشت ڕاستەوخۆ چوو بۆ بارێکی بچوک، کەمجار بە تەنیا دەیخواردەوە، بەڵام هەرجارێکیش هەستی بە لاوازی بکردایە دەچوو بۆ ئەو بارە بچوکە و لەوێ وەک عارەقخۆرێکی نەناس خۆی مەستدەکرد. لەوانە نەبوو بتوانێت وەسفی دۆخی خۆی بکات، یان لە ناخی خۆیدا زۆر لە سروشتی سۆزەکانی ڕابمێنێت، گەر یەکێکی خۆشبویستایە دەیزانی و گەر ڕقیشی لە یەکێک بووایە دەیزانی، هەڵچوونەکانی لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەدا دەهاتن و دەچوون، توانای ئەوەی نەبوو وەسفی ئەو شتانەبکات کە لە دڵیدا دەگوزەرێن، لەبەرئەوە خۆشی و غەمگینییەکانی توندتربوون. ئێستا هەموو ئومێدی ئەوەبوو کە لە چاوپێکەوتنی فیکرەت گوڵدانچی و کچەکەیدا سەرنجێکی وەها جێبهێڵێت بتوانێ لە شەڕەکەدا بە ئارەزوویەکی ڕاستەقینەوە بمێنێتەوە، بەڵام گەر سەوسەن ڕاستەوخۆ بیکاتە دەرەوە، یان گەر بەڕاستی مەنسور ئەسرین هەڵبژێرێت، یاخود بڕیار بۆ سامان و شان و شکۆی ئامووبنییەکان بدات، هەموو ژیانی بە بریندار دەمێنێتەوە... هیچی بۆ نامێنێتەوە، ئەوە نەبێت شێتانە خۆی فڕێبداتە هەر شەڕە چەقۆیەکەوە کە دێتە سەر ڕێگای تا دواجار یەکێک بە مردن لەدەست ئازارەکانی ڕزگاریبکات... لە ڕاستیدا نەیدەزانی چەند سەوسەنی خۆشدەوێت، هیچ پێوەرێکی بۆ ئەوە پێ نەبوو، هیچ وشەیەکی نەدەزانی باسی دڵی خۆی پێبکات، بەڵام دەیزانی گەر سەوسەن شوو بە یەکێکی دی بکات، دەبێت پەلەبکات، زۆر زۆر پەلەبکات بۆ ئەوەی بەزووترین کات لە شەڕە چەقۆیەکدا بکوژرێت و ڕزگاری بێت.

١٥

شیعرەکەی مستەفا هەژار و گۆرانییەکەی ساقی مەحمود لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا مەنسور ئەسرینیان گۆڕی بۆ پاڵەوانێکی ئەفسانەیی، بەوەدا شارەکە لە مێژبوو هیچ چیرۆکێکی دڵداری ڕاستەقینە نەژیابوو، پێدەچێت لەو سەردەم و زەمانەدا پێویستی بە وێنەی عاشقێکی ناسک بووبێت کە بەڕاستی بۆ خۆشەویستی بمرێت. گۆرانییەکەی ساقی مەحمود لە ماوەیەکی کورتدا لە هەموو شوێنێکدا دەگووترایەوە، مەنسور ئەسرین بێئەوەی بیەوێت لە ناکاو لەسەر هەموو زارێک بوو. ئەو ناوبانگە کتوپڕە و ئەو بڵاوبوونەوە خێرایەی چیرۆکی برینداربیەکەی، گەلێک دۆستی نزیک و هاوسۆزی بۆ مەنسور دروستکرد، هەتا هەندێک لە شاعیر و مۆسیقاران بەتایبەت سەردانیانکرد. کە کامەرانی سەلما و خالید ئاموون چوونە خوازبێنی سەوسەن، هەموو شار پێکڕا چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد لە هەنگاوی داهاتوودا مەنسور ئەسرینیش دەست هەڵبهێنێت و خوازبێنیکەرانی خۆی بنێرێت. کەمتەرخەمی و لاوازی مەنسور تا ئەندازەیەکی زۆر هەمووانی سەرسامکرد، بە جۆرێک کار گەیشتە ئەوەی دەبایە ئیبراهیمی باوکی و فەرید ئەسرینی مامی دوو بە دوو لەگەڵیدا بدوێن تا ڕازیبکەن بچێتە سەر هێڵی داواکاران. لەڕاستیدا دوای سەردانەکەی مریەم، مەنسور هەستی ئەوەی لادروستبوو کە هەر هەوڵ و هەنگاوێک لەو بارەیەوە بێهودەیە، بەڵام گوشاری هاوڕێ و خزمەکانی،

گوشـاری سـاقی مەحمـود و گورانیبێژەکانـی دۆسـتی، گوشـاری شـاعیرە گەنجەکانـی شـار، پێکـڕا هێزێکـی ئەوتۆیـان خسـتە سـەر مەنسـور بیـر لەوەبکاتـەوە بـە هەمـوو توانـای خۆیـەوە بچێتـە نـاو کێبڕکـێ گەورەکـەوە. چەنـد ڕۆژێـک ماڵـی مەنسـور ئەسـرین لـە هـەرە ماڵـە قەرەباڵغەکانـی شـار بـوو، گەلێـک لـە ڕۆشـنبیران و خوێندکارانـی زانکـۆ لـە پشـتی مەنسـور وەسـتابوون، هەمـوو پەیتـا پەیتـا سـەردانی ئەویـان دەکـرد، گـەر بهاتبایـە و ئاغـای ئەسـرین لـەوە زیاتـر لاوازی بنواندایـە، هەمـووان تووشـی نائومێدییەکی گـەورە دەبـوون، بۆیـە هەمـوو خزمانـی ئەسـرینیش پێکـڕا پێیـان وابـوو کـە مەنسـور ڕێگایەکـی دیکـەی لـە بەردەمـدا نییـە ئـەوە نەبێـت تـا کۆتایـی لەگـەڵ چیرۆکەکـەدا بـڕوات.

گـەر ئـەو فشـارانە نەبوونایـە، پێنەدەچـوو مەنسـور ئەسـرین لەهەمـان ئـەو دەمـەدا بنێرێتـە خوازبێنـی سەوسـەن فیکـرەت.

گروپـی خوازبێنیکەرانـی مەنسـور ئەسـرین لـە هەمـوو گروپەکانـی تـر گەورەتـر بـوو، جگـە لـە ئیبراهیـم ئەسـرین و براکـەی، دوو شـاعیری بەناوبانگ و سـاقی مەحمـود و مامۆسـتایەکی زانکـۆ و هەنـدێ کەسـی دیکەشـی تێدابوو. دەبێـت بڵێیـن کـە ئەوانیـش لـە خوازبێنـی خۆیـان وەڵامێکـی ئاشـکرایان دەسـت نەکـەوت.

فیکـرەت گوڵدانچـی کـە شـەپۆلی یـەک لـە دوای یەکـی خوازبێنیکـەران پەشـۆکاندبووی، لەوە دەترسـا شـتەکان بە ئاقارێکی تاریکدا بڕۆن و لەدەسـت دەربچـن. ئـەو شـەوە لـەدوای ماڵاوایـی ئیبراهیم ئەسـرین و هاوڕێکانی ترسـێکی کتوپـڕ دایگـرت و داوای لـە کچەکانـی کـرد شـتەکانیان کۆبکەنـەوە، بۆ ئـەوەی بـە خێرایـی و نهێنـی شـار چۆڵبکـەن و بگەڕێنـەوە بـۆ بەغـداد. بـەڵام ئـەو شـەوە سەوسـەن بـە ماکسـییەکی شـینەوە، بـە دەنگـە هەمیشـە ئارامەکەیـەوە کـە لـە کاتـی ئاسـایی و تورەیشـدا یـەک تۆنـی هەبـوو، باوکـی دڵنیاکـردەوە و گووتـی «گـەر تـۆ لێگەڕێیت، مـن تەنیـا کەسـێکم دەتوانـم ئـەم مەسـەلەیە

چارەبکـەم و دەشــزانم چـۆن چارەیدەکـەم». هێـز و ئازایەتــی کچەکـە فیکـرەت گوڵدانچـی سەرسـامکرد، پێشـتر کچەکـە بـە هیـچ تاقیکردنەوەیەکـی ڕاسـتەقینەی ژیانـدا تێنەپـەڕی بـوو، هەسـتیکرد ئەمـە یەکەمیـن ئەزمونـە کچەکـە پیایـدا تێپەڕدەبێـت، لەبەرئـەوە لێگـەڕا پێیـدا بـڕوات.

مەنسـور ئەسـرین هێنـدە ئازایەتـی تێدابـوو بـە ئاشـکرا لای هەمـووان بڵێـت هیـچ شـتێک دەربـارەی سـۆز و هەسـتەکانی ئـەو خانمـە بەرامبـەر خۆی نازانێـت. لـە دوای ڕووداوی چەقۆکـەوە، هەسـتێکی قووڵـی لاوازی لـە خۆیـدا دەدۆزییـەوە کـە پێشـتر هەسـتی پـێ نەکردبـوو، هەسـتیکرد دوای چەقۆکـە بـە جۆرێکـی تـر بیـر لـە خۆشەویسـتی کچەکـەی گوڵدانچـی دەکاتـەوە، ئـەوکات کـە بیسـتی کـوڕی یەکێـک لـە ئامووننییـەکان خوازبێنـی سەوسـەن دەکات، تێگەیشـت هێـدی هێـدی ئـەم عەشـقە بـەرەو جـۆرە جەنگێکـی گـەورە وەردەگەڕێـت، ئـەوەی بتوانێـت لـە یـەک کاتـدا عاشـقیش بێـت و شـەڕکەریش بێـت، ئەرکێکـی سـەخت بـوو. ئـەوەی بتوانێـت عاشـق بێـت و پڕیـش بێـت لـە ڕق و تووڕەیـی ئاسـان بەیەکـەوە نەدەگونجـان، بـەڵام ترسـێکی گـەورەی هەبـوو ئـەوە ئاشـکرابکات. چـی دەبێـت گـەر بڵێـت نایەوێـت لەگـەڵ عاشـقەکانی تـری سەوسـەن فیکرەتـدا بچێتـە جەنگـەوە... چـی دەبێـت؟. لـەم شـارەدا کـە مـرۆڤ عاشـق بـوو، دەبێـت ببێـت بـە ڕەقیبـی چەندەهـا خەڵکـی تـر. سـەیری لێهـات کـە خۆشەویسـتی لـە قووڵاییـدا بـەو چەشـنە بـە کینـەوە گرێـدراوە. دڵنیابـوو کـە کامەرانـی سـەلما دۆڵانـی خۆشـناوێت، بـەڵام کڵپەیەکی کینـە لـە کامەراندا هەبـوو ئـەم لـە خۆیدا نەیدەبینـی. ئـەو سـاتەی هاتـەوە پێشـچاو کـە کامـەران پەلاماریـدا، لـە چاویـدا ئـەو کینـە گـەورە و قووڵـە هەبـوو کـە کینەیەکـی ئاسـایی نەبـوو، کینەیەکـی بێسـنوور کـە تەنیـا لەگـەڵ خۆشەویسـتیدا دروسـت دەبێـت. هەسـتیکرد بـەوەدا ئـەم ئەوجـۆرە کینەیـەی تێدا نییـە، ناتوانێـت بەڕاسـتی عاشـق بێـت، دڵنیابـوو سەوسـەن فیکرەتـی خۆشـدەوێت، بـەڵام چـۆن ؟ خۆشەویسـتی هەمیشـە

نیوەی لە کینە دروستبووە، ئەمیش ئەو نیوەیە لە خۆیدا نادۆزێتەوە، ئەو ڕۆحە جەنگاوەرەی نییە کە بیجوڵێنێت. بەدەستی بووایە هەموو ئەو ڕەوتەی دەگێڕایەوە دواوە بۆ ئەوەی نەهێڵێت ساقی مەحمود ئەو گۆرانییە بڵێت کە ئەم تێیدا وەک شەهیدێک دەردەکەوێت. ئەو ماوەیە بڕیاریدا نەچێتەوە بۆ زانکۆ، هەستیکرد پێویستی بەوەیە ساڵێک پشوویدات، زۆربەی شەوان لە ژوورە بچوکەکەی خۆیدا دەمایەوە و هیچی نەدەکرد، دەیتوانی ماوەی درێژ لەسەر جێگاکەی خۆی بمێنێتەوە و هیچ نەکات. هەمیشە گوێی لە دەنگی خوشکەکانی بوو کە قسەدەکەن بێئەوەی بزانێت چی دەڵێن، دڵنیابوو هەموو باسی ئەم دەکەن، لە ماڵەوە، لە زانکۆ، لە ناو خزماندا، لە کۆڵان، کچانی شار، شاعیرەکان، پۆلیسەکان... هەموو کەس... ئەوەی بەردەوام خەڵک باستبکەن و تۆ نەزانیت دەڵێن چی، ئازارێکی گەورە بوو، دەیزانی هەموو ئەو قسانەی لە بەردەمیدا دەیکەن ئەو قسانە نییە کە لە پشتەوە دەیکەن، بەلام نە ڕێگای هەبوو، نەتواناشی هەبوو بزانێت چۆن باسیدەکەن. مەنسور ئەسرین لە دڵی خۆیدا گووتی «جەهەنەم ئەوەیە خەڵک هەموو باستبکەن و تۆ نەزانیت دەڵێن چی». ئەو شتەکانی وادەبینی وەک ئەوەی ئەو پشتگیرییە گەورەیەی کە دەکرێت، بۆ کەسێکی دی بێت کە دوور و نزیک پەیوەندی بەمەوە نییە. لە دڵی خۆیدا گووتی «ساقی مەحمود من ناناسێت، مستەفا هەژاریش... هیچیان بە تەواوەتی نازانن لەو شەوەدا چی ڕوویداوە...». گرنگترین شتی ئەو شەوە ئەو کینە قووڵە بوو لە چاوی کامەرانی سەلمادا، ئەو کینەیەی کە ئەم ناتوانێت لە دڵی خۆیدا بیدۆزێتەوە... بەلام بۆ ئەوەی خەڵک وەک عاشق تێیبگەن، دەبێت وا خۆی نیشانبدات کە ئەویش دەتوانێت شەڕ بۆ خۆشەویستی بکات... دەبێت بەردەوام بێت... هیچ ڕێگایەک و هیچ چارەیەکی تری نییە، کە ڕقێک نیشانبدات کە تیا نییە، ئیرادەیەک دەربخات کە نییەتی.

١٦

گەر لەدوورەوە سەیری ماڵی سەوسەن فیکرەتت بکردایە گەلێک ئارام دەینواند، بەڵام هەموو ماڵەکانی دونیا لەدەرەوە ئارام دەنوێنن، چی لە ناوەوە دەگوزەرێت، ئەوەیان کەس بە دروستی نازانێت. ئەو ئێوارەیەی کە فیکرەت گوڵدانچی و دوو کچەکەی لە تاکسییەکدا چوون بۆ ماڵی خەندە گوڵدانچی پووری سەوسەن، هەر سێکیان گەلێک ئارام و لەسەرەخۆ دیاربوون، شتێکیان پێوە دیار نەبوو نیشانەی پەشۆکان و شپرزەیی بێت، بە هەنگاوی ئارام دەڕۆیشتن، بە نیگای هێمن سەیری چواردەوەری خۆیان دەکرد و بەزەردەخەنەی ناسک وەڵامی هەموو خەندەیەکیان دەدایەوە. لە ڕاستیدا کۆبوونەوەکە بەهۆی چەژنی لەدایکبوونی کچەزایەکی خەندەوە بوو کە تەمەنی دەبوو بە دوو ساڵ بەڵام بۆنەیەکی ڕاستەقینەش بوو، گوڵدانچییەکان پێکەوە کۆببنەوە و قسەیەک لەسەر ئەو سێ خوازبێنیکەرە بکەن کە داوای سەوسەنیان دەکرد. گوڵدانچییەکان گەرچی لە مێژیوو لە شاردا دەژیان، بەڵام هیچ کات وەک ئێستا نەکەوتبوونە سەر زاران، ئەوەی ئەم کچە لاواز و نەخۆشە کە بەردەوام بەدەست سەرئێشە و کەمخوێنییەوە دەناڵێنێت بەو خێراییە هەموو شاری بە خۆیەوە سەرقاڵکردوە مایەی ناڕەحەتی زۆربەی کچەکانی دیکەی بنەماڵەی گوڵدانچی بوو، کە جگە لە مەخلوقێکی لاوازی ڕەنگپەڕیو هیچی دیکەیان تێدا نەدەبینییەوە شایستەی ئەو هەموو سەرسامی و دەنگەدەنگەبێت.

دەبێت بڵێم ئەوەی لە پڕ کچێکی غەریب لە شارێکی ترەوە بێت و ببێتە مایەی شەرەچەقۆ لە نێوان کۆمەڵێک گەنجدا مایەی بێزاری و برینداربوونی زۆربەی خانمانی شار بوو، کە پێکڕا وایان هەستدەکرد تانەیەکی قورس لە نرخ و جوانیان دراوە. بەڵام سەوسەن فیکرەت خۆی لەوە دڵسافتر بوو هەست بەو شتانە بکات یان لە دڵی بگرێت. مەسەلەکە ئەوە نەبوو سەوسەن لەو شتانە تێنەگات، بەڵکو هێند هەبوو گەر هەستیشی پێبکردایە پەرچەکردارێکی پێچەوانەی نیشان نەدەدا کە بۆنی شەڕانگێزی لێبێت. سەرەتا کە لە بەغدا هاتبوونەوە زۆربەی گوڵدانچییەکان و نەوەکانیان وەک کچێکی لووتبەرز دەیانبینی، بەڵام هەموو زوو تێگەیشتن کە کەمدوویی و تەنهاییەکەی پەیوەندی بە لووتبەرزییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەو کچێکە بە ئاسانی بابەتێک نادۆزێتەوە بۆ قسەکردن... هەر کاتیش بیەوێت قسەبکات، بەدەنگێکی لاواز، کە خاڵی نییە لە ئاوازێکی ناوەکی باسی جۆرە جیاوازەکانی گوڵەباغ، باسی شێوە شورای هەندێک شاری کۆن، باسی چەشنی بەلەمە کۆنەکان و جل و بەرگی جەنگاوەرە فارس و عەرەبە دێرینەکان دەکات. لە ڕاستیدا کچەکە دەیتوانی لەسەر هەموو ئەو شتانە قسەبکات کە ئەوانی تر نەیاندەزانی و بە پێچەوانەشەوە هیچی ئەوتۆی لە هەموو ئەو شتانە نەدەزانی کە ئەوانی دی دەیزانن. ژووری دانیشتنەکەی خەندە گوڵدانچی ژوورێکی گەورە بوو، دیوارەکانی سەرجەمی وێنەی پیاوان و ژنانی پیری خێزانی گوڵدانچی بوو، لە باپیرە و نەنکە گەورەکانیان، لەو وێنانەوە بیگرە کە دەگەڕانەوە بۆ سەردەمی هەرەسی عوسمانییەکان تا ئەو وێنانەی بە مۆدێلە سەرەتاییەکانی کامێرای ڕەنگاوڕەنگ گیرابوون. چەندەها گوڵدانی گەورە و باڵندەی شوشە و قۆری کریستاڵ لەسەر ڕەفەکان دانرابوون. خەندە گوڵدانچی لە گەنجییەکی زووەوە حەزی لە کۆکردنەوەی قۆری بوو، بەجۆرێک مێردەکەی

بەردەوام پێیدەگووت «دەبایە لەسەرەتاوە شووی بە چاپچییەک بکردبایە». شتێک لە ژوورەکەدا بوو سەوسەنی سەرسامدەکرد، هەوایەک و بۆن و بەرامەیەکی دێرین، هەناسەی سەردەمێک کە بە پاکژی لەوێدا هەڵگیرابوو. سەوسەن هەرجارێک کە دەهاتە ئەو ژوورەوە دەیگووت «ئاه پورە خەندە، لەم ژوورەدا هەموو دەبێت سووک قسەبکەین، چونکە واهەستدەکەم شتێکی کۆن لێرەدا خەوتووە». قەنەفە گەورە دێرینەکان، مێزە تەختەکان کە پێدەچوو دەستێکی نهێنی بەردەوام ئسپەرتۆیان بکاتەوە، دوو ڕەفەی سیرامیکی پیرۆزەیی کە شکۆ و جوانی دەور و زەمانێکی تریان لە ژوورەکەدا پەخشدەکردەوە. ئەو شتانە فەزای ژوورەکەیان گۆڕیبوو بۆ فەزای مۆزەخانەیەک کە تەنیا بۆنە و بۆنە دەرگاکانی دەکرێتەوە... مێردەکەی پورە خەندە، پیاوێکی بێدەنگ بوو، هەمیشە سەر پڕ خەیاڵ و ئاڵۆز دەینواند، پێدەچوو کابرا بێدەنگییەکەی ناو ناخی خۆی بەخشی بێت بەو ژوورە. کە یەکەمجار هاتن بۆ ماڵی پورە خەندە و گەڕانەوە، سەوسەن لە تاکسییەکەدا باسی ئەو هەستەی بۆ باوکی کرد، فیکرەت گوڵدانچی گووتی « شتێکی سەیر نییە، ڕۆحی مرۆڤ زوو ڕەنگی شوێنەکان دەگرێت و شوێنەکانیش زوو ڕەنگی ڕۆحی مرۆڤ دەگرن». بەڵام ئەمڕۆ ژوورەکە بەجۆرێک لە بەرچاوی ئەو گەورەبوو، تا خەڵکی تێدەهات هەستیدەکرد زیاتر و زیاتر خەڵک دەگرێت. هەفتەیەک بوو هەموو گوڵدانچییەکان لە پرسیاری سێ خوازبێنیکەرە شەیداکەی سەوسەندا بوون، ئەو ئێوارەیە پێکرا لەسەر داوای فیکرەت گوڵدانچی لەوێ کۆبووبوونەوە بۆ ئەوەی شتێک زانیاری لەسەر ئەو بابەتە بگۆڕنەوە. چەند ڕۆژێک بوو کوڕانی گوڵدانچی، شێرزادی عیزەت گوڵدانچی و هوشیاری پورە خەندە و نەبیلی پورە مەعسوم، بازاڕ بۆ هەواڵی ئەو سێ داواکارە دەگەڕان. سەوسەن ئەوجۆرە گەڕان و پرسیارکردنەی بە شایستەی جەفەنگ و پێکەنین دەزانی...

ئـەوەی سـێ گەنجـی وەهـا بـە قامـەت و قیافـەت بـۆ کۆکردنـەوەی هـەواڵ دوکانـە و دوکان بـازاڕ بگەڕێـن مایـەی شـەرم و شـورەیی بـوو. سەوسـەن تێنەدەگەیشـت چـۆن ڕێـگا بـە خۆیـان دەدەن بچنـە جێـگای چـاوی ئـەو، دوائـەوە چـۆن مـرۆڤ لـە ڕێـگای قسـەی بـازاڕەوە دەتوانێـت مرۆڤێکـی تـر هەڵسـەنگێنێت، ئەمـە جگـە لـەوەی پیاوانـی ئـەم شـارە هەمـوو بە شـێوەیەک لـە شـێوەکان لـە یەکتـر دەچـن. سـێ کـوڕە پوورەکـەی سەوسـەن وەک هەمـوو گوڵدانچییەکانـی تـر باڵابەرزبـوون، ویقارێکیـان تێدابـوو سروشـتی و خۆڕسـک دەینوانـد، بـەردەوام قاتیـان لەبەردەکـرد، بۆینباخیـان دەبەسـت، هـەر سێکیشـان یەکجـۆر زانیاریـان پێبـوو، دانیشتنەکەشـیان بـەوە کـردەوە کـە کامەرانـی سـەلما، هەتیوێکـی چەقۆکێشـی بێڕەحمـە کـە هەمـوو شـار وەک قومارچییـەک و شـەرابخۆرێکی بێخێـر و بێمـروەت دەیناسـن کـە عومـری لـە چایخانـە و قومارخانـەی ئوتێلەکانـدا دەباتەسـەر. شێرزادی عیـزەت گوڵدانچی کـە لـە پۆلـی چـواری قانـون بـوو، بـەردەوام لـە قسـەکردنیدا هەوڵیـدەدا وەک پارێزەرێـک قسـەبکات کـە باشـەی ئامۆزاکـەی خـۆی دەوێـت، بـەردەوام دەیگـووت «ئامـۆزای عەزیـزم، شـتەکان بـۆ ئەوەیـە کـە تـۆ نەکەویتـە داوی کەسـێکەوە نرخـت نەزانێـت». هەندێـک لـە پـوورزا و ئامـۆزاکان سـۆزێکی زۆریـان لەگـەڵ مەنسـور ئەسـریندا هەبـوو، ناوبانگـی وەک عاشـقێکی گیانفیـدا گەیشـتبووە هەمـوو کچانـی بنەماڵـەی گوڵدانچـی و پێکـڕا وێنـەی عاشـقێکی شـەیدایان تێـدا دەبینـی کـە خەیاڵـی هەمـوو کچێـک دەجوڵێنێـت، جگـە لـەوەی مریـەم بـە قەرەباڵغـی و دەنگـە تۆفانئاسـاکەی خـۆی و بـە خۆتێکەڵکردنـە ڕاسـتەوخۆ و دابەزینـە بروسکەئاسـاکانی بـە چەشـنێک لـە قازانجـی مەنسـور قسـەیدەکرد، هەموانـی ناچارکـرد بـە ڕاسـتی بیـر لـە بەڵگەکانـی بکەنـەوە. ئـەوەی مەنسـور کوڕێکـی گەنـج و جـوان و خوێنـدەوار و عاشـق و خـاوەن پاشـەڕۆژە یەکێـک بـوو لـە چەکـە گەورەکانـی مریـەم. بـەڵام پیرەکانـی بنەماڵەکـە و هەندێـک لـە کـوڕەکان بەپێچەوانـەوە خالیـد

ئاموونیــان بــە مێردێکــی گونجاوتــر و چاکتــر بــۆ کچێکــی ناســکی وەک سەوسـەن دەزانـی. عیـزەت گوڵدانچـی لەسـەر ئـەوە سـووربوو کـە خزمایەتـی لەگـەڵ ئاموونییەکانـدا نـاو و جێـگای هەمـوو گوڵدانچییـەکان بەجۆرێکـی بێوێنـە بەهێـزدەکات، ئەمـە جگـە لـەوەی کـە بەپێـی پرسـیار خالیـد ئامـوون دەتوانێـت ژیانێکـی بێگرفـت بـۆ کچەکـە دابینبـکات، هەروەهـا جـودا لـە هـەردوو داواکارەکـەی تـر دوور لـە زمانـی چەقـۆ و شـەڕ هاتۆتـە داوای کچەکـە. مریـەم گوڵدانچـی بەدرێژایـی دانیشـتنەکە تـەواو بـە پێچەوانـەوە ڕای وابـوو پیاوانێـک کـە کۆگای فرۆشـتنی کەرەسـتەی ژنانەیـان هەیـە، چەشـنە توخمێکـن چاکتـرە کـچ لەمەسـەلەی شـووکردندا بیانخاتـە ئـەولاوە، زۆربەیـان شـوێنی متمانـە نیـن و هەڵبژاردنیـان بـۆ ئـەو ئیشـە، تەنیـا پەیوەنـدی بـە قازانجـە زۆرەکەیـەوە نییـە و مەبەسـتی تریشـی لـە پشـتە. هەمـوو دەیانزانـی مریــەم باســی چــی دەکات، هەمــوو قاقــا پێدەکەنیــن، هەمــوو ســەیری سەوسـەنیان دەکـرد کـە لەگـەڵ لاوازییەکەیـدا، لەگـەڵ ئـەوەی هەمـوو باسـی ئـەو دەکـەن، پتـر لـە تارماییـەک دەچـوو لـە ناوەڕاسـتیاندا ونبووبێـت.
سەوســەن نزیکــی ســاڵێک دەبــوو هاتبــووە ئــەم شــارە، بــەڵام لای گوڵدانچییــەکان هێشــتا وەک غەریبەیــەک وابــوو کــە کەســیان نازانــن بەتەواوەتـی چـۆن بیردەکاتـەوە. ڕاسـتە بـەردەوام لەگـەڵ کچـە گەنجەکانـی بنەماڵەکـەدا دەچێتـەدەرێ، بـەڵام جگـە لـە زوو ماندووبوونەکـەی و ئـەو سەرئێشـە هەمیشـەییەی لەگەڵیایەتـی زۆربەیـان شـتێکی ئەوتـۆی دەربـارە نازانـن. هەمـوو دەزانـن دەبێـت مانگانـە دووجـار بچێـت بـۆ لای پزیشـک. لـەوە بترازێـت کەسـیان زانیارییەکـی ئەوتـۆ گرنگیـان دەربـارەی نییـە. دەبێـت بڵێیـن کـە پێکـڕای گوڵدانچییـەکان پرۆشـەیان لەسەوسـەنی خوشـکی لاباشـتر بـوو، پرۆشـە زۆر سـادەتر و کراوەتـر و ئاسـاییتر دەردەکـەوت، بـەڵام هـەر کەسـێک یەکجـار لەگـەڵ سەوسـەندا بـە بـازاڕدا بگەڕابایـە، هەسـتی بـەو کاریگەرییـە قووڵـەی جوانـی ئـەم کچـە لەسـەر پیـاوان دەکـرد. لـە ڕاسـتیدا

سەوسەن لەو شێوە کچانە نییە کە بە لەشی گۆشتن و شێوەی مەکیاجکردن و بالآی پڕەوە سەرنجی پیاوان کێشبکات، کچەکە تابلێی لاوازە، هەتا جووت مەمکێکی بینراویشی نییە، هەموو سیحرەکەی شتێکە لە دەموچاویدا، لە وەستانیدا، لەو سێبەری تەنهاییەی لەسەر ڕوخسارێتی، ئەوەی هەموو کەس لە نیگای یەکەمەوە دەزانێت کچێکی نەخۆشە بێئەندازە جوانیکردوە، جگە لە قژی کە بێئەندازە پڕە، بەجۆرێک دیمەنێکی ناکۆکی لەگەڵ دەموچاوە منداڵانە و بچوکەکەیدا دروستکردوە، ناکۆکییەک کە جوانییەکی زۆر تایبەتی داوەتێ. ئەوەی کە مرۆڤ واهەستدەکات ئێستا نا کەمێکی دی لە هۆش خۆی دەچێت بووە بە نەخشێکی ڕۆمانسی بۆی. چەند شەوێک لەوەوبەر لەداوەتێکدا سەوسەن گوێی لێبوو نەشمیلی پورە فەزیلە لە ناوەڕاستی هەموو کچەکاندا دەڵێت «هەر تێبگەیشتمایە پیاوان حەزیان لە کوێی کردوە... بە مەقاشیش پلێ گۆشتی لێناگریت، ڕەزای مرێ، دەڵێیت مردوە بەسەر ئەرزا دەڕوات».

سەوسەن زۆرجار ئەو قسانەی دەبیست، بەڵام وەها بوو وەک ئەوەی نەیبیستێت، ئەو شەوە لە هەموو کچەکان نزیک بووەوە و بەدەنگە ناسکەکەی خۆی گوتی «پیاوان گەمژەن، حەزیان لەو کچانەیە کە پێدەچێت بمرن... خەم مەخۆ پورزا گیان، هەندێکیان حەزیان لە من نییە، بەڵکو حەزیان لەو مردنە نزیکەیە کە لە مندا دەیبینن». ئەو شەوە لە ماڵی پورە خەندە کە هاتە قسە هەمووان بێدەنگ بوون، دەنگی لەو دەنگە ناسکانەبوو کە لە بێدەنگی تەواوەتیدا نەبایە، مرۆڤ نەیدەتوانی تەواو گوێی لێبیبێت. گوتی «هەمووتان کامەرانی سەلما وەک شەیتانێک تەماشادەکەن، من نازانم کامەرانی سەلما چۆنە... تا ئێستا نەمبینیوە، بەڵام ئەوەی ئێوە وەک شەیتان سەیری مرۆڤێک دەکەن، ڕاست نییە. ئەوەی واقسەدەکەن وەکو ئەوەی ئەوانی تر هەموو لە کامەرانی سەلما باشترین، ڕاست نییە. ئەوەی قوماردەکات، یان چەقۆ

دەوەشـێنێت شـتێکی خراپـە، بـەڵام ئێمـە هەموومـان خراپیـن... مـن لـە هەمـووان خراپـترم، چونکـە ناتوانـم هـەروا شـوو بـە هیچیـان بکـەم و ناتوانم دەستیشـیان لێبـەردەم... وانییـە، ئێمـە هەموومـان خراپیـن... کەسمان لـە کامەرانـی سـەلما باشـتر نیـن». فیکـرەت گوڵدانچـی قاقـا پێکەنـی، دڵنیابـوو هیـچ کـەس لەوەویـەر نەیوێـراوە بـە عیزەتـی بـرای بڵێـت «تـۆ خراپیـت» «تـۆ لـە چەقـۆ کێشـێکی سـەرخۆش باشـتر نیـت». ئـەوە چاوقایمییەکـی گەورە بوو کە زنجیرەی ڕێز و ویقاری لە بنەماڵەی گوڵدانچیدا تێکدەدا.

کچەکـە بـەو هێمنییـەی خۆیـەوە کـە سـەرنجی هەمووانـی ڕادەکێشـا بەردەوامبوو«هەرچـی پیـاوی ئـەم شـارەیە دواجـار وەکـو یەکـن، شـتی بچـوک لـە یەکیـان جیادەکاتـەوە کـە نرخێکـی وەهایـان نییـە... ئـا شـتی زۆر بچـوک، کـە مـن نازانـم چیـن... بـەڵام هەموویـان لـەم شـارە زیاتـر شـاری تریـان نەبینیـوە... هەموویـان وەک یەکـن، هـەر سـێکیان لای مـن وەک یەکـن... مـن هـەر سـێکیانم وەک یـەک خۆشـدەوێت». پـورە مەعسومەی بـە دەنگـە گـڕ و گرمەئاساکەی، کـە لـە دەنگـی پیاوەکانـی تایەفـەی گوڵدانچـی نێرتـر بـوو، بـە هەڕەشـەوە گوتـی «بـەڵام ناتوانیـت شـوو بـە هـەر سـێکیان بکەیـت... تێگەیشـتیت... دەتوانیـت تەنیـا شـوو بـە یەکێکیـان بکەیـت». هەمـوو وایاندەزانـی ئـەو دەنگـە گرمـەکارەی پـورە مەعسـوم، هـەر ئێسـتا سەوسـەن دەشـکێنێت، بـەڵام بـە هێمنـی سـەیریکرد و گوتـی «لـە ئێسـتادا شـوو بـە هیچیـان ناکـەم، بـەڵام بـۆ پاشـەڕۆژ نازانـم... پـورە مەعسـوم. پاشـەڕۆژ خـۆی بڕیـار دەدات، شـوو بـە چەندیـان دەکـەم». وەڵامەکـەی بـە ئەندازەیـەک سـەیربوو هەمووانـی بێدەنگکـرد. هەمـوو دەیانزانـی کیژەکـە تەنیـا بوکەشوشـەیەکی نەخـۆش و لاواز نییـە، بەڵکـو ئیرادەیەکـی گەورەشـی تێدایـە، دەشـیانزانی فیکـرەت گوڵدانچـی زۆری بـەلاوە گرنگـە خانمـە بچکۆلەکـەی ماڵـی بـەو چەشـنە بەهێزبێـت. هەمـوو چاوقایمـی کچەکەیـان دەگێڕایـەوە بـۆ جۆرێـک لـە لاوازی باوکەکـە، بـەڵام هەمـووش دەیانزانـی

لە نێوان گوڵدانچی و سەوسەندا ڕیزێکی قووڵ و شاردراوە هەیە کە هەردووکیان بە وردی سنوورەکەی دەپارێزن.

ئەو ڕۆژە مەراسیمی جەژنی لەدایکبوونەکە بە هێمنی ڕۆی. لە کاتی مۆم کوژاندنەوە و کێک خواردن و دیاری کردنەوەدا هەموو بێدەنگی و لەسەرەخۆیی سەوسەن سەرسامیکردن... ئەوکات هیچ کەس نەیدەزانی سەوسەن بیر لە چی دەکاتەوە، نە لە بنەماڵەی گوڵدانچیدا، نە لە بەرەی داواکارە مەستەکانیدا و نە هیچ کەسێکی دیکەش لە دونیادا.

١٧

سەوسەن فیکرەت بڕیاریدا هەر سێ داواکارەکە لە ڕۆژێکدا ببینێت. یەکێکیان لە بەیانیدا، ئەوی دیکەیان لە ئێوارەدا، سێهەمیش لە شەودا. خالید ئاموون یەکەمین کەس بوو کە دەبایە سەعات یازدەی ڕۆژی دیاریکراو لە ماڵی فیکرەت گوڵدانچی ئامادەبێت. چەند دەقیقەیەک بەر لەوادەی خۆی، هاوڕێ بە دوو ئۆتومبێلی پڕ لە پیاوان و خزمانی ئاموونی گەیشتە بەردەرگا، ئەوان لە بەردەرکی ماڵی فیکرەت گوڵدانچی دایانگرت و ماڵاواییان لێکرد و ڕۆیشتن. چەند ڕۆژ بوو ئاموونییەکان هەموو هەوڵێکیان دابوو بۆ ئەوەی پاڵپشت بۆ داواکەیان کۆبکەنەوە و گوڵدانچییەکان لە هەموو لایەکەوە بخەنە ژێر گوشاری خۆیان. پارێزگاریان تێگەیاندبوو، فیکرەت گوڵدانچیان بۆ لای قایمقامی شار بانگکردبوو. هەموو شتێکیان بۆ ئەم ساتە ئەنجام دابوو، بۆیە هەموو چاوەڕوانی دەرەنجامی باشیان لەم چاوپێکەوتنە دەکرد.

خالید ئاموون کە چووە ژوورەوە بۆ ساڵۆنە گەورەکەی ماڵی گوڵدانچی، جوانی مۆبێل و تایبەتمەندی دیکۆرەکان و پڕی ژوورەکە لە کتێب و تابلۆ و پەیکەر و شتی ئەنتیک سەرسامیکرد، پێشتر لە ژیانیدا جۆرە ژوورێکی لەم چەشنەی نەبینیبوو. سەیری لێهات کە بێنەوەی فیکرەت گوڵدانچی خۆی پێشوازیبکات، کچێکی گەنجی دی بۆ ژوورێکی تر لە قاتی سەرەوە ڕێنماییکرد. ژوورەکە کتێبخانەیەکی ئێجگار گەورەبوو، دڵنیابوو کەمتر لە

دە هـەزار کتێب لـەو ژوورەدا نییـە، هەتـا دیکـۆری سـەقفەکەش کۆمەڵێـک کتێب بـوو کـە هـەر لەسـەرەوەڕا بـە هەندێـک پـەت و دەزووی ڕەنگاوڕەنـگ هاتبـووە خـوارێ. ژوورەکـە کەمێـک تاریـک بـوو. سەوسـەن گوڵدانچـی لـە کراسـێکی زەردی کاڵـدا کـە پڕبـوو لـە خەتـی سـپی ناسـک لـەو پـەڕی ژوورەکـەدا لەسـەر کورسـییەکی چەرمـی کـۆن و گـەورە چاوەڕوانیدەکـرد، جگـە لـە ملوانکەیەکـی ڕەش هیـچ خشـڵێکی تـری پێـوە نەبـوو، هەتـا گوارەیەکـی هەرزانیشـی نەکردبـووە گوێـی. خالیـد ئامـوون پتـر لە چلوپێنـج شـەو بـوو سەوسـەنی نەبینیبـوو، بـە چەشـنێک جـوان هاتـە بەرچـاوی، بەزەیـی بەدڵـی خۆیـدا هاتـەوە. دیاربـوو ئـەو جێگایـە بـە تایبـەت چاککراوە تـا سەوسـەن هـەر سـێ چاوپێکەوتنـە گەورەکـەی ژیانـی لەوێدا ئەنجامبـدات. جگـە لەسەوسـەن کەسـی تـر لـەو ژوورەدا نەبـوو، بـەڵام خالیـد ئامـوون هەسـتیکرد یەکێکـی تـر کـە نابینرێـت ئـاگاداری هەمـوو دانیشـتنەکەیە، سووسـەکردنێکی ناوەکـی بـوو کـە هیـچ بەڵگەیەکـی نەبـوو، بـەڵام خـۆی بەجۆرێـک ڕێکخسـت کـە ئـاگادارە یەکێـک بـە نهێنـی چاوەدێریـدەکات. سەوسـەن گەلێـک نـەرم و نیـان بـوو، پێدەچـوو پێشـوەخت بیـری لـە هەمـوو جوڵەیـەک و قسـەیەکی خـۆی کردبێتـەوە، بـەڵام لەگـەڵ هەمـوو شتێکیشـدا بـە چەشـنێک ناسـک و خۆشەویسـت بـوو، خالیـد ئامـوون ئامادەبـوو هەمـوو شـتێک لـە پێناویـدا دابنێـت. کـە لەسـەر کورسـییەکە دانیشـت، هەسـتیکرد سەوسـەن بـەوردی سـەیریدەکات، لـە دڵـی خۆیـدا گووتـی «ئێسـتا دەزانێـت مـن پیاوێکـی جـوان نیـم، ئـەوە نیـم کـە ئـەو خـەوی پێـوە دەبینێـت». بـەڵام بەخێرایـی هەوڵیـدا بەسـەر ترسـەکانیدا سـەربکەوێت و خەندەیەکـی گـەورەی گـرت کـە کەمجـار دەیتوانـی بیگرێـت. سەوسـەن بـە هێمنـی لەسـەر کورسـییە چەرمەکـەی خـۆی دانیشـتبوو، کـەس نەیدەتوانـی ئاماژەیەکـی تایبەتـی لـە شـێوەی دانیشـتن و سـەیرکردنەکەیدا بدۆزێتـەوە. سەوسـەن بـە هێمنییەکـەوە کـە خالیـد ئاموونـی سەرسـامکرد گووتـی « بەڕێـز خالیـد ئامـوون، حەزمکـرد

یەکەم کەس تۆ ببینم، لەبەرئەوەی زۆربەی کەسانی خێزانەکەم تۆ وەک داواکارێکی باش باسدەکەن. بەڵام من نازانم تۆ کێیت... وەختە هیچ شتێکت لەسەر نەزانم... هیچ شتێک... دواجار من کچێکی نەخۆشم، گەر شوو بە هەرَ کەسێک بکەم، دەبێت زۆر شتی لەسەر بزانم».

خالید ئاموون بە ئەدەبێکی زۆرەوە گووتی «سەوسەن خان. هەقی خۆتە، لەسەر هەمووومان، هەموو شتێک بزانیت».

نەیدەویست لەقسەکردندا زۆر بڕوات، ترسێکی هەبوو قسەکانی هەندێ شت ئاشکرابکەن کە نایەوێت سەوسەن بیانبینێت. سەوسەن گووتی «تاکە شتێک کە سەیرە، ئەوەیە تۆ بۆ ئاموونییەکان دەخەیتەکار... پارێزگاری شار، جێگرەکەی، هەموو ئەوانە... خۆت دەزانیت ئەو شتانە دڵی کچێکی نەخۆشی وەک من بەڕاستی دەشکێنێت. من کچێک نیم بە زۆر بۆ کەس بم...».

خالید ئاموون بیریکردەوە، کیژەکە بە جۆرێک ناسکە هەر مەخلوقێک بەزۆر بیەوێت بیبات بۆ خۆی، دەیشکێنێت... لەو بوونەوەرە ناسکانەیە کە تەنیا خۆی دەبێت بجوڵێت، هەر شتێکی بەرکەوێت، لەوانەیە بکەوێت و بشکێت. بەسەردانەوانەوە گووتی «سەوسەن خان... من کوڕی عەشرەتی ئاموونیم، ئەوان دەزانن تۆ چ داواکارێکی زۆرت هەیە، مەسەلەکە هەمووی ئەوەیە من نامەوێت تۆ بدۆڕێنم... لە پێنج مانگ لەمەوبەرەوە کە تۆم بینی، گووتم ئەوە ئەو کچەیە کە من لەم دونیایەدا بۆی دەگەڕێم. من پێشتر هیچ ڕێگایەکم نەبوو کە باسی خۆمت بۆ بکەم... من تکام لە ئاموونییەکان کرد پشتم بگرن، چونکە بۆ یەکەمجارە لە ژیانمدا عاشق دەبم، زۆربەی ئاموونییەکان دەزانن من تەواو نیم، دەزانن چوار مانگە دوکان و کاسبییەکەم هاتۆتە کزی».

سەوسەن پرسی «نازانم، دەتوانم بپرسم، کزبوونی کاسبییەکەی تۆ، چ پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە؟»

خالید ئاموون ئێستا بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا هەوڵی دەدا، لە بەردەم کەسێکدا وەک عاشق دەربکەوێت: «پەیوەندی ئەوەیە کە من هێندە بیر لە تۆ دەکەمەوە، ناتوانم بیر لە شتەکانی تربکەمەوە، وەک جاران ئارەزووم نەماوە، جاران خۆشییەکی زۆرم لە کاسبی دەبینی، ئێستا بە جۆرێک گۆڕاوم خۆم ناناسمەوە، ناتوانم خەریکی هێنانی کەلوپەلی نوێ بم، پەیوەندیم لەگەڵ قاچاغچییەکاندا کزبووە، چوار مانگە سەفەری بەغدام نەکردوە، چوار مانگە هیچ کراسێکی نوێ یان عەترێکی تازەم نەهێناوە... هیچ شتێک... خانم هیچ شتێک... لەبەرئەوەی تەنیا بیر لە تۆ دەکەمەوە».

سەوسەن بە ئەسپایی پرسی «بەڵام چۆن بیر لە من دەکەیتەوە؟»

خالید ئاموون چاوەڕوانی ئەم پرسیارەی دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستیکرد ناتوانێت وەڵامیبداتەوە، دوای کەمێک وەستان گووتی «شتێکی قورسە، وەک ئەوەی دەستێک بەردەوام بتخنکێنێت، هەستێکە لە سەرتدا دووبارەدەبێتەوە، شتێکە وەسف ناکرێت، وەک شتێک بۆی بگەڕێیت و نەیگەیتێ».

دڵنیابوو نەیتوانیوە تەعبیر لە خۆی بکات، دڵنیابوو. بەڵام دەیزانی سەوسەن فیکرەت بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بانگی نەکردوە، ڕەنگە تەنیا ویستبێتی ببینێت بزانێت بە ئەندازەی دوو داواکارەکەی تر جوانە، یاخود تێبگات چۆن قسەدەکات، یاخود هەر شتێکی تر کە ئەم خەیاڵی بۆی ناچێت. سەوسەن کەمێک دەنگی گۆڕی، شتێک لە پرسیارەکەیدا بوو کە خالید ئاموون بە تەواوەتی ماناکەی بۆ دیاری نەکرا: « خالید ئاموون، حەزدەکەم بزانم تۆ چیرۆکی شەڕەچەقۆی ژێر زەمینەکەت بیستووە یان نا؟»

«خانم هیچ کەسێک نییە، ئەوەی نەبیستبێت»

« دەمەوێت بزانم تۆ ئامادەیت لە پێناوی مندا چەقۆ لە کەسی تر

بدەیت... یا نا؟».

خالید ئاموون چاوەڕوانی ئەو پرسیارەی نەدەکرد، سەری بەرزکردەوە بۆ ئەوەی بە روونی سەیری ڕوخساری سەوسەن بکات کە تاریکی کتێبخانەکە سێبەرێکی تۆخی خستبووە سەر، هەستیکرد ئەستەمە هیچ لە دەموچاوی سەوسەندا بخوێنێتەوە. بە هێمنی گووتی «ئەوەی لە پێناوی تۆدا ئامادەی شەڕ و مردنم گومانی تێدا نییە. سەوسەن خان تۆ تەنیا کەسێکی دەتوانیت وا لە من بکەیت شەڕانی و بێڕەحم بم...».

سەوسەن دووبارە پرسی «دەتوانێت لە پێناوی مندا کەس بکوژیت؟».

خالید ئاموون گووتی «دەتوانم... بێئەوەی دوودڵ بم... بێئەوەی بیربکەمەوە...».

سەوسەن بە غەمگینییەوە پرسی «بۆ لە پێناوی کچێکی نەخۆشی وەکو مندا، ئامادەیت خەڵک بکوژیت؟... دەبێت هۆکەی بگەڕێتەوە بۆچی؟ هەست ناکەیت، پەیوەندی بەوەوە هەیە ژیان لەم شارەدا مرۆڤ دەخنکێنێت. هەست ناکەیت، ئەم شارە زۆر زۆر بچوکە، شوێنێکە مرۆڤ لێرەوە چاوی لە دونیا نییە. ئەوەی کە کچێک دەتوانێت کۆمەڵێک پیاو شێتبکات، پەیوەندی بە شارەکەوە هەیە، بەم شوێنە بچوکەوە کە دڵی مرۆڤ دەگوشێت؟».

خالید ئاموون سەری داخست و گووتی «ئەوە هیچ لەوە ناگۆڕێت کە من دەتوانم لە پێناوی تۆدا بێڕەحم بم».

سەوسەن لە جێگاکەی خۆی هەستا، ئێستا خالید لە بەر ڕۆشنایی پەنجەرەکەدا لە نێوان کتێبەکاندا روونتر دەیبینی، ئەو ڕەفتە زەردەی ملی، ئەو تەوقە سپییانەی گوڵێکی چکۆلانەیان بە قژییەوە ڕاگرتبوو، ئەو گەردنە بەرزەی، ئەو ملوانکە ڕەشەی هەندێک لە دەنکە باریکەکانی وەک چزووی دوپشک دەدرەوشانەوە... ویستی هەستێت، بەڵام جورئەتی نەکرد. سەوسەن دوای کەمێک گەڕان بەناو کتێبەکاندا، چووە پشتی

کورسییەکەی خالید و پرسی «دەتوانیت لە پێناوی مندا کامەرانی سەلما و مەنسور ئیبراهیم بکوژیت؟». خالید ئاموون کەمێک راچڵەکی، نەیدەزانی کچەکە دەیەوێت بەرەو کوێی بەرێت، چی دەوێت و دەیەوێت بگاتە چی. نەیدەزانی چی وەڵامبداتەوە. خالید ئاموون کەمێک چاکەتی قاتە خۆڵەمێشییەکەی چاککرد، بە ئەسپایی پاڵیدا بە پشتی قەنەفەکەوە و بێویستی خۆی گووتی « رقم لە هەردووکیانە. خۆزگە دەخوازم هیچیان لەسەر ئەم دنیایە نەبوونایە. هەتا دەمرم رقم لەو دوو پیاوە دەبێت... وادەزانم ئەوانیش بەرامبەر بە من هەروان». وشەکان بە رقێکی گەورەوە لە زاری هاتنەدەرێ، خۆشی لەو کینە لە ناکاوەی خۆی سەرسامبوو، دڵنیابوو دەتوانێت ئەو دوو کوڕەی تر بکوژێت، لە یەکەم ساتەوە چیرۆکەکەی بیستووە توانایەکی ترسناکی کوشتن لە خۆیدا هەست پێدەکات، بەڵام پێشتر لەگەڵ خۆشیدا وەها ئاشکرا نەیدرکاندووە. گەرچی دڵنیابوو قسەکانی سەوسەن فیکرەتیان تووشی پەشۆکانێکی کتوپڕ کرد، بەڵام هەستی بە ئاسوودەییەکی قووڵکرد، ئەوە راستییەکی شاردراوەی ناو دڵی بوو، دڵنیابوو سەوسەن فیکرەت نیازی ئەو کوشتنەی خوێندۆتەوە، دەستی لەو ئارەزووە نهێنییە داوە، کێ چوزانێت، لەوانەیە ئەو وەڵامە تەواوی وێنەی ئەو بە باشە لای سەوسەن فیکرەت بگۆڕێت... هەستیکرد لە رێگای ئەو قسانەوە سەوسەن فیکرەت باشتر تێیدەگات، روونتر دەیبینێت، بەهێزتر دەیناسێت. بەڵام ئەم پرسیارە لە کچێکی وەها ناسکەوە گەلێک دڵڕەقانە بوو.

سەوسەن ماوەیەک لە ژوورەکەدا سوڕایەوە، وەک ئەوەی جۆرە بێباکییەکی قووڵی بەرامبەر هەموو شتەکان تێدابێت، خۆی بە کتێبەکانەوە سەرقاڵدەکرد، لە نێوان قسەکاندا بێدەنگی درێژ و قووڵی جێدەهێشت، هەندێجار لە دەرگای کتێبخانەکەوە ئەو کچەی بانگدەکرد تا چا بۆ میوانەکە بهێنێت. پرسیارەکانی گەلێک تێکەڵاوبوون، زۆربەیان

دەربارەی شتگەلێک بوون خالید ئاموون نەیدەتوانی وەڵامیانبداتەوە، هیچ پرسیارێکی ڕاستەوخۆی دەربارەی سامان و ماڵ و خانووی جیا و زێڕ و ئەو شتانە لێ نەکرد، بەڵکو پرسیارەکانی دەربارەی پەیوەندی ئەو بەسروشتەوە، پەیوەندی ئەو بە ئەستێرەکانەوە، باوەڕی بە ژیان لە هەسارەکانی تردا، باوەڕی بە ژیان لە دوای مردن و ئەو شتانە بوو. خالید ئاموون نەیدەزانی چۆن بچێتە ئەوجۆرە دیالۆگانەوە، هەستیکرد دەستەپاچە و کەم توانایە، بەڵام شێوازی قسەکردنی کچەکە، جوڵاندنەوە ناسکەکانی، شەیدایکردبوو. دڵنیابوو یەکێکی تر و لە هەلومەرجێکی تردا ئەم پرسیارانەی لێبکات، لەوانەیە ڕوونتر بتوانێت وەڵامیانبداتەوە، بەڵام ئێستا هێندە بە سیحری کچەکە سەرسامبوو، هێندە فەزای ئەو کتێبخانەیە و ناسکی ئەو و بۆنی هەناسەکانی گێژیانکردبوو، توانای بیرکردنەوەی لەو پرسیارە گەورانە نەبوو.

بەڵام دوا پرسیاری سەوسەن سەرلەبەر ژیانی خالید ئاموونی گۆڕی، ئەوە ئەو پرسیارە گەورەیە بوو کە سەوسەن چەندین ساڵ بوو بیری لێدەکردەوە، ئەو پرسیارەبوو کە دەیویست لە هەر کەسێکی بکات کە دێتە داوای، بە هێمنی گووتی: «خالید ئاموون گوێبگرە، پرسیارێکت لێدەکەم وەڵامەکەی بۆ ژیانی من و تۆش زۆر گرنگە، زۆر شت لە ژیانی من و ئەم چیرۆکەدا لەسەر ئەم وەڵامە دەوەستێت: گەر بەسەفەرێکی درێژ بتنێرم بۆ دوور، بۆ زۆر دوور لەم شارە، سەفەرێکی چەند ساڵە.... سەفەرێک تێیدا دڵنیا نەبیت، کاتێک دێیتەوە من ژنی تۆم... من بۆ تۆم... یاخود من زیندووم و ماوم، دەچیت ؟ باش بیری لێبکەرەوە، کە دەگەڕێیتەوە دڵنیانیت من ژنی تۆم یان نا... دڵنیانیت من شووت پێدەکەم یان نا... دەڕۆیت یاخود نا؟». خالید ئاموون ویستی شتێک بڵێ، بەڵام سەوسەن پێشیکەوت و گووتی «نا خالید ئاموون، وەڵامم مەدەوە... ئەوە پرسیارێکە دەبێت بیری لێبکەیتەوە... زۆر زۆر بیری

لێبکەیتەوە... من ئەمڕۆ تۆم بۆنەوە بانگکرد ئەو پرسیارەت لێبکەم... خالید ئاموون بڕۆرەوە بۆ ماڵێ، دەتوانی چەند ڕۆژێک یان چەند هەفتەیەک بچیت بۆ گوندەکان... بۆ شارێکی تر... بۆ ئوتێلێک لە بەغدا و بیربکەیتەوە. هەرکاتێک گەیشتیتە بڕیارێکی تەواو، وەڵامەکەت بخەرە سەر کاغەزێک و بە کەسێکدا بۆم بنێرە، لە ئێستادا تەنیا دەمەوێت بیربکەیتەوە».

کە خالید ئاموون لە ماڵی فیکرەت گوڵدانچی هاتەدەرەوە، ماندوو و ڕەنگپەڕیو دیاربوو، هەموو بینیان نائومێدییەکی قورس لەسەر ڕوخساری بوو، تا گەیشتە سەر شەقامەکە گەلێک چاوی نهێنی چاوەدێریاندەکرد، لەویادا وەک کەسێک ونبووبێت وەستا، پێدەچوو سەرمای ناوەڕاستی زستانیش هێندەی تر تەزاندبێتی، وەک بیەوێت خۆی بشارێتەوە لە ناکاو ئاراستەی خۆی گۆڕی و بەرەو باکوور سەرکەوت، لە شەقامێکی تەسک و چکۆلانەدا کەمێک وەستا، لەویادا تاکسییەکی ڕاگرت و بەدوودڵییەکی زۆرەوە سواربوو، بە پەشۆکاوی قسەی لەگەڵ شۆفێرەکەدا کرد، هیچ کەس نەیدەزانی چی لە خەیاڵیدا دەگوزەرێت، هیچ کەسیش تا بەیانی ڕۆژی داهاتوو هەواڵێکی ڕاستەقینەی دەربارەی چاوپێکەوتنەکە نەبیست... تەنیا دوای بیست و چوار سەعات، کە مەنگوڕی بابەگەورە کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکەکە هەموو تێگەیشتین چی لە نێوان سەوسەن فیکرەت و خوازبێنیکەراندا ڕوویداوە.

١٨

مەنگوڕی بابەگەورە لە ژێر زەمینی ئوتێلەکەی باوەجاندا چیرۆکەکەی بۆ هەمووومان گێڕایەوە، ئەو بەو دەنگە منگن و پشتملە کووڕەیەوە، لە ناوەڕاستی هەمووواندا وەستاو گووتی «وەک دەزانن کامەرانی سەلما دواهەمین کەس بوو کە دەبێت بچێت بۆ لای کچەکەی گوڵدانچی، پێشتر هەر دوو داواکارەکەی تر سەردانی ماڵی گوڵدانچییان کردبوو... من گووتم بەقەبری مردووم ئێمە تیاچووین، گووتم بە ناموسی عەزیزی هەمووومان حیسابمان پاکە، ئەگینا بۆ کچەکە ئێمەی خستۆتە دوای دواوە، سێ ڕۆژ بوو، من هەواڵی ناخۆشم دەبیست، سێ ڕۆژ بوو شوێنم بە خۆم نەدەگرت... هەموو دەیانگووت گوڵدانچییەکان، بڕیاریانداوە کچەکەیان بدەن بە خالید، هەموو واقسەیاندەکرد کە شتەکە بڕاوەتەوە، کە زانیم ئاموونییەکان کاکی موحافیزیان خستۆتە سەر خەت هیوا بڕاوبووم... هیوام بە چی بمێنێت، من و موحافیزیان نەگووتووە. کامەرانی سەلما تەنیا منی هەبوو غەمی بخوات... منیش پیاوێکی بێدەسەڵات نیم، بەڵام گەر خۆیان مەسەلەکە بەجۆرێک لە جۆرەکان ببڕێننەوە و کچەکە ڕازی بێت، ئەوا لە قەندیلدا ڕاوە حوشتر ناکرێت... وانییە عەزیزی من، یوسف کەویار دەیگووت پیاوی ئازا ئەوەیە لە شەڕی دۆڕاو ڕابکات».

هەموو دەیانگووت «مەنگوڕ بەردەوام بە، مەنگوڕ باسی ئەوە بکە سەوسەن فیکرەت چی بە کامەران گووتووە».

مەنگوڕ دەیزانی قسەکانی لە تەواوی شاردا بڵاودەبێتەوە، لەبەرئەوە بە شەوق و زەوقێکی زۆرەوە بۆ هەموومانی گێڕایەوە و گووتی « کە کامەرانی سەلما ڕۆی من دڵم لە مستمدا بوو، تا بەردەرگای ماڵی فیکرەت گوڵدانچی لە گەڵیدا چووم... دونیا شەو بوو، بە ناموسی هەرچی مەلایکەتە، من لە بەر سەرما خەریک بوو زریکەم دەکرد، بەڵام کامەرانی سەلما گوێی لێ نەبوو... باکی بەسەرما نەبوو. من بەزەیم بە کوڕەکەدا دەهاتەوە، وا سەیری مەکەن... کوڕێکە پێشتر لەگەڵ ژناندا سەروو سەودایەکی نەبووە، لەو مەسەلەیەدا هەر زۆڵێکتان بگرم لەو لێزانترن... کوڕەکە لە یەککاتدا دەترسا و دڵیشی خۆش بوو. کە لەبەردەرگاکە سەیرمکردەوە بە جۆرێک جوان و بۆشناخ بوو، مەپرسن. دڵنیابووم قۆزێتییەکەی لەو جۆرەیە ژنان لە هەموو گوناهێکی دەبوورن... پیاوی ناشیرین گەر گوناهی بەئەندازەی موورویەک بێت، ژنان لێیدەکەن بە کێوێک، بەڵام بەس خودا دەزانێت بۆ پیاوی جوان چ لێبوردەن... بەس خودا دەزانێت. کە چووە ژوورێ من چاوم پڕبوو لە فرمێسک بۆی، حەزمدەکرد لەگەڵیدا بڕۆم تا کۆمەکیبکەم... بەڵام مەرجەکە وەها بوو، هیچ داواکارێک بۆی نەبوو کەس لەگەڵ خۆیدا بەرێت... هەر کەسێک مەرجەکەی بشکاندایە حیسابی پاک بوو»

هەموو بەیەک دەنگ هاواریان لێکردەوە «مەنگوڕ، دەمانەوێت بزانین لە ماڵی فیکرەت گوڵدانچی چی ڕوویدا... دەمانەوێت ئەوە بزانین، بەس قسەی پروپوچ بکە بە ناویدا»

مەنگوڕ دەیگووت « گوێبگرن کە کامەرانی سەلما دەچێتە ژوورێ، تێدەگەن... کە دەچێتە ژوورێ، فیکرەت گوڵدانچی خۆی پێشوازی ناکات، کچێکی جوانی تر پێشوازیدەکات، پێشی دەکەوێت، بەسەر قادرمەیەکی زۆر کەشخەدا سەری دەخات... من خۆم ئەو قادرمانەم بینیوە، خۆم بینیومە، دەزانم چ ڕیزە قادرمەیەکی جوانە، کامەرانی سەلما دەچێتە

کتێبخانەیەکی گەورەوە، وەکو باسیدەکات هەزاران کتێبی تێدابووە، هەزاران کتێبی گەورە گەورە، سەوسەن لە ژوورێکی وەهادا پێشوازیدەکات، کراسێکی زەردی لەبەردا دەبێت، لەوانەی خەتی سپیان تێدایە... کچەکە لەویادا زۆر بە حورمەتەوە تەوقە لەگەڵ کامەرانی سەلما دەکات، زۆر بە حورمەتەوە چا و میوە دەخاتە بەردەمی، بە کامەرانی سەلما دەڵێت: تۆ لە شارێکی چکۆلانەدا لەدایک بوویت، گەر لە شوێنێکی تری دونیادا لەدایک ببوویتایە، لەبەر کچێکی وەک من، لەبەر خانمۆچکەیەکی نەخۆشی وەک من چەقۆت لە کەس نەدەدا. سەوسەن سەرزەنشتی کامەرانی سەلما دەکات، تا دەتوانێت سەرزەنشتیدەکات، بەڵام ئەوەی من لە قسەکان تێگەیشتم ئەوەیە کە هەمووی لۆمە و گازەندەی دۆستانەبوون. خانمە بچکۆلەکە لەگەڵ گلەییەکانیدا دەڵێت گەر تۆ گەورەیی دونیات بزانیبایە ئاوا ئاسان چەقۆت نەدەوەشاند، باش گوێبگرن... ئا لێرەدا، ئالێرەدا سەوسەن هەڵدەستێت و ئەتڵەسێکی زۆر گەورە دەردەهێنێت، ئەتڵەسێک کە هەرچی شتێک لەسەر زەوی هەیە، هەتا بچوکترین گوندیش، هەتا دوورترین کوێرە قۆخەڵەی دونیاشی لەسەرە. کچە بەدبەختەکە ماوەیەک خۆی هیلاکدەکات تا گەورەیی دونیا پیشانی کامەرانی سەلما بدات، هەموو بەحرە گەورەکانی پیشاندەدات، هەموو کیشوەرەکان، کۆمەڵێک شاری سەیر کە شوێنەواری کۆنیان تێدایە، کتێبێکی بەقەدوقەوارەی لەسەر کەشتی و کەشتیسازە کۆنەکان دەخاتە بەردەست. کامەرانی سەلما کە خۆی عەشق لە قوونی دەچۆڕێت، بە لوتفی کچەکە ئەوەندەی تر پەکی دەکەوێت... کە کچەکە ئەو هەموو نەجیبی و ناسکییە دەردەخات، کامەرانی سەلما لەویادا دەکەوێت... ڕاستەوخۆ ئەژنۆ دادەدات و دەکەوێتە سەر چۆک، وەک منداڵێک دەستدەکات بە گریان و دەڵێت تکام وایە شووم پێبکەیت، دەڵێت ناتوانم ئەوە بخەمە خەیاڵمەوە کە تۆ دەشێت بۆ کەسی تر بیت. پێیدەڵێت، من کوڕێکی دەوڵەمەند نیم،

من قومارچیم، چەقۆکێشێکی نامەردم، کەسێکی تووڕەم، بەڵام لەگەڵ تۆدا مێردێکی باش دەبم. کچەکە بێئەوەی شپرزەبێت، وەک خۆی بۆ هەموو شتێک ئامادەکردبێت، دەستی دەگرێت و هەڵیدەستێنێتەوە، بە ناموسی دایکم وایە، خۆی دەستی دەگرێت و هەڵیدەستێنێتەوە، هەتا ماوەیەکی درێژیش دەستی لە دەستیدا دەبێت... گوێگرن، یادی بەخێر کاتی خۆی جەمالی عەنبەر دەیگووت، دوو دەقیقە دەستت لە دەستی کچێکدا بێت، یەعنی ئیشەکە تەواوبووە، یەعنی هەموو شتێک براوەتەوە، کامەرانی سەلما دەڵێت، کچەکە دەقیقەیەک زیاتر دەستی لە دەستیدا بووە».

مەنگوڕ کەمێک بێدەنگ دەبوو و هەرچی لە ژێر زەمینی ئوتێلەکەدا کۆبووبوونەوە دەمانگووت «ئەی دوایی چی... ئەی دوایی چی، مەنگوڕ... ئەی دوایی چی».

مەنگوڕ دەڵێت «یوسف کەویار دەیگووت شەڕ بە پرسیار دەست پێدەکات و بە پرسیار تەواو دەبێت. شەوەکەی کامەرانی سەلماش بە شتێک کۆتایی دێت کە باوەڕناکەن. شتێک لە چاوەڕوانی کەسدا نییە، کچەکە پرسیارێک لە کامەرانی سەلما دەکات، پێیدەڵێت ئامادەیت بەسەفەر بڕۆیت بۆ شوێنێکی زۆر دوور، سەفەرێک بۆ مەملەکەتێکی تر کە لەوانەیە چەند ساڵ بخایەنێت، بەمەرجێ کە هاتیتەوە ئەوەت زامن نەبێت کە من ببم بە ژنت یان بتوانم شووت پێبکەم یان هەر لە ژیاندا مابم».

یەکێک دەڵێت «خوای عالەم، دەیەوێت بکات بەچی؟ دەیەوێت کوڕە بەستەزمانەکە بۆ کوێ بنێرێت؟». یەکێکی تر دەڵێت «ئەم کچەتیوە چی لەسەردایە، مەنگوڕ، تۆ بڵێ چی لەسەردایە؟»

مەنگوڕ بە خێرایی قسەکان وەردەگرێتەوە و دەڵێت «ئالێرەدا کامەرانی سەلما عاقڵییەک دەکات لێم ڕانەدەبینی، دەم ودەست لە

کچەکەی گوڵدانچی دەپرسێت: خانم، بەر لەوەی وەڵامبدەمەوە، پێمبڵێ ئەم پرسیارەت لەوانی تریش کردوە یان ئەم پرسیارە هەر بۆ منە... بۆ منی بەدبەخت. کچەکە بە ئەرزو ئاسمان سوێندی بۆ دەخوات کە تا ئێستا بە چاوێکی جیاواز سەیری هیچ یەک لەداواکارەکان ناکات، هەر سێکیان لای ئەو وەکو یەک وان و هیچ یەکێکیانی هەڵنەبژاردوە، ئەوە پرسیارێکە لە هەر دوو داواکارەکەی تریشی کردوە، دەشڵێت شتەکان هەمووی لەسەر ئەو وەڵامە بەندە کە لە دەمی ئەوان وەریدەگرێتەوە، تکاشدەکات بیر لە پرسیارەکە بکاتەوە و ئەوسا وەڵامبداتەوە... ئێوە دەڵێن چی... ها... شتەکان ئاوها بوون... بە ناموسی ئەولیا کامەرانی سەلما کاتێک هاتەدەرێ ماوەیەکی درێژ قسەی بۆ نەدەکرا، من بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەو بەر سەرمایەدا هەڵدەلەرزیم و چاوەڕوانمدەکرد... ئەوەی لە حیسابمدا نەبوو قسەی لەوجۆرە بوو، دەمگووت ئێستا بە کوڕە بەستەزمانەکە دەڵێت، کوا ماڵت، کوا ماشێنت، کوا کارو کاسبیت... تۆ قوونێکی بێخێر، باسی ژنهێنانی چی دەکەیت. بەڵام ئەوەی پرسیاری وەها بکات، عەقڵم بۆ شتی وەها نەدەچوو».

هەموو ئەوانەی لە ژێر زەمینەکەی ئوتێلی باوەجاندا بووین، بە خرۆشانێکی زۆرەوە پرسیمان «ئەی مەنگوڕ تۆ دەڵێیت چی... تۆ چۆن لەم مەسەلەیە تێدەگەیت، تۆ تەفسیرت چییە؟»».

مەنگوڕ بە ئارامی لەسەر کورسییەک بەرامبەرمان دانیشت و گووتی «تاکە تەفسیرم ئەوەیە کچەکە لە کچی ئەم شارە ناچێت، لەو جۆرە نییە هەر چاویان بە لووتی یەکەم خوازبێنیکەر کەوت دەیکەن بە هەلهەلە لێدان... شتێک لە عەقڵیایەتی بە کەسانی وەک ئێمە ناخوێنرێتەوە، هێشتا زووە کەس قسەی ڕاست و دروست بکات، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەم بەشەدا کەس لە خوازبێنیکەران بە ڕاستی دەرنەچوون... تاکە براوەی ئەم یارییە تا ئێستا هەر ئەو کچە عەیارەی گوڵدانچییە».

١٩

مەنسور ئەسرین گەلێک بیری لە هەموو چاوپێکەوتنەکە کردەوە، هەموو ئەو زانیارییانەشی بەراوردکرد کە ساقی مەحمود لە بازاڕ دەربارەی یەکتر بینینەکانی سەوسەن لەگەڵ دوو داواکارەکەی دیدا کۆیکردبوونەوە. ئێستا چ بەرەی کامەرانی سەلما و چ ئامووزنییەکان بەوردی چیرۆکی خۆیان لە هەموو لایەک دەگێڕایەوە، بەڵام ساقی مەحمود و ڕاوێژکارەکانی دیکەی مەنسور پێیان وابوو ئەوان تەواوی چیرۆکەکەی خۆیان بە نهێنی بهێڵنەوە، چونکە ئاشکرا نەکردنی چیرۆکەکە، جۆرە پەشۆکان و دوودڵییەک لە هەموو لایەکدا دروستدەکات کە پێدەچێت مایەی ئەوەبێت پتر بکەونە هەڵەوە. مەنسور لە ئێوارەی چاوپێکەوتنەکەدا سەیری لێهات کە سەوسەن گۆرانییەکەی ساقی مەحمودی بیستبوو و شیعرەکەی مستەفا هەژاریشی خوێندبووەوە، بەڵام زۆربەی قسەکانی لەگەڵ مەنسوردا دەربارەی «گەورەیی دونیا» بوو، دەربارەی ئەو دوورگە دوورانەی سەرتاپایان درەختە و ئەو بەندەرە شینانەی ئاسمانیان لەبەر باڵندە نابینرێت. مەنسور لە عاشقە درۆزنەکان نەبوو، بە ڕێزێکی زۆرەوە گووتی « سەوسەن، من لە گەورەیی دونیا زۆر دەترسم، من لەو کەسانەم کە ژیانی ئەم شارەیان پێخۆشە، نامەوێت زۆر دووربکەومەوە». سەوسەن گووتی «هەر دڵێک جیهان لە گەورەییدا نەبینێت، بە هەژاریی دەمێنێتەوە». بەڵام مەنسور وەک عاشقە منداڵکارەکان وابوو، هەروا بە

سادەییەوە گووتی «جیهان تەنیا ئەو کاتە گەورەیە کە تۆ لێمەوە نزیک بیت، گەر تۆ دووربیت، هەموو زەمین بچوکە». ئاشکرا کچەکەی فیکرەت گوڵدانچی لەو قسانە تێنەدەگەیشت، ئەو بە پێچەوانەی ژنانی دیکەوە وا دەردەکەوت وەک ئەوەی قسەی عاشقانە کەم بیبزوێنێت. بە غەمگینییەوە گووتی «تۆ بۆیە منت خۆشدەوێت، چونکە جیهانت نەبینیوە، شارە دوورەکان و دارستانەکان و میللەتانی ترت لە نزیکەوە نەبینیوە. خۆشەویستی قسەیەکی پڕوپوچە گەر تۆ نەزانێت چەند هەلی گەورەت بۆ ژیانی تر و خۆشەویستی تر لە بەردەستدایە... دەبێت شاری تر و ژنی شوێنی تر ببینیت، ئەوسا دەزانیت بەڕاستی منت خۆشدەوێت یاخود نا». کچەکەی فیکرەت گوڵدانچی ڕای وابوو پیاوان بۆیە ژندەهێنن بۆ ئەوەی چاو لە گەورەیی دونیا داخەن، بۆ ئەوەی هەستی دیکە تاقی نەکەنەوە. مەنسور ئەو چەندجارە کەمەی لەوەوبەر لەگەڵ سەوسەندا قسەیکردبوو، ئەو دیوە ڕەقەی لەم خانمە ناسکەدا نەبینیبوو. ئەو ڕۆژە لەگەڵ کراسە زەردەکەشیدا، لەگەڵ ئەوەی گەلەک لەسەرەخۆ و بە دەنگێکی هێمن دەدوا، هەستیکرد ئەم خانمە بەجۆرێک لە جۆرەکان هێشتا ئامادە نییە بۆ شووکردن. بە ئەزمونی خۆی هەستیدەکرد ئەو کچانەی ئامادەن بۆ شووکردن شتێکیان تێدایە لە سەوسەندا نییە، جۆرە پەشێوییەک، جۆرە کرانەوەیەکی لەناکاو، شێوە دڵخۆشییەک یان غەمگینییەکی کتوپڕ کە هیچی لەگەڵ ئەو هێمنی و ساردی و خۆگرییەی سەوسەندا ناگونجێت. کچەکەی گوڵدانچی هەمان ئەو پرسیارەشی لە مەنسور کرد کە لە دوو داواکارەکەی دی کردبوو، مەنسور ئێستا نەیدەزانی چی بکات. لەگەڵ گەڕانەوەیدا هەستیکرد بە جۆرێکی سەیر و شێتانە ئەو کچەی خۆشدەوێت، هێندەی خۆشدەوێت بە سەعات بۆی بگری، بەڵام کیژەکەی گەلێک تەلیسماوی و ئاڵۆز و نەگیراو هاتە پێشچاو. کیژێک بوو ناسکییە زۆرەکەی، باریکی و ڕەنگە

کاڵ و نیگا بیمارەکانی بانگیاندەکردی، بەڵام شتێکی نادیاریشی تێدابوو وایدەکرد باوەڕبکەیت کیژێکی سارد و بێباکە و غەمێکی ئەوتۆی بۆ هیچ شتێک نییە. ساقی مەحمود کە مەنسوری بەو حاڵە بینی گەلێک دڵی بۆی سووتا، سەعات پێنجی ئێوارە بوو، دونیا تەواو تاریک بوو، پێکەوە سوار تاکسییەک بوون و لەبری ئەوەی بگەڕێنەوە بۆماڵەوە بردی بۆ «بنکەی تیپی هەرزاڵ بۆ مۆسیقای میللی» تا لەوێ پێکەوە بە هێمنی قسەبکەن. ئاشکرا کوڕە بەستەزمانەکە نەیدەزانی چ بڕیارێک بدات، هەستێکی هەبوو کە کیژەکەی زۆر دووردەست بینیوە و واتێدەگات کە هەرگیز بۆ ئەم نابێت. دەبێت بڵێم کە تێوەگلانی ساقی مەحمود گەرچی بەشێکی گەورەی لە پێناوی دڵی ئیبراهیم ئەسریندا بوو، هۆیەکی دیکەشی کینەیەکی قووڵی ساقی بوو بەرابەر مەنگوڕی بابەگەورە، ساقی لە گەنجییەوە ڕقی لە مەنگوڕ و خێڵە چەقۆکێشەکەی هاودەمی بوو، لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا دەمانێک کە هەردووکیان گەنج بوون، چەند جارێک لە ئاهەنگەکاندا بەزمی گەورەیان بووبوو، مەنگوڕ ئەو زەمانە خۆی وەک دوژمنێکی سەرسەختی کۆمۆنیستەکان پیشاندەدا، هەمووش دەیانزانی ساقی مەحمود هەواداری کۆمۆنیستەکانە، مەنگوڕ سڵی لەوە نەکردبووەوە جارێک ڕوو بەڕوو پێیبڵێت «تۆ لۆتییەکی شیوعیت». ئەوەی ئەوکات وایکرد بێدەنگبێت، فشاری حیزب و ڕۆحی هونەرمەندەکەی ناوی بوو، ڕاستە دوای هەرەسی شۆڕشی بەرزانی مەنگوڕ لە شاییەکدا دەستیکردبووە ملی و داوای لێبوردنی کردبوو، بەڵام ساقی مەحمود هەرگیز لە دڵەوە لەگەڵ مەنگوڕدا ئاشت نەبووەوە. ئێستا نە ساقی مەحمود شیوعی بوو و نە مەنگوڕیش مەیلی سیاسەتی مابوو، بەڵام تێوەگلانی مەنگوڕ لە بریندارکردنی کوڕەکەی ئیبراهیم ئەسریندا ئەو برینانەی کولاندەوە و ئەو کینەیەی جارانی تیا زیندووکردەوە. پرسیاری کچەکەی گوڵدانچی ساقی مەحمودیشی پەرێشانکردبوو، ئەو

بە سمێڵە سپی و چاوە شینەکەیەوە هەموو دوودڵی و پەشۆکانێک ئاسان لەسەر ڕوخساری دەبینرا. مەنسور ئەسرین بە ساقی گووت « خۆشەویستیم بۆ ئەو خانمە زۆر گەورەیە، ئەمڕۆ گەر وەک من بتدیبایە، وەک مَن لە نزیکەوە سەرنجی ئەو ناسکییەت بدایە، ئەو لاوازییە سیحراوییەت لە چاو و دەنگ و هەستان و دانیشتنیدا هەست پێبکردایە، دەتزانی باسی چی دەکەم. ڕۆحێکە وەک ئەوەی ئاو ڕوونی خۆی و تەم تەنکی خۆی و تاریکی نهێنی خۆی خستبێتە ناو... کە لە نزیکییەوە دەوەستیت ناتوانیت خۆشت نەوێت. لە منی پرسی: تۆ دەتوانیت وەک کامەرانی سەلما لە پێناوی خۆشەویستی مندا خەڵک بکوژیت؟. من گووتم: خۆشەویستی تۆ ڕێگای ئەوەم لێدەگرێت، ئازاری مرۆڤەکانی تر بدەم. لێیپرسیم: ئەی ئەگەر ناچاربوویت لە پێناوی مندا بچیت بۆ شەڕ، ببیت بەسەرباز، لە خۆت ببوریت و بڕۆیت بۆ کوشتار لەگەڵ ئێرانییەکاندا، دەچیت یا نا؟. من نەمزانی چی وەڵامبدەمەوە، خۆی هەستیکرد نازانم چی وەڵامبدەمەوە. پێیگووتم: ئەو کەسەی ئەم یارییە دەکات دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، ئاخۆ ئامادەیە لە پێناوی خۆشەویستەکەیدا بمرێت یان نا ؟ ئامادەیە بچێت بۆ شەڕ یاخود نا؟ ئامادەیە سەفەری زەمینی دوور بکات؟ ئامادەیە بەبێ هیواش درێژە بە خۆشەویستییەکەی بدات؟. دواتر بە هەموو ناسکی خۆیەوە گووتی : ئەی ئەگەر من داوات لێبکەم کامەرانی سەلما و خالید ئاموون بکوژیت تۆ چی دەکەیت؟. هێند ناسک بوو، وشەکان وەها سیحراوی لەلێوی کەوتنە خوارێ، وەک ئەوە نەبوو باسی کوشتن بکات. بێئەوەی بزانم، بێئەوەی بیربکەمەوە وەڵامێکم دایەوە کە هەموو عاشقێکی دونیا لە دێر زەمانەوە دەیدەنەوە و گووتم: خۆشەویستی تۆم لە خۆم و دونیا لا گرنگترە، هیوادارم ئەوە مەرجی تۆ نەبێت، بەڵام گەر بزانم ئەوە خۆشەویستی من دەسەلمێنێت، هەموو شتێ دەکەم. برادەر نازانم

چۆن وامگووت، بەڵام دڵنیابە لەو کاتەدا قسەکان لە ناخی دڵمەوە دەهاتنەدەرێ».

مەنسور ئەو شەوە لە هەر کاتێکی دی باریکتر و لاوازتر دیاربوو، بەدەنگێک قسەیدەکرد تۆنی پەشۆکانێکی قووڵی پێوەبوو، لاوازییەک لە هەناسەدان و دەست جوڵاندنیدا بوو مرۆڤ بەزەیی پێدادەهاتەوە. دیاربوو بای زستان زۆر یاری بەقژی کردوە، هەر کەدەتبینی هەستتدەکرد بە ناو سەرمایەکی زۆردا تێپەڕیوە، وەک ئەوەی لە ڕۆحیدا بەفرێکی زۆر باریبێت. گەرچی لە گرنگترین چاوپێکەوتنی ژیانی دەهاتەوە، بەڵام جلەکانی گەلێک سادەبوون، کەمێک ڕیشی هاتبوو، کەمێک پەرتبوون و ناتەبایی بە هەموو شتێکیەوە دەبینرا، ساقی مەحمود زۆر هێزی دایەبەر، سەرەتا تەنیا نیازی بوو ئەو ڕۆحی لاوازییە لە مەنسور ئەسریندا بکوژێت، بەڵام نەیدەزانی چۆن دەست پێبکات. ژوورەکەی تیپی هەرزاڵ شوێنێکی ساردبوو کە ئەو تەنیا عەلادینە بچکۆلەیە گەرمی نەدەکرد کە ساقی دایگیرساند. مەنسور ئەسرین هەستیدەکرد سەرمای ژوورەکە زیاتر ئازاریدەدات، سەرمایەک بوو ژێر زەمینەکەی خدرۆ دوویاری بە یاداهێنایەوە، ئەو ساتەی هەستی بە ئازاری چەقۆکەی کامەرانی سەلما کرد لەسەر سنگی. ساقی مەحمود گەرچی گۆرانیبێژبوو، گەرچی لەگەڵ جوزەلە و دەفدا گۆرانی دەگووت، گەرچی گۆرانییەکانی زۆربەیان بەزمساز و سەرگەرمکەر بوون، بەڵام لە ژیانی خۆیدا کەسێکی هێمن بوو، لە جێگایەکی تایبەتی بوتڵێکی عارەقی دەرهێنا کە دیاربوو پێشتر کەمێکی لێخورادۆتەوە و گووتی «مەگەر بە یارمەتی عارەق باش بیربکەمەوە. چاوی ساقی من تا مەست نەبم ناتوانم شتێکی باش بڵێم. بەڵام کوڕی من تۆ ئێستا وەک ڕەمزی خۆفیداکاری عاشقان وایت، هەر دەورۆزەمانێک یەکێک وەک ڕەمزی عاشق دەردەکەوێت، ئەو ڕووداوەی ژێر زەمینەکەی خدرۆ دوویار تۆی کرد بە کەسێکی تر... شارەکە و

کچ و کورەکانی پێویستیان بە شتێکە، پێویستیان بە یەکێکە باسیبکەن و چاوی لێبکەن... ئێستا گەر تۆ بڵێیت، من عاشقم، بەڵام سوپاس، لە ماڵی خۆمدا دادەنیشم، عەشقم تا بەردەرکی ماڵی خۆمان بڕدەکات و ئیتر بەسمە... دەزانیت چی دەبێت ؟ دەزانیت چی دەقەومێت؟ . هەرچی سیحرێک لە دەوری ناوی تۆ دروستبووە بەتاڵ دەبێتەوە...».

ساقی مەحمود پێکێک عارەقی تێکرد و هەڵیدا و گووتی «کچەکەی گوڵدانچی لەوانە نییە، بەس بیەوێت شوویکات، زۆربەی کچی شار دەیانەوێت شوویکەن و خواحافیز... بەڵام ئەم کچە لەو جۆرە نییە، ئەوەی وا دەریکەویت کە دوودڵیت، کە ناتەوێت قوربانی گەورە بدەیت، وادەزانم کیژەکەت لە دەست دەدات».

ساقی مەحمود قومێکی لە عارەقەکە دەدا و جگەرەیەکیشی لەگەڵدا دادەگیرساند و دەیپرسی: «بەڵام مەنسور ئەسرین بە ڕاستی... بە ڕاستی تۆ ئەم کیژەت خۆشدەوێت؟».

مەنسور بە غەمگینی گووتی «ئەوەندەم خۆشدەوێت دەترسم توانام و بەختم خیانەتم لێبکەن... دەترسم ئەم خۆشەویستییە هەموو لاوازییەکانم دەربخات، دەترسم بەجۆرێک بێهێزبم نەتوانم شەڕی بۆ بکەم... بەجۆرێک پڕمبکات لە خۆشەویستی، ئەو کینەیەم تێدا نەبێت کە هەموو عاشقێک پێویستی پێیەتی».

ساقی مەحمود جگەرەکە بە لێوییەوە بوو، کەمێک گڕی عەلادینەکەی زیادکرد و بێئەوەی جگەرەکەی دابنێت گووتی «ئەمەیان تەنیا خۆشەویستی نییە، شەڕێکی گەورەیە. من لەو دەقیقەیەوە کە چیرۆکەکەم بیست، زانیم مەسەلەکە هەر خۆشەویستی نییە، بەڵکو شەڕە... بەڵام هەر تاقمە و بەچەشنی خۆی دەیکات. مەنگوڕی بابەگەورە و تاقمەکەی تەنیا چەقۆبازیدەکەن، ئەو سەگسارانە جگە لە چەقۆ وەشاندن هونەرێکی تریان پێ نییە، مەنگوڕ خۆی سەگێکی دڕ و بێویژدانە. تۆ

لە من بپرسە، سەردەمێک بەس خودا دەزانێت چۆن و چەند ئازاری خەڵکی ئەم شارەیان دەدا، تێدەگەیت خەریک بوو بتکوژن... من ئەوەم لەبیرناچێتەوە... تۆ کوڕی نزیکترین هاوڕێی من، شەمپانزییەکی وەک مەنگوڕ بتداتە بەر چەقۆ... هەروا سووک و سادە، لەسەرچی؟ لەسەرئەوەی کچێکی وەک خۆتت خۆشدەوێت. ئەو قەبیلەی مەیمونە لە چەقۆ زیاتر هیچی تر نازانن... ئێستا کچەکەی فیکرەت گوڵدانچی، وادەزانێت هاتۆتە ناو شارێکەوە پیاوەکانی هەموو وەک سەگ وەهان... هەموو هەقێکیش دەدەم بەو کچە گەر هەموومان وەک کۆمەڵێک وەحشی و جانەوەر سەیربکات. خانمەکە وەک تۆ دەڵێیت لە ناو کتێب و زانستدا گەورەبووە، ئەم سەگبازاڕەی نەدیوە، نەیبیستووە یەکێک بێت و هەموو شتێک بکات بە ئاهەنگی مەیمون و مەسەلەی ژن و ژنخوازی بەو جۆرە بگۆڕێت بۆ بەزمی کۆمەڵێک سەگ...».

ساقی مەحمود کە تووڕە دەبوو، چاوانی زیاتر دەدرەوشانەوە. مەنسور بە وردی گوێی لە ساقی گرت و بەغەمگینی گووتی «دەزانم، دەبێت ئەو توانایە لە خۆمدا دروستبکەم کە دڕبم، بتوانم دەست بوەشێنم... گەر وانەکەم شانسم نییە».

ساقی پتر سوور دەبووەوە، جگەرەکەی دادەگرت و کەمێک سنگی پاکدەکردەوە و دەیقرغاند و دەیگووت «ئینجا ئەم ئامووزیانە... تێدەگەیت... کە هیچ نین جگە لە عەبدی پارەکانیان، قەبیلەیەکن لەسەر بەرماڵی دینار نوێژدەکەن... بەس خودا دەزانێت چەندە لە پیاوانی دەوڵەتەوە نزیکن، چەندە لەگەڵ ئاسایشی دەوڵەتدا دەستیان هەیە، من گۆرانیبێژێکم خەریکە بە ساڵدا دەچم، بەڵام عەقڵم هەیە، کە گۆرانی دەڵێم چاوم ئێشدەکات، تێدەگەیت، لە ئاهەنگەکاندا کە دەیکەمە بەزم، هۆشی خۆم ناخەوێنم... خەڵکی دەڵێن دەنگم پیربووە، دەڵێن تۆنەکانم بەڕاستی وەک جاران بۆ دەرنایەت، هەستانەکانم وەک جاران

نەماون... هەمووی ڕاستە، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە هەموو وەخت بە دڵ گۆرانی ناڵێم... کە ئەو سەگسارانە دەمبەن و ناچاردەبم بۆ پارەی مەعیشەتەکە فووی پیا بکەم، لە دڵەوە نایڵێم، شتێک نەمجوڵێنێت ناتوانم لە دڵەوە بیڵێم... دەیانبینم... هەموو قەبیلە ساختەچییەکانی ئەم شارە دەبینم... ژنە بەڕێز و مێردە باشەکانیان، چەند لەو ئەمنە عەرەبانەوە نزیکن... نابێت سەوسەن بکەوێتە داوی ئەوان...».

ساقی مەحمود هەر کات لە دڵەوە قسەیبکردایە، پاکییەکی قووڵ لە ناویدا دەدرەوشایەوە، قژە ماش و برنجییەکەی، ئەو نوسانە کەمەی دەنگی کە بە کاریگەریی خواردن و جگەرە دروستبووبوو، ئەو چەمینەوە کەمەی بە حوکمی پیری تیا دەردەکەوت زیاتر تایبەتمەندییان پێبەخشیبوو... بەدرێژایی ژیانی بە جلی کوردییەوە دەسوڕایەوە، هەمیشە بۆنی توتن و جگەرە و عارەقی لێدەهات، هەموو وەک گۆرانیبێژێک دەیانناسی کە لەکاتی گۆرانییەکانیدا پێناکەنێت، کە خەڵک بە ئاوازەکانی دەهاتنە جۆش، ئەو وچانەکانی بە کاردەهێنا تا زیاتر قوم لە عارەقەکەی بدا، لە سەر هەر شانۆیەک بایە دەبوو لە پشت پەردەکانەوە شوێنێک بۆ بوتڵی مەییەکەی سازبکات. زۆر دەیخواردەوە، بەڵام کەس بەدمەستی پێوە نەبینیبوو، کەچی توڕەبوونەکانی خێرابوون، هەمیشە بەجۆرێکی کتوپڕ سوور هەڵدەگەڕا. هەموو دەیانگووت پیری ساقی مەحمودی جوانتر کردوە، چرچە قووڵەکانی دەموچاوی زیاتر سیمایان لە سیمای هونەرمەند نزیککردبووەوە. ئەو شەوە گووتی «بەشی هەرە زۆری ئێمە نازانین چیمان دەوێت، بەڵام کچەکەی فیکرەت گوڵدانچی دەزانێت چی دەوێت، ڕەنگە ئێستا باوەڕم پێ نەکەن، بەڵام کچەکە شتێکی دۆزیوەتەوە کە ئێمە لە ژیانی خۆماندا ونمانکردوە، کچەکە دەزانێت دەڵێت چی و چی دەپرسێت، ڕەنگە تاکە ژنێک بێت لە ژیانمدا بینیبێتم کە دەزانێت چی دەوێت، من عومرم لەم بەزمی مەیمونەدا بردۆتەسەر، خەڵکی ئەم

شاره زۆربەیان لە هۆش و گۆشی خۆیان بەخەبەر نین و نازانن چییان دەوێت... لەم شایی چەقەڵەدا کەس نازانێت بۆچی هەڵدەپەڕێت... بەڵام ئەم سەوسەن گوڵدانچییە لە توخمێکی ترە، بۆیە هەر هەڵەیەکی بچوک شانسی ئێمە لەلای ئەو دەکوژێت، کچەکە بۆ ئاوازێک دەگەڕێت... گەر شتێکی تری بۆ بژەنین سوودی نییە... دەبێت بزانین کە دەیەوێت گوێی لە چی بێت، گەر وانەبێت ئێمە دۆڕاوی یەکەمین».

ئەو شەوە تا درەنگ قسەیانکرد، لەسەر ئەوە تەبابوون کە مەنسور بە سەوسەن بڵێت «ئامادەم لە پێناوی تۆدا بڕۆم بۆ دوورترین شوێنی زەمین... بێئەوەی ئومێدی ئەوەم هەبێت کە دەگەڕێمەوە، تۆ بۆ من بیت». ئەوە ئەو ڕستە سیحرییە بوو کەسەوسەن داوایدەکرد، ئەو ڕستەیە بوو کە دەبایە مەنسور ئەسرین لە دڵەوە بیڵێت.

٢٠

لەو هەفتەیەدا چاوەڕوانییەکی گەورە باڵی بەسەر هەموو شاردا کێشا، هەموومان بە جۆرێک لە جۆرەکان سەرگەرمی بیرکردنەوە لە مانای قسەکانی کچەکەی گوڵدانچی بووین، بەڵام لەو ڕۆژانەدا هەواڵێکی ئەوتۆ گرنگ لە ماڵی ئەوانەوە نەهاتەدەرێ. خەڵکانێکی زۆر شاهیدبوون کە سەوسەن گوڵدانچی لەگەڵ باوکیدا دوو جار لە بەڕیوەبەرایەتی پۆستەوە لەگەڵ ژمارەیەکی دەرەوەی وڵاتدا تەلەفۆنیکرد، هەر دوو جارەکە سەوسەن کراسێکی سپی لەبەرداو و ملوانکەیەکی ڕەشی لە ملدا بوو، هەر دوو جارەکە لە تاکسییەکی کۆندا لەبەردەم پۆستەدا دابەزی و هەر بەهەمان تاکسیش گەڕایەوە بۆ ماڵێ. لەو دوو هەفتەیەدا هەمووان چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد سەوسەن وەک جاران لەگەڵ کچانی دیکەی خێزانی گوڵدانچیدا لە بازاڕ و قەیسەری و کوچەی کۆنەفرۆشەکاندا دەربکەوێت، بەڵام پێدەچوو کچانی بنەماڵەی گوڵدانچی بەهۆی ڕەشەبا و سەرما و نالەباری ئەو وەرزەوە هەموو چوونە دەرەوەکانیان دواخستبێت. کەسانێک کە خۆیان بە دۆستی نزیکی گوڵدانچییەکان دادەنا هەوڵێکی زۆریان دا شتێک دەربارەی بیرکردنەوە و بڕیاری سەوسەن لە ناسیاوەکانیانەوە بزانن، بەڵام ماندووبوونیان بە هەدەر ڕۆی، چونکە گوڵدانچییەکانیش نەیاندەزانی سەوسەن چۆن بیردەکاتەوە. هەتا پرۆسەی خوشکیشی زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەر نیازی سەوسەن نەبوو. هێند هەبوو لەدوای چاوپێکەوتنی

داواکارەکان سەوسەن بەتەواوەتی کشایەوە بۆ ناو کتێبخانەکە، لە جاران زیاتر چای دەخواردەوە، لە جاران زیاتر بایەخی بە ئینجانەی گەڵاچاکان دەدا، زیاتر حێل و شەکری بەکاردەهێنا. زۆربەی کات لە کتێبخانەکەدا لەسەر کۆمەڵێک نەخشەی گەورە ئیشیدەکرد، دەیەها ئەنسکلۆپیدیای گەورە و ئەتڵەسی تایبەتی بە جوگرافیای هەموو کیشوەرەکانی سەرزەمین لەسەر مێزەکەی کەڵەکەبووبوون، بە گەلێک ڕاستە و پرگال و ڕۆژژمێری کۆن شتگەلێکی حیسابدەکرد کە کەس بەدروستی نەیدەزانی چین. بەڵام لەجارانیش زیاتر تووشی سەرئێشە دەبوو، زیاتر حەبی دەخوارد و ڕەنگ پەڕیووتر دەردەکەوت. شەوانیش تەنیا کاتێک دەچووە ژێر جێگاکەوە کە هەمووان خەوتبوون و کەس ئاگاداری نەبوو. ئەو هەفتەیە فیکرەت گوڵدانچی زۆر بەوردی چاوەدێری هەموو ڕەفتارەکانی کیژەکەی کرد، هەتا خۆشی بە پێچەوانەی عادەتی خۆیەوە زۆر کەم لە ماڵ چووەدەرێ، دیارە سەختی زستان ڕۆڵێکی گەورەی لە قەتیسبوونی فیکرەتدا هەبوو، بەڵام بەشێکیشی ئەوەبوو کە دەیویست لە نزیکەوە ئاگاداری سەوسەن بێت، کە هێدی هێدی بۆ باوکەکەش وەک تەلیسمێکی گەورەی لێدەهات. دوای هەفتەیەک فیکرەت گوڵدانچی بۆ یەکەمجار چووە کتێبخانەکەوە، هەر کات فیکرەت گوڵدانچی لەبەردەم کچەکەیدا دەوەستا، وەک ئەوەبوو لە بەردەم بوکەشوشەیەکدا بوەستێت کە خۆی ڕۆحی کردوە بەبەردا. فیکرەت ئاگاداری ئەوە بوو کچەکەی چ پرسیارێکی لە داواکارەکان کردوە، دوای دوو شەویش لە چاوپێکەوتنی داواکاران داوای لە باوکی کرد لە ڕێگای برادەرەکەیەوە لە ئینگلترە، یەکێک لە هەرە گەورەترین و گرنگترین فەرهەنگە تایبەتییەکانی باڵندەی لە دونیادا بۆبێت، لەگەڵ چەند ئەتڵەسێکی زۆر گران کە دابەشبوونی مەل و پەلەوەرەکان لەسەر زەوی نیشاندەدەنەوە. بەوەدا باوکی بەدروستی نەیدەزانی کیژەکە چی دەوێت، بۆ ڕۆژی دوایی بە تاکسییەک بردی بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆست تا

خۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاوڕێ دێرینەکەیدا قسەبکات. بەڵام سەوسەن تا ئەوکاتەش شتێکی ئەوتۆی لای باوکی نەدرکاند پیشانی بداتەوە چی لە خەیاڵدایە. ئاشکرا کچەکە خواستێکی قووڵی تێدابوو، شتەکانی خۆی بە نهێنی بهێڵێتەوە، بەڵام فیکرەت گوڵدانچی هەستیکرد وردە وردە کێشەکە دەچێتە جێگایەکەوە دوور نییە بەرەو مەترسی گەورە بڕوات. ئەو شەوە کە چووە ژوورەکەی سەوسەن و لە قەنەفە چەرمەکەی خۆیدا بەرامبەری دانیشت، وەها خۆی دەرنەخست کە هاتووە شتێکی تایبەتی لە کچەکەی دەربهێنێت، ماوەیەک لە کتێبێکی کۆندا دەربارەی «پاشا دێرینەکانی فارس» شتێکی خوێندەوە و دواتر لەسەرەخۆ لەسەر دوا هەواڵەکانی شەڕی عێراق و ئێران قسەیانکرد. هەردووکیان بەردەوام لە دوو ڕادیۆی جیاوازەوە گوێیان لە هەواڵەکانی جیهان دەگرت، خولیای سەوسەن بۆ ئەوەی وەک پیاوە پیرەکان گوێ لە دەنگوباسی ڕادیۆ بیانییەکان بگرێت، هەردەم مایەی سەرسامی فیکرەت گوڵدانچی بوو. سەوسەن لە هەموو شتێکدا پێچەوانەی پڕوشە بوو، جیاوازییەکانیان بە چەشنێک بوو لە دوو نەیار دەچوون. پڕوشە بە هوشیارییەوە بێئاگایی لە جیهان هەڵبژاردبوو، کچێکی گەلێک دڵناسک و ڕۆحبەکوڵ بوو، نە حەزی بەدەنگوباس بوو و نە دەیویست بزانێت لە دونیادا چ باسە، پڕوشە جگە لە شتە بچوکەکانی دەوروپشتی بایەخێکی ئەوتۆی بە هیچ نەدەدا، لەو کاتەوەی هاتبوونە شار، هەموو خەیاڵی لەسەر جوانکردنی دیکۆرەکان و پاککردنەوەی شتە ئەنتیک و توحفەیاتەکانی باوکی بوو. پاککردنەوەی ڕۆژانەی ماڵ و شتنی بەردەوامی پەردەکان و پاکڕاگرتنی شێتانەی حەوش و هەیوانەکە بەشێک بوو لە ڕیتوالێکی دەرونی قووڵ کە ئەگەرچی زۆر کامەرانی دەکرد، بەڵام لەگەڵ گەنجی و قەشەنگی ئەودا نەدەگونجا. پڕوشە کەدەچووە بازاڕیش گەڕان بەدوای قاپی قەشەنگ و سفرەی تایبەتی و تابلۆی ناوازەدا، خولیای هەرە گەورەی بوو. ئەمە جگە لەوەی هەموو جلە سەربازی و

قاتە مەدەنییەکانی مێردە گەنجەکەی و براکەی بە خاوێنی لە دۆلابێکدا هەڵگرتبوو، کە ناوی نابوو «دۆلابی یادگارە تاڵەکان». بەوەدا خوشکە بچوکەکەی بە شتێک لە لوتبەرزی لە خوشکەکەی دەڕوانی، بەردەوام شتێک دەهاتە پێشی وای لە پرۆشە دەکرد دەستبکات بە گریان. بەوەدا کچەکە بەدەگمەن کتێبێکی بخوێندبایەتەوە، بەدەگمەن بایەخی بە دەنگوباس بدایە، هیچ شتێکی لەسەر مێژووی دونیا نەدەزانی، ئیدی سەوسەن هەمیشە بۆنەیەکی دەدۆزییەوە بریندارییبکات، بەشێوەیەک فیکرەت گوڵدانچی بەردەوام بەڵام بێدەرەنجام لە هەوڵی ئەوەدا بوو پەیوەندی دوو خوشکەکە ئاساییبکاتەوە.

ئەو شەوە گوڵدانچی دوای ئەوەی باسی دوا هەواڵەکانی دونیای لەگەڵ سەوسەندا کرد، لە کیژەکەی پرسی ئاخۆ سەبارەت بە خوازبێنیکەران گەیشتۆتە بڕیارێکی تایبەتی؟. سەوسەن گووتی «گرنگترین بڕیارێک پێیگەیشتبم ئەوەیە ئەو سێ کەسە بەستەزمانە ڕزگاربکەم... ئەوان دەبێت من و ئەم شارە و ئەم دونیا بچوکەی ئێرە لە بیربکەن. هەرسێکیان شایستەی ئەوەن یارمەتیانبدەم، منیان بە جۆرێکی شێتانە خۆشدەوێت، سێ گەنجن و سێ دڵی گەرمیان هەیە... شووبکەم بە هەر یەکێکیان دڵی ئەوانی تر دەشکێت. بەڵام ئەوان منیان بۆیە خۆشدەوێت چونکە هیچ شتێک دەربارەی دونیا نازانن... ڕۆژێک کە شتێک دەربارەی دونیا فێربوون، لەوانەیە ئیتر منیان خۆش نەوێت... ئیتر ئەو کات ڕقیان لە یەکتر نابێت».

فیکرەت گوڵدانچی بە تێفکرینێکی قووڵەوە قاچی خستە سەر قاچی و گووتی « ڕق ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دڵی مرۆڤدا نامرێت... دڵی بەشەر دەتوانێت ڕق بە جۆرێکی باشتر لە خۆشەویستی هەڵگرێت، ئەزموونی من لەگەڵ ژیاندا پێمدەڵێت، خۆشەویستی شتێکە دێت و دەڕوات، بەڵام ڕق ناڕوات، یان زۆر بەزەحمەت دەڕوات... ڕەنگی دەگۆڕدرێت، بەڵام لە

ناوناچێت».

سەوسەن بە زەردەخەنەیەكی تاڵەوە گووتی «هۆكەی ئەوەیە مرۆڤ لە جێگای خۆی ناجوڵێت، گوڵدانچی... مانەوەی دووروودرێژ لەیەك جێگادا، كینە دروستدەكات... مرۆڤ گەر كۆچبكات، گەورەیی دونیا تاقیبكاتەوە، كاتی بۆ شتی بچوك نامێنێت».

«هەڵبەت كچم، زانیارییەكانی تۆ لەسەر مرۆڤ هێشتا وەك پێویست قووڵ نین. مرۆڤ مەخلوقێكی گەڕۆك نییە، مرۆڤ چەند دوور بڕوات هەر دەگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان، پێمبڵێ: بۆ سەندباد لەدوای هەموو سەفەرێك دەبوو بچێتەوە بۆ بەغداد، بۆ یۆلیسیۆس دەبوو بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی؟. تۆ هەموو ئەو تێكستانە دەناسیت و لە منداڵییەوە بیستووتن... خۆشەویستی و ڕق لە كوێ بن، مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆئەوێ».

سەوسەن كتێبەكەی داخست و بۆ ئێستێك دەستی خستە سەر سنگی و وەك بەزەحمەت بتوانێت هەوا هەڵمژێت، هەناسەیەكی وەرگرت و وەك شتێك لە خۆی دووربخاتەوە دەستی جوڵاند و گووتی «گوڵدانچی گوێم لێبگرە، ئەگەر ئەو سێ پیاوە لەم شارەدا بمێننەوە، دەكەونە گیانی یەك، تۆ نازانیت چەند ڕقیان لە یەكە. من دەتوانم هەر سێكیان ڕەتبكەمەوە، من عاشقی كەسیان نیم... واناڵێم لەبەرئەوەی تۆ باوكمیت یان شەرمدەكەم... بەڵكو لەبەرئەوەی دڵی من بەجۆرێك لە جۆرەكان خاڵی دروستبووە... بەلام ئەوان هەر سێكیان كوڕی باشن، هەر یەكەیان جوانییەكی تێدایە ئەوی تریان نییەتی، هەر سێكیان دەتوانن ببن بە سێ مێردی دڵسۆز. دڵنیاتدەكەمەوە گوڵدانچی هەر سێكیان دەبن بە سێ مێردی باش، ڕەنگە بۆ هەر كچێكی دی لە پور و ئامۆزاكانم مێردی زۆر باش بن، بەلام گوڵدانچی من بەجۆرێكی تر دروستبووم. لە ئێستادا من هەر یەكێكیان هەڵبژێرم دووانەكەی تر بە حەسرەتەوە دەكوژم... لەوانەیە ئەم حەسرەتە لە كۆتایشدا هەر بمێنێت، بەلام باشتر وایە

بڕۆن... بەڵکو لە جێگایەکی زەمیندا بوەستن، بەڵکو لە دوورگەیەک یان شارێکی دونیادا ژنێکی دی ببینن و عاشقی ببن و لەوێ نیشتەجێبن و من لە یادبکەن. من نازانم ئاخۆ دەگەڕێنەوە یا نا... بەڵام لە ئێستادا باشترە دووربکەونەوە... من تەنیا ئەوەم بۆدەکرێت دووریان بخەمەوە، بۆ ئەوەی جیهان ببینن، بۆ ئەوەی گەر گەڕانەوە شتێکی ئەم دونیا گەورەیەم بۆ بهێنن شادمبکات، یان تۆ لەو باوەڕەدا نیت من شایستەی ئەوەبم کەسێک بڕوات و لەوسەرەوە شتێکی ئەم دونیایەم بۆ بهێنێت، ها بە شایستەی ئەوەم نابینیت؟». گوڵدانچی سەری بادا و گووتی «نا سەوسەن، تۆ شایستەی ئەوەیت. بەڵام من دەپرسم بۆ واز لە چیرۆکی ئەم شووکردنە نامێنیت و خۆت بڕۆیت، لەم کتێبخانەیە وەرە دەرەوە و بڕۆ. من باوکتم، هەموو شتێک دەکەم بۆ ئەوەی بۆ هەر جێگایەک بتەوێت سەفەربکەیت». سەوسەن بێئەوەی بیربکاتەوە و بوەستێت گووتی «گوڵدانچی من هەندێجار کە لەگەڵ خودادا قسەدەکەم دەڵێم، خودایە بۆ زەویت وەها گەورە دروستکرد، بۆ کیشوەرەکان بەمجۆرە بەرین و دەریاکان بەو چەشنە بێسنوورن. بۆ مرۆڤ لەم گەردونە گەورەیەدا مەحکومە بە بینینی هەندێ شوێنی چکۆلانە، مەحکومە بە دیلی لە یەک ماڵ و لە یەک شار و یەک بستە زەویدا. باوکە من دەزانم، من هەتاهەتایە لەم قەفەزەدا دەبم، من باڵم نییە. نامەوێت زۆر بیر لە هۆکان بکەمەوە، بەڵام سەیرمکە من کچێکی نەخۆشم و باڵم نییە. یەکێکی وەک من کە تەنیا باوکێکی پیر و بەدبەختی هەیە ناتوانێت ببێت بە دونیادیدە. ناتوانم تۆ و ئەم کتێبخانەیە جێبهێڵم... ناتوانم. لەبری ئەوە دەمەوێت شوو بە پیاوێک بکەم کە بۆنی دونیای لێدێت، بۆنی ئەم ئەستێرەیەی لێدێت، کە دەست لە دەستی دەدەم دەبێت بزانم کە دەستی بەر گوڵە سەیرەکان کەوتووە، بزانم لە ئاوە دوورەکاندا دەموچاوی شتووە، کە دەست لە سنگی دەدەم هەوای دارستانە دوورەکانی

تێدابێت. هه‌ستبكه‌م له‌سه‌ر ئه‌م ئه‌ستێره‌یه ژیاوه. من به‌زه‌یم پیایاندا دێته‌وه كه ده‌ڕۆن... كه ئه‌م شاره به‌جێده‌هێڵن، به‌ڵام گه‌ر تامردن له‌م شاره بچكۆله‌یه‌دا بژین، ئه‌وكات زیاتر به‌زه‌ییم پیایاندا دێته‌وه... به‌زه‌یم پیایاندا دێته‌وه كه به‌جلی سه‌ربازییه‌وه بیانبینم، به خۆیان و پۆستاڵ و بێرییه‌كانیانه‌وه بچن بۆ جه‌نگ و وابزانن ژیاون. مرۆڤ گه‌ر یه‌ك ڕۆژیش بچێت بۆ جه‌نگ تا مردن بۆنی باروتی لێدێت. باوكه، من ماوه‌یه‌كی درێژه بیر له‌وه ده‌كه‌مه‌وه گه‌ر لێره بژین، چییان به‌سه‌ردێت... ده‌بن به فه‌رمانبه‌رێكی بچوك، یان ده‌بنه دوكاندارێك كه به‌دیار بۆدره و عه‌تره‌وه پیرده‌بێت، یان له شه‌ڕه چه‌قۆیه‌كدا ده‌كوژرێت... باوكه، من چه‌ند بیری لێده‌كه‌مه‌وه ناتوانم گوناهی وه‌هایان به‌رامبه‌ر بكه‌م، ناتوانم له ژیانێكی وه‌هادا گیریانبكه‌م. سبه‌ی ده‌ڕۆن یان دوو سبه‌ی یان هه‌ر ڕۆژێكی دی... هه‌موو هیوام ئه‌وه‌یه كه تا ماندووده‌بن زه‌وی بگه‌ڕێن... گه‌ر هه‌رگیز نه‌گه‌ڕانه‌وه ئه‌وا من له دڵه‌وه دۆعایان بۆده‌كه‌م به‌خته‌وه‌رین... ئه‌وان خۆیان نازانن كه چ ژیانێكی پوچ ده‌ژین، هیچ مرۆڤێك له‌م شاره‌دا نازانێت چ ژیانێكی پوچ ده‌ژی، هیچ مرۆڤێك... به‌ڵام باوكه، كاتێك بڕۆن و دونیاببینن، منیان له بیرده‌چێته‌وه... له قووڵایی دڵه‌وه حه‌زده‌كه‌م منیان بیربچێته‌وه، به‌ڵام گه‌ر منیشیان بیرنه‌چێته‌وه هه‌ر به‌خته‌وه‌رده‌بم، چونكه ئه‌و كات ئیتر دڵنیاده‌بم كه عاشقی گه‌وره‌م هه‌یه، عاشقێك بینینی دونیا، بینینی ژنه جوانه‌كانی سه‌ر زه‌مین منی له بیر نه‌بردۆته‌وه. گه‌ر له شاره دووره‌كاندا بۆنی خاكی تر و دره‌ختی تر مه‌ستیكردن، ئه‌وكات گوڵدانچی ڕه‌نگیان ده‌گۆڕێت، ژیانیان ده‌گۆڕێت، ئیتر كاتێك ده‌گه‌ڕێنه‌وه بۆ ئێره ده‌بن به كه‌سێكی تر... به‌ڵام دڵنیام زۆر كه‌س تێم ناگه‌ن، نه لێره و نه له‌ده‌ره‌وه... زۆر كه‌س تێم ناگه‌ن. ئا باوكه له هه‌ر شتێك گرنگتر ئه‌وه‌یه ببینم كه ئه‌وان دوای ئه‌وه‌ی دونیا ده‌بینن چۆن سه‌یری من ده‌كه‌ن... ها... ئاخۆ من كچێكم دوای بینینی

دونیاش مرۆڤ هەر دەتوانێت عاشقم بێت... ئەوە لە پرسیارەکانی تر گەورەترە. من نازانم، چۆن دەتوانم خۆشەویستی پیاوێک قەبووڵبکەم کە هیچ لە دونیا نازانێت؟».

بیرۆکەکەی سەوسەن، فیکرەت گوڵدانچی زۆر سەرسامکرد. پێشتر حیکایەتی ئافرەتێکی نەبیستبوو بەو چەشنە لە مەراقی وێنەی خۆیدا بژی، ئەوەی تێبگات داواکارەکانی چۆن دەیبینن دوای ئەوەی جیهان دەبینن، سەیرترین تاقیکردنەوەیەک بوو مەخلوقێک خۆی بۆ تەرخانبکات. پێشتر تەنیا ئەو مرۆڤانەی بینیبوو کە بایەخێکی ئەوتۆ بە وێنەی خۆیان نادەن، یاخود بە وێنەی یەکەمی خۆیان ڕازی دەبن و تادەمرن پێوەی دەژین. بەڵام ئەوەی سەوسەن پێیوابێت ئەو مرۆڤانەی جیهانیان نەبینیوە ناتوانن بەڕاستی هیچ ببینن، بڕوایەکی نائاسایی بوو. فیکرەت گوڵدانچی هەمیشە باوەڕی وابووە کە جیهان ئاوێنەیەکی گەورەیە، بەڵام چەشنە ئاوێنەیەکە مرۆڤ بۆ ئەوەی وێنەی خۆی تیا بدۆزێتەوە دەبێت بچێتە ناوی، تەنیا ئاوێنەیەکە لە مدیوەوە وێنەی خۆمان نابینین، بەڵکو دەبێت بڕۆینە ئەودیوی و لە ناویدا مەلەبکەین، ئەوانەی کە دەچنە ناو ئاوێنەکەوە شتەکان بە جۆرێک دەبینن جیاوازە لە بینینی ئەوانەی کە نەچوونەتە ئەو دیو ئاوێنەکە. بەڵام سەوسەنی کچی ئەوەتەی لەدایکبووە لەو کتێبخانەیەدا دەژی، کچەکە ناتوانێت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دونیاوە بکات. کچەکەش وەک ئەو دیلی ئەو کتێبخانە گەورەیە بووە. ئێستا دڵنیابوو هیچ زیندانێک لە زیندانی کتێبخانە قایمتر و تاریکتر و ئەستوورتر نییە، هەر کەس یەکجار کەوتە زیندانی کتێبخانەوە ئیتر تا مردن ناتوانێت بێتەدەرێ. لە دڵی خۆیدا گووتی «کتێب تەنیا زیندانە مرۆڤ لێیدەرناچێت». لە نیهانی خۆیدا گووتی کچەکە دەیەوێت هەموو دونیا لە ڕێگای کتێبەوە بناسێت، ئەو بۆ پیاوێک دەگەڕێت لە کتێبێکی گەورە بچێت، بتوانێت سەیری چاوی بکات و دونیای لە ناودا بخوێنێتەوە.

فیکرەت لەو شەوەدا وابیریکردەوە، بۆ ئەوەی کچەکەی بژی دەبێت لەو زیندانە بێتەدەرێ. ئێستا دڵنیابوو تەنیا لەسەر حیسابی وێرانبوونی ئەم کتێبخانە گەورەیە، سەوسەن دەتوانێت ببێتەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی کە لە ماڵێکی ئاساییدا ژیانێکی ئاسایی بژی. دوای ئەو هەموو ساڵە، ئێستا ڕقی لە کتێبخانە گەورەکەی خۆی بوو... زۆر زۆر ڕقی لێیبوو. هەستیدەکرد ئەم شارە خۆشەویستی کتێب و فێربوونی تیا کوشتوە... دڵنیابوو هەموو ئەو زانستانەی لە ژیانیدا کۆیکردونەتەوە سوودێکیان نییە... جگە لەوەی مرۆڤ دەخەنە ناو زیندانێکی گەورەوە، لەم شارەدا سوودێکی ڕاستەقینەیان نییە... ئەو شەوە بەجۆرێک لە زانست و کتێب توڕەبوو، دەیتوانی ئاسان هەموو کتێبەکان بسووتێنێت.

٢١

هەموو دەمانزانی کە هەرسێکیان یەک وەڵام بە سەوسەن فیکرەت دەدەنەوە، هیچ کەسێک نەبوو لە شاردا چیرۆکەکەی بیستبێت و لەو باوەڕەدا بوبێت یەکێک لە داواکاران پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام ئەوکات هەموو واماندەزانی پرسیارەکەی خانمی گوڵدانچی پرسیارێکی سادەیە و هیچی دیکەی بەدوادا نایەت. لە ماوەی دە ڕۆژدا، لەچەند کاتێکی جیاوازدا، هەر سێ داواکارەکە بە سێ نامەی تایبەتی وەڵامی سەوسەنیان دایەوە. جگە لە سەوسەن فیکرەت هیچ کەسی دی نامە ڕاستەقینەکانی نەبینی. سەوسەن هەر سێ نامەکەی بەداخراوی وەرگرت و هەر سێکیانی بە تەنها خوێندەوە و دوای خوێندنەوەیان هەر سێکیانی لە جێگایەکی نهێنی و تایبەتیدا هەڵگرت. ناوەڕۆکی نامەکەی خالید ئاموون و مەنسور ئەسرین ساڵانێکی زۆر بە نهێنی مایەوە، بەڵام نامەکەی کامەرانی سەلما هەر هەمان ڕۆژ لە بازاڕ لەبەردەستی زۆر کەسدا بوو، هەتا هەندێک کەس کۆپییەکی نامەکەیان پێبوو و لە گوزەری هەلاجەکان و لای شەربەتفرۆشەکان و لە مەزاتخانەی گەورە بەدەنگی بەرز دەیانخوێندەوە. تا ئێستاش هەندێک کەس ئەو نامەیەیان لەبەرە، نامەیەکی جوان نەبوو، بەڵکو سادەییەکی تێدابوو مرۆڤی غەمگیندەکرد. کامەران بە خەتە سادە و ناڕێکەکەی خۆی نوسیبووی «سەوسەن خان، بمنێریت بۆ هەر جێگایەکی دونیا دەڕۆم، هەتا بۆ ئەوپەڕی دونیاش، گەر شووشم پێ نەکەیت، هەر دەڕۆم...

تـۆ چیـت دەوێـت دەیکـەم... بـە چ شـتێک دەتوانـم خۆشەویسـتی خـۆم بسـەلمێنم، دەیسـەلمێنم... بـڕۆم بـۆ هـەر جێگایـەک، گـەر لەسـەر داوای تـۆ بێـت، دوودڵـی ناکـەم. بـۆ ئـەوەی بزانیـت کامەرانـی سـەلما چەنـد حـەزی لـە تۆیـە و چەنـد دڵـی بەتۆوەیـە، بـاڵ لـە باڵنـدە و تەیروتیـور قەرزدەکـەم. بـێ ئـەوەی مەرجـم هەبێـت، شـێتی تـۆم، بـێ ئـەوەی مەرجیشـم هەبێـت، هـەر شتێک تـۆ داوایبکەیـت مـن دەیکـەم... مـن دوێنـێ شـەو بـە هاوڕێکانـی خـۆم گـووت کـە لـە ماڵـی سـدیق سـێ دایـەن دانیشـتبووین و قسـەماندەکرد، کـە مـن پێویسـت نـاکات بیربکەمـەوە... چونکـە نازانـم چـۆن بیربکەمـەوە یـان بیـر لـە چـی بکەمـەوە. مـن پێـش ئـەوەی لـەو ژوورە گەورەیـەدا تـۆ ببینـم کـە پڕبـوو لـە کتێـب، تـۆم خۆشدەویسـت، ئێسـتا کەدەزانـم تـۆ ئـەو هەمـوو کتێبـەت خوێندۆتـەوە، شـەیداتربووم... مـن بـە هەمـوو ڕەفیقەکانـم گـووت: کـە تـۆ تاقیمبکەیتـەوە، باشـترە لـەوەی تاقیـم نەکەیتـەوە... مـن حـەزناکـەم زۆر بـە عەقـڵ بیـر لـە شـتەکە بکەمـەوە. مەنگـوڕی ڕەفیقـم دەڵێـت: عەقـڵ درۆزنـە و هـەر بەدرۆزنیـش دەمێنێتـەوە. ئـەو دەڵێـت: عەقـڵ هەمـوو شـتێک تێکـدەدات. بۆیـە مـن بـە عەقـڵ بیـری لـێ ناکەمـەوە، تـۆ چیـت دەوێـت، مـن دەیکـەم... یـەک شـت کـە ناتوانـم بیکـەم ئەوەیـە کـە تـۆم لـە خەیاڵـی خـۆم بـۆ دەرناکرێـت... وەعـدت دەدەمـێ ئەوەیـان قـەت نابێـت... مـن قـەت سەوسـەن خانـم لەبیرناچێتـەوە، لـەوە دەرچێـت هەمـوو شـتێکی تـر دەکـەم».

هەمـوو کـەس دەیزانـی کـە مەنگـوڕ کۆمەکێکـی زۆری بـە کامەرانـی سـەلما کـردوە تـا نامەکـەی دابڕێژێـت، هـەر خۆشـی سـوور بـوو لەسـەر ئـەوەی نـاوی لـە نامەکـەدا بێـت. سەوسـەن لـە هـەر سـێ نامەکـە نیگـەران بـوو. هـۆی دڵتەنگـی و نیگەرانییەکـەی تەنیـا ئـەوە نەبـوو کـە هـەر سـێ نامەکـە «وەک سـاڵانێک دواتـر خـۆی بـۆی باسـکردین» بەسـێ دارشـتنی خـراپ داڕێـژراون، بەڵکو ئەوەبوو هیچ یەک لەو سـێ داواکارە سـەرەڕۆ و جەسـوورە پاشەکشـەیان نەکـرد. ئـەوکات کەسـمان نەماندەزانـی کـە سەوسـەن بەڕاسـتی نایەوێـت شـوو

بە کەسیان بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕامان وابوو ئەو لەدڵی خۆیدا یەکێک لە سێ داواکارەکەی بەدڵە و تەنیا لە ترسی شتێکی نادیار ناتوانێت بڕیاربدات. چەند ڕۆژێک دوای گەیشتنی نامەکان دووبارە فیکرەت گوڵدانچی و سەوسەنمان لە بەردەم دائیرەی پۆستەدا بینییەوە، پێکەوە چوونە ژوورەوە و دوو پێچراوەی گەورەیان وەرگرت و بە تاکسییەکی کۆن گەڕانەوە بەرەو ماڵ. دواتر زانیمان ئەو پۆستە دوو گەورەترین فەرهەنگی تایبەتی باڵندەی لە دونیادا تێدابووە. لەو ماوەیەدا ئامووننییەکان لەلای خۆیانەوە کەسانێکیان دیاریکرد تا شەو و ڕۆژ چاودێری ماڵی فیکرەت گوڵدانچی بکەن، مەنگوڕی بابەگەورەش لە بەردەم ئێمەدا وا خۆی دەنواند کە کەسانی تایبەتی داناوە هەواڵی بۆبهێنن، بەڵام زۆریەمان باوەڕمان پێ نەکرد... هەڵبەت توانای مەنگوڕ بە ئامووننییەکان بەراورد نەدەکرا، ئامووننییەکان خەڵکانی ئێجگار دەست ڕۆیشتووبوون، بەڵام مەنگوڕیش خەڵکی خۆی هەبوو کاریان بۆدەکرد، وەک قەپۆز جوقڵی و لچ قۆقز کە لە بزێوترین چەورەکانی شار بوون، هەردووکیان بەجۆرێک وریابوون، دەیانتوانی هەواڵی زۆر عاسی لە کونجی زۆر سەختەوە دەربهێنن.

ئێوارەیەک عیزەت گوڵدانچی لەگەڵ خەندە گوڵدانچی و عیسمەتی خوشکیاندا بەتایبەت چوون بۆ ماڵی فیکرەت تا تێبگەن کیژەکە چ نیازێکی هەیە، پێدەچوو گوڵدانچییەکانیش بەجۆرێک لە جۆرەکان سەبریان نەمابێت، ئەوەی بابەتی شووکردنەکەی سەوسەن لەسەر هەموو زارێک بوو بێزاریدەکردن، هەندێک لەوان ئەو دەنگۆیانەیان بۆ پاشەڕۆژی کچ و کوڕەکانی خۆیان بە هەڕەشەیەکی گەورە دەزانی. ئەوە یەکەمین دانیشتن بوو کە بەدەنگەدەنگی گەورە لە نێو گوڵدانچییەکاندا تەواوبوو، لەو کاتەوەی فیکرەت لە بەغداد گەڕابووەوە، پەیوەندییەکان هێمن و سادەبوون، بەڵام دراوسێکانی ماڵی گوڵدانچی گوێیان لە عیزەت گوڵدانچی و مەعسومەی خوشکی بوو، کە هەردووکیان بە دوو پاڵتۆی درێژ و دوو

چەتری درێژەوە بە تورەییەوە لە ماڵی فیکرەت هاتنەدەرێ و بەدەنگی بەرز دەیانگووت «شێت بووە، خانم شێت بووە و عەقڵی فیکرەتیشی تێکداوە». بەڵام تا دوای دوو ڕۆژیش کەس بە تەواوەتی نەیدەزانی لە ماڵی گوڵدانچیدا چی بووە و چی ڕویداوە. ئێوارەیەک دواتر لە شاردا بڵاوبووەوە کە سەوسەن داوایکردوە هەر سێ داواکارەکە بەیەکەوە ببینێت، داواشیکردوە هەر یەکێک لەداواکارەکان، یاوەرێک و کەسێکی نزیک لەگەڵ خۆیاندا ببەن. سەرەتا شتەکە تەنیا وەک داوەتێکی ئاسایی وەسفکرا، ئێوارە خوانێکی گەورە کە سەوسەن تێیدا لەسەر یەک سفرە لەگەڵ خوازبێنیکەرانیدا کۆدەبێتەوە، هەندێک شتەکە واتێگەیشتن کە کیژەکە دەیەوێت بە چەشنی کچەمیرە کۆنەکان داواکارەکانی خۆی لە نزیکەوە و ڕووبەڕوو تاقیبکاتەوە، هەندێک دەیانگووت کیژەکە بە نیازە لە ئەتەکێتی خواردن و دانیشتن و قسەکردنیان وردببێتەوە، هەندێکیش دەیانگووت کیژەکە وەها خۆی تەیارکردووە هەر سێکیان ڕیزبکات و کورت و درێژییان بگرێت و چ شتێک لە لەشیاندا دەپێورێت بیپێوێت و دواتر بڕیاری خۆی بدات. دەبێت بڵێم کە هەواڵی ئەو داوەتە هاوبەشە لە هەموو بەرەکاندا شپرزەییەکی زۆری دروستکرد، مێژووی شارەکە و نەرێتەکانی ئاسان خۆی بۆ ئەو جۆرە شتانە نەدەکردەوە. پێشتر کەس ئەوەی نەبیستبوو خێزانێک کیژەکەیان داواکاری زۆری هەبێت و بەوچەشنە هەموویان بۆسەر یەک سفرە داوەتبکەن. بەڵام بەوەدا داوەتەکە بەجۆرێکی ڕەسمی بوو، لەسەر کارتی تایبەتی نوسرابوو، کارتەکان لە بری ناوی سەوسەن ناوی هەر یەک لە فیکرەت گوڵدانچی و خەندان گوڵدانچی خوشکە بچوکی هەڵگرتبوو، کەس هەستی بە نارێکییەکی گەورە نەکرد. دیاربوو بیرۆکەی ئەو داوەتە لە پشت شەڕی ناوخۆی نێوان گوڵدانچییەکانەوە بووە، بەوەدا عیزەت گوڵدانچی خۆی بە پارێزەری گەورەی ئیرسی گوڵدانچییە دێرینەکان دەزانی کە پێکڕا خەڵکانێکی

بێدەنـگ و بەنەریـت و موحافەزەتکاربـوون، ئـەو داوەتـەی بەناشایسـتە و دەرچـوون لـە ئسـوڵ دەزانـی. وەک ئـەوەی گوڵدانچییـەکان بـە هاتنـی پـۆل پۆلـی خوازبێنیکـەران بـۆ کیژەکانیـان بەختەوەربـن و خۆشـحاڵ بـن کیژانیـان وەهـا جـۆرە سـەرنج و ناودارییـەک ڕابکێشـن. عیسمەت گوڵدانچیش لـە بـرا گەورەکـەی کەمتـر تورەنەبـوو، ڕۆژی زویرییەکـە ئەویـش دەسـتی بـە مێـزی هۆڵـە گەورەکـەی ماڵـی فیکرەتـدا کێشـا و گووتـی «چ ئابڕووچوونێکـە بـە کچەکانمـان بڵێـن، پیـاو لـە دەوری خۆیـان خڕدەکەنـەوە». دەبێـت بڵێـم گـەر ئـەو ڕووداوە سـەیرانە نەبایـە کـە دواتـر هاتنەپێشـێ، لەوانەبـوو خەڵکێکـی زۆرتـر دەم لـە فیکـرەت گوڵدانچـی و کیژەکـەی بکەنـەوە، بـەڵام پێشـهاتەکانی دی بـە چەشـنێک خەیاڵـی و نائاسـایی بـوون، خەڵـک زوو قسەوباسـی ئـەو داوەتـە نائاسـاییەیان لەیادکـرد. دیاربـوو داوەتکراوانیـش هەمـوو ترسـیان لـەو دانیشـتنە هەبـوو، هـەر داواکارە و بـە ئومێـدی ئەوەبـوو جارێکـی دی دانیشـتنێکی تەنیـای لەگـەڵ سەوسـەندا هەبێـت، هـەر یەکـە و کینەیەکـی شـاردراوەی بەرابـەر ئەوانـی دی لـە دڵـدا بـوو. بـەڵام ڕۆژی دانیشـتنەکە هەمـووان هەوڵیانـدا هێمنـی خۆیـان بپارێـزن و بەسـەبر دەربکـەون. مەنگـوڕی بابەگـەورە بـە کامەرانـی سـەلمای گـووت «ئـەوە فرسـەتێکی باشـە، بەویقـار بـازاڕی ئەوانـی تـر بشـکێنین».

کامەرانـی سـەلما تەنیـا داواکارێـک بـوو بەجلـی کوردییـەوە چـوو بـۆ داوەتەکـە، هەمـوو کـەس دەیزانـی کـە مەنگـوڕ یـاوەری ئـەوە و تـا کۆتاییـش یـاوەری ئـەو دەبێـت، کەسـانێکی نزیکیـش لـە مەنسـور ئەسـرینەوە ئـەو هەواڵانەیـان پشـت ڕاسـتکردەوە کـە سـاقی مەحمـود یـاوەری مەنسـورە. بـەڵام تـا ڕۆژی داوەتەکـە ڕوون نەبـوو ئامووەنییـەکان کـێ لەگـەڵ خالیـددا دەنێـرن. وادەی داوەتەکـە سـەعات دوازدەی یەکێـک لـە ڕۆژانـی هەینـی بـوو، هـەر شـەش داوەتکراوەکـە لـە نێـوان سـەعات دوازدە و دوازدە و چارەکدا گەیشـتنە ماڵـی گوڵدانچـی، جگـە لـە خالیـد ئامـوون کـە لەگـەڵ قەڵەنـدەر ئاموونـدا

بە ماشێنێکی تویێتای نوێ گەیشتنە ئەوێ، چوارەکەی دیکە بە تاکسی گەیشتنە بەرقاپی گوڵدانچی. هەموو سەرسامبوون لەوەی ئامونییەکان لە بری فەوزی بەگ و سەلامی ئاسنگەر، یەکێکی وەک قەلەندەر ئامونیان هەڵبژارد کە وەک پیاوێکی شەڕانی و کەم حەوسەڵە ناسرابوو. پێکڕا پێمان وابوو، ئامونییەکان قەلەندەریان بەرابەری مەنگوڕ داناوەوە و بە ڕۆحی جەنگەوە چوونەتە ناو ئیشەکەوە، ئەو کات نەماندەزانی ئەو هەڵبژاردنە چ کاریگەرییەکی لەسەر هەموو بەسەرهاتەکان دەبێت. میوانەکان سەرەتا لە لایەن فیکرەت گوڵدانچی و خەندانی خوشکییەوە لە ساڵۆنە گەورەکەدا پێشوازیان لێکرا، هەموو بەجوانترین شێوە خۆیان گۆڕی بوو، هەموو هەوڵیاندا ویقار و هێمنی دەربخەن. هەر لەو ساڵۆنەدا دەبایە فیکرەت گوڵدانچی دەستبکاتە ملی کامەرانی سەلما و دەستی بگرێت و داوابکات تەوقە لەگەڵ مەنسور ئەسریندا بکەن، ئەو ئاشتبوونەوەیە یەکەمین و گرنگترین شتی سەرەتای دانیشتنەکە بوو. خەڵکانێکی زۆر سووسەی ئەوەیان کردبوو کە گوڵدانچییەکان دەشێت کارێکی وەهایان بەدەستەوە بێت تا وەک خێزانێکی باش و ئاشتیخواز دەربکەون. لە ڕاستیدا ئەو ئاشتبوونەوەیە هەڵا و دەنگۆیەکی وەها گەورەی نەنایەوە کە چاوەڕواندەکرا، چونکە دواتر شتەکان شێوەیەک و سروشتێکی وەهایان وەرگرت، زۆربەی خەڵک شەڕی ژێر زەمینەکەی دوکانی خدرۆ دوویاریان لە بیرچووەوە. لە ساڵۆنەکەی ماڵی گوڵدانچییدا ماوەیەک جگە لە بێدەنگییەکی قورس هیچ شتێکی دی سەروەر نەبوو، ئەو ئاو و شەربەت و چکلێتە شیرینانەی پرۆشە گێڕانی، کۆمەکێکی بە داوەتکراوەکان کرد لە بێدەنگی خۆیاندا قووڵتر بنەوە، تاکە کەسێک کە لە ژێرەوە بە نهێنی لە هەموانی دەڕوانی خالید ئامون بوو کە هێمنی ڕوخساری نەیدەکرد کینەی شاردراوەی دڵی داپۆشێت. کە لە ساڵۆنەکەدا دانیشتبوون جگە لە هەندێ وشەی کەم کە ساقی مەحمود و مەنگوڕ دەربارەی ساردی زستان گۆڕیانەوە هیچی ئەوتۆ

نەوترا، کەمێک لە سەر خوتبەی مەلایەکی هەفتەی پێشوو قسەیانکرد کە هەڕەشەی لە ژنانی سفور کردبوو. مەنگوڕ گووتی «مەلاکان هەق نییە قسەی وابکەن، هەر کەس بە قوونی خۆیەوە دەچێتە قەبرەوە». قسەکانی مەنگوڕ، فیکرەت گوڵدانچی خستە پێکەنین. هەمووان ماوەیەک، نەفەری ناو یەک پاس چۆن لەگەڵ یەکدا دەدوێن، بەو چەشنە لەگەڵ یەکدا قسەیانکرد. سەوسەن یەکەمجار لەسەر مێزی نانخواردنە گەورەکە دەرکەوت، فیکرەت سەرەتا پێش میوانەکان کەوت بۆ سەر مێزێکی گەورە کە تەواو بە خواردن ڕازابووەوە، هەمووان لە هەمەڕەنگی و ناوازەیی سفرەکە سەریان سوڕما، بەڵام پێکڕا سەرنجی ئەوەیاندا بە پێچەوانەی نەریت و چاوەڕوانییەوە هیچ چەشنە گۆشتێکی باڵندە لە نێو خواردنەکاندا نییە. بێئەوەی کەس هیچ بدرکێنێت و تێبینی خۆی ئاشکرابکات، هەریەک لەسەر کورسی خۆی دانیشت. کاتێک سەوسەن هاتە ژوورێ هەمووان چەند ساتێک بوو لەسەر مێزەکە دانیشتبوون، کراسێکی سپی و جینزێکی کاڵی لەبەردابوو، ئەو هەستەی لای هەمووان بەجێهێشت کە هەر ئێستا لە کتێبخانەکەی هاتۆتە خوارێ و تا ئەوکاتە سەری بەسەر کتێبەکانەوە بووە. کەس چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کچێکی وەها بۆ داوەتێکی وەها گرنگ نە مەکیاج بکات، نە خۆی برازێنێتەوە، نە شتێک بکات فریوی داواکارەکانی بدات، لەگەڵ ئەوەشدا سەوسەن هێشتا هەر گەلێک قەشەنگ و ناسک دیاربوو. ئەو ماندوێتییە زۆرەی، ئەو لاوازییەی، ئەو سپی هەڵگەڕانەی ڕەنگی، ئەوەی بە نیگایەکی ماندوو و بەدەنگێکی کەمێک کپ و لاوازەوە یەکەیەکە بەخێرهاتنیکردن و فەرمووی لێکردن دانیشن، هەر سێ عاشقەکەی تووشی تێکچوون و پەشۆکانێکی گەورە کرد. ئامادەبوونی لەسەر سفرەکە ئەو ترسەی لە هەمووان‌دا خولقاند کە بەوردی پەیڕەوی ئەتەکێتی خواردن بن، سەوسەن چەند جارێک دووبارەیکردەوە کە هەمووان بێ هیچ کێشە و ئەتەکێتێک نان بخۆن، بەڵام ترسی میوانەکان هەر وەکو

خۆی بوو. هەر سێ داواکارەکە شتێکی کەمیان خوارد، هەر سێکیان لە بەر ئاسکی دانیشتنەکە هەوڵیاندا وادەرکەون کە کەمخۆری سروشتین. هەتا مەنگوڕیش کە زۆر بەسفرەکە سەرسامبوو، دەستی گرتەوە و کەمی خوارد. دوای نانخواردن هەمووان گەڕانەوە بۆ ژووری گەورەی دانیشتنەکە. بێدەنگی پێش چا خواردنەوە و دوای چا خواردنەوە قورس و ترسناک بوو، سەوسەن نە لە کاتی نانخواردن و نە لە کاتی چا خواردنەوەدا بە شێوەیەکی تایبەتی سەیری هیچ یەک لە داواکارەکانی نەکرد. دوای تەواوبوونی چا خواردنەوە، فیکرەت گوڵدانچی ڕووی لە هەموو میوانەکان کرد و گووتی «وەک هەموو دەزانن و تەواوی خەڵکی شاریش دەزانێت، بەڕێزتان داواکاری کچەکەی منن و پێکیشەوە لەسەر ئەو مەرجە ڕەزامەندن کە سەفەرێکی درێژبکەن و هەر داواکارییەک سەوسەن بیخاتە بەردەمتان بەدوایدا بڕۆن... دیارە منیش تا ئێستا بە تەواوی نازانم سەوسەن بیر لە چی دەکاتەوە و نیازی چییە... بۆیە لەسەر داوای خۆی داوەتتاندەکەمە کتێبخانەکەی سەرەوەمان، ئەو جێگایەی ئێوە پێیناشنان و پێشتر پێکەوە لەگەڵ سەوسەندا لێیدانیشتوون. دڵنیام لەوێ سەوسەن هەموو شتێکتان بۆ ڕووندەکاتەوە» . ساتێکی ئاسایی نەبوو. هەر شەش میوانەکە بە هێمنی کەوتنە دوای فیکرەت گوڵدانچی، لە ژووری کتێبخانەکە قەنەفەکان بەجۆرێک دانرابوون هەمووان بتوانن سەیری یەکدی بکەن و لە هەمان کاتیشدا ڕوویان لەسەوسەن بێت. ئەو ڕۆژە کە عاشقە شەیداکان لە شوێنی خۆیان دانیشتن، پێکڕا بەجۆرێک لە ناوەوە خرۆشابوون، نەیاندەتوانی هیچ شتێک بڵێن، سامێکی وەها سەیریان تێدابوو، وایان هەستکرد کە یەکەمجارە پێدەخەنە ئەم جێگایەوە، هەمووان ژووری کتێبخانەکەیان زۆر گەورەتر و بەرینتر لەوە بینی کە هەیە. کە دانیشتن و سەوسەن بەرامبەریان دانیشت، هەموو هەستیانکرد گرنگترین ساتی ژیانیان ئەم چرکەیە و گرنگترین ڕۆژی ژیانیان ئەمڕۆیە. ویقاریان، وەستانیان، جوڵەیان

لە ناو کتێبخانەکەدا نائاسایی بوو. سەوسەن بە هێمنییەوە بەرامبەریان وەستا و دەستیکرد بە قسەکردن. بە زەردەخەنەیەکی کاڵەوە کە بە ئەستەم لەسەر لێوی سەمایدەکرد گووتی «ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، هەمووتان بزانن من چیم دەوێت». کەمێک لەسەر قەنەفەکەی پاڵیدایەوە و بە غەمگینییەکی زۆرەوە گووتی « بەڵام پێش ئەوە، پێش ئەوە، تکادەکەم، هەمووتان بێئەوەی دوودڵ بن، دەتوانن داواکەی خۆتان بکێشنەوە... من زویرنابم... من هیچ شتێک لە دڵ ناگرم... بگرە بۆتان بەختەوەر و ئاسوودەدەبم، چونکە من دواجار لە ئاسوودەیی ئێوە زیاتر هیچ شتێکی ترم ناوێت... من دەمەوێت ڕقتان لە یەکتر نەبێت». مەنگوڕ بە زەردەخەنەیەکی گەورەوە گووتی «سەوسەن خان، خوازبێنی وەکو تیر وایە کە لە کەوان دەرچوو ناگەڕێتەوە... تازە مەسەلەکە لە پەشیمانی دەرچووە، تیرێکە کەوانی تێپەڕاندووە، ئەوەندەمان لەسەرە سەیربکەین و ببینین کوێ دەپێکێت». سەوسەن بێئەوەی سەیری مەنگوڕ بکات، تەماشای هەر سێ داواکارە گەنجەکەی کرد و گووتی «لەوانەیە بڵێن، ئێستا درەنگە... بەڵام من دەڵێم درەنگ نییە، بۆ ئەوەی لە خوازبێنییەک دەرچیت، هەرگیز درەنگ نییە. هەمووتان دەتوانن لە هەر کاتێکدا بێت، واز لە هەموو شتێک بهێنن، من زۆر لە هیچ کەس ناکەم... هیچ وەخت درەنگ نییە، نە ئێستا و نە بەیانی و نە دوو بەیانی و نە هیچ وەخت...». کەمێک بە ماندوویی چاوی لێکنا و گووتی «نا هیچ کات، بۆ هیچ شتێک درەنگ نییە... زەمان ناکۆتایە». هەمووان کەمێک لە دواهەمین وشەی سەرسامبوون، ساقی مەحمود بە کەمێک دوودڵی و پەشۆکانەوە گووتی «ڕاستە، زەمان ناکۆتایە». سەوسەن لەسەرەخۆ سەیری هەمووانی کردەوە، مەنگوڕ ویستی شتێک بڵێت، بەڵام نەیزانی ئەو شتە چییە کە دەبێت بیڵێت، پاش ئێستێک و بە کەمێک ناکامییەوە گووتی «یوسف کەویار بە ڕەحمەت بێت دەیگووت: زەمان پردێکە هەموو

بەسەریدا دەڕۆین، ئەو دەیگووت: ئینسان بە هەڵە وادەزانێت لە ناو خانوو و سەرجادە و ژوور و ئەو شتانەدا دەژی، ئینسان لە یەک ژووردا دەژی ناوی زەمانەیە... ئەو وایدەگووت». سەوسەن دووبارە سەیری هەر سێ گەنجەکەی کردەوە و لەسەر هەمان ڕیتم گووتی «هەر ڕۆژێک ویستتان لە هەموو ئەم پەیمانە دەربچن، دەتوانن دەربچن. بەڵام بەر لەوەی من یەکێک لە ئێوە وەک شەریکی پاشەڕۆژی خۆم هەڵبژێرم... دەبێت ئێوە دونیا ببینن... ئێوە سێ گەنجن... هیچ شتێک لەسەر جیهان نازانن... هیچ شتێک... وادەزانن دونیا لە کۆڵانەکەی خۆتانەوە دەست پێدەکات و لەویادا تەواو دەبێت... ئەم شارە لای ئێوە وەک قەفەزی لێهاتووە... دەبێت سەرەتا بفڕن، زۆر زۆر بەرز بفڕن، دواتر بگەڕێنەوە بۆلای من... من خۆم ناتوانم بفڕم، من نەخۆشم، من کچێکی نەخۆشم، دەمەوێت لەگەڵ مرۆڤێکدا بژیم کە بزانم بەڕاستی دونیای بینیوە...».

قسەکانی بێدەنگییەکی قووڵی دروستکرد، هەمووان بێدەنگ سەیری سەوسەنیان دەکرد، کەسیان نەدەجوڵان، کەسیان هەناسەی نەدەدا، جگە لە کۆکەیەکی چکۆلانەی قەلەندەر ئاموون کەس دەنگی لێوە نەهات. سەوسەن گووتی «من دەزانم دونیا چەند گەورەیە... لە منداڵییەوە دەزانم... لە ڕێگای ئەو هەموو کتێب و ئەتڵەس و فەرهەنگانەوە دەزانم... دەزانم چەند دەریا هەیە، لەقەراغی دەریاکاندا چەند کەشتی گەورە گەورە لەنگەر دەگرن... لەم شارە بچکۆلەیەدا، لە ناو ئەم شاخ و داغەدا ئێمە هیچ نازانین، ئەم شارە بچوکانە وادەکەن مرۆڤ گەورەیی دونیای بیربچێتەوە، بەڵام من ڕۆژێک لە ڕۆژان گەورەیی دونیام لەیادنەکردوە».

بە زەردەخەنەیەکی ماتەوە سەیری هەر سێ داواکارەکەی کرد و بۆ ئێستێک هەناسەیەکی کورتی وەرگرت و گووتی «زەوی ئەستێرەیەکی گەورەیە، ئێمە لەم شارە بچوکەدا وەکو ئەوە وایە لە سەر زەوی نەبین، وەکو ئەوە وایە نەزانین چەند جەنگەڵی گەورە و ڕووباری گەورە و

بیابانی گەورە لەم دونیایەدان... گەر منتان خۆشدەوێت، یەکەمجار دەبێت بڕۆن و دونیا ببینن. من ناتوانم لەوە دڵنیابم کە ئێوە بە ڕاستی منتان خۆشدەوێت، گەر جیهانتان نەبینبێت و شوێنی تر و نیشتیمانی ترتان تاقی نەکردبێتەوە... کە دونیاتان بینی ئەوکات هەموو شتەکان بە چاوێکی تر دەبینن، منیش بە چاوێکی تر دەبینن... تەنیا کەسێک دەتوانێت بەڕاستی بزانێت بۆچی دەژی کە دونیای بینیبێت، کە گەورەیی زەویی دۆزیبێتەوە. یەکەم شت ئەوەیە دەبێت لەم وڵاتە دووربکەونەوە، لەم شەڕ و شۆڕ و کوشتارە بەردەوامانە دووربکەونەوە... ئەوەی ئەم وڵاتە بەجێبهێڵن، مەرجی منە... بڕۆن و بەسەر زەویدا بگەڕێن. کچانی تر وەک مارەیی داوای زێڕ و مرواری و ئەڵماس دەکەن، من داوای سەد باڵندەتان لێدەکەم... سەد باڵندەی ناوازە کە لە شوێنی جیاواز جیاوازی زەویدا دەژین... هەر یەکەتان سەد باڵندە، لەمڕۆوە تا هەشت ساڵ کاتتان هەیە بە دونیادا بگەڕێن، من دوای ئەوە دەتانبینمەوە... دەتوانن هەر کاتێک ویستتان سەفەرەکەتان ببڕن و واز لە هەموو شتێک بهێنن و بگەڕێنەوە بۆ ئەم شارە، دەشتوانن نەگەڕێنەوە، دەتوانن لە هەر وڵاتێکدا ئارام بگرن و ژنێکی ترتان خۆشبوێت و بژین... دەتوانن چ ژیانێکتان پێخۆشە و چ شارێکتان پێخۆشە هەڵیبژێرن و من لەبیربکەن... من چاوەڕوانتاندەکەم... من هەشت ساڵ چاوەڕوانتاندەکەم، کە گەڕانەوە، شوو بە یەکێکتان دەکەم... یەکێکتان هەڵدەبژێرم... سەیری دڵتان دەکەم... دەبینم چەندە ڕوناکیتان پێیە، چەند بۆنتان پێیە... ئەو کات بڕیاردەدەم. ئێستا ناتوانم هیچ یەکێکتان هەڵبژێرم، چونکە ئێستا هەر سێکتان وەکو یەک وان... هەر سێکتان لەیەک دەچن... هەموو پیاوی ئەم شارە لەیەک دەچن... وانییە هەموویان لە یەک دەچن».

ئەوە لە هەرە ڕستە کوشندەکانی ئەو دوانیوەڕۆ سەیرەبوو کە سەوسەن تێیدا داواکارەکانی خۆی سەرسامکرد.

٢٢

لـە ئێـوارەدا هەواڵـی داواکـەی سەوسـەن فیکـرەت بـە هەمـوو شـاردا بڵاوبـووەوە، سـەرەتا زۆربەمـان باوەڕمـان پـێ نەکـرد، کەسمان لـەو بـاوەڕەدا نەبوویـن کـە هـەر سـێ داواکارەکـە بکەونـە وەهـا داوێکـەوە، زۆربەمـان شـتەکەمان وەک تەڵەیـەک دەبینـی ئـەو کیـژە دایـنابێـت تـا هـەر سـێ کوڕەکـە لـە کـۆڵ خـۆی بکاتـەوە. شـتێک لـە نیگەرانـی و توڕەیـی هەموومانـی داگرتبـوو، هـەر قسـەیەک دەکـرا پڕبـوو لـە گومانـی خـراپ. ئـەوەی هـەر داواکارێـک زەرفێکـی تایبەتـی وەرگرتـووە کـە وێنەیەکـی سەوسـەن و نـاوی کۆمەڵێـک باڵنـدەی سـەیر و نـاوازەی لەگـەڵ کۆمەڵێـک نەخشـەدا تێدایـە، هەموومانـی ساکاند. هـەر داواکارە و دەبایـە نوێنەرێـک ڕاسـپێرێت لـە مـاوەی ئـەو هەشـت ساڵەدا وێنـە و هەواڵـی ئـەو بـە سەوسـەن بگەیێنێت، هەمـووان لەسـەر ئـەوە تەبابـوون هیـچ یەکێکیـان بـۆی نەبێـت نامـە بـۆ سەوسـەن بنوسـێت، چونکـە دەشـێت یەکێـک لـە داواکارەکان لـە ڕێـگای فریـوی وشـە و ئـەو فێڵبازیـی و تەڵەکانـەی لـە نـاو نوسـیندا هەیـە کارێکـی خـراپ لـە سەوسـەن بـکات و داد و یەکسـانی لـە یارییەکـەدا نەهێڵێـت.

ئامووینیەکان لـە هەمـووان توڕەتربـوون، ئـەوەی کوڕێکـی بنەماڵەکەیـان هەشـت سـاڵ لـە پێنـاوی ژنێکـدا ئـاوارە بێـت، داوایەکـی قـورس بـوو ئاسـان لای ئـەوان قەبـووڵ نەدەکـرا. ئـەو ڕۆژە کـە میوانـەکان لـە ماڵـی فیکـرەت گوڵدانچـی هاتنـەدەرەوە، خالیـد ئامـوون لـە هەمـووان ماندووتربـوو.

هەستیکرد هێدی هێدی خۆشەویستی ئەم ژنە لە ناوەوە خاپوریدەکات. لای ئەستەم بوو ئەم شارە و ئیشەکەی و خزمەکان و کۆبوونەوەی ئاموونییەکان بخاتە لاوە و بەرەو دەرەوە بڕوات. ئەوەی دونیا گەورەیە یاخود بچوکە ڕۆژێک لە ڕۆژان غەمی ئەو نەبووە. لە منداڵییەوە فێربووە ئەوەندە بیر لە دونیا بکاتەوە کە پێویستی پێیەتی. دونیا لەدەرەوەی ئەم شارە لای ئەو سێبەرێکی تاریکە کە هیچ شتێکی گرنگی تێدا نییە بۆی بژی. شەرمەزارییەکی گەورەبوو چەندین ساڵ لەدوی داوای ژنێک ئاوارەبێت، ئەوە پێچەوانەی کولتووری جوامێری و پیاوەتی خێڵەکەیان بوو، پێچەوانەی ئەو شەریعەتە بوو کە ڕێگای نەدەدا ژن چارەنوسی پیاو دیاریبکات. دەبێت ئاموونییەکانی تر چی بڵێن؟. دڵنیابوو دواجار وەک هەمیشە پشتی دەگرن، بەڵام دەشیزانی هەندێکیان تامردن وەک کەسێکی لاواز سەیریدەکەن کە لەسەر داوای ئافرەتێک بە دونیادا ئاوارەبووە. بە درێژایی ئەو شەوە لە ژوورەکەی خۆیدا مایەوە، تا درەنگ بە تەنیا لەو ڕووبەرە بچکۆلەیەدا دەهات و دەچوو، هەستیدەکرد ئەو داوایەی سەوسەن زۆر ئازاری دەدا، دەیخاتە بەر ئەزمونێک لەوانەیە ڕۆحێکی ئاڵۆزتری بۆ دروستبکات. ئەوەی دونیا زۆر گەورەیە، شاری زۆر نەناسراو و سەیر هەیە، هەستێکی تایبەتی تیا نەدەبزواند. هەستیکرد گەرچی هەموو ژیانی لەم شارەدا بردۆتەسەر، بەڵام هێشتا لە زۆر شتی تێناگات. لای خۆشتر بوو لە ژیانی ئەم شارەدا نوقم بێت، نەوەک لە جیهانێکی بێسنووردا خۆی ونبکات. بەڵام دەیزانی ئەم قسانە ئێستا نرخێکی ئەوتۆیان نییە، گەر سەوسەنی دەوێت دەبێت بڕوات. نەیدەویست زۆر بیریکاتەوە، دەیزانی بیرکردنەوە بەرەو هیچ جێگایەکی نابات، ئەویش بەدرێژایی ژیانی زۆر باوەڕی بە بیرکردنەوە نەبوو، ئەویش باوەڕی وابوو بیرکردنەوە کێشەکان ئاڵۆزدەکات و چارەیان ناکات. شەوی دواتر چوو بۆ ماڵی قەلەندەر ئاموون و بڕیاری خۆی پێڕاگەیاند کە

بەڕاستی دەیەوێت دوای باڵندەکان بکەوێت. ئەو شەوە ئاموونییەکان کۆبوونەوەیەکی گەورەیان هەبوو، هەواڵەکە بە چەشنێک سەیربوو هەموو دەیانویست لە زاری خالید ئاموون و یاوەرەکەیەوە ڕاستییەکان ببیستن. کۆبوونەوەکە لە ماڵی فەوزی بەگ سازکرابوو، فەوزی بەگ تەنیا کەسێک بوو هەواڵەکە خۆشحاڵیکردبوو، بیرۆکەکەی سەوسەنی بەجۆرێک لا قەشەنگ بوو هەمووانی نیگەرانکرد. ماڵی فەوزی بەگ ئەو ڕۆژە بە جۆرێکی بێوێنە جەنجاڵ بوو، چەندین ساڵ بوو هیچ کۆبوونەوەیەکی ئاموونییەکان هێندە خەڵکی ڕانەکێشابوو، ژووری دیوەخانەکە بەجۆرێک پڕبوو مرۆڤ بە زەحمەت دەیتوانی هەناسەبدات، سفرەکان جار دوای جار دادەخران و هەڵدەگیرانەوە، ئاوگێڕەکان بێوچان بەڕێوەبوون. بەوەدا ژوورەکە زۆر گەورە و پڕبوو، مرۆڤ بە زەحمەت گوێی لە دەنگی هاوسێکەی دەبوو، تا ئەو ساتەی خالید ئاموون و قەلەندەر گەیشتن هەمووان بێسرەوت قسەیاندەکرد. فەوزی بەگ بە جەنجاڵییەکەی خۆیەوە پێشوازی لە هەردووکیان کرد، بەدەنگی بەرز گووتی «ئاه خالید... خالیدی کوڕم... دڵنیابە ژنێکی نایابت هەڵبژاردوە، ئەم ژنە لە ژنی ناو حیکایەتە کۆنەکان دەچێت... لە کچی پاشا کۆنەکان، هەموو ژیانم تەمەنامکردوە، ژنێکی وا ببینم... وام هەستدەکرد کە ئەو جۆرە ژنانە سێسەد ساڵیشە لە دونیادا نەماون، بەڵام خودای گەورە ویستوێتی بەر لە مردنم ژنێک لە شارەکەدا ببینم کە بەڕاستی لە پەری ناو کتێبە کۆنەکان دەچێت... خوای گەورە بە ڕاستی ئەوەی ویستووە». قسەکانی فەوزی بەگ دەنگەدەنگ و هەڵایەکی گەورەیان دروستکرد. کە میوانە تازەکان دانیشتن، جۆرێک لە ئارامی گەڕایەوە بۆ ژوورەکە، میوانەکان دوای ئەوەی کەمێک پشوویان دا، قەلەندەر ئاموون ڕوویکردە هەموو ئەوانەی لە دیوەخانەکەدا دانیشتوون و گووتی «ئەوەی بیستووتانە ڕاستە، ئەو کچە دەیەوێت خالیدی خزممان بڕوات بۆ دەرەوەی وڵات...

دەڵێت پێش ئەوەی شوو بە هیچ یەکێک لەو سێ داواکارە بکەم دەبێت دونیا ببینن... دەیەوێت کوڕەکە ماوەیەک بە دوای کۆمەڵێک باڵندەدا بگەڕێت، باڵندەی تایبەتی و ناوازە... دەبێت یەکە یەکە ئەو باڵندانە لە هەرێمی جیاواز جیاوازی دونیادا کۆبکاتەوە و لە ماوەی هەشت ساڵی دیدا بگەڕێتەوە بۆ ئێرە... کە هەر سێ داواکارەکە گەڕانەوە، سێ ڕۆژ لەگەڵ هەر سێکیاندا دادەنیشێت و دواتر بڕیاردەدات شوو بە کێ بکات... ئەوە کورتەی چیرۆکەکەیە، بەڵێ ئەوەیە، هیچی تر نییە... نا هیچی تر نییە... ئێمە دوێنێ لە ماڵی فیکرەت گوڵدانچی ئەو قسانەمان بیست». لەو کاتەدا سێ گەنج بە سێ سینی گەورەی شەربەتەوە بەسەر میوانەکاندا دەگەڕان. هێشتا قەلەندەر ئاموون قسەکانی تەواو نەکردبوو کە بوو بە دەنگەدەنگێکی زۆر. قسەکان تووڕەییەکی کتوپڕیان دروستکرد و یەکێک گووتی «ئەم کچە خۆی بە چی دەزانێت؟...». یەکێکی تر گووتی «ئەگەر پەریزادەش بێت ئەوە ناهێنێت، هەشت ساڵ بۆی ئاوارە بیت». یەکێکیش لەو سەری هۆڵەکەوە گووتی « ها... ئەمە فیتێکی تری گوڵدانچییەکانە، کە بەدرۆ خۆیان وەک خەڵکێکی بێوەی و بێمەزەڕەت نیشاندەدەن... سوێند دەخۆم، مەسەلەکە هیچ نییە جگە لە فێڵێک بۆ ئەوەی داوای پارەیەکی زۆرترمان لێبکەن، سەرووەتێکمان لێبستێنن کە ئێمە بۆ ژنهێنان نەمانداوە... دەیانەوێت دواتر بڵێن، سەیربکەن چۆن ئاموونییەکانمان هێنایە سەر چۆک. دەست دەدەم بە قورئاندا کە وایە، هەموو دەزانن ئێمە بۆ ژن دەست ناگرینەوە، چی لە گیرفانماندایە دایدەنێین، دەیانەوێت بماندۆشن». سەی کەرەم هەموانی هێورکردەوە و گووتی «ئێمە بۆیە ماوین، چونکە هەمیشە ڕێزمان لە قسەی یەک گرتووە، حورمەتی یەکترمان لایە... تێدەگەن، قسەی ساحێب مەسەلەکە لەسەروو هەموو شتێکەوەیە... لێگەڕێن با خالید خۆی قسەبکات». خالید ئاموونی کە ئامادەبوونی ئەو حەشاماتە

سەرسامیکردبوو، بێئەوەی بشڵەژێت یاخود دوودڵ بێت لە شوێنی خۆی هەستا و گووتی « بە ئیجازەی هەمووتان... بە ئیجازەی هەمووتان. تکا لە شەربەتگێڕ و ئاوگێڕەکان دەکەم تۆزێک بوەستن... عەزیزان... ئێوە ئامووتین و منیش ئاموونیم، هەموو شانازی بەوەوە دەکەین کە پشتی یەک نادەین لە زەوی... ها هەمووان شانازی بەوەوە دەکەین کاتێک باپیرانمان لە گوند دابەزینە شار، ئێمە خۆشەویستی و خزمایەتیمان نەدۆڕاند... وانییە... نەمان دۆڕاند». چاوانی خالید دەبریسکانەوە، دەموچاوی لە هەر کات باریکتر و نیگای ڕەقتر و پڕ نهێنیتر بوو، کەس تا ئەو کات ئەو دەنگە گەرمەی لێ نەبیستبوو، غەمێک لە گەرویدا بوو، هەر کەس لە ژیانیدا یەک ڕۆژ عاشق بووبێت، دەیزانی ئەوە دەردی خۆشەویستییە. گووتی «تکا لە هەموو برایان دەکەم، تفەنگ بە تاریکییەوە نەنێن. خۆتان دەزانن هەموو ژنێکی دونیا کە شوودەکات مەرجی هەیە. لەم سەر ئەستێرەیە یەک ژنم بۆ بدۆزنەوە، بەبێ مەرج شوویکردبێت. مەرج دانان لە خوێنی ئەو جنسەدایە... ئێمە هەموو پیاوین و دەزانین ئەو مەرجانە بۆ ئێمە چەند قورسن... هەیانە داوای سامانی زۆر دەکات، هەیانە بەکێشی خۆی زێڕی دەوێت، بەڵام سەوسەن فیکرەت جۆرێکی ترە. دڵنیاتاندەکەمەوە کە چاوی لە سامانی ئێمە نییە... دڵنیاتاندەکەمەوە... هێند هەیە دەیەوێت لەگەڵ کەسێکدا بژی کە دونیای بینیوە. من بڕیارمداوە بچمە ژێر باری ئەو مەرجەوە... بڕیارمداوە بڕۆم... بڕیارمداوە زەوی بەدوای ئەو باڵندانەدا بگەڕێم کە ئەو داوایاندەکات... دەزانم زۆرتان وەک شێت سەیرمدەکەن، بەڵام لە یەکەم ڕۆژەوە کە ئەو کچەم بینیوە بڕیارمداوە بۆ من بێت... بە هەر نرخێک بووە... من بیر لەوە ناکەمەوە ڕاستم یاخود هەڵەم... هیچ ئاموونییەک تا ئێستا بیری لە ڕاست و هەڵە نەکردۆتەوە. وەک هەموو ئاموونییەکی تر لە هەر کوێ بین دەبێت براوە بین... لە شار بین

یاخود لادێ... لێرە کۆگا و قەیسەریمان هەبێت، یاخود لەسەر مەرزەکان قاچاغچێتی بکەین. لە شار بین یاخود لە چیا، هەر شتێک بێت و لە هەر شوێنێک بێت ئێمە تەنیا بیرمان لە بردنەوە کردۆتەوە... ئەوە لە خوێنی ئێمەدایە، ئەوە دینی ئێمەیە، منیش ئێستا تەنیا بیر لە بردنەوە دەکەمەوە».

شتێکی سارد لە نیگایدا بوو مرۆڤی دەترساند، شتێک لەگەڵ ئەو گەرمییە قووڵەی دەنگیدا نەدەگونجا. فەوزی بەگ دووبارە هەستایەوە و گووتی «تۆ ژنێکی بێوێنەت هەڵبژاردوە، گوێم لێبگرن... گوێم لێبگرن... تۆ ژنێکت هەڵبژاردوە شوێنی حورمەتی منە، بۆیە ئەم پیاوباشانەی تورەکردوە، چونکە لە ژنەکانی خۆیان ناچێت... تێدەگەیت لە ژنەکانی ئێمە ناچێت، کە پیاو وەک مریشکی نەخۆش دەخەنە قەفەزەوە... ژنە بێمێشکەکان کە هیچ شتێک نازانن جگە لەوەی شەو و ڕۆژ بیر لەوە بکەنەوە چۆن پیاوەکانیان زیندانبکەن... ئەمە ژنێکە باڵ دەدات بە پیاو. هەموو عومرم بیرم لەوە کردۆتەوە ژنێک ببینم باڵ بدات بە پیاو، فێریبکات بفرێت... ژن تاکە مەخلوقێکە دەتوانێت یان پیاو فێری فڕین بکات یا فڕینی لە بیربەرێتەوە... من چل ساڵیشە وامدەزانی جنسی ئەو جۆرە ژنانەی باڵ دەدەن بە پیاو تەفروتونا بوون، ئێستا دەمەوێت پێش ئەوەی بمرم ئەو ژنە ببینم... پیرۆزباییت لێدەکەم... من پیرم باوەڕ ناکەم تا تۆ لە سەفەر دەگەڕێیتەوە بژیم... بەڵام پێتدەڵێم، هەموو شتێک بکە، ئەوە ببێتە ژنت... ژنی وا دەهێنێت مرۆڤ ساڵەهای ساڵ بۆی ئاوارە بێت. وامەزانە کارێکی نەکردە دەکەیت... هەزاران کەس پێش تۆ لە پێناوی ژنی زۆر ناشایستەدا مردون یان کەوتوونەتە زیندان... ئەو تۆ دەنێرێت دونیا ببینیت، لە هیچ مەترسە و سڵ لە هیچ مەکەرەوە... بڕۆ و گوێ لە کەس مەگرە».

کەمجار فەوزی بەگ بەوجۆرە دڵگەرم دەرکەوتبوو، وەک ئەوەی

هەواڵەکە حەسرەتێکی قووڵی لە ژیانی خۆیدا زیندووکردبێتەوە لێوی دەلەرزی. هەموو بینیان بە جۆشێکەوە بۆ ئەو مەسەلەیە دەدوێت پێشتر لە کەم کێشەدا وەها خرۆشی تێکەڕابوو. سەی کەرەمی ئاموونی کە زۆر گوێی لە فەوزی بەگ دەگرت، ڕوویکردە یەکێک لە ناڕازییەکان و گووتی «تۆ دەڵێیت چی... تۆ بۆ ناڕازیت؟». پیاوێکی چکۆلانەبوو، ناوی ئەسعەد ئاموون بوو، بەدەنگێکی بەرز گووتی «ها... بۆ ناڕازیم... هەر من نیم کە ناڕازیم... مەسەلەکە ئەوە نییە ئێمە ژنەکانمان زنجیری خستبێتە قاچمانەوە. بەڵام هەموو دەترسین خالیدمان لەدەست بچێت... شەڕ هەموو دونیای تەنیوە، کوڕەکە بۆ هەر جێگایەک بچێت دەکەوێتە ناو ئاگری بەڵایەکەوە... هەمووتان دەزانن شەڕ دونیای تەنیوە... ها... من لە ژیانی خۆی دەترسم... دوا ئەوە هەندێ باڵندە هەیە ڕاوکردنیان ئاسان نییە... هەموو باڵندەیەک ڕاوناکرێت... شتەکە لە توانای ئینسان بەدەرە... ئەو کچە دەیەوێت کوڕەکە بە کوشت بدات... تا ئێستا کەس ئاموونییەکی بەوجۆرە نەخستۆتە داوەوە». فەوزی بەگ بە تووڕەییەوە گووتی «تۆ بێدەنگ بە... بێدەنگ بە... هەموو وەکو کەوی باڵکراو بەسەر ڕیقنەی خۆماندا کرکەوتووین، کەس ناوێرێت مەترێک بۆئەو دیو حەوشەکەی خۆی فجوقبکات. سەرمان لەدەرگا برد بەو دیودا وادەزانین هەموو بەڵای خوا بەسەر ئێمەدا دەبارێت... تۆ بێدەنگ بە کە ناوێریت هاوینانیش لەسەربان بخەویت، چونکە ژنەکەت وادەزانێت دەفریت... ها... تێدەگەیت... ئێمە تازە پیربووین و تاقەتی فڕینمان نەماوە، لێگەڕێ گەنجەکان بژین... بە ناوی مەحەبەتەوە باڵی کوڕەکە مەشکێنە...». ئەسعەد ئاموون گووتی « ها... من ژنەکەم خۆشیدەوێم، بۆیە ناهێڵێت هاوینان لەسەربان بخەوم. وەک تۆ نیم شەش مانگیش ونبیت لەماڵەوە پێت نازانن. بەڵام فەوزی بەگ پێمبڵێ گەر کوڕەکە هەشت ساڵ ئاوارەی وڵاتان بوو و دواتر کچەکە شوویکرد بە یەکێکی دی

چی دەکەیت... ئەو کات هەر وەک ئێستا ستایشی کچەکەی گوڵدانچی دەکەیت؟». لەو کاتەدا خالید ئاموون هەستا و گووتی «من نامەوێت دونیا ببینم... من بەعەقڵی یەکێکەوە دەڕۆم کە کارێکی هەیە و دەبێت جێبەجێیبکات. من باڵندە لەدوای باڵندە دەیگەێنمەوە ئەم شارە، بەڵام گەر بزانم ناهەقیم بەرابەر دەکرێت، سوێند دەخۆم بە خوای گەورە کە لە کەس نابوورم... نە لە سەوسەن فیکرەت و نە لەو کەسەی کە شووی پێدەکات... سوێند دەخۆم کە نابوورم...».

تا ئەمڕۆش هەر ئاموونییەک لەو شەوەدا ئامادەبووبێت ئەو قسانەی خالیدی لە یادە، کە بەڕاستی لە قووڵایی دڵییەوە هاتنەدەرێ.

هەواڵی دانیشتنی ئەو شەوە بۆ بەیانی هەموو بازاڕی هەژاند، ئاموونییەکان لەو شەوەدا سوێندیان خوارد لە پشت خالید ئاموونەوە بن، پارەی سەفەرەکەی دابینبکەن، لە هەر شوێنێکی دونیابێت کۆمەکیبکەن، ئەوە هێزێکی گەورەی دایە کوڕەکە تا لە کۆتایی شەودا هەست بە خۆشبەختی و بەختەوەری بکات. بەر لە کۆتایی دانیشتنەکە خالید بەدەنگی بەرز گووتی «بەر لەوەی هەشت ساڵەکە تەواو بێت، بە خۆم و باڵندەکانەوە لێرە دەبم... هەشت ساڵی تر... دڵنیاتاندەکەم، چاوەڕوانمبکەن». لە کۆتایی شەودا خالید ئاموون ماڵاوایی لە ئامادەبووان کرد و گووتی ئەو چەند شەوە کەمەی بەدەستییەوەیەتی تەنیا دەتوانێت بۆ خۆ ئامادەکردن و خۆ کۆکردنەوە تەرخانیانبکات. ئەو یەکەمین کەس بوو لە پێش هەردوو داواکارەکەی دیکەوە نیشتیمانی بەدوای باڵندەکاندا بەجێهێشت.

٢٣

شەوی ماڵاوایی مەنسووری ئەسرین شەوێکی گەلێک تایبەتی بوو، دەیان شاعیر و مۆسیقار و نیگارکێش و گۆرانیبێژ لە چەشن و چیزەی جۆراوجۆر کۆبوونەوە، گردبوونەوەی ئەوان لە دەوری مەنسور وەک وەڵامێک بوو بۆ کۆبوونەوەی ئاموونییەکان. ئیبراهیم ئەسرینی باوک گەلێک بەوە خۆشحاڵ بوو کوڕەکەی حورمەتی لە ناو کۆمەڵە خەڵکێکی لەوجۆرەدا هەیە. ئەو شەوە بێ پلانێکی ڕاستەقینە و پێشوەخت، بوو بە ئاهەنگێکی پڕ بەزم کە لەگەڵ سروشتی هێمن و غەمگینی مەنسور ئەسریندا نەدەگونجا. ئەوکات لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتادا جۆرە شەوی وا ڕەنگاوڕەنگ لە مێژووی شارەکەدا کەم و دەگمەن بوو، شەوێک بوو شاعیر و مۆسیقارەکان بە شێوازە بۆهیمییەکەی خۆیان ماڵاواییان لە یەکێک دەکرد کە وەک سەمبولی عەشق سەیریاندەکرد. ماڵی ئەسرین هۆڵێکی گەورەیان گرتبوو، ژمارەیەک لە خزمانی خۆیان بانگکردبوو، بەڵام ڕێژەی گەورەی ئامادەبووان لە ئەهلی هونەر و ئەدەبیاتی شارەکە بوون. ئیبراهیم ئەسرین هەتا جورئەتیکرد و نامەیەکی داوەتیشی بۆ سەوسەن فیکرەت و باوکی نارد تا لە شەوی ماڵاواییەکەدا ئامادەبن، بەڵام ئەوان بە نامەیەکی هێمن و پڕ ڕێزەوە وەڵامیاندایەوە کە گوایە بەهۆی ناساغی فیکرەت گوڵدانچییەوە ناتوانن بێنە داوەتەکە. هەڵبەت هەموو دەمانزانی کە هاتنی فیکرەت گوڵدانچی یاخود کچەکەی نیشانەیەکی خراپ و ئاماژەیەکی نابەجێ دەبێت بۆ دۆخی

ڕۆحی و باری دەروونی دوو داواکارەکەی دیکە. هەموو ئەوەمان پێباش بوو کە سەوسەن تا کۆتایی هەشت ساڵەکە بەیەک مەودا و لە یەک دوورییەوە بەرابەر هەر سێ گەنجەکە بوەستێت. نەهاتنیشی بڕیارێکی ڕاست و دروست بوو. بەڵام هەندێک ئامادەبوونی مریەم گوڵدانچییان بە فرسەت زانی تا هەندێک پلاری نابەجێ بگرن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەمان ئاگاداربووین و دەمانتوانی لەو شەوەدا کە پڕبوو لە خوێندنەوەی شیعری عاشقانە، پڕبوو لە پارچە مۆسیقای شێتانە حورمەتی ئاهەنگەکە ڕابگرین. ساقی مەحمود و گۆرانیبێژەکانی دی بە گۆرانییە دێرینەکان هەموومانیان خستە سەر جۆش و سەفا. مەنسور ئەسرین بەدرێژایی شەوەکە هەوڵیدەدا ڕووخۆش دەربکەوێت و خۆی وادەربخات کە لە ناوەوە ئارامییەک و هێمنییەکی قووڵی هەیە، بەڵام نەیدەتوانی. گەرچی لەگەڵ گۆرانیبێژەکاندا گۆرانی دەگووت، گەرچی لەگەڵ خەڵکدا چەپڵەی بۆ شاعیران لێدەدا، بەڵام جۆرە پەشێوییەکی تێدابوو لە چاوان ون نەدەبوو. لە کەسێک نەدەچوو بەیانی بڕوات بۆ سەفەر، لە یەکێک دەچوو لە شەقامێکی درێژدا بێئومێد ون بووبێت. چاکەتێکی ڕەش و بلوسێکی سووری ملداری لەبەردابوو، ئەوەی خوشک و پورەکانی زۆریان لێکرد کە وەک زاوایەک خۆی بگۆڕێت یان جلی کوردی لەبەربکات، بێئەنجام مایەوە. خۆی ئەوەی پێخۆشبوو بێدەنگ شارەکە جێبهێڵێت و بێئەوەی کەس بزانێت بڕوات، ویستی جانتایەکی چکۆلانە بخاتە سەر شانی و بکەوێتە ڕێ، بەڵام خواستی ئیبراهیمی باوکی کە ئاهەنگێکی ماڵاوایی بۆ بکات، چونکە نەیدەزانی ئاخۆ تا هەشت ساڵی دیکە دەژی یان دەمرێت، هۆیەکی گەورەی نەرمبوونی مەنسور بوو بۆ ئەم ئاهەنگە. شەوێک بوو شاعیرە لاوەکان بە خۆیان و بوتڵە عارەقەکانیانەوە دەهاتن و بۆهیمیترین شیعری خۆیان دەخوێندەوە، مۆسیقارەکان بە مەستی دەچوونە سەر شانۆی هۆڵەکە، گۆرانیبێژەکان چ ئاوازێ بزوێن و خرۆشێنەربایە دەیانچڕی. لە کۆتایی شەودا کە سەر مێزەکان تەواو بە قاپی زەڵاتە

و پاشـماوەی لەفـە و شوشـەی خاڵـی بیـرە و پەرداخـی شـەربەت پڕبـوو، مەنسـور ئەسـرین وتەیەکی ماڵاوایـی خوێنـدەوە و گووتـی «تەنیـا شتێک کـە دڵنیـام لێـی ئەوەیـە کـە مـن ژنێکـم خۆشـدەوێت، ئـەوە تاکـە ڕاستییەکە کـە دەیزانـم. دەزانـم ئـەوەش کـەم نییـە، مـن سبەی سـەفەردەکەم و هەوڵـدەدەم کـە هەشـت سـاڵی تـر لێرەبـم، دەزانـم سـەفەرێکی زۆر سـەختم لەبـەرە، گـەڕان بـە جیهانـدا سـەختە، بـەڵام هیـچ شتێک لـە دونیـادا لـە خۆشەویسـتی ژنێـک سـەختتر نییـە». کـە وایگـووت هەمـووان چەپڵەیـان بۆ لێدا، هەمـووان لەبەری هەسـتان، ئـەو سوپاسـیکردین، پوورەکانـی بەجلـە کوردییـە شـۆڕەکانیانەوە باوەشـیان پیاکـرد و گریـان، خزمەکانـی یەکەیەکـە ماڵاواییـان لێکـرد و لەدڵـەوە ئومێـدی باشـییان بۆ خواسـت، هەندێـک لـە شـاعیر و مۆسـیقارەکان کـە تـەواو سەرخۆشبوون، تونـد دەسـتیان گووشـی و پێیانگـووت «شـارەکە پێویسـتی بـە تۆیـە... شـارەکە پێویسـتی بـە کەسـێکی وەک تۆیـە، لـە هـەر شـوێنێک بوویـت ئـەوەت لـە بیرنەچێـت». هەندێـک بەڕاسـتی مەنسـووریان لـە ئامێـز گرت و هەندێکیـان گووتیـان «شـەرەفێکی گەورەیـە بۆ ئێمـە دوا شـەومان لەگـەڵ ئێـوەدا بردەسـەر... ئەوەمـان بیـر ناچێتـەوە».

ئـەو شـەوە بەجۆرێـک لـە جـۆرەکان لـە یـادەوەری هەمووانـدا مایـەوە، نـە تەنیـا لەبـەر خۆشـی و ڕەنگاوڕەنگی ئاهەنگی ماڵاواییەکـە، بەڵکـو لەبـەر هەندێـک ڕوداوی دواتـر... ئـەو شـەوە یەکـەم شـەوی دەسـتپێکردنی پێکدادانـی ڕاسـتەقینە بـوو لـە نێـوان خێـزان و هەوادارانـی داواکارە جیاوازەکانـدا، لـەو شـەوەدا قەڵەنـدەر ئامـوون بـە کلکـە دەمانچـە سـەری مسـتەفا هـەژاری شـاعیری شـکاند. ڕووداوەکـە وەهـا بـوو، لـە کاتێکدا مسـتەفا هـەژار و سـەعید بیمـار کـە ئەویـش شـاعیر بـوو لـە ئاهەنگی ماڵاوایـی مەنسـور بەسەرخۆشـی هاتنـە دەرەوە، بـەو شـەوە درەنگـە لەسـەر جادەکـە قەڵەنـدەر ئامووونیـان بینـی کـە لەسـەر عەرەبانـەی پاقلەفرۆشـێک پاقلـەی دەکـڕی. قەڵەنـدەر بەدرێـژای

ژیانی لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە ڕۆژێک نەبووە دەمانچەی هەڵنەگرتبێت. مستەفا هەژار کە یەکێکە لە هەرە بەدمەستەکان، بینینی قەڵەندەر ئاموون بە فورسەت دەزانێت و پێیدەڵێت «هێی قوولوونـدەر، واتاندەزانی دەتوانن سەوسەن گوڵدانچیش بە پارەکانتان بکڕن... ئەمجارە وادەرنەچوو... ها من دڵنیام کوڕەکەتان مریشکی مەکینەشی بۆ ناگیرێت... تێدەگەیت، ها کەچەڵی لووت بڵ، سوێنددەخۆم کوڕەکەتان ناتوانێت قەتێیەکی نەخۆشیش ڕاوبکات». سەرەتا قەڵەندەر ئاموون بە هێمنی لەسەر خواردنی پاقلەکەی خۆی بەردەوام دەبێت، خۆی وادەردەخات کە گوێی لە هیچ نەبووە. گەر ئێوە قەڵەندەر ئاموونتان بناسیبایە، تێدەگەن ئەوە چ لە خۆبووردنێکی گەورەیە کە قەڵەندەر نیشانیداوە. قەڵەندەر لەشێکی زل و سەرێکی باریک و درێژی هەبوو، سەری لە هەموو لاکانەوە وەکو یەک ڕووتابووەوە، قژی بەچەشنێک تەنک بوو، لە هەموو گۆشەیەکەوە پێستە دێزەکەی سەری دیاربوو، ناوبانگی وەک بەرپرسی تۆپخانەکانی شۆڕش لە حەفتاکاندا جۆرە شانازییەکی هەمیشەیی تێدا سەوزکردبوو، بە ئاشکرا لە هەموو جێگایەک بە گۆڕی شەهیدان و بەرزانی سوێندی دەخوارد. ئەوەی شەوان دوای خواردنەوە لەبەردەم دەرگای یانەی فەرمانبەراندا پاقلەی دەکڕی و بە ڕێگاوە دەیخوارد، خوویەکی کۆنی بوو، جۆرە هەیبەت و شانازییەکی هەبوو هەندێجار ئامووننییەکانی تریشی سەغڵەتدەکرد، هەموو دەیانزانی قەڵەندەر یەکێکە لە شەڕانیترین ئامووننییەکان. گەر مەستی نەبایە ئەو شەوە مستەفا هەژار نەیدەوێرا بەو چەشنە لەگەڵ قەڵەندەردا تێبکەوێت. کاتێک قەڵەندەر وەڵامی یەکەم ڕیزە توانج و جنێوی مستەفا هەژاری نەدایەوە، ئەوە وایکرد مستەفا زیادەڕەوییبکات، دوای کۆمەڵێک توانجی زۆر، بە دەنگێکی بەرز کە زۆر کەس گوێیان لێبوو گووتی « گوێبگرە قوولوونـدەر، هیچ ئامووننییەک نییە بە خۆشەویستی ژنی هێنابێت... ئێوە قەبیلەیەکی کێوین کە تا ئێستا سڵ ناکەنەوە لە ژن فڕاندن و ژن داگیرکردن. لە هەموو قەبیلەکەتاندا

پیاوێکی تێدا نییە ژنێک عاشقی بووبێت... من باوەڕناکەم ژنەکەی تۆ تۆزقاڵێک حورمەتی بۆت هەبێت، سوێند دەخۆم بە خوای عەشق... کە ژنەکەت لە دڵەوە وەک سەگ سەیرتدەکات... وەک گەماڵێکی سەرشۆڕ و زل». هەڵبەت ئەوە بریندارکردنێکی گەورەبوو کە ئەوەک قەلەندەر، هیچ مرۆڤێکی ئاساییش قەبووڵی نەدەکرد. ئەوانەی لە کاتی شەڕەکەدا لەوێ بوون دەڵێن قەلەندەر ئاموون بە هێمنی لوولەی پاقلەکەی فڕێدەدات و دەستی دەسڕێت و بێئەوەی هیچ قسەبکات یاخود خۆی وانیشانبدات کە نیازی شەڕێتی، بێدووڵی و بیرکردنەوە بە هەموو توانای خۆی دەکێشێت بە دەموچاوی مستەفا هەژاردا کە یەکسەر لەسەر زەوییەکە لوول دەبێت. سەعید بیمار کە ئەوە دەبینێت یەکسەر هەڵدێتە ئەوبەر شەقامەکەوە و تاکسییەک دەگرێت و ڕادەکات. هەموو باس لەوە دەکەن کە قەلەندەر بە ئاشکرا دەمانچەکەی دەردەهێنێت و دەیخاتە سەر سەری مستەفا هەژار کە بە گریانەوە دەڵێت «ئاموونی قووندەر، خوای عەشق عەفووت ناکات... خوای عەشق عەفووت ناکات». بۆ ئێستێک هەموو وادەزانن کە قەلەندەر خەریکە فیشەکێک بنێت بەسەری مستەفا هەژارەوە، بەڵام دواجار ڕای خۆی دەگۆڕێت و بە کلکە دەمانچە دەکەوێتە سەروو چاوی... کەس نازانێت ئەو دیمەنە چەند دەخایەنێت، بەڵام دواجار قەلەندەر بە هێمنییەوە دەمانچەکەی هەڵدەگرێتەوە و بێئەوەی ورتەی لە دەم بێتەدەرێ، وەک شانازیی بەوەوە نەکات کە لە پیاوێکی ڕیوەڵەی وەک مستەفا هەژاری داوە، وەک شەرمێکی قووڵ دایگرتبێت، کەمێک عارەقەکەی خۆی دەسڕێت و بێئەوەی ئاوڕبداتەوە بەرەو گوزەری ئاسنگەران دادەگەڕێت.

ئەو شەوە مەنسور ئەسرین لەگەڵ ساقی مەحمود دا چوون بۆ خەستەخانە بۆ لای مستەفا هەژار، لە ڕێگادا بەرەو خەستەخانە گفتوگۆیەک

لە نێوان ساقی و مەنسوردا ڕوویدا کە گەلێک ساڵ دواتر ساقی مەحمود بۆی گێڕاینەوە. شوێنی خۆیەتی لێرەدا بەشێکی بنوسینەوە. ساقی مەحمود ئەو شەوە لە مەنسوری پرسی «مەنسور تا دەگەڕێیتەوە، من نوێنەری تۆم، شتێک دەکەم خەڵک یادتبکەن و تۆیان لە بیر نەچێتەوە. بەڵام ئەمشەو هەرچەند سەیرمکردیت، هەستمدەکرد بەختەوەر نیت... تۆ دوو رۆژی تر دەڕۆیت، دەمەوێت بەڕاستی بزانم هەست بەچی دەکەیت؟»

مەنسور بە کەمێک تێفکرینەوە گووتی « ساقی لە ڕاستیدا شتێک زۆر لێیدەترسم ئەوەیە، دونیا لەگەڵ خۆیدا بمبات. نازانم بۆ وا هەستدەکەم وەک ئەوەی سەوسەن داوام لێبکات بڕۆم و نەگەڕێمەوە، من لە چاوانیدا ئەوەم خوێندەوە کە گەلێک بەختەوەر دەبێت گەر ئێمە ببین بە ڕێبوارێکی هەمیشەیی، وەک ئەوەی واتێبگات ڕزگاری ئێمە تەنیا لەوەدایە لەسەر زەوی وێڵبین. نا ساقی مەسەلەکە ئەوە نییە لە خۆیمان دووریخاتەوە، بە پێچەوانەوە هەستدەکەم ئێمە تاریکی بیردەخەینەوە، بۆیە لە من و لە ئەوانی تریش دەترسێت. من چەند رۆژە بیردەکەمەوە... ئەو لە هەموو پیاوێک دەترسێت لەم شارانەدا گەورە بووبێت... هەموومان تاریکی بیردەخەینەوە، هەموومان زوڵمەتی ئەم شارە و ئەم دونیایەی بیردەخەینەوە»

ساقی مەحمود بە کەمێک سەرسامییەوە سەیریکرد و گووتی «تۆ لەو باوەڕەدایت، ئەم سەفەرە تا کۆتایی ڕابکێشیت».

مەنسور بە هێمنی گووتی «نازانم... ئێستا گرنگ ئەوەیە دەڕۆم. دیارە نە من و نە دوو داواکارەکەی تریش کە سەوسەنمان خۆشویست بیرمان لە سەفەر نەدەکردەوە، خۆشەویستی لەم شارەدا گرێدراوی ئارەزوویەکی گەورەیە بۆ دانیشتن و ماڵ دروستکردن. کەسمان بەوجۆرە بیرمان لێ نەدەکردەوە... سەرەتا ئەم خۆشەویستییە بۆ من وەک پاکبوونەوە وەهابوو لە گوناهێکی نهێنی، ئێمە پیاوی ئەم شارە هەموو دەمانەوێت بە خۆشەویستی لە گوناهەکانمان پاک ببینەوە، هەموو هەستێکی گوناهباری

لە دڵماندا هەیە، لە پڕێکدا دەمانەوێت بە خۆشەویستی ژنێک ئەو هەستە بسڕینەوە، بڵێین سەیرکەن چەند پاکین، چەند مرۆڤین، دەتوانین عاشقی ژنێک ببین... بۆ کامەرانی سەلما چەقۆی لە مندا، ها بۆ؟ لەبەرئەوەی دەیەوێت لە ڕێگای خۆشەویستی سەوسەنەوە پاک ببێتەوە، خۆشەویستی پاکییەکی دەداتێ بتوانێت گوناهی تر بکات. منیش لە ڕێگای مردنەوە لە پێناوی ئەودا ویستم پاک ببمەوە. ئەو کچە ناخی هەموومان دەبینێت. بەڵام ئەو دەزانێت ئەو پاکییەی ئێمە بۆی دەگەڕێین خۆشەویستی ئافرەتێک بە تەنیا ناماندانێ، مرۆڤ تەنیا بە خۆشەویستی پاک نابێتەوە. بەڵێ کاک ساقی وایە، سەوسەن لەسەر هەقە، یەکێکی وەک من تەنیا لە ڕێگای تێگەیشتن لە گەورەیی دونیا، لەسەختی خۆشەویستی تێدەگات».

ساقی گووتی «تۆ مەسەلەکە واتێدەگەیت وەک ئەوەی کۆی سەفەرەکە وانەیەک بێت بۆ ئێوە تا فێری مانای خۆشەویستی ببن؟»‌.

مەنسور گووتی «وانە؟ نا... شتێکی لە وانە قووڵتر. ساقی من واتێدەگەم هیچ ژنێک نییە لە دونیادا، لە ساتێک لە ساتەکاندا حەزی نەکردبێت مێردەکەی بمرێت و بەجۆرێکی دی زیندووببێتەوە، زۆربەی پیاوانیش هەر هەمان ئارەزوویان هەیە. سەوسەنیش هەر لەو جۆرەیە، بەڵام ئەو هەر لەسەرەتاوە دەیەوێت ئێمە بڕۆین و بمرین و بەشێوەیەکی تر لە جەنگەڵ و ڕێگا و شاخەکانی ئەم دونیایەدا زیندووببینەوە... ئەو ئێمەی بەمجۆرە ناوێت، وەک ئەوەی ئەم شارە پەروەردەیکردوین. ئێستا ئێمە چەشنە مرۆڤێکین توانای خۆشەویستیمان تێدا نییە. ئەوەی سەوسەن لە ژنی ئەم شارە جیادەکاتەوە ئەوەیە دەزانێت هەموو ئەو هەستانەی لە دڵی پیاوێکدا بەرامبەر ژنێک کۆدەبێتەوە خۆشەویستی نییە، شتێکە لە خۆشەویستی کەمتر... من بۆیە لەم سەفەرە دەترسم، چونکە دەزانم لەم سەفەرەدا زیاتر خۆم دەبینم، زۆر زیاتر لەوەی بمەوێت یان بوێرم ببینم...».

ساقی گووتی «گەر ڕوخسەتم بدەیت، واتێدەگەم وەک ئەوەی تۆ ماوەیەکی درێژ لە خۆت ڕاتکردبێت و ئێستا بترسیت سەفەرەکە شتێک لە ناوتدا دەریخات کە خۆت ناتەوێت»

مەنسور بە غەمگینییەوە گووتی «ساقی سەیرم بکە، من چیتر منداڵ نیم، دوای ئەو چەقۆیەش بە ڕاستی وا هەستدەکەم کە پیربووم. من لە دوای چاوپێکەوتنەکەی یەکەمجاری سەوسەنەوە لەم شارە دەترسم، زۆر لەم شارە دەترسم... بیهێنە بەرچاوی خۆت کە دیوارەکانی ئەم شارە هەموو ئاوێنەن و تۆ لە بەردەمیاندا دەوەستیت و دەپرسیت و دەڵێیت: من کێم ؟. جارێک و دە و سەد جار دەپرسیت: من کێم؟ بەڵام دیارە دیوارەکان وەڵامت نادەنەوە... من واهەستدەکەم سەوسەن پێش ئێمە ئەو بێدەنگییەی تاقیکردۆتەوە. کەس لێرەدا ناتوانێت بزانێت خۆی کێیە. مرۆڤ لەم شارەدا تاقی نابێتەوە. مرۆڤ تا ئەم شارە بەجێ نەهێڵێت بۆی تاقی نابێتەوە کە خۆی کێیە. من بۆیە لەم شارەدا گەلێک دڵنیا دەژیام... زۆر ئاسوودەبووم... چونکە ئەم شارە یارمەتی دەدام خۆم تاقی نەکەمەوە... هیچ جێگایەک وەک ئەم شارە یارمەتی مرۆڤ نادات لە خۆی ڕابکات... ئەم شارە بەهەشتی ڕاستەقینەی من بوو. ساقی مەحمودی برام، جەهەنەم لە تاقیکردنەوە خۆشترە، ئەوەتەی هەم ڕقم لەوەیە خۆم تاقیبکەمەوە، من لەوانەم کە لە خۆیان ڕادەکەن... هەموو ئەو کەسانەی لە خۆیان ڕادەکەن زۆر حەزدەکەن تادەمرن لە یەک جێگادا بمێننەوە... منیش تا دوێنێ لەو جۆرە مرۆڤانە بووم، بەڵام چیتر... نا... چیتر ناتوانم وەکو دوێنێ بم، ئیتر ئەوە بۆ هەتاهەتایە بەسەرچوو، ئێستا بە ڕاستی دەمەوێت خۆم بدەمە دەست دونیا، خۆم بدەمە دەست ڕێگاکان و ئاوەکان، خۆم بدەمە دەست هەر نادیار و چارەنوسێک کە تووشم دێت».

٢٤

کێشـەی گـەورەی کامەرانـی سـەلما چۆنێتـی پارەپەیداکـردن بـوو بـۆ گەشـتە درێژەکـەی، هەمـوو دەمانزانـی سـەفەرێکی لـەو چەشـنە پارەیەکـی وەهـای دەوێـت لـە توانـای کەسـوکاری کامەراندا نییە دابینیبکـەن. لەو ڕووەوە خالیـد ئامـوون و مەنسـور ئەسـرین بەختەوەربـوون، هەردووکیـان خەڵکـی پـارەداری گەورەیـان لـە پشـت بـوو ئەرکـی سـەفەرەکەیان بـۆ دابیندەکـردن. بـەڵام هەمـوو سـەیرمان لێهـات کـە مەنگـوڕ و کامـەران غەمـی پارەیـان پێـوە دیارنەبـوو. هەندێکمـان ئـەو بێباکییەمـان دەگێڕایـەوە بـۆ جـۆرە ڕێکەوتنێکـی نهێنـی لـە نێـوان هەردووکیانـدا، بەپێـی ئـەو پەیمانـە دەبایـە مەنگـوڕ لـە سـاڵانی سـەفەر و ڕۆژانـی سـەختیدا دەسـت لـە کامـەران بەرنـەدات، بـەڵام هەندێکـی دیکەمـان باوەڕمـان وابـوو ئـەو بێباکییـە دەگەڕێتـەوە بـۆ بـاوەڕی کامـەران بەخـۆی و بـە توانـا گەورەکانـی لـە قومـاردا کـە دەشـێت لـە هـەر شـار و گۆشـەیەکی دونیـادا کۆمەکیبـکات. بـەڵام دەبێـت بڵێیـن کـە هەردووکیـان ئـەم بابەتەیـان بـە ئاشـکرا لـە پێشـدەم هیـچ مرۆڤێکـدا بـاس نەکـرد، ئەوکاتـەش کـە پرسـیمان لـەو ڕووەوە چ پلانێکیـان هەیـە، بـە پێکەنینـەوە گووتیـان هیـچ کـەس لـە برسـا نامرێـت و خـودا خـۆی کۆمەکـی غەریبـان دەکات.

ئـەو ڕۆژە کـە چوویـن دوا هەواڵـی خۆئامادەکردنەکانـی کامەرانـی سـەلما بزانیـن، تـازە هەواڵـی شـەڕەکەی قەڵەنـدەر ئامـوون و مسـتەفا هـەژار

بە شاردا بڵاوبووبووەوە، مەنگوڕ بە دەنگی بەرز گووتی: «یوسف کەویاری گەورە بەڕەحمەت بێت دەیگووت تەنیا پیاوی بێغیرەت دوای سەعات یازدەی شەو شەڕدەکات، من لێم نەبینیووە دوای یازدەی شەو شەڕیکردبێت، ئەو کاتانە دەیگووت ئیدی کاتی خەوە. منیش وادەزانم لە دوای یازدەی شەوەوە مەخلوقات هەموو دەبێت سەر بخەنە سەر سەرینە چڵکنەکەی خۆیان. کچەکە لەسەر هەقە، من دەڵێم ئەو خانمە چەند چیرۆکێکی لەمجۆرەی بیستوە، بۆیە دەیەوێت کوڕەکان لەم شارە دووربخاتەوە و بیاننێرێت بۆ دەرەوەی وڵات. بەڕاستی بەدەست من بێت خەڵکی ئەم شارە هەموو دەنێرم بە دونیادا بگەڕێن. من زۆر بیرم لە حیکمەتی ئیشی ئەو کچە کردۆتەوە، خانمەکە حیکمەت و ویقارێکی تێدایە مەپرسن. من کە لەبەردەمیدا دانیشتم هەمان ئەو هەستەم هەبوو کە هەموو پیاوێک هەیەتی، مەسەلەی شەیدایی پیاوان بۆ ئەو کاری بە جوانییەوە نییە، نا... بەڵام خالق... هەر دەیبینیت یەکسەر لە خۆت دەپرسیت ئەم مەخلوقە... ئەم ڕۆحلەبەرە... ئەم ئیشە نایابەی خودا بۆچی دەبێت تەنیا ماوەیەکی کەم لەسەر زەوی بژی و بمێنێتەوە. یەکەمجار کە سەیرمکرد یەکسەر دڵم داخورپا و گووتم خوای گەورە بۆ دەبێت ئەم جوانییە ماوەیەکی وەها کورت لە ناوماندا بژی... تێناگەم بۆ یەکسەر خەیاڵم بۆ مردن چوو... دوایی کە هاتمەماڵەوە کێشام بەسەری خۆمدا و گووتم : خدری زیندە ئەو هەستە ناخۆشە چی بوو لە مندا دروستبوو. پێشتر لە عومرمدا ژنێکم نەبینیوە یەکسەر بیر لە مردن بکەمەوە. بە ناموسی باپیرەم ئەوە یەکەمجار بووَ شتی وا لە من ڕوبدات... ئەوە یەکەمجار بوو. نا خراپ تێمەگەن... مەبەستم ئەوە نییە بڵێم کچەکە زوو دەمرێت و ئەو شتانە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەو شێوە و نیگارە هەر هەقە بمێنێتەوە، هەر دەیبینیت حەزدەکەیت ئەو سەر و ڕوخسارە خەڵکی هەموو دەور و زەمانێک ببینن، پێت حەیف و خەسارە

هـەروا ئاسـان بـڕوات و نەمێنێـت، حەزدەکەیـت خەڵکێـک کـە سـەد سـاڵی تریـش لەدایکدەبـن ببیننـن و بڵێـن: تەحـا لـەو دەور و زەمانـە، پـەح عەجـەب ڕوخسـارێکیان هەبـووە».

مەنگـوڕ قسـەی بـۆ هەمووم‌ـان کـرد و جـار جار سـەیری کامەرانی سـەلمای دەکـرد کـە بێدەنـگ چـای دەخـواردەوە. ئێمـە پرسـیمان « بـۆ ئـەم کچـە وەهـا دەکات؟ بۆ نایەوێـت مێردێـک هەڵبژێرێـت و تـەواو، بـۆ دەیەوێـت ئـەم کـوڕە گەنجانـە ئاوارەبـن؟ ئـەوە چ هەقێکـە مـرۆڤ کەسـێکی خۆشـبوێت و داوای وا قورسـی لێبـکات؟».

مەنگـوڕ بـە نیگایەکـی گاڵتەئامێـز سـەیری هەمووم‌انـی کـرد و گووتـی «مـن بزانـم کچەکـە هـەر سـێ کوڕەکـەی خۆشـدەوێت، ناتوانێـت بڕیـار بـۆ کەسـیان بـدات. بـا بۆتـان بگێڕمـەوە، جارێکیـان فـەرە یـەک چـاو حـەزی لـە دوو ژن کردبـوو. هەڵبـەت حەزەکـەی لـەو جـۆرە نەبـوو دڵـی دوکەڵبـکات یـان بۆکـڕوزی بگاتـە ماڵـە دراوسـێکان... نـا فـەرە لـەو جـۆرە نەبـوو، بـەڵام بەڕاسـتی حـەزی لـە دووان کردبـوو، لـە بەرئـەوەی نەیدەتوانـی بڕیـار بـۆ یەکێکیـان بـدات، قوونـی خـۆی هەڵگـرت و چـوو بـۆ ئێـران، سـیانزە سـاڵ نەگەڕایـەوە، کـە گەڕایـەوە کچـەکان یەکـی نیـودەرزەن منداڵیـان هەبـوو، کـە هاتـەوە فـەرە وەهـا دڵیخۆشـبوو، مەپرسـن. هەسـتیدەکرد بـەو سیازدە سـاڵە ژیانـی خـۆی ڕزگارکـردوە... دوایـی دەیگـووت، باشـترین ڕێـگا بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ بەسـەر ژنێکـدا سـەربکەوێت، ئەوەیـە سـەفەربکات، ژنـان لەگـەڵ سـەفەردا هیچیـان پـێ ناکرێـت، ئەژنۆیـان دەشـکێت و تـەواو. وادەزانـم سەوسـەن فیکرەتیـش هەمـان شـت بێـت، ئەویـش ناتوانێـت بڕیاربـدات، بـەڵام خـۆی ناتوانێـت سـەفەربکات، لەبەرئـەوە بڕیاریـداوە داخوازەکانـی بنێرێـت بـۆ دەرەوەی وڵات».

یەکێکمـان لـە مەنگـوڕی پرسـی « بـەڵام مەنگـوڕ ئـەوە ڕەوایـە. شـتی وا هەقـە؟».

مەنگوڕ گووتی «هیچ شتێک ڕەوا نییە، ئەوەش ڕەوا نییە پیاو لە شارێکی وا پیس و پۆخڵی وەک ئەم شارەی ئێمەدا لە دایک بێت، کە بەبازاڕدا دەڕۆیت بۆنی شێلم و کەلەرمی ڕزیو کاستدەکات. کچەکە لەسەر هەقە، دەیەوێت کوڕەکان تۆزێک شەڕواڵەکانیان بتەکێنن و بجوڵێن، گەورەترین ناهەقی ئەوەیە ئێمە لەم شارەدا لەدایک بووین... بە ناموسی باپیرەم، کچەکە دەیەوێت هەڵەیەکی ئیلاهی ڕاستبکاتەوە، پێمبڵێن گەر هەر یەکێک لە ئێوە بۆتان هەبایە شارێکتان بۆ ژیان هەڵبژاردایە، ئێرەتان هەڵدەبژارد، ها ئێرەتان هەڵدەبژاد یان نا؟. دڵنیام هیچ کەللەپووتێکتان ئێرەی نەدەویست. گەر خوای گەورە لە منی بپرسیایە، ها مەنگوڕ... عەزیزی من، کوڕی خۆم، ئەوە خەریتەی دونیا و جێگایەک بۆ خۆت هەڵبژێرە، مەملەکەتێک بدۆزەرەوە قوونتی تیا بحەسێتەوە، ئەم شارەم هەڵنەدەبژارد... دوا جێگا لەم دونیایەدا هەڵمبژاردایە، ئەم شارەبوو. بەڵام کە باری تەعالا بە منداڵی سەرو گوێلاکی منی بینی، خەریتەکەی دانا و گووتی خۆت سەیرکە، یەک جێگا نەماوە، تێدەگەیت یەک جێگا نەماوە، گەر دەتەوێت فلیمەکە ببینیت، تەنیا ئەم شارە چڵکنە ماوە کە خۆشم نازانم باکووری عێراقە یاخود باشووری کوردستانە... گووتی مەنگوڕ هەر ئەو شوێنە بەتاڵە هەیە، لەویادا، گەر دەتەوێت بتەوێت، ناتەوێت من ئیشم هەیە، دونیا بۆ قوونی تۆ بەجێ ناهێڵم... ئاوەها بوو من لەم شارەدا لەدایک بووم».

هاوڕێیەکمان بێئەوەی بیر لە قسەکانی مەنگوڕ بکاتەوە گووتی «بەڵام گەر کوڕەکان لەوسەری دونیا دڵیان چوو بە کەسێکی تردا، ئیتر لەوێدا هەموو حیکایەتەکە تەواو دەبێت... ئەوسا دڵنیام کچەکەی فیکرەت گوڵدانچیش لە هەموو ئەم بەزمە پەشیمان دەبێتەوە».

مەنگوڕ گووتی « ئەو شەوە کە لە ماڵی گوڵدانچی هاتینەدەرەوە، بە خۆم گووت : خۆزگە منیش لە گەنجیمدا ژنێک ئاوها هانی بدامایە

لـەم شـارە بـڕۆم. سـەیرترین شـت کـە ئینسـان لـەم شـارەدا بیـری دەچێتـەوە ئەوەیـە کـە شـتێک هەیـە نـاوی دونیایـە، بەقەبـری مـردوم، ئینسـان کـە لێـرە لەدایـک دەبێـت ئـەو شـتەی تیـا دەردەهێنـن، هـەر کەسـە و تەنیـا بەقـەد قوونـی خـۆی بیـر لـە دونیـا دەکاتـەوە. بـەڵام گـەر کامەرانـی سـەلما لەوسـەری دونیـا دڵـی چـوو بـە کەسێکی تـردا؟ تـۆ لەسـەر هەقـی بـرادەر... لەسـەر هەقـی، بـەڵام مـن ئـەوە بـە ڕەوای هـەق نازانـم... ئێمـە هەمـوو بەتەمادەبیـن بگەڕێتـەوە، ئـەو دەتوانێـت بـە ئـارەزووی خـۆی بگەڕێـت، بـەڵام دەبێـت بزانێـت کۆمەڵێـک هاوڕێـی هەیـە چاوەڕوانیدەکـەن...»

کامەرانـی سـەلما هیچـی نەگـووت، بێدەنـگ تەماشـای مەنگـوڕی دەکـرد و بیریدەکـردەوە. مەنگـوڕ لـە دوورەوە سـەیری کامەرانـی کـرد و گووتـی «هێـی بـرای مـن، بـۆ قسـەیەک ناکەیـت، ئاسـان نییـە هەشـت سـاڵ دۆسـت و بـرادەری خـۆت لـە بیربکەیـت، ئاسـان نییـە... دەزانـم ئێشـت زۆر دەبێـت، دۆزینـەوەی ئـەو باڵندانـە گەڕانـی زۆری دەوێـت، سـوێند دەخـۆم ئـەو کچـە خـۆی دەزانێـت کـە باڵنـدەکان لـە کـوێ دەژیـن و مـرۆڤ چـۆن دەتوانێـت پەیدایانبـکات، کتێبەکانـی ئـەو کتێبخانەیـە گەورەیـە هەمـوو شـتێکی تێدایـە، بـەڵام تـۆ زۆر ماندوودەبیـت، تـۆ ناچاردەبیـت بـە نـاو قـەوم و تایەفـەی جۆراوجـۆردا بڕۆیـت، لـە هەمووشـی سـەختتر ئەوەیـە کـە دەبێـت باڵندەکانـت بپارێزیـت... مـن دەڵێـم خـودا فرسـەتت بـدات. شـیروانی حەپسـەخان جارێکیـان باوکـی پێیگـووت : کـوڕم لـە ماڵـەوە دانیشـە، مـاڵ لـە هـەر شـوێنێکی تـری دونیـا سـەلامەتترە. لـە بیرمـە شـیرۆ گووتـی: باوە، بەهەشـت و جەهەنەمیـش هەردووکیـان لـە دەرەوەی ماڵـن، گـەر بـە خۆشـی خـۆم لـە مـاڵ نەچمـە دەرێ و ملـی یەکێـک لـەو دوو ڕێگایـە نەگـرم، دواتـر بـە زۆر لـە پشـتێنەوە ڕامدەکێشـن و لـە مـاڵ دەرمدەهێنـن، جـا بـە خۆشـی خـۆم دەرچـم باشـترە. ئـا... بـرام، مـاڵ چەنـدە سـەلامەت بێـت، ئینسـان هـەر دەبێـت ڕۆژێـک دەرگاکـە بکاتـەوە و بـڕوات. هـەر دەبێـت ئـەوە بـکات. هێـی

برای من لەو بێدەنگییەی تۆ تێدەگەم... تۆش کوڕی ئەم شارەیت، سوێند دەخۆم ئەوەی لەم شارەدا قوونی لە هێلکە جووقابێت، بچێت بۆ ئەوسەری دونیاش دەزوویەکی ئەم شارە هەر بەقاچییەوە دەبێت. بگەڕێوە برام بگەڕێوە... هەموو چاوەڕوانتدەکەین. هەشت ساڵی تر گەر ئێمە و ئەم ئوتێلی پۆخڵەواتە مابووین، قەسەم بەزمێکت بۆ سازبکەم کەس نەیدیبێت... گەر سەوسەن فیکرەت شووی پێکردی باشە، گەر نەشیکرد تۆ شتێکی گەورەت بردۆتەوە... تێدەگەیت... تۆ دونیات بردۆتەوە... یوسف کەویاری گەورە بەڕەحمەت بێت دەیگووت «لە شەڕدا مرۆڤ هەرگیز بەسەر دوژمنەکەیدا سەرناکەوێت، بەڵکو بەسەر خۆیدا سەردەکەوێت». ئا بەڕەحمەت بێت ئەو وایدەگووت. گەر ئەو کچە شووشت پێ نەکات، من حورمەتی خۆم و ڕێزی خۆم بۆ ئەو خانمە نادۆڕێنم... لەبەرئەوەی کچەکە دەیەوێت هەر سێکتان بە براوە دەربچن، گەر هۆشتان هەبێت دوای ئەو سەفەرە هەر سێکتان براوەن».

یەکێکمان بە مەنگوڕی گووت «هێی مەنگوڕ، تۆ شتێکت لە بیرچووە، تۆ حیسابی تەمەن ناکەیت، حیسابی ئەو هەشت ساڵە ناکەیت کە لە عومری کوڕەکە دەڕوات».

مەنگوڕ گووتی «هەڵبەت عەزیزم کە حیسابیدەکەم... تۆ لەو باوەڕەدایت من حیساب بۆ هەشت ساڵ لە تەمەنی کوڕێکی وەک کامەرانی سەلما نەکەم، بە قوونی عەزیزی هەموومان کە یەکەمجار قسەکانی سەوسەن فیکرەتم بیست، موچڕکێک بە گیانمدا هات خەریک بوو نوکی پێم بتەزێت، هەشت ساڵ بەدەم خۆشە. بەڵام گەر بەوردی بیری لێبکەیتەوە، کامەران قازانجێتی. گەر کامەران لێرەبێت و ئەم ئوتێلەش بمێنێت، ئەوا تا هەشت ساڵی تریش ئەو لێرەدا هەر بەدیار لووتی ئێمەوە دادەنیشێت. تا هەشت ساڵی تر کوڕەکە چی دەکات، ها پێمبڵێن چی دەکات؟. دڵنیام کۆمەڵێک دەست یاری کاغەز لە کۆمەڵێک

چڵێتـی وەک ئێـوە دەباتـەوە، چەنـد چەقۆیەکـی تـر لـەم و لـەو دەدات، لەوانەشـە بیگـرن بەسـەرباز و بینێـرن بـۆ شـەڕ... کـێ چوزانێـت؟. مـن دەڵێم بـە قەبـری هەرچـی پێغەمبـەری دونیایـە، ئەمـەی قازانجتـرە. گـەر ئـەم هەشـت ساڵە لـە ژیانـی تەرخانبـکات بـۆ تێگەیشـتن لـە کـون و کەلەبـەری ئـەم ئەستێرە چڵکنـە، هیـچ نەبێـت شـتێک زیاتـر لـە دونیـا تێگەیشـتووە لـەوەی هـەر لەنێـوان ژێـر زەمینـی ئـەم ئوتێلـە بۆگەنـە و چایخانـەی پەپولەی ئـازادا بێـت و بچێـت، کـە لـە جیاتـی پەپولـە ساڵ دوازدەی مانـگ پـڕە لـە مێـش و مێشـولەی ئـازاد... گـەر بـڕوات، لایەنیکـەم کۆمەڵێـک شـەرابی تـر تاقیدەکاتـەوە، کۆمەڵێـک چایخانـەی تـر دەبینێـت، چیتـر گوێـی لـە گەمژەکانـی ئـەم شـارە نابێـت کـە ژیانیـان لـە ئـاخ و ئۆفـدا بـۆ ژن و کچـی یـەک بەسـەر دەبـەن... هیـچ نەبێـت شـتێک دەبینێـت لـەم شـارەدا نییـە و نایبینێـت. جەمالـی خەسـەکۆم قەبـری ئەمشـەو لـە هـەر شـەوێک ڕوناکتـر بێـت، دەیگـووت ئـەم وشـەی «هیـچ نەبێـت» ـ لـە هەمـوو وشـەیەکی تـری دونیـا گرنگتـرە. ئـا... ئـەو وایدەگـووت. ئینسـان دەبێـت زۆر ئـاگای لـەم وشـەیە بێـت. مـن گـەر بـە گەنجـی بمگووتبایـە « با فێـری زانستێک بم، هیچ نەبێـت لـەم چەقۆبازییـە باشـترە»، ژیانـم دەگـۆڕا. گـەر کامەرانـی سـەلماش نـەڕوات، لـەم شـارەدا هیـچ فێرنابێـت، هیـچ فێرنابێـت. دوای هەشـت ساڵی تریـش دەڵێـت گـەر بڕۆشـتمایە هیـچ نەبێـت لـەوە چاکتـر بـوو هەمـوو ژیانـم بەرامبـەر لووتـی مەنگـوڕی بابـە گـەورە بەسـەربەرم. جەمـال بەڕەحمـەت بێـت کـە ژنـی یەکەمـی هێنـا، کچێکـی زۆر ناشـیرین بـوو، بـە قەبـری ئەولیـا تـا ئەمـڕۆش ژنێکـی تـری وا ناشـیرینم نەبینیـوە. بـەڵام ئـەو گووتـی « هیـچ نەبێـت لـەوە باشـترە مـرۆڤ تـا دەمرێـت تامـی ژن نـەکات». کـە بـوو بـە پێشـمەرگە گووتـی «هیـچ نەبێـت لـەوە باشـترە بمکـەن بـە عەسـکەر»، کـە خۆشـی کوشـت نامەیەکـی لـە تەنیشـت خۆیـەوە دانابـوو و نوسـیبووی «هیـچ نەبێـت ئـەم مردنـە لـەم ژیانـە حیـزە باشـترە کـە تامـی نییـە».

هەموومان پێکەنین، بەڵام مەنگوڕ بە توڕەییەوە پێکەنینەکەی پێبڕین و گووتی «دوائەوە گەر کوڕەکە نەڕوات... ها با وادابنێین کوڕەکە نایەوێت بڕوات. ئەوکات تادەمرێت، حەسرەتی خۆشەویستی یەکەم لە دڵیدا دەبێت. من دەزانم یەکێک ئێستا دەڵێت «هێی مەنگوڕ، مەیکە بە قیامەت... مەیکە بە قیامەت... خۆ کچ قاتی نییە، کوڕێکی وەک کامەرانی سەلما یەکێکی تر هەر دەدۆزێتەوە»، سوێند دەخۆم یەکێکتان ئێستا لە خەیاڵی خۆیدا وادەڵێت. بەڵام من واناڵێم، من دەڵێم کچ قاتییە... ئا... یوسف کەویار دەیگووت ژن و پیاوی ڕاستەقینە زۆر بەزەحمەت یەکتری دەدۆزنەوە... ئەوە ژن و پیاوی بودەڵەن کە مەسەلەی خۆشەویستیان هەروا بە گاڵتە گرتووە. گەر کامەرانی سەلما هەوڵ بۆ ئەم کچە نەدا... چی بکات؟ ها خۆ بە زۆر ناتوانێت کچەکە داگیربکات؟ قەسەم بە ناموسی دایکم، من قەت لەگەڵ ئەوەدا نیم پیاو بە زۆر ژنێک زەوتبکات... ها کەسێک برادەری مەنگوڕ بێت شتی وا ناکات... گەر کچەکە بیگووتبایە کامەرانی سەلما من شوو بە تۆ ناکەم. من لە کامەران زیاتر دڵم ژانیدەکرد و خوێن لە هەستم دەچۆڕا، بەڵام هیچ کات ناگاتە ئەوەی بڵێم بابڕۆین سەوسەن فیکرەت لە پێخەفی خۆی و لە کتێبخانەکەی خۆی دەربهێنین و بیفڕێنین... نا... قەسەم بە خودا... هەر کەسێک برادەری مەنگوڕ بێت شتی وا ناکات... سوێند دەخۆم بە شەرەفی ئەولیا کە من سڵاو لە کەسی واناکەم... چەند عەزیز بێت لام... ئا لێرەدا کەسی وەها ڕووبەڕوو ببینم، سەیریدەکەم و سڵاوی لێ ناکەم... من دەزانم سنووری ڕاستەقینەی پیاو لە کوێدایە. کامەرانی سەلماش دەزانێت... ها وانییە کامەرانی سەلما وانییە؟».

کامەرانی سەلما سەیریکرد و گووتی «مەنگوڕ من زۆر شت لە تۆوە فێربووم... ئەو شتانەی لە تۆوە فێریان بووم، زۆر یارمەتیاندام، نازانم ئەم شتانە چەندە سوودیان دەبێت گەر لە شوێنی تر بژیم و

بەرگە بگرم... بەڵام لە هەرجێگایەک بم چاوەڕوانی نامەی تۆ و نامەی هەمووتان دەکەم. تۆ تۆزێک پێشتر باسی ئەو چۆلەکەیەت کرد کە بۆ هەر جێگایەک بفرێت دەزوویەکی ئەم شارە بەقاچییەوە دەمێنێتەوە. من ئەو چۆلەکەیەم... کە دەڕۆم، تەنیا بیر لەوە دەکەمەوە کەی بگەڕێمەوە. بەجۆرێک دەگەڕێمەوە شانازیم پێوەبکەن... یەک شت زۆر بەلامەوە گرنگە، ئەوەیە ئێوە شانازیم پێوەبکەن...».

مەنگوڕ بە خۆشحاڵییەوە دەستی بەرزکردەوە و گووتی «هێی کوڕی گەنج... هێی برای شیرینمان... پێویست ناکات، قسەبکەیت، من دەزانم تۆ لە ناوەوە مەعدەنێکی باشیت. ئەوەی دەڕۆی و بەجێمان دەهێڵیت قەدەرێکی ناخۆشە، بەڵام ئەوەی دونیاش ببینیت بەختێکی لەوە باشترە. برای شیرینم من خۆم تاسەر سنوور لەگەڵتدا دێم، لە کوردستانی ئەودیو ناسیاومان هەیە، لەوێوە دەتوانیت لە هەر کوێی دونیا بیت کاغەزمان بۆ بنێریت، بەڵکو خودا تەمەنمان بداتێ و جارێکی تر یەکتر ببینینەوە... هەندێجار هەشتسەد ساڵ دەڕوات و هیچی گرنگ لە دونیادا ڕوونادات، هەندێجاریش لە هەشت مانگدا هەشت مەملەکەت دەڕوخێت... هیچ شتێک لە مێژوو بێبارتر نییە، کەس نازانێت قوونی خۆی چۆن دەجوڵێنێتەوە. بەڵام برای شیرینم، با هەمیشە چەقۆیەکت پێبێت، چووی بۆ هەر جێگایەکی دونیا با چەقۆیەکت پێبێت، کە ماندووبوویت سەیری چەقۆکە بکە و ئێمەت بیربکەوێتەوە. جارێکیان عونیلی سەبەی قەیماغ سوێندی خوارد کە ئەو برایەتییەی چەقۆ لە نێوان دوو کەسدا دروستیدەکات لە برایەتی خوێن بەهێزترە. عونیل خۆی هاوڕێی یاسینی شوکە بوو، کە عونیلیان کوشت دوای شەش مانگ یاسینی شوکە لە مەراقدا ڕۆحی دەرچوو، خۆی وەسێتی بۆ یاسین کردبوو گەر بە دەمانچە کوشتیان هەقی نەسێنێتەوە. یاسین کوڕێکی پیاو بوو، گەر ئەو وەسێتە نەبووایە هەموو ئەوانەی دەکوشتەوە کە عونیلیان بە ناهەق کوشت،

بەڵام وەسێتەکە دەست و قاچی بەستبوو... ها کامەرانی سەلما، خودا دەزانێت ئەم چیرۆکەی تۆش خەڵکی چەند ساڵ دەیگێڕنەوە، خودا دەزانێت. بەڵام برای باش، چوویت بۆ هەر مەملەکەتێک و هەستتکرد وەڕز و بێبڕستیت سەیری چەقۆکەت بکە، من بۆ یادگار چەقۆکەی خۆمت دەدەمێ هەڵیگرە، ئەوە غەریبیت دەشکێنێت... چەقۆ زمانێک قسەدەکات هەموومان تێیدەگەین، لە بولبول باشترە کە بە زمانێک دەخوێنێت کەسمان تێیناگەین... ئا زۆر لە بولبول باشترە. من سوێندت بە گۆڕی یوسف کەویار بۆ دەخۆم کە هەرچییەکم لە دەست بێت دەیکەم، هەرچییەکیشم لە توانادا بێت بۆ ئەوەی تۆ بکەوێتە پێش نەیارەکانت هەر دەیکەم... هەرچییەک... لە بەر ئەوە بڕۆ و مەترسە».

٢٥

لەسەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٨٧ دا، هەر سێ داواکارەکە دوای ئەوەی هەر یەکەیان بە ڕێگای خۆی پاسپۆرتێکی پەیداکرد و لای هەندێک لە شارەزاکان وێنەکەی گۆڕی، لە سێ خاڵی جیاوازی سەر سنوورەوە لە سێ ڕۆژی جیاوازدا بە قاچاغ نیشتیمانیان بەجێهێشت. پاسپۆرتەکان بەجۆرێک بێهەڵە گۆڕدرابوون، شارەزاترین پسپۆڕ و وردترینیان نەیاندەتوانی جیاوازییەکان ببینن. سێ نوێنەرەکەش لە سێ ئێوارەی جیاوازدا بە ڕێزێکی زۆرەوە چوون بۆ ماڵی گوڵدانچی و هەواڵی سەفەری سێ گەنجەکەیان بە سەوسەن ڕاگەیاند. هەر یەکەشیان دوا وێنەی کوڕەکانیان لەسەر سنووری نێوان وڵات و جیهاندا بە دیاری برد بۆ سەوسەن فیکرەت. ئەو بە بایەخێکی زۆرەوە وێنەکانی خستە ئەلبومێکی تایبەتییەوە. لەو سێ وێنەیەدا هەر سێ کوڕەکە بە جلی کوردییەوە بە خۆیان و جانتاکانیانەوە لەسەر مەرز وەستاون و زەردەخەنەیەکی گەورەیان گرتوو، پێدەچێت زەردەخەنەکەیان بۆئەوە بێت شتێک لە گەشبینی بخەنە دڵی سەوسەنەوە.

دوای ڕۆیشتنی هەر سێ گەنجەکە، شتێک لە بێدەنگی و هێمنی باڵی بەسەر ژیانی هەموماندا کێشا، بەڵام ئێمە کوڕ و کاڵی ئەم شارە هەمیشە شێتی ئەوەبووین سەوسەن ببینین، شێتی ئەوەبووین دوای هەواڵی بکەوین، هەموو جوڵەیەکی بخەینە ژێر چاودێرییەوە. ئەو تەنیا

کچێکی شارەکەمان بوو هەموو چیرۆکەکەیمان دەزانی، لەبەرئەوە لامان گرنگ بوو تا کۆتایی لەگەڵ بەسەرهاتەکەیدا برۆین و هیچ شتێک لە دەست نەدەین. ماوەیەک سەوسەنمان تەنیا لە کاتی سەردانەکانی دکتۆر «رەفعەت رەمزی»دا دەبینی، کە دکتۆرێکی گەنج بوو، هۆی لاوازی و سەرئێشە و بێخەوی کچەکەی دەگێڕایەوە بۆ تەنهاییە قووڵەکەی، بۆ جۆرە هێمنی و بێدەنگییەک کە هەموو ژیانی تەنیوە.

دوای رۆیشتنی داواکارەکان، سەوسەن ماوەیەکی لەجاران درێژتری لەگەڵ کتێبدا دەبردەسەر، ئەو چەند ساڵە بەجۆرێکی بەربڵاو و قووڵ خەریکی زانستی باڵندەناسی بوو، بایەخێکی سەیر و گەورەی بە هەر شتێک دەدا پەیوەندی بە باڵندە و جۆرەکان و پۆلێنەکانیەوە هەبێت، لەو بوارەدا رایسپارد چەند کتێبێکی گەورەی دیکەشی لەدەرەوەی وڵاتەوە بۆ هات، لە رێگای نامەگۆڕینەوە بووە ئەندام لە هەندێک کۆمەڵەی باڵندەناسی و باڵندەپارێزی دونیادا. لەو کاتەوە پەیوەندی لەگەڵ باڵندەکانیشدا گۆڕا، ئەوەی نابێت هیچ جۆرە باڵندەیەک لە بەردەمیدا سەر ببڕێت، نابێت لەسەر سفرەیەک دابنیشێت کە گۆشتی باڵندەی لەسەر دەخورێت، نابێت کەس لە هەیوان و حەوش و سەربانی ماڵی ئەو باڵندە دەربکات، وەک جۆرە سروتێکی سادەی ژیانی ماڵی گوڵدانچی لێهات. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا کەسمان هەستمان نەدەکرد کە هیچ شتێک لە ژیانی سەوسەندا هەیە بە عەشقێکی زۆر قووڵ و ئارەزوویەکی زۆر گراوییەوە بۆی بژی، هەمیشە هەستمان بە شتێک لە ساردی و خاوی دەکرد، کە بەڕاستی نەماندەزانی چەند پەیوەندی بە جیهانی ناوەوەی سەوسەنەوە هەیە. هەر لەو دەمانەدا پەیوەندی نێوان سەوسەن و پرۆشەی خوشکیشی تادەهات کەمتر و بەرتەسکتر دەبووەوە، هێدی هێدی دوو خوشکەکە هیچی ئەوتۆیان بۆ قسەکردن لەگەڵ یەکدا نەدەما. پرۆشە وەک بێوەژنێکی گەنج کاتێکی زۆرتری بۆ

شته ڕۆژانەکان تەرخاندەکرد، پتر میوانی دەهات، پتر دەڕۆیشته دەرێ، بەرامبەر بەو سەوسەن کیژێکی گەلێک بێدۆست و هاوڕێ بوو. دوای تێپەڕینی گەردەلوولی داواکاران و ئارامبوونەوەی دەروونە گرژەکان، فیکرەت گوڵدانچی پەیوەندی خۆی لەگەڵ گوڵدانچییەکانی تردا ئاساییکردەوە، ئەو پیاوێک نەبوو مرۆڤ بتوانێت ماوەیەکی درێژ لێیزویربێت. هەمووان وەک پیاوێکی بەڕێز دەیانبینی کە بە ویقاری فەرمانبەرێکی گەورەوە لە شارێکی بچوکدا دەژی. فیکرەت گرفتێکی ئەوتۆی لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاوتەمەنانی خۆیدا نەبوو، هەمیشە ڕای وابوو خەڵکانی پیر خێراتر و باشتر دەبن بەدۆستی یەک، چونکە ئەوان نیازێکی ئەوتۆیان بە دونیا نەماوە «مرۆڤ تەنیا بەر لە مردن توانای دروستکردنی هاوڕێتی ڕاستەقینەی تیا دەخولقێت» زۆرجار لە دانیشتن و گفتوگۆکاندا وایدەگووت. لەو ماوەیەدا فیکرەت دوای سەرنجی زۆر لە کچەکە و ڕەفتاری گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەم خانمە گەنج و سەرسەختە بە ڕاستی پێویستی بەوەیە لە ماڵ بچێتەدەرێ، بەڵام شارەکە جێگایەکی ئەوتۆی تێدا نەبوو ڕووی تێبکات... کچەکە نەیدەتوانی هاوڕێ دروستبکات، چەند جارێک بینیمان گوڵدانچی کچەکەی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ کتێبخانەی شار. لەگەڵ ئەوەی کتێبخانەکە کتێبی ئەوتۆ گرنگی لە خۆ نەگرتبوو، لەگەڵ ئەوەی هۆڵی کچان زۆربەی کات خاڵی بوو، بەڵام سەوسەن مانگی جارێک یان دووان لە بەیانییەوە دەچوو بۆ ئەوێ و لە هۆڵە سارد و چۆڵەکەیدا تادرەنگ دەمایەوە. کەس نەیبینی بۆ جارێکیش کتێب لەوێ وەربگرێت، هەمیشە کتێبی خۆی دەبرد، سەیری کەسی نەدەکرد، ئەو ڕێبوارانەی بەلایدا دەڕۆیشتن، ئەو کچانەی بەرامبەری دادەنیشتن ئەو هەستەیان هەبوو کە سەوسەن نایانبینێت. هەندێ جار فیکرەت گوڵدانچی بە تاکسی دەیهێنا و دەیبرد... هەندێ جاریش خۆی دەهات و دەڕۆیشت. وەک کچێک کە خاوەنی چیرۆکێکی سەیرە لە هەموو

جێگایەک سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێت، بەڵام ئەوە هیچ لەو ساردی و بێئاگاییەی ئەو ناگۆڕێت، بەردەوام بەیەک دەموچاو و بەیەک نیگا و بەیەک جۆر سەیرکردنەوە لە شتەکان دەڕوانێت. چوونی بۆ کتێبخانە جگە لەوەی چێوەی تازە بۆ تەنهاییەکەی دەکێشێت و لە قاڵبی نوێدا دەریدەخات، کارێکی ئەوتۆ لە ژیانی ناکات. فەرمانبەرانی کتێبخانە پێکڕا بەو سەردانانەی سەوسەن وەڕزدەبن، نە لە بەرئەوەی کیژەکە ئەرکێکی تایبەتی یان قورسی هەیە، بەپێچەوانەوە ئەو هیچ ئەرکێکی نییە، بەڵام هاتنی وەک هاتنی ئەمیرەیەک جۆرە بێدەنگی و هێمنییەک بەسەر هەمووانـدا دەسەپێنێت کە کەس حەزی پێ ناکات. ئەوەی کچێک لە کتێبخانەکەدایە و عاشقی زۆرە، فەرمانبەرە کچەکانی دیکەی تووشی پەشۆکان و تووڕەیی و نائاسوودەیی دەکات. سەوسەن خۆی لەوە هێمنترە کەس بتوانێت بێبەهانە بێزاری خۆی بە ڕوودا بتەقێنێتەوە، بەڵام هەمووان لە کتێبخانەکە دەزانن کە هەریەکەیان لەلای خۆیەوە بۆ هۆیەک و بەهانەیەک دەگەڕێت ڕووی شەڕانگێز و تووڕەی خۆی بەرامبەری دەربخات. سەوسەن دەچێتە هەر جێگایەک پەشۆکان و نائارامی لەگەڵ خۆیدا دەبات. هێدی هێدی وای لێدێت خۆی هەست بە پوچی و بێمانایی سەردانەکانی خۆی بۆ کتێبخانە دەکات و تەواو دەستبەرداری دەبێت.

لەو سەرەتایەوە سەوسەن تووشی ئەو خەوبینینە شەوانە غەمناکانەش دەبێت کە بەردەوام لەگەڵیدا دەمێنێتەوە، خەوبینین بە برا مردووەکەی و سێ داواکارەکەیەوە دەبێت بە بەشێکی هەمیشەیی ژیانی شەوانەی، هەمیشە هەر چواریان لە خەونەکانیدا پێکەوە دەردەکەون، هەر جارەی بەجۆرێک، هەر جارەی لە جێگایەک، هەر جارەی لەجۆرە ژینگەیەکدا... شەوێک تێناپەڕێت ئەو نەیانبینێت، جارێک لە شەمەندەفەرێکی تۆزاویدا بە ناو بیاباندا دەڕۆن، جارێک لە گالیسکەیەکی دێریندا لە بەرگی ئەفسەرە قەیسەرییە کۆنەکاندا دانیشتوون و سەیری یەکدی دەکەن،

جارێک لە جێبێکی ئەمریکیدا لە ناو کۆمەڵێک مەزرا و کێڵگەی گەورەی گوڵەبەرۆژەدا... هەمیشە لە خەونەکانیدا وەها دیارە وەک ئەوەی هەر چواریان بە هێمنی و بێدەنگی سەیریبکەن، وەک ئەوەی هەر چواریان بە نیگاکانیان سەرزەنشتیبکەن... هەر چواریان شتێک لە ونبوون و نائومێدی بە دەموچاویانەوە دیاربوو... هەموو شەوێک بە هەمان نیگا و ڕوخسارەوە دەردەکەوتنەوە. کەسیان لە خەونەکانیدا قسەیان نەدەکرد، خەونەکانی دیکەی بەجۆرێک لە جۆرەکان هەموو قسەیان تێدابوو، بەڵام دڵنیابوو ئەم خەونەیان خەونێکی بێدەنگە، هەمیشە بێدەنگە... تێیدا هەر چوار پیاوەکە قووڵ تەماشای چاوی دەکەن و هیچ ناڵێن. هەمیشە لە دوای ئەو خەونە بە ئاگادەهات، هەموو ئەو هەشت ساڵە هیچ شەوێک تێناپەڕێت ئەو خەوەی تێدا نەبینێت و ڕانەچڵەکێت و بە ئاگا نەیەتەوە. بەردەوام بەیانیان لەسەر بەرچایی خەونەکەی دەگێڕایەوە، هەمووان بۆ چەند چرکەیەک بێدەنگ دەبوون و ئەو خەونەکەی خۆی باسدەکرد. فیکرەت گوڵدانچی دەیزانی ئەو خەونە نیشانەی ناڕەحەتی و پەشۆکانێکی قووڵی دڵی کچەکەیە کە لە منداڵییەوە فێربووە هەمیشە خۆی بەهێز نیشانبدات. لە کۆتایی بەهاری ئەو ساڵەدا کە هێشتا داواکارەکان تەنیا سێ مانگ بوو بە ڕێگاوەبوون، سەوسەن بیری لەوەکردەوە لەسەر یەکێک لە دیوارەکانی کتێبخانەکەی خۆی، جارجار نیگارێکی گەورەی سروشتی بۆ گۆشەیەکی دونیا دروستبکات کە لە فەرهەنگ و کتێبە گەورە و گۆڤارە جوگرافییەکاندا دەیانبینێت، تا لەو ڕێگایەوە پتر لە داخوازەکانی خۆیەوە نزیک بێت، کە هەردەم لە خەونەکانیدا لە ئامێزی شوێنە عاجباتییەکانی سروشتدا دەیبینین. کە پڕوشەی خوشکی ناڕەزایی خۆی دەرخست، بەو بیانووەی کە ئەوجۆرە نزیکییە هیچ نییە جگە لە خۆ خەڵەتاندن، سەوسەن بە ئارامی پێیگووت «هیچ دوو مرۆڤێک لەم دونیایەدا بەڕاستی لە یەک نزیک نین... مرۆڤ تەنیا لە حاڵەتی

خۆخەڵەتاندن و خۆفریودانـدا لـە مـرۆڤ نزیکـە... ئێمـە وەهـا دروسـت بووین نەتوانیـن لـە هیـچ نزیـک بیـن، دەبێـت بەختەوەرییـن گـەر بتوانیـن تۆزێکیـش لـە خۆمـان یـان لـە شـتەکانی تـر نزیـک بیـن...». فیکـرەت دەیزانـی کـە سەوسـەن بەجۆرێـک لـە جۆرەکان دەتوانێت هۆیـەک و مانایەکی فەلسـەفی بـۆ هەمـوو ئارەزووەکانـی خـۆی بدۆزێتـەوە، هەنـدێ جـار بەهانـە و هۆکارەکانـی قـووڵ و هەنـدێ جاریـش بەهانـە و هۆکارەکانـی لـە خزمـەت ویسـتە منداڵانەکانیـدا بـوو. فیکـرەت دروسـتکردنی ئـەو وێنانـەی وەک جـۆرە دەسـتکارییەک بـۆ دونیـای سەوسـەن سـەیردەکرد کـە دەیویسـت بگۆڕێـت و نەدەگـۆڕا، ئـەوە بیرۆکەیەکـی بـاش بـوو کچەکـە کەمێـک لـە دەوری خـۆی هەسـت بەگـۆڕان بـکات، لایەنیکـەم دەکـرا ئـەوە شـتێک لـە کـەم خوێنـی و سەرئێشـەکەی کەمبکاتـەوە. هەڵبـەت تێچوونـی دروسـتکردنی ئـەو نیگارانـە ئاسـان نەبـوو، لـە هەمـوو شـاردا دوو سـێ نیگارکێـش هەبوون ئـەو دیواربەندە گەورانەیـان دروسـتدەکرد، دووانیـان هونەرمەنـدی کارامـە نەبـوون و یەکێکیان نرخـی زۆر بـەرزی داوادەکـرد کـە بـە بودجـەی پیاوێکـی وەک فیکـرەت هەڵنەدەسـوڕا. لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەردەوام دوای مەزاجـی کیژەکـە دەکـەوت، وەک ئـەوەی قـەدەری بێـت لەگـەڵ هـەوای ئـەو کچـەدا هەڵبسـوڕێت. دواجـار ڕێکـەوت کۆمەکیکـردن و کوڕێکـی گەنجیـان دۆزییـەوە کـە بـە پارەیەکـی گونجـاو ڕازی بـوو نـاو بـە نـاو نیگارێـک بـۆ سەوسـەن دروسـتبکات. کوڕەکـە نـاوی «ئاریـان جـەودەت» بـوو، کاتێـک یەکەمجـار هـات بـۆ ماڵـی فیکـرەت گوڵدانچـی، سەوسـەن بـە ئاسـکی پێیگـووت «بـە یـەک مـەرج ڕێـگات دەدەم بێیتـە ئـەم ماڵـە. سـوێندم بـۆ بخـۆیـت کـە حـەزم لـێ ناکەیـت، بیـر لـەوە ناکەیتـەوە خۆشـت بوێـم، جگـە لـە ڕاسـتیش هیچـی دیکـە لەسـەر ئـەم ماڵـە لـە دەرەوە ناگێڕیتـەوە، بـە هەمـوو کـەس دەڵێیـت تـۆ لێرەیـت تـا دیوارەکانـم بـۆ ڕەسـمبکەیت، تەنیـا دیـوارەکان... نەبـا لـە وەڕسـیدا بمـرم». کوڕەکـە سـوێندی بـۆ خـوارد کـە حـەزی لـێ نـاکات، هەمـوو شـتێکیش دەکات بـۆ

ئـەوەی بیـر لـە خۆشەویسـتی نەکاتـەوە، بـە دەنگێکـی غەمگینیـش گوتـی «خانـم مـن چیرۆکـی تـۆ دەزانـم، چیرۆکـی تـۆ و داواکارەکانتـم بیسـتووە، ئیتـر چۆن بتوانـم حـەزت لێبکـەم. تـا ئـەو ڕۆژەی ژندەهێنـم هـەر نیگارێـک تـۆ بتەوێـت دەیکێشـم و هـەر شـتێکیش تـۆ ئاسـوودەبکات دەیکـەم، بـەڵام ڕۆژێـک ژنـم هێنـا، ئـەوکات ژنەکـەم بڕیـاردەدات ئاخـۆ دەتوانـم لەگەڵتـدا بەردەوامبـم یاخـود نـا...». سەوسـەن فیکـرەت بـەوەوە وازی نەهێنـا، بەڵکو کاغەزێکـی بـە خەتـی خـۆی پێپڕکـردەوە کـە تێیـدا کوڕەکـە سوێند دەخـوات هەرگیـز حـەز لـە سەوسـەن فیکـرەت نـاکات. سەوسـەن گووتـی «پیـاوی ئـەم شـارە تەنیـا بەجـۆرە پەیمانێکـی وا دەبەسـترێنەوە». کاغەزێکـی چکۆلانـە بـوو کـە سەوسـەن نـاوی نابـوو «پەیمانـی حەزنەکـردن» شـتێک بـوو بـە پێچەوانـەی «پەیمانـی خۆشەویستی»ـەوە کـە کـوڕ و کچانـی شـار پیـرۆز سـەیریاندەکرد و لەگـەڵ یەکـدا مۆریاندەکـرد. سەوسـەن فیکـرەت ڕای وابـوو هەمـوو ژنێکـی ئـەم شـارە دەبێـت کۆمەڵێـک لـەو پەیمانانـەی پێبێـت، و بـە هەمـوو پیـاوە زیادەکانـی دەوروبـەری خـۆی مۆربـکات، تـا بتوانێـت ئاسـوودە بـژی.

یەکەمیـن نیگارێـک ئاریـان جـەودەت کێشـای وێنـەی پاییزێکـی تـوڕە بوو، تێیـدا چەنـد درەختێـک بـا دڵڕەقانـە بـەرەو چـەپ وەریگێـڕاون، ئاسـمانێکی گـرژ بەسـەر دەریاچەیەکـدا دەڕوانێـت کـە بـە گـەڵای زەرد داپۆشـراوە. پێدەچـوو ئـەو وێنەیـە وەک سـەرەتا گەلێـک دڵـی کچەکـە خۆشـبکات، کـە ئـەو وەرزە ئـارەزووی بـۆ نیـگاری غەمگیـن و پاییزیـی لـە تڕۆپکدابـوو، لـە هەمـان کاتـدا وێنەکـە پـڕ بـوو لـە باڵنـدە، باڵنـدەی نـاوازە و سـەیر سـەیر کـە سەوسـەن فیکـرەت لـە کتێبـی جیـاواز و لەسـەرچاوەی جیـاواز دەریدەهێنـان و بـە ئاریـان جەودەتـی دەگـووت نیگاریـان بکـات.

تەماشـاکردنی ئاریـان جـەودەت لـە کاتـی ئیشـدا نەیتوانـی ئـەو بۆشـاییە قووڵـەی ژیانـی سەوسـەن پڕبکاتـەوە. پڕوشـە لـە هەمـووان زیاتـر بەدەسـت

ئەو بێدەنگییەوە دەینالاند و پێیوابوو قووڵبوونەوە بەردەوامەکانی سەوسەن لە کتێب و فەرهەنگەکاندا ئەو بێدەنگییەی لە ماڵدا دروستکردوە. پڕوشە ئەو بێدەنگییەی وەک درێژکراوەی ڕۆح و جەستەی سەوسەن سەیردەکرد، وەک جۆرێک لە دەستەڵاتی ئەو بەسەر ماڵەکەدا، وەک بەشێک لە هێزی نهێنی ئەو بەسەر هەموو شتەکانی دەوروبەریدا. پڕوشە بۆ ئەوەی ئەو بێدەنگییە بشکێنێت دەبایە بەردەوام دەنگی تەلەفزیۆنەکە زیادبکات، کە ئەو زەمانە بێوچان سرودی تیپە بەعسییەکانی لێدەدا کە سەرتاسەری وڵاتیان بە مۆسیقای جەنگ پڕکردبوو. سەوسەن تەنیا شەوان سەیری تەلەفزیونی دەکرد، خووی بە بینینی ئەو بەرنامە تایبەتیانەوە گرتبوو کە لەسەر جەنگە، هەموو شەوێک بەدیار تەماشاکردنی وێنەی لاشەی سەربازە ئێرانییەکانەوە دادەنیشت. ئەوە تاکە شتێکی تەلەفزیۆن بوو کە پڕوشە نەیدەتوانی سەیریبکات. لاشە سووتاوەکان و دیمەنی ئەو گەنجانەی بەسەرو ڕوخساری تۆزاوییەوە لە سەنگەرەکاندا کەوتبوون، مردنی براکەی و مێردەکەی بە یادا دەهێنایەوە. پڕوشە زۆرجار دەپاڕایەوە لە کاتی دەرخستنی ئەو وێنانەدا تەلەفزیۆنەکە خامۆشبکەن، بەڵام سەوسەن دەیگووت «شەڕ تاکە شتێکی ڕاستەقینەیە کە لەم وڵاتەدا هەیە... دەبێت بەسەیرکردنی ڕابێین». پڕوشە نەیدەتوانی لەگەڵ ئەو نیگارانەدا بژی... سووک و سادە نەیدەتوانی، کە ئەو وێنانەی پیشاندەدا هەستیدەکرد بۆنی مردووەکان ماڵەکە پڕدەکەن... هەستیدەکرد تا دوای تەواوبوونی بەرنامەکانیش تەلەفزیۆنەکە هەر بۆنی مردنی لێدێت. ڕایدەکردە ژوورەکەی خۆی و دەرگاکەی دادەخست و دەگریا، بەڵام ئەو بۆنە هەمیشە بەدوایەوە بوو. دەبێت بڵێم یەکێک لەو هۆ گەورانەی وای لە پڕوشە کرد بیر لە شووکردن بکاتەوە، ئەو بۆنە ترسناکە بوو. چیتر بەرگەی بۆنی ماڵەکەی نەدەگرت، هیچ شتێکیش لەوە خراپتر نییە مرۆڤ بەرگەی بۆنی ماڵی خۆی نەگرێت... ئەوە ژیانی لێدەکات

بە دۆزەخ. شەوێکیان پڕوشە تکای لە باوکی کرد چارەیەک بۆ بێدەنگی ماڵەکە و ئەو بۆنە ترسناکانە بدۆزێتەوە کە هەستیان پێدەکات. فیکرەت گوڵدانچی لە سەر قەنەفەی سالۆنەکە لە ناو پەیکەر و تۆپی کریستاڵ و باڵندە شوشەکاندا، نائومێدانە سەیریکرد و تێگەیشت کچە گەورەکەی تووشی دەردێک بووە لە دەردی خوشکە بچوکەکەی ترسناکترە. مرۆڤ گەر نەتوانێت بە بێدەنگی ڕابێت لە شێتییەوە نزیکە، ترس لە بێدەنگی و سەرهەڵدانی بۆنی خەیاڵی لە کەپووی مرۆڤدا سەرەتایەکی ترسناکن بۆ شێتبوون. فیکرەت دڵنیابوو هیچی ئەوتۆی بۆ ناکرێت، بەڵام ڕێنمایی کیژەکەی کرد گوڵاو بکرێت و بەیانیان بیپرژێنێت، بەڵکو ئەو بۆنە کەمێک لەو هەستانەی تێدا بڕەوێنێتەوە، ئامۆژگاریکرد ماوەیەک لە هاویندا لەگەڵ ماڵی پورەکانیدا لە شار دووربکەوێتەوە و بچێت بۆ هەر جێگایەک کە ئەوان دەچن، دەربارەی بێدەنگیش کیژەکەی بەرامبەر خۆی دانا و پێیگووت «پڕوشە، ڕاستییەکی قووڵ لە ژیاندا هەیە دەبێت بیزانیت، مرۆڤ گەر بیەوێت لەگەڵ دونیادا ڕاستگۆ بێت دەبێت بێدەنگی قەبووڵبکات، کێشەی هەرە گەورەی مرۆڤەکان ئەوەیە کە هیچی ئەوتۆیان لەگەڵ یەکدا نییە بیڵێن، من واتێدەگەم زۆربەی ئەو شتانەی مرۆڤ ئەنجامیان دەدا هەر بۆ ئەوەیە لە بێدەنگی ڕابکات، سیاسەت و جەنگ و خۆشەویستی هەموو پەیوەندیان بە پێویستی مرۆڤەوە هەیە بۆ هەڵهاتن لە بێدەنگی... بۆ تاقیکردنەوەی توانای خۆی لەسەر قسەکردن. کێشەی ئێمەی مرۆڤ ئەوەیە دەمانەوێت زمان زۆر زیاتر لە ویستی خۆی و توانای خۆی بەکاربهێنین... کە شەوانە گوێ لە هەواڵەکان یان لەو سرودانە دەگرم کە بەعسییەکان بڵاویدەکەنەوە، هەست ناکەم ئەو سرودانە لە پێناوی ئەو جەنگە گەورەیەدان، بەپێچەوانەوە کچم، زۆرجار ئەو هەستە دامدەگرێت کە ئەم جەنگە لە پێناوی ئەم سرودانەدا دەکرێت. ئەوەی مرۆڤ گوێی لەدەنگی خۆی بێت کە دەنەڕێنێت، ئەوەی

خۆی تاقیبکاتەوە بە زمان، بە قسە، بە هاوار دەتوانێت ئەوانی تر تا کوێ بەدوای خۆیدا ڕابکێشێت، یەکێکە لە دەردە ترسناکەکانی مرۆڤ... لێم مەگرە، دوای ئەم عومرە زۆرجار بێدەنگی دەمگێڕێتەوە بۆ خۆم، وەک کەسێک کە ئەوانی تر بەقسە و دەنگەدەنگ ناتوانن کاری تێبکەن... هەستدەکەم من و سەوسەن بەو بێدەنگییە دەژین... تۆ دەبێت بزانیت من زۆر بە غەمم بۆ تۆ... زۆر... ڕەنگە من و سەوسەن زۆر لە یەکتر بچین. من لە غەریبی تۆ لە نێوان من و سەوسەندا تێدەگەم، بەڵام جگە لەوەی کە تکات تیابکەم بەرگەبگریت و سەبرت هەبێت و خۆشتبوێین... هیچی ترم پێ ناکرێت، خۆشبەختیش دەبم گەر بتبینم شوو دەکەیتەوە و جێگایەکی تر وماڵێکی تر بۆ بەختەوەری خۆت دەدۆزیتەوە».

ئەوە ئەو قسانەی گوڵدانچی بوو کە تا ئەندازەیەک پرۆشەی لە ماڵ هەڵکەند.

٢٦

دوای تێپەڕینی سێ مانگ بەسەر ڕۆیشتنی کامەرانی سەلمادا، کاریگەرییەکانی ئەو سەفەرە بەسەر مەنگوڕی بابەگەورەوە دەرکەوت.

ئەو ماوەیەی مەنگوڕ تێیدا هاوڕێی کامەرانی سەلما بوو قۆناغێکی تایبەتی ژیانی بوو، کەمتر لە هەر کاتێکی دیکە شەڕانگێزی و خراپەی تێدابوو. هەستکردنی بەوەی مرۆڤێک هەیە دەبێت ئەم بیپارێزێت و یارمەتی بدات، زۆر شتی تێدا گۆڕی بوو. ئەوەی هاوڕێ کۆنەکانی زۆربەیان باوکن و منداڵی گەورەیان هەیە و ئەم خاوەنی هیچ نییە، نائومێدی نەکرد، نا... پێشتر ئەو هەستەی نەبوو، بەرامبەر خەڵکانی خاوەن ژن و ماڵ ئیرەیی هەبێت. بەپێچەوانەوە خۆی بە بەختەوەرتر دەزانی کە بەوجۆرە دەژی. خۆی سروشتی هەستەکانی خۆی بەرامبەر کامەرانی سەلما نەدەزانی، ئایا هەستی باوکانە بوو، یان تەنیا دەیویست لەسەر نەریتی چەقۆکێشە گەورەکان، گەنجێکی هەبێت بیخاتە ژێرباڵی خۆی و بیپارێزێت و باوەدڵەی بێت؟. هۆکەی هەرچییەک بێت، ئێستا مەنگوڕ هەستی بە تەنیاییەک دەکرد بەر لە ڕۆیشتنی کامەرانی سەلما لە ژیانیدا نەبوو. ڕاستە مەنگوڕ لە چایخانەی پەپولەی ئازاددا بایە یان لە ژێرزەمینی ئوتێلەکەی باوەجاندا هەردەم کۆڕی گەرم و لە دەوری هەرا بوو، بەڵام هەموو هەستمانکرد کە شەڕانگێزی و نائارامی بە شێوەیەکی کتوپڕ لە ناویدا زیندووبوونەتەوە.

دوای کامەران هاوڕێتی لەگەڵ مەریوانی مەمە و سامان کیسرادا زۆر

بەهێزبـوو، هەردووکیـان گەلـەک شـەڕکەر و تەشـقەڵەکاربوون. ئـەو سـاڵانە دەوڵـەت گوندەکانـی دەوروبـەری شـاری وێراندەکرد، گوندەکییـەکان بە کۆمەڵ دەهاتنـە نـاو شـار، مەنگوڕ ڕای وابـوو دونیـای ئـەو شـارە ڕۆژ دوای ڕۆژ بچوک دەبێتـەوە، ئـەو پتـر لـە هـەر کەسـێکی تـر، هەسـتی بـە بچوکبوونـەوەی سنورەکانی ئـەم شـارە دەکـرد و ڕۆژ دوای ڕۆژ هەناسـەتەنگییەکی گـەورە بـەر گـەرووی دەگـرت. ئـەو دەیگـووت «ئـەم شـارە ڕۆژ دوای ڕۆژ وەک کیسـەڵ دەچێتـەوە نـاو خـۆی... ئێسـتا شـارەکە ئـاگای لـە چـواردەوری خـۆی نییـە، هـەر شـارێک ئـاگای لـە چـواردەوری خـۆی نەمـا، بـاری ناتـەواوە، شـار وەک ئینسـان وایـە بـە هەسـت و نەسـتدا حیسـابی بۆدەکرێـت، کـە هەسـت و نەستی مـرد، کـە چـواردەوەری خـۆی نەبینـی ئیتـر حیسـابی پاکـە، هیـچ شـتێک ڕزگاری نـاکات». لـەو ماوەیـەدا ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕەفتـاری خـراپ دەبـوو، هەندێـک هەسـتیاندەکرد چیتـر ناتوانـن لەگـەل مەنگـوڕدا قسـە و مامەڵەبکـەن. شـتێک لـە شـەڕانگێزی و ئـارەزووی جەنـگ لـە ناویـدا گینگڵـی دەدا کـە خۆشـی بێزارکردبـوو. لـە ماوەیەکـی کورتـدا چەندیـن جـار دەنگـە دەنگـی گـەورەی تووشـهات، دوای چەندیـن سـاڵ بـۆ یەکەمجـار گەڕایـەوە بـۆ سـەر خولیـای چەقـۆ هەڵگرتـن، بـۆ یەکەمجـار لـە ساتەکانی توڕەیـی و قۆڵبـادان و دەمـار گرژیـدا لێمانبیسـت کـە لـە هەموومـان بێـزار و لـە هەمـوو شـتێکیش توڕەیـە. ئـەو هەسـتەی بـە بچوکبوونـەوەی شـار وای لێدەکـرد پتـر بیـر لـە سەوسـەن بکاتـەوە، هەسـتیدەکرد ئـەو کچـە وردبینتـر لـە هـەر کەسـێکی دی بچوکـی ئـەم دونیایـەی بینیـوە. وەک نوێنـەری کامەرانـی سـەلما ڕۆژێـک چـوو بـۆ لای سەوسـەن فیکـرەت، ئـەو کات نزیکـی چـوار مانـگ بەسـەر سـەفەری سـێ کـوڕە عاشـقەکەدا تێپـەڕی بـوو، هیـچ هەواڵێکـی تایبەتـی لـەلای کامەرانی سـەلماوە نەبـوو، بـەڵام هەمـوو دەمانزانـی ئـەو بێهەواڵییـە دەگەڕێتـەوە بـۆ خراپـی بـارودۆخ لەسـەر سـنوورەکان. مەنگـوڕی بابەگـەورە لـە ڕێـگای فیکـرەت گوڵدانچییـەوە داوایەکـی پێشکەشـکرد و تکایکـرد بـۆ سـەعاتێک سەوسـەن

گوڵدانچی ببینێت، لە ڕاستیدا ئەوکات کەس نەیدەزانی بۆ مەنگوڕ وا بە حەسرەتەوە دەیەوێت سەوسەن ببینێت، بەڵام دواتر زانیمان کە هەموو هەوڵی ئەو بۆئەوە بووە سەوسەن وا بسازێنێت گوناهی ئەو تێکەڵ بە هەڵسەنگاندنی کامەرانی سەلما نەکات. لە ڕۆژێکی کۆتایی تەموزدا، مەنگوڕ بە کراسێکی قۆڵ کورتی سوور و کڵاوێکی ئەستووری خڕەوە کە لەگەڵ گەرمای ئەو وەرزەدا نەدەگونجا، چوو بۆ ماڵی فیکرەت گوڵدانچی. خولیایەکی نەبوو ئەوە نەبێت سەبارەت بە بارودۆخی خراپی خۆی و «گەورەیی دونیا» قسە لەگەڵ کچەکەدا بکات، ماوەیەک بوو کە هەستی بە نالەباری ڕەفتارەکانی خۆی و بەدی ڕەوشتەکانی دەکرد، لەدڵەوە هەستیدەکرد هۆی ئەو گۆڕانەی دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی پەیوەندی بەم شارەوە. بۆ ئەوەی لە بۆچوونەکانی خۆی دڵنیابێت پێویستی بە قسەکردنێکی دوورودرێژ لەگەڵ ئەم خانمەدا هەبوو کە مەنگوڕ بڕوای وابوو زۆر نهێنی گەورەی دونیا دەزانێت. کە گەیشتە ماڵی گوڵدانچی، پێشتر بیری لە هەموو وشەیەکی خۆی کردبووەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕستەکانی بەوجۆرە نەهاتنەدەرێ کە خۆی دەیویست، سەرەتا قووڵ وەک خزمەتکارێک نوشتایەوە و گووتی «ها، خانمی سەوسەن، لە مێژە یەکترمان نەبینیوە، بەداخ و پەژارەوە دەبێت بڵێم، کە هەواڵێکم لە کامەرانی سەلماوە پێ نییە... لەو ڕۆژەوەی ڕۆیشتووە هیچ شتێکمان لێ نەبیستوە، نە من، نە کەسوکاری... بەڵام سەوسەن خان، مەترسە، هۆی ئەو بێدەنگییە، دەگەڕێتەوە بۆ خراپی سەر سنوور. لەو کاتەوەی ئەو ڕۆیشتووە، دونیا هەر خراپ و خراپتر دەبێت...». سەوسەن بەرەو ژووری کتێبخانەکە پێشیکەوت و لە جێگایەکی گونجاودا داینیشاند و گووتی دەرهەق بە بێدەنگی داواکارەکان مەراقێکی نییە و گەردێک دڵی نەگرتووە. مەنگوڕ کڵاوەکەی خستە سەر کۆشی و گووتی « خانم پێویست ناکات، من هیچ بڵێم، هەموو دەزانین شتەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ خراپتر دەبن. یوسف

کەویار بە ڕەحمەت بێت دەیگووت «ژیان سێوێکە گەر لە کاتی خۆیدا نەیخۆیت دەڕزێت». ئا ژیان بەوجۆرەیە، خانم». سەوسەن هەمیشە ماندوێتییەکی قووڵی پێوەدیاربوو، گووتی «بەتەواوی تێناگەم مەبەستتان چییە... بەتەواوەتی تێناگەم». مەنگوڕ پاڵیدایەوە و گووتی « من لەو کەسانەم کە ژیانم لە کاتی خۆیدا نەخواردوە، هەموو واین، ئەوانەی لەم شارەدا دەژین زۆربەمان ئەو هەستەمان هەیە کە هیچمان لە ژیان نەخواردوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە هۆی سەردانەکەی من نییە، من دەمەوێت بزانم تۆش هەمان ئەو هەستەت هەیە کە ئەم شارە بچوکتر و بچوکتر دەبێتەوە. لەو ڕۆژەوەی کامەرانی سەلما ڕۆیشتووە، واهەستدەکەم ئەم شارە تا دێت بچوک دەبێتەوە، پێشتر ئەوەم نەدەبینی، بەڵام شتێکی سەیرە، ئێستا دەڵێیت ئەم شارە وەک کلکی کیسەڵ دەچێتەوە ناو خۆی... عەفوومکە خانم، من لە ناو خەڵکی سادە و چەقۆکێشدا گەورەبووم... بەڵام دەزانم تۆ تێمدەگەیت، ڕاستە من بە تەمەن لە تۆ گەورەترم، بەڵام تۆ لەم کتێبخانەیەوە عیلم و مەعریفەتی زۆرت وەرگرتووە، لە بەرئەوە هەرچییەک دەڵێیم تۆ حاڵی دەبیت... زۆربەی ئەوانەی دەیانناسم قوونی خۆیان ناجوڵێنن، بۆ ئەوەی تێمبگەن... ئاه عەفوومکە خانم، داوای لێبووردن دەکەم، مەعزەرەت دەخوازم کە هاتم سوێندم خوارد قسەی خراپ نەکەم و ئەم وشانە بەکارنەهێنم... بەڵام باوەڕت بێت خانم، ئەوجۆرە وشانە خۆیان دێن، لە پڕێکدا بێئەوەی بزانیت دەپەڕێنە سەر زارت... هەموو واین، خەڵکی ئەم شارە هەموو بەم وشانە دەژین... گەر ئەو وشانەمان لێبستێنن، گەر ئەو وشانە لە زمانەکە دەربهێنن و بیسووتێنن ئیتر لاڵ دەبین... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عەفوومکە، من هاتووم بۆ ئەوەی بپرسم بۆ لەو کاتەوەی کامەرانی سەلما ڕۆیشتووە من هەستدەکەم شارەکە تووشی بێهۆشی بووە و بە هیچ شتێک هۆشی نایەتەوە. من دەمەوێت بپرسم... خانم بەڕاستی وایە، ئەم شارە تادێت

بچوکتـر دەبێتـەوە، یـان ئـەوە تەنیـا خولیایەکـی خراپـی نـاو سـەری منـە؟».

سەوسـەن وەک کچێـک لەسـەرە مەرگـدا هەندێـک ڕاسـپاردەی ترسـناک بدرکێنێـت و گووتی«شـار هەرگیـز بچـوک نابێتـەوە، شـار بـەردەوام گـەورە دەبێـت، بـەڵام دونیـاش لەگەڵیـدا گـەورە دەبێـت... شـار چەنـد خێـرا گـەورە بێـت، خێراییەکـەی ناگاتـە خێرایـی گەورەبوونـی دونیـا... تـا دونیـا گەورەتـر بێـت، شـار لـە بەرچاومـان بچوکتـر دەبێتـەوە». مەنگوڕ گووتـی «سەوسـەن خـان، سـەیرکە، خەڵکـی ئـەم شـارە ئاگایـان لـە هیـچ شـتێک نەمـاوە، مـن دەزانـم سـەرباز و ئەمـن و سیخوڕەکانی حکومەتـی بەعـس کـە نزیکـی بیسـت ساڵە لـە سـەر قوونمـان دانیشـتوون، کارێکیانکـردوە مـرۆڤ تەنیـا بیـر لـە خـۆی بکاتـەوە... بـەڵام جـاران زیاتـر ئاگامـان لـە دونیـا بـوو... شـارەکە ئێسـتا کوێربـووە.... لـە قوونـی خـۆی زیاتـر هیچـی تـر نابینێـت. مـن لـەو شـەوانەدا لەگـەڵ سـامانی کیسـرادا لـە یـاری دەهاتمـەوە، پێمگـووت: ئـەو کچـە شـتێک دەزانێـت ئێمـە نایزانیـن، دەزانێـت کارەساتێک بەڕێوەیـە، بۆیـە بـە هـەر بەهانەیـەک بـووە ویسـتی ئـەو سـێ کـوڕە ڕزگاربـکات... ئەوەتـا ئێسـتا هەسـتدەکەم شـارەکە تۆزەتـۆزە لـە شـیاکەی خۆیـدا نوقمدەبێـت، دەمەوێـت بزانـم تـۆ بەڕاسـتی شـتێک دەزانیـت کـە کەسـی تـر نایزانێـت، خانـم بـە ڕاسـتی ئەمـە مەراقمـە، گـەر شـتی زۆر ترسـناک بەڕێوەیـە، گـەر بۆنـی تـۆ وەک ژنێـک لـە بۆنـی ئێمـە بەهێزتـرە شـتێکم بـۆ ئاشـکرابکە؟».

سەوسـەن لـە نیـگار و شـێوەی مەنگـوڕدا دیمەنـی «خان»ـی تەتـاری نـاو یەکێـک لـە ئەتڵەسـەکانی دەهاتـەوە یـاد. کەمێـک گەرمتـر و زیندووتـر لـە قسـەکانی پێشـووی گووتـی « نازانـم جەنابـی کاک مەنگـوڕ، تـۆ بـۆ وادەزانیت مـن شـتێک دەزانـم کـە خەڵکانـی تـر نایزانـن، لـە ڕاسـتیدا مـن شـتێکی زۆر تایبەتـی نازانـم کـە بـۆ خەڵکانـی تـر نهێنـی بێـت... بـەڵام دەزانـم مـرۆڤ لـە شـوێنی بچوکـەوە ناتوانێـت بەڕوونـی بیـر لـە جێـگای تـر بکاتـەوە... مـرۆڤ لـەم شـارە بچوکـەی ئێمـەدا، گەورەیـی دونیـای بیردەچێتـەوە... مـن

لە منداڵییەوە ئەو ڕاستییە دەزانم، تۆ کوڕی ئەم شارەیت، بەڵام من کچی هیچ شارێک نیم. بەدوای پیاوێکیشدا دەگەڕێم خەڵکی هیچ شارێک نەبێت... دۆزینەوەی پیاوێک کە خەڵکی هیچ شوێنێک نەبێت ئاسان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا من هەوڵدەدەم. جەنابی کاک مەنگوڕ، هەوڵدەدەم... هەق بە تۆیە، ڕۆژ بەدوای ڕۆژ هەموو شتێک خراپ دەبێت، ڕاستت دەوێت من ئەوانەم نارد، بۆ ئەوەی نەکوژرێن. من شتێک دەزانم... ئا، من شتێک دەزانم، بەڵام شتێکی ئەوتۆ گرنگ نییە، ئەوەیە شەڕ لەم وڵاتەدا تەواو نابێت، قەت شەڕ تەواو نابێت... بەڵام جەنابی مەنگوڕ خان خۆت دەزانیت ئەوە زانیارییەکی وەها گرنگ نییە... وانییە... شتێکی ئەوتۆ نییە».

سەوسەن هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وەک یەکێک چاوەڕوانی وەڵامی تکایەک بکات، بەبێدەنگی سەیری مەنگوڕی کرد و بەردەوامبوو «کاک مەنگوڕ، کاتێک کامەرانی سەلما چەقۆی لە مەنسور ئەسرین دا هەموو وایان دەزانی من بێباکم، من هەست بە هیچ ناکەم، بەڵام وانییە، باشترین پیاو، ئەو پیاوەیە کە نازانێت شەڕبکات. من زۆر بیرم لێکردۆتەوە، سەفەر تەنیا شتێکە پیاوی ئەم وڵاتە لەو شتانە دووردەخاتەوە کە لە پێناویدا شەڕدەکەن، بێوەیترین مرۆڤی دونیا، ئەوانەن کە سەفەردەکەن».

مەنگوڕ بێئەوەی لە قسەکەی سەوسەن تێگەیشتبێت گوتی « بەقەبری مردووم خانم، ژیانی ئێمە وەک شەرابی تاڵ وایە، گەرچی تاڵە، بەڵام لەبەرئەوەی لەشمان بە ژەهرەکەی ڕاهاتووە، ناتوانین دەستبەرداری بین. بەڵام خانم بە گۆڕی عەزیزم، مرۆڤ حەیوانێکی تەمەڵە، گەر بەدوای شتێکی گەورەدا نەگەڕێت، لە جێگایەکدا دەچەقێت و ناجوڵێت. منیش وام، منیش هەمیشە خۆم وەک حەیوانێکی تەوەزەل و تەپۆ سەیرکردوە. قەسەم گەر من لە جێگای داواکارەکانی تۆ بوومایە، نەمدەتوانی ئەم شارە بەجێبهێڵم، دەمگووت خانم عەفومکە، من کەتیرەیەکی نهێنی بەم شارەوەی

نوساندوم... نا خانم، ئەوەم پێ نەدەكرا، شتەكە وەك نەخۆشی وایە. قاسمی عەنبەرخان لە شەستەكاندا چەقۆكێشێكی گەورەی شار بوو، كە شەڕیدەكرد دەستیت نەدەبینی، خێراترین چەقۆكێشی ئەو سەردەمەبوو. دایكی قاسم پازدە هەزار دیناری ئەو سەردەمەی بۆ كرد بە دۆلار تا بڕوات و واز لەم شارە بهێنێت. من پێمگووت «قاسە پارەكە لە حاجی عەنبەر وەرگرە و بڕۆ» هەموو لە دڵمان چەسپیبوو بەسەلامەتی دەرناچێت. من گووتم « ئەم شارە مەلعونە دەتفەوتێنێت، بڕۆ و كەوڵی خۆت ڕزگاربكە». ڕۆژێك پارەكەی وەرگرت و ڕۆیشت، هەموو واماندەزانی ئیتر ناگەڕێتەوە. دوو هەفتەی پێنەچوو، دیسان لەبەر سینەماكاندا دەسوڕایەوە. بەڕەحمەت بێت گووتی « مەنگوڕ، من لە هیچ شوێنێكی تر ناتوانم سەوزیم. ئاوی هیچ شارێكی ترم بۆ ناخورێتەوە، نانی هیچ شارێكی ترم بۆ ناخورێت». دوای دوو مانگ لەو ڕۆژە لەسەر ئەوەی جنێوی بە شەرەفی سیاسییەكی گەورە دابوو، لەبەر قەیسەرییەكەدا دایانە بەر چەقۆ، پێنج كەس بوون، دووانی لێ بریندارکردن، بەڵام دەرەقەت نەهات، بەڕەحمەت بێت كوڕێكی ئازابوو، لەویادا كوشتیان. كە چوومە سەر لاشەكەی هەژدە چەقۆی پێوەبوو، خوای گەورە تا ئەوكاتە كەسم نەبینیبوو هەژدە چەقۆی پێوە بێت. سەوسەن خان ئێستا واهەستدەكەم منیش تووشی ئەو دەردە بووم... ئەو دەردەی قاسمی عەنبەرخانی كوشت. تۆ پێمبڵێ خانم، تۆ بڵێی خوابكات من لە هیچ شوێنێكی تری دونیادا سەوز ببمەوە... لەو باوەڕەدایت حەیوانێكی تەمەڵی وەك من، كە بەزەحمەت دەتوانم قوونی خۆم بجوڵێنم، بتوانم سەفەربكەم؟...».

سەوسەن بە غەمگینییەوە سەیریكرد و بەهێمنی گووتی «مەنگوڕ خان، مرۆڤ گەر بەدوای شتێكدا نەگەڕێت ناتوانێت سەفەربكات. مرۆڤ بۆ شتێكی تر دەگەڕێت و لە ڕێگادا بە ڕێكەوت چاوی بە دونیا دەكەوێت. گەر تۆ ئەمڕۆ بڕۆیت، بەیانی بگەیتە سەر ترۆپكی شاخێكی بەرز، بگەیتە

ناو بەفرێکی زۆر، بڕۆیتە سەر بەحرێکی گەورە، دوایی لە خۆت دەپرسیت من چیدەکەم لێرە، بۆ پشوونادەم، بۆ لە جێگایەکدا ناحەوێمەوە؟. گەر بتوانیت ئەو پرسیارە نەکەیت، دەتوانیت سەفەربکەیت... باشترین شت ئەوەیە مرۆڤ لەسەرەتاوە جێگایەکی نەبێت بۆی بچێت و جێگایەکی نەبێت بۆی بگەڕێتەوە، ئەوە لای من ڕێبواری ڕاستەقینەیە... بەڵام خۆت دەزانیت ئەوە قورسە... بۆ نمونە، من شارم نییە، بەڵام شتێکم هەیە لە شار ترسناکتر... ئەم کتێبخانەیەم هەیە...».

مەنگوڕ گووتی «خانم ڕاستییەکەی من دەمەوێت ڕوونتر قسەتان لەگەڵ بکەم. من دەڵێم شتەکە بەدەست مرۆڤ خۆی نییە، کە لە شارێکی کوێردا لەدایک بوویت تۆش هیچ نابینێت. خانم من لە ژیانمدا کەم شت پەستمدەکات، یەعنی هەموو شتێک لام ئاساییە. بەڵام تۆ منت نەخۆش خست، ئەوە ئەسڵی مەسەلەکەیە، نا خانم من لەگەڵ هەموو ڕێز و حورمەتێکدا وادەڵێم... هەر من نا. خانم... خەڵکانێکی زۆر تووشی ئەو موسیبەتە بوون... پێشتر ئەم شارە هەموو دونیای من بوو. ئا قەسەم بە گۆڕی مردوم هەموو دونیای من بوو. نەمدەزانی لەدەرەوەی ئەم شارە شتێک هەیە ناوی دونیایە، ناوی جیهانی بەرین و گەورەیە. بەڕێزتان بیری داماوێکی وەک منتان خستەوە شتێک هەیە ناوی جیهانە. لەو کاتەوە خانم نەخشەیەکی بچوکی دونیام کڕیوە و خستومەتە گیرفانم، بەردەوام لە گیرفانمدایە، بۆ هەر شوێنێک بچم لە گەڵمدایە، بەردەوام سەیریدەکەم. نا خانم مەترسە، من ناتوانم بچم بۆ هیچ جێگایەک، تا ئێستا هەمووی خەیاڵاتی نابەجێیە. بەڵام بەوەدا نەدەتوانم بڕۆم و نەدەشتوانم لێرە ئاسوودەبم، خەریکە دەبم بە بەشەرێکی تر. سوێنددەخۆم دوای مانگێک لە سەفەری کامەرانی سەلما ئەو گۆڕانەم تیا دروستبوو. لەسەرێکەوە خەریکە ئەم شارە دەمخنکێنێت و لەسەرێکی تریشەوە دەزانم ناتوانم لەم شارە بڕۆم. ئەوەش تورەیی و

شێتییەکم تیا دروستدەکات خۆم لێیدەترسم. بۆ نمونە خانم دوێنێ وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی بەسەر جادەکاندا دەڕۆیشتم، لە ناکاو هەستمکرد لە قەفەزدام، هەستمکرد قەفەزەکە تەنیا لە دارودیوار و جادە دروست نەبووە، بەڵکو لەو خەڵکەش دروستبووە کە لەدەورم دێن و دەچن، ئەوە تووشی بوغزێکی وەهای کردم مەپرسە، وەخت بوو لە چایخانەی پەپولەی ئازاد دوای شەش ساڵ بۆ یەکەمجار «قارەمانی عوسەی کافوور» بدەمە بەر چەقۆ، ئەگەرچی بەقەبری مردووم چەقۆشم پێ نەبوو. لە ڕاستیدا خانم من ئەمڕۆ بۆ یەک شت هاتووم، بمبورە کە بەردەوام وا فێڵبازانە نیازی خۆم دەشارمەوە و هەوڵدەدەم وادەربکەوم کە بۆ شتێکی تر لێرەم، بەڵام ڕاستییەکەی من بۆ ئەوە هاتووم پێتبڵێم، من زۆر بەرەو خراپە دەگۆڕێم. شتێک لە خوێنمدا دەجولێت کە بۆم ناوەستێنرێت. بەڵێ خانم کورتەی حیکایەتەکە ئەوەیە من بەرەو خراپە دەچم. ڕەنگە بەڕێزتان بڵێن، یەعنی چی تۆ خۆت دەزانیت بەرەو خراپە دەچیت و کەچی هیچ ناکەیت بۆ ئەوەی بەرەو خراپە نەچیت. بەڵام خانم من وام، لە منداڵییەوە وام، دەزانم ئیشێک خراپە کەچی دەیکەم، هەمیشە بەهانەیەک دەدۆزمەوە بۆ ئەوەی بیکەم. بەڵام هەموو گوناهەکە لە ملی مندا نییە، یوسف کەویار کە مامۆستای ڕاستەقینەی من بوو دەیگووت «مرۆڤی خراپ نییە، شوێنی خراپ هەیە». بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، من هاتووم تیاتاندا بپاڕێمەوە، هاتووم پێتانبڵێم لە داهاتوودا لەوانەیە زۆر شتی خراپ لە من بوەشێتەوە، ڕەنگە پاشەڕۆژ لەسەر من هەواڵی بەد ببیستن. زۆر سوپاستاندەکەم گەر هەڵەکانی من نەخەنە ملی کامەرانی سەلما... خراپەکانی من پەیوەندییان بە کامەرانی سەلماوە نییە، من هەر خراپەیەکم هەبێت ئەو لێی بێئاگایە».

کچەکە گوتی « مەنگوڕ خان گەرچی من تۆ باش ناناسم، بەڵام نامەوێت وابزێت وەک ئەوەی لە قەفەزدایت، ئەوەی نوێنەری کامەرانی

سەلمایت هەقی ئەوە نادات بە من داوای هیچ لە ئێوەبکەم، دڵنیابە خراپی مرۆڤێک تێکەڵ بە خراپی یەکێکی تر ناکەم». سەوسەن نەیدەزانی بەو قسانە چرا بۆ مەنگوڕ هەڵدەکات زیاتر شەڕانگێز بێت.

مەنگوڕ هەستایە سەر پێ و چەند جارێک نوشتایەوە و بەوپەڕی ڕێزەوە بچوکی خۆی نیشاندا و گووتی «خانم، من ئەوەم دەوێت، من دەمویست ئەو ڕستەیە لە زارتان ببیستم، ئەو قسەیەی تۆ بۆ من گەورەیە... ئومێدم ئەوەیە لە ویژدانی خۆتدا خراپی من تێکەڵ بە وێنەی کامەرانی سەلما نەکەیت... ئەوە تەنیا داوای منە، خانم... هیچ شتێکی ترم ناوێت».

تا ماوەیەکی زۆر تێنەگەیشتین بۆ مەنگوڕ پێویستی بەوەیە ڕەزامەندی سەوسەن گوڵدانچی لەسەر خراپەکانی خۆی بەدەست بهێنێت، بەڵام هەموو دەمانزانی مەنگوڕ بەبێ ئەو ڕەزامەندییە نەیدەتوانی زۆر لەو کارانەبکات کە دواتر کردی، ئەو ڕەزامەندییە بۆئەو زۆر گرنگ بوو، دەبایە سەردانێکی تایبەتیشی بۆ ئەنجام بدایە. سەوسەن ئەو ڕۆژە بێئەوەی بزانێت چی دەکات چەند جارێک دڵنیایکردەوە کە ئەو خراپەی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا تێکەڵ ناکات. مەنگوڕی بابەگەورە کاتێک کڵاوەکەی هەڵگرت و لە ماڵی گوڵدانچی هاتەدەرەوە، گەلێک کامەران بوو. سەوسەن لەبەردەرگاش دووبارە سوێندی بۆ خوارد کە گوناهی ئەو ناخاتە ملی کامەرانی سەلما، ئەوە بۆ مەنگوڕ بەسبوو هەست بە ئاسوودەییەکی گەورە بکات. بەڵام ساڵانێکی دواتر هەستمانکرد ئەو سەردانە و پەیمانە بۆ چەندەها ساڵ پەیوەندی مەنگوڕ و سەوسەن گوڵدانچیان تەواو تێکدا، بەجۆرێک دەبایە دونیا سوڕێکی گەورە بخوات و شتەکان هەموو بگۆڕێن تا دووبارە بتوانن پێکەوە بە ئاشتی و ئارامی دانیشن.

٢٧

لێدانەکەی قەلەندەر بۆ مستەفا هەژار هەروا ئاسان ڕانەبورد. مستەفا لە هەر شوێنێک دابنیشتایە چیرۆکی دڕندەیی ئاموونییەکانی دەگێڕایەوە، بە چەشنێک کۆڕ و دانیشتنێک نەما بەسەرهاتی ئەو شەوە غەمگینەی خۆی و قەلەندەری تیا نەگێڕێتەوە. ئاموونییەکان وایان هەستکرد کە سەرهەڵدانی ئەم گرفتە لە هەفتەی یەکەمەوە، نیشانەیەکی خراپە بۆ ئەوان، بەتایبەت لێدانی مستەفا هەژار، فیکرەت گوڵدانچی زۆر تورە کرد و هەموو شاریش بینیان کە بە پاکەتێک پسکیتەوە چوو بۆ خەستەخانە بۆ لای. لە ڕاستیدا فیکرەت گوڵدانچی هەموو شتێکی دەکرد بۆ ئەوەی ئاسوودەیی و هێمنی لە نێوان بەرە جیاوازەکاندا بەرقەرار بێت، چونکە نەیدەزانی گەر شتەکان لەدەست دەربچن، دواجار چارەنوسی خۆی و کچەکەشی بەرەو کوێ دەچێت. بەڵام شتەکان ڕوو لە هێمنی و بەرقەراری نەبوون. هەفتەیەک دوای سەردانەکەی مەنگوڕی بابەگەورە، ساقی مەحمود کاسێتێکی بڵاوکردەوە کە بوو بە پزیسکی یەکەمین ئاگری گەورە. هەموو زانیمان ساقی لە گۆرانییەکانیدا باسی مەنسور ئەسرین دەکات، «عاشقێک لە پێناوی خۆشەویستیدا جیهان دەگەڕێت و باڵندەی ئەڤین ڕاودەکات». ئەوەی گرفتەکەی گەورەکرد ئەوە بوو کە ساقی لە هەموو گۆرانییەکانیدا بە مەجاز پەلاماری عاشقانی درۆزن و چەقۆکێشە دڕندەکان و چەتە پارەدارەکان دەدات. گۆرانییەکان چ بە شیعر و چ بە ئاواز

ئیشی گۆرانیبێژێک بوون کە بەهرەیەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام بەوەدا زۆربەی خەڵک ناتوانن بەهرەی ڕاستەقینە بناسن، گۆرانییەکانی ساقی کە بەسەمبولی سیاسی زەق موتوربەکرابوون، گوێگرێکی زۆریان هەبوو. سەرانی ئاموونییەکان پێکەوە گوێیان لە کاسێتەکە گرت، پەرچەکرداری قەلەندەر ئاموون گەلێک هیستری و شێتانە بوو، بەڵام بەهۆی پێشنیارەکانی فەوزی بەگەوە کە سووربوو لەسەر ئەوەی نابێت ناوی ئاموونییەکان لەوە زیاتر لکەداربکرێت، بە کۆمەڵ فەرمانیان بە قەلەندەر دا تووڕەیی خۆی بخواتەوە و لە هەموو تۆڵەیەک ببورێت، گووشاری ئاموونییەکان و سەرانی خێڵ لەسەر قەلەندەر بەجۆرێک گەورەبوو ناچاربوو لەبەردەم هەموویاندا پەیمانێک بنوسێت و ئیمزایبکات کە بێگەڕانەوە بۆ سەرانی خێڵ هیچ شتێک نەکات و هەرچییەک ڕوویدات ئەو شتەکان بە پێکەنین و زەردەخەنەوە وەربگرێت.

لەبەرەی مەنگوڕەوە کاسێتەکە هەژان و هەڵای گەورەی نایەوە، گۆرانییەکان مەنگوڕیان وەک جرجێکی بێڕەحم و ناحەزێکی چڵکن وەسفدەکرد، پیاوێک لە پاشەڕۆی گورگ و ئاوی زێراب. وەسفەکان وەها لێدەربوون، کەسانێکی زۆر ئەوەیان بە دەرفەت زانی لاقرتی بە مەنگوڕ بکەن و بیدەنە بەر کلکان، مەنگوڕ هەستیکرد دەستێک هەیە دەیەوێت لووتی لە زەوی بدات و بیکات بە قەرەقۆز، ئەوە زۆر برینداریکرد و توانا شەڕانییەکانی زیاتر تیا جوڵاند. مەنگوڕ لەوانە نەبوو کە گوێ لە ئاواز و گۆرانی دەگرن، سەلیقەیەکی زۆریشی بۆ مۆسیقا نەبوو. بەڵام دوای ئەوەی مەنگوڕ لاقرتی و تانەکانی بیست، دوای ئەوەی زانی توانجەکان کاریان لە دەماری کرد، بڕیاریدا گوێ لە کاسێتەکەی ساقی بگرێت. مەنگوڕی بابەگەورە و دەستەیەک لە هاوڕێ هەرە نزیکەکانی لە ماڵی «حەسەن نەرمین» کە پیاوێکی بچکۆلەی بێوەی بوو، لەوانەی زۆر حەزیان بە کۆڕ و کۆمەڵی مەنگوڕە، گوێیان لە کاسێتەکە گرت. مەنگوڕ تا ئەوکات ساقی

وەک دوژمنێکــی سەرســەخت ســەیرنەکردبوو، تەنیــا بەرەیــەک بــە ڕاســتی لێیدەترسا بــەرەی ئامووننییــەکان بــوو، بــەڵام ئــەو شــەوە هەمــوو ئەوانــەی لــە ماڵــی حەســەن نەرمیــن بــوون، پێکڕا هەســتیانکرد مەنگــوڕ چەنــد بریــندارە و چ گرێــک لەدەروونــی بەریــووە. دوای ئــەوەی کەمێــک عارەقــی خــواردەوە، بــە هەمــوو مەســتەکانی دۆســتی گــووت «ســوێند دەخــۆم بــە قوونــی هەرچــی فریشــتەی ئاســمانە کــە ئــەم پیــرە خەرەفــاوە ســاڵانی زووی بیرناچێتــەوە، ســەردەمێک ئــەو شیوعی بــوو و مــن ئیشــم بــۆ پارتــی دەکــرد... جنێوەکانــی وەهــا ئاشــکران دڵ هەلاهەلادەکــەن. تــا ئێســتا کــەس ئاوهــا بــە ئاشــکرا و لــە بەرچــاوی دونیــا لاقرتــی بــە مەنگــوڕ نەکــردوە، مــن قوونــی خــۆم خســتۆتە هەلاکەتــەوە بــۆ ئــەوەی ناوێکــی پــاک بــۆ خــۆم دروســتبکەم. بــەڵام قەســەم بــە قەبــری نەنکــم لەگــەڵ کەوتنــی خۆری ســبەینێدا، شــتێکدەکەم نەمدەویســت دووبارەیبکەمــەوە... شــتێک نەمدەویســت جارێکــی تــر بیــری لێبکەمــەوە».

دوو ڕۆژ دوای ئــەوە، بەیانــی لەســەر هەواڵــی چەنــد ئاگرێکــی گــەورە لــە خــەو هەســتاین کــە شــەو ماڵــی ســاقی مەحمــود و نیشــتەجێی تیپــی هــەرزاڵ و ســێ لــە گەورەتریــن تۆمارگاکانــی شــاری ســووتاندبوو. دەســتێکی شــارەزا ئاگرەکــەی کردبــووەوە، شــتەکان وەهــا ورد و زیرەکانــە کرابــوون، کــەس ڕاســتەوخۆ جــێ پەنجــەی مەنگــوڕی لەئیشــەکەدا نەدۆزییــەوە، بــەڵام هەمــوو دەمانزانــی دەســتی ئــەوە. دەمانزانــی لــە کۆتایــی شەســتەکاندا مەنگــوڕ لــە ڕووداوێکــی هاوشــێوەدا ماڵــی فریــای بابەعەلــی ســووتاند کــە ئــەو ســەردەمە بــە یەکێــک لــە کۆشــکە جوانەکانــی شــار حیســابدەکرا. فریــا خــۆی یەکێــک بــوو لــەو کــوڕە قۆزانــەی کــەم جوانــی وەک ئــەو بــە کوچــەو کۆڵانــی شــاردا تێپەڕیــوون، بــەڵام فریــا نامەردییەکــی وەهــای کردبــوو، کاتێــک مەنگــوڕ ماڵەکــەی بــۆ ســووتاند دەستخۆشــیمان لێکــرد و بــە ئیشــی هاوڕێیەکــی دڵســۆزمان زانــی کــە لــە ســاتی ســەختیدا پشــتی دۆســتەکانی بەرنــادا. ئەوکات فریــا پەیوەندییەکــی لەگــەڵ نەشــمیلی ژنــی «بەهادینــی بوکــێ» دا هەبــوو،

بەهادین هاوڕێیەکی نزیکی مەنگوڕ بوو، نەشمیل ئەسپەژنێکی کەم وێنەبوو، بەڵام وەها سەر بەدەرەوە بوو مەپرسن. بەهادینی بوکێن و حەپسەخانی دایکی نەبێت هەموو دەمانزانی نەشمیل لەگەڵ فریادا دەخەوێت. بەڵام فریا بەوەوە نەوەستا، بەڵکو بە کامێراکەی وێنەیەکی ڕووتی نەشمیلی گرت بۆ ئەوەی لای هاوڕێکانی شانازی بە گورزەکانی خۆیەوە لەگەڵ ئەو ژنە بێوێنەیەدا بکات. وێنەکە هیچ گومانێکی هەڵنەدەگرت، وێنەی نەشمیل بوو، ژنێکی سپی و باڵابەرز بە توکەبەرێکی ڕەشی چڕ و خاڵێکی گەورە لە ژێر مەمکی چەپیدا، لەسەر دۆشەکێکی گەورە پاڵکەوتبوو. ئەوە یەکەمجاریبوو لە مێژووی ئەم شارەدا یەکێک وێنەی ڕووتی ئافرەتێک بە ئاشکرا بگرێت، تا ئەوکات کامێرا لە شاری ئێمەدا بۆ مەبەستی لەو جۆرە بەکارنەهێنرابوو، ڕاستییەکەی ئەو وێنەیە سەرەتای زنجیرەیەک وێنە و فلیمی ئیرۆتیکی بچوک بوو کە دواتر ئەرشیفی پۆرنۆگرافی لەم شارەدا ئاوداندەکەنەوە. کە وێنەکەیان پیشانی بەهادین دا سەرەتا ویستی خۆی بکوژێت، دواتر ویستی نەشمیل پارچەپارچەبکات، بەڵام پورەکانی فریاکەوتن و نەشمیلیان شاردەوە و لە جلی پیاواندا گۆڕیان و ناردیان بۆ بەغداد و دواتر کەس هیچی دەربارەی نەبیست. بەڵام فریا باکی نەبوو، وەک هەمیشە بێباک لەگەڵ کوڕانی ڕەفیقی سەعاتچیدا دەسوڕایەوە. گەر مەنگوڕ نەبایە بەهادین دەیکوشت، بەڵام مەنگوڕ ڕای وابوو وێنەیەک ئەوە ناهێنێت خوێنی لەسەر بڕژێت و سوێندی شەرەفی بۆ بەهادین خوارد کە خۆی تۆڵەی بۆ دەکاتەوە. لە هاوینی ساڵی شەست و نۆدا شەوێک لە ناکاوماڵی بابەعەلی گڕی گرت. کەس زیانی گیانی پێنەگەیشت، بەڵام ئاگرەکە بەجۆرێک گەورەبوو دوو ڕۆژ نەکوژایەوە. ماڵی بابەعەلی نەیانتوانی بیسەلمێنن کە مەنگوڕ ئاگرەکەی خستۆتەوە، دەشیانزانی سووتانی ماڵەکەیان شتێکە لە بری کوشتنی کوڕەکەیان، لەبەرئەوە کارەساتەکەیان بە بێدەنگی قەبووڵکرد. دواتر وێنە ڕووتەکەی نەشمیل وەها ڕەواجی

پەیداکرد، هەندێک پارەی خەیاڵیان دەدا بۆ ئەوەی دەستیانبکەوێت. لە کۆتایی حەفتاکاندا وێنەکە هێندەی لەبەرگیرایەوە سیحری بەتاڵ بووەوە و ڕەواجی نەما. کە ئێستا سەیری کۆپییەکانی ئەو سەردەمە دەکەین بە چەشنێک کاڵن، مرۆڤ بە گران دەموچاوی نەشمیلی تێدا دەناسێتەوە.

لەو کاتەوە دەزانین گەر مەنگوڕ ئیشێکی بە چەقۆ بۆ جێبەجێ نەکرێت، بە ئاگر جێبەجێیدەکات. ئەمجارەش ئیشەکە بە وێنەیەک بوو کەس زیانی پێنەکەوت، ئاگرێکی گەورەبوو، کە هیچ شتێک نەیکوژاندەوە... تەواوی ماڵەکە بوو بە خۆڵەمێشێکی ورد، هەتا شیش و دەرگا و پەنجەرەکانیش. ساقی دوو ڕۆژ لە ژێر ئازاری گورزەکەدا قسەی بۆ نەدەکرا. ئاشکرابوو وەڵامێکی بەوجۆرە توند لەبەرەی ساقییەوە نابیستین، ئاگرێکی گەورەی لەو چەشنە نابینینەوە، وەڵامی ساقی و هاوڕێکانی توند نەبوو، چەند ڕۆژێک دوای ئاگرەکە بەیانییەک لە خەو هەستاین و بینیمان دەستێکی نهێنی بەشەو هەموو چایخانە و دوکان و شوێنە گشتییەکانی پڕکردوە لە سێ نیگاری کاریکاتێر. لە یەکێکیاندا مەنگوڕی بابەگەورە و تاقمێک چەقۆکێشی لۆتی ڕەنگ وەستاون و ئاگر لە کەمانێکی گەورە بەردەدەن. لەوی دیکەیاندا ئاگرێکی گەورە لە قوونی مەنگوڕ هاتۆتە دەرەوە و ماڵێکی گەورەی سووتاندوە، بەڵام لە سێیەمیاندا قەلەندەر ئاموون دەبینین بە زنجیرێکی گەورە ڕیزێک قەفەز ڕادەکێشێت، لە هەر قەفەزێکیشدا ژنێک لەسەر مێزێک دانیشتووە و پارە دەژمێرێت، لە خواری وێنەکەشدا نوسراوە «ئامونییەکان بەمجۆرە ژن دەکڕن».

لە ڕۆژی یەکەمەوە سەوسەن ئاگاداری هەموو وردەکارییەکانی شەڕەکە بوو، ئاریان جەودەت کە ئەوکات نیگارێکی نوێی بۆ سەوسەن لەسەر دیوارەکانی کتێبخانەکە دەکێشا، ڕۆژ دوای ڕۆژ بەدەم جگەرەکێشان و چاخواردنەوە و وێنەکێشانەوە ڕوداوەکانی بۆ دەگێڕایەوە، ئەوەی ئاریانی سەرسامکرد ئەوەبوو سەوسەن بە ساردی و کەمتەرخەمییەوە گوێی لە

هەموو شتێک دەگرت. هەتا کاتێک ساقی مەحمود بە دڵی پڕەوە هات، سەوسەن وادەرنەکەوت کە دیمەنی ئەو پیاوە بەستەزمانە هەژاندبێتی. ساقی مەحمود کە هات شوشەیەکی پڕ لە خۆڵەمێشیماڵەکەی خۆی هێنا و لە بەردەم فیکرەت گوڵدانچیدا داینا و گووتی «ئەمە ئیشی ئەو نامەردەیە، ئیشی ئەو ناکەسبەچە تەرەسەیە، ئیشی مەنگوڕە... جەنابی گوڵدانچی، لە هەموو خانووەکەم ئەم خۆڵەمێشەم بۆ ماوەتەوە». ساقی بەوردی چیرۆکی سووتانی ماڵەکەی خۆی بۆ گێڕانەوە. چیرۆکەکە فیکرەت گوڵدانچی زۆر غەمگینکرد، ساقی و خوشکەکەی تەنیا ئەو خانووەیان هەبوو تیادەژیان، ئیتر دەبایە بچنە خانوویەکی کرێ، بەڵام ساقی بەزەحمەت توانای بەسەر کرێدا دەشکا. گووتی «ئیتر لێرە بەدواوە دەبێت زۆر گۆرانی بڵێم... زۆر... بۆ ئەوەی بتوانم بژیم». کە بە چاوە شینە پیر و غەمگینەکانییەوە لە ماڵی گوڵدانچی چووە دەرێ دیمەنێکی وەها دڵتەزێنی هەبوو، پرۆشە دەستیکردە گریان بۆی، بەڵام سەوسەن شتێکی ئەوتۆی پێوە دیار نەبوو. هێند هەیە شوشەی خۆڵەمێشەکەی هەڵگرت و لەسەری نوسی «خۆڵەمێشی ماڵی ساقی مەحمود» و بە بێدەنگ خستییە ناو «دۆڵابی یادگارە تاڵەکان»ـەوە.

فیکرەت گوڵدانچی هەستیکرد ئەمجارەش هیچ چارێکی نییە، جگە لەوەی بکەوێتە نێوان بەرە ناکۆکەکانەوە. گەرچی چارەی فەوزی بەگی نەدەویست، بەڵام کەسێکی لەو عاقڵتریشی لە نێوان شەرکەرەکاندا نەدەبینی پەنای بۆ بەرێت، خۆی و فەوزی بەگ مانگێک لە هاتوچۆدا بوون تا ناوبژی لە نێوان هەر سێ دەستەکەدا بکەن، دوای ماندووبوونێکی زۆر گەیشتنە ڕێکەوتنێک نزیکی شەش ساڵی خایاند... لەو شەش ساڵەدا شتەکان کەمێک هێوربوونەوە، بەڵام لەو ماوەیەدا گەلێک ڕووداوی گەورە بەسەر وڵاتدا تێپەڕین کە زۆربەی خەڵکی ئەم دەڤەرەی لە ڕەگ و ریشەوە گۆڕی.

٢٨

ساڵی ١٩٨٨ یەکێک بوو لە ساڵە سەختەکان. لەو ساڵەدا سەدام حوسەین بڕیاریدا تۆڵە لە هەموو ئەو کوردانە بکاتەوە کە لە جەنگی ئێراندا بەشداریان نەکرد. لە نێوان کۆتایی زستان و سەرەتای پاییزی ئەو ساڵەدا دەوڵەت پتر لە دووسەد هەزار گوندەکی کوشت کە زۆربەیان دانیشتووی گوندەکانی نزیکی شاری ئێمەبوون. ئێمە لە ناو شار زۆر هەستمان بەشتەکان نەکرد، لەو بەحری خوێنەدا ژیانی شارنشینی خۆمان تا ئەندازەیەک ئاسوودە دەبردەسەر. گەر بهاتبایە و لە بەهاری ساڵی هەشتاوهەشتدا ڕێبوارێک ڕێی بکەوتبایەتە شاری ئێمە، ژیانمان بەجۆرێک ئاسایی و ڕۆژەکانمان بە چەشنێک هێمن بوون، هەستی نەدەکرد ڕێگای کەوتۆتە وڵاتێک و لە شارێکدا هەواری لاداوە چواردەوەری وێرانی و خاپوورییە. مەنگوڕ لەوەدا لەسەر هەق بوو کە شارەکە تەواو ئاگای لە چواردەوری خۆی نەمابوو.

ئاموونییەکان لەو سەردەمەدا وەک زۆربەی خێڵەکانی تر، دڵسۆزیی و وەفای خۆیان بۆ دەوڵەت تازەکردەوە، شاندێکی گەورە لەوان چوو بۆ بەغداد و لەوێ دوازدە کیلۆ ئاڵتونی ژنە ئاموونییەکانیان پێشکەش بە سندوقی هاریکاریی جەنگ کرد. «قەڵەندەر ئاموون» لە ڕیزی شاندەکەدا بوو، گەر چی قەڵەندەر یەکێک بوو لەوانەی بە دڵ خۆی بە سەربازێکی دێرینی بەرزانی دەزانی، ئومێدی ئەوە بوو سەردەمێک بگەڕێتەوە و ڕۆژە

زێڕینەکانی خۆی وەک «بەرپرسی تۆپخانەکانی شۆڕش» زیندوویکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە بەغداد گەڕایەوە و لە کۆبۆنەوەیەکی گەورەی ئاموونییەکاندا بەشداریکرد، ئەوەی نەشاردەوە کە شەقامەکان و کۆشکەکان و ژنەکانی بەغدا سەرنجیان ڕاکێشاوە، بە وشەگەلێک کە پڕبوون لە سەرسامی باسی ئەو کچە فیلیپینیانەی کرد کە بەتەنورەی کورتەوە لە ئوتێلە گران و بەرزەکاندا بیرە و شەراب و خواردنەوەی قورس پێشکەش بە میوانەکان دەکەن، ئەو کات ئەو فیلیپینیانە تاکە جۆری ئافرەت بوون، مرۆڤ لە عێراقدا لە شوێنە گشتییەکاندا بەوجۆرە جلانەوە بیانبینێت. هەڵەی گەورەی قەڵەندەر ئاموون ئەوە بوو کە وێنەی سەردانەکەی لای یەکێک لە وێنەگرە دەم هەراشەکان شتەوە، لەوێدا چەندین دیمەنی قەڵەندەر هەبوو لەتەک پاسەوانە تایبەتییەکانی وەزیری ناوخۆ، شان بە شان لەگەڵ بەرپرسی فەوجی پاراستنی کۆشکی کۆماری، لەگەڵ بەڕێوەبەری دیوانی کۆشک و سەگەکەیدا. وێنەکان بەجۆرێک لە جۆرەکان گەیشتنە دەست مستەفا هەژاری شاعیر و قەپۆز جوقڵی کە چەقۆکێشێکی پلە یەک و هاوڕێیەکی نزیکی مەنگوڕ بوو. لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا وێنەکانی قەڵەندەر ئاموون بە هەموو شاردا بڵاوبوونەوە، هەتا دەستێکی نەناسیش هەندێک لەو وێنانەی خستبووە زەرفێکی نامەنوسین و لە بەیانییەکی زوودا خستبوویە ماڵی گوڵدانچییەوە. ئەوکات هەموو وامان هەستکرد هەڵوەشاندنەوەی ئاگربەستەکەی پێشوو گەلێک نزیکە و خەریکە دووبارە شەڕ دەست پێدەکاتەوە، بەڵام وانەبوو، ئاموونییەکان تەواوی توانج و پلارەکانیان بەزەردەخەنەیەکی ناسک و پێکەنینێکی نەرمەوە وەرگرت و وەڵامی کەسیان نەدایەوە. بەڵام دوای ئەوە ناوی قەڵەندەر ئاموون زۆر لکەداربوو، ئاموونییەکانیش لە بەرچاوی هەمووماندا وەک خێڵێک دەرکەوتن کە پاکی سیاسی خۆیان دۆڕاندوە و ڕۆحی کوردانەیان داناوە و بوون بە دەسکەلای دوژمن.

لە هەمان ساڵدا ساقی مەحمودیش وەک گۆرانیبێژێک کەوتە بەر

گوشـاری پیاوانـی ئاسـایش و چەنـد جارێـک بەرپرسـی هونەرمەنـدان لـە ڕێکخراوەکانـی حیزبـدا بانگیکـرد، ماوەیـەک هێندەیـان هێنـا و بـرد، هێندەیـان ترسـاند و هەڕەشـە لێکـرد، تـا ڕۆژێـک ناچاریانکـرد لەیەکێـک لـەو ئاهەنگانـەدا بەشداربێت کە بەرپرسانی دەوڵـەت بـۆ بۆنـە سیاسییەکان ڕێکیـان دەخسـت. گۆرانییەکانـی سـاقی گۆرانییـە فۆلکلۆرییـە کۆنـەکان بـوون، شـتێکی تێدانەبـوو ستایشـی سـەرۆک و سـوپا و حیـزب بـکات، بـەڵام تەنیـا بەشـداریکردن لـەو ئاهەنگانـەدا بەسـبوو بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ وەک خائیـن سـەیریکرێت. هەمـوو دەمانزانـی سـاقی لـە ژێـر بـاری هەڕەشـەدا چـوو بـۆ ئـەو ئاهەنگـە، بـەڵام هەندێـک هەرگیـز لـە ساقییان نەبـووری و سـاقی خۆشـی لـە خـۆی نەبـووری... دوای ئـەو ئاهەنگـە سـاقی تووشـی شـەرمێکی وەهـا بـوو، ئیتـر نەیتوانـی تـا مـردن گۆرانـی بڵێـت، هەرچییەکـی کـرد و هـەر دەرمانێکـی خـوارد و هـەر چارەیەکـی وەرگـرت سـوودێکیان نەبـوو، ڕاسـتەوخۆ دوای دابەزینـی لـە سـەر سـەحنەی ئاهەنگەکـە قوڕگـی بەجۆرێـک نوسـا جارێکـی تـر گـەرووی نەکرایـەوە و دەنگـی نەچـووەوە جێـگای خـۆی، دوای ئـەوەش ماوەیەکـی درێـژ سـاقی خزایـە کونجـی مـاڵ و دەگمـەن دەردەکـەوت، لـە ژیانـی گشـتی پاشەکشـەیکرد و خەریـک بـوو لـە بیـر هەمـووان بچێتـەوە.

مەنگوڕ لـە هەمـوو شـوێنێکدا بـە دەنگـی بـەرز دوو نەیارەکـەی خـۆی بـە خائیـن ناودەنـا، وەک دوو کـەس کـە کوردفرۆشـن و لەدەوڵەتـەوە نزیکـن، بـەڵام دواتـر ڕاسـتییەکان دەریانخسـت مەنگوڕیـش بەجۆرێـک لـە جۆرەکان لـە هەندێک شـتەوە ئـاڵاوە. ئـەوکات مەنگـوڕ زۆربـەی کاتەکانی لـە سـوڕاندنەوەیەکی بەتاڵدا لـە چایخانـەکان و بـاڕەکان و ژێرزەمینـی ئوتێلەکانـدا دەبردەسـەر، کەسـمان نەماندەزانـی بەچـی دەژی، هـەر کـەس ئـەو پرسـیارەی لێبکردایـە دەیگـووت «مـن پیاوێکـی کـەم مەسـرەف و کـەم خـۆرم، بـەو پـارە کەمـە دەژیـم کـە خوشـکەزایەکم لـە ئیتالیـاوە بـۆم دەنێرێـت». بـەڵام کەسـمان باوەڕمـان پـێ نەکرد، چونکە مەنگوڕ مەسرەفی هەبوو، هەردەم خۆشـحاڵ و تێریش دەینواند.

هەندێک کەس دڵنیابوون مەنگوڕ لەو دەمەدا لە قاچاغچێتی مەشروبەوە بۆ ئێران ئالاوە، ئەو بازرگانییە پارەیەکی زۆری دەردەکرد و ڕاستەوخۆش لە ژێر چاوەدێری دەزگای هەواڵگری کشتییدا بەڕێوەدەچوو. هەندێک لەوانەی ئەو گومانەیان لای مەنگوڕ درکاند، نەڕەتکردنەوەیەکی ڕوون و نە پشت ڕاستکردنەوەیەکی ئاشکرایان لێبیست. لەوەش بترازێت دەنگۆیەکی گەورە هەبوو کە هەندێک لەوانەی لە دەوری مەنگوڕن لە پشت برینی هەندێک دوکان و کۆگای زەڕەنگەر و قاسەی ماڵانەوەن... پۆلیس ماوەیەک قەپۆز جوقڵی و لچ قۆقز و سامانی کیسرا و هوشەجوویان بەتۆمەتی دزیکردن گرت، کە هەر چواریان لە پیاوە نزیکەکانی مەنگوڕبوون، پێنج ڕۆژ هەر چواریان لە ژێر فەلاقەیەکی قورسدا بوون، بەڵام کەسیان دانیان بە هیچ شتێکدا نەنا و دوای سێ هەفتە زیندان گەڕانەوە بۆ ناومان، بەڵام زۆر کەس باوەڕی تەواویان هەبوو کە مەنگوڕ دەستێکی لەو دزییە گەورانەدا هەیە کە دەکرێن.

هەموو لەو گۆڕانە گەورەیەی مەنگوڕ زۆر دەترساین و لە هۆکەشی تێنەدەگەیشتین، ئەوە یەکەمجاریوو ببیستین مەنگوڕ لە کاری دزییەوە تێوەدەگلێت.

تا گەیشتینە کۆتایی ساڵی سێهەم، سێ گەڕیدەکە چەند جارێک لە چەند هەرێمێکی جیاوازی دونیاوە وێنەیان بۆ سەوسەن نارد، گەرچی باروبۆخی سیاسی وڵات زۆر دژوار بوو، گەرچی دەوڵەت هەموو ئەو کوردانەی گرتەوە بەسەرباز کە لە کاتی جەنگی ئێراندا لە سوپا هەڵهاتبوون و وەک سزا ناردنی بۆ بیابانە گەرمەکانی باشوور، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەمان دوور و نزیک چارەنوسی ئەو سێ ڕێبوارەمان لە بیرنەچووەوە کە زەویان بە دوای ئومێدێکدا تەیدەکرد. تا ڕۆژەکان سەختتر بوونایە، تا ڕەفتاری دەوڵەت لەگەڵ خەڵکدا بەدتر بووایە، ستایشی سەوسەن فیکرەت و سەیرکردنی وەک ژنێکی لە خۆبوردە و دووربین زۆرتر دەبوو. ئەوانەی لە بەهاری ساڵی

هەشتاو حەوتدا قسەیان بەسەوسەن دەگووت و بە سۆزانییەکی بێڕەحم وەسفیاندەکرد، دوو ساڵ دوای ئەوە کە بەچاوی خۆیان بینیان گەڕیدەکان لە چ دەور و زەمانێکی ناخۆش ڕزگاریان بووە و چ خۆشبەختن کە ئەم سەردەمە تاریکەیان نەبینیوە، هەموو سەرزەنشتی خۆیان و ستایشی سەوسەنیان کرد. لە ماوەی دوو ساڵدا وێنەی سەوسەن لە وێنەی کچێکی بێڕەحمەوە وەرگەڕا و بوو بە وێنەی فریشتەیەک کە تەنیا چاکەی عاشقەکانی خۆی دەوێت. هەر ئەوکات هەندێک ئارەزووی خۆیان بە ئاشکرا ڕاگەیاند کە دەیانەوێت سەردانی سەوسەن بکەن و ڕوو بەڕوو ستایشی دانایی و لە خۆبوردوویی بکەن، بەڵام سەوسەن لە بەر هەر هۆیەک بێت هەموو ئەو داوایانەی ڕەتکردەوە و گووتی « شتێکی نائاسایی لەوەدا نییە، مرۆڤ هەوڵبدات کەسانێک لە دۆزەخ ڕزگاربکات».

لە کاتێکدا زۆربەمان لە سەربازگە و شوێنەکانی مەشقی سوپادا گیرۆدەبووبووین و دەوڵەت بۆ جەنگێکی گەورە ئامادەیدەکردین، سێ داواکارەکە بە سێ ئاڕاستەی جیا بە جیهاندا لە سەفەردا بوون.

کامەرانی سەلما بەرەو هیند و لەوێوە بەرەو باشووری ئاسیا دەڕۆیشت، خالید ئاموون بە ئاڕاستەی خۆرئاوا ڕووەو باکووری ئەفریقا و لەوێوە بە هەموو ڕۆخی دەریادا تا باشووری ئەو کیشوەرە بەرین و سیحراویە بەڕێوەبوو، مەنسور ئەسرینیش لە تورکیاوە ڕووەو خۆرهەڵاتی ئەورووپا ڕێگای تەیدەکرد. ئەوەی سەرنجی سەوسەنی ڕاکێشا ئەوەبوو هەرسێ داواکارەکەی لە وێنەکاندا سێ ڕیشی درێژیان هەیە، مەنسور ئەسرین و خالید ئاموون لە زۆربەی وێنەکاندا کاسکێتێکیان لەسەردایە تا نیوە ناوچاوانی داپۆشیوون، بەڵام کامەرانی سەلما سەرمای زۆر و گەڕان بە چیا سەختەکانی ئاسیادا پێستی سووتاندووە. کامەران لە هەردوو عاشقەکەی دی ونتر و بێکەستر دەنوێنێت، لە هەندێ وێنەدا جلی پاکستانی و ئەفغانی لەبەردایە، بەڵام خالید ئاموون بە هێلەگی گەڕیدە ئەورووپی و ڕۆژنامەنوسە جیهانگەڕەکانەوە

دەبینرێت، مەنسور ئەسرینیش لە سێ وێنەدا تەپلەیەکی فەرووی لەسەردایە کە سەرۆکە کۆمۆنیستەکان لە سەریاندەکرد. لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا کامەران دوازدە وێنە و مەنسور بیستویەک وێنە و خالید ئاموون پتر لە پەنجا وێنەی ناردبوو. کەمێک لە وێنەکان لە ڕێگای پۆستی دەوڵەتییەوە نێردرابوون، ئەوانی دی پێکڕا بە ئەدرێسی جیاجیای ئێران و بە کۆمەکی قاچاغچییەکان گەیشتنە دەستمان. دەبێت بڵێم گەرچی ئێمە شارێک بووین لە عێراقدا، بەڵام ئێران تاکە وڵاتێکی دونیایە کە هەمیشە و بەدرێژایی مێژوو پەیوەندیمان پێوەی هەبووە. هەندێک لە وێنەکان بۆ ماوەی درێژ لە پۆستی ئێراندا مابوونەوە، دواتریش چەندەها دەستیان کردبوو، چەندەها قاچاغچی بە چەندەها شاردا هێنابوویان، کاتێکیش گەیشتنە دەستی ئێمە، زۆربەیان چرچ و کۆن و شکاوەبوون. وێنەکان لە ناو شاریشدا دەیەها دەستیان دەکرد و بەسەر چەندین خێزاندا دەگەڕان، ئینجا دەگەیشتنە دەست ماڵی گوڵدانچی. بەڵام ئیدی لە دوا وێستگەدا بە بایەخێکی بێوێنەوە هەڵدەگیران.

زۆریەی شەوان کاتێک هەمووان دەخەوتن، سەوسەن ئەلبومەکەی دەردەهێنا و بە نهێنی سەیری کوڕەکانی دەکرد. سەیرکردنی شەوانەی ئەلبومی سێ داخوازەکەی شیرینترین نهێنی ژیانی بوو، وەک چۆن لە مداڵیدا چاوی لێکدەنا و دەچووە ناو وێنەکانەوە، ئێستاش دەستی دەخستە سەر وێنەکە و چاوی لێکدەنا و دەچووە ناو ئەو دونیا دوورانەوە، دڵنیابوو ئەوانیش لەو ساتانەدا هەست بە نزیکی ئەو دەکەن، هەست بەوە دەکەن کە سەوسەن شەوان دەیانبینێت. مەنسور ئەسرین پێدەچوو لە دووانەکەی دی زیاتر لەزەت لە بینینی جیهان ببینێت، لە هەمووان سادەتر دەینواند، ئەو ڕیشە تەنکەشی ڕوخساری گەڕیدەیەکی بەختەوەری پێبەخشیبوو. بەڵام کامەرانی سەلما لە کەسێک دەچوو نەزانێت چی دەکات، سەوسەن لە هەموو وێنەکانی ئەودا ئەوەی دەخوێندەوە کە ئەم کوڕە زۆر خەیاڵی لای

گەڕانەوەیە، گومانی ئەوەی لێدەکرێت، بەر لە کۆتایی سەفەرەکەی بپچڕێت و بگەڕێتەوە. لە هەمووان سوورتر و ساردتر و بەئیرادەتر خالید ئاموون دیاربوو کە وێنەکانی لە بیابان و جەنگەڵەکانی ئەفریقادا وردەکار و قەشەنگ بوون. خالید وەک هەمیشە لە وێنەکاندا پێنەدەکەنی، سەوسەن ئەوەی بە دڵ بوو کە وێنەکانی خالید خەنداوی نین، ڕقی لەو خەندە ساختەیە بوو کە هەمووان لەبەردەم کامێراکاندا دەیخەنە سەر لێویان، ژیانی دووردرێژی لەگەڵ فەرهەنگ و ئەنسکلۆپیدیاکاندا ئەو چاوەڕوانییەی تیا خولقاندبوو وێنەکان ڕاستی بۆ بگوازنەوە، بەڵام خەندەی بەر کامێراکان هەمیشە بۆ شاردنەوەی دەموچاوی ڕاستەقینە و ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤەکانە، ئەوەش سەوسەنی تووڕەدەکرد. خالید لە وێنەکاندا وشک و بێڕەحم دەردەکەوت، نیگایەکی زۆر تیژی هەبوو کە تەواو پێچەوانەی نیگا نەرمەکانی مەنسور و سەیرکردنە بۆهیمییەکانی کامەرانەوە بوو. ئەوەی لە باکووری ئەفریقاوە دەستی بەسەفەرە ڕاستەقینەکەی کردوە مایەی ستایشی سەوسەن بوو. بە پاپۆڕ لە بەیروتەوە بەرەو تەنجە ڕۆیشتبوو. دیارە ئەفریقا کیشوەری باڵندە کێوییەکانە، سەوسەن دەیزانی هەڵبژاردنی ئەفریقا خێرایییەک و پێش دەستییەک بە خالید دەبەخشێت کە ئەوانی دی دواتر ئاسان نایگەنێ، مرۆڤ لە ئەفریقا دەتوانێت ئاسانتر باڵندەکان ڕاوبکات، ڕاوکەری هەرزانتر و جەنگەڵناسی لێزانی ئاسانتر دەستدەکەوێت، بە ئاسانی دەتوانێت فیزەی ساختە بکرێت و لەنێوان وڵاتەکاندا هاتوچۆبکات، لە شوێنەکانی تری دونیاش باشتر دەتوانێت جێگایەک بۆ هەڵگرتن و پاراستنی باڵندەکان بەکرێ بگرێت.

وێنەکان بۆ سەوسەن گەلێک بەنرخ بوون، بە شەوقێکی زۆرەوە چاوەڕوانیدەکردن، بە ڕۆژ هەرچییەکی بکردبایە خەیاڵی لای زەنگی دەرگاکە بوو، گەرچی نەیدەهێشت هیچ شتێکی پێوەدیاربێت، بەڵام هاتنی نوێنەرەکان و سەردانە لە ناکاو و بێوادەکانیان دڵی خۆشدەکرد.

قەلەندەر ئاموون پتر لە نوێنەرەکانی دی ڕێگای دەکەوتە ماڵی گوڵدانچی، لەیەکەم سەرنجدا پیاوێکی بێدەنگ و کەمدوو و شەرمن دەردەکەوت، کەمجار قسەی بکردبایە، بە شەرمێکەوە وێنەکانی لەسەر مێزی ژووری میوانەکە دادەنا و چایەکی لەگەڵ گوڵدانچیدا دەخواردەوە و کەمێک لەسەر سیاسەت و ئاوهەوا و گرانی قسەیاندەکرد و دواتر بە هێمنی و بێدەنگی وەک چۆن هاتووە دەڕۆیشت. سەوسەن هەمیشە دەیپرسی: بۆ کەسێکی واشەرمن ناوبانگێکی وەها خراپی هەیە؟. ئەو شتێکی خراپی لەقەلەندەردا نەدەبینی. جارێکیان قەلەندەر لەگەڵ گوڵدانچی باوکیدا لەقسەوە ئاڵا و زۆر کرایەوە، باسی ئەو ڕۆژانەی بۆکردن کە وەک بەرپرسی تۆپخانەکانی شۆڕش کاریدەکرد، باسی کەمی خۆراک و خراپی گوللە تۆپەکان و بۆردومانی بەردەوامی فڕۆکەکانی دوژمنی بۆ کردن. سەوسەن ئەوجارەی بە هەل زانی و لێیپرسی، ئاخۆ لە جەنگەکاندا مەیتی کوژراوانی زۆر بینیوە. قەلەندەر ئاموون گووتی «خانم زۆر زۆر... زۆر زۆر». سەوسەن پرسی: دەمەوێت یەک شت بزانم، یەک شت، جیاوازی نێوان بۆنی مردووەکان لەگەڵ ئێمەدا کە هێشتا دەژین، چییە؟. پرسیارەکەی بۆ قەلەندەر ئاموون سەیربوو. بێ بیرکردنەوە سەیرێکی چاوی کرد، نیگاکانی وەک نیگاکانی خالید ئاموون سارد و تیژ بوون و گووتی« خانم، ئەوە شتێکە مرۆڤ دەبێت خۆی تاقیبکاتەوە... هەموو کەسێک دەبێت خۆی بەتەنها تاقیبکاتەوە».

بەڵام سەوسەن چۆن دەیتوانی ئەزمونی وەها بژی... چۆن دەیتوانی بۆنی مردووەکان تاقیبکاتەوە؟.

لە ساڵی ١٩٨٨ دا جەنگی عێراق و ئێران تەواوبوو، چیتر تەلەفزیۆن وێنەی مردووەکانی نیشان نەدەدا. نەمانی وێنەی سەربازە مردووەکان لە ژیانی سەوسەندا گۆڕانێکی گەورەبوو، هەشت ساڵ بوو هەموو شەوێک بێوچان سەیری وێنەی سەربازە سووتاو و پارچەپارچەکانی کردبوو... ونبوونی لە ناکاوی ئەو وێنانە لای سەوسەن گۆڕانێک بوو نەیدەتوانی

ئاسان لە گەڵیدا بژی، ئەو مردووانە بەشێکی گرنگی دونیای ئەو بوون، پێیوابوو نەبینینی ئەو مردووانە وەک ونبوونی دەموچاوی ڕاستەقینەی ژیانی ئەم وڵاتە وایە. بەڵام شتێک لە دڵیدا پێیدەگووت «دڵنیابە مردووەکان دەگەڕێنەوە... دڵنیابە».

سەردانەکانی مەنگوڕی بابەگەورە لە هەمووان زیاتر دڵی سەوسەنی خۆشدەکرد، مەنگوڕ بە شێوازی قسەکردن و دەست جوڵاندنی سەوسەنی دەهێنایە پێکەنین. هەمیشە وادەردەکەوت وەک ئەوەی مەنگوڕ زیاتر لەوانی دی هەواڵی نوێنەرەکەی خۆی بزانێت، ئاگادارییەکی وردی لەو ڕێگا و پلانانە هەبوو کە کامەران هەیەتی، کامەران بە ڕێگایەکی درێژ لە ئێرانەوە بۆ پاکستان و لەوێوە بە دەریادا ڕووەو هیند پەڕیبووەوە. لە شارێکی هیندوستاندا کە ناوی ئاورنگئاباد بوو شوێنێکی گرتبوو، کردبووی بە قەفەزگایەکی گەورە و چەند کەسێکی شارەزاشی بۆ سەرپەرشتی باڵندەکان دانابوو. بەقسەی مەنگوڕ گەشتەکەی کامەران بە هیندوستاندا گەلێک سەرکەوتووبووە، لە هەموو هەرێم و جەنگەڵ و ڕۆخی دەریایەک باڵندەی گرتبوو، لە هەر جێگایەک بایە باڵندە گیراوەکانی لەقەفەزی تایبەتیدا و بە پۆستی تایبەتی دەنارد بۆ بنکەی سەرەکی کۆکردنەوەی باڵندەکان لە «ئاورنگئاباد»، بە قسەی ئەو کامەران لەو ماوەیەدا فێری زمانی تووتییە بەنگالییەکان بووە، لە هەندێک دارستانی چڕدا بە فیکەو ئاماژەی تایبەتی توانیوێتی خۆی لە هەموو مەلە ڕام نەکراو و کێوییەکان نزیکبکاتەوە. ئەوەی کامەران دەیتوانی گەشتەکەی بە خێراییەکی گونجاو ببڕێت، مایەی ستایشی فیکرەت گوڵدانچیش بوو، کە لەسەر نەخشەکەی گیرفانی مەنگوڕ هێڵی سەفەرەکەی کامەرانی بە ڕۆشنی دەبینی. «کوڕەکە گەڕاڵێکی عەیارە بیست و چوارە، قوونی خۆی باش دەجوڵێنێت»، مەنگوڕ بە شانازییەوە وایدەگووت.

لەگەڵ ئەو خۆشییە کورت و کەمانەدا کە هاتنی وێنەکان لە دڵی

سەوسەندا دروستیاندەکرد، بەردەوام تەندروستی بەرەو خراپی دەڕۆیشت. ئێستا دوو مانگ جارێک دەبایە ئاریان جەودەت وێنەی سەر دیوارەکەی بۆ بگۆڕێت. سەوسەن هەمیشە دەگەڕا و لە گۆڤارە کۆنەکان و لە کتێبە سروشتی و مێژووییەکاندا سیحراویترین وێنەی هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی ئاریان بۆی نیگاربکات... وەک ڕۆژانی منداڵی بەرامبەر وێنەکان دەوەستا و دەیتوانی بچێتە ناویان، هیچ کەس بەوەی نەدەزانی کە ئەو هێند سانا دەچێتە ناو وێنەکان، بەڵام خۆی وەک هەمیشە مەراقی گەورەی ئەوەبوو لە دونیای وێنەکاندا بۆنی هیچی نەدەکرد و گوێی لە هیچ دەنگێک نەبوو.

سەرئێشەی بەردەوام و لەهۆش خۆچوون، لاوازی و کەمخوێنی، دابەزینی کتوپڕی فشاری خوێن و نەمانی ئارەزوو بۆ خواردن... بەشێکی گەورەی ژیانی سەوسەن بوون. دکتۆرەکان بەوردی هۆکاری ئەو دیاردە دووبارە و بێچارانەیان نەدەزانی، بەڵام سەردەمێک دۆخی بەچەشنێک ناجۆربوو دەبایە هەفتانە سەردانی دکتۆر «ڕەفعەت ڕەمزی» بکات و لە ژێر چاودێری بەردەوامدا بێت. زۆربەی کات پڕوشە لەگەڵیدا دەچوو بۆ پشکنین، ڕۆژێک هەستمانکرد دکتۆر دوای پشکنینە ڕۆتینییەکانی سەوسەن، ماوەیەکی درێژ لەگەڵ پڕوشەدا دەباتەسەر، بەڵام دانیشتنەکانی دکتۆر و پڕوشە، جار دوای جار درێژتر و درێژتر دەبوونەوە. سەوسەن گەلێک بێباک و کەمتەرخەم بەرامبەر هەموو شتەکان دەردەکەوت، پێدەچوو لەزەت لەو ماوەیە ببینێت کە لە سالۆنی چاوەڕوانییەکەدا دادەنیشێت و سەیری وێنەی سەر دیوارەکان و جلی فەڕاشەکە و ڕوخساری ئەو نەخۆشانە دەکات کە درێژی خەلوەتەکانی دکتۆر لەگەڵ بێوەژنێکی وەک پڕوشەدا تووڕەیدەکردن.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ دا لە زەماوەندێکی خێرا و گەورەدا پڕوشە شووی بە دکتۆر ڕەفعەت ڕەمزی کرد. ئەوە دووهەمین زەماوەندی گەورەی ژیانی پڕوشە بوو، کە ئەوکات دەیویست بە هەر نرخێک بووە لە بێدەنگی ماڵی گوڵدانچی ڕابکات.

٢٩

شووکردنی پرۆشە هەندێک شتی لە ژیانی سەوسەن و فیکرەت گوڵدانچیدا گۆڕی، ئیدی دەبایە خۆیان غەمی هەموو شتێک بخۆن، بەڵام سەوسەن ئەوکات لە کاروباری ماڵدا دەستەوەستانێکی تەواو و کەم سەلیقەیەکی بێوێنەبوو، بە ئەستەم دەیتوانی بەرچاییەکی بچوک ئامادەبکات. خەندە گوڵدانچی دەبایە هەفتانە بهاتبایە، یان کیژێکی بناردبایە تا ماڵی فیکرەتی برای لە هەرەس و نارێکییەکی گەورە بپارێزێت. لەگەڵ دەست پێکردنی جەنگی کوێتدا، فیکرەت گوڵدانچی تووشی یەکەم گرفتی دارایی گەورەی ژیانی بوو، ئەودەم نرخی پارە هەرەسیهێنا و چیتر موچەی خانەنشینی بەشی ئەوەی نەدەکرد وەک جاران دەستبڵاو بژی. لە کۆتایی ساڵی نەوەدا بۆ یەکەمجار، فیکرەت گوڵدانچیمان بینی مامەڵەی فرۆشتنی هەندێک کتێبی لەگەڵ یەکێک لە کتێبفرۆشەکانی سەرجادەدا دەکرد. ئەوە یەکەمجاربوو فیکرەت دەستبەرێت و لەکتێبخانەکەی خۆی شتێک بفرۆشێت. هەڵبەت فرۆشتنی کتێبەکان سەرسامی نەکردین، لەو وەرزەدا خەڵکانێکی زۆر کە ساڵەهای ساڵ موچەکەیان ژیانێکی بەحورمەتی بۆ دابینکردبوون، تووشی دەستکورتی و نەبوونی هاتبوون و بینینی ئەو جۆرە دیمەنانە ئاسایی بوو. ئەوەی سەرسامیکردین ئەوەبوو فیکرەت بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە کتێبەکانی فرۆشت، وەک یەکێک ڕقێکی قووڵ و ناوەکی و گەورەی بەرامبەر کتێب لە ناودا دروست بووبێت. هەموو

هەستمانکرد فیکرەت نەخۆشی کچەکەی دەگێڕێتەوە بۆ ونبوونی لە ناو کتێب و فەرهەنگ و ئەتڵەسەکاندا، بەلامانەوە سەیربوو کە بیستمان پاڕانەوەکانی سەوسەن سوودێکی ئەوتۆی نەبووە و نەیتوانی باوکی لەوە پەشیمانبکاتەوە دەست بۆ کتێبەکان بەرێت. دیارە دەستکورتی و نەبوونی پارە بەهانەی گەورەی گوڵدانچی بوون، ڕاستەوخۆ شتێکی بە کچەکە نەگووت ئەو هەستەی تیا ببزوێنێت، دەریبخات باوکی ساڵ دوای ساڵ و ڕوداو دوای ڕوداو ڕقێکی قووڵی بەرامبەر کتێب تێدا سەوزبووە. ئەو ڕۆژە کە گوڵدانچی کتێبەکانی فرۆشت، شەوەکەی سەوسەن تا بەیانی بە نهێنی لە جێگا خەوەکەیدا گریا، یەکەمجاربوو لە ژیانیدا بەو چەشنە بگری و سۆزی وەها توند و ڕاچەنینی ویژدانی وەها گەورە بژی. بەڵام وەک هەست بە دۆخی سەختی باوکی بکات، بۆ ئەوەی ئازارەکانی گوڵدانچی گەورەتر نەکات، نەیهێشت فیکرەت بەو گریانە قووڵەی بزانێت. بەیانی ڕۆژی دوایی هەستا و بۆ یەکەمجار بەرلەوەی گوڵدانچی لە خەو هەستێت سفرەی بەیانی ڕازاندەوە، بەڵام بە ئەندازەیەک ڕەنگ پەڕیوو و لاوازبوو، باوکی چەند جارێک لەسەر نانخواردن هەستا بۆ ئەوەی گەرمی بگرێت و فشاری خوێنی بپێوێت. سەوسەن لەوجۆرە مەخلوقانە بوو کە کاریگەرییە ڕۆحییەکان زۆر خێرا لە لەشی و لە تەندروستیدا دەردەکەوتن. لەو دەمەدا زۆر کەم سەوسەنمان لە بازاڕ و شەقامەکاندا دەبینی، دوای شووکردنی پڕوشە، گەشتی دەستەکچانی گوڵدانچی کە جاران ناو بە ناو سوڕێکی هاوبەشیان بە بازاڕدا دەکرد، بەرەو کزی ڕۆیشت. ئەودەمە بەهۆی گەمارۆی سەر وڵاتەوە بازاڕ جوڵەیەکی ئەوتۆی تێدانەمابوو، زۆربەی کۆگاکانی شار داخرابوون، خاوەنەکانیان زۆربەیان لە کوێت و سنوورەکانی دەوروبەریدا سەربازبوون. تاکە خۆشییەکی ماڵی فیکرەت گوڵدانچی سەردانی بەردەوامی بووک و زاوا نوێکە بوو. پڕوشە و دکتۆر ڕەفعەت هەموو ئێوارەیەکی پێنجشەممە دەچوون بۆ ماڵی

گوڵدانچی و شەوی هەینی دەگەڕانەوە، دکتۆر پیاوێکی ڕووخۆشبوو کە بەبایەخێکی بێوێنەوە سەیری ژیانی نەخۆشەکانی خۆی دەکرد، پڕبوو لە چیرۆکی ساڵانی موقیمی و ئیشکردنی دوور و درێژ لە گوندە دوورەکان و خەستەخانە بچوکەکانی شاردا، لەگەڵ پرۆشەدا ژن و مێردێکی گەلێک بەختەوەر دیاربوون، فیکرەت گەلێک بە ژیانی تازە و ئاسوودەی کچەکەی بەختەوەربوو. گەر پێویستی بکردبایە دکتۆر ڕەفعەت هەفتەی دووجار دەهات بۆ پشکنینی سەوسەن، بەڵام دکتۆر دڵنیابوو کچەکە نەخۆشی سەختی نییە و تاکە شتێک بە ڕاستی پێویستی پێیەتی گۆڕینی شوێن و شێوەی ژیانێتی. سەوسەن لە ناخی دڵەوە پێکەنینی بە دکتۆر ڕەفعەت دەهات، هەستیدەکرد کێشەیەکی لەگەڵ ژیانی تایبەتی خۆیدا نییە، ژیانی خۆی ناجۆر و خراپ نەبوو، بەڵام ئاسۆکان و ئارەزووەکانی لەوە گەورەتربوون بتوانێت خۆی تێریانبکات. سەوسەن پێویستی بە زیاد لە ژیانێک و زیاد لە جیهانێک هەبوو، ئەوە کێشەی هەرە گەورەی بوو.

لەو ماوەیەدا نوێنەرەکانیش بەدەگمەن دەچوون بۆ ماڵی گوڵدانچی، بەڵام ئێمە هەمیشە شەیدای هەواڵی تازە بووین، هەتا لە ڕۆژە زۆر ناخۆشەکانیشدا وازمان لە سۆراغی دەنگوباسی سەوسەن نەهێنا، چونکە لەو وەرزەشدا شتێکی ئەوتۆ گرنگ و نوێمان نەبوو باسیبکەین، گەر هەندێ جار سەوسەنمان بە ڕێکەوت لەدەرەوە بدیبایە، بۆ ئێمە دەبووە بابەتی قسەکردنێکی زۆر. تاکە شتێک لەو ماوەیەدا سەرنجی ڕاکێشاین دەرکەوتنە تەنها و بێوادەکانی بوو لە بازاڕدا، پێشتر زۆر کەم بە تەنها دەمانبینی، بەڵام لە مانگ و هەفتە غەمگینەکانی پێش جەنگی گەورەدا پیاسە تەنهاکانی ڕوو لە زیادبوون بوون. کاتەکانی هاتنەدەرەوەی گەلێک ناڕێک و بێبەرنامەبوون، هەر جارەی لەسەعاتێکدا دەردەکەوت کە بە کاتی دەرچوونی پێشووی نەدەچوو، زۆر بەوردی و لاوازی هەنگاوی هەڵدەهێنا، زۆربەی کات تەنوورەیەکی سپی و پاڵتۆیەکی ڕەشی درێژی لەبەردابوو کە

بە قایشێکی پان لە کەمەرەوە توند دەیبەست، گەر باران بایە چەترێکی نیلۆفەری کۆنی هەڵدەدا، گەر خۆش بایە دەستی دەخستە گیرفانی پاڵتۆکەیەوە و بەهێمنی بێئەوەی سەیری کەسمان بکات دەڕۆیشت. بە گشتی لە هیچ شوێنێکدا نەدەوەستا، هەندێ ڕۆژ گەر بهاتبایە و فیکرەت گوڵدانچی خۆی ڕۆژنامەکانی ئەو هەفتەیەی وەرنەگرتبایە، سەوسەن لە کتێبفرۆشی «شار» لایدەدا و ڕۆژنامەکانی باوکی وەردەگرت، لای ئەو کتێبفرۆشانەش کە لەسەر جادە کتێب دەفرۆشن کەمێک دەوەستا و سەیرێکی خێرای ناونیشانەکانی دەکرد، بێئەوەی دەست لە هیچ کتێبێک بدات، دواتر بە هەمان ڕێگا و بە هەمان ڕیتمی خاو و لاواز دەگەڕایەوە بۆ ماڵێ. بەدەگمەن شتێکی دەکڕی و بە ڕێکەوت دەستی دەبرد بۆ شتێک، بەڵام سەرنجماندا بەر لەوەی هەر شتێک بکڕێت، سەرەتا دەیخاتە بەر هەناسەی خۆی و بۆنیدەکات.

لەسەرەتای ساڵی نەوەدویەکدا کۆمەڵێک وێنەی مەنسور ئەسرین بەجۆرێکی چاوەڕوان نەکراو گەیشتنە شار، وێنەکان لە سنووری تورکیاوە، لە ڕێگای یەکێک لە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە درابووە دەست شۆفێرێکی خەڵکی خۆشناوەتی و لەویشەوە گەیشتە دەست ساقی مەحمود کە ئەودەم سەختترین ڕۆژەکانی ژیانی خۆی دەژیا. ساقی دوای ونبوونێکی دوور و درێژ ڕۆژێک وێنەکانی برد بۆ ماڵی فیکرەت گوڵدانچی. سەوسەن سەرنجیدا ساقی لەو چەند مانگەی دواییدا لە جاران گەلێک پیرتر و ماندووتر دەنوێنێت.

ساقی کە لەگەڵ هەردوو گوڵدانچییەکەدا دانیشت، هەستیکرد ئەرکی سەرشانێتی شتێک لەو هەواڵانەی دەربارەی گەشتەکەی مەنسور دەیزانێت بۆ «کیژە بەستەزمانەکە»ی بگێڕێتەوە. دوای ئەوەی جگەرەیەکی داگیرساند و مژێکی قووڵی لێکێشا گوتی «ئەم ماوەیە ژیان بەجۆرێک گۆڕاوە، مرۆڤ خۆی ناناسێتەوە، بمبورە کە بەمشێوەیە درەنگ درەنگ

دەردەکـەوم. حەزدەکـەم گـەر پێویسـت نـەکات و شـتێکی گرنـگ نەبێـت، ئارامـی ئێـوە و ژیانـی ئاسـوودەتان نەشـێوێنم. ئێـوەش دەزانـن کـە لـە بەهـاری ڕابـوردووەوە مەنسـور دەنگـی نییـە، بـەر لـەم وێنانـە، دوا نامـەی ئـەو بەدەستم گەیشتبێت دەگەڕێتـەوە بۆ ناوەڕاسـتی ئایاری ڕابوردوو. گـەر ئـەم وێنـە و نامانـە نەبوونایـە وەخـت بـوو دڵـم لـەو بێدەنگییـە دەکەوتـە مەراقـەوە، بـەڵام بـا ئێسـتا دڵنیابیـن، پێدەچێـت لـەو کاتـەوە تـا ئێسـتا سـەفەرەکەی گۆڕانـی زۆری بەسـەردا هاتبێـت، ڕاسـتی بڵێـم، مـن لەسـەرەتاوە لەگـەڵ ئـەوەدا نەبـووم ئـەو لـە ئەورووپـاوە دەسـت بـە گەشـتەکەی بـکات، دیـارە ڕوخانـی کۆمۆنیسـتەکان، سـەفەرەکەی مەنسـوری شـتێک ئاسـانتر و خێراتـر کـرد. خـۆت دەزانیـت لەسـەردەمی پاشـاگەردانی و نارێکیـدا، ڕێبـوارەکان ئاسـانتر دەتوانـن سـنوور ببـڕن و ئەمدیـوە و دیـو بکـەن، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە گشـتی وڵاتـە ئەورووپاییـەکان لـە مەسـەلەی ڕاوشـکار و گرتنـی باڵنـدەدا یاسـای سـەختیان هەیـە... دیـارە مـن شـتەکەم بیسـتووە، چەنـدە ڕاسـتە نازانـم... ئـا بەڵـی، بـەڵام وادەزانـم وەهایـە و یاسـای سـەختیان هەیـە... بۆیـە مـن لەسـەرەتاوە دژی ئەوەبـووم لـە ئەورووپـاوە دەسـت پێبـکات. دوای سـاڵی یەکـەم مەنسـور بـەرەو سـەرەوە ڕۆیشـت، بـەرەو وڵاتـە زۆر ساردەکانی باکوور، هەستدەکەم مەنسـور پێویسـتی بـەوە هەبـووە لـە نـاو ئـەو سـەرما و بەسـتەڵەک و گۆشـەگیرییە قووڵـەدا تـەواو بیـر لـە هەمـوو شـتێک بکاتـەوە. گـەر وانەبێـت، مـن تەفسـیرێکی تـەواوم لا نییـە، بـۆ ماوەیەکـی هێنـد درێـژ لـەو هەرێمـە ساردانە مایـەوە. بەپێـی دوا هـەواڵ مەنسـور لـە نەرویـژەوە بـە کەشـتییەک ڕووەو ئەمریـکا ڕۆیشـتووە، ڕاسـتەوخۆ بـەرەو یەکێـک لـە بەندەرەکانـی مەکسـیک. ئـەوەم پێچاکـە... ئـەوەم زۆر پێچاکـە کـە کاتێکـی زۆری لـە باکـووری ئەمریـکا نەکوشـتووە، هەرچەنـد زانیارییەکـی ئەوتـۆم نییـە، بـەڵام وادەزانـم مـرۆڤ تـا زیاتـر بـەرەو باشـوور بـڕوات، شانسـی زۆرتـرە، وەک بیسـتوومە حـەوزی ئەمـەزۆن و ئـەو

هەرێمانەی دەوروبەری بەهەشتی ڕاستەقینەی باڵندەن، لەوێ دەتوانێت ئەو کاتانە بگێڕێتەوە کە لەدەستی داوە. ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە بۆ من ئەوەیە کە زانیم کاتێک لە ئەمریکا دابەزیوە، قەفەزی چەندەها باڵندەی پێبووە، لە هەموو شوێنێک خۆی بە پسپۆڕێکی بایۆلۆژی لە جیهانی باڵندەدا ناساندوە، کەسێک کە لێکۆڵینەوە لەسەر ڕەفتاری هەندێک باڵندەی کۆچەر دەکات، وادەزانم لە زانکۆیەکی نەرویژەوە جۆرە ڕەزامەندییەکی وەهای بەدەست خستووە، ئەوە ئیشەکانی خێراتر و باشتر دەکەن. هیوادارم لە کاتی خۆیدا بگاتەوە ئێرە و هەموو باڵندەکانی پێبێت... هیوادارم».

لە دەنگی ساقیدا شتێک لە گومانی قووڵ هەبوو. گومانێک پەیوەندی بە مەنسورەوە نەبوو، هێندەی گرێدراوی ئەو ڕۆژگاری گومانە بوو کە هەموو تێیدا دەژیاین. بەڵام لەگەڵ هەموو شتێکیشدا وێنەکانی مەنسور لە بەفر و سەرمای باکووردا، لە بەندەرە گەورەکاندا، لە بەردەم دارستانەکانی سنەوبەر و ڕووبەرە بێکۆتاکانی بەفردا، دڵی سەوسەنی خۆشکرد.

لەو سەردەمەدا لە ناکاو دیاردەیەکی سەیر لە ناو ئێمەدا سەریهەڵدا. لەو دەمەدا ئەو خەونانەی سەوسەن هەموو شەوێک بە سێ گەڕیدە گەنجەکەوە دەیبینی، بوون بە خەونی هەموومان، زۆربەی خەڵکی شارەکە ماوەیەک هەمان خەونمان دەبینی، زۆربەمان سەرمان دەخستە سەر سەرین و چاومان لێکدەنا و ئەو سێ ڕێبوارەمان دەبینی بە شوێنی جیاواز جیاوازی ئەم جیهانە گەورەیەدا دەڕۆن. سەیربوو، هەتا کوڕەکانی ئەم شارەش لە سەنگەرە دوورەکانی بیاباندا، لەو جێگایانەدا کە سوپای عێراق بێهودە خۆی کۆدەکردەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ سی سوپای گەورەی دونیادا شەڕبکات، کاتێک شەوان لە ژێر ئاسمانی باشووردا دەخەوتن، هەر خەونیان بەو سێ گەڕیدەیەوە دەبینی کە ئازادانە بە کۆمەڵێک

باڵندەوە زەوی دەگەڕان. لە ساڵی نەوەددا دەوڵەت جیهانی دەرەوەی وڵاتی وەک شوێنێکی ترسناک و تاریک نیگاردەکرد کە پڕە لە دوژمن، بەڵام وێنەی دونیا لەو خەونانەدا شتێکی دی بوو، جیاواز لەو وێنەیەی دیکتاتۆر دەیویست باوەڕی پێبهێنین، هەموو هەستمانکرد ئەو سێ گەنجە جیهانمان بۆ دەدۆزنەوە، جیهانێکی تر، جیهانێکی بێسنوور و قەشەنگ کە ئێمە تەنیا لە خەودا دەتوانین بیبینین.

دووبارەبوونەوەی بەردەوامی ئەو خەونە لە شەوەکانی ئێمەدا سەیربوو، هەندێک کەس چەند ساڵێکی تەواو ئەو خەونەیان دەبینی، بەڵام لای کەسانێکی تر خەونێکی کاتی بوو کە ماوەیەک دەردەکەوت و وندەبوو. سەرەتا کەس نەیدەوێرا ئاشکرا دانی پێدابنێت، مستەفا هەزاری شاعیر یەکەمین کەس بوو لە ڕۆژنامەدا ڕایگەیاند خەونی بە سێ گەڕیدەوە بینیوە کە دەگەڕێن و جیهانمان بۆ دەدۆزنەوە، دوای ئەو گەلێک لە شاعیران و هونەرمەندانی دیکە هەمان ڕاستییان دووبارەکردەوە. هێدی هێدی شەپۆلی دانپیانان بە جۆرێک گەورەبوو، هەتا ئەوانەش کە خەونەکەیان نەدەبینی لەسەر ڕۆشنایی وەسفی ئەوانی دیکەدا ڕایانگەیاند کە هەمان خەونیان بینیوە. دەبێت بڵێم ئەو خەونەو لەو وەرزەدا مایەی خۆشبەختی و هێمنییەکی گەورەی ئێمە بوو. ساڵانێک دواتر کە دەیان هەزار کورد کۆچیانکرد و بە دونیادا بڵاوبوونەوە، کە دەگەیشتنە هەندێک وڵاتی دوور، پێیان دەخستە سەر هەندێک خاکی نامۆ و دەچوونە سەر هەندێک سەر زەمینی نەناسراو، هەندێکیان ڕادەچڵەکین کە هەستیاندەکرد پێشتر بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو شوێنانەیان بینیوە و لە خەوندا بەو سەرزەمینانەدا تێپەڕیوون.

٣٠

بۆ ئەوەی زۆر لە قسەکانی پێشوو دوورنەکەوینەوە، دەمەوێت بڵێم لە وڵاتی ئێمەدا هەموو ڕۆژگارەکانی ترس، ڕۆژی گەورەی خەون و هەموو ڕۆژگارەکانی خەون، سەردەمی گەورەی ترسن. لە ساڵی ١٩٩١ دا کە جەنگی عێراق لەگەڵ سەرجەمی جیهاندا دەستی پێکرد، هەموو ترس و خەونمان بە چەشنێکی وەها بەرین تێکەڵاوکرد، دواتر بۆمان جیانەکرایەوە. بەڵام سەوسەن ئەو ڕۆژانە وەکو ئێمە نەژیا، ژیانی بەردەوامی لە منداڵییەوە لەگەڵ وێنەکانی جەنگدا، مایەی ئەوە بوو وەک ئێمە نەترسێت، کەمتەرخەمیشی بەرامبەر بە سیاسەت وایدەکرد نائومێدی بەو مانایەی ئێمە تێیدەگەین لای ئەو نامۆ بێت. سەوسەن لە ناخیدا چەند دەیویست مرۆڤەکان لە جەنگ دووربن، بە هەمان ئەندازە شتێک لە جەنگدا سەرسامیدەکرد، سیحرێک بەدروستی نەیدەزانی چییە و نەیدەتوانی دیاریبکات. دڵنیابوو لەگەڵ پیاوانی جەنگاوەردا ناتوانێت بژی، بەڵام جەنگ خۆی... جەنگ بە هەموو ئەو هەستە سەیرانەوە کە دەیوروژێنێت، بەو دەموچاوانەوە لەسەر وێنەکان جێیدەهێڵێت، بەو هەستە ئاڵۆزانەی لە جەنگاوەراندا دروستیدەکات، بەو دوکەڵە سپییەی لەسەر زەوی بڵاویدەکاتەوە، بەو گۆڕانکارییە قووڵانەی لەسەر دیمەنی زەوی و ڕوخساری شارەکان و شێوازی ژیان جێیدەهێڵێت، پێکرا بۆ سەوسەن دونیایەکی تر بوو. گەرچی سەوسەن داواکارەکانی خۆی بە

جیهاندا ناردبوو تا لە جەنگ دووربکەونەوە، بەڵام خۆی لە منداڵییەوە باوەڕی وابوو لە بەرئەوەی جەنگ هەیە پێویستە بیبینێت. خولیای سەوسەن بۆ جەنگ پەیوەندی بە هیچ خواستێکی شەڕانییەوە نەبوو، دەتوانین بڵێین کچەکە لە منداڵییەوە لە ڕێگای کتێبەکانەوە زۆر جەنگی گەورە گەورەی بینیبوو، بەڵام وێنەکان وەک هەمیشە دوو شتی گەورەیان کەمبوو، کەوایان دەکرد زۆر جێگای متمانەی سەوسەن نەبن، ئەویش دەنگ و بۆن بوون.

ساڵی ١٩٩١دوای هەرەسە ترسناکەکانی سوپای سەدام لە باشوور و پاشەکشەیان لە کوێت، ڕاپەڕین هەموو وڵاتی گرتەوە. سەوسەن یەکێک بوو لەو کچانەی لە ڕاپەڕیندا بەشداریکرد. بەڵام سەوسەن بە پێچەوانەی ئێمەوە دوای خەون و ترس نەکەوتبوو، بەشدارییەکەشی بەچەک نەبوو، بەڵکو سووک و سادە بێئەوەی شتێکی دیاریکراو بکات لەگەڵماندا بوو. ئێمە جەنگاوەرانی ڕاپەڕین، ئەو ڕۆژانە چاومانکردەوە کچێکی جوانمان لەتەک خۆماندا بینی کە بەجۆرێکی سەیر سپی هەڵگەڕابوو، بەردەوام پانتۆڵێکی کاوبۆی کۆن و پاڵتۆیەکی ڕەشی درێژی لەبەردەکرد. هیچ شتێکی نەدەکرد، هیچ شتێک تەنیا سەیریدەکردین و گوێی لە فیشەکەکانمان دەگرت، بۆنی باروتی تفەنگەکانمانی هەڵدەمژی، بەڵام هیچ هەستێکی ترسی تێدا نەبوو، ئێستاش هەموو سەرسامی ئەوەین، چۆن لەو ڕۆژانەدا نەکوژرا، تاکە کەسێک بوو بێترس بە ناو گوللە و دەستڕێژەکاندا دەڕۆیشت، هەندێ جار هاوارمان لێدەکرد، تکاماندەکرد لە شوێنی خۆی نەجوڵێت، بەڵام وەک ئەوەی نەبیستێت، وەک ئەوەی دەنگەکان و بۆنەکان مەستیانکردبێت، لە هاوارەکانی ئێمە بێباک بوو. لە شەڕەکانی ڕۆژی یەکەمدا ئێمە زۆربەی بارەگا و بنکەکانی دەوڵەتمان گرت، هەر ئەو ڕۆژە هەموو پۆلیسخانەکان چەکەکانیان ڕادەستی شۆڕشگێڕان کرد، میلیشیا مەدەنییەکانی دەوڵەت ڕووی تفەنگەکانیان

وەرگێڕا و لەگەڵ ڕاپەڕیواندا کەوتنە پەلاماری هێزەکانی دەوڵەت، ڕۆژی دووەمیش زۆربەی سوپاکانی دەوروبەری شار چەکەکانیان فڕێدا و هەموو ئەفسەر و سەربازەکانیان بەدیلی کەوتنە دەستمان. بەڵام بەعسییە گەورەکان و پیاوانی پۆلیسی نهێنی و کارگێڕانی ئاسایش و کارمەندانی دەزگاکانی هەواڵگری هەموو هەڵهاتنە ناو بنکە گەورەکەی ئاسایشەوە و لەوێدا سەنگەری خۆیان لێدا. ئەو جێگایە شوێنی خوێناویترین شەڕەکانی ڕاپەڕین بوو. مەنگوڕ شەوی پێش ڕاپەڕین دۆستانی خۆی کۆکردەوە و تکای لێکردن لە ڕاپەڕیندا لە چەقۆ زیاتر چەکێکی تر بەکارنەهێنن، قسەکانی ئەو ئێوارەیەی مەنگوڕ تا ساڵانێک دواتر لە خەیاڵماندا بوو، ئەو گووتی «خوێن زۆر دەڕژێت، من لە دژی ئەوە نیم کە هەموو بەشداری پەلامارەکان بین، خودا دەزانێت یوسف کەویاری گەورە لە چەند شەڕدا بەشداربووە، لە شەست و حەفتاکاندا کورد شەڕێکی گەورەی نەکردوە، کەویاری تێدا نەبووبێت. بەڵام ئامۆژگاری من ئەوەیە لە چەقۆ زیاتر چەکێکی تر بەکارمەهێنن، مەسەلەکە پەیوەندی بە نەریتی ئێمە و ئەخلاقی دێرینەی ئێمەوە هەیە لە شەڕدا، کەویاری ڕەحمەتی تا مرد هەر چەکی سپی پێبوو... دوژمن ئەوەندی بە چەقۆکەی کەویار سەغڵەت بوو، بە گوللە و باروتی تۆپخانەکانی شۆڕش سەغڵەت نەبوو... چونکە بە مێژووی هەموو شۆڕشی ئەیلول، پارچەی گوللە تۆپێکی ئێمە ڕاستەوخۆ نەگەیشتە قوونی دوژمن».

قسەکانی مەنگوڕ بۆ ژمارەیەک لە هاوڕێ نزیکەکانیشی قەبووڵ نەبوو، هەندێکیان ڕاستەوخۆ دەنگیان بەرز نەکردەوە، بەڵام قەپۆز جوقڵی و مچۆی ئەختەرخان و مەریوانی مەمە و هەندانێکی تر بە حورمەتەوە بە مەنگوڕیان گووت کە شەڕەکانی داهاتوو سەخت دەبێت و بەبێ چەکێکی ڕاستەقینە کەس ناتوانێت ژیانی بخاتە بەر مەترسی وەها گەورەوە. ڕۆژی داهاتوو مەنگوڕ خۆی نەبێت، هەموو تیپەکەی چواردەوری

بە چەکی قورسەوە هاتنە ناو ڕیزی ڕاپەڕینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا مەنگوڕ بە چەقۆکەی دەستییەوە ئازاییەتییەکی بێوێنەی نیشاندا، لە زۆر شوێندا یەکەمین کەس بوو پێش تفەنگدارەکان دەکەوت و خۆی بە ناو ئاگر و دوکەڵەکاندا دەکرد. هەر لە ڕۆژی یەکەمیشەوە هاوڕێکانی مەنگوڕ بە جۆرێکی بەربڵاو لە تاڵانکارییە گەورەکانی شاردا بەشداربوون، گەلێک مەخزەنی گەورەیان تاڵانکرد، لە چەندین شوێنی تایبەتیدا کەلوپەلی فەرهودکراویان حەشاردا. تاڵانییەکان هەموو شتێکی گرتەوە، لە تاڵانکردنی کارگەکان و ماشێن و شتە گرانبەهاکانی ناو دەزگاکانی دەوڵەتەوە بیگرە تا تاڵانکردنی ئاڵتون و پارەی ماڵە بەعسییە کۆنەکان. ڕاستە کەسمان مەنگوڕمان لە جۆرە کارێکی وەهادا نەبینی، بەڵام کەسیشمان باوەڕمان نەکرد کە خۆی لە هەموو ئەو کارانە بێئاگابێت.

لە ڕۆژی دووەمدا، لە کاتی گرتنی یەکێک لە ڕێکخراوەکانی حیزبی دەسەڵاتداردا، مەنگوڕ بۆ یەکەمجار سەوسەن گوڵدانچی لەدەرەوە بینی، مەنگوڕ لە ناو دوکەڵ و تەم و بۆنی باروتدا کڵاوەکەی بۆ سەوسەن داگرت و گووتی «سەوسەن خان ڕێزی زۆرم قەبووڵ بکە، بەڵام خانم بەقەبری هەرچی ئەولیایە، ئێرە شوێنێکی باش نییە بۆ ئێوە، بزانە تەقەکەرەکان لە ترسدا ناتوانن نیشانە بگرنەوە، زۆربەیان لە ترسدا دەستیان لە قوونیان زیاتر دەلەرزێت، گەر شتێکت لێبێت حەسرەتێکی گەورە دەچێتە دڵمان. لەبەرئەوە ڕوخسەتم پێبدە و ئەو شەرەفە بە بچوکی خۆت ببەخشە تا ماڵی خۆتان بەڕێتانبکەم و تا دەتگەێنمەوە دەست باوکی بەڕێزتان لەگەڵتاندا بم».

ئەوکاتەی مەنگوڕ وایدەگووت، دەنگی دەستڕێژەکان بەجۆرێ بەرزبوون هەستمانکرد سەوسەن گوێی لە دەنگی مەنگوڕ نییە. بەڵام گوێمان لێبوو سەوسەن بە دەنگێکی گەرم کە گەلێک لە دەنگی لاواز و بێتینی خۆی جودابوو، وەڵامیدایەوە و گووتی کە هەموو شتێک باشە و هیچ

مەترسییەکی نییە و نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵێ و دەیەوێت تا کۆتایی دیمەنەکان ببینێت. دواتریش بینیمان بە خێرایی لە مەنگوڕ دوورکەوتەوە کە لە ناو هەوای شێداری ئەو بەیانییەدا تا لە چاو ونبوو کڵاوەکەی بۆ داگرتبوو و سەیریدەکرد.

مەنگوڕ ساڵەهای ساڵ ئەو دیمەنەی سەوسەنی لە بیرنەکرد، بەردەوام بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ ئێمەی دەگێڕایەوە، شانازییەکی بێوێنەشی بەوەوە دەکرد کە ژنێکی وا ئازا لە نزیکەوە دەناسێت .

لە نیوەڕۆی ڕۆژی دووەمدا شەڕی ڕاستەقینە لە چواردەوری بینای گەورەی ئاسایش دەستی پێکرد، ئەو شوێنە وەک قەڵای گەورەی بەعسییەکان تەماشادەکرا. بیناکە خانوویەکی زەبەلاح و ناشیرین و ترسناک بوو، دەیان ڕاڕەو و ژێرزەمین و ژووری گەورەی ئەشکەنجەی تێدابوو، هەر کەس بە دیلی بچووبایەتە ئەو بینایەوە وەک خۆی نەدەهاتەوە دەرێ، یەکێک بوو لە جێگا هەرە ترسناکەکانی ئەشکەنجە کە جەلادی گەلێک لێزان و بێڕەحم، بە موچەی گەلێک زۆر ئیشیان تێدادەکرد. پاشەکشێی هەموو بەعسییەکان بۆ ناو ئەم بینایە هەڵەیەکی کوشندەبوو کە کاری گەمارۆدانیانی زۆر ئاسانکرد، سەرەتا شەڕەکان زۆر قورس نەبوون، ئەوانەی لە ناوەوە دەجەنگین هێشتا هیوایان بەوەبوو لەدەرەوەی شارەوە هێزیان بۆبێت، شۆڕشگێڕان و ڕاپەڕیوانیش چاوەڕوانی دابەزینی پارتیزانەکانی شاخیان دەکرد، بەڵام بەعسییەکان لە سەرتاسەری وڵاتدا وەها شکست و شپرزە بوون کەسیان نەیاندەتوانی فریای ئەوی دیکەیان بکەوێت. لەبەرئەوە ڕیتمی شەڕەکان سەعات دوای سەعات قورستر دەبوو. ئێمە بیناکەمان لە هەر چوارلاوە گەمارۆدا، سەوسەن لە سەعاتی یەکەمەوە لەگەڵماندا بوو، لەو شەڕانەدا بۆ یەکەمجار قەلەندەر ئامۆون و کوڕگەلێکی دیکەی ئامۆونیمان بینی لە تەنیشتمانەوە شەڕیاندەکرد. سەوسەن شەوان گەلێک درەنگ دەگەڕایەوە

بـۆ ماڵــێ، هاوارەکانــی باوکـی و پاڕانەوەکانــی پرۆشــە و ئامۆژگارییەکانــی دکتـۆر رەفعـەت سـوودێکیان نەبـوو، کچەکـە لەنـاو خومـاری شـەڕدا دەژیـا. هەمـوو شـەوێک کەدەگەڕایـەوە بـە ئاوێکـی سـارد خـۆی دەشـت و بێئـەوەی قـژی وشـکبکاتەوە، بـە تـەڕی دەچـووە نـاو جێگاکـەوە و بـەدەم هەڵلەرزینەوە سـەیری ئەلبومـی دەسـتگیرانە دوورەکانـی دەکـرد. دەبێـت بڵێـم ئـەو چەنـد ڕۆژەی لەگەڵمانـدا بـوو هەمیشـە هێمـن و بێدەنـگ بـوو، وەک یەکێـک سـەیری وێنەیـەک بـکات، سـەیری هەمـوو شـتەکانی دەکـرد.

دوای چەنـد ڕۆژێـک و دەیـان سـەعات شـەڕی قـورس، ئـەو بەعسـییانەی لــە نــاوەوە گەمارۆدرابــوون، هەرەسـیانهێنا، ئێمــە جەنگاوەرانــی ڕاپەڕیــن، هەمـوو دەروازەکانمــان گــرت، موشــەک و نارنجۆکــە دەســتییەکانمان لــە چەندیـن شـوێنی نـاو قەڵاکـەدا ئاگـری گـەورەی دروسـتکردبوو، لـە یـەک کاتــدا نوسـینگەکانی سـەرەوە و بەشـێکی زۆری قاتەکانــی خــوارەوە دەسـووتان، لـە پەنجـەرە بچوکەکانـی سـەر ژێرزەمینەکـەوە دوکەڵێکـی ڕەش دەهاتــەدەرێ، ئاگرەکـەی نـاوەوە بەعسـییەکانی ناچارکـرد یـان لـە ژوورەوە بسـووتێن یـان بێنـەدەرێ و خۆیـان ڕادەسـتی ئێمـە بکـەن. وابـوو لـە بـەردەم هـەردوو دەرگا سـەرەکییەکەی ئـەو بینـا ترسـناکەدا گەورەتریـن قەسابخانەی مێـژووی شـارەکەمان ڕوویـدا. دووسـەد سـاڵی ڕابـوردووی مێـژووی شـارەکە شـەو و ڕۆژی وەهـای بەخۆیـەوە نەبینیبـوو. هەمـوو بەعسـییەکانمان لەوێـدا کوشـت، هێنـدەی لـە نـاو ئاگـر و دوکەڵەکـە ڕایاندەکـرد و دەکەوتنـە دەسـت ئێمـە، بـە چەقـۆ یاخـود گوللـە یـان بـەرد دەمانکوشـتن. کـەس تـا ئەمـڕۆ ژمــارەی کــوژراوەکان نازانێــت، بــەوەدا لــە یەککاتــدا لــە چەندیــن دەروازە و دەرگاوە کوشــتار بــەردەوام بــوو، بــەوەدا هەندێــک لــە لاشــەکان دەم و دەســت پــەت دەخرایــە دەســت و قاچیــان و بــە جادەکانــدا ڕادەکێشــران، زانینــی ژمــارەی ڕاســتەقینەی کــوژراوەکان ئەســتەم بــوو. دەبێــت بڵێــم ژمارەیەکـی زۆر لـە کوڕانـی شـار بـۆ یەکەمجـار لـەو کوشـتارەوە فێـری شـەڕ

و پیاوکوشتن بوون. ئەو کوشتارە بۆ کوڕانی دەورویەری مەنگوڕیش یەکەمین قوتابخانە بوو، تا ئەو کاتە زۆربەیان چەقۆوەشێنی ئاسایی بوون و ئەزموونێکی ڕاستەقینەیان لەگەڵ کوشتندا نەبوو، کەسیان پێشتر ڕۆژی واخوێناوی نەژیابوو. بەڵام قڕانی بەعسییەکان ڕووداوێکی گەورەبوو، بە ترس و خەونێکی زۆر بارکرابوو، هەتا هەندێک شاعیر و هونەرمەند و ئەکتەرانیش، وەک ئەوەی بەشداری لە شانۆگەرییەکی گەورەدا بکەن تێیدا بەشداربوون... توڕەییەکە بە جۆرێک گەورەبوو، کەسی نەدەبوارد... ترس و خەون هەموومانی بەجۆرێکی سەیر بۆ پێشەوە ڕاودەنا. قەلەندەر ئاموون لەوانەبوو کە لەدەرگای پشتەوە خۆیان بە قەڵای بەعسییەکاندا کرد بۆ ئەوەی بیناکە ژووراو ژوور لە ناوەوە پاکبکەنەوە و خۆیان بگەیێننە زیندانەکان و ئازادیانبکەن. مەنگوڕ کەسی نەکوشت، بە خۆی و چەقۆکەیەوە لەسەر دیواری دەرەوەی بنکەکە دانیشتبوو و بە هێمنی سەیری هەموو دیمەنەکەی دەکرد، سەرەتا هەوڵیدا منداڵان و ژنان لە سەیرکردنی کوشتارەکە دووربخاتەوە، بەڵام سوودی نەبوو. دەیان منداڵ و ژن لە حەوشی بنکەی ئاسایشدا کۆبووبوونەوە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە تەماشابکەن.

لەو ساتەدا مەنگوڕ دەیزانی سەردەمێک بەرەو کۆتایی دەڕوات و سەردەمێکی نوێ دەست پێدەکات، ئەوە دوا شەڕ بوو بتوانێت وەک چەقۆکێشێک لە نزیکەوە بیبینێت، ئەوە ساتی ئاودیوبوونی تەواوەتی خۆری چەقۆکێشان بوو کە لە مێژبوو بەرەو ئاوابوون دەڕۆیشت. مەنگوڕ تاکە کەسێک بوو لە گەرمەی ئەو توڕەییە بێسنوورەدا هۆشی ئەوەی هەبوو بڵێت «ئەمجۆرە کوشتارە ڕاست نییە»، بەڵام لەوە زیاتر هیچی دی نەگووت. لەو ساتەدا لای ئێمە وەک پیاوێکی زۆر ئازا دەرکەوت، کە تەنیا دوای بڕوا نەگۆڕەکانی خۆی دەکەوێت. شێوەی دانیشتن و سەیرکردنەکەی ئەوەی تێدا بوو کە دەیەوێت جۆرە وێنەیەکی لەو

چەشـنە بـۆ هەتاهەتایـە لـە خەیاڵـی ئێمـەدا جێبهێڵێـت.

سەوسـەن لـە ڕیـزی پێشـەوەی تەماشـاكەراندا بـوو، لەگەڵ هاتنـەدەرەوەی هـەر بەعسـییەک و لەگـەڵ هـەر کوشـتنێکدا ئێمـە سـەیری دەموچـاوی ئەومـان دەكـرد کـە گەلێـک سـارد دەینوانـد، ئێمـە هەمـوو چەپڵەمـان لێـدەدا، خۆشـحاڵ بوویـن، لەسـەر لاشـەكان سـەمامانـدەكرد، بـەڵام کەسـمان نەمانتوانـی شـتێکی تایبـەت لەسـەر ڕوخسـاری ئـەودا بخوێنینـەوە، هەنـدێ جـار وامـان هەسـتدەكرد شـتێک لـە نـاوەوە تونـد بـەری هەناسـەی دەگرێـت، بـەڵام وانەبـوو... هێـدی هێـدی سـەرنجماندا و بینیمـان، سەوسـەن بۆنـی هەمـوو دیمەنەكـە دەكات... تەنیـا گوێدەگرێـت و بۆنـدەكات.

لـە ئێـوارەدا شـتەكان گەلێک تاریک و ترسـناک دەیاننواند، سـەدەها لاشـە بەتەبـاری گـەورە گـەورە لەسـەر یـەک كەڵەكەكرابـوون، زۆربـەی لاشـەكان بـە بـەرد و لێـدان و پیاكێشـان بەجۆرێـک شـێوێنرابوون بەدەگمـەن كەسـێک بیتوانیبایـە یەكێكیـان بناسـێتەوە، لـە هەندێک پەنجـەرەی بیناكـەوە، هێشـتا دوكـەڵ و بۆنـی بۆكـڕوز و سـووتانی گۆشـتی مـرۆڤ بەرزدەبـووەوە. تیپێكـی بچـوک لـە ئێمـە چووینـە ژوورەوە و یەكەیەكـە هەمـوو ژوورەكان گەڕایـن. لـە نـاوەوە سـەدان لاشـەی سـووتاومان بینـی، سـەرنجماندا بەعسـییەكان لـە هەندێـک ژووری تایبەتیـدا كۆبوونەتـەوە و دواتـر ئاگـر بـواری نـەداون بێنـەدەرێ و دوكـەڵ خنكاندونـی و هێـدی هێـدی كڵپـەكان گەیشـتۆتە سـەریان و بوونەتـە ڕەژووی تـەواو. چەندێک لـە نـاو لاشـەكاندا گەڕایـن یـەک زیندوومـان نەدۆزییـەوە، بـەڵام لـە جێگایەكـدا لاشـەی بەڕێوەبـەری ئاسـایش و پارێـزگاری شـارمان ناسـییەوە، هەردووكیـان لـە تەنیشـت یەكـەوە مردبـوون. لـە زیندانەكانـدا هەندێـک لـە گیـراوەكان، لەوانـەی دەبایـە ئازادیانبكەیـن سـووتابوون، لەویـادا تەرمـی جـەلادەكان و قوربانییـەكان تێكـەڵاوی یەكتربوویـوون، پێسـت و گۆشـتەكەیان لـە ناویەكـدا توابـووەوە، ئـەوە بـۆ ئێمـە دیمەنێكـی زۆر غەمباربـوو كـە نەماندەتوانـی ئاسـان جـەلادەكان و

قوربانییەکان لە یەکتر جیابکەینەوە. لە هەندێک شوێنی تردا سەرنجماندا ئەوانەی دەستیان چووبووە خۆیان و نەیانویستبوو بکەونە دەست شۆڕشگێڕەکان، خۆیان کوشتبوو، شێوەی گرتنیان بۆ دەمانچە و شوێنی گوللەکە لەسەریاندا نیشانەی ئاشکراو ڕوونی خۆکوژی بوو. لە ڕاستیدا تا ئێستا کەس بەدروستی نازانێت چی لە ناوەوە ڕویداوە، چۆن شتەکان سەعات دوای سەعات چوونەتە پێشێ، ئەوانەی لە ناوەوە بوون چۆن بیریانکردۆتەوە، چیان کردوە، چ هەوڵێک لە خەیاڵیاندابووە، هەستیان بە چ ئازار و چ پەشیمانییەک کردوە، ئەوانە هەمووی تا هەتاهەتایە نادیار و نهێنی دەمێننەوە، چونکە ئێمە لەگەرمەی هەڵچوون و توڕەییدا هەتا یەک کەسیشمان لە دانیشتووانی قەلاّ تاریکەکە بە زیندوویی نەهێشتەوە تا چیرۆکەکانمان لەدیدی ئەوانەوە بۆ بگێڕێتەوە کە لە ناوەوە تیا ژیان.

هەموو ژوورەکان و ڕێگاکان و سەردابەکانمان پشکنی، نەبا هەندێک لە بەعسییەکان بە ئومێدی دەربازبوون لە کەلێنێک یان ژوورێکی نهێنیدا خۆیان حەشاردابێت، بەلاّم هیچمان نەدۆزییەوە. کە شەو داهات تاریکییەکی سەنگین و ترسناک باڵی بەسەر دونیادا گرت، تەنیا بە کۆمەکی لایتە دەستییەکان لە ژێر زەمینی پێچاوپێچ و لە زوڵمەتی سەنگینی ناو ژوورە سووتاوەکان هاتینەدەرێ. لەدەرەوە شەوێکی قورس نیشتبووە سەر زەوی، جگە لە مەیتە بێدەنگەکانیش کەس لە گۆڕەپانەکەدا نەمابوو، بیناکە لە تاریکیدا دیمەنێکی وەها ترسناکی هەبوو، هالاوێکی وەها سەیری لێهەڵدەستا مرۆڤ سامی لەسەیرکردنی دەکرد. بێدەنگییەکی ترسناک هەموو شتێکی داگرتبوو... ئێمە لە ناو لاشەکاندا وەستاین و بیرمان لای ئەوە بوو : ئاخۆ لە چ ساڵێکی دی و لە چ ڕۆژگارێکی دیکەدا جۆرە شەوێکی دیکەی وەک ئەمشەوە دووبارەدەبێتەوە؟

٣١

شـەو درەنـگ زانیمـان کـە سەوسـەن خـان دیارنییـە. لـەدوای کەوتنـی تاریکییەوە، فیکرەت گوڵدانچی و پرۆشـە بەسـەبرێکی زۆرەوە چاوەڕوانیانکرد، ئـەو کات پرۆشـە لەگـەڵ دکتـۆری مێردیـدا پێکـەوە لەماڵـی گوڵدانچـی بـوون، هەمـوو چاوەڕوانـی پێشـهاتی ترسـناکمان دەکـرد، لـە سـامی ئـەوەدا دەژیایـن بەعسییەکان شـارەکەمان بـە گازی کوشـندە و چەکـی دیکـە بۆردومانبکـەن. ئـەو شـەوە کـە سەوسـەن تاسـەعاتی هەشـت نەهاتـەوە، گوڵدانچـی دڵـی کەوتـە مەترسییەوە. تـا سـەعات نـۆش ئومێدی ئەوەیـان هەبـوو بگەڕێتـەوە، هەمـوو لـە ڕۆژانـی ڕابـوردوودا سـەرنجی ئـەو دۆخـە نائاسـایی و تازەیـەی سەوسـەنیان دابـوو، وەک ئەوەبـوو کوشـتارەکانی نـاو شـار کچەکـەی لـە ڕابوردووییەکـی بێدەنـگ ئازادکردبێـت، وەک ئـەوەی یەکەمجاربێـت جیهـان لـە ڕوخسـارە ڕاسـتەقینەکەیدا ببینێـت. فیکـرەت گوڵدانچـی گەرچـی دڵـی بێئەنـدازە دەترسـا، گەرچـی زۆر هـاواری بێهـودەی لەسەوسـەن دەکـرد، بـەڵام دڵـی بـەوە خۆشـبوو، کـە سەوسـەنی دەبینـی لـە کتێبخانەکـەی دێتـەدەرێ و ئـەو بۆنـە ڕاسـتەقینەیەی ژیـان هەڵدەمژێـت کـە لەسـەر شـەقام و کوچەکانـی وڵاتـدا هـەن، بەبـڕوای ئـەو کیژەکـە لـەو کتێبخانەیـەدا هەسـتێکی بـۆ حەقیقـەت نەمابـوو.

کاتژمێـری نـۆ فیکـرەت گوڵدانچـی و دکتـۆر بـە دوودڵـی و بێئارامییەکـی کـەم وێنـەوە کەوتنـە خۆیـان بـۆ ئـەوەی بـە هەمـوو لایەکـدا بـڕۆن و بکەونـە

سۆراغی سەوسەن. ماشێنەکەی دکتۆر بانزینێکی کەمی تێدابوو، دەبایە وریایانە بەکاریبهێنن، بەتایبەت لە هەموو شاردا بانزین بەرەو کەمی دەڕۆیشت و پەیداکردنی لەجۆرە شەوێکی وەهادا سەخت بوو. سەرەتا چەند ماڵە ناسیاوێکی نزیک چوون، لەو جێگایانە بیستیان سەوسەن تا دەمەو عەسرێکی درەنگ لەگەڵ خەڵکێکی زۆری تردا لە سەیری کوشتارە گەورەکەی بنکەی سەرەکی ئاسایش بووە، هەمووش گووتیان کە سەوسەن لەگەڵ بینەرەکانی دیدا جێگاکەی چۆڵکردوە و ئێستاش ئەو ناوە لە تەباری لاشە بەولاوە هیچی دیکەی لێ نییە. دکتۆر و فیکرەت گوڵدانچی چەندین ماڵە ناسیاویان کرد، لە ڕێگای خۆیاندا سەریان لە هەندێ لە ئامووزییەکان و ساقی مەحمودیش دا، بەڵکو لە گەڕاندا کۆمەکیانبکەن. هێند گەڕان کە ئیدی ماشێنەکەیان لە جێگایەکدا پەکیکەوت، دواتر بەیەکێک لە تاکسییە ڕاگوزەرەکانی شەو هەموو ناسیاوە نزیک و دوورەکانی دی و هەموو خەستەخانەکانیان بەسەرکردەوە، بەڵام سوودی نەبوو. لە ڕاستیدا کەس نەیدەزانی سەوسەن چی لێهاتووە .

لە نیوەشەودا ژمارەی ئەوانەی بەدوای سەوسەندا کۆڵانە و کۆڵان دەگەڕان، شەقامەکانی دەرەوەی شاریان بۆ دەپشکنی لەسەد کەس زیاتر بوون، لە مەیتخانەکان سەیری مەیتی هەموو کوژراوە مەدەنییەکانیان کرد، لە خەستەخانەکانیشدا سەیری بریندار و بێهۆش و مردوە بێناوەکانیان کرد، بەڵام لە سەوسەن خەبەرێک نەبوو.

قەلەندەر ئاموون پاڵەوانی ڕاستەقینەی ئەو شەوە بوو، لەسەعات یەکی شەودا دوای ئەوەی هەموو لە گەڕان ماندووبووبووین، قەلەندەر بەتەنیا گەڕایەوە بۆ بینا سووتاوەکەی ئاسایش، کە بۆنی خوێن و مردن لە هەموو گۆشە و کەلێنێکی دەهات. سەدان لاشە لە گۆرەپانەکەدا کەوتبوون، قەلەندەر سەیری لێهات کە مردووەکان بەو ئەندازەیە بێدەنگن، پێشتر بیری لە بێدەنگی مردووەکان نەکردبووەوە، سوڕێکی

گەورەی بەدەوری حەوشی بنکەکەدا خوارد، بە لایتەکەی دەستی سەیری دەموچاوی هەندێک لە لاشەکانی کرد، شێوەی کرانەوەی دەمیان و دەرپەڕینی چاویان و خواربوونەوەی ملیان گەلێک سەیربوو، قەلەندەر پێشتر مردووی لەو جۆرەی نەبینیبوو، شێوەی خۆبەدەستەوەدانیان بۆ مردن ڕاپچڵەکاند، هەستیکرد لە مێژە مردوون... هیچیان بەوە نەدەچوو کە کەسانێک بن دوێنێ شەو یان پێش چەند سەعاتێک لەوەوبەر زیندووبووبن. بەڵام قەلەندەر هەستی بە ترسێکی تایبەتی نەکرد، ئەوەی کە ناترسێت لە دڵەوە ترساندی... لە منداڵییەوە دەزانێت کە نیشانەیەکی باش نییە مرۆڤ لە مردوو نەترسێت، هەموو زیندوویەک دەبێت لە مردووەکان بترسێت، دەبێت لێیان بترسێت تا لە زیندوێتی خۆی دڵنیابێت. ئەوەی بەتەنیا لەم تاریکییە کوشندەیەدا و لەم حەوشە ساردەدا و لە ناو ئەم هەموو لاشەیەدا وەستاوە، هەستێکی بێئەندازە ناخۆشی تیا دروستکرد، بەڵام هەستیکرد شتێک بەرەو ناو بیناکەی ڕادەکێشێت، لەوێ بۆنی سووتانی لاشەکان تیژتر و تاریکییەکە چڕتر بوو، هەندێک لە ژوورەکان تەنیا لاشەیەک یان دووانیان تێدابوو، لە هەندێ ژووری تردا، مەیتەکان لەسەر یەک کەڵەکەبووبوون. قاتی خوارەوە جگە لە خۆڵەمێشێکی نەرم و پارچە شوشەی شکاو و مێز و کورسی و دۆڵابی سووتاو هیچی دیکەی تێدا نەبوو، لە هەندێ جێگادا هێشتا لە ژێر خۆڵەمێشەکەوە گڕێکی کز دەسووتا. کە چووە قاتی سەرەوە هەستیکرد هێدی هێدی خەریکە باران دەبارێت... لە پەنجەرە گەورەکانەوە سەیری ئەو دیمەنە تاریکەی شاری کرد، دڵنیابوو ڕۆژانی پێشوو بەعسییەکان لەوێوە سەیری دونیایان کردوە. بەر لەوەی بنکەکە بەجێبهێڵێت لە پشتەوە دابەزی بۆ ژێر زەمینەکە. ژێر زەمینەکە لاشەی زۆرتری تێدابوو، ئاشکرا ئاگرێکی سامناک و دۆزەخێکی گەورە لەوێ بەرپابووبوو، هەندێک لە مردووەکان تەنیا ئێسکە ڕەشەکانیان مابووەوە،

قەلەندەر هەستیکرد بۆنی مردن لەوێ لە هەر جێگایەکی دیکە چڕترە.

قەلەندەر بەهێمنی بە لایتەکەی دەستییەوە، تا ئەوسەری ڕاڕەوەکان ڕۆیشت، بێدەنگییەکی کوشندە سەروەر بوو. لەسەرەخۆ و ئارام بە هەنگاوی بچوک بچوک بەلای ژوورەکاندا دەڕۆیشت، یەکە یەکە سەیری هەموو کونج و کەلێنەکانی دەکرد. تادواجار لە یەکێک لە ژوورەکاندا لە ناوەڕاستی دەیان لاشەی سووتاودا سەوسەنی بە ڕاکشاوی بینییەوە، بە هێمنی و بێجوڵە وەک مردووەکان کەوتبوو، سەرەتا تەنیا گوێی لەدەنگی هەناسەی بوو، دەنگێکی بچوک و مشەیەکی لەسەرەخۆ. قەلەندەر بەترسێکەوە لایتەکەی وەرگێڕا و و بە دەنگێکی نوساو و نیمچە خنکاوەوە گوتی «خودای گەورە، سەوسەن خان... هەموو شار بەدوای تۆدا دەگەڕێت... هەموو شار... تۆ چی دەکەیت لێرەدا... چی دەکەیت». ئەو بەبێئەوەی هەستێت بە هەمان دەنگی لاوازی خۆی، بەو دەنگەی لە ساتە هەرە سادە و ئاساییەکانی ژیانیدا قسەی پێدەکرد گوتی «گوێ لە مردووەکان دەگرم... گوێ لە مردووەکان دەگرم، بۆنی مردووەکان دەکەم، قەلەندەر ئاغا بۆنیاندەکەم». قەلەندەر بەدەنگێکی شپرزەوە گوتی «دڵنیابووم لێرەدا دەتدۆزمەوە... دڵنیابووم دەتەوێت بۆنی مردووەکان بکەیت. سەوسەن خان وەختێکی زۆر خراپت هەڵبژاردوە، هەموو شار بە دوای تۆدا دەگەڕێت... ئاه خوایە، بەڵام سەوسەن خان... سەوسەن خان هەست بەچی دەکەیت؟». سەوسەن خۆی ڕاستکردەوە و بە هێمنی گوتی «بەهیچ قەلەندەر ئاغا... هیچ. هەستم بە هیچ نەکرد، بۆنیان وەک بۆنی خەڵکی ئەم شارە وایە، وەک بۆنی من و تۆ وایە». قەلەندەر بێئەوەی بزانێت بۆ ئەو پرسیارەی کردوە، گوتی «بەڵام سەوسەن خان دەستتم بدەرێ، دەستتم بدەرێ، بیناکە لە هەموو لایەکەوە سووتاوە، تێدەگەیت مەترسی ئەوەی هەیە بڕوخێت... بەڕاستی بڕوخێت، باش نییە لێرەدا بمێنیتەوە». سەوسەن دەستی خۆی دایە دەست قەلەندەر

ئامــوون و گووتـــی «مــن هەمــوو شــتێکم بینــی، قەلەنــدەر ئاغــا هەمــوو شتێکم بینـی». قەلەنـدەر بەسەرسـامییەوە گووتـی «خانـم چیـت بینـی؟». سەوسـەن بـە هێمنـی بەرزبـووەوە و بێئـەوەی وەڵامیبداتـەوە، دەسـتی گـرت بەچاوییـەوە تـا تیشـکی لایتەکـە کوێـری نـەکات و گووتـی «قەلەنـدەر ئاغـا درەنگـە... وانییـە، زۆر درەنگـە، ئێسـتا گوڵدانچـی مـەراق دەخـوات، لـە مـن زیاتـر کەسـی نییـە، دەڵێـم بابڕۆینـەوە بـۆ ماڵـێ». قەلەنـدەر گووتـی « گوڵدانچـی لـە ئێـوارەوە بەدواتـا دەگەڕێـت... لـە ئێـوارەوە مـاڵ بـە مـاڵ بەدواتـا دەگەڕێـت». ئامـوون دەسـتی گـرت و بەرزیکـردەوە، هەسـتیکرد سەوسـەن گوڵدانچـی بۆنـی مردووەکانـی لێدێـت، سەوسـەنیش تەماشـایەکی سێبەرە گەورەکـەی قەلەنـدەری کـرد و هەسـتیکرد ئەویـش بۆنـی مردووەکانی لێدێت.

٣٢

کەس فریا نەکەوت سەرزەنشتی سەوسەن بکات، ئەو شەوە بە نەخۆشی گەڕایەوە ماڵێ، کە گوڵدانچی و پرۆشە بینیان بە جۆرێک بێهێز و کەم تین بوو، وایان هەستکرد ئاگای لە خۆی نییە و گوێی لە هیچ تێبینی و ئامۆژگارییەکیش نابێت. تا کەوتنی خۆر چەند جارێک لەسەر یەک ڕشایەوە، تایەکی بەهێز دایگرت و عارەقی دەردەدا، لە بێهۆشی نزیک دەبووەوە و دەگەڕایەوە، لەرزێکی توند دەیگرت و بەدوایدا خاوەبووەوە. ئەو دۆخە ماوەیەکی زۆر درێژی خایەند، چەند مانگێکی دووردرێژ، لەو چەند مانگەدا هەندێ جار ناچاربوون بەشێوەی دەستکرد خواردنی لە ڕێگای دەمارەوە بدەنێ. دیارە لەو ماوەیەدا بۆ ماوەی کورت ئارامی تێدەگەڕا، بەڵام هەموو هێوربوونەوەیەک داکەوتنێکی کتوپڕ و توندی بەدوادا دەهات. ناچار بۆ ئەوەی لە دونیای گەورەی خۆی دانەبڕێت، قەرەوێڵە و جێگای خەوەکەیان بۆ بردە قاتی سەرەوە بۆ ناو کتێبخانەکە. ماوەی نەخۆشییەکەی سەوسەن سەردەمی گۆڕانکاری سیاسی گەورەبوون، لە دوای هاتنەدەرەوەی لەو سەردابە تاریکەی پڕبوو لە مەیتەکانی ڕاپەڕین، ئارەزووییەکی نەمابوو وەک جاران گوێ لە هەواڵەکان بگرێت. فیکرەت گوڵدانچی نەخۆشی کچەکەی وەک جۆرە مانگرتنێک دژ بە دونیا وەرگرت، بۆنی ژیان، بۆنی جەنگ، بۆنی مردن، پێکڕا ئارەزوویەکی ئەوتۆیان تیادروست نەکرد لەسەر ناسینی دونیای

ڕاستەقینە بەردەوام بێت. لەو دەمەدا تاکە دڵنیایی و نەوازشی ئەو ڕۆژانێک بوو کە ئاریان جەودەت بۆیەی پەیدادەکرد و دەهات لەسەر دیوارەکانی کتێبخانەکە وێنەی نوێ و گەورەی بۆ نیگاردەکرد، ئەو لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی دادەنیشت و ئاریان بە هێمنی نیگاری دەکێشا، ئەوەی بە بێدەنگی سەیری جوڵە و فڵچەدانان و ڕەنگگرتنەوەکانی ئاریانی دەکرد، ئارامییەکی دەرونی قووڵی پێدەبەخشی. لەنێوان ئەو و ئاریاندا بێدەنگییەکی گەورە بەرقەرار بوو، ئەو هێدی هێدی وەک نیگارکێش وازی لەکردنەوەی پێشانگا و دروستکردنی تابلۆی دیکە دەهێنا بۆ ئەوەی تەواو خۆی بۆ ئەم نیگارانە تەرخانبکات. سەوسەن تاکە بینەری ڕاستەقینەی ئەوبوو، بەڵام هەستیدەکرد لە هەر بینەرێکی دیکەی جیهان قووڵتر و وردتر دەچێتە ناو تابلۆکانەوە، پتر لە ناویاندا وندەبێت، زیاتر دەتوانێت بەناویاندا بڕوات، زیاتر لەزەتیان لێدەبینێت... زۆر کەم قسەیان لەگەڵ یەکدا دەگۆڕییەوە، هەندێ جار بە هێمنی چایەکیان پێکەوە دەخواردەوە، هەندێ جاریش لەسەر ڕەنگ و پلەی تۆنەکان قسەیان دەکرد، گەر سەوسەن زۆر ئارەزووی هەبایە و کراوەبایە، کەمێک لەسەر ژیانی شار و هەندێک کتێب و نەخۆشییەکەی خۆشی قسەیاندەکرد.

بەهار و هاوینی ساڵی ١٩٩١ گرنگترین سەردەمی ژیانی ئێمەبوون، لەوسەردەمەدا گۆڕانکاری گەورە ڕوویاندا، لە کۆتایی هاوینی ئەو ساڵەدا هێزەکانی سەدام حوسەین دوای چەند شەڕێکی گەورەی سەر جادە و کۆڵان، بۆ هەتاهەتایە شارەکەمانیان بەجێهێشت و سەردەمێکی تر لە مێژووی ئێمەدا دەستی پێکرد، حیزبە کوردییەکان کە تائەوکات چەکیان بەدەستەوە بوو، لە چیاکان دابەزین و ئەو حوکمڕانییەیان دامەزراند کە ئەمڕۆ بەرقەرارە. ئەوە گەورەترین سەرکەوتنێک بوو کورد لەدوای ڕوخانی ئیمارەتی بابانەوە بەدەستی بهێنێت. ئەو کات کە دوو حیزبە گەورەکەی وڵات یەکێتی نیشتیمانی و پارتی دیموکرات دابەزینە ناو

شارەکانەوە وەک چەژنێکی گەورە وەهابوو، بەڵام خودی دوو حیزبەکە بە مێژوویەکی تاریک و پڕ ناکۆکییەوە هاتنە ناو ژیانمانەوە، لە سەردەمی جیادا لەسەر دابەشکردنی ناوچەکانی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی خاڵە سنوورییەکان و خۆسەپاندن و ڕابەرایەتیکردن زۆریان لە یەکدی کوشتبوو، بەڵام کە هاتنەخوارێ و بوون بە دەسەڵاتی مەدەنی پەیمانی ئەوەیاندا شتەکان بە ئاشتی و بێکوشتار چارەدەکەن. ئامووننییەکان لە بنەڕەتدا پارتی بوون، بەجۆرێکی بەربڵاو لە شۆڕشی ئەیلولدا بەشداربوون، بۆیە لەگەڵ دابەزینی پارتییەکاندا، سەی کەرەمی ئاموونی و لە تەکیشیدا هەموو پیاوانی دیکەی سەر بە عەشرەت بێدوودڵی ڕاستەوڕاست چوونە ناو حیزبەوە، قەلەندەر ئاموون وەک جەنگاوەرێکی کۆن و بەناوبانگ پتر لەوانی دی پێشوازی لێکرا و لەلایەن ئەندامە باڵاکانی حیزبەوە بۆ خوانی تایبەت داوەتکرا. بەوەدا لەو چەند ساڵەدا پارتییەکان پێگەیان لە شاری ئێمەدا زۆر لاوازبووبوو، پەیوەندیکردنی ئامووننییەکان بەوانەوە هێز و تینێکی گەورەی پێبەخشین. دیارە ناوبانگی ئامووننییەکان وەک عەشرەتێک کە لە دە ساڵی ڕابوردوودا لە دەوڵەتەوە زۆر نزیکبوون، بە گرنگ وەرنەگیرا، گرنگ ئەوە بوو ئامووننییەکان هێزێکن دەتوانن شکۆی دێرینی حیزب لێرەدا زیندووبکەنەوە.

تێکەڵبوونی ئامووننییەکان بە هێزەکانی پارتی دیموکرات، زۆر شتی لە چیرۆکەکەی ئێمە گۆڕی. ئەو ڕۆژەی کە هەواڵ بڵاوبووەوە کە ئامووننییەکان چوونەتەوە ناو حیزب، هەموو دڵنیابووین کە بەشێکی ئەو بڕیارە پەیوەندی بە شەڕی ئامووننییەکانەوە لەسەر سەوسەن فیکرەت هەیە، دەشمانزانی ئەو بڕیارەیان کاریگەری گەورە لەسەر هەموو ئەوانی دی جێدەهێڵێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەنگوڕ تا کۆتایی هاوین بڕیاری نەدا بچێتە ناو هیچ هێزێکی سیاسییەوە، بەردەوام بیریدەکردەوە و بەردەوامیش ڕاکانی خۆی دەگۆڕی، بەڵام لە کۆتایی هاویندا ئیدی تەواو

دڵنیابوو کە ناتوانێت وەک تاکە مەخلوقێکی بێ حیزب لە شارەکەدا بژی، خەڵکی شارەکە پێکڕا تووشی ئەو دەردەبووبوون کە یان دەبێت ببنە ئەندامی حیزبێک یاخود هەواداری حیزبێک، بەوەدا هەوادارەکان هەمیشە لە ئەندامەکان سەرسەختتر و کەللە بەجۆشترن، دۆخی شار تا دەهات خراپتر و خراپتر دەبوو. لە پاییزی ئەو ساڵەدا تاک و تەرا خەڵکانێکی بێلایەن مابوونەوە. فیکرەت گوڵدانچی یەکێک بوو لەو تاک و تەرایە. فیکرەت ڕۆژێکیان لەگەرمەی ئەو پەتای حیزبچێتییەدا لەسەر چا خواردنەوە و لە هەیوانی گەورەی ماڵەکەدا بە دکتۆر ڕەفعەتی زاوای گووت «ترسناکترین بەڵایەک ڕووبکاتە شارێک ئەوەیە خەڵکی بێلایەنی تێدا نەمێنێت، چونکە سیاسەتی ڕاستەقینە هەمیشە بێلایەنەکان دەیکەن». ئەوکات دکتۆر ڕەفعەت بێئەوەی پێشتر کەس هەست و نەستی ناسیونالیستی بەجۆشی لێدیبێت، بێ هیچ هۆیەکی ئاشکرا بۆ ماوەیەکی کورت بوو بە ئەندامی حیزبێکی بچوک کە دروشمی یەکگرتنەوەی هەموو کوردستانی هەڵگرتبوو. لە کۆتایی هاویندا مەنگوڕ دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، بڕیاریدا بچێتە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانییەوە. هۆی هەڵبژاردنی بۆ یەکێتی نیشتیمانی هەر ئەوە نەبوو کە دژایەتی ئامووزنییەکان لە سەنگەرێکی بەرامبەرەوە بکات، بەڵکو ئەوەبوو زۆربەی کوڕانی دەوروبەری بە ئاشکرا و نهێنی چووبوونە ناو یەکێتییەوە. ئێوارەیەکیان قەپۆز جوقڵی پێیگووت «مەنگوڕ بیر لە چی دەکەیتەوە، بچیتە هەر حیزبێکی دیکەوە دەبیت بە دوژمنی ئێمە، خۆت دەزانی دڵسۆزی بۆ حیزب لەسەروو هەموو وەفا و دڵسۆزییەکەوەیە». ئەو ڕستەیەی قەپۆز جوقڵی مەنگوڕی هەژاند. دڵنیابوو ئێستا وەفا و لایەنگری ئەو کوڕانە بۆ حیزبە نەوەک بۆ ئەو، وەک ئەوەی بەدوای جێگایەکی وندا بگەڕێت، وەک بیەوێت دەست بەو شتانەوە بگرێت کە ژیان خەریکە لەدەستی دەفڕێنێت، بڕیاریدا بچێتە حیزبەوە. قەپۆز جوقڵی ئامۆژگاریکرد «مەنگوڕ تۆ پیربوویت، حیزب

گەنجینەیەکی گەورەیە، بەڵام کەم کەم خۆی دەردەخات، تا زیاتر تیا قووڵ بیتەوە زێڕی زۆرتری تێدایە، تاکە جێگایەک لەم وڵاتەدا ئینسان بتوانێت ئاڵتونی لێدەربهێنێت ناو حیزبە... لەبەرئەوە دوودڵ مەبە».

لەو ماوەیەدا هەموو دەمانزانی کە مەنگوڕ لە ڕێگای دۆستە قاچاغچییە ئێرانییەکانییەوە، خەریکی ساغکردنەوەی کەلوپەلە تاڵانکراوەکانی دوای ڕاپەڕینە، بەڵام هێزی گەورەی مەنگوڕ لەوەدابوو کە خۆی ڕاستەوخۆ لە وێنەکەدا دەرنەدەکەوت، کەس لە کاتی ئەوجۆرە کارانەدا نەیبینی بوو، کەسیش نەیدەزانی ئەو پارە زۆرەی مەنگوڕ لەو چەند ساڵەدا پەیدایکردوە لە کوێیە و بۆ کوێ دەچێت.

ڕۆژێک لە ناکاو هەموو مەنگوڕمان بینی وەک یەکێتییەکی سەرسەخت قسەیدەکرد، چیتر ئەو دوودڵی و بێدەنگییەی نەمابوو کە جاران هەیبوو، لە زمان و قسەکانیدا گاڵتەکردن و لاقرتییەکی شاردراوە دەرهەق بە هەموو حیزبەکانی دیکە و سیاسییەکانی دیکە هەست پێدەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سنوورێک هەبوو مەنگوڕ نەیدەبەزاند، بەڵکو بە ئاشکرا دەیگووت «لە سیاسەتدا مرۆڤ دەبێت بزانێت قوونی خۆی لە کوێدایە».

ڕووداوەکان دواتر زۆر بە نارێکی ڕۆیشتن، مەنگوڕ لە حیزبدا گەلێک خێرا چووە پێشێ، کوڕەکانی دەوروبەری زۆربەیان بوونە چەکدار و هێزی پاراستنی ئەو، ئیدی ڕۆژگارێک هاتە پێشێ مەنگوڕ چیتر نەدەهات بۆ چایخانەی پەپولەی ئازاد، بەڵکو زیاتر لە بنکەو بارەگاکانی حیزبدا دەردەکەوت و دەبینرا، وای لێهات ئێمە زۆر کەم دەمانبینی، شەوانێکیش گەر بهاتبایە بۆ ئوتێلەکەی باوەجان، وەها خەڵکی تفەنگ لە شان گەمارۆیان دەدا، ئاسان گوێمان لە قسەکانی نەدەبوو، بەڵام هەموو دەمانزانی کە خۆی هیچ کات لە چەقۆیەک زیاتر هیچی دیکەی پێ نییە... هیچ کات.

لە کۆتایی هاوینیشدا هێدی هێدی سەوسەن بەرەو باشبوون ڕۆیشت، لە

ئەیلولی هەمان ساڵدا بۆ یەکەمجار لەسەر شەقامەکان لەگەڵ دەستەیەک لە کچانی گوڵدانچییدا بینیمانەوە، وەک هەمیشە لاوازییەکەی سیحراوی و ڕەنگی نەخۆشی لە سیمایدا دڵڕفێن بوو. لەو وەرزەدا بۆ یەکەمجار لە هەندێک کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبیدا ئامادەبوو، وەک هەمیشە بێدەنگ و بەویقار لە جێگایەکدا تا کۆتایی دادەنیشت و دواتر بە بێدەنگی هەڵدەستا و دەڕۆیشت، دەیزانی لە هەموو لایەکەوە سەیردەکرێت، دەیزانی هەموو چاوەکان لەسەر ئەون، دەیزانی بۆ هەر کوێ بڕوات بەدوایەوەین... دەشیزانی کە تەنهایە، زۆر تەنهایە، وە ناشتوانێت تەنها نەبێت.

هەر لەو وەرزەدا پرۆشە گوڵدانچی کوڕێکی بوو و ناویان نا «موزار»، کوڕێکی شیرین کە تادوا ڕۆژی ژیان دەبێتە هاوڕێیەکی نزیکی سەوسەن.

٣٣

بەعسییەکان هەرگیز ئەو کوشتارەی ناو بنکەی سەرەکی ئاسایشیان لە بیرنەچووەوە، هێندەی هێزەکانی خۆیان کشانەوە گەمارۆیەکی ئابووری گەورەیان خستە سەر ناوچەکانی ئێمە، لە هاوینی ساڵی نەوەدویەکدا دۆخی ئابووری خەڵک زۆر بەرەو خراپی ڕۆیشت، موچەی زۆربەی کارنشینان لە ناکاو بڕا، چیتر دەوڵەت لە بەغداوە پارەی هیچ کەسێکی نەدەدا کە شوێنی ژیانی بکەوتایەتە ناو هەرێمی ئێمەوە. فیکرەت گوڵدانچیش لەو دەمەدا وەک سەدان هەزار خەڵکی پیر و خاوەن خانەوادە بێ هیچ سەرچاوەیەکی ژیان مایەوە و هەژارییەکی گەورە ڕوویکردە ماڵەکەیان. لەو ماوەیەدا فیکرەت جارجار بۆ یەکێک لە ڕێکخراوە بیانییەکان کە کاری گەیاندنی کۆمەک و ئاوەدانییان ئەنجامدەدا، هەندێک بەڵگەنامە و نوسراوی تایبەتی لە ئینگلیزییەوە دەکردە عەرەبی، بەڵام دەستکەوتی لەو ئیشانە شتێک نەبوو هەموو ژیانی دابینبکات. لەبەرئەوە جارێکی تر دەستی بردەوە بۆ فرۆشتنی کتێب لە کتێبخانەکە. گوڵدانچی دەبایە هەمووجارێک گفتوگۆیەکی درێژ لەگەڵ سەوسەندا ئەنجامبدات، دەبایە بە زەحمەت بیخاتە سەر ئەو قەناعەتەی گەر کتێبەکان نەفرۆشن ناتوانن بژین... بۆ ئەوەی دەست لە خەڵک پان نەکەنەوە، فرۆشتنی کتێب و پەیکەر و توحەفیاتەکان تاکە سامان و تەنها دەروازەیان بوو. گوڵدانچی لەو پیاوانە نەبوو یارمەتی خۆڕایی لە کەس وەربگرێت. بەڵام جگە لە

هـەژاری، هۆیەکـی گـەورەی تـر پێشـنیارە بەردەوامەکانـی دکتـۆر رەفعـەت بـوو کـە پێیوابـوو تـا ئـەو کتێبخانەیـە بمێنێت، سەوسـەن جێگایەکـی ئەمینی هەیـە، جێگایـەک وای لێدەکات پێویستی بـە دونیـا نەبێت و لـە ماڵـدا دیـل بێـت و تـا کۆتایـیَ بـە خەڵکـی ئـەم شـارە نامۆبێـت. هەتـا جارێکیـان دکتـۆر رەفعـەت کـە دەنگێکـی گـڕ و سـەرێکی چکۆلانـە و قژێکـی زەردی زۆر تەنکی هەبـوو، دوای قرغەیـەک بـە گوڵدانچی گـووت «کاک فیکـرەت... لـە ڕوانگـەی دەروونییـەوە بڕوانیـت، سەوسـەن کتێبخانەکـە وەک دونیایەکـی سـەربەخۆ سـەیردەکات، وەک شـوێنێکی تایبەتـی کـە هێـزی ئـەوەی دەداتـێ سـەنگەر لـە ئێمـە وەربگرێـت. گـەر لـە مـن دەپرسـیت، وادەبینـم بەشداری سەوسـەن لـە ڕاپەڕینـدا، لـە ڕووی دەروونییـەوە، دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کیژەکـە جـار دوای جـار دەیەوێـت ئـەو وێنـە ناشـیرینەی ئـەم شـارە و ئـەم دەوروبـەرەی ئێمـە تێیـدا دەژیـن لای خـۆی تۆخبکاتـەوە... بەرلـەوەی ڕاستەوخۆ خانمـی کچتـان بناسـم، کـە چیرۆکەکەیـم بیسـت، بەڵـێ دەمێـک کـە لـە خەسـتەخانەی گشـتی بـووم، حیکایەتەکـەم لـە دەمـی دکتـۆر و سسـتەرەکان بیسـت، لـە دەمـی نەخۆشـەکان، لـە دەمـی فەڕاشـەکان و باجییـەکان و میوانـی نەخۆشـەکان... بەڵـێ جەنابـی گوڵدانچی لـە دەمـی ئەوانـم بیسـت، یەکجـار نـا... بەڵکـو دەجـار... یـان سـەد جـار. ئەوکاتیـش ڕام وابـوو کچەکـە بـەو بڕیـارە سـەیرەی بـۆ یەکێـک دەگەڕێـت لـە تـۆزی ئـەم شـارە و لـە هەراوبەزمـی ئـەم مێـژووە بـەدوور بێـت. بەڵـێ ئاغـام، یەکێـک بەدونیـادا بگەڕێـت و سـەفەر کەسـێکی تـری لێبسـازێنێت... هـا ئەمـە مانـای چـی... گـەورەم مانـای چـی... لـە ڕووی دەروونییـەوە سـەیریبکەیت، ئەمـە مانـای ئـەوەی ئـەم کیـژە ناتوانێـت لـەم شـارەدا بـژی، کەیفـی بـە کەسـمان نایـەت و کەسـمانی خـۆش ناوێـت و شارەکەشـی خـۆش ناوێـت... بـۆ؟ چونکـە کتێبخانەکـەی هەیـە... تـا ئـەو کتێبخانەیـەی هەبێـت، واهەسـتدەکات قەڵایەکـی گـەورەی هەیـە، شـوێنێکی هەیـە لـە شـوێنی کەسـی تـر ناچێـت.

لە ڕووی دەرونییەوە سەیریبکەیت ئەمە نەخۆشییە، بەڵێ نەخۆشییەوە... ئەم کچە بەڵێ، بەڵێ نەخۆشە... بەڵێ قوربان نەخۆشە... هەتا ئەگەر دەزگیرانەکانیشی بگەڕێنەوە ناتوانێت شوویان پێبکات. هەڵبەت مەبەستم شووی ڕاستەقینەیە، مەبەستم ئەوەیە ببێت بە کچێک وەک کچەکانی تری ئەم شارە، وەک پرۆشەخانی خوشکی، وەک ئامۆزا و پورزاکانی. نا باوەڕم پێبکە بەم چەشنە نابێت بە ژنێکی ڕاستەقینە و ساغ، وەک هەموو ژنە ڕاستەقینە و ساغەکانی ئەم شارە، وەک خوشکەکانی من و خوشکەکانی تۆ... تا ئەم کتێبخانەیە بمێنێت، لەگەڵ هەموو تێکچوون و زویربوونێکی بچوکدا ڕادەکاتەوە بۆ پشت کتێبەکان، خۆی لەو دیو دیواری کتێبەکانەوە دەشارێتەوە. هەمیشە گوتوومە کە کتێبی زۆر لە ماڵدا ترسناکە. مرۆڤی نەخۆش دروستدەکات... هەڵبەت من لە ڕووی دەرونییەوە قسەدەکەم. چاکترین شت ئەوەیە ئەو ساتەی شوودەکات نەتوانێت خۆی لە ناو کتێبەکاندا بشارێتەوە، ئەوە باشترین شتە... من دەزانم کە تۆ لەبەر دەستکورتی کتێبەکان دەفرۆشیت، بەڵام باشدەکەیت... باشدەکەیت... دەبێت هیچ ئاسەوارێکی ئەم کتێبخانەیە لەم ماڵەدا نەمێنێت، دەبێت تەفروتونایبکەیت، بەڵکو سەوسەن بتوانێت وەک کەسێکی ئاسایی بژی».

فیکرەت گوڵدانچی کە بە ڕاستی بەرەو پیری دەچوو، زۆر لە ڕابوردووی خۆی لەگەڵ کتێب و زانستدا نائومێدبوو، بۆ بەهانەیەک دەگەڕا تورەیی خۆی بەرامبەر هەموو ئەو ڕابوردووە خاڵیبکاتەوە، بەڵام کتێبخانەکە بەشێکی گرنگی ژیانی سەوسەن بوو، ئەو جێگایە بوو کە تێیدا گەورەبووبوو. فیکرەت گوڵدانچیش دڵنیابوو تا ئەم کتێبخانەیە بمێنێتەوە سەوسەن ناتوانێت لە دونیای ئەم کتێبخانەیەوە بگوازێتەوە بۆ ژیانی ڕاستەقینە. ڕۆژانی ڕاپەڕین و ئەو شەوە تاریکەی لە ناو لاشەکاندا بردیە سەر، نیشانەی ئەوەبوون کە سەوسەن ناتوانێت بەرگەی

دەنگی ڕاستەقینەی ژیان بگرێت، ئەو نەخۆشییە گەورەیەی بەڵگەبوو کە ڕێگرێکی ڕۆحی گەورە لەبەردەم کچەکەدا وەستاوە و ناهێڵێت دونیا قەبوڵبکات. ئەوەی تادێت تەنهاتر دەبێت، ئەوەی لە ناو دونیای وێنە بێدەنگەکاندا نەبێت ناژی، ئەوەی گەیشتۆتە ئەو تەمەنە و هاوڕێیەکی ڕاستەقینەی نییە، فیکرەتیان تووشی غەمێکی قووڵ دەکرد... دەبووایە پێش ئەوەی بمرێت شتێک بکات، توانای ژیان لەم کچەدا گەورەتر بکات... چی دەبێت گەر سبەینێ ئەم بمرێت... چی دەبێت و چۆن دەتوانێت بژی؟.

ڕۆژێک کە «فەیسەڵ نەجیب سەحاف» هات بۆ سەیری کتێبخانەکەی گوڵدانچی زۆر سەرسامبوو، ئەو هەموو ژیانی لە کڕین و فرۆشتنی کتێبخانە شەخسی و تایبەتییەکاندا بردبووە سەر، پیاوێکی باڵابەرزی باریک و ڕەقەڵە بوو، چەناگەیەکی درێژ و دەنگێکی منگن و قەوامێکی ڕێکی هەبوو. لە سەرەتای حەفتاکانەوە ئیشی کڕینی کتێبی کۆن و دەستنوسی کۆن و کتێبخانەی ئەو پیاوانەبوو کە لە ناکاو هەرەسیاندەهێنا و دەبایە دەستبەرداری هەموو ئەو شتانەبن کە لە ژیانیاندا کۆیانکردۆتەوە. فەیسەڵ سەحاف کە کتێبخانە گەورەکەی گوڵدانچی بینی زمانی گیرا و بۆ چەند ساتێک لەسەرسامیدا قسەی بۆ نەدەکرا، هەڵبەت پێشوەخت زۆر ناوبانگی ئەم کتێبخانەیەی بیستبوو، بەڵام کتێبخانەکە لەسەروو هەموو ئەو وەسفانەوە بوو کە بیستبووی، گەنجینەیەکی گەورەی بێوێنە بوو، کە پێشتر خەونی پێوە نەبینی بوو. دەبێت بڵێم فەیسەڵ سەحاف ئیشەکەی خۆی بە ئیشی مردووشۆرەکان و گۆڕهەڵکەنەکان دەشوبهاند، هەمیشە دەیگووت «کڕینەوەی کتێبخانەیەک، وەک دزینی هەموو یادەوەری و یادگاری مرۆڤێک وایە، وەک دزینی گەنجێتی وایە. کە کتێبخانەیەک دەکڕیتەوە، وەک ئەوەیە هەموو ئەو ڕۆژ و ساڵانە بکڕیتەوە

کە مرۆڤێک لە پەروەردەکردنی خۆیدا بردویێتییە سەر، ئەو سەعاتانە بدزیت کە تێیدا لەگەڵ پاڵەوانەکان و جیهانەکان و کێشەکانی دونیادا ژیاوە». لەگەڵ ئەو قسانەشدا فەیسەڵ سەحاف کتێب کڕێکی دڵڕەق بوو، گەرچی دەیزانی برسێتی هۆی سەرەکی ئەو کەسانەیە کە کتێب دەفرۆشن، بەڵام نرخەکانی تا دوا ئاست دادەبەزاند و کتێبەکانی وەها کەم بەها دەنرخاند، مرۆڤ بەزەیی بە زانست و عەقڵ و نوسیندا دەهاتەوە. لە دوای ڕاپەڕینەوە بازاڕی ئەو بەجۆرێکی بێوێنە هاتبووە گەرمی، لەسەرێکەوە سەدان ڕۆشنبیری بێ پول و برسی لە شاردا ڕۆژ دوای ڕۆژ دۆخیان دژوارتر و دژوارتر دەبوو، بەسەرێکی دیش خەڵکانێکی پارەداری نوێ هاتبوونە مەیدان کە دەیانویست ماڵ و نوسینگەکانیان بە کتێبخانەی گەورە و کتێبی ناوازە بڕازێننەوە. لەو سەردەمەدا دەستخستنی کتێبێکی ناوازە لەوانەبوو ژیانی مرۆڤ بگۆڕێت، پەیوەندی تازەی بۆ دروستبکات، بە کەسانێکی خاوەن دەسەڵاتی بناسێنێت کە دەیانویست خۆیان وەک ئەهلی کتێب دەربخەن و وابنوێنن کە پلەی سیاسیان ئاوێنەی خولیایەکی فیکرییە. ئەو ڕۆژە کە فەیسەڵ سەحاف هات بۆ ماڵی گوڵدانچی لە چێوەی جۆرە کارێکی وەهادا بوو، هەندێک لەو پیاوانەی لە شاخ هاتبوونە خوارێ و بەڕاستی دەیانوست ڕوخسارێکی مەدەنی نیشانبدەن و وەک عاشقی کتێب و ڕۆشنبیریی دەربکەون، چاویان خستبووە سەر کتێبخانەکەی گوڵدانچی... ئەو کتێبخانەیەی دەیانزانی یەکێک لە جوانترین و سیحراویترین کچەکانی شار وەک ماسییەکی زێڕ لە حەوزێکی شیندا مەلەی لە ناودا دەکات.

فەیسەڵ پیاوێکی ڕاستگۆ و یەکسەرە و بێپێچ و پەنا بوو، دوای ئەوەی چایەکی لەگەڵ فیکرەت گوڵدانچیدا خواردەوە کە لە ڕاستیدا لە چا زیاتر شتێکی دیکەی نەبوو پێشکەش بە میوانەکانی بکات گوتی «لێتی ناشارمەوە کە کتێبخانەکەی ئێوە، تەنیا کتێبخانەیەکی

ڕاستەقینەیە لە ژیانمدا بینیبێتم، من کتێبخانە گەورەکانی بەغداد و تاران و ئەستەمبوڵم هەموو بینیوە، بەڵێ هەر سێ وڵاتەکە چووم بۆ ئەوەی سەیری کتێبخانەکانیان بکەم، من تەنیا کتێب کڕ نیم، من عاشقی کتێبخانەم. لێتی ناشارمەوە کە من زۆر کەم کتێب دەخوێنمەوە، من عاشقی خوێندنەوە نیم، بەڵکو عاشقی کتێبم، کتێبناسم نەوەک ڕۆشنبیر. ئەوە دوو شتی جیاوازن. نا کاک گوڵدانچی مرۆڤ نابێت ئەوانە تێکەڵبکات. بەڕێز بەڕاستی لە شارە هەرە گەورەکانی خۆرهەڵات و لای خەڵکی هەرە زانا و دانای ئێران و تورکیا کتێبخانەی وەها دەوڵەمەندم نەبینیوە، بەڵێ قوربان هەموو شتێک ئاشکرایە، کتێبەکان بە خۆشەویستییەوە کڕدراون، بەخۆشەویستییەوە خوێنراونەتەوە، بە خۆشەویستییەوە هەڵگیراون... من کتێبەکان بۆ خۆم ناکڕم، گەر بۆ دوکانەکەی خۆم بیانکڕم بەو جۆرە سەر ڕاست نابم و بەو چەشنە ڕاستیت پێناڵێم. پێشتر ناوبانگی ئەم کتێبخانەیەم بیستوە، زۆر ناوبانگیم بیستوە، بەڵام ئەمڕۆ، بۆ شتێکی تر لێرەم، یەکێ لەسەرکردە سیاسییە ڕۆشنبیرەکانمان ڕایسپاردوم کتێبخانەکەی ئێوەی بۆ بکڕم، جەنابیان ئەندامی باڵای حیزبێکی ناسراون، ئەویش عاشقی کتێبخانەیە، بۆئەوەش پارەیەکی زۆر دەدات... پارەیەک چەند ساڵێک خۆت و خانمی کچتان بێکێشە پێیدەژین... بێکێشە». فیکرەت گوڵدانچی گوتی «نا، کاک فەیسەڵ، بە هیچ جۆرێک ناتوانم هەموو کتێبخانەکە بەیەکەوە بفرۆشم، بەڵی من بڕیارمداوە تەواوی کتێبخانەکە، هەتا دوا پەڕەی لە کۆڵ خۆم بکەمەوە، لە ڕاستیدا بڕیارمداوە لە پیریدا لە ماڵێکدا بژیم کتێبی تێدا نەبێت، ئەوە بڕیاری منە، ئاسان نییە مرۆڤ بگاتە بڕیاری لەوجۆرە، مەسەلەکە هەر تەنیا پەیوەندی بە بێسوودی کتێبەوە نییە لەم شارەدا، پەیوەندی بە درۆ و دەلەسەی نوسەران و ڕۆشنبیرانی شارەکەوە نییە کە هیچ نین جگە لە کۆمەڵێک زۆربلێی گەورە، بەڵکو پەیوەندی بەو

هەستەی خۆمەوە هەیە کە کتێبخانە جیاوازییەکی نییە لەگەڵ قەفەزدا، ئا بەڵێ... جیاوازی نییە لەگەڵ قەفەزێکی گەورەدا کە مرۆڤ لە ناویدا دیل بێت... بەڵام خانمی کچمان ناتوانێت بەوجۆرە دەستبەرداری کتێبەکان بێت، ناتوانم لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا هەموو کتێبخانەکەتان بۆ باربکەم، هەر نرخێکی دونیام بدەیتێ ناتوانم کاری وات بۆ بکەم، چونکە کاری وەها لەوانەیە سەوسەنی کچم بکوژێت... من پێشتر لەگەڵ دکتۆری زاواشمدا بیروبۆچوونم گۆڕیوەتەوە، بەڵێ دکتۆر ڕەفعەت ڕەمزی ئەگەر بیناسیت، ئەوە مێردی کچە گەورەکەمە، ئەویش ڕایوایە خۆمان لە کتێبخانەکە ڕزگاربکەین، بەڵام هەڵبەت شتەکان بەوجۆرە نابن... گەر هاوڕێ بەڕێزەکەتان کتێبخانەکەی دەوێت، دەبێت بەش بەش و لە کاتی جیاواز و بە خشتەیەک کە دوو ساڵ زیاتر بخایەنێت کتێبەکان بکڕێت... هەر بەو شێوەیەش بەش بەش ئەو پارەیەمان بداتێ کە بەڕێزتان باسیدەکەن... هەر بەوشێوەیە».

فەیسەل هەناسەیەکی هەڵکێشا و لەبەر باخەڵی سەعاتێکی دەستی دەرهێنا و تەماشایەکیکرد و گووتی «گەر لەسەر ئەو بڕوایەبن کتێبخانەکە بفرۆشن، شتەکانی دیکە گرنگ نیین... وادەزانم هاوڕێکەم، گەر تەواوی چیرۆکەکە ببیستێت لە دۆخی ئێوەش تێدەگات، ئەمە جگە لەوەی لەو باوەڕەدام خۆشی خۆشحاڵ دەبێت، خۆشی دەتوانێت هەرجارە و بە جۆرە کتێبێک میوانەکانی سەرسامبکات، کتێبخانەکەی تۆ شتگەلێکی زۆری تێدایە کە مرۆڤ سەرسامدەکات، ئێستا گەر ئێوە ڕێگام بدەن چەند وێنەیەکی کتێبخانەکە دەگرم، وێنەی بەرگی چەند کتێبێک دەگرم، دەتوانم دواتر هەندێک لە وێنەکان بۆ خۆشتان بشۆمەوە... بۆ یادگار، وەک شاهید لەسەر ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان کتێبخانەیەک لە ماڵەکەتاندا هەبووە».

گوڵدانچی جارێکی دی سەری لەقاند و سەرلەنوێ فەرمووی لە

میوانەکە کردەوە، لەوێدا کابرا بە هێمنی کامێرایەکی دەرهێنا و کەوتە گرتنی وێنە.

فەیسەڵ کامێرایەکی زیناتی روسی گەورەی پێبوو، سەرەتا وێنەی هەموو پەیکەر و دەمامک و سندوقە نەخشدارە بچوکەکانی گرت کە هەندێکیان دەستکردی هونەرمەندە بودییەکان و هەندێکیشیان کاری دەستە و پەنجەی پەیکەرتاشە ئەفریقییەکان بوون. دواتر کەوتە ڕەسمگرتنی تاقی کتێبەکان لە کتێبە مێژووییە دێرینەکانەوە دەستی پێکرد و لە ڕەفی تایبەت بە هەژدە بەرگە گەورەکەی کتێبی «شیفا بە گوڵ» کۆتایی بەوێنەگرتن هێنا. تاک تاکیش هەندێک کتێبی وەک نمونە جیادەکردەوە و وێنەی دەگرتن، لەسەرەتاوە کتێبی «ڕۆڵی شەیتان لەسەرهەڵدانی بورکاندا» و دواجاریش بە وێنەگرتنی دەستنوسی «توانای مێخەک لەسەر زیندووکردنەوەی مردوان» کۆتایی بە هەمووشتێک هێنا.

سەوسەن لە جێگاکەی خۆیەوە بەساردی سەیریدەکرد، بەڵام دڵنیابوو ناتوانێت هیچ بکات. دەیزانی ماڵەکە خۆراکی تێدا نییە، دەرمانەکانی ئەو لە بازاڕی ڕەشدا بە پارەی گران نەبێت دەست ناکەون، حەبەکانی باوکی کە دەمێ ساڵە بۆ ڕاگرتنی فشاری خوێن دەیخوات پارەی زۆریان دەوێت. بۆ ئەوەی ئازارەکانی باوکیشی زۆرتر نەکات، هیچی نەگووت. لە مێژبوو دەیزانی باوکی بە پێچەوانەی جارانەوە ڕقی لەم کتێبخانەیە.

٣٤

لەدوای ڕاپەڕینەوە مەسەلەی گەیشتنی وێنە و نامەی سێ ڕێبوارەکە ئاسانتر و خێراتربوو، لەودەمەدا ژمارەی ئەو کوردانەی لە خۆرئاواوە دەگەڕانەوە تا دەهات لە گەورەبووندا بوو، ئەوان پردێکی خێرای پەیوەندیان لە نێوان سێ پیاوە ئاوارەکە و ئێمەدا دروستکرد، بە جۆرێک بەردەوام دەمانزانی عاشقە غەریبەکانمان ئێستا لە کوێی جیهاندان. لە سەرەتای ساڵی نەوەدودوودا لە ناکاو خولیا و ئارەزوویەکی کۆیی لە شاردا سەریهەڵداو هەموو دەمانویست هەفتە دوای هەفتە هەواڵی سێ ڕاوکەرەکە بزانین. هەندێک کەس نەخشەی تایبەتیان کڕی و لەسەر ئەو نەخشەیە هێڵی سەفەری ڕێبوارەکانیان دروستدەکرد، بەڵام زۆربەی ئەو هێڵانە هێڵی خەیاڵیبوون کە پەیوەندییەکیان بە ڕاستییەوە نەبوو، هەندێ جار دەمانبینی کەسانێک لە چایخانەکاندا لەدەوری نەخشەیەک کۆبوونەتەوە و لەسەر چارەنوس و ئاڕاستە و ئەگەرەکانی پێشدەم سێ عاشقەکە قسەدەکەن، بەڵام زۆربەی قسەکان ڕاوبۆچوونی بێمانا و بێسەروبەرە بوون. لە شوباتی نەوەدودوودا دوو وێنە لە بازاڕدا دەرکەوتن یەکێکیان وێنەی کامەران سەلما بوو، لە گوندێکی ناو چیا بەرزەکانی سنووری پیرۆ و ئەکوادۆر، ئەوی دیشیان وێنەیەکی مەنسور ئەسرین بوو لەگەڵ تووتییەکی گەورە... ئێجگار گەورەدا، لە شوێنێکی نادیاردا. ئێستا ئەلبومی وێنەکانی سەوسەن تادەهات گەورەتر و گەورەتر دەبوو،

شـەوان دەسـتی دەخسـتە سـەر وێنـەکان و چـاوی لێکدەنـا و خـۆی لـە جیهانێکـی دیکـەدا دەبینییـەوە، لـەدوای شـەوی نـاو لاشـەکان و نەخۆشـییە سـەختەکەی خۆیـەوە ئارەزوویەکـی نەمابـوو بـۆن و دەنگـی دەرەوە زۆر بچـن بەسـەریدا، ئێسـتا ئاسـانتر دەچـووە نـاو وێنـەکان و ڕوونتـر دەیتوانـی ببینێت عاشـقەکانی لـە کوێـن و بەکویـادا دەڕۆن، بـەردەوام ئەتڵەسـێکی گـەورە بـە کراوەیـی لەسـەر مێزەکـەی دانرابـوو. ئـەوکات نـە پرۆشـەی خوشـکی، نـە فیکرەتـی باوکـی و نـە هیـچ کەسـێکی تـر لـە بنەماڵـەی گوڵدانچـی ڕاسـتەوخۆ دەربـارەی ڕێبـوارەکان قسـەیان لەگەڵـدا نەدەکـرد، بـەڵام بـەو ئەتڵەسـە گەورەیـەدا هەمـوو دەیانزانـی کـە بـەردەوام خەیاڵـی لای ئـەو سێ ڕێبوارەیـە. هەنـدێ جـار لـە بۆنـە و کۆبوونـەوە گەورەکانـدا، کاتێـک هەمـوو ژنـان و بـوکان و کچانـی گوڵدانچـی کۆدەبوونـەوە، دەیبیسـت یەکێـک لـە ژێـر لێویـەوە پێیدەڵێـت «بەملـی شـکاویان، ئینشـەڵا قـەت ناگەڕێنـەوە... توخودا ئـەوە زەوقـە بەوانـەوە، سـەیریکە خـۆی دەڵێیـت مریشـکی نەخۆشـە، توخـودا حەزیـان لـە چـی کـردوە»، دەیبیسـت یەکێکـی دی دەڵێـت «چـۆن وادەڵێیت، سەوسـەن زۆر زۆر جوانـە... زۆر زۆر»، دەیبیسـت یەکێکـی دی دەڵێـت «جوانـە... بـەوە دەڵێیـت جـوان... سـەیریکە دەڵێیـت کرمـە و کراسـی لەبەر کـردوە». بـەڵام سەوسـەن هەرگیـز دەسـتی لـە ویقـاری خـۆی بەرنـەدەدا، ویقـاری ئەمیرەیەکـی ڕەنـگ پەڕیـو و بیمـار، کـە هەمیشـە کـەم قسـەدەکات، کـە قسەشـدەکات شـتێک دەڵێـت جیـاواز لەوانـی دی.

هـەر لـەو دەمـەدا بـوو سـاقی مەحمود دوای کۆمەڵێک پشـکنینی پزیشـکی دڵنیابـوو کـە چیتـر تامـردن ناتوانێـت گۆرانـی بڵێـت، لـە ڕاسـتیدا هیـچ هۆیەکـی فیزیکـی بـۆ ئـەو دەردە لەبەردەسـتدا نەبـوو، بـەڵام پشـکنینەکان دەریانخسـت سـاقی لـە ڕووی دەروونییـەوە ئێجـگار بیمـارە و هـەر زۆر لـە خۆکردنێکـی دەسـتکرد بـۆ تێپەڕاندنـی ئـەو دۆخـە دەشـێت دەرەنجامـی خراپـی هەبێـت. یەکێـک لـە دکتـۆرەکان پێیگـووت گـرێ دەروونییـەکان بـە

کەللە ڕەقی چارەسەر ناکرێن، مرۆڤ دەبێت لێگەڕێت زەمان و گۆڕانی هەلومەرجەکان ئەو کارە لە ئەستۆبگرن. ساقی دەنگی خۆی وەک شەهیدی دیکتاتۆرییەت و خۆشی وەک یەکێک لە قوربانییەکانی بەعس تەماشادەکرد. لەدوای ڕاپەڕینەوە ساقی وەک نوێنەری مەنسور ئەسرین ڕۆڵێکی گەورەی لە ناو هونەرمەند و شاعیرەکانی شارە بچکۆلەکەماندا بینی تا یادەوەری مەنسور هەر زیندوو و بەرز ڕابگرن، لەو دەمەدا جارێکی تر لە هەندێک گۆڤاری ئەدەبیدا هەندێک قەسیدە و شیعری بچوک دەرکەوتنەوە کە پێشکەش بە «ڕێبوارەکەی ڕێگای عەشق، مەنسور ئەسرین» کرابوون. هەتا لە یەکێک لە گۆڤارە ئەدەبییەکاندا شیعرێکی درێژمان بە ناونیشانی «یاداشتی سەفەرە ئەفسوناوییەکەی مەنسور» خوێندەوە، کە شاعیرێکی ناسراو و ناوداری ئەو سەردەمە نوسیبووی، جگە لەوە تابلۆیەکی سەرنجڕاکێش و بێناونیشانیش دەرکەوت کە ئەودەم ڕەواجێکی زۆری پەیداکرد، تابلۆکە گەڕیدەیەکی گەنجی کوردپۆش نیشاندەدات بە خۆی و گۆچان و تورەکەیەکەوە بە ڕێگایەکی درێژدا دەڕوات و لەبەردەمیدا دیمەنی ئەفسوناوی کۆمەڵێک جەنگەڵ و شاری دوور کراوەتەوە، تابلۆکە ناوی «گەشتەکەی مەنسور»ی لێنرابوو، تابلۆکە بەشێوازی شێوەکارانی شەست و حەفتای کورد ڕەسمکرابوو، ڕیالیست بەڵام جەنجاڵ بە سێ ڕەنگە سەرەکییەکەی ئێمە، ڕەنگە نەتەوایەتییەکانمان سەوز و سوور و ڕەش، سەوز وەک سەمبولی هەستانەوەی ئەبەدی و نەمریمان، سوور ڕەنگی خوێنی شەهیدانمان، ڕەش ڕەنگی ئازاری هەمیشەیی و پرسەی ناکۆتامان. تابلۆکە هەر زوو بەشێوەی کارتی بچوک چاپکرا و لە هەندێ جێگادا بۆ فرۆشتن خرایە پێشی جامخانەکانەوە. لە یەکێک لە ئێوارە کۆڕەکاندا کە سەوسەن فیکرەت خۆشی لەوێ بوو، شاعیرێکی لاو شیعرێکی لەسەر «باڵندە موبارەکەکان» خوێندەوە و ڕاشکاوانە مەنسوری وەک «ڕاوکەرێکی موقەدەس» وێناکرد... شاعیرە

شەوان دەستی دەخستە سەر وێنەکان و چاوی لێکدەنا و خۆی لە جیهانێکی دیکەدا دەبینییەوە، لەدوای شەوی ناو لاشەکان و نەخۆشییە سەختەکەی خۆیەوە ئارەزوویەکی نەمابوو بۆن و دەنگی دەرەوە زۆر بچن بەسەریدا، ئێستا ئاسانتر دەچووە ناو وێنەکان و ڕوونتر دەیتوانی ببینێت عاشقەکانی لە کوێن و بەکویادا دەڕۆن، بەردەوام ئەتڵەسێکی گەورە بە کراوەیی لەسەر مێزەکەی دانرابوو. ئەوکات نە پرۆشەی خوشکی، نە فیکرەتی باوکی و نە هیچ کەسێکی تر لە بنەماڵەی گوڵدانچی ڕاستەوخۆ دەربارەی ڕێبوارەکان قسەیان لەگەڵدا نەدەکرد، بەڵام بەو ئەتڵەسە گەورەیەدا هەموو دەیانزانی کە بەردەوام خەیاڵی لای ئەو سێ ڕێبوارەیە. هەندێ جار لە بۆنە و کۆبوونەوە گەورەکاندا، کاتێک هەموو ژنان و بوکان و کچانی گوڵدانچی کۆدەبوونەوە، دەیبیست یەکێک لە ژێر لێویەوە پێیدەڵێت «بەملی شکاویان، ئینشەڵا قەت ناگەڕێنەوە... توخودا ئەوە زەوقە بەوانەوە، سەیریکە خۆی دەڵێیت مریشکی نەخۆشە، توخودا حەزیان لە چی کردوە»، دەیبیست یەکێکی دی دەڵێت «چۆن وادەڵێیت، سەوسەن زۆر زۆر جوانە... زۆر زۆر»، دەیبیست یەکێکی دی دەڵێت «جوانە... بەوە دەڵێیت جوان... سەیریکە دەڵێیت کرمە و کراسی لەبەر کردوە». بەڵام سەوسەن هەرگیز دەستی لە ویقاری خۆی بەرنەدەدا، ویقاری ئەمیرەیەکی ڕەنگ پەڕیو و بیمار، کە هەمیشە کەم قسەدەکات، کە قسەشدەکات شتێک دەڵێت جیاواز لەوانی دی.

هەر لەو دەمەدا بوو ساقی مەحمود دوای کۆمەڵێک پشکنینی پزیشکی دڵنیابوو کە چیتر تامردن ناتوانێت گۆرانی بڵێت، لە ڕاستیدا هیچ هۆیەکی فیزیکی بۆ ئەو دەردە لەبەردەستدا نەبوو، بەڵام پشکنینەکان دەریانخست ساقی لە ڕووی دەروونییەوە ئێجگار بیمارە و هەر زۆر لە خۆکردنێکی دەستکرد بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە دەشێت دەرەنجامی خراپی هەبێت. یەکێک لە دکتۆرەکان پێیگووت گرێ دەروونییەکان بە

کەللە ڕەقی چارەسەر ناکرێن، مرۆڤ دەبێت لێگەڕێت زەمان و گۆڕانی هەلومەرجەکان ئەو کارە لە ئەستۆبگرن. ساقی دەنگی خۆی وەک شەهیدی دیکتاتۆرییەت و خۆشی وەک یەکێک لە قوربانییەکانی بەعس تەماشادەکرد. لەدوای ڕاپەڕینەوە ساقی وەک نوێنەری مەنسور ئەسرین ڕۆڵێکی گەورەی لە ناو هونەرمەند و شاعیرەکانی شارە بچکۆلەکەماندا بینی تا یادەوەری مەنسور هەر زیندوو و بەرز ڕابگرن، لەو دەمەدا جارێکی تر لە هەندێک گۆڤاری ئەدەبیدا هەندێک قەسیدە و شیعری بچوک دەرکەوتنەوە کە پێشکەش بە «ڕێبوارەکەی ڕێگای عەشق، مەنسور ئەسرین» کرابوون. هەتا لە یەکێک لە گۆڤارە ئەدەبییەکاندا شیعرێکی درێژمان بە ناونیشانی «یاداشتی سەفەرە ئەفسووناوییەکەی مەنسور» خوێندەوە، کە شاعیرێکی ناسراو و ناوداری ئەو سەردەمە نوسیبووی، جگە لەوە تابلۆیەکی سەرنجڕاکێش و بێناونیشانیش دەرکەوت کە ئەودەم ڕەواجێکی زۆری پەیداکرد، تابلۆکە گەڕیدەیەکی گەنجی کوردپۆش نیشاندەدات بە خۆی و گۆچان و تورەکەیەکەوە بە ڕێگایەکی درێژدا دەڕوات و لەبەردەمیدا دیمەنی ئەفسوناوی کۆمەڵێک جەنگەڵ و شاری دوور کراوەتەوە، تابلۆکە ناوی «گەشتەکەی مەنسور»ی لێنرابوو، تابلۆکە بەشێوازی شێوەکارانی شەست و حەفتای کورد ڕەسمکرابوو، ڕیالیست بەڵام جەنجاڵ بە سێ ڕەنگە سەرەکییەکەی ئێمە، ڕەنگە نەتەوایەتییەکانمان سەوز و سوور و ڕەش، سەوز وەک سەمبولی هەستانەوەی ئەبەدی و نەمریمان، سوور ڕەنگی خوێنی شەهیدانمان، ڕەش ڕەنگی ئازاری هەمیشەیی و پرسەی ناکۆتامان. تابلۆکە هەر زوو بەشێوەی کارتی بچوک چاپکرا و لە هەندێ جێگادا بۆ فرۆشتن خرایە پێشی جامخانەکانەوە. لە یەکێک لە ئێوارە کۆڕەکاندا کە سەوسەن فیکرەت خۆشی لەوێ بوو، شاعیرێکی لاو شیعرێکی لەسەر «باڵندە موبارەکەکان» خوێندەوە و ڕاشکاوانە مەنسوری وەک «ڕاوکەرێکی موقەدەس» وێناکرد... شاعیرە

لاوەکە کاتێک لە خوێندنەوەی شیعرەکە بووەوە، بێئەوەی شەرمبکات یان بترسێت، دەستنوسی قەسیدەکەی خۆی بە قەدکراوی دایە دەست خانمی سەوسەن گوڵدانچی کە ئەو ڕۆژە بە ڕێکەوت لە ڕیزی پێشەوە دانیشتبوو و گووتی «خانمی بەڕێز فەرموو... ئەم قەسیدەیە لە بنەڕەتدا بۆ ئێوە نوسراوە، موڵکی ئێوەیە، وەک چۆن باڵندە موقەدەسەکانیش هەر موڵکی ئێوەن.. باڵندە غەمگینە موقەدەسەکان». ئەوە یەکەمجار بوو، ناوی «باڵندە غەمگینە موقەدەسەکان» ببیستین، پێشتر کەس ناوێکی لەوجۆرەی لە باڵندەکان نەنابوو. هەموو بینیمان سەوسەن بە هێمنی خەندەیەکی بۆ گەنجەکە گرت و بەدەنگێکی ناسک و نەرم گووتی «سوپاس، زۆر سوپاس» و هیچی دیکەی نەگووت.

لە زستان و بەهاری ساڵی نەوەدودوودا نوێنەرەکان چەندین جار چوون بۆ ماڵی فیکرەت گوڵدانچی و بەستە وێنەی تازەیان بۆ سەوسەن برد، هەندێک لەو وێنانە کەوتنە دەستی ئێمە و هەندێکی دیشیان بۆ سەوسەن فیکرەت گیرابوون و تەنیا ئەو بۆی هەبوو زەرفە تایبەتییەکانیان بکاتەوە. ئەوکات قەلەندەر ئاموون ئازادانە چەکی هەڵدەگرت و هەمیشەش بە هاوڕێتی کۆمەڵێک چەکدار بە ڕێگاوەبوو، بەردەوام وا خۆی بەستبوو وەک ئەوەی بچێت بۆ شەڕێکی قورس. زۆربەی کات لە نێوان بنکەکانی حیزبدا لە هاتوچۆدا بوو، خۆی وەک بەرپرسێکی عەسکەری گەورە نیشاندەدا کە کاروباری زۆر گرنگ و ترسناکی لە ئەستۆیە، بەڵام سەرقاڵییەکانی هەرگیز ئەوەیان لە بیرنەبردەوە لە کاتی پێویستدا سەردانی گوڵدانچییەکان بکات، غەریزەیەکی زیرەکانە پێیگووتبوو کە هەمیشە بەر لەوەی پێبخاتە ماڵی ئەوانەوە، چەکەکەی دانێت و وەک پیاوە سادەکەی جاران خۆی دەربخات، هەتا هەندێ جار ئامۆژگاری چەکدارەکانیشی دەکرد لەبەردەرگای ماڵەکە دووربکەونەوە و خۆیان دەرنەخەن... قەلەندەر لە دڵەوە دڵنیابوو، نە فیکرەت گوڵدانچی و نە

کچەکەی لەو جۆرە کەسانە نین حەزیان لە بینینی پیاوی چەکدار بێت. ئەو هەمیشە بە دەنگی یەکێک کە دەیەوێت شتی گرنگ بە جۆرێکی ئاسایی بگێڕێتەوە، باسی لە شوێنی خالید ئاموون لەسەر نەخشەکان دەکرد، هەرگیز درۆی نەدەکرد، هەرگیز شتێکی زیادی نەدەخستە سەر ئەو چیرۆکانەی دەیانزانێت، بە هێمنی و بەئەندازەی ئەو زانیارییە کەم و وشکانەی لە ناو نامەکانی خالیددا هاتبوون هەموو شتێکی دەگێڕایەوە، بە پێچەوانەی مەنگوڕەوە کە فەنتازیاکانی خۆی دەخستە سەر هەموو چیرۆکێکی بچوک تا سەوسەن زۆرتر و زۆرتر سەرسامبکات. مەنگوڕ دەیگووت کەشتییەکەی کامەران بیست ڕۆژ لە دەریادا ونبووە و دواتر بەکۆمەکی کۆمەڵێک دولفین ڕێگای وشکانیان دۆزیوەتەوە، دەیگووت کامەران لە باشووری ئەفریقا فێری سەمای خێڵەکانی زۆلۆ بووە، لە ئەمریکای باشوور باڵندەیەکی سێ سەری گرتووە کە ئێستا بووە بە یەکێک لە شتە عاجباتییەکانی دونیا، لە جێگایەکی دیش مەیمونێکی بینیوە هەموو ددانەکانی ئاڵتون بوون.

توانای مەنگوڕ لەسەر دروستکردنی چیرۆک دڵی سەوسەنی زۆر خۆشدەکرد... وەک منداڵێک بەقسەکانی پێدەکەنی، فیکرەت لە ژیانیدا کچەکەی بەوجۆرە نەبینی بوو، پێشتر کەس نەیتوانی بوو بەوشێوەیە سەوسەن بخاتە پێکەنین. دیارە سەوسەن دڵنیابوو کە مەنگوڕ درۆدەکات، بەڵام شێوەی دانیشتن و جۆری داڕشتنی بۆ ڕستەکان دڵیان خۆشدەکرد، شتێکیان پێدەبەخشی نە لە ژیان و نە لە کتێبەکاندا نەیبینی بوو... مەنگوڕ هەر جارێک سەرنجی دڵخۆشی و بەختەوەری سەوسەنی بدایە، پتر درۆیدەکرد، تا جارێکیان گوتی کامەرانی سەلما لە ئەفریقا توتییەکی لە دارستانێکدا گرتووە کە هەموو مەم و زینی ئەحمەدی خانی لەبەربووە، سەوسەن بەو درۆیە هێندە پێکەنی خەریک بوو ببورێتەوە...

فیکرەت هەمووجار کیژەکەی ئاگاداردەکردەوە کە توانای مەنگوڕ لەسەر

قسـەی خـۆش و خەیـاڵ بەشـێکە لـە کولتـووری چەقۆکێشـانی شـارەکە، بەشێکە لـە ژیانـی ڕۆژانەیـان، بـەڵام ئەمـە بـە مانـای ئـەوە نییـە کـە خەڵکـی پـاک و بێزیانـن، بەڵکـو لەپـاڵ ئـەو قسەخۆشـی و زمـان شیرینییەشـدا دەتوانـن گەلێـک شـەڕانی بـن... ئـەوەی سەوسـەن بێئەنـدازە بەقسـەکانی مەنگوڕ مەسـت دەبێـت، ئـەوەی ئـەم پیـاوە نیمچـە خوێنـدەوار و بازاڕییـە کـە ناوبانگێکـی خراپـی هەیـە، کیژەکـە بەوجـۆرە دەجوڵێنێـت سەرسامیدەکرد. فیکرەت لـە دڵـەوە خۆشـحاڵ بـوو کـە سەوسـەنی دەبینـی وەهـا پێدەکەنێـت، خۆشـحاڵ بـوو کـە هاتنـی مەنگـوڕ دەیگەشـاندەوە، خۆشـحاڵ بـوو بەئاشـکرا و بێشـەرم پرسـیاری دەربـارەی شـوێن و ئاراسـتەی کامـەران لێدەکات، بـەڵام نەیدەویسـت تێبگەوێـت و نەزانێـت مەنگـوڕ چ جـۆرە ئادەمیزادێکـە... چ توخمێکـی ئاڵـۆز و سـەیری مرۆڤـە کـە سەوسـەن ئاسـان ناتوانێـت تێیبگات. هەمـوو ئـەو حیکایەتانـەی بـۆ سەوسـەن گێڕایـەوە کـە لـە بـازاڕدا لەسـەر مەنگـوڕ لەسـەر زاران بـوون، دزییەکانـی، ڕۆڵـی لـە تاڵانییەکانـی دوای ڕاپەڕینـدا، ئـەو غەریـزە سـەرەتاییەی بـۆ سـووتاندنی شـوێنەکان، پەیوەنـدی بەقاچاغچییـە گەورەکانـەوە، دەسـتی لـە فرۆشـتنی زۆر ئامێـر و کاڵای گرنگـی وڵاتـدا بـە ئێرانییـەکان. سەوسـەن جارێـک بـە باوکـی گـووت «گوڵدانچـی، تـۆ دەزانیـت، مـن ڕۆژێـک بـە مەنگـوڕم گـووت، هـەر هەڵەیـەک یـان هـەر شـتێک بـکات، لای مـن گرنـگ نییـە... گرنـگ ئەوەیـە چیرۆکەکانـی سـەر بـە دنیایەکـی تـرن... هەسـت ناکەیـت، کـە چیرۆکەکانـی سـەر بەدنیایەکـی تـرن... ئـەوەت بـەلاوە گرنـگ نییـە؟». فیکـرەت گوڵدانچـی نیگایەکـی کچەکـەی کـرد و بێئـەوەی بتوانێـت وەڵامیبداتـەوە، پێکەنـی، دڵنیابـوو هـەر شـتێک سـەر بـە دونیایەکـی دی بێـت کیژەکـەی سەرسامدەکات.

لەسـەرەتای سـاڵی نـەوەدودوو دا هەڵمەتـە گەورەکانـی پڕوپاگەنـدە بـۆ یەکـەم هەڵبژاردنـی دیموکراتـی لـە شـارەکەماندا دەسـتی پێکـرد، یەکێتـی نیشـتیمانی و پارتـی دیموکـرات دوو گەورەتریـن هێـزی نـاو ئـەو هەڵبژاردنـە

بوون، ئەو ڕۆژانە هەموو لە جۆش و خرۆشدا دەکولاین، لەو هەڵمەتە گەورانەدا هەمووان وەک منداڵی لاسار و بێمێشکمان لێهاتبوو. قەلەندەر ئاموون لە ڕۆژانی بەر لە هەڵبژاردندا ڕەفتەیەکی زەردی دەکردە ملی و جامانەیەکی سووری دەکردە سەری و پێکڕای کچ و کوڕی خێزانەکەی لە جلی زەرد هەڵدەکێشا و لە پیکابێکی سەر بەتاڵدا دەیگێڕان، لەدوای پیکابەکەی خۆیەوە چەندەها پیکابی تر هەبوون کە ئەوانیش پڕبوون لە کچان و کوڕانی زەردپۆش و هەمووش بەیەک دەنگ هاواریاندەکرد «کاکە... کاکە». هەموو سەرنجماندا کە کەژاوەی ئامونییەکان ئێواران چەند جارێک بە پێشدەم بارەگاکەی مەنگوڕی بابەگەورەدا دەڕوات، کە سەرتاپای دیوار و ستارە و پەنجەرەی بە بۆیەیەکی سەوز ڕەنگکرابوون، هەر کات زنجیرە پیکابەکان دەگەیشتنە ئاستی بارەگاکە، کەمێک خاویاندەکردەوە و پێکڕا دەنگیان بەرزدەکردەوە و هەموو بە یەک گەروو هاواریاندەکرد «بژی بارزانی... بژی بارزانی موستەفا... بژی... بژی». بە چەشنێک هاواریاندەکرد پەنجەرەی بارەگاکەی مەنگوڕ دەلەرییەوە. مەنگوڕ و کوڕەکانی دەوروبەری تا سێ ڕۆژ بە هێمنی خۆیان گرت و شتێکی ئەوتۆیان پیشان نەدا، لە ڕۆژی چوارەمدا پێش ئەوەی ئامونییەکان لە ماڵ بێنەدەرێ، چەندین پیکابی پڕ لە کچ و کوڕی سەوزپۆش، کە یەکی پەڕۆیەکی سەوزیان بەستبوو بە ناوچاوانیانەوە، چوونە بەردەمی ماڵی قەلەندەر ئاموون و بۆ نیوسەعات زیاتر پڕ بە هەموو گەرویان دەیانقیژاند «مامە... مامە». دەنگەکان وەها گەرم و بەرز و تورەبوون لە کۆلانە دوورەکانیشەوە دەبیستران. ئامونییەکان ئەو ئێوارەیە نەیانتوانی کەژاوە ڕۆژانەکەی خۆیان ڕێکبخەن. هەر هەمان شەو دەستێکی نەناس ماڵی «فەوزی بەگی ئاموون» و «لەتیف ئاموون» و «عەبدوڵا بەگی ئاموون»ی سووتان. وەک هەمیشە ئاگرەکان هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتەوە، بەڵام هەر سێ خانووەکە بوون بە

خۆڵەمێشی تەواو... هەتا ئاسن و پەنجەرە و شێلمانەکانیشی توانەوە و بوون بە خۆڵێکی نەرم. هەر لەو شەوەوە ژیانی ئاموونییەکان کەوتە دوودڵی و مەترسییەوە، دەستێکی نەناس، شەو دوای شەو عەلاگەی پڕ پیسایی و شیاکە و تەرسی دەخستە ماڵەکانیان، زەرفی پڕ زبڵی دەگرتە پەنجەرەکانیان، دەفتەری دەهاویشتە حەوشەکەیان کە لەمسەر بۆ ئەوسەر بە وێنەی کەر پڕکرابووەوە، تورەکەی بچکۆلانە کە پڕبوون لە قاوغی فیشەک، بوتڵی پلاستیک کە پڕبوو لە میز، شوشە کە بە قژی سووتاو ئاخنرابوو، چەقۆی خوێناوی، سوژنی ڕەش، دوپشکی تۆپیو و سەرە ماری پانکراوە و شتی سەیری دیکەش. پەیوەندیکردنی ئاموونییەکان بەسەرانی حیزبەوە بۆ داوای کۆمەک و هاریکاری شتێکی ئەوتۆی بۆ نەکردن، دۆخی ئاموونییەکان تا ماوەیەکی دوورو درێژ بەو چەشنە مایەوە. هەتا تکای فەوزی بەگ لە فیکرەت گوڵدانچی کە دەسەڵات و قسەی خۆی لای مەنگوڕ بخاتە کار، سوودێکی نەبوو. چونکە مەنگوڕ وەک هەمیشە تەواو خۆی لە دیمەنەکە دوورخستەوە و وابڵاوبووەوە کە بەسەفەرێکی تایبەت چووە بۆ ئێران تا لە تارانەوە بەتەلەفون قسە لەگەڵ کامەرانی سەلمادا بکات... مەنگوڕ تا دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان خۆی دەرنەخستەوە.

٣٥

کە لە ساڵی نەوەدوچواردا شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد، شتێکی ئەوتۆ لە کتێبخانە و دیکۆرە گرانبەهاکانی ماڵی فیکرەت گوڵدانچی نەمابوون، لە نێوان ئەو دوو ساڵەدا فەیسەڵ نەجیب بەچەند تەکانێکی جیاواز، هەموو کتێبخانەکەی لە گوڵدانچی کڕییەوە، بەڵام بەوەوە نەوەستا، بەڵکو تەواوی پەیکەرەکان و تەواوی کەرەستە ڕەنگینەکانی دیکۆر و تابلۆ گرانەکان و فەرشە ئاوریشمییەکانیشی لە چنگی دەرهێنا. وەک لە ڕێکەوتنی یەکەمدا پێکهاتن، فەیسەڵ دەبایە جار دوای جار و بە مەودای وەرزێک لە نێوان هەموو نۆبەتێکدا کتێبەکان بگوازێتەوە. سەوسەن دەبایە لەسەرەخۆ و هێمن ئاوابوونی دونیای جارانی خۆی ببینێت، زۆر لەسەرخۆ، بەجۆرێک بتوانێت ئازارەکەی بەسەر مەودایەکی زەمەنی دووروودرێژدا بەشبکات. دەبایە بە هێمنی وای لێبکرێت لەو زیندانە ئەبەدییەی ناو کتێبەکان بێتەدەرێ و وەک کچێکی ئاسایی بژی، دەبایە بزانێت ڕۆژێک دێت کە خۆی و قەرەوێڵەکەی بەتەنیا لەو ژوورە بەرین و گەورەیەدا دەمێننەوە. فەیسەڵ هەموو جارێک دەهات و بێئەوەی سەیری چاوی سەوسەن بکات، بێئەوەی بوێرێت ئاوڕی لێبداتەوە، ڕیزێکی گەورەی لە کتێبخانەکە دەبرد، شەوان کۆڵهەڵگرەکان دەهاتن و سەفتەسەفتە کتێبەکانیان دەخستە ناو کارتۆنی تایبەتییەوە و بە سرێشی تایبەتی لاکانیان دەگرتن و بەتیپی پان دەمی کارتۆنەکانیان

دەبەست و پەتی تایبەتیان تێهەڵدەکێشان و بەیانی ڕۆژی دوایی بە ماشێنی تایبەتی بۆ جێگایەکی نادیار باریاندەکردن. فیکرەت بەرابەر هەر بارێک بڕێک پارەی وەردەگرت کە بشێت بۆ ماوەیەک لە دابینکردنی ژیانێکی گونجاوداً بەکاریبهێنێت. بەڕوویەک بەختەوەربوو کە لەم ڕۆژە سەختانەدا شتێکی هەیە پێیدەژی و بەڕوویەکیش غەمگین بوو کە لەسەرەخۆ شورا و کۆڵەکە و پایەکانی ژیانێکی دووردرێژی دەڕوخاند کە خۆی لە منداڵییەوە بۆ کچەکەی دروستکردبوو. ئەو شەوانەی فەیسەڵ سەحاف کتێبەکانی دەپێچایەوە، بێدەنگییەکی زۆر قووڵ و کوشندە باڵی بەسەر ماڵی گوڵدانچیدا دەگرت، بێدەنگییەک لەوانەی تاریکی لە ناویدا چڕتر و چڕتر دەبێتەوە، بێدەنگییەک هەستدەکەیت لە بێزمانییەکی گەورەی ڕۆحەوە هاتووە، لەوەوە هاتووە کە چیتر دەنگ و هاوار سوودی نییە... لە گەیشتنی قریشکەی ناو ڕۆحی مرۆڤەوە بە بونبەست سەری هەڵداوە. ئەو شەوانە هیچیان خەویان لێ نەدەکەوت، فیکرەت گوڵدانچی لە قاتی خوارەوە گوێی دەگرت و ئاگاداربوو کە سەوسەن ناتوانێت بخەوێت، بەهێمنی سەردەکەوت بۆ سەرەوە و لە تاریکیدا دەوەستا و گوێی دەنا بەدەرگاکەوە و دەیزانی سەوسەن دەگری. دەهاتە خوارێ و دەرگاکەی لە خۆی دادەخست و ئەویش لەجێگاکەدا دەستیدەکرد بە گریان، بەڵام دەیزانی کە سەوسەن دێت و بەهێمنی دادەبەزێت و گوێ دەنێت بە دەرگای ژوورەکەی باوکییەوە و دەبیستێت کە گوڵدانچی دەگری. هەردووکیان ئاگایان لە گریانی یەک بوو، هەردووکیان هەستیان بەو تاریکییە گەورەیە دەکرد کە قووتیان دەدا... سەوسەن دەیزانی باوکی دەیەوێت بە لەناوبردنی کتێبخانەکە لەو بێدەنگییە دەریبهێنێت، ئەو بێدەنگییەی کە گوڵدانچی خۆی بەدرێژایی ژیانی تێیدا ژیابوو، ئەو بێدەنگییەی کتێبەکان و ئەتڵەسەکان و وێنەکان وەک دیوارێک لە چواردەوەری بەرزیانکردبووەوە، بێدەنگییەک هەژاری

و تەنهایــی قووڵتریانکردبــووەوە، جەنــگ قووڵتریکردبــووەوە، چاوەڕوانــی قووڵتریکردبـووەوە... ونبوونـی هــەر بەشـێک لـە کتێبخانەکـە ئـەو هەسـتەی لای سەوسـەن جێدەهێشـت کـە دیوارێـک لـە ژیانـی دەڕوخێت، ئـەو هەسـتەی جـار دوای جـار زیاتـر و زیاتـر ڕووتدەبێتـەوە، زیاتـر و زیاتـر لاوازدەبێـت، زیاتـر و زیاتـر بێپەرێـز و بێقەڵغـان بەرابـەر دونیـا دەوەسـتێت، هەسـتێکی تیژ و چەقۆئاسـابوو تیـژ لـە نـاوەوە دەیبـڕی. ئێسـتا شـەوان دۆعایدەکـرد سـێ ڕێبوارەکـە زووتـر بێنـەوە، ژیانـی پێویسـتی بـە شـتێکی گـەورە بـوو، دەبایـە شـتێک هەبێـت جێـگای کتێبـەکان بگرێتـەوە، شـتێک وەک دیـوار خـۆی لـە پشـتییەوە بشـارێتەوە و بـژی... تادەهـات شـارەکە لەبەرچـاوی ناخۆشـتر و ترسـناکتر دەبـوو... بـەڵام جیهـان... جیهـان کـە ئـەو گەڕیدانـە تێیـدا وێڵـن، جوانتـر و ئارامتـر و هێمنتـر لەبەرچـاوی دەردەکـەوت... کـە بیـری لـەم شـارە دەکـردەوە بۆنــی مردووەکانــی بەیــادا دەهاتــەوە، دەموچـاوی شـێوێنراوی جـەلادە کوژراوەکانـی بەیـادا دەهاتـەوە، دەنگـی گوللەکانـی ڕاپەڕینـی بەیـادا دەهاتــەوە، بۆنـی باروتـی بەیـادا دەهاتـەوە... شـەوان دەخـەوت و خەونـی بـە شـەڕی دیکـەوە دەبینـی، دەترسـا ئـەو سـاتەی کـە ڕێبـوارەکان دێنـەوە شـەڕ تـەواو نەبووبێـت... دڵنیابـوو ئـەو کاتـەی ئـەوان دەگەڕێنـەوە شـەڕ تـەواو نەبـووە... ئاخـۆ دەتوانێـت چییـان بـۆ بـکات. هیـچ... هیـچ جگە لەوەی شـوو بـە یەکێکیـان بـکات و ئاواتـی هێمنـی و بەختیـاری بـۆ ئەوانـی دی بخوازێـت. لەگـەڵ ڕۆیشـتنی هــەر بەشـێک لـە کتێبخانەکـەدا زیاتـر و زیاتـر بیـری لـە باڵنـدەکان دەکـردەوە، فەرهەنگـی گـەورەی باڵنـدەکان تاکـە کتێبێـک بـوو کە سـوێندی لـە باوکـی وەرگـرت هەرگیـز نەیفرۆشـێت... هەرگیـز... هەتـا ئەگـەر لــە برسـدا مـردون... بـۆ ئـەوەی غەمـی کتێبـەکان نەیکوژێـت، بـەردەوام چـاوی لێکدەنـا و بیـری لـە باڵنـدەکان دەکـردەوە. شـەو و ڕۆژ ئـەو سـاتەی دەهێنایـە پێشـچاوی خـۆی کـە تێیـدا باڵنـدەکان دەبینێـت، ئـەو باڵندانـەی بۆنـی جیهانـی بـۆ دەهێنـن، بۆنـی شـارە دوورەکان و گۆمـە دوورەکان و لوتکە

سەختەکانی سەر زەمین. بۆنی ڕاستەقینەی جیهان، بۆنێک کە کتێبەکان پێی نابەخشن، تاکە بۆنێک کە دەتوانێت بۆنی مردنی لەبیربەرێتەوە، بۆنی لاشەی ئاسایشە سووتاوەکان لە یادەوەریدا بسڕێتەوە... بۆنی جیهان و ڕەنگی جیهانە کە لە پەڕ و بۆن و هاواری باڵندەکاندا چڕدەبێتەوە... ئیتر دەیتوانی چاو بنوقێنێت و لە نێوان قەفەزەکانیاندا بخەوێت و گوێی لە دەنگی هاوارەکانیان بێت، ئەو هاوارانەی هەوای جەنگەڵە دوورەکانی بۆ دەهێنن، هاواری دارستانە دوورەکان و سەرزەمینە دوورەکان.

مانگێک بەر لە دەست پێکردنی شەڕی ناوخۆ ژووری کتێبخانەکە تەواو چۆڵ بوو، جگە لە قەرەوێڵەکەی سەوسەن و مێزەکەی، جگە لە ئەتڵەسە گەورەکەی دونیا و ئەنسکلۆپیدیای باڵندەکان هیچ کتێبێک لە ماڵەکەدا نەما، هیچ پەیکەرێک، هیچ نیگارێک، هیچ دەمامکێک... ماڵی گوڵدانچی بووە شوێنێکی خاڵی، جگە لە چەند کورسییەکی کۆن و دوو قەنەفە بۆ میوان و مێزێکی نانخواردن و دوو قەرەوێڵە و دوو دۆڵاب لەگەڵ ئینجانەی گەڵا چاکاندا، هیچی تێدا نەما، هەڵبەت ئەمە گەر بێت و لە کەرەستە گرنگ و پێویستەکانی مەتبەخ بگوزەرێین.

فەیسەڵ سەحاف کە لە دوا ڕۆژدا دوا کۆمەڵە کتێبی برد، بەبێدەنگ زەرفێکی لەسەر مێزی نانخواردنەکە بەجێهێشت، هەموو ئەو وێنانەی تێدابوو کە ڕۆژی یەکەم گرتبوونی، دەیان وێنە کە لە هەموو لایەکەوە جوانی و گەورەیی کتێبخانەکەی لەو پەڕی ڕێکی و ڕەونەقیدا نیشاندەدەن. بەرگی کتێبە ناوازەکان و نیگاری ئەنسکلۆپیدیا بێهاوتاکان، خەریک بوو سەوسەن بخەنەوە گریان، بەڵام نا یەکجار بەوردی سەیری هەموو وێنەکانی کرد و بێئەوەی هیچ بڵێت، هەڵیگرتن و خستنیە ناو «دۆڵابی یادگارە تاڵەکان»ـەوە.

سەوسەن ئیدی هیچ کتێبێکی کتێبخانەکەی خۆی نەبینییەوە. چەند ساڵێک دواتر کاتێک سەیری یەکێک لە کەناڵە تەلەفزیۆنییە لۆکاڵەکانی

دەکرد، لە ناکاو لە بەرنامەیەکی تایبەتیدا کە کتێبخانەی ڕۆشنبیران و سیاسییەکانی وڵاتی بەسەر دەکردەوە، کامێرا چووە ماڵی سیاسەتمەدارێکی گەورە، پیاوێکی خیپش کە ورگی بەجۆرێکی نائاسایی بەسەر قایشەکەیدا شۆڕبووبووەوە، لەویادا... لەویادا هەموو کتێبەکانی خۆی بینییەوە، ئەو کتێبانەی خەونی پێوەدەبینین، ئەو کتێبانەی لە ناویاندا گەورەبووبوو، هەموویان ئێستا لە پشت ئەو پیاوەوە ڕیزکرابوون، ئێستا ئەو هەموو کتێبەکانی وەک گەنجینەی تایبەتی خۆی، وەک بەری ڕەنجی هەڵبژاردن و کۆکردنەوەی خۆی باسدەکرد... هەموویان لەوێبوون... هەموو کتێبە ئازیزەکانی... لە پشت ئەو پیاوە قەڵەوەوە کە بە شانازییەوە لەبەردەم ڕەفەکان و پەیکەرەکاندا وەستابوو، بە زەردەخەنەیەکی گەورەوە... زۆر گەورەوە بۆ کامێراکان پێدەکەنی.

٣٦

دوای چۆڵبوونـــی کتێبخانەکـــە، زۆری نەبـــرد شـــەڕی ناوخـــۆ دەســـتی پێکـرد. لـە بەهـاری سـاڵی نەوەدوچـواردا هـەردوو حیزبـە گەورەکـەی وڵات گەیشـتنە ئـەو بڕوایـەی ناتوانـن پێکـەوە حوکمبکـەن، پێشـتر هەمـوو ئـەو هەستەمان هەبـوو کـە ناکۆکـی دوو حیزبەکـە لەسـەر دابەشـکردنی سـامانی گومرگ، بـە خۆشـی تـەواو نابێت. بـەڵام کـەس لـەو بـاوەڕەدا نەبـوو بگاتـە جەنگێکـی وا سەرتاسـەر و درێـژ و خوێنـاوی. نـا... ئـەوکات مەنگـوڕ لـە ڕیزەکانـی یەکێتـی و قەڵەنـدەر ئامـوون لـە ڕیزەکانـی پارتیـدا چووبوونـە سـەرێ. لـە حیزبـدا کـەس مەنگـوڕی بابەگـەورەی بـە نـاوی خۆیـەوە بانـگ نەدەکـرد، بەڵکـو ناویـان نابـوو «مەنگـۆی گـەورە». ناوبانگـی مەنگـۆ و تیپەکـەی خـراپ نەبـوو، لەگـەڵ ئـەو وردە شـەڕ و کێشـە گەورانـەی ڕوویـان لـە وڵات کردبـوو. کوڕانـی مەنگـوڕ فەرمانێکـی ڕوونیـان هەبـوو، لـە کاتـی بەرگریکردنـدا نەبێت ئـازاری کـەس نـەدەن. ئـەو دەمانـە مەنگوڕ خۆی وەک فانەتیکێکـی ئاشـتیخواز نیشـاندەدا، بـەردەوام لـە هەمـوو کۆبوونەوەکانـدا دەیگـووت «وڵاتەکـە قوونـی شـەڕی پێـوە نییـە». بـەڵام لـەو سـێ سـاڵەدا کینـەی نێـوان قەڵەنـدەر ئامـوون و مەنگـوڕ لـە ژێـرەوە تادەهـات زیادیدەکـرد، قەڵەنـدەر لـە کۆبوونـەوە و دانیشـتنەکانی خۆیدا مەنگوڕی وەک سەرسـەرییەکی دەم ڕووت و چەقۆکێشـێکی سـەرجادە ناودەنـا، مەنگوڕیـش ئـەوی وەک ئاغـازادە و کۆنەخۆفـرۆش باسـدەکرد، لـەو ماوەیـەدا دووبـارە وێنـە کۆنەکانـی

قەلەندەر لەگەڵ پاسەوانە تایبەتییەکانی وەزیری ناوخۆ، لەگەڵ بەرپرسی فەوجی پاراستنی کۆشکی کۆماری، لەگەڵ بەڕێوەبەری دیوانی کۆشک و سەگەکەیدا، چاپکرانەوە و گەورەکران و لە هەندێ جێگاشدا هەڵواسران، وەک بەڵگەیەک بۆ خیانەت و خۆفرۆشی قەلەندەر. ئێمە ئەو سەردەمە مەنگوڕمان نەدەبینی، بەردەوام لە بارەگاکەی خۆی یان لە ئۆتومبیلی جام ڕەش و تایبەتیدا هاتوچۆیدەکرد، هەموو بیری قسەکانیمان دەکرد، بیری ئەو ڕۆژانەمان دەکرد کە لە چایخانەی پەپولەی ئازاد یان لە ژێر زەمینی ئوتێلەکەدا قسەی بۆ دەکردین... حەزماندەکرد ئەم ڕۆژانە زوو بڕوات و شتەکان ئاسایی ببنەوە و مرۆڤەکان ببنەوە بە کەسی سادە و خۆیان لەو چەک و چەکدارییە دووربخەنەوە. بەڵام لە بەهاری ساڵی نەوەدوچواردا بارودۆخی وڵات تەواو تێکچوو... سەرەتا کەسمان باوەڕمان نەدەکرد ئەو تێکچوونە کاریگەرییەکی وەها گەورەی لەسەر تەواوی چیرۆکەکە دەبێت، بەڵام ڕووداوەکان واوەگەڕان، لەگەڵیاندا ژیانی هەمووومان بەجۆرێکی چاوەڕوان نەکراو ئاوەژوو بووەوە. شەوی پێش هەڵگیرسانی شەڕ، قەلەندەر ئاموون لەگەڵ بەرپرسێکی سەربازی دیکەدا هێزەکانی خۆیان لە سەربان و کۆڵانەکانی دەوری بارەگای سەرەکی پارتی دابەشکرد، لە ئێوارەوە هەواڵ هاتبوو کە لە سەرتاسەری کوردستاندا بارودۆخ ناجۆرە و دوو حیزبەکە لە هەموو شوێنێک سەنگەریان بەرابەر یەک گرتووە. ئەو شەوە تا درەنگ شتێکی ئەوتۆ ڕووینەدا، شار کش و مات بوو. نزیکی نیوەشەو قەلەندەر زۆر خەوی دەهات، بۆ چەند سەعاتێک لەسەر قەنەفەیەکی درێژ لە ژوورەکەی خۆیدا لە بارەگا سەرخەوێکی شکاند، سەیری لێهات کە هەر چاوی دەچێتە خەو و بەئاگا دێتەوە خەون بە خالید ئامموونەوە دەبینێت. کە دەوروبەری سەعات پێنج هەستا، چاوی گلۆفی و خەونەکانی بۆ چایچییەکە گێڕایەوە و گووتی «واهەستدەکەم دەبووایە منیش لەگەڵ خالید ئامووندا بڕۆیشتمایە».

چایچییەکە بێتەوەی لە مەبەستی تێبگات، سەرنجیدا چۆن دەمانچەکەی تاقیدەکاتەوە و دەسکەکەی بەدەستەسڕێکی زەرد دەپێچێت و دەچێتەدەرێ. گەرچی بەهاربوو بەڵام کزەی پێش سپێدە زۆر ساردبوو. قەڵەندەر بەسەر ئەو خاڵانەدا گەڕا کە شەوی ڕابوردوو چەکدارەکانی تیا قایمکردبوو، نائومێدانە تێگەیشت بڕێکی زۆری پێشمەرگەکانی حیزب لە شەوێوە، چەکەکانیان جێهێشتووە و شوێنەکانیان چۆڵکردوە و گەڕاونەتەوەماڵێ. قەڵەندەر ئاموون بێئەوەی سەرسام بێت گەڕایەوە بۆ ناو بارەگاکە و بە چایچییەکەی گووت «سەیر نییە... حیزب زۆر لە مێژە شەڕی گەورەی نەکردوە». چایچییەکە چایەکی نوێی بۆ هێنا و لێیپرسی «قەڵەندەر ئاغا... دڵنیان شەڕ دەبێت؟». قەڵەندەر بە هێمنی سەری لەقاند و گووتی «دڵنیام». وەک دەستووری هەمیشەیی خۆی بەڕێزەوە داوای لە چایچییەکە کرد ماوەیەک بەجێیبهێڵێت و دەرگاکەی لەسەر دابخات چونکە دەیەوێت کاغەزێکی زۆر گرنگ بنوسێت. دوای سەعاتێک بە ماندوویی، بە جووتێک چاوەوە کە ئاسەواری گریانی پێوە دیاربوو لە ژوورەکە هاتەدەرێ و نامەیەکی پێچراوەی دایە چایچییەکە و گووتی «ئەم نامەیە بۆ خالید ئاموونە، تۆ هێندەت لەسەرە بیپارێزیت و هەرچییەک بووە نەهێڵیت نامەکە بفەوتێت، گەر من شتێکم لێهات ئەوا ئەم نامەیە بگەێنە دەستی سەی کەرەمی ئاموونی یان فەوزی بەگ... هەر کامێکیان بێت گرنگ نییە، تێدەگەیت... گەر من شتێکم لێهات دەبێت ئەم نامەیە بگاتە دەست خالید ئاموون... بەسەلامەتی... ئەوە لە هەموو شتێک گرنگترە... ئێستا لە من و پێنج پێشمەرگە زیاتر کەس لێرە نەماوین، بۆ شەرەفی حیزب جوان نییە کاتێک پەلاماری بارەگاکەی دەدەن کەسی تێدا نەبێت... بۆ مێژوو جوان نییە کەس نەبێت بەرگری لە پارتی بکات. کەس». چایچییەکە بە هێمنی کاغەزەکەی خستە گیرفانییەوە و گووتی «بە ئومێدی خودا هیچ نابێت... بە ئومێدی خودا».

ئەو هێزەی کە دەوری بارەگاکەی دابوو، بەشێکی زۆریان تاقمی مەنگوڕ بوون. بەدرێژایی شەو چاوەڕوانبوون، بەڵام فەرمانێکی ڕاستەوخۆیان بۆ گرتنی بارەگاکە بۆ دەرنەچوو. لە بەیانیدا دەیانزانی ناو بارەگاکە تەنیا قەلەندەر ئاموون و دوو پێشمەرگەی دیکەی تێدا ماوە. نزیکی سەعات دەی بەیانی فەرمانی گرتنی بنکەکەیان پێگەیشت، دەبایە قەپۆز جوقڵی سەرکردایەتی ئەو هێزە بکات کە دەچێتە ناو بنکەکەوە. مەنگوڕ دواتر سوێندی خوارد کە ئەو نامەی نوسیوە و فەرمانی داوە بە هیچ جۆرێک ئازاری کەس نەدەن، تەقە لە کەس نەکەن، لە دۆخێکدا تەقەیان لێکرا بە چەشنێک وەڵامبدەنەوە کەس بریندار نەبێت. ساڵانی دوایی مەنگوڕ چەند جارێک و لە چەند بۆنەیەکدا ئەو نامەیەی دەرخست کە داوا لە قەپۆز جوقڵی دەکات، دەست بۆ ژیانی کەس نەبات. بەڵام قەپۆز تا مردنی حاشای لەوە کرد نامەی وای پێگەیشتبێت و گووتی «تەنیا لە ڕێگای لاسلکییەوە پێیگووتراوە کە بارەگاکە بگرێت و هیچی تر».

هەموو دەمانزانی قەلەندەر ئاموون لەو کەسانە نییە ئاسان و بێتەقە خۆی بدات بەدەستەوە، خۆزگەمان دەخواست لە بری قەلەندەر کەسێکی دی لە بارەگاکەدا بووایە، چونکە کەس نەبوو سەرسەختی و لە خۆبایی ئەوی نەبیستبێت. دەمانزانی ئەستەمە بە زیندوویی بیگرن. لەگەڵ جوڵەی پێشمەرگەکانی تردا، قەلەندەر و دوو پێشمەرگەکەی دی لەسەربانی بارەگاکەوە یەکەم دەستڕێژیان کرد. کەسانێک دەڵێن ئەمیر جوقڵی برا بچوکەکەی قەپۆز جوقڵی لەو یەکەم دەستڕێژەدا پێوە بووە، کەسانێکی تریش دەڵێن نا ئەمیر لە کاتی تەکاندا بۆ ناو بنکەکە کوژراوە. بە هەر حاڵ گرتنی بنکەکە کارێکی ئاسان نەبوو، دوای زیاد لە سەعاتێک شەڕ یەکێک لە پێشمەرگەکانی قەلەندەر بریندار دەبێت و ئەوی دیکەیان دەگیرێت و قەلەندەر ئاموون بە شێوەیەکی سەیر، بە بازی سەربانە و سەربان بۆی دەردەچێت. کوشتنی ئەمیر جوقلی، قەپۆز و هاوڕێکانی

شـیێتدەکات. دەڵێـن قەپـۆز و سـامانی کیسـرا و هوشـەجوجە ئـەو سـێ کەسـەن کـە دوای قەلەنـدەر ئامـوون کەوتـوون. قەلەنـدەر دەزانێـت لـەم شارەدا یـەک جێـگا هەیـە بتوانێـت بیپارێزێـت، ئەویش ماڵـی گوڵدانچییـە، ئـەوە تاکـە جێگایەکـە دەشـێت مەنگـوڕ و کوڕەکانـی حورمەتـی بگـرن... تاکـە جێگایەکـە دەتوانێـت خـۆی تێـدا حەشـاربدات. بـە هەمـوو توانـای هەوڵـدەدات بگاتـە ئـەوێ، هەڵبـەت قەپـۆز جوقلێـش دڵنیایـە هێنـدەی گەیشـتە ماڵـی فیکـرەت گوڵدانچـی، ئەسـتەمە مەنگـوڕ بهێڵێـت هیـچ کـەس نزیکـی ببێتـەوە. قەپـۆز جوقلـی و هاوڕێکانـی تەنیـا دوو سـەد مەتـر دوور لـە ماڵـی گوڵدانچییـەوە قەلەنـدەر ئامـوون دەگرنـەوە و هـاواری لێدەکـەن چەکەکـەی دانێـت و ڕادەسـت بێـت، ئـەو لـە شوێنی خۆیـەوە تەقـە لـە هـەر سـێکیان دەکات. ئەوانـەی دیمەنەکەیـان بینیـوە، بـاس لـەوە دەکـەن، کـە قەپـۆز و دوو هاوڕێکـەی بـە سـێ کلاشـینکۆف لـە سـێ لاوە و بەمەبەسـتی کوشـتنی دەم و دەسـت تەقـە لـە قەلەنـدەر دەکەنـەوە، سـێ کلاشـینکۆفی تـوڕە و تینـوو. دواتـر کـە قەلەندەرمـان هەڵگرتـەوە سـەرو سـنگی زیاتـر لـە چل فیشـەکی پێوەبـوو، کـە زۆربەیـان لـە نزیکـەوە پێـوەی نرابـوون. بـەڵام ئـەوەی لـە چیرۆکەکـەدا زۆر دژوارە، ئەوەیـە بـە هـەر سـێکیان پشـتێنەکەی قەلەنـدەر دادەماڵـن و دەیبەسـتن بـە دەسـتییەوە و تـا ماوەیـەک بەسـەر شـەقامە گشـتییەکەدا ڕایدەکێشـن، دواجاریش نیـوەڕووت و تۆزاوی لاشـەکەی لـە سـەر یەکێـک لـە شۆسـتەکان فڕێـدەدەن.

ئـەو سـاتەی قەلەنـدەر کـوژرا، سەوسـەن هـوزاری کـوڕی پرۆشـە و دکتـۆر ڕەفعەتـی لـە ئامێزبـوو. لـە منداڵییەکـی زووەوە منداڵەکـە مەیلێکـی نائاسـایی بـۆ پـورە غەمگینەکـەی هەبـوو، لـە منداڵییـەوە لەگـەڵ ئـەودا لـە کتێبخانەکـەدا گەورەبووبـوو، ئـەو سـاتەی کـە تەقـەکان بـوون، دەنگـی گوللـەکان وەهـا نزیـک و بێوچـان و لەسـەریەک و گـەورە بـوون، سەوسـەن وایدەزانـی یەکێـک فیشـەکەکان لـە هـەوای خاڵـی و سـارد و بەرینـی کتێبخانـە

چۆڵەکەی ئەودا دەتەقێنێت، منداڵەکە ترسا و توند خۆی نوساند بە پوورییەوە و گریا. سەوسەن منداڵەکەی توند بەخۆیەوە نوساند و گووتی «هیچ نییە مەترسە... مەترسە، یەک دەکوژن... یەک دەکوژن، وەک جاران... وەک هەمیشە». گەر یەکێک لە ژوورەکەدا بایە بە دڵنیاییەوە نەیدەزانی ئاخۆ سەوسەن لەگەڵ خۆیدا قسەدەکات یان لەگەڵ منداڵەکەدا. دوای نیوسەعات هەواڵیان بۆ هات کە کوژراوەکە قەلەندەر ئاموونە، ئەو پیاوەی سێ ساڵ لەوەوبەر لە شەوێکی تاریکدا دەستی سەوسەنی گرت و لە ناو لاشەکان دەریهێنا.

سەوسەن دڵنیابوو کوشتنی قەلەندەر شتێکی ترسناکە... زۆر زۆر ترسناکە... بەڵام نەیدەزانی بۆ.

تەفسیرکردنی کوشتنی قەلەندەر ئاموون ئاسان نەبوو. ئاخۆ تاوانێکی سیاسی بوو، پەیوەندی بەو دۆخە گشتییەوە هەبوو کە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ دروستیکرد، یاخود پەیوەندی بەو کێشانەوە هەبوو کە دوای داواکردنی سەوسەن فیکرەت لە نێوان ئاموونییەکان و کەسانی دەوروبەری مەنگوڕدا سەریان هەڵدا؟. لە شاری ئێمەدا هەرگیز شەڕەکانی سیاسەت و خۆشەویستی لە یەکدی جیانابنەوە، هیچ هێزێک نییە بتوانێت سنوورێک لە نێوان ئەو شەڕانەدا دابنێت، هەموو شەڕێک لەسەر خۆشەویستی و ئیرەیی و شەرەف هەر زوو دەبێت بە شەڕی سیاسی و هەموو شەڕێکی سیاسیش هەر زوو دەبێت بە شەڕی خۆشەویستی و شەرەف. کە لایەنە ناکۆکەکان لە ساڵی هەشتاو هەشتدا و بە کۆمەکی فیکرەت گوڵدانچی ئەو ڕێکەوتنەیان قەبووڵکرد، کە چیدی لەسەر سەوسەن شەڕنەکەن، کەسمان لەو باوەڕەدا نەبووین ئەو ڕێکەوتنە بەوجۆرە خوێناوییە کۆتایی بێت. کوشتنی قەلەندەر بەوجۆرە بێڕەحمانەیە هەموومانی هەژاند، تاوانەکە ئاموونییەکانی بە شێوەیەکی بێوێنە سەرشێتکرد. دوو شەو دوای ناشتنی تەرمەکە پتر لە سێ سەد پیاوی ئاموونی بە نهێنی و لە ژێر باڵی تاریکیدا شاریان

بەجێهێشـت و خۆیـان گەیانـدە ئـەو ناوچانـەی هێزەکانـی پارتـی دیموکـرات بەسـەریدا باڵادەسـتن. دوای کۆچـی پیاوانـی ئامـوون، یەکێتییـەکان هەمـوو خێزانەکانیـان گرتـن و بـە ماشـێنی تایبەتـی گوازتنیانـەوە بـۆ دەرەوەی شـار و لـەوێ بەرەڵایانکـردن و پێیانگوتـن تـا شـەڕ کۆتایـی نەیـەت ڕێـگا نادرێـت بگەڕێنـەوە، ئـەوە سـەرەتای ئاوارەبوونێکـی دووروودرێـژی ئامموونییـەکان بـوو. ئیـدی تـا ماوەیەکـی درێـژ مـاڵ و کۆشـک و باغـی خۆیانیـان نەبینییـەوە و ماڵەکانیـان بـوو بـە نیشـتەجێی ئـەو خێزانانـەی پارتـی لـە شـوێنی خۆیـان دەریانکردبـوون، بـەڵام ئەوەیـان چیرۆکێکـی تـرە... بەڵـێ ئـەوە چیرۆکێکـی غەمگینـی تـرە کـە لێرەدا جێـگای نابێتـەوە. ئـەوەی لـەو ماوەیـەدا سـەیر بـوو پەرچەکـرداری مەنگـوڕ بـوو، کـە دوای چـوار ڕۆژ لـە کوشـتنی قەلەنـدەر بـە تەواوەتـی وازی لـە حیـزب هێنـا و بـۆ هەتاهەتایـە پەیوەنـدی خـۆی لەگـەڵ قەپـۆز جوقڵـی و هەمـوو ئەوانـەدا پچڕی کـە لـە کوشـتنی قەلەنـدەر ئاموونـدا بەشـداربوون. قەپـۆز جوقڵـی لـە ڕۆژی یەکەمـەوە ئـەوەی ڕاگەیانـد کـە فەرمانی گرتنـی بارەگاکـە لـە مەنگـوڕی بابەگـەورەوە دەرچـووە. مەنگوڕیش لە سـەعاتی یەکەمـەوە ئـەو نامەیـەی دەرخسـت کـە گوایـە گووتووێتـی دەبێـت بارەگاکـە بێخوێـن بگیرێـت. بـەڵام ئـەو قسـانە لای ئامموونییـەکان نرخێکیـان نەبـوو، دوای کوشـتنی قەلەنـدەر بەهانەیـەک نەمـا بـۆ ئـەوەی مەنگـوڕ و ئەوانـی تـر لەسـەری سـەرەوەی ئـەو لیسـتەیەدا نەوەسـتن کـە ئامموونییـەکان بـۆ تۆڵـە دروسـتیانکرد. لـە دوای کوشـتنی قەلەنـدەر پەیوەنـدی نێـوان خالیـد ئامـوون و سەوسـەن پچـڕا... بـەڵام ئـەوکات ماوەیەکـی زۆر لـە بـەردەم ڕێبوارەکانـدا نەمابـوو بـۆ گەڕانـەوە، نزیکـی شـەش مانـگ دوای ئـەوە خالیـد ئامـوون بـە خـۆی و کاروانێکـی گـەورەی باڵنـدەوە گەڕایـەوە بـۆ شـار، بـەڵام لەبەرئـەوەی یـەک ماڵـی ئامموونیـش چییـە لـە شـاردا نەمابـوو، یـەک دۆسـت و هاوڕێـی دڵسـۆز و دێرینیشـی نەبـوو بوێرێـت ئامێـزی بـۆ بکاتـەوە، دەبایـە یەکەمجار کە پێدەخاتـە سـەر خاکـی شـار، بچێتـە ئوتێلەکـەی باوەجـان و لـەوێ بخەوێـت.

٣٧

بەپێچەوانـەی چاوەڕوانـی هەموومانـەوە، کامەرانـی سـەلما یەکەمیـن کـەس بـوو کـە لـە سـەرەتای پاییـزی سـاڵی نەوەدوچواردا گەیشـتەوە نیشـتیمان، بەیانییـەک هەسـتاین و لـە ناوەڕاسـتی شـاردا کاروانێکـی دووڕودرێـژی باڵندەمـان بینـی، چەندەهـا قەفـەزی گـەورە و چەندەهـا چەشـنی سـەیر سـەیری باڵنـدە کـە تـا ئەوکاتـە چـاوی ئێمـە لـە خەونیشـدا شێوە بوونـەوەری وەهـای نەبینیبـوو. دەیـان قەفـەز کـە زۆربەیـان پڕبـوون لـە گـەڵای سـەرەتای خـەزان، وەک ئـەوەی کاروانەکـە بەرلـەوەی بگاتـە شـار بـە نـاو گێژاوێکـی گـەورەی پاییـز و جەنگەڵێکـی پـڕ گەڵاڕێزانـدا ڕۆیشـتبێت. کاروانەکـە بـە مەبەسـت لـە ناوەڕاسـتی شـاردا وەسـتێنرابوو، بـۆ ئـەوەی بەیانـی کـە هەسـتاین هەموومـان ببینیـن... باڵنـدەکان لـە ئێمـە زیاتـر خرۆشـابوون و هاواریاندەکـرد، دەیانجیکانـد و دەیانخوێنـد. وەک ئـەوەی بزانـن کـە دوای سـەفەرێکی درێـژ... زۆر درێـژ بـە بەشـی هـەرە زۆری جیهانـدا گەیشـتوونەتە شـاری ئێمـە، وەک ئـەوەی باوەڕنەکـەن شـارێکی واسـەیر و جەنجـاڵ و ناڕێـک و غەمگیـن لەسـەر ئـەم ئەستێرەیەش هەیـە، وەک ئـەوەی باوەڕنەکـەن گەیشـتوونەتە شـارێک خەڵکەکـەی لـە پاسـاری و کۆتـر و کـەو زیاتـر زۆر کـەم چەشـنە باڵنـدەی دیکەیـان بینیـوە. ژمـارەی باڵنـدەکان گەلێـک لـە سـەد باڵنـدە زیاتـر بـوون. قەفـەزەکان زۆربەیـان کـۆن و ژەنـگاوی دیاربـوون، بـەڵام زۆربەیـان بـە جانفـازی تایبەتـی و هەندێکیـان

بە شوشە و هەندێکیان بە دیواری پلاستیکی ئەستوور و هەندێکیشیان لە ناوەوە بە تەپەدۆری سپی یان پارچە تەپەدۆری ئاسایی گیرابوون. دواتر کە دوو ڕێبوارەکەی دیش گەیشتنەوە شار، سەیرمان لێهات کە تەکنیکەکانی پاراستن و گەرم ڕاگرتنی قەفەزەکان لە نێوان هەر سێ ڕێبوارەکەدا زۆر لە یەکدی دەچوون. لە هەموو قەفەزەکاندا هەندێک دەروازە و پەنجەرە جێهێڵرابوون، ئێمە لەو دەلاقانەوە سەرمان دەکێشا و تەماشای ویقاری ئەو باڵندانەمان دەکرد کە هەندێکیان بە بێدەنگییەکی حەکیمانە و هەندێکیان بە هاوارێکی شێتانە و هەندێکیان بە جریوەی ناسک وەڵامی نیگاکانیان دەدایەوە. لەو کەژاوەیەدا باڵندەمان بینی کە دەنوکی ئاسن و چاوی پڕ تیشک و باڵی زێڕینیان هەبوو. هەر قەفەزێک لە قەفەزەکان بۆنی شوێنێکی دونیا و هەوای جەنگەڵێک و کزەی گوێ دەریایەکیان پێبوو. هەر باڵندەیە و شێوە خواردنێک و جۆرە گیایەکی نەناس و جۆرە ڕازاندنەوەیەکی سروشتی تایبەتی ویستبوو. هەموو هەستمانکرد کامەرانی سەلما گەلێک بە ناسکی و گەلێک بە خۆشەویستییەوە باڵندەکانی گرتووە و بەخێویکردون، قەفەزی گونجاوی بۆ سازاندون و کەشی پێویستی بۆ خولقاندون، هەندێک لە باڵندەکان جووت و هەندێکیان تاک بوون، بەڵام هەموو قەفەزەکان بە قفڵی تایبەتی قفڵکرابوون. لە دوای دوای کاروانەکەدا کەرەڤانێکی گەورە هەبوو، کە دینەمۆیەکی کارەبای تایبەتی پێوە بەسترابوو، تا لە ڕۆژانی سەفەردا و لە کاتی پەڕینەوەدا بە شوێنە ساردەکاندا، لە کاتی لادانیدا لەسەر شەقامە بەفراوییەکانی جیهان گەرمی تایبەتی ببەخشێتە باڵندەکان. گەرچی لەو ساڵانەی دواییدا لە ڕێگای سەتەلایتەکانەوە، لە ڕێگای ئەو سەربازە کڵاوشینانەی یونێنەوە، لە ڕێگای ئەو کوردانەوە کە لە خۆرئاوا دەگەڕانەوە، لە ڕێگای ئەو ڕێکخراوە بیانییانەی لە شارەکەماندا دەستگیرۆیی خەڵکانی هەژاریان دەکرد، شتێکمان لە هەوای دونیا و لە

سێبەری بەرینی جیهان بەرکەوتبوو، بەڵام تا ئەو ساتە، تا ئەو ڕۆژەی پاییزی ساڵی نەوەدوچوار کە باڵندەکانمان بینی هەستمان نەکرد کە جیهان بە ڕاستی گەیشتۆتە شارەکەمان، کە زەمین سیحری خۆی بۆ ناردووین، کە شتێکمان لە سروشتی ئەم دونیایە بینیوە. لەبەر هۆیەکی نادیار باڵندەکان لەو ساتەدا نوێنەری تەواوی ئەو شتانەبوون کە ئێمە لەم شارە بچوک و غەمگینەی خۆماندا ونمانکردبوو.

سەرەتا کامەرانی سەلمامان نەبینی، دواتر زانیمان لەسەر کورسییەکی چایخانەی پەپولەی ئازاد خەوتووە. ئەو بەیانییەکی زۆر زوو لەگەڵ دوو کۆمەککاری ئێرانیدا گەیشتبووە ناو شار. قەفەزەکانی لەسەر شەقامەکە ڕاگرتبوو، ئەو ساتەی ئەو گەیشتبوو، تازە چایخانەکە دەرگاکانی بۆ ڕێبواران و کرێکارانی دەمەوبەیان دەکردەوە، دەم و دەست هەموو ناسیانەوە، بەڵام بێئەوەی لەگەڵ کەسدا هیچ بڵێت، بە هێمنی بە خاوەن چایخانەکەی گووت «من و هاوڕێکانم زۆر ماندووین... زۆر... دەتوانین لێرەدا پشوویەک بدەین و بخەوین». خاوەن چایخانەکە ڕاستە و ڕاست ناسییەوە، دڵنیابوو ئەمە کامەرانی سەلمایە، ئەو پیاوەی یەکێک بوو لە ئەفسانە گەورەکانی شار. بێهیچ دوودڵییەک ڕێگای بە هەر سێ ڕێبوارەکە دا لەسەر کورسییەکان بخەون. کە ئێمە بەیانی بینیمان یەک تەختە و لەسەر پشت لەسەر کورسییەکی درێژ خەوتبوو، پیاوێکی بەقەد و قامەت بوو بە ڕیشێکی زۆر گەورە و درێژ و ڕەشەوە. لەچاو ئەو کاتەی کە ڕۆیشت و بەجێیهێشتین باڵابەرزتر و پیاوانەتر دەینواند، قژی کەمێک لەو کاتە کورتتر بوو، ئەسمەرتر و پتەوتریش دیاربوو، ئاشکرا خۆر و سەرما یارییەکی گەورەیان لەسەر ڕوخساری کردبوو. بوونی لەویادا، خەوتنی بەوچەشنە سام و هەیبەتێکی گەورەی لە هەمووماندا بەجێهێشت، گەڕانەوەکەی کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراو بوو، پێشتر هیچ کەسی ئاگادار نەکردبووەوە، ویستبووی بەبێدەنگی باڵندەکان تا ناو جەرگەی شار

بهێنێت و لە سەر کورسییەک لە کورسییە درێژ و تەختەکانی پەپولەی ئازاد بخەوێت. کە بەیانی زوو هەواڵیان بۆ مەنگوڕ برد، سەرەتا باوەڕی نەکرد. بەڵام کە خۆی گۆڕی و بەر لە کەوتنی تەواوی خۆر گەیشتە لای قەفەزەکان سەری لەو هەموو باڵندە قەشەنگە سوڕما. ماوەیەکی درێژ بە بێدەنگی و حەپەساوی یەک یەک سەیری قەفەزەکانی کرد و گوتی «وای خوای گەورە... وای ئەولیا... هەموو تەیری دونیای لەگەڵ خۆی هێناوە... هەموو تەیری دونیا». بەخێرایی کەسانێکی لە ئێمە وەک پاسەوان بە دیار قەفەزەکانەوە دانا و ڕۆیشت بۆ ناو چایخانەکە، هەموو بینیمان کە ماوەیەکی درێژ، زۆر درێژ لەسەر سەری کامەرانی سەلما و دوو هاوڕێکەی وەستا... وەستا و هیچی نەگووت... وەک ئەوەی باوەڕ بە چاوی خۆی نەکات، وەک کەسێک بروسکە لێیدابێت سەیری کامەرانی دەکرد. دواتر بە هێمنی لەسەر کورسییەک دانیشت و دەستی گرت بە دەموچاوییەوە و دەستیکرد بە گریان... ئەوە یەکەمجار بوو مەنگوڕ ببینین دەگری.

لەدوای کوشتنی قەلەندەرەوە، مەنگوڕ بوو بە کەسێکی تر، بوو بە پیاوێکی غەمگین. زۆر ڕۆژ دەهات بۆ چایخانەی پەپولەی ئازاد و لەوێ لەسەر کورسییەک دادەنیشت و قسەی لەگەڵ کەسماندا نەدەکرد، بووبوو بە پیاوێکی زۆر تێکشکاو. گەرچی زۆر لەوە دەترساین ڕۆژێک ئامۆنییەکان زەفەری پێبەرن و بیکوژن، بەڵام ئەو بێباک بوو، جگە لە چەقۆ کۆنەکەی جاران هیچی تری پێ نەبوو. چیدی وەک سەردەمی زوو دڵی بۆ کەس نەدەکردەوە، گەر قسەی بکردبایە، دەیگووت «کوشتنی قەلەندەر هەموو شتێکی تێکدا... هەموو شتێک... هەرچییەک من لەو چەند ساڵەدا کردوومە بە زایە ڕۆی... هەمووی بە زایە ڕۆی».

کە مەنگوڕی بابەگەورە و کامەرانی سەلما باوەشیان بە یەکدا کرد، بۆ ماوەیەکی کورت هەموو دڵمان پڕبوو، هەندێکمان بە ڕاستی گریاین،

هەندێکمان دەستمان بە دەممانەوە گرت و هەندێکمان ڕوومان وەرگێڕا و خۆمان بەشتێکی دییەوە سەرقاڵکرد نەبا بگرین. مەنگوڕ ئێستا هێدی هێدی پیری پێوە دیاربوو، لەدوای کوشتنی قەلەندەر ئێوارەیەک چوو بۆ لای سەوسەن فیکرەت و دوای ئەوە بەپیری هاتەدەرێ. مەنگوڕ هەرگیز باسی ئەو دانیشتنەی خۆی لەگەڵ کچەکەی گوڵدانچییدا نەکرد، بەڵام دەنگۆکان باس لەوە دەکەن کە سەوسەن خان بێوێنە سەرزەنشتیکردوە و گووتوویێتی کەوتنەوەی خوێن لە نێوان بەرەکاندا ئاسان تێناپەڕێت، سەوسەن ڕاستەوخۆ مەنگوڕی بە کوشتنی قەلەندەر تاوانبارکردوە و پێیگوتووە کە گوایە بڕوا و متمانەی ئەوی خراپ بەکارهێناوە و پلەی شەڕانێتی خۆی تا جێگایەکی ترسناک بەرزکردۆتەوە کە ئیدی جێگای بێدەنگی و لێبوردنی تیانەماوە... دەشڵێن کچەکە گووتوویێتی گەرچی ناتوانێت تا هەتاهەتایە لە مەنگوڕ ببورێت و ڕێگای بدات پێ بخاتە ماڵییەوە، بەڵام سوێندی بۆ خواردوە، وەک چۆن چەند ساڵێک پێشتریش سوێندی بۆ خوارد، کە هەڵسەنگاندنی کامەرانی سەلما و دوا بڕیاری گەورەی لەم حیکایەتەدا ملکەچی هیچ جۆرە گرێدانەوەیەکی نابەجێ لە نێوان خراپییەکانی مەنگوڕ و کامەراندا نابێت، بەڵکو هێندە هەیە کە مەنگوڕ وەک نوێنەرێک، وەک کەسێک کە لەدڵەوە زۆر دڵخۆشیکردوە، وەک مرۆڤێک کە بە چیرۆکە سەیرەکانی سەرسامیکردوە، ئیتر بۆی نییە، هەرگیز بۆی نییە پێ بنێتە ئەم ماڵەوە و چاکترە کامەرانی سەلما ڕاسپێرێت کە نوێنەرێکی تر، پەیامهێنێکی تر لە نێوان ئەو و خۆیدا دیاریبکات. دەڵێن کیژەکە سوێندی خواردوە گەر شوو بە کامەرانیش بکات تەنیا مەرجی ئەوە دەبێت ئەو و هاوڕێکانی لەو زەماوەندەدا نەبن و دواتریش تا هەتاهەتایە تا ئەوان ژن و مێردن مەنگوڕ نابێت بچێتە حەوشی ماڵی ئەوەوە.

ئەوانەی چیرۆکەکەیان بۆ گێڕاینەوە دەڵێن مەنگوڕ بە پێچەوانەی

عادەتـی خۆیـەوە، بەپێچەوانـەی ئـەو غـرور و سەرسـەختییە زۆرەیـەوە کـە بەدێژایـی ژیانـی لـە سـیما و ڕەفتاریـدا بـووە، گریـاوە و پاڕاوەتـەوە کـە هەرچییـەک دەکات شـتی وای بەرابـەر نـەکات، نامەکـەی خـۆی دەردەهێنێت و نیشانی سەوسـەنیَ دەدات، سوێنددەخوات کـە تەنیـا لـە بەرخاتـری کامـەران و لەبەرئـەو و بـۆ پاراسـتنی شـکۆی ئـەو چۆتـە حیزبـەوە، سـوێنددەخوات کـە ئەویـش وەک هەمـووان نیگەرانـە و واهەسـتدەکات تاوانەکـە ڕاسـتەوخۆ ئاڕاستەی ئـەو و کامەرانـی سـەلما کراوە، بـەڵام کیژەکە سەرسـەختانە ئەوەی بەبیردەهێنێتـەوە کـە کوشـتنی قەڵەنـدەر بەجۆرێـک دڕندانـە و ناشایسـتە و دوور لـە عورفـی جەنگـە، هەتـا لـە ئیشـی پیاوانـی دەوڵـەت بێڕەحمانەتـر دەنوێنێـت، لەبەرئـەوە هیـچ دڵێـک لـە دڵ نـادات و بڕیاری خـۆی ناگۆڕێـت و لـەو بڕیارانـە پەشـیمان نابێتـەوە. هەمـوو دەڵێـن کـەس لەوەوبـەر هەڵوێسـتی بەوجـۆرە ڕەقـی لـە خانمـی سەوسـەن نەبینیـوە، هەمـوو دەڵێـن فیکـرەت گوڵدانچـی و دکتـور ڕەفعـەت و پڕوشـە کـە لـە ژوورێکـی دیکـەوە گوێیـان لـە قسـەکانیان گرتـووە، بـە دڵڕەقـی و پێداگرتنـی سەوسـەن سەرسـامبوون. هەرچۆنێـک بێـت، مەنگـوڕ دڵشـکاو و دەرکـراو لـە ماڵی گوڵدانچـی دێتەدەرێ، دوای ئـەوە دەبێتـە ڕۆحێکـی شکسـت و غەمگیـن و بێدەنـگ. ئیـدی وەک جـاران بەیانیـان و ئێـواران دەهاتـە چاپخانەکـە، هـەروەک جـاران گیانـی فەرمـان و ڕۆحـی بێباکـی لـە هەمـوو شـتێکیدا بـوو، هەمـوو ئامادەبوویـن هەمـوو داوایەکـی جێبەجێبکەیـن، ئامادەبوویـن بێمـەرج لایەنـی بگریـن و هـەر شـتێک بڵێـت بـۆی بسـەلمێنین، زۆربەمـان باوەڕمـان بـە بێگوناهـی مەنگـوڕ هەبـوو. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا چاونەترسـی و بێباکـی مەنگـوڕ شـوێنی پرسـیاری هەموومـان بـوو، هەمـوو دەمانپرسـی: چـۆن دوای کوشـتنی قەڵەنـدەر ئامـوون، ئاوهـا بێخـەم دەسـوڕێتەوە؟ ناترسـێت بیکـوژن، ناترسـێت تۆڵـەی لێبکەنـەوە. بـەڵام لـە نێـو بـازاڕدا هەنـدێ کـەس باسـی نامەیەکـی نهێنیـان دەکـرد، کـە ئاموونییـەکان بـۆ مەنگوڕیـان نوسـیوە، نامەیـەک تـا

ماوەیەکی درێژ کەسمان نەماندەزانی چی تێدا نوسراوە، هەندێکمان وەک دەنگۆ باسماندەکرد و هەندێکی دیمان ڕاست دەمانقەبڵاند، بەڵام دوای زیاتر لە دوو ساڵ لە ڕۆژێکی زۆر گەرمی سەرەتای ئەیلولدا مەنگوڕ ئەو نامەیەی پیشانی کامەرانی سەلمادا و دواجاریش نامەکە کەوتە دەست سەوسەن گوڵدانچی و تاکۆتایی لای ئەو مایەوە.

ئەو ڕۆژە دوای ئامێزانە گەرم و پڕ سۆزەکان، دوای ئەوەی کامەرانی سەلما بەدەنگی بەرز گووتی «چ خۆشحاڵم کە لێرەم، چ خۆشحاڵم... من لەسەر کورسی و شۆستە و لاڕێگاکانی زۆر شارانی دونیا خەوتم، سوێندم خوارد ئەو ڕۆژەی دەگەڕێمەوە یەکەم پشووم لەسەر کورسییەکانی ئەم چایخانەیە بێت و یەکەم چای نیشتیمانم لێرەدا بخۆمەوە و یەکەم سەرخەوم لەسەر ئەم کورسیانە بشکێنم، سوێندم خوارد قەتاری باڵندەکانم لە ناوەڕاستی شار و لەو جێگایەدا بوەستێنم کە دواجار تێیدا ماڵاواییم لە ئێوە کرد، سوێندم خوارد بەرلەوەی باوەشبکەم بە خوشک و پور و کەسەکانی خۆمدا، باوەشبکەم بە ئێوەدا... سوپاستانبکەم... سوپاسی وەفا و کۆمەکتانبکەم... ئێستا ئێوە نازانن من چەند دڵخۆشم کە دەگەڕێمەوە... کە باڵندەکانم بە سەلامەتی هێنایەوە ئەم شارە... سەفەرێکی ئاسان نەبوو... بەڵام ئێستا هەستدەکەم کاتی هاتووە بە هێمنی ماندوێتی ئەو هەموو ساڵە لە گیانم دەربچێت... هەستدەکەم هێندەی هەناسەی ئەم شارە هەڵدەمژم و بای ئەم شارە بەر ڕوخسارم دەکەوێت... هەموو شتێک لام دەبێتە ڕابوردوو... من لێرەدا... ئا لێرەدا سوێندتان بۆ دەخۆم کە هەرگیز تا هەتاهەتایە جارێکی تر ئەم شارە بەجێناهێڵم، خۆشحاڵم کە بەعسییەکان لێرە نەماون، خۆشحاڵم دەگەڕێمەوە بۆ شارێکی ئازاد، من سوێندتان بۆ دەخۆم جارێکی تر ئەم شارە بەجێناهێڵم... سوێندتان بۆ دەخۆم، هەتا ئەگەر ئەم شارە تاعوون لە ناویدا بڵاوبێتەوە، درمی ترسناک کۆڵانەکانی پڕکەن لە مەیت،

کوچەکانی چۆڵ ناکەم... ئێوە هەمووتان دۆعام بۆ بکەن کە سەوسەن فیکرەت، ئەو کچەی بۆ خۆشەویستی ئەو دونیام تەیکردوە بە هاوسەری خۆی هەڵمبژێرێت... دەست بخەنە سەر دڵتان و دۆعام بۆ بکەن کە شتێک بچێتە دڵێ خانمی سەوسەنەوە و من لە هەموو عاشقانی تر باشتر ببینێت و باڵندەکانی من زیاتر سەرنجی ڕابکێشن، دۆعام بۆ بکەن و هیچ کات لە دۆعاکردن مەوەستن... بەڵام ئێستا هەستدەکەم، ڕۆژی ئاهەنگمانە... هیوادارم ئەمە سەرەتای ئاهەنگی هەرە گەورەمان بێت... ئاهەنگی هەرە گەورە».

ساڵانێک دواتر کە بیری قسەکانی ئەو ڕۆژەمان دەکەوتەوە، خوێن لە دڵمان دەهات. بەڵام ئەو ساتە ساتی شادی بوو. مەنگوڕ بەبینینی وەها گەشابووەوە خۆشحاڵی و کەیفی جارانیمان بەیاددا دەهاتەوە. کامەرانی سەلما پێدەچوو چیتر ئەو گەنجە سەرەڕۆ و تووڕەیە نەبێت کە زیاد لە هەشت ساڵ لەوەوبەر نیشتیمانی بەجێهێشت. گەلێک جوانتر و دونیادیدەتر و پڕ حیکمەتتر دەینواند، دەنگی وەک جاران تووڕەیی و لەرەی ناکامڵی تێدا نەبوو، وشەکانی پڕبوون لە دڵنیایی و بڕوا بەخۆبوون. مەنگوڕ جار دوای جار باوەشی پیادەکرد و دەیگووت «ئای کوڕی خۆم... ئای کوڕی خۆم». دواجار مەنگوڕ لە ناوەڕاستی چایخانەکەدا وەستا و دەستی بەرزکردەوە و گووتی «خۆشبەخت ئێمەین، شادومان ئێمەین کە دووبارە تۆ دەبینین، بەخێربێیتەوە بۆ ناومان. ئەمڕۆ هەموو ئاهەنگدەکەین، بەڵام نا... ئێستا خوشکانت و پورانت و خێزانی گەورەت چاوەڕوانتدەکەن... بەرلەوەی هیچ بڵێیت... بەرلەوەی باسی هیچ شتێک بۆ هیچ کەس بکەیت، دەبێت بگەڕێیتەوە ماڵێ، لەوێ بخەویت و خۆت بشۆیت و پشوودەیت... من لێرەدا پاسەوانی باڵندەکان دەکەم... تا ئێوارێ... تا ئێوارێ، ئەوسا بە هەموو ویقاری خۆتانەوە وەرن و دەچین بۆ ماڵی گوڵدانچی و تۆ لەوێ دەچیتە ژوورێ و هاتنەوەی

خۆت بۆ سەوسەن خان و باوکی ڕادەگەیێنیت... وادەکەین... وادەکەین... ئاە بەخێربێیتەوە کورِم... دووبارە بەخێربێیتەوە».

کامەران هەر ئەو بەیانییە هاوڕێ ئێرانییەکانی خۆی بە ئێمە ناساند، یەکێکیان هەر لە سەرەتای سەفەرەکەیەوە ماوەی جیاجیا لەگەڵیدا بووبوو، زۆر وڵات لەگەڵیدا گەڕابوو، لە زۆر جێگای سەخت و لە زۆر قورتمی گەورە دەربازیکردبوو، ئەوی دیشیان وەک چاوساغ لە پەڕاندنەوەی قەفەزەکان و باڵندەکان لە سنوورەوە کۆمەکیکردبوون... بەڵام ئێمە بەشێوەیەک بەبینینی کامەران و باڵندەکان سەرسامبووین بایەخێکی زۆرمان بەوان نەدا.

بەیانییەکی سەیربوو، باڵندەکان بە جۆرێکی شێتانە دەیانقیرِاند و دەیانخوێند، دەنگیان بەجۆرێکی نائاسایی بەرز و خرۆشیان بێوێنە بوو. قیژە و چریکەی هەندێکیان بەجۆرێک بڵند بوو مرۆڤ لە شەقامەکانی شاردا وای هەستکرد لە دارستانە چرِەکاندا ونبووە. ئەو ڕۆژە پێدەچوو دەنگی ئەو باڵندانە زووتر لەوادەی خۆی شاری لە خەو هەستاندبێت. لە مێژووی شاری ئێمەدا ڕووی نەدابوو باڵندە بەوجۆرە سەرنجی خەڵک ڕابکێشێت. هەواڵی گەیشتنی باڵندەکان کە هەشت ساڵ بوو چاوەڕێماندەکرد بە خێراییەکی بێوێنە بەسەر هەواڵە تاڵەکانی شەڕی ناوخۆدا زاڵ بوو، هەر لە بەیانی زووەوە خەڵکانێکی زۆر هاتن بۆ سەیری قەفەزەکان. پێدەچوو مەنگوڕ پێشبینی هەموو شتێکی کردبێت، خۆی و چەندانێک لە ئێمە لە بەردەم قەفەزەکاندا بۆ پاسەوانی وەستاین، منداڵانی هارمان لە باڵندەکان دوورخستەوە، دیوارێکمان لە نێوان باڵندەکان و ئەو چاوە فزوڵانەدا دروستکرد کە هەندێکیان نیازی پاکیان نەبوو، دەمودەست قەدەغەمانکرد کەس خواردن بە باڵندەکان بدات. بەڵام ئەوەی سەیربوو خرۆشی نەسرەوتی خودی مەلەکان بوو، هەموو هەستمانکرد زۆر دڵخۆشن، گەلێک بەختەوەر دیاربوون، هەندێکیان زۆر

سەرسامانە لە دەلاقەی قەفەزەکانەوە سەیریاندەکردین، پێدەچوو ئەوانیش هێندەی ئێمە بەبینینی ئێمە سەرسامبن، وەک ئەوەی هەستبکەن فڕیون بۆ ئەستێرەیەکی تر و لەسەر پلانێتێکی تر نیشتوونەتەوە... زۆرکات هەستماندەکرد هێندەی ئێمە بۆ ئەوان غەریب و نائاساییین، ئەوان بۆ ئێمە وەها نین، هێندەی ئەوان فزوڵیان هەیە ئێمە ببینن و تێمانبگەن ئێمە نیمانە... مەنگوڕ بۆ ئەوەی جەنجاڵی و کۆبوونەوەکان لەدەوری قەفەزەکان کەمبکاتەوە، لە مبەرەو بەری شەقامەکەدا چوار پێنج خاڵی بەشینەوەی پاقلاوە و شیرینی و شەربەتی دانا. ڕێبوارەکان دەیانتوانی لەوێدا شەربەت و شیرینی بخۆن و پیرۆزبایی هاتنەوەی کامەران بکەن. ئەوەی سەیربوو ئەو ڕۆژە هیچ یەک لە شاعیران و شێوەکاران و مۆسیقارەکانی شار نەهاتنەدەرێ و نەهاتن بۆ سەیری باڵندەکان، کەس لەوان لەدەوری قەفەزەکان دەرنەکەوتن... هیچ کەسیش لە ئێمە، هەواڵێکی لە سات و وادەی گەڕانەوەی دوو داواکارەکەی دی نەدەزانی.

٣٨

لە ئێوارەدا کامەرانی سەلما و مەنگوڕی بابەگەورە و مەریوانی مەمە و لیچ قۆقز لە ماشێنێکی سپیدا کە ئامۆزایەکی کامەران لێیدەخوڕی بەرەو ماڵی سەوسەن فیکرەت بەڕێکەوتن، کاروانی باڵندەکان پازدە قەفەزی گەورە بوو کە دوو ماشێن ڕایاندەکێشا، هەندێکیان لە ناوەوە بووبوون بە دەیان وردە قەفەزی دیکە، زۆربەی قەفەزەکان لەسەر تایەی تایبەتی ڕاگیرابوون کە ئاسان لەسەر هەموو شێوە ڕێگایەک دەیانتوانی بجوڵێن، تایەکان وەها کرابوون بتوانن بە شەقامی دژوار و ڕێگای درێژ و سەختیشدا تێپەڕن. کاتێک کاروانەکە لە نزیکی چایخانەی پەپولەی ئازادەوە بەڕێکەوت، جوڵەیەکی نائاسایی کەوتە شەقامەکان. خەڵکانێکی زۆر لەمبەرەوبەرەوە بەسەرسامی سەیری کاروانەکەیان دەکرد، هەندانێک توانجی ناشیرین و کەمێکیش لە پیاوە هەمیشە بێزارەکانی شار جنێویان بە ئێمە و باڵندەکان دەدا، هەندێک بە ناشایستەیان دەزانی لە سەردەمێکی واسەختدا، لە ڕۆژانێکدا شەڕ لە زۆر شار و شارۆچکەی مەملەکەتدا ئاگری سەندوە، ئێمە سەرقاڵی «کۆمەڵێک تەیری نەخۆش» بین. بەڵام ئێمە بە بێدەنگی لە تەنیشت کاروانەکەوە دەڕۆیشتین و باکمان بەو جۆرە قسانە نەبوو.

لیچ قۆقز یەکەمین کەس بوو کە هەواڵی هاتنەوەی کامەرانی بۆ سەوسەن فیکرەت برد. کە لای نیوەڕۆ هاتەوە بۆ چایخانەکە وەها

خرۆشـابوو، واماندەزانـی خەریکـە شـێت دەبێـت، بەدەنگـی بـەرز هەمـوو شتێکی بـۆ گێڕاینـەوە، لەگـەڵ قسـە و هاوارەکانـی خۆیـدا سـوورتر و سـوورتر و لچـی قۆقزتـر و قۆقزتـر دەبـوو، گووتـی «ئەوکاتـەی لەدەرگامـدا و چوومـە ژووریٚ باجـی سەوسـەن لەگـەڵ منداڵـی خوشـکەکەیدا پێکـەوە لـە ئاسـماندا سـەیری بەعـزیٚ باڵندەیـان دەکـرد، تـا ماوەیەکیـش ئاگایـان لـەوە نەبـوو کـە مـن لـە بەردەمیانـدا وەسـتاوم. کـە سـەرنجی منیانـدا وەک لاڵ وەهابـووم، بیلاهـی بـە نەوعێـک لەبەردەمیـدا پەشـۆکام هەناسـەم بـۆ نـەدەدرا، خەریـک بـوو بگریـم... بـەڵام پێـش ئـەوەی بگریـم، پێـش ئـەوەی فرمێسـکەکان لـە چـاوم بێنەخـواریٚ هاوارمکـرد، باجـی، باجـی گیـان، لێرەیـە... هاتـەوە... ئـەم بەیانییـە هاتـەوە. یەکەمجـار هـەر سـەیریکردم و هیـچ تێنەگەیشـت، مـن فرمێسـک لـە چـاوم هاتەخـواریٚ، بـە شـەرەفی دایکـم فرمێسـک وەک بـاران لـە چـاوم دایکـرد و گووتـم کامەرانـی سـەلما گەڕایـەوە، وەعدەکـەی خـۆی بەجێهێنـا و گەڕایـەوە، هەمـوو باڵنـدەی دونیـای هێنـاوە... هەمـوو باڵنـدەی دونیـا... هەمـوو باڵنـدەی دونیـا. بێئـەوەی ئـاگام لـە خـۆم بێـت، لـە هەڵچوون و شـپرزەییدا دەمقیژانـد، دەسـتم بەرزدەکـردەوە و دەمگـووت هەمـوو باڵنـدەی دونیـا. باجـی سەوسـەن هـەر سـەیریدەکردم و هیچـی نەدەگـووت، ئینجـا منداڵەکـەی دانـا و گووتـی بەڕاسـتی لێرەیـە... بەڕاسـتی. مـن گووتـم بەقەبـری هەرچـی ئەسـحابەیە، بـە گـۆڕی باوکـم، مـن خـۆم ئێسـتا لای قەفەزەکانـەوە هاتـووم. مـن مەنگـوڕ ڕایسـپاردم بێـم، حەزیدەکـرد خـۆی ئـەم مژدە خۆشـە بـۆ تـۆ بهێنێـت، خـۆی ئـەو شـەرەفەی پێببرێـت، بـەڵام هەمـوو دەزانیـن تـۆ حەرامتکـردوە پـیٚ بخاتـە حەوشـەکەتانەوە، بـەس خـودا خـۆی دەزانێـت کـە چەنـدە خـەوی بـەوەوە دەبینـی خـۆی ئـەم هەواڵەتـان بـۆ بهێنێـت، باجـی بـە قەبـری بـرای جوانەمەرگـم، هەشـت ساڵـە خـەو بـەوەوە دەبینێـت ڕۆژێـک بێـت خـۆی ئـەم مژدەیەتـان پێبـدات، بـەڵام دڵـی ئێـوەی لـە هەمـوو شـتێکی تـری دونیـا لا عەزیزتـرە، ئیتـر ناچـار، بەوەڵاهـی ناچـار منـی ڕاسـپارد... مـن...

کە پێتـان بڵێم کـە ئێـوارێ، خۆمـان و هەمـوو قەفـەزەکان دێیـن بـۆ ئێـرە... هەمـوو دێیـن... خوابـکات ئێـوە ئامادەبـن... خوابـکات ئامادەبـن».

لـە قۆقـز هەمیشـە و هەمیشـە بـە شـانازییەوە باسـی ئـەو سـاتەی دەکـرد، خۆشـحاڵ بـوو شـەرەفێکی وەهـای پێبـڕاوە یەکەمیـن کـەس بێـت هەواڵەکـە بـۆ ماڵـی گوڵدانچـی بەرێـت. ئێمـە لـە نیـوەڕۆدا بیسـتمان کـە گوڵدانچییـەکان زۆریـان لـە ماڵـی فیکـرەت کۆبوونەتـەوە تـا لـەو سـاتە تایبەتـی و سـیحراوییەی مێـژووی خێزانەکەیـان بێبـەش نەبـن. لـەو هەشـت سـاڵ و نیـوەدا کەسـیان لەو بـاوەڕەدا نەبـوون چیرۆکەکـەی سەوسـەن ترۆپکێکـی وا ئەفسـانەیی تێدابێـت. ئـەوەی خەڵکانێکـی زۆر بـە شـادییەوە دوای کاروانەکـە کەوتـوون، ئـەوەی هەندێـک بـە ئـاڵای کوردسـتانەوە لەگـەڵ باڵندەکانـدا دەڕۆیشـتن مایـەی سەرسـامی خـودی فیکـرەت گوڵدانچـی بـوو، کاروانەکـە نزیکـی سـەعات شـەش و نیـوی ئێـوارە گەیشـتە کۆڵانـی ماڵـی سەوسـەن، سـەدان کـەس لەگـەڵ کـەژاوەی باڵندەکانـدا دەڕۆیشـتین، نـا... نـا، وەک گوتـم پێشـتر لـە مێـژووی شـارەکەدا ئاوهـا باڵنـدە خەڵکـی بەخۆیـەوە سـەرقاڵ نەکـردوە. جەنجاڵییـەک بـوو مەپرسـن. لـەو ڕۆژەوە ئـەو کۆڵانەمـان ناونـا «کوچەی باڵنـدەکان»، ماڵی سەوسەنیشـمان ناونـا «ماڵـی باڵنـدەکان». کـە کاروانەکە گەیشـتە پێشـدەمی ماڵـی گوڵدانچـی، سەوسـەن بـە هاوڕێتـی هەریـەک لـە فیکـرەت و عیـزەت گوڵدانچـی بـۆ پێشـوازی گەڕیـدە دوور وڵاتەکـە هاتـەدەرێ، جگـە لـە مەنگـوڕ کـە بەتەنیـا لـە ماشـێنەکەدا مایـەوە، هەمـوو سەرنشـینانی ماشـێنەکە دابەزین. کامـەران جلێکـی کـوردی قەشـەنگی پۆشـیبوو، گەلێـک لـە بەیانـی بۆشـناختر و جوانتـر و پیاوانەتـر دەینوانـد، بێئـەوەی بشـڵەژێت، بێئـەوەی وەک جـاران قەرەباڵغـی زمانـی ببەسـتێت، یەکەمجـار بـە حورمەتێکـی مەردانـەوە تەوقـەی لەگـەڵ دوو پیاوەکـەدا کـرد و ڕوویکـردە سەوسـەن فیکـرەت و گوتـی «خانـم ڕێـز و حورمەتـی زۆرم... خۆشـحاڵم دوای ئـەم هەمـوو سـاڵە تەندروسـت و سـەلامەت دەتبینمـەوە، مـن ئەمـڕۆ بەیانـی گەیشـتمەوە شـار، پتـر لـە هەشـت

ساڵە بۆ تۆ بەم دونیایەدا وێڵم، خۆم بە بەختەوەرترین مرۆڤی ئەم زەوییە دەزانم کە توانیم باڵندەکان بەسەلامەتی بگەێنمەوە ئەم شارە و تا بەر دەرگای ئێوە بیانهێنم، ئەوە کلیلی هەموو قەفەزەکانە خانم، ئەوە کلیلی هەموو قەفەزەکانە، حەزدەکەم لە بەرچاوی خەڵکی بەڕێزی ئەم شارە بیدەمە دەستتان. خۆت دەتوانیت یەک بە یەک سەیریانبکەیت... لەم ساتە بەدواوە سەوسەن خان هەموو ئەم باڵندانە موڵکی تۆن».

هەموو بینیمان کە بەندێک کلیلی گەورەی دەرهێنا و بە ڕێزێکی زۆرەوە نوشتایەوە و کلیلەکانی دایە دەست سەوسەن فیکرەت، کە گەلێک پەشۆکاو و نامۆ دەردەکەوت، لە کاتێکدا هەموان بەخێرهاتنەوەی کوڕەکەیان دەکرد، ئەو هیچی نەگووت، بەڵام بەجۆرێکی سەرسامانە سەیری کامەرانی سەلمای دەکرد، هەموو دڵنیابووین ئەو جۆرە سەیرکردن و نیگایە هێندەی تر ئاگر لە کامەران بەردەدات. لە ناکاو کامەران سەیری هەموومانی کرد، ئاوڕێکی خێراشی لە قەفەزەکان دایەوە، وەک ئەوەی شتێکی بیرچووبێت ڕوویکردە یەکێک لە قەفەزەکان و کلیلێکی جیای دەرهێنا و دەرگاکەی کردەوە و چووە ناوەوە و لەوێ لەگەڵ باڵندەیەکدا هاتەدەرێ. مەلێکی شێوە کۆتر، بە سەرپشت و سەرێکی خۆڵەمێشی کاڵەوە، تەیرێک باڵەکانی سپی بوون، کۆمەڵێک کەوانەی قاوەییان لەسەر بوو، سنگیشی سپی سپی بوو، بەڵام لە ناوەڕاستیدا ئەو سپێتییەدا پەڵەیەکی سوور هەبوو، وەک ئەوەی خوێن لە سینەی هاتبێت و دایدابێتە سەر پەڕەکانی. کامەران باڵندەکەی بەرزکردەوە و پیشانی هەمووماندا و گووتی «ئەمە ناوی کۆتری سینەزامدارە، کە لە ئەزەلەوە بەم پەڵە سوورەوە دێتە دونیاوە... لە باڵندەکانی ترم خۆشتردەوێت، خانم ئەمەیان دیاری تایبەتی منە... دیاری تایبەتی منە... گەر شووت بە من کرد یاخود نا، ئومێدم ئەوەیە ئەم باڵندەیە لە ژووری خۆتدا هەڵگریت و هەرکاتێک ئەوت بینی بیر لە من بکەیتەوە». هەموو گوێمان لێبوو کە سەوسەن باڵندەکە

دەگرێت و سەیریدەکات و بۆنیدەکات و دەڵێت «گالیکۆلۆمبا لۆزۆنیکا... گالیکۆلۆمبا لۆزۆنیکا». سەرەتا هیچ تێنەگەیشتین... هیچ، واماندەزانی کیژەکە خەریکە دەکەوێتە ورێنە و دۆخێکی نائاسایی تووشبووە، بەڵام سەری بەرزکردەوە و سەیری کامەرانی سەلمای کرد و بە ئەسپایی گوتی «کۆتری سینەزامدار، گەلێک جوانە... بەڵام ناوە لاتینییەکەی گالیکۆلۆمبا لۆزۆنیکایە... گالیکۆلۆمبا لۆزۆنیکا، تەنیا لەسەر یەک دوو دوورگەی بچوک لە دوورگەکانی ئەندەنوسیا دەژی، لەوە بترازێت لە هیچ شوێنێکی تری جیهاندا نییە...». وشەکان بەجۆرێک لە زاری خۆشبوون، هەندێک لەوانەی لە دەوری کەژاوەی باڵندەکان وەستابوون، لەو کەسانەی هەر بە فیترەت لەبەر سیحری ئافرەتدا لاوازن خەریکبوو ببورێنەوە. سەوسەن سادە خۆی گۆڕیبوو، مەکیاجێکی کاڵ و تەنکی کردبوو، کراسێکی سپی بێملوان و پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەردابوو، بەڵام یەک ڕەفتەی مۆری لە گەردنی ئاڵاندبوو، ئەو ڕەفتەیە جوانییەکی وەهای پێبەخشیبوو، نەماندەتوانی چاوی لەسەر بگوازینەوە و سەیری شتێکی دیکە بکەین. دڵنیام هەموو ئەوانەی گومانیان لە جوانی سەوسەن فیکرەت هەبوو، گەر ئەو ئێوارەیە بیاندیبایە، دەیانزانی چ هەڵەیەکی گەورەیان کردوە. سەوسەن ئەو ئێوارەیە «کۆتری سینەزامدار» ی لە دەست کامەران وەرگرت و گووتی «کامەرانی سەلما، شووت پێبکەم یاخود نا، ببیت بە هاوسەرم یاخود نا ئەم باڵندەیە تا مردن لەگەڵمدا دەمێنێتەوە... تا مردن».

سەوسەن لەگەڵ باوکی و مامی «دواتریش دکتۆر ڕەفعەت چووە ڕیزیانەوە» بەسەر باڵندەکاندا گەڕان. تا ئەو ئێوارەیە نەماندەزانی سەوسەن چ کچێکی زیرەکە، چ شارەزایەکی گەورەی دونیای باڵندەکانە. دەچووە بەردەم هەر قەفەزێک، سەیرێکی باڵندەکەی دەکرد و وەک زانایەکی گەورەی باڵندە ناوە لاتینییەکەی دەگووت، ئەو ناوە درێژ و ئاڵۆز و دووبەشانەی لە گوێی ئێمەدا تابڵێی قورس دەزرینگانەوە، لە بەردەم

یەکێـک لـە قەفەزەکانـدا هاواریکـرد «ئارتیکۆرنێـس کلامۆسـۆس... خـوای گەورە یەکێکە لە باڵندە دەگمەنەکان کە بەرەو نەمان دەچێت، یەکێکە لە هەرە باڵندە شەرمن و دەگمەنەکانی دونیا، کە لە سەر ڕووبەرێکی زۆر بچوک لە باشووری خۆرئاوای ئوستراليا و هەندێ ژمارەی کەمیشی لە خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتەدا دەژین... دەنگێکی بەرز و پڕنەغمەی هەیە... خوای گەورە چی دەبینم، ئارتیکۆرنێس کلامۆسۆس».

چەند قەفەز ئەولاتر، پێکەنی و باڵندەیەکی بڵند و باڵابەرزی نیشاندایین کە بەلەش و باڵ لە داڵ دەچوو، قاچی وەک لەقلەق درێژبوو، بەڵام بنڕانەکانی ئەستوور و کڵاوبەڕێکی قەشەنگیشی لە پشتی سەرییەوە هەبوو. گووتی «ئەمە سکرتێرە، لە زۆربەی زمانەکاندا بە سکرتێر ناویدەنێن، چونکە کڵاوەکەی سەری لەو پەڕەموچە دەچێت کە نوسەرانی کۆن دەیانخستە پشت گوێیانەوە، لە توخمی داڵە، لەو کیاوگۆڵانەدا دەژی کە لە خوار بیابانەکانی ئەفریقاوە سەوزبوون، چنگێکی زۆر بەهێزی هەیە، باڵندەیەکی مارکوژ و مارخۆرە، بەو قاچە بەهێزانەی دەکێشێت بە مارەکاندا تا ڕۆحیان دەکێشێت، پیاکێشانێکی ترسناکی هەیە، گەر بەر مرۆڤیش بکەوێت بریندارێدەکات... ناوە لاتینییەکەی سەکیتاریۆس سێرپەنتاریۆسە... تەیرێکی جوان، بەڵام ترسناکە... وانییە کامەران؟»».

کامەران بە حورمەتەوە سەیریکرد و گووتی «هەموو زانیارییەکانت تەواون خانم... باڵندەیەکی ئەمین نییە، مرۆڤ دەبێت خۆی لە چنگە تیژ و قاچە درێژەکانی بپارێزێت... زۆر ڕاستە خانم، باڵندەیەکی پیادەڕەوە، شەق هاوێژێکی بێڕەحمە، وەکو تریش بەسەعاتی دووروودرێژ بەپێ بە ناو گژوگیادا دەڕوات، ڕاودەکات و پیاسەدەکات، ها خانم... ڕاودەکات و پیاسەدەکات. لەم قەفەزەدا دڵی زۆر خۆش نییە، بەڵام چاری نییە، خۆی دەزانێت کە چاری نییە».

یەکە یەکە سەیری هەموو باڵندەکانیان کرد، سەوسەن باسی زۆر لە

باڵندەکانی بۆ کردین، ئەوە یەکەمجار بوو ببینین کە بەوجۆرە دەکرێتەوە و بەوشێوە گەش و دەنگە ساف و ڕوخسارە بێگەردە سەیرماندەکات و بۆمان دەدوێت، هەموو هەستمان بە بەختەوەریی کرد... بەختەوەرییەک لەو چەشنەی مرۆڤ لەگەڵیدا بیری دەچێتەوە بۆ بەختەوەرە. فیکرەت گوڵدانچی و عیزەتی براشی لە دیمەنی ئەو هەموو باڵندە سەیر و ناوازەیە سەرسامبوون. دکتۆر ڕەفعەت بە نیگایەکی تیژەوە، بەچاوی پزیشکێکەوە کە بەوردی تەماشای نەخۆشێک دەکات، سەیری باڵندەکانی دەکرد، دکتۆر گەرچی کوڕێکی گەنج بوو، بەڵام کەمەکەمە خەریک بوو ورگی دادەنا و چاویشی بەخێرایی کزدەبوو، ڕۆژ دوای ڕۆژ شێوە سەیرکردنی پزیشکە پیرەکان بە نیگایەوە دەردەکەوت. هەموو هەستمانکرد بە گومانەوە سەیری باڵندەکان دەکات، بەشتێک لە ئیرەییەوە سەیری سەوسەن دەکات، پێوەی دیاربوو دەیەوێت لە هەرجێگایەک بێت، هەر خۆی پیاوە زیرەکەکە بێت کە هەموو زانیارییەک لای ئەو دەست پێدەکات و لای ئەو دوایی دێت. دوای بێدەنگییەکی دووروودرێژ دکتۆر بە دەنگێکی گوماناوی و بەنیگایەکی ژێرەوانکێ لە بن چاویلکەکەیەوە گووتی «واهەستدەکەم ئێستا کێشەیەکی زۆر گەورەمان هەیە... کێشەیەکی زۆر گەورە». فیکرەت گوڵدانچی سەیریکرد و گووتی «کێشەی چی، جەنابی دکتۆر؟». دکتۆر گووتی «کێشەی شوێن... جەنابی گوڵدانچی... کێشەی شوێن، ئەم هەموو باڵندەیە لە کوێ دادەنێیت؟».

هەموو سەیری یەکدیمان کرد و گوێمان لێبوو گوڵدانچی دەڵێت «بەڵێ دکتۆر ڕەفعەت هەق بەتۆیە کێشەی شوێن، کێشەیەکی گەورەیە... زۆر گەورەیە. بەڵام دەبێت بەهێمنی بیری لێبکەینەوە، بۆ ئەمشەو دەشێت باڵندەکان لە حەوشی ماڵی ئێمەدا بمێننەوە... بۆ ئەمشەو و چەند شەوێکی دیش دەتوانین لە حەوشی ماڵی خۆماندا جێگایان بکەینەوە، بەڵام بۆ دواتر شوێنی گەورەترمان دەوێت».

٣٩

ئاهەنگەکانی ئەو شەوە تابەیانی بەردەوام بوون. لەو سەردەمەدا هێشتا غەریبی و کۆچکردن لە شاری ئێمەدا نەبووبوو بە شتێکی ئاسایی، هێشتا هاتنەوەی غەریبان هۆیەک و بەهانەیەکی باش بوو بۆ ئاهەنگ، ئەمڕۆ پازدە ساڵ دوای ئەو شەوە، دوای ئەوەی دەیان هەزار خێزان و کوڕ و گەنجی ئێمە بەسەر زەویدا ئاوارەبوون و نیشتیمانیان بەجێهێشت، چیتر هاتنەوەی غەریبان بۆنەیەکی سەیر نییە و شتێک نییە شایستەی ئاهەنگ بێت. کە لە هاوینی ساڵی نەوەدوچواردا کامەرانی سەلما گەڕایەوە، جیهان لە خەیاڵی ئێمەدا هێشتا شوێنێکی سیحراوی بوو، جێگایەک بوو پڕ لە ئەفسانە، پڕبوو لە شتی نەبینراو و نەبیستراو... هەر کەسێک لە دونیاوە بەرەو ئەم شارەی ئێمە بهاتبایە، چیرۆکی سەیر و پڕ نهێنی و نەبیستراوی بۆ دەهێنایەوە. ئەو ڕۆژەی کە کامەرانی سەلما هاتەوە ئێمە لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەو پەتایەدا بووین کە دونیا بناسین. ئەو شەوە لە ژێر زەمینی ئوتێلەکەی باوەجاندا، شێتانەترین ئاهەنگمان گێڕا. مەنگوڕ شێتانە مەسرەفیکرد، تا نیوەشەو دوو کەبابخانە کەبابیان بۆ دەبرژاندین، لای هەموو مەشروب فرۆشەکان چی خواردنەوەمان دەستکەوت کڕیمان، سەدان قوتو بیبسی و کۆلای ئێرانیمان هێنا، لە بەیانیشەوە پاقلاوەخانەکانمان ڕاسپاردبوو پاقلاوەمان بۆ دروستبکەن. شەوێکی سەیربوو، ژێر زەمینی ئوتێلەکەی باوەجان کەسێکی تری نەدەگرت، مەنگوڕ باندێکی مۆسیقیشی

گرتبـوو مۆسـیقامان بـۆ بژەنـن و گۆرانیمـان بـۆ بڵێـن. کامەرانـی سـەلما و مەنگـوڕ هەردووکیـان لەسـەر مێـزە گەورەکـەی ئێمـە دانیشـتبوون. مەنگـوڕ گووتـی «کوڕینـا، ئەمشـەو خۆشـترین شـەوی ژیانمـە... لـەو کاتـەوەی لـە دایکبـووم دونیـا قوونـی تێکـردوم و بەدبەختـی لـەدوای بەدبەختـی دێتـە سـەر ڕێـگام، بـەڵام هەمـوو ناخۆشـی ئـەم چەنـد سـاڵەم ئێسـتا تێپـەڕی... بـە سـەری عەزیـزی هەمـووان ئەمشـەو شـەوی ئەوەیـە ئێمە قـوون بکەینـە دونیا... شـەوی ئەوەیـە هەمـوو مەسـت بیـن و کـەس تـا بەیانـی ڕێـگای ماڵـی خـۆی نەدۆزێتـەوە». مەنگـوڕ زۆر بـە کەیـف بـوو، ئـەو شـەوە بـۆ یەکەمجـار گوێمـان لێبـوو گۆرانـی بـۆ گووتیـن، پێشـتر نەمانبیسـتبوو مەنگـوڕ دەنگـی خـۆش بێـت، بـەڵام سـەرەتا «لەبـەر نـازی چـاو بـازان» و دواتـر «بابچینـە سـەر وەیـس»ی گـووت. بـە دەسـتە توکنەکانـی پەرداخـی عارەقەکـەی گرتبـوو و بـازووە خـڕ و ئەسـتوورەکانی لەسـەر مێزەکـە دانابـوو و گۆرانـی دەگـووت، چـاوی لێکنابـوو و بەدەنگێکـی پـڕ سـۆز وشـەکان لـە دەمـی دەهاتنـەدەرێ. مەنگـوڕ لەوانـە نەبـوو کـە زۆر بخواتـەوە، کەمجـار لـە دوو پێـک زیاتـری هەڵـدەدا، کەسـێک بـوو دەیویسـت هەمیشـە ئـاگای لـە خـۆی بێـت، هەتـا لـەو شەوەشـدا تـەواو ئـاگای لـە خـۆی بـوو، کامەرانـی سـەلما و دوو ئێرانییەکـە لـە ملاو لایەوە دانیشـتبوون. ئـەو شـەوە هەسـتمان بـەو هەمـوو گۆڕانـە قووڵانەکـرد کـە سـەفەر لەسـەر شێوەی قسـەکردن و سـەیرکردن و جووڵاندنـەوەی کامـەران جێیهێشـتبوو. هـەر ئـەو شـەوەش ئاشـکرابوو کـە بەدرێژایـی ئـەو هەمـوو سـاڵە، مەنگـوڕ مەسـرەفی سـەفەری ئـەم کـوڕەی بـە نهێنـی کـردوە، هەرچییەکـی کـردوە بۆئەوەبـووە تین و تاوێـک بـدات بـەم پیـاوە تـا لـە سـەر ڕێگاکانـی جیهانـدا ون نەبێـت، ئـەوەی وەک پەیامـی سـەرەکی و گـەورەی ژیانـی خـۆی تەماشـاکردوە. ئـەو شـەوە هەمـوو تێگەیشـتین کـە مەنگـوڕ بـۆ پەیداکردنـی پـارەی ئـەم سـەفەرە درێـژە لـە قاچاغچێتـی عارەقـەوە بـۆ ئێـران ئـاڵاوە، لـە دزییەکانـی پێـش ڕاپەڕینـەوە ئـاڵاوە، لـە تاڵانییەکانـی دوای ڕاپەڕینـدا بەشـداربووە، دەسـتی لـە ئاودیوکردنـی

ماشێن و کەلوپەلە گرنگەکانی وڵاتدا هەبووە بۆ ئەودیو سنوور، چۆتە حیزبەوە بۆ ئەوەی ئاسان پارەی دەستبکەوێت. نەوەک هەر ئەوە بەڵکو وەک دواتر زانیمان کۆشکێکی زۆر زۆر گەورەشی کڕیوە و دایناوە کامەران دوای ژنهێنان بچێتە ناوی. ئەو شەوە مەنگوڕ خۆی هیچی نەگووت، بەڵام لە ڕێگای قسەکانی کامەرانی سەلماوە بۆمان دەرکەوت ئەو تەنیا بەو کۆمەکانە توانیوێتی بە ڕێگادا بڕوات و بە پارەی ئێمە لەنێوان شارەکان و وڵاتەکاندا سەفەریکردوە. بەڵام ئێمە کێ بووین... ئێمە لە مەنگوڕ بەولاوە کەسیتر نەبووین کە بە ناوی هەمووانەوە کۆمەکی ئەم کوڕەی کردوە، بە ناوی هەمووانەوە نامەی بۆ نوسیوە، بە ناوی هەمووانەوە تین و هێزی سەفەری پێبەخشیوە. ئەوشەوە کامەرانی سەلما لە نێوان گۆرانییەکاندا جار جار باسی جیهانی بۆدەکردین، جیهانی گەورە... کە ئەو هەمووی بینیبوو، ڕوبار بە ڕوبار، شار بە شار، جەنگەڵ بە جەنگەڵ. بۆ ئێمە ئەوە گرنگ بوو، کە باسی ژنە جوانەکانی سەر زەویمان بۆ بکات، باسی ئەوەمان بۆ بکات لە کوێ شۆخترین خانمی بینیوە و ئەم چەند ساڵە چۆن ژیاوە و چی سەرکێشییەکی کردوە. کامەران گووتی کە لە هەموو شارەکانی دونیادا ژن هەبووە ئامادەبوون لەگەڵیدا بخەون، ژن لە هەرە جوانترین ژنەکانی سەر زەوی، بەڵام ئەو جگە لە سەوسەن گوڵدانچی ئارەزووی نەچۆتە سەر هیچ ژنێکی تر. کامەران دەستی دەخستە سەر شانی هاوکارە ئێرانییەکەی و پێدەکەنی و دەیگووت گەر حەزتان لە باسی ژنە، هاوکارەکەم، ئەو دەتوانێت باسی ژنتان بۆ بکات، ئەو ئینگلیزییەکی بێگەرد و فەرەنسییەکی باش قسەدەکات، ئەو لەگەڵ هەموو ژنەکانی دونیادا خەوتووە نەک من، من دەتوانم تەنیا باسی باڵندەکانتان بۆ بکەم. ئا لەویادا ئێمە دەبووین بە دوو بەشەوە، ئەوانەی حەزمان لە چیرۆکی کەیف و ڕاموسانە ڕوومانکردە لای یاوەرە ئێرانییەکە و ئەوانەشی دەمانویست شتێکی نوێ دەربارەی جیهان فێرببین دەچووینە لای کامەران. ئەو شارەزاییەکی گەورەی لە

باڵندەکاندا پەیداکردبوو، باسی توخمێکی بولبولی بۆ کردین کە بە پۆلێکی گەورە نێر یەک مێیان هەیە، مێیەکی جوان و نازدار کە هەر شەوە و دەچێتە هێلانەی یەکێکیانەوە و ساڵی دوازدە هێلکە دەکات و نێرەکان لە بری مێیەکە لەسەر هێلکەکان کڕدەکەون. باسی جەنگەڵێکی کرد تەنیا جۆرێکی تایبەت لە قەلەڕەش لە نێویدا دەژین و ڕێگا بە هیچ باڵندەیەکی دیکە نادەن ڕووی تێبکات، باسی شارێکی بۆ کردین هەموو باڵندەکانی سپین، سپی سادە، بێئەوەی یەک خاڵی ڕەش لەسەر پەڕیان بێت. باسی جۆرە شاهێنێکی بۆ کردین لە ناو خۆڵەمێشی گەرمدا نەبێت هێلکە ناکات، باسی لەقلەقێکی بۆ کردین دەنوکی ئاڵتونە و بە هیچ ڕاوکەرێکی سەر زەوی ناگیرێت، چونکە هێندەی دەستی مرۆڤی بەرکەوت دەبێتە پارچەیەک لە پەڕی سپی و وەک با بیبات پەرشدەبێتەوە، جۆرە بولبولێک کە ئەگەر مرۆڤ زیاد لە دە دەقیقە گوێ لە خوێندنی بێت، هێدی هێدی لەشی خاودەبێتەوە و خەوێکی وەها قووڵی لێدەکەوێت چەند ڕۆژێک لە خەو هەڵناستێت. کامەران ئەو شەوە باسی ئەو قەڵەڕەشانەی بۆ کردین کە لەگەڵ مردووەکاندا قسەدەکەن و سوێندی بۆ خواردین کە خۆی یەکێک لەوانەی بینیوە و هەموو شتێکی دەربارەی ژیانی باوکی لەدوای مەرگ پێگوتووە، باسی ئەو کۆترانەی بۆ کردین کە وەک مرۆڤ پرسە دادەنێن و گۆڕستانیان هەیە، باسی ئەو کونەپەپوانەی گەر هەتاویان بەرکەوێت یەکسەر دەبن بە خۆڵەمێش. یەکێکمان لێیپرسی «هێی کامەران، هێی کوڕەکەی سەلما دۆلانی پێمبڵێ لەم سەفەردا زیاتر لە هەر شتێک لەچی ترساویت، لە چ جانەوەرێک، لە چ درندەیەک، لەچ ئازارێک؟». کامەران دوای کەمێک بیریکردنەوە گووتی «تاکە شتێک لێیترساوم ئەوەبووە ڕۆحم لە جێگایەک و لەشم لە جێگایەکی دیکە بمرێت، ئەوە ترسی هەرە گەورەی هەموو ژیانم بووە». ئەو شەوە هەموومان هێند سەرخۆشبووین بەو قسەیە دامانە قاقای پێکەنین، چونکە ئەوکات لە مەستیدا وا بیرماندەکردەوە،

هیـچ مرۆڤێـک نییـە لەشـی لـە جێگایـەک و ڕۆحـی لـە جێگایەکـی دیکـە بمرێـت، لـەو جەنجاڵییـەدا قسـەکەی کامـەران بـە هێمنـی بەسـەر هەمووماندا تێپـەڕی و هەمـوو وەک نوکتەیەکـی ناجـۆر وەرمانگـرت. بێئـەوەی بیریکەینـەوە دەمانخـواردەوە و بـە نۆبـەت گوێمـان لـە چیرۆکـی ئـەو دوو پیـاوە دەگـرت، دەمانخـواردەوە و گۆرانیمـان دەگـووت، لەگـەڵ مۆسـیقاکەدا خۆمـان بـادەدا و لەگـەڵ گۆرانیبێژەکانـدا گۆرانیمـان دەگووتـەوە، لـە کۆتایـی شـەودا هەمـوو شـەکەت و مەسـت و سەرسـام نەماندەتوانـی لـە شـوێنی خۆمـان بجوڵێیـن. لەگـەڵ ئـەوەی زۆر زۆرمـان خـوارد و زۆر زۆرمـان خـواردەوە، چەندەهـا نەفـەر کەبـاب هێشـتا لەسـەر سـینییەکان بێدەسـتکاری مابوونـەوە، هەموومـان تـا ئەنـدازەی کوێـری مەسـت بوویـن، بـەڵام دەیەهـا بوتڵـە عـارەق و شـەرابی دەسـت لێنـەدراو هێشـتا هـەر لەسـەر مێـزەکان بـوون.

کەسـمان نازانیـن کـەی ئاهەنگەکـە تـەواو بـوو، کـەی گەیشـتووینەتە ماڵـەوە و کـێ ئێمـەی بردۆتـە نـاو جێگاکـەوە؟... بـەڵام کـە بەیانـی هەسـتاین دڵنیابوویـن لـە جـاران زیاتـر شـت دەربـارەی دونیـا دەزانیـن، لـە جـاران زیاتـر ئـارەزووی ئەوەمـان تێدایـە کـە بڕۆیـن و شـار و جەنگـەڵ و تاڤگـە دوورەکان ببینیـن... لـە جـاران زیاتـر دەنگێـک لـەدەرەوەی دیـوار و شـەقام و کۆڵانەکانـی ئـەم شـارە بانگیدەکردیـن... هەمـوو بەجۆرێکـی سـەیر گوێمـان بـۆ دەنگـی باڵنـدەکان تیژبووبـوو، ئێـواران بـە کۆڵانـی باڵندەکانـدا پیاسـەماندەکرد بـۆ ئـەوەی گوێمـان لـە خوێندنـی بولبولەکانـی خانـم بێـت، گوێمـان لـە قیـڕەی تووتییەکانـی ئـەو بێـت، هەسـتماندەکرد دەنگـی ئەو باڵندانە هـاواری دونیایەکی پـڕ تەلیسـمە و بـەرەو خـۆی بانگمانـدەکات، دەنگـی سـیحراوی کچانـی وڵاتانـی دوورە و بانگمانـدەکـەن... دوای بینیـن و بیسـتنی ئـەو باڵندانـە دەبووایـە بـە ڕاسـتی بڕۆیـن و جیهـان بدۆزینـەوە... ئێمـە دوا میللەتـی سـەر زەوی بوویـن کـە دەبووایـە لـە ماڵـی خۆمـان بێینـەدەرێ و دووبـارە کیشـوەرە دۆزراوەکان بدۆزینـەوە، دووبـارە جەنگەڵـە دۆزراوەکان و شـارە دۆزراوەکان بدۆزینـەوە.

٤٠

بۆ ڕۆژی دوایی سەوسەن لەگەڵ پرۆشە و مریەمی پورزایدا هات بۆ بازاڕ و لای دارتاشێک و دوو ئاسنگەر کۆمەڵێک قەفەزی تایبەتیان دا بەکردن، پتر لە سی و پێنج قەفەز لە هەموو جۆرە قەوارەیەک و لە هەموو شێوە چەشنێک، کە دەبایە لە ماوەی دە ڕۆژدا هەموویان بگوازرێنەوە بۆ ماڵی گوڵدانچی. هەر لەو ڕۆژەدا بوو پیاوانی ناو بازاڕ سەوسەنیان ناونا خانم یان کچی باڵندەکان. هەر لەو بەیانییەشدا سەوسەن لە بازاڕدا منداڵێکی زەرففرۆشی بینی ڕایدەکرد و دەیگووت «کچی باڵندەکان هات... کچی باڵندەکان هات».

سەوسەن سووربوو لەسەر ئەوەی باڵندە بچوکەکان، ئەوانەی شوێنی زۆر گەورەیان ناوێت، ئەوانەی دەتوانن پێکەوە بژین، ئەوانەی ئازاری مرۆڤ نادەن و ناشێت هوزاری خوشکەزای برینداربکەن، لە ماڵی خۆیدا و لەبەرچاوی خۆی بمێننەوە، تەنیا باڵندە گەورەکان دەبایە دەربچن و لەدەرەوەی ماڵ شوێنێکی تایبەتیان بۆ بکرێت. عیزەت گوڵدانچییش مەخزەنێکی گەورە و فەرامۆشکراوی لە دەرەوەی شار هەبوو، بە جۆرێکی کاتی خستییە بەر دەستی فیکرەتی برای تا بیکەنە نیشتەجێی باڵندەکان.

ڕۆژی دوایی کامەرانی سەلما دەبایە ئێوارەیەکی درەنگ بچێت بۆ ماڵی گوڵدانچی و گفتوگۆیەکی دوو قۆڵی لەگەڵ سەوسەن خاندا ئەنجام بدات. کاتێک پێی خستە ماڵی گوڵدانچییەوە، هەستێکی بەهێز دایگرت

کە دەشێت ڕەشەبایەکی قایم پێش ئەو هاتبێت و هەموو شتێکی لەگەڵ خۆیدا بردبێت، دیمەنی ماڵەکە هیچی لەو ماڵە قەشەنگە ڕازاوەیەی جاران نەدەچوو کە بەدرێژایی ساڵانی سەفەر، وێنەکەی لە خەیاڵی خۆیدا پاراستبوو. ئەو دەمەی پڕبوو لە کورسی و مێزی گران و پەیکەری کۆن و شتی بەسامانبار و خشڵبەها، کە چووە قاتی سەرەوە و پێی خستە ژووری کتێبخانە گەورەکەش، لە خاڵیێتی و بێدەنگی هۆڵەکە سەرسامبوو، هەتا یەک کتێبیش چییە لەوێ نەمابوو، کورسی و مێزێکی کۆن و قەنەفەیەکی پیر و ماندوو و قەرەوێڵەیەکی خەو لەو سەری ژوورەکەدا دانرابوون. لە شوێنی خۆی وەستا و سەیری سەوسەنی کرد کە بە ئارامی لەسەر مێزەکەی خۆیەوە سەیریدەکرد. کامەران سەرسامانە هاواریکرد: «سڵاو خانم... سڵاو... بەڵام عەفوومکە... ڕەنگە کەم ئەدەبی بێت، بەڵام... بەڵام تێناگەم... بۆ وایە، خانم... بۆ وایە... بمبورە، ڕەنگە پرسیارێکی جوان نەبێت، بەڵام ناتوانم نەپرسم، ناتوانم نەپرسم. کوا ماڵە قەشەنگەکەی جارانتان... کوا کتێبخانە گەورەکەتان... کوا پەیکەرە جوانەکانتان؟». سەوسەن دڵنیابوو هەر سێ داخوازەکە ئەو پرسیارەی لێدەکەن. بە هێمنییەوە پێشوازی لێکرد و تکایکرد لە سەر قەنەفە کۆنەکەی دانیشێت، هەمان ئەو قەنەفەیەی زیاد لە هەشت ساڵ لەوەوبەر شەوێک لەسەری دانیشتبوو... بەڵام ئێستا ماندوو و بێڕەونەق دەینواند. سەوسەن ئەمجارە بەدەستی خۆی چای لە قۆرییەکی ڕەش بۆ تێکرد و بەدەنگە لاواز و کزەکەی خۆی گوتی «کامەرانی سەلما، تۆ زیاد لە هەشت ساڵە ڕۆیشتویت، لەو ماوەیەدا چەندین شەڕی گەورە ڕوویانداوە... من خۆشحاڵم کە تۆ لێرە نەبوویت، کە جەنگی عێراق و هاوپەیمانەکان ڕوویدا، بەخۆم گووت سوپاس بۆ خودا کە کەسیان لێرە نین... کەسیان ناچارنین لەو شەڕە پیسەدا بەشداربن. کە ڕاپەڕین ڕوویدا و هێزەکانی سەدام تێکشکان، دۆعامدەکرد کە بەس نییە تۆ لێرە نیت، دەمزانی تۆ لێرەبوویتایە شێتانە

خۆت دەخستە ناو هەموو ئاگرەکانەوە... هەموو شەقامەکانی شار، هەموو جێگاکانی شەڕ دەگەڕام و دەستم لەسەر دڵم بوو و دەمگووت بەس نییە کامەرانی سەلما لێرە نییە. دەمگووت بەو خوایە لێرەبایە، بە دڵنیاییەوە ئێستا لەگەڵ جەنگاوەرەکاندا شەڕیدەکرد. هەموو کاتێک کامەرانی سەلما، هەموو کاتێک... گەر هەر شتێک بووبێت، دەستم گرتووە بە دڵمەوە و گووتوومە بەس نییە کامەران لێرە نییە. بەس نییە ئەو لێرە نییە خۆی بخاتە ناو ئاگرەوە. ئیتر ئێمە لەو نێوەندەدا زۆر هەژاربووین، باوکم چیتر موچەی وەرنەدەگرت، ئەوەی هەمان بوو خەرجمانکرد، خۆت دەزانی گوڵدانچی خەریکە تەواو پیردەبێت... ناتوانێت کاربکات، کە گەڕاینەوە بۆ کوردستان بۆئەوە بوو پشوویدەین، بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژانی ناخۆشی بەغدامان لە بیربچێتەوە، گوڵدانچی توانای کاری نییە و منیش توانای کارم نییە. لە شارێکی وەک ئێرەدا کە لەدەرەوەی دونیایە بۆ کچێکی وەک من چی هەیە بیکەم... هیچ... جگە لەوە من بەردەوام نەخۆشم. لەبەرئەوە دەبوو هەموو شتێک بفرۆشین... هەموو شتێک، بەڵام دەمەوێت گوێم لە تۆ بێت، ئەم شارە جگە لە حیکایەتی ناخۆش هیچی تری تێدا نییە، تۆ باسی جیهانم بۆ بکە... حەزدەکەم بزانم تۆ دونیات چۆن بینی؟... ها.. دەبینیت، منیش چیتر ئەو کچە نیم کە هەشت ساڵ و نیو لەوەوبەر هەبووم... پێمبڵێ پەشیمان نیت لەوەی بەو چەشنە و ئەو هەموو ماوەیە بەسەر زەویدا ئاوارەبوویت... پێمبڵێ هەندێ جار لە من تووڕە نەبوویت و ڕقت لێم نەبووە کە تووشی سەفەرێکی وا درێژم کردیت... ها پێمبڵێ، من هەشت ساڵە هیچ شەوێک نییە خەوم بە هەر سێکتانەوە نەبینیبێت، زۆریەی وەخت تۆم لە بەلەمێکدا دەبینی، بەلەمێکی سەوز... ئاه، بەڵام کاتی خەون نییە، وانییە، ئێستا ئەوەتا لە بەردەممدایت و دەتبینم... وانییە».

کامەران هەر وەک جاران بە خەندەکانی سەوسەن، بە نیگا سافەکەی

و سەیرکردنە نەرمەکانی، بەو دەنگە ئێجگار هێمنەی کە پێدەچوو دەنگی مەخلوقێکی سەر ئەم زەمینە نەبێت سەرسامبوو. ئاسان هەمان تەزووی خۆشەویستی جارانی لە دڵی خۆیدا دۆزییەوە، هەستیکرد هەڵەی نەکردوە لەوسەری زەمینەوە بۆلای ئەم ژنە هاتۆتەوە. هەڵەنەبووە درێژترین سەفەری بە دونیادا لە پێناوی ئەم ژنەدا کردوە. ئێستاش کە بەرامبەری وەستابوو هەمان ئەو هەستەی هەشت ساڵ لە مەوبەری هەبوو کاتێک لە بەردەمیدا سوژدەی برد و گووتی «شوووم پێبکە». ئێستاش دەیتوانی هەمان شت بکات، بەڵام ئەمڕۆ زیاتر لە هەر شتێک ویقاری پێویست بوو، هەردووکیان بەشی خۆیان کامڵ بووبوون. کامەران لەو ماوەیەدا گۆڕابوو، دەیتوانی هێمنتربێت و جوانتر قسەبکات، بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە یاوەرە ئێرانییەکەی و هاوڕێکانی لەمسەرە و سەری زەمیندا باشتر فێری نوسین و خوێندنەوە و قسەکردنیان کردبوو. کە بەرامبەر سەوسەن وەستا دەیزانی لە ساتێکی وادا، تەنیا وشە فریای دەکەوێت، تەنیا وشە. ئەو ساڵە دووورودرێژانەی سەفەر فێریانکردبوو کە وشە تەنیا پاسپۆرتی ڕاستەقینەی مرۆڤە. بە سەوسەنی گووت «نا سەوسەن خان، بیرمنایەت لە تۆ توڕە بووبێتم. پێویست ناکات باسی ڕاوەکانت بۆ بکەم چەندە ناخۆشبوون، جارێکیان جووتیارێکی هیندی پێیگووتم گرتنی هەندێک باڵندە لە گرتنی تیشک ئەستەمترە، من قەت قسەی ئەو ڕاوکەرە هیندییەم بیر ناچێتەوە. تەنیا دوای سەفەرێکی وادووورودرێژ دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کە مرۆڤ و باڵندە لە دوو دونیای جیاوازدا دەژین... زەوی خانم، جێگایەکی جوانە، هەموو جێگایەکی جوانە... هەموو مەخلوقێکی جوانە، بەڵام حەزم نەدەکرد زۆر بیر لەو هەموو جوانییە بکەمەوە، عەقڵی ئەوەم هەبوو، زۆر بیر لەو هەموو جوانییە نەکەمەوە. گەر زۆر بیرم لە جوانی بکردایەتەوە وندەبووم... بەڵام دەمزانی تۆ بۆیە منت ناردوە تا دونیا ببینم. من دەمزانی، دڵنیام دووانەکەی تریش ئەوە دەزانن کە تۆ باڵندەکانت ناوێت،

تۆ دەتەوێت دونیا ببینین، یادگارییەکی گەورەمان هەبێت... کە پیربووین، شتێکی گەورەمان هەبێت بیگێڕینەوە. کە منداڵمان بوو، باسی دونیایان بۆ بکەین، هەموو دونیا. من وام بیر لێدەکردەوە، زۆر شەو کە لە ئوتێلی شارێکدا سەرم دەنایە سەر سەرین، دەمگووت گەر مرۆڤ باوکێکی هەبێت، باسی هەموو دونیای بۆ بکات، باشترە لە باوکێک کە تەنیا باسی شارێک یان گوندێکی بچکۆلەی بۆ بکات، گەر باوکێکی هەبێت هەموو شوێنەکانی بینیبێت باشترە لە باوکێک هیچی نەدیبێت... من لەو سەفەرە پەشیمان نیم... بەڵام ڕەنگە نەتوانم جارێکی تر سەفەرێکی تری وەها بکەمەوە».

سەوسەن بە نیگایەکی غەمگینەوە سەیریکرد و گووتی « بەڵام پێمبڵێ ئەی چیرۆکی زۆرت پێیە بۆ من... چیرۆکی زۆر؟».

کامەران بە پێکەنینەوە گووتی «سەوسەن خان، ئەگەر شووم پێبکەیت، بەشی هەموو شەوەکانی ژیان چیرۆکم پێیە... بەشی هەموو شەوەکان»

سەوسەن گووتی «کامەران پێمبڵێ بیرت لەوە کردەوە نەگەڕێیتەوە، بە خەیاڵتدا هات، بڕۆیت و پشت لە هەموو شتێک بکەیت و واز لە باڵندەکان بهێنیت و نەگەڕێیتەوە؟».

کامەران گووتی «نا خانم... گەر سەر ڕاست بم لەگەڵتدا بیرم لە شتی وانەکردۆتەوە، بەڵام دەمویست سەفەرەکەم تەواویکەم، بەڕاستی دەمویست تەواویبکەم. هەستمکرد تۆ باڵندەکانت بە جۆرێکی وا دابەشکردوە، مرۆڤ ناچاربێت زۆرترین شار و زۆرترین دارستان ببینێت. منیش گووتم مادام خانم وای دەوێت با بەوجۆرە بێت. نا نەمدەتوانی نەگەڕێمەوە، گەر باڵندەکانیشم نەگرتایە هەر دەگەڕامەوە، چونکە زۆر بیری هاوڕێکانم دەکرد، بیری منداڵی خۆمم دەکرد، دەمزانی گەر بە دەستی بەتاڵ بگەڕێمەوە بەوە تووشی ئابڕووچوونێکی گەورە دەبم بەڵام هەر دەهاتمەوە، نا خانم گەر هیچیشم ڕاونەکردایە هەر دەهاتمەوە. بەڵام گەر وابووایە، ڕووم نەدەهات خۆم لە بەردەمی تۆدا ئاشکرابکەم، ئەو کات خەمی خۆم هەڵدەگرت

و وەک چەقۆکێشەکەی جاران دەژیام... نا خانم، شوێنم بەلاوە گرنگ نەبوو. نا سەوسەن خان، ئەوەم بەلاوە گرنگ نەبوو کە لە شەڕ دوورم، ئەوەم بەلاوە گرنگ بوو کە لە تۆ دوورم. من کوڕێکی زۆر خوێندەوار نیم، تۆ ئەوە دەزانیت... زۆر جار لە خۆم دەپرسم چی لەم سەفەرە فێربووم... خانم ڕۆژێکیان هەستمکرد قووڵ لە نیازی تۆ تێگەیشتووم، بە هەموو نەخوێندەواری خۆمەوە لە نیازی تۆ تێگەیشتووم. ڕۆژێک لە دارستانێک لە ئوسترالیا، بۆ باڵندەیەک دەگەڕام ناوم نابوو مەلە قاقا، چونکە دەنگی خوێندنەکەی لە دەنگی قاقای مرۆڤ دەچێت، تەنیا لە دارستانەکانی ئوسترالیاشدا دەژی، من لە هیچ جێگایەکی تری زەویدا نەمبینیوە، باڵندەیەکی مارخۆرە خانم، تەیرێکی زۆر گەورە نییە، تۆزێک لە کۆتر گەورەترە، ترسنۆکیش نییە خۆی زۆر دەردەخات و ئاسان دەگیرێت. من جووتێک لەو تەیرانەم گرت، ماوەیەکی درێژم بڕیبوو بۆ ئەوەی بیانگەمێ و بیانگرم، بەڵام دەنگی قاقاکانیان خەڵکی زۆر سەغڵەتدەکرد، کە لە کەشتییەکی کۆندا لە ئوسترالیاوە بەرەو هیندوستان گەڕامەوە، بە شەو هێندە قاقایان لێدەدا، سەرنشینانی کەشتییەکەیان وەڕزکردبوو، ئیدی یەکێک ئاوی ژەهراوی دانێ و دەم و دەست مەلە قاقاکانم مردن. ئەو شەوە تێگەیشتم ژیانی باڵندەیەک چەند نرخی هەیە، چەند گرنگ و مانادار و گەورەیە. تێگەیشتم تۆ بۆچی منت بۆ ئەم سەفەرە ناردوە... ئەو شەوە کە مردنی ئەو دوو باڵندەیەم بینی لەوە تێگەیشتم تۆ دەتەوێت نرخی ژیان بزانم... لە پاراستنی ژیانی تەیرەکانمدا ماندووبیم... ئەوکات زانیم کە چ هەڵەیەکی گەورەم کردوە کاتێک چەقۆم لە مەنسور ئەسرین داوە، لەوانەیە گەر من ئەو چەقۆیەم لە مەنسور نەدایە کەسمان پێویستیمان بەم سەفەرە درێژە نەبووایە... لەوانەیە خانم... لەوانەیە تۆ ئێمەت ناردبێت بۆ ئەوەی فێری ڕێزی ژیانبین... چوزانم سەوسەن خان، لەوانەیە بەوجۆرە بێت. من کە ئەو چەقۆیەم وەها شێتانە لە مەنسوردا، تۆ

تێگەیشتی ئێمە چەند بێحورمەت سەیری ژیانی یەکتر دەکەین، ها ئەوە سزایەکی گەورە بوو کە بڕۆین و هەشت ساڵ شەو و ڕۆژ باڵندەکانمان لە مردن بپارێزین. ئێستا من کە ڕێزی ژیانی باڵندەیەکی بچوک دەگرم، ئیدی چۆن ڕێزی ژیانی مرۆڤ نەگرم... سەفەری ئەو هەشت ساڵەم خانم بۆخۆی بیرکردنەوەیەکی دوورودرێژ بوو لە باڵندەکان، خەمێکی ڕۆژانە بوو بۆ پاراستنی ئەوان... دەبوو ڕێزی ژیانیان بگرم. لە هەر شوێنێک بوویێتم خەمی ژیانیانم خواردوە، دیارە لەو هەشت ساڵەدا زۆر لە تەیرەکانم مردن، بەڵام هەمیشە وامدەکرد نێر و مێیەکم هەبێت، جووتێک هێلکەم بۆ بکەن و بەچکەم بۆ دروستبکەن. ئا بەوجۆرە بوو، ئا بەوجۆرە زۆر توخمم دەپاراست».

سەوسەن چایەکی بۆ خۆی تێکرد و بەهێمنی خواردییەوە و بەردەوامیش سەیری کامەرانی سەلمای دەکرد، دوای ئێستێکی کورت گوتی «کامەران، ئێستا دەتوانێت کەس لە پێناوی مندا بکوژیت؟»

کامەران گوتی «نا خانم، مرۆڤ کە بە جیهاندا گەڕا، کە بەڕاستی بە جیهاندا گەڕا، مەبەستم ئەوەیە کە لە ڕۆحلەبەرەکانی تر نزیک بووەوە، ناتوانێت کەس بکوژێت. کە وات لێهات مردنی باڵندەیەک ئازارت بدات، ئیتر حورمەتی ژیانی تریش دەگریت. تۆ لەیەکەمجارەوە دەتزانی من تۆم خۆشدەوێت، لەو باوەڕەدا نیم تۆ منت خستبێتە بەر سەفەرێکی وادرێژ تا ئەو خۆشەویستییە تاقیبکەیتەوە. تۆ هەر لە یەکەم جارەوە دەتزانی من تۆم خۆشدەوێت... هەموو کەسیش ئەوەی دەزانی. تۆ بۆیە منت نارد، تا بژیم و نەکوژرێم و ژیان ببینم... من کابرایەکی شارەزا نیم... شەوێکیان دانیشتم و زۆر سەیری تەیرەکانم کرد، زۆر زۆر سەیرمکردن... دوای دەیان سەعات سەیرکردنی ئەو باڵندانە تێگەیشتم کە تۆ دەتەوێت من ژیان ببینم نەوەک دونیا... دەزانی خانم چ هەستێکی سەیرە کە باڵندەیەک دەگریت، چ هەستێکە کە پەنجە دەخەیتە سەر دڵی و لێدەدات، کە تەماشای چاوە

ترساوەكانی دەكەیت، كە دەبینیت لە ترسا پەڕەكانی دەوەرێت... ئا لەو كاتانەدا بە ڕوونی تێدەگەیشتم بۆ بەم ڕێگا گەورانەی دونیادا وێڵم، دەمزانی تۆ دەتەوێت ڕۆحلەبەرەكان ڕوو بە ڕوو ببینم. هەر ئەوەی كە دەبوایە شەو و ڕۆژ لەگەڵ باڵندەكان بم، ئەوەی دەبوایە بەو هەموو دارستانانەدا بڕۆم، ئەو هەموو زیندەوەرانە ببینم... ئەوە شتێكی تازە بوو بۆ من... لە ڕاستیدا من ژیان سەرسامدەكات نەوەك دونیا... گەر بڵێیت دونیات بینیوە دەڵێم نا، لەبەرئەوەی لەسەفەرەكەمدا زۆربەی كات خەریكی سەیركردنی زیندەوەران و باڵندەكان بووم... ئێستا ناتوانم باڵندەیەكیش بكوژم... بەڕاستی ناتوانم، گەر تۆش داوام لێبكەیت ناتوانم...».

سەوسەن هەستا و چووە پێشدەمی كامەرانی سەلما و گووتی «ئەی ئێستا من چۆن دەبینی، كامەرانی سەلما دوای ئەوەی كە هەموو ژنی دونیات بینی، دوای ئەوەی كە بە زەویدا سەفەرتكرد، ئێستاش من هەر وەك جاران دەبینیت... هەر وەك جاران؟».

كامەران خۆی ڕاستكردەوە و سەیرێكی سەوسەنی كرد و گووتی «چووبێتم بۆ هەر وڵاتێك بەوردی سەیری هەموو ژنەكانم كردوە، بەوردی لە جوانییان ڕاماوم، بەڵام سەوسەن خان، من دڵنیاتدەكەمەوە، لەسەر ئەم ئەستێرەیە تۆ لای من لە هەر كەس پڕ ئەفسون تریت، ڕەنگە جوانترین ژنی دونیا نەبیت... ئا خانم لە ڕاستیدا حەزم لەو قسانە نییە، بڵێم جوانترین باڵندەی دونیا، دەنگ خۆشترین بولبولی دونیا، جوانترین ژنی دونیا، باشترین پیاوی دونیا... ئا خانم... كە مرۆڤ دونیای بینی، مەبەستم لەوەیە كاتێك بە ڕاستی دونیای بینی، واز لەو قسانە دەهێنێت. من بەردەوام وێنەكەی تۆ لە بەرچاوم بوو، ئەوە بەسە كە هیچ ژنێكی دونیا نەیتوانی ئەو وێنەیەم لە بەرچاو بسڕێتەوە... هەتا هیچ باڵندەیەك... هیچ دیمەنێكی جوان، ئەوە لای من لە هەر شتێك گرنگتر بوو، بەسەرزەویدا دەڕۆیشتم و تۆ لەگەڵمدا بوویت. شەو و ڕۆژ تۆ

لەگەڵمدا بوویت... کە سەیری باڵندەیەکی جوانم دەکرد حەزمدەکرد تۆم لەگەڵدا بیت، کە خواردنێکی تایبەتی و خۆشم دەخوارد دەمویست تۆ ،ەگە مدا بیت، هەتا کە ژنێکی جوانم دەبینی دەمویست تۆ لەگەڵمدا بیت تابزانم تۆش بەوجۆرە جوان دەیبینیت».

سەوسەن لە بەردەم کامەرانی سەلمادا وەستا و گووتی «کامەران دەستتم بەرێ... تکایە دەستتم بەرێ»

کامەران بە سەرسامی سەیریکرد و گووتی «فەرموو خانم، فەرموو».

سەوسەن بەهێمنی دەموچاوی لە دەستی کامەران نزیککردەوە، کامەران بۆ ئێستێک وایدەزانی دەستی ماچدەکات، بەڵام بینی لەسەرەخۆ، زۆر لەسەرەخۆ چاوی لێکدەنێت و بۆنی دەستی دەکات، بۆنکردنێکی زۆر قووڵ و دەڵێت «وای خوایە... وای خوایە». بە هێمنی ڕوخساری لە هەموو لەشی نزیککردەوە و بۆنیکرد، بۆنی بە سینەیەوە کرد، بۆنی بە گەردنییەوە کرد، بۆنی بە دەموچاوییەوە کرد، بۆنی بە قژییەوە کرد و زۆر زۆر بە ئەسپایی گووتی «وای خوایە... وای خوایە... ئەوە خۆیەتی... بۆنی دونیا... بۆنی ڕاستەقینەی دونیا...». جار دوای جار وەک بۆنی گوڵێک بکات، چاوی لێکدەنا و بۆنی کامەرانی دەکرد و بە ئەسپایی وەک چرپەیەکی ناسک و ئەفسوناوی دەیگووت «وای خوایە... وای خوایە». ئینجا هەڵدەستا وەک ئەوەی زۆر ماندووبێت بە هێمنی لە ژوورەکە دەچووەدەرێ، کامەران گوێی لە دەنگی پێڵاوەکانی بوو لەسەر کاشی ژوورەکە، گوێی لێبوو بەپلەکاندا چووە خوارێ. سەوسەن ڕۆیشت و وەک ئەوەی گێژییەکی گەورە لە خۆی دەربکات دەموچاوی شت، دەبایە شتێک فێنکیبکاتەوە، بەردەوام لە ژێر لێوی خۆیەوە دەیگووت «وای خوایە... ئەوە بۆنی دونیایە... بۆنی ڕاستەقینەی دونیا لەسەر لەشی پیاوێک... وای خوایە...».

ماوەیەکی ویست تا ئارام بووەوە. بۆ ئێستێک لە چێشتخانەکەدا خۆی بە دروستکردنی چایەکی دیکەوە سەرقاڵکرد، چووەوە ژوورەکەی جارانی

خۆی و لە بەر ئاوێنەکەدا سەیری خۆی کرد، هیچ کات لە ژیانیدا بەوجۆرە ڕەنگی نەپەڕیبوو، هیچ کات. پرۆشەی خوشکی لێیپرسی «سەوسەن چییە، شتێک هەیە؟». بە بێئارامییەوە سەری بادا و گووتی «نا هیچ نییە... هیچ نییە». کە کاتێک دڵنیابوو کەمێک هێمن بۆتەوە گەڕایەوە سەرێ... کامەرانی سەلما سەرنجی ڕەنگ پەڕین و تێکچوونە ناکاوەکەی دا، بەڵام بێئەوەی تێبگات چییەتی سەیریکرد و بۆی پێکەنی.

دوای ئەوە شتەکان ئارام ڕابوردن و ویقاری سروشتی خۆیان وەرگرتەوە. ئەو ڕۆژە بۆ هەردووکیان ڕۆژێکی خۆشبوو، قسەکردن لە نێوانیاندا لە قسەکردنی دوو کەس دەچوو هەموو ژیان بەشیان نەکات شتەکانی خۆیان بگێڕنەوە. سەوسەن فیکرەت و کامەرانی سەلما چەندین سەعات لەگەڵ یەکدا مانەوە، لەسەر جەنگ قسەیانکرد، لەسەر خۆشەویستی، لەسەر باڵندەکان، لەسەر شەڕی ناوخۆ، لەسەر چۆنێتی دروستکردنی قەفەزی باش و چەندان شتی دیکەش... بەڵام سەوسەن فیکرەت کە تەواو ئارام بووەوە پێیگووت دوا بڕیاری لە مەسەلەی شووکردندا کاتێک ئاشکرادەبێت کە هەردوو داواکارەکەی تر گەڕانەوە، پەیمانی دایە کە باش ئاگای لە باڵندەکان دەبێت و هەر کاتێک شوێنێکی گونجاویشیان هەبوو، کامەران دەتوانێت دووبارە بیانبینێت. کە کامەرانی سەلما هاتەدەرەوە دڵنیابوو کە سەرنجێکی باشی لای سەوسەن جێهێشتووە... سەوسەنیش هێندەی ئەو ڕۆیشت وەک شێت ڕایکردە خوارەوە و باوەشی بە پرۆشەی خوشکیدا کرد و گووتی «وای چ کوڕێکی جوانە خوایە... وای چ کوڕێکی جوانە... لە هەموو تەیرەکانی دونیا جوانترە». پرۆشە بەسەرسامی و خۆشییەوە سەیریکرد و باوەشی پیاکرد و گووتی «ڕاستدەکەیت سەوسەن، کوڕێکی زۆر جوانە... لە هەموو تەیرەکانی دونیا جوانترە».

پرۆشە لە ژیانیدا سەوسەنی بەوجۆرە کراوە و گەش نەبینیبوو... هیچ کات... هیچ کات.

٤١

هەمـوو قەفەزەکانـی یـەک یـەک بەدەسـتی خـۆی بـردە سـەرەوە، بـۆ شـوێنی کتێبخانەکـەی جـاران. پتـر لـە بیسـت باڵنـدەی ورد و دەنگخۆشـی جیاکـردەوە و لـەو قەفـەزە تازانـەدا ماڵـی بـۆ دروسـتکردن. گـەر هەنـدێ ڕۆژ پـەردەی ژوورەکـەی لاببردایـە، بـۆ ئـەوەی ڕوناکـی لـە باڵنـدەکان بـدات و پەنجەرەکانـی بکردایەتـەوە بـۆ ئـەوەی هـەوای نـوێ وەرگـرن، ئێمـە لەسـەر شـەقامەکەی خـوارەوە و لـە ڕێـگای دەلاقـەی پەنجەرەکـەوە هەندێـک لـە باڵندەکانمـان دەبینـی. ئێمـە تـا ماڵـی سەوسـەن لەوێدا بـوو ئێـواران بەبەردەم ئـەو پەنجەرەیـەدا پیاسـەماندەکرد بـۆ ئـەوەی گوێمـان لـە دەنگـی سـیحراوییان بێـت کـە هەمیشـە و هەمیشـە دەیانخوێنـد... شـەوانە هەندێکیـان دەیانخوێنـد و بەیانیـان هەندێکیـان و نیـوەڕوان چەندانێکـی تـر و ئێوارانیـش کۆمەڵێکـی دیکەیـان. هەنـدێ جـار ماوەیەکـی درێـژ تەنیـا باڵندەیـەک دەیخوێنـد و هەمـوو ئەوانـی دی گوێیـان دەگـرت. هەنـدێ جـاری دیکـەش چەنـد باڵندەیـەک پێکـەوە یـەک میلۆدیـان دەخوێنـد و کـەم کەمیـش هەمـووان پێکـەوە کۆراڵێکـی گەردونیـان دەگـووت. سەوسـەن هەسـتیدەکرد باڵنـدەکان بـە ئـاوازە جیاوازەکانیـان دەیبـەن بـۆ جەنگەڵـە جیاوازەکانـی دونیـا، لـە شـوێنەکەی خۆیـدا چـاوی لێکدەنـا و نەغمـەی خوێندنـی باڵنـدەکان لەگـەڵ خۆیانـدا بـە دونیـادا دەیانگێـڕا، یـەک بـە یـەک باڵندەکانـی دەناسـی و دەیزانـی لـە چ دارسـتان و زۆنـگاو و گـوێ ئاوێکـی سـەر زەمینـەوە هاتوون. دەنگـی باڵندەکان

بەسەر زەمینــدا دەیانبـرد و دەیانهێنـا، دەیانبـردە نـاو تاریکی دارسـتان و سـەر لقـی درەختــە هــەرە بڵنــدەکان، بــە دەنگــی باڵندەکانــدا دەیزانــی ئێســتا ئــەو جەنگــەڵ و گــویێ ئاوانــە پــڕ خــوڕین یــا بــاران، بــە دەنگــی ئــەوان گەرمــا و ســەرمای لەشــی خۆشــی دەگــۆڕا. لــە ڕۆژێ یەکەمــەوە بــە نــۆرە باڵندەکانــی بــەردەدا و دەیگرتنــەوە. سەوسـەن بــۆ یەکەمجــار لــە ژیانیــدا هەســتیدەکرد لــە جیهانــدا دەژی... بــە ڕاســتی لــە جیهانــدا دەژی.

سـێ ڕۆژ دوای گەڕانـەوەی کامـەران، باڵنـدە گەورەکانیـان بـرد بـۆ مەخزەنە گەورەکـەی عیـزەت گوڵدانچـی لـەدەرەوەی شـار، ئەو کات جێگایەکی باشـتریان بـۆ پارسـتنی باڵنـدەکان دەسـت نەکـەوت. دوو ڕۆژ چەنـد کرێکارێـک کـە دکتـۆر ڕەفعـەت ڕەمـزی گرتبوونـی شـوێنەکەیان چاککـرد، ژووری تایبەتیـان بەتەختـە تیـا دروسـتکرد و کارەبایـان بـۆ ڕاکێشـا، تـا ماوەیەکـی زۆر درێـژ دواتریـش هــەر دکتـۆر ڕەفعـەت پـارەی پاسـەوانەکانی دابیندەکرد کـە دەبایـە چاودێـری باڵنــدەکان بکــەن. هەڵــۆکان، شــاهێنە شــاخ نشــینەکان، داڵــە گــەورەکان، کونەپەپـوە جۆراوجـۆر و گـەورەکان، قەلەباچکـە دەنـگ زلـەکان و دەیـان چەشـنە باڵنـدەی نەبینـراوی دی کـە هیچیـان لـە زمانـی ئێمـەدا ناویـان نەبـوو و تەنیـا سەوسـەن نـاوی دەزانیـن، لـەوێ کۆبووبوونـەوە. لـەو ماوەیـەدا سەوسـەن و کامـەران چەنـد جارێـک لـە نـاو نیشـتەجێی باڵندەکانـدا یەکتریـان بینـی و هەندێـک قسـەی گرنگیـان دەربـارەی شـێوەی گونجـاو بـۆ پاراسـتنیان گۆڕییـەوە، بێئـەوەی لـە هیـچ جارێکـدا قسـەکان لە سـنووری بابەتـی باڵندەکان دەربچـن، یاخـود هیـچ کـەس لەوانـەی لـەو دیدارانـەدا ئامادەبـوون هەسـتیان بـە جـۆرە نزیکبوونەوەیەکـی تایبەتـی کردبێـت. کیژەکـە ئاشـکرا لـە چاوەڕوانی داخوازەکانـی دیکـەدا دەیویسـت لـە نێـوان خـۆی و کامەراندا سـنوورێک دابنێت و بیپارێزێـت.

ئــەوەی زۆر ســەرنجی ئێمــەی ڕاکێشــا، ئــەوە بــوو کــە هەســتماندەکرد باڵنــدەکان هەمیشــە دڵخۆشــبوون. دەنــگ و خوێنــدن و فڕیــن و هاواریــان

نەغمەیەکی تێدابوو پڕبوو لە لەرەی بەختەوەری. باڵندەکان بەختەوەر بوون... زۆر بەختەوەربوون.

دوو مانگ دوای ئەوە ئێوارەیەکی درەنگ بیستمان خالید ئاموون بە خۆی و کاروانەکەی خۆیەوە گەیشتۆتە قەراغ شار. خالید ئاموون نۆ قەفەزی گەورەی باڵندەی پێبوو و خۆشی بە تەنیا ئەو پیکابەی لێدەخوڕی کە باڵندەکانی رادەکێشا. ئەو بە زەحمەتێکی زۆر لە سنووری تورکیاوە گەڕابووەوە، چەند ڕۆژێک ژاندارمە تورکەکان نەیانهێشتبوو بپەڕێتەوە، دواجار لە سلۆپییەوە بەڕێگای ئەو تەلەفونە ساتەلایتە نوێیانەوە کە لەسەر سنوور دانرابوون چەندین جار پەیوەندی بە زاخۆوە کردبوو تا یەکێک لە ئاموونییە ئاوارەکانی دەستبکەوێت، کە یەکێک لە ئاموونییەکانی گرتبوو ئیدی ئیشەکەی هاتبووە ئاسانی. دەبوو تا چەند ڕۆژی دیکەش چاوەڕوانبکات تا ئەوان لە ڕێگای پەیوەندییەکانی خۆیانەوە پەڕینەوەی بۆ زامندەکەن. ئەو ڕۆژەی کە خالید ئاموون لە خالّی سنووری ئیبراهیم خەلیل هات بەمدیوا، دەیان ئاموونی لەمبەری سنوورەوە چاوەڕوانیاندەکرد. هەموو ئەو ماوەیە ئاموونییەکان کوشتنی قەلەندەر ئاموونیان لێشاردبووەوە، چونکە لەو بڕوایەدابوون غەمێکی وا گەورە کاریگەرییەکی دەرونی خراپی لەسەر خالید دەبێت کە دوا مانگ و دوا هەفتەکانی سەفەرێکی دووردرێژی هەشت ساڵە دەژیا. بەڵام بەهۆی چەند نامەیەکی تایبەتییەوە تێیانگەیاند کە ئاموونییەکان بەهۆی شەڕی ناوخۆوە ئاوارەبوون و شاری خۆیان چۆڵکردوە و هەتا یەک خێزانی ئاموونیش چییە لەوێ نەماوە و پێکرا لە شارو شارۆچکەکانی دەڤەری بادینانیدا کە پارتییەکان کۆنترۆڵیدەکەن ژیانێکی تازە دەژین. هەواڵی کوشتنی قەلەندەر ئاموون بەدەستی هاوڕێکانی مەنگوڕی بابەگەورە و بە فەرمانی ئەو «وەک ئاموونییەکان باسیانکرد»، خالید ئاموونی هەژاند، ئەو دڵخۆشییە کاتییەی لەکاتی پەڕینەوەدا لە سنوور هەستی پێکرد هەرزوو تێپەڕی و ڕەوییەوە. ئەو ڕۆژە ئاموونییەکان

پێشوازییەكی گەورەیان بۆ ڕێكخست، ویستیان ئاهەنگی بۆ بكەن، بەڵام هەواڵی كوشتنی قەلەندەر بەجۆرێک غەمگینی كردبوو، تكایكرد واز لە هەموو بەزمێک بهێنن و لێگەڕێن غەمگینی خۆی بژی. نامەكەی قەلەندەر ئاموون كە لە بەیانی گەمارۆی بارەگاكەدا نوسیبووی، دەیان جار خالیدی گریاند، قەلەندەر لە نامەكەیدا داوای لێبوردنی كردبوو كە ناتوانێت تا كۆتایی لای سەوسەن فیكرەت نوێنەری ئەوبێت، باسی ئەوەی بۆ كردبوو كە پێی شەرمە بارەگاكە چۆڵبكات و تامردن ناوی وەک ترسنۆكێک بچێتە مێژووی شارەكەوە، بۆی باسكردبوو كە ئەوانەی گەمارۆی بنكەكەیان داوە ئەو یەكێتیانەن كە مەنگوڕی بابەگەورە بەرپرسیانە، بۆی نوسیبوو كە دڵنیایە لەم گەمارۆیە دەرناچێت. لە نامەكەدا باسی هەموو ئەو شتانەی بۆ كردبوو كە ئەو چەند ساڵە پەنهان هەڵیگرتبوون، باسی ئەوەی بۆ كردبوو چۆن لە كوشتنی ئاسایشەكاندا بەشداربووە، چۆن سەوسەنی لە ناو مەیتەكاندا دەرهێناوەتەوە، چۆن چۆتە ناو پارتی دیموكراتەوە، چۆن مەنگوڕ دەستی لە سووتانی ماڵی ئامونییەكاندا هەبووە، چۆن زەرفە شیاكەیان تێگرتوون، چۆن سووكایەتیان پێكردون. نامەی پیاوێک بوو كە دەزانێت چەند سەعاتێكی دیكە دەمرێت، پڕ لە دڵتەنگی و گومانی گەورە دەرهەق بە كۆی دونیا... بەڵام نامەكە ئاگاداركردنەوەیەكی قووڵی بۆ خالید تێدابوو كە مەنگوڕی بابەگەورە و هاوڕێكانی، لە داهاتوودا ناهێڵن بە ئاسانی بە سەوسەن فیكرەت بگات. تەواوی مەبەستی نامەكەی بۆ ئەوەیە خالید ئاموون لە داهاتوو ئاگاداربكاتەوە، بۆ ئەوەیە كە بزانێت كوردستان چیتر ئەو كوردستانەی جاران نییە، بەڵكو شەڕ و كینە پڕیكردوە لە خوێن و بێبڕوایی. پڕیكردوە لە تەقینەوەی كتوپڕی توندوتیژی، لە ترسی هەمیشەیی لە یەكتر.

خالید بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە باوەڕی نەكردبوو كە دەشێت قەلەندەر، ئەو پیاوە سەر زل و چەتەوڵ و كەچەڵەیە، نامەی لەو چەشنە

بنوسێت، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی مردن هەستەکانی قەلەندەری بەجۆرێک تیژکردبوووەوە، توانیبووی ئاسان شتەکان بڵێت و بە ڕوونی ترسەکانی خۆی ئاشکرابکات. ئەو چەند ڕۆژەی خالید لەگەڵ خزمە ئامووتییەکانی و دایک و خوشکەکانیدا مایەوە، زۆربەی ئامووتییەکان ڕایان وابوو کە خالید ئاموون نابێت بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی، بەڵام هەندانێکی دی مەترسییەکی تایبەتیان لە گەڕانەوەیدا نەدەبینی، دواجار خالید هەموو زەوی تەیکردبوو بۆ ئەوەی ئەو باڵندانە بباتەوە بۆ سەوسەن، ئێستا نەدەکرا لێرەدا بوەستێت و قسە لە ترس بکات. هەندێک لەسەرانی خێڵەکە هەوڵێکی زۆریاندا کە لایەنی کەم لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ شار کەسێک بکەنە یاوەری خالید، بەڵام خۆی پێیباش بوو تەنیا بڕوات، چونکە بوونی دوو یاخود سێ ئاموونی لەگەڵ یەکدا دەشیا دەرەنجامی خراپتری هەبێت.

ئەو ڕۆژەی خالید لە دەڤەری بادینانەوە بەرەو خۆرهەڵات بەڕێکەوت، ڕۆژێکی ناخۆشبوو، دەیتوانی لەسەر شەقامە گشتییەکەوە ئاگری خومپارەکان ببینێت کە لە بەرزاییە نزیکەکانی ئەمبەرەوبەری شەقامەکەدا ناڵەیان لە زەوی هەڵدەستان. لە زۆربەی خاڵەکانی پشکنیندا، پاسەوانەکان سەرسەخت و بێئۆقرە و نائارام دیاربوون، برسێتی و بێخەویان پێوەدیاربوو. زۆربەی ئەو شارۆچکە بچوکانەی دەبایە بە ناویاندا تێبپەڕێت، بێدەنگ و نیمچە خاڵی و کش و مات دەیاننواند، بەشی هەرە زۆری ئەوانەی دەهاتنە سەر ڕێگای خەڵکانی چەکداربوون کە هەندێ جار بە هێمنی سڵاویان لێدەکرد و هەندێ جار دەیانوەستاند بۆ ئەوەی پرسیاری ڕێگای لێبکەن. خالید ئێوارەیەکی زۆر درەنگ گەیشتەوە شار، ئەوکات شەقامەکان چۆڵ بووبوون و قەرەباڵغییەکی زۆر بە ڕێگاکانەوە نەمابوو، سەرەتا ویستی ڕاستەوخۆ باڵندەکان لە جێگایەک ڕابگرێت و خۆی بە تەنیا بچێت بۆ ماڵی سەوسەن تا هاتنەوەی خۆی ڕابگەیێنێت، بەڵام هەستیکرد بە عارەقی ڕێگاوە، بەو ڕیشەوە کە چەند ڕۆژ بوو لە غەمی قەلەندەردا

نەیتاشی بوو، دیمەنێکی گەلێک ناشایستە و نالایەقی دەبێت کە دوور نییە هەموو ئەو نیگارە تێکبشکێنێت کە چەند وەختە دەیەوێت لای سەوسەن دروستیبکات. هەر گەیشتەوە شار، بروسکەیەکی گەورەی زیندووبوونەوەی ئیرەیی عەشق لێیدا، بیریکەوتەوە ئەم خۆشەویستییە چەند ئازاری داوە و چەند ئازاری دەدا. کە شەقامە پیس و تاریکەکانی شاری بینی، کە زانی زۆربەی کۆڵانەکان ڕوناکیان نییە خۆشحاڵ بوو، لەسەرێکەوە دڵنیابوو گەیشتۆتەوە شارەکەی خۆی و لەسەرێکی دییەوە پێویستی بە تاریکی بوو، زۆر پێویستی بە تاریکی بوو تا لە ناویدا هەست بە دڵنیایی بکات... هەستیدەکرد ڕابوردوویەکی زۆر سەختی لە پشت خۆیەوە جێهێشتووە، بەڵام داهاتوویەکی زۆر نادیاریش چاوەڕوانیدەکات. لە ناو شاریشدا هەستی بە نائارامی و بێئۆقرەیی و گرژییەکی گەورە کرد، لێرەش چەکدارەکان لە زۆربەی شوێنەکاندا وەستابوون. خالید ئاموون هەستیکرد دڵی بەجۆرێکی ترسناک لێدەدا، نەیدەزانی بچێت بۆ کوێ، هەتا یەک ئامووزنیش لە شارەکەدا نەبوو بۆ پشویەکی کورت ڕووی تێبکات. کەمێک بیریکردەوە و بڕیاریدا لە ناو ماشێنەکەدا بمێنێتەوە، باڵندەکان لە جێگایەکدا بوەستێنێت و تابەیانی بخەوێت، بەڵام زانی کە دەبێت خۆی بشوات و ڕیشی بتاشێت و خۆی بگۆڕێت، ئەوانەش لە ماشێنەکەدا ناکرێن، لەوە زیاتریش دەبێت لە شوێنێکی بینراودا بێت، لە جێگایەکدا بێت کە خەڵکی باڵندەکان ببینن، بزانن کە باڵندەکان لێرەن و گەڕاونەتەوە. بە خۆی و ماشێن و قەفەزەکانییەوە، چووە بەردەم دوو ئوتێل، بەڵام هەردووکیان داخرابوون. لە مێژبوو شارەکە پێویستی بە ئوتێل نەمابوو، لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕدا، بەهۆی چەپەکی و دوورییەوە بە دەگمەن ڕێبوارێک ڕووی بکردایەتە ئەم جێگا پەرێز و لەبیرکراوەی دونیا. دوا جێگا بەدەستییەوە مابوو، ئوتێلی باوەجان بوو، کە لای خالید ناوبانگێکی خراپی هەبوو، بەڵام ناچار قەفەزی باڵندەکانی لە بەردەمدا وەستان و چووە ژوورێ و داوای ژوورێکی

بەتاڵی کرد. لە ڕاستیدا هەموو ئوتێلەکە بەتاڵ بوو... هەموو ئوتێلەکە. خالید ژوورێکی گرت کە بەسەر شەقامەکەدا دەیڕوانی و دەیتوانی لەوێوە ئاگای لە قەفەزەکان بێت، کە لە پەنجەرەکەوە سەیریکرد شەقامەکە زۆر تاریک و باڵندەکانیش زۆر بێدەنگ بوون، لەبەرەوە بە هێمنی خۆی گۆڕی و بڕیاریدا دوشێکی بچوک بکات تا کەمێک عارەق و ماندوێتی ڕێگا لە لەشیبکاتەوە. لە هەموو شارەکانی دونیادا هەر وایکردبوو، لە هەر جێگایەک بایە گەر دەستی بە ئوتێلی باش و فورسەتی خۆشتندا بگەیشتایە لە دەستی نەدەدا. بەڵام کە چووە ناو گەرماوەکەوە هەستێکی سەیر دایگرت، هەستێکی قووڵ بە ترس و نەبوونی دڵنیایی، بۆ لە هەموو شارە نامۆکانی دونیادا هەستی بە دڵنیایی کردبوو، بەڵام لێرەدا نا... نەیدەزانی. کە لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی کرد، سەیری چاوەکانی خۆی کرد، نەیتوانی تێبگات لەم هەمووساڵەدا چی لە نیگاکانیدا گۆڕاون، ویستی زەردەخەنە بکرێت، بەڵام نەیتوانی. نا... دەموچاوی لەو دەموچاوانە نەبوو کە زەردەخەنە ئاسان لەسەری جێگای ببێتەوە. لە ژێر دوشەکەدا زۆر بیری لە سەوسەن فیکرەت کردەوە و پێیوابوو بەو زەینە زیرەک و پڕنهێنییەی خۆی لەوانەیە ئێستا هەست بە هاتنەوەی ئەم بکات. وەکو تر جگە لە ڕقێکی قووڵ و سارد بەرابەر بە نەیارەکانی هەستی بە هیچی تر نەدەکرد، هەمان ڕقی سارد کە پێش سەفەر هەیبوو، بەڵام ئێستا قووڵتر و بێڕەحمتر، بە تایبەت بەرامبەر کامەرانی سەلما کە دەبێت لە ژێرەوە بێڕەحمانە هاوکارەکانی گەرمکردبێت تا سووکایەتی وا گەورە بەسەر ئەو و ئاموونییەکاندا بهێنن. ڕقێکی هێند نهێنی و بەهێزبوو خۆی لێیدەترسا... نەیدەزانی چی لەو ڕقە بکات، هەموو سەر زەمین گەڕابوو بۆ ئەوەی ونیبکات و خۆی لێپاکبکاتەوە، بەڵام سوودی نەبوو... هەمیشە قووڵ لە دڵیدا بوو. ئێستا کە دەگەیشتەوە ئەم شارە، کە چیرۆکی ئەو کارەساتانەی دەبیست کە بەسەر خۆی و خێڵەکەیدا هاتووە،

دڵنیابوو ئەوەی ئەم هەموو ساڵە ئەوی بە زەویدا گێڕاوە ڕق بووە نەوەک خۆشەویستی. ئێستاش لە هەر کات زیاتر هەستی بەو کینەیە دەکرد، هەستیدەکرد گەر نەتوانێت بۆ هەتاهەتایە ئەم نەیارانەی تێکبشکێنێت، گەر نەتوانێت سەوسەن بباتەوە ژیانی هیچ مانایەکی نامێنێت.

بەدروستی کەس نازانێت کێ هەواڵی هاتنەوەی خالید ئاموونی لەو شەوە تاریکەدا بڵاوکردەوە. بەڵام لە سەعات دەی شەودا زۆربەمان هەواڵی گەڕانەوەی خالید ئاموونمان پێگەیشتبوو. نزیکی سەعات دەونیو هەندێکمان لە دەوری قەفەزەکان کۆبووینەوە، هەموو سەیرمان لە بێدەنگی باڵندەکان دەهات، تا بە لایت و چرای دەستی سەیری ناو قەفەزەکانمان نەکرد دڵنیانەبووین کە باڵندەی تێدایە، باڵندەکانی خالید بێئەندازە بێدەنگ بوون، چرکەیان لێوە نەدەهات. ئێمە سەری چەرداخی هەندێک قەفەزەکانمان لادا و دڵنیابووین کە هەموو قەفەزەکان پڕن لە باڵندە، بەڵام بەهۆی تاریکییەوە نەماندەتوانی بە ڕونی بیانبینین. سەرمان بۆ قاتی دووەمی ئوتێلەکە بەرزکردەوە و لە پەنجەرەیەکی بچوکدا تارماییەکی باریک و ڕەشمان بینی سەیرماندەکات، هەموو دڵنیابووین کە ئەوە خالید ئاموون خۆیەتی، چونکە جگە لەو کەسی دیکە لە ئوتێلەکەدا نەبوو. تا نزیکی سەعات دوازدە و نیوی شەو ئێمە لەدەوری باڵندەکان بووین، لە شەقامە تاریکەکەدا قسەماندەکرد و بەدەنگی بەرز پێدەکەنین، تا ئەو کاتە خالید ئاموون نەخەوتبوو، بەردەوام سەیری ئێمە و قەفەزەکانی دەکرد، بەڵام ئێمە سەعات دوازدە و نیوی شەو، بەرەو ماڵەوە گەڕاینەوە بە ئومێدی ئەوەی بەیانی زوو هەستین و بگەینە بەر ئوتێلەکە تا لەبەر ڕۆشنایی خۆردا سەیری باڵندەکان بکەین.

شەو درەنگ لەسەر دەنگی هەندێ فیشەک ڕاچڵەکین و خەوتینەوە... ڕاچڵەکین و خەوتینەوە. بەڵام سەعات شەشی بەیانی هەواڵێکی سەیر هەموومانی هەژاند، هەواڵێک سەرەتا کەسمان باوەڕمان پێ نەکرد، شەو

دەستێکی نەناس بە دوو تاپڕ تەقەی لە قەفەزەکان کردبوو و ژمارەیەکی زۆری لە باڵندەکان کوشتبوو... تا سەرەتا کەسمان باوەڕمان نەکرد، تا گەیشتینە بەردەمی ئوتێلەکەی باوەجان و خالید ئاموونمان بینی لە ناو خوێنی باڵندەکانی خۆیدا وەستاوە، واماندەزانی ئەو دەنگۆیە درۆیە. پێدەچێت سەعات دوو و نیوی شەو، کەسێکی نەناس یاخود زیاتر لە کەسێک بە خێراییەکی بێوێنە یەک لەسەر یەک چەندین فیشەکی تاپڕیان نابێت بە ناو قەفەزەکانەوە و دواتر تاپڕەکانیان جێهێشتبێت و هەڵهاتبێتن. کە ناو قەفەزەکانمان بینی ترسێکی گەورە دایگرتین، خودایە ئەو هەموو باڵندە قەشەنگ و کوژراوە چی بوو لەوێدا بینیمان، زیاتر لە نیوەی باڵندەکان کوژراو و زامداربوون. باڵندەی سەیرتر و قەشەنگتر لە باڵندەکانی کامەرانی سەلما... هەندێ بولبولی بچوک کە لە ملیۆنێک ڕەنگ دروستبووبوون، هەندێک کۆتر کە ملی درێژیان لە ملی قاز دەچوو، هەڵۆ کە گەردنیان وەک ماسی پڕپوو لە پولەکەی سوور، کونەپەپو کە وەک ژنی حیجابدار وەهابوون، هەموو بە کوژراوی لە قەفەزەکاندا کەوتبوون. خالید ئاموون ماندوو و نائومێد و تێکشکاو لە تەنیشت قەفەزەکانەوە وەستابوو، قەمسەڵەیەکی ڕەش و کراسێکی ڕەش و پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەردا بوو. نیگاکانی وەک خۆی نەگۆڕ و سەیرکردنەکانی سارد و تیژ بوون، زیاتر لە غەم، تووڕەیی و کینەمان تێدا بینییەوە. هێمنییەکی کوشندە دایگرتبوو، دیاربوو لەو چەند سەعاتەی ڕابوردوودا هەوڵیداوە هەستەکانی خۆی کۆنترۆڵبکات، ئەو پاسەوانەی شەو لە ئوتێلەکەدا مابووەوە باسی ئەوەی دەکرد کە لە دەنگی هاواری ئەو نەوەک لە دەنگی گوللەکان ڕاچڵەکیوە و هاتۆتەدەرێ. دەیگووت یەکەم کەس خالید ئاموونی بە جلی خەوەوە لە بەر دەرگای ئوتێلەکەدا بە چاوی پڕ فرمێسکەوە بینیوە، دەیگووت شارەکە و شەقامەکە هەمووی چۆڵ و هۆڵ بووە، دەیگووت بۆنی ساچمە و باروت و خوێنی کردوە. بە وردی باسی ئەوەی بۆ کردین کە چۆن چووە چرای

هێنـاوە، چۆن یـەک بـە یـەک سـەیری قەفەزەکانیـان کـردوە، چـۆن لـە ترسـی ئـەوەی باڵنـدە ترسـاوەکانی تـر نەفـڕن نەیانوێـراوە قەفـەزەکان بکەنـەوە، چۆن هەندێـک لـە باڵنـدە زامـدارەکان مـردون، چـۆن تەلەفونیانکـردوە پزیشـکێکی باڵنـدە بدۆزنـەوە و هیـچ کەسـیان دەسـت نەکەوتـووە چونکـە شـارەکە زۆر کەم بەیتاڵـی تێدایـە. چـۆن خالیـد ئامـوون کەوتـووە و تێکشـکاوە، چـۆن سـەری نـاوە بـە قەفەزەکانـەوە و گریـاوە.

ئوتێلـی باوەجـان دەکەوتـە ناوەڕاسـتی شـارەوە، لـە جێگایەکـدا نزیـک لـە بـازاڕی سـەوزە و گـوزەری ماسـیفرۆش و کوچـەی قەیمـاغ فرۆشـەکان، لـە سـەر یەکـێ لـە چـوارڕێ سـەرەکییەکانی شـار. ئـەوێ بەیانیـان زووتـر لـە هـەر جێگایەکـی دی جوڵـەی تێدەکـەوت، ماسـتفرۆش و جگەرچییـەکان لـە بەیانییەکـی زووەوە دەهاتـن و دوکانەکانیـان دەکـردەوە. ئـەو بەیانییـە زۆر لـە فرۆشـیارەکان سەرسـامانە هاتـن و وەک ئێمـە بەدیـار ئـەو باڵنـدە قەشـەنگ و کوژراوانـەوە وەسـتان، هەندێـک لـە باڵنـدە برینـدارەکان هێشـتا لـە گیانـەڵادا بـوون، هەمـوو قەفـەزەکان خوێنیـان لێدەهاتـە خـوار، سـەری هەندێـک لـە باڵنـدە کـوژراوەکان لـە دەلاقـەی نێـوان شیشـەکانەوە شـۆڕبووبووەوە، هەندێک لــە باڵــدارە زامــدارەکان وەک کەڵەشــێری ســەربڕاو لەقەفرتێیــان دەکــرد، خامـۆش و بێسـرەوت دەبـوون و لـە نـاکاو وەک مـردن ڕاویـان بنێـت لـە جێگای خۆیـان بەرزدەبوونـەوە و بـەرەو سـەرەوە دەفڕیـن و دەکەوتنەوەخـوارێ، باڵندە سـاغەکانیش بەجۆرێـک خوێنـاوی بووبـوون مـرۆڤ بـە چـاو نەیدەتوانـی بزانێت زامـدارن یاخـود نـا، هەندێکیـان مـات و بێدەنـگ لەسـەر لاشـەی هاوڕێکانیـان وەسـتابوون و هەندێکی دیکەیان وەک مرۆڤی بریندار هاواریاندەکرد، قریشـکەی هەندێـک لـە باڵنـدەکان وەهـا غەمگیـن و دڵبـڕ بـوو هەموومانـی غەمبارکـرد. لـە سـەعات هەشـت و نیـوی بەیانیـدا سەوسـەن و فیکـرەت گوڵدانچـی باوکـی و دکتـۆر ڕەفعـەت ڕەمـزی گەیشـتنە بـەر ئوتێلەکـە، کـە ئـەوان هاتـن هێشـتا دیمەنـی گـەورەی تاوانەکـە وەک خـۆی وابـوو. هێشـتا خوێنـی باڵنـدەکان

لەسەر شەقامەکە و لەدەوری قەفەزەکان تەڕبوو. سەوسەن بە ڕەنگێکی سپی و ترساوەوە سەیری قەفەزەکانی کرد و بۆ ئەوەی هاوارنەکات و نەگری دەستی گرت بە دەمییەوە. دەچووە بەر هەر قەفەزێک کورتە هاوارێکی خنکاوی لێدەهات. ئەو لە هەموومان زیاتر باڵندەکانی دەناسی، لە هەموومان زیاتر زانیاری لەسەر سروشت و گرنگی و تایبەتمەندی ئەو باڵندە کوژراوانە هەبوو.

بە بینینی سەوسەن فیکرەت، بینیمان خالید چاوی لێکنا، ئێستێکیکرد و هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژێ و بەرەو پیری چوو. نیگا و وەستان و سەیرکردنی لە نیگا و وەستان و سەیرکردنی عاشقێک نەدەچوو، بەڵکو لە شەڕکەرێکی تێکشکاو دەچوو، لە پیاوێک لە جەنگێکی گەورە هاتبێتەوە و پەشیمان بێت لەوەی زیندوە.

سەوسەن بە دەنگە ترساو و نیگا پەشۆکاوەکەیەوە سڵاوی لێکرد، دیمەنەکە وەها سەیر و غەمگین بوو، کەسمان نیشانەیەکی خۆشی ڕاستەقینەمان لە سەر ڕوخساری کەسیان نەبینی. فیکرەت گوڵدانچی باوەشێکی کورتی پیاکرد و گووتی «پێم ناخۆشە کوڕم، بەمجۆرە دەتبینم، پێم ناخۆشە». خالید بە دەنگێکی کز گووتی «منیش حەزمدەکرد هەموو باڵندەکان بە سەلامەتی ببینن... حەزمدەکرد، من بە ساغی بە هەموو دونیادا هێنامن... بەڵام ئەمشەو... ئەمشەو». فیکرەت گوڵدانچی گووتی «ئا... ئا عەزیزم، هەموو شتێک دەبینم... هەموو شتێک دەبینم... پێویست ناکات هیچ بڵێیت. بەڵام دەبێت کێ بێت، دەبێت کێ بێت؟»، خالید بە هێمنی سەری بادا و هیچی نەگووت. سەوسەن بە هێمنی و بەدەنگە لاوازەکەی خۆی گووتی «بەڵام ڕەنگە بتوانین هەندێک لە باڵندە برینـدارەکان ڕزگاربکەین، ڕەنگە بتوانین. بابە... ئەگەر دکتۆرێکی باڵندە بدۆزینەوە». دکتۆر ڕەفعەت ڕەمزی لە تەلەفونی ئوتێلەکەی باوەجانەوە چەند تەلەفونێکی کرد و گووتی «دکتۆر دڵشاد شوکر هەیە، ئەوە تاکە

دكتـۆری تایبەتـی حەیواناتـە لـە شـارەكەدا... تۆزێكـی دی دەگات...».
فیكـرەت گوڵدانچـی سـەری بـادا و گووتـی « هـا... لـە ڕاسـتیدا سـەیرم پێدێـت كـە دكتـۆری حەیوانـات لـەم شـارەدا كەمـن... زۆر سـەیرم پێدێـت، وادەزانـم لـە هـەر شـارێكی تـری دونیـا ئێمـە زیاتـر پێویسـتیمان بـە دكتـۆری حەیواناتـە» . هەمـوو بـە قسـەكەی گوڵدانچـی پێكەنیـن. پێشتر گوڵدانچیمـان بەوجـۆرە لـە نـاو سـەوزەفرۆش و ماسـیفرۆش و جگەرچییەكانـی بەیانیـدا نەبینیبـوو، ئێسـتا هێـدی هێـدی تـەواو پیـری پێـوە دیاربـوو. بەسەرسـامی سـەیری چـواردەوری خـۆی كـرد و گووتـی «باشـترین شـت ئەوەیـە هەمـوو باڵنـدەكان بگوازینـەوە بـۆ مەخزەنەكـەی عیزەتـی بـرام... لایەنـی كـەم لـەوێ سـەلامەتن... پاسـەوانیان هەیـە، وانییـە... لـەوێ دەتوانیـن باڵندە مـردووەكان دەربهێنیـن و زامـدارەكان تیماربكەیـن و غەمـی ئەوانـی تریـش بخۆیـن... هـا نازانـم كـەس هەواڵـی بـە پۆلیـس داوە... دەبێـت شـتی وابكەیـن... دەبێـت شـتی وابكەیـن؟» . ئێمـە لـە مـلاولای شـەقامەكەوە گوێمـان دەگـرت، یەكێـك گووتـی « كاتـی خۆتـان بـۆ بـە پۆلیسـەوە دەكـوژن. زەلامیـش بكوژرێـت پۆلیس غەمـی ناخـوات... هـا ئێسـتا هیـچ ناكـەن، غەمـی كۆمەڵێـك تەیروتیور دەخـۆن» . گوڵدانچـی گووتـی «نازانـم... نازانـم... ئـەم پیـاوە هەشـت سـاڵ بەدونیـادا گـەڕاوە ئـەو باڵندانـەی كۆكردۆتـەوە، ئێسـتا نامەردێـك دێـت و لـە یەكـەم شـەودا كۆمەڵێـك تاپڕیـان پیادەتەقێنێـت... ئـەوەش كـەم نییـە... هـا كـەم نییـە» .

تاكـە شـتێك كـە كردمـان ئەوەبـوو بچیـن و یەكێـك لـە وێنەگرانـی شـارەزا خەبەریكەینـەوە و بـە دەموچـاوی خەواڵـووەوە كێشـیبكەین و داوای لێبكەین لە هەمـوو لایەكـەوە وێنـەی قەفـەزە خوێناوییەكانمـان بـۆ بگرێـت. بـرای وێنەچـی هـەر هێنـدەی خوێنـی ئـەو هەمـوو باڵندەیـەی بینی، كـە چاوی بەو قەسـابخانە گەورەیـە كـەوت كـە بـۆ كۆمەڵێـك تەیری قەشـەنگ سـازكراوە، بەئاگاهاتەوە و بـە حەسـرەتێكی زۆرەوە فۆتۆكانـی بـە جوانتریـن شـێوە بـۆ گرتیـن. زۆر كـەس

لە ئێمە کە نەماندەویست یادگاری ئەو ڕۆژانە لە یادمان دەربچێت، ئەو وێنانەمان هەموو کڕی... هەندێک لەو وێنە خوێناویانە تا ئەمڕۆش لە ئەلبومی تایبەتی هەندێک کەسدا ماونەتەوە، لە دۆلابی یادگارە تاڵەکانی سەوسەندا هەڵگیراون، لەلای خالید ئاموونیش گەورەکراون و لە دۆسییەی تایبەتیدا پارێزراون.

بەڵام ئەو باڵندە زامدار و خوێناوی و کوژراوانەی خالیدیش بە هەمان شێوەی باڵندە ئازاد و خۆشحاڵ و سەرمەستەکانی کامەران، ئارەزووی ناسینی دونیا و بینینی سەر زەمینیان لە ئێمەدا جولاند. خوێن و برین و هاوارەکانیان لە سەرسامی ئێمەی کەم نەکردەوە، ئەوەی باڵندەکان نیشانەی هەبوونی سەرزەمینێکن بە ئێمە نامۆیە، نیشانەی دونیایەکی دوورن کە بانگماندەکات... هەر وەکو خۆی وەهابوو.

حاڵی خالید ئاموون گەلێک دژوار دەردەکەوت، بەڵام نیگاکانی لە پاڵ ماندوێتیدا سێبەرێکی نهێنی و ئاڵۆز و نەخوێنراوەی لەسەربوو. کەسمان لەوانەی لەو بەیانییەدا لە نزیک قەفەزەکانەوە وەستابووین نەمانتوانی تێیبگەین، تابلێی تاریک و تەلیسماوی بوو، وەک ئەوەی جیهان، وەک ئەوەی ئەو سەفەرە درێژە ڕۆحی تاریکتر کردبێت. دواتر کەسانێکی تاک و تەرا دەرکەوتن کە لەوەوپێش خالیدیان لە بازاڕدا ناسیبوو، بە ئارامی تەوقەیان لەگەڵدا کرد و بە دەنگێکی لەسەرەخۆ بەخێرهاتنەوەیان کرد، بێئەوەی گەرمییەکی ئەوتۆ یان خرۆشانێکی تایبەت پیشانبدەن. هەموو هەستمانکرد خالید ئاموون لە ناو ئێمەدا هەست بە تەنهاییەکی گەورە دەکات، گەڕانەوەکەی لە هیچ شتێکدا بە گەڕانەوەی کامەرانی سەلما نەدەچوو کە کۆمەڵێک ئاهەنگی زۆری خستەوە و بەجۆرێک لە جۆرەکان زۆربەمانی خۆشحاڵکرد. کاتێک ویستیان قەفەزی باڵدارە بیمارەکان لەو جەنجاڵییەی ناو بازاڕ دووربخەنەوە، هەستمانکرد دۆخی خالید لەوە دژوارترە بتوانێت ماشێن لێبخوڕێت، لەبەرئەوە کوڕێکی گەنج لەبری ئەو

چووە پشت سوکانەکە و ئەوانی دی لە تاکسییەکی کۆندا بۆ جێگای کۆبوونەوەی باڵندەکان پێشیکەوتن. نزیکی سەعات دەی بەیانی دکتۆر دڵشاد شوکر هات، تا ئەو گەیشت ژمارەیەک لە باڵندەکانی دیکەش مردن، بەڵام هاتنی دکتۆر دڵی هەموانی خۆشکرد، دکتۆر پیاوێکی ڕووخۆش و قسە شیرین بوو کە خۆشحاڵ بوو دواجار لەم کاتی شەڕی ناوخۆیەدا کە ڕۆژانە چەندین کەس دەکوژرێت، کەسانێک هەن دەیانەوێت ژیانی هەندێک باڵندە ڕزگاربکەن. دکتۆر گووتی «لەوەتەی شەڕی ناوخۆ هەڵگیرساوە ئیتر دکتۆری وەک من کە سەروکارمان لەگەڵ ژیانی حەیواناتدایە کارێکی ئەوتۆمان نەماوە... ئیشەکەی من بە ڕێزی ژیانەوە بەستراوە، کە ئادەمیزاد حورمەتی بۆ ژیانی خۆی نەبێت، حورمەتی بۆ حەیوانات هەر نابێت». دکتۆر هێدی هێدی دەستیکرد بە دەرهێنانی باڵندە مردووەکان لە قەفەزەکانیان و گووتی «بە ڕاستی حەیف، هەموو باڵندەی نەبینراو و بێوێنەن... بەڕاستی حەیف». گوڵدانچی لە سەر کورسییەکی تەختە لە ناوەڕاستی عەمباری باڵندەکاندا دانیشتبوو، دەستی خستبووە ژێر ڕیشییەوە و گووتی «موخابن جوانترین باڵندەکانیش پێوەبوون». دکتۆر باڵندەیەکی دەرهێنا پەڕێکی ڕەش و بنسکێکی سپی هەبوو، کڵاوپەڕێکی ڕەشی بەسەرەوە بوو، لە کڵاوی جەنگاوەرە ڕۆمانییە دێرینەکان دەچوو، سەوسەن بە دەنگێکی غەمگین و ترساوەوە گووتی «چ حەیفێکی گەورەیە، خوایە چ حەیفێکی گەورەیە، ئەوە چ باڵندەیەکی دەگمەنە... چ باڵندەیەکی دەگمەنە «کراکس بلومنباخی»، لەو باڵندانەیە کە بە لە ناوچوو حسێبە، لە هەموو دونیادا چەند دانەیەکی کەمی هەیە، جاران لە هەندێک هەرێمی بەرازیلدا بڵاوبوون ئێستا زۆر دەگمەنن». دکتۆر بەسەرسامی سەیری سەوسەنی کرد و گووتی «ڕاستییەکەی من زانیاری وەهام نییە، هێندە دەتوانم بڵێم کە من باڵندەی وەهام نەبینیوە... ئاە چ حەیفە ئەوە هەروا بمرێت... خانم من هاوڕێیەکم هەیە زۆر لە مۆمیادا

شارەزایە. ئاە بەڕاستی شارەزایە، لەوانە نییە کە باڵندەکان کەوڵدەکەن و ناو سکیان پڕدەکەن لە پوش و تەواو، ئەو بەڕاستی دەزانێت جوان مۆمیابکات، ها دەڵێیت چی ئەم باڵندانە مۆمیا بکەین... ها... هەموو ئەم باڵندە مردوانە... دەڵێیت چی؟». سەوسەن بە ئەسپایی گووتی «ئا دکتۆر... ئا دکتۆر... پێیبڵێ با باڵندەکانمان بۆ مۆمیابکات.. پێیبڵێ». یەکە یەکە باڵندە مردووەکانیان دەرهێنا، دەیان باڵندەی ناوازە بوون، چەندین جۆری نەبینراوی کۆتر و توتی و قەتێ و بولبول. دکتۆر لە نیوەڕۆوە تا نیوەشەو لەگەڵ باڵندە زامدارەکاندا خەریک بوو... بە هێمنی چەندەها ساچمەی لە برینەکانیان دەرهێنا، هەندێکیان تا مردن بە شەلی و هەندێکیان تا مردن بە باڵشکاوی و هەندێکیان بە کوێری دەمانەوە. سەوسەن و فیکرەت گوڵدانچی و خالید تا نیوەشەو لەگەڵ دکتۆردا بوون. کرێکارەکان لە نیوەڕۆوە تا ئێوارێ خەریکی چاککردنی جێگای تازەبوون بۆ باڵندە ساغەکان. خالید بەدرێژایی ئەو ڕۆژە لەناوەوە تاریک و لە نیگادا ئاڵۆز دەینواند، زۆر کەم قسەیدەکرد، شتێکی ڕەش باڵی بەسەر ڕۆحیدا گرتبوو. سەوسەن بەدرێژایی ئەو ماوەیە لێی نەپرسی «ئایا گومانت بۆ کێ دەچێت؟»، چونکە دەیزانی ئەو پرسیارە چەند ترسناکە و دەشێت چ دەرگایەکی تاریک بکاتەوە. بەڵام دەمە و ئێوارە دکتۆر دڵشاد شوکر لە یەکێک لە پشووەکانیدا، کاتێک خەریکی کێشانی جگەرەیەکی نوێ و خواردنەوەی چایەکی تازە بوو، بێئەوەی ئاگاداری ئەوەبێت سەری چ سندوقێک دەکاتەوە پرسی «بەڵام کاک خالید، تۆ گومانت بۆ کێ دەچێت، گومانت بۆ کێ دەچێت؟... لەو باوەڕەدام چەند کەسێکی زۆر کەم دوێنێ شەو زانیبێتیان کە بەڕێزتان گەڕاونەتەوە... چەند کەسێکی زۆر کەم». خالید بە ماندوێتییەوە سەیری دکتۆری کرد و گووتی «دکتۆر ئەوانەی قەلەندەر ئاموونیان کوشتوە، ئەوانەی ساڵی نەوەدودوو ماڵی ئاموونییەکانیان سووتان، ئەوانەی شیاکەیان گرتە

ماڵەکانمان... هەر ئەوانە دوێنێ شەو باڵندەکانی منیان کوشت». شتێک لە ڕقی قووڵ، لە توڕەیی، لە نائومێدی ڕەش لە دەنگیدا بوو سەوسەنی ڕاچڵەکاند... شتێک پێچەوانەی ئەو ڕوونی و ڕووناکییەی کە لە دەنگی کامەرانی سەلمادا هەستی پێکرد، شتێکی تاریک، زۆر تاریک کە پێشتر لە دەنگی هیچ مرۆڤێکدا نەیبینیبوو. فیکرەت گوڵدانچی کەمێک خۆی ڕاستکردەوە و گووتی «ئاە کوڕم، من لە هەست و نەستت تێدەگەم... دەزانم چەند ناخۆشە... دەزانم چ نامەردییەکە، بەڵام پەلە مەکە... کوڕم پەلە مەکە، لە جۆرە حاڵەتی وادا مرۆڤ نازانێت سەروکاری لەگەڵ کێدایە... کێ دەڵێت ئەوانن... کێ دەڵێت؟ کوڕی من ئێستا بەڵگەمان بۆ قسەیەکی وەها نییە». خالید ئامۆون سەیری سەوسەنی کرد و گووتی «هەستێک لە ناومدا وام پێدەڵێت... من بەڵگەم نییە، هیچ بەڵگەیەکم نییە و ناشتوانم بەڵگەم هەبێت، بەڵام ئەو کەسەی ئەوەی کردوە دەیەوێت لەسەر مەیتی باڵندەکان سەربکەوێت... بە کوشتنی باڵندەکان من بکاتە دەرەوە و دڵی خانمم لێبڕەنجێت...». فیکرەت گوڵدانچی کەمێک ڕیشی خوراند و لەسەرەخۆ گووتی «خالید ئامۆون، تۆ باڵندەکانی خۆت هێنایەوە، باڵندەکانی خۆت هێنایەوە... من بزانم و عەقڵم بە مەسەلەکە بشکێت حیکمەتی گەورەی سەفەرەکە، هەمووی لە ناو باڵندەکاندا نییە... حیکمەتی گەورەی سەفەرە دووروودرێژەکە دەبێت شتێکی تر بێت... باوەڕ ناکەم کوشتنی باڵندەکان هیچ لە شوێنی تۆ بگۆڕێت». دکتۆر دڵشاد بە گومانەوە سەیریکرد و گووتی «لەوانەیە بە پێچەوانەوە لە شوێنی نەیارانی تۆ بگۆڕێت... لەوانەیە لە شوێنی ئەوان کەمبکاتەوە». خالید قووڵ سەیری چاوی دکتۆری کرد و هیچی نەگووت. سەوسەن بە دەنگێکی گریاو گووتی «نا... تکایە، تکایە ناتوانین هیچ کەس تاوانباربکەین... هیچ کەس». خالید بە شتێک لە ڕەنجاوییەوە گووتی «ئەی ژیانی باڵندەکانی من... ئەی ماندووبوونی هەشتساڵەم لە ئاوارەییدا... ئایا گەر کەسێک

بێت و هەموو ئەوە بدات بە بادا، دەبێت هەروا... هەروا سووک و ئاسان بۆی دەرچێت؟». سەوسەن بە هەمان دەنگی گریاوەوە گووتی «بەڵام... بەڵام... خالید ئێمە هیچ نازانین... نازانین کێ باڵندەکانی کوشتوە». خالید گووتی «من دەزانم کێ باڵندەکانی کوشتوە... مەنگوڕی بابەگەورە، یان یەکێکی تر لە چەقۆکێشەکانی ئەو، بە ئاگاداری کوڕەکەی سەلما... بە دڵنیاییەوە بە ئاگاداری ئەو... من دەزانم». سەوسەن بە دەنگێکی گریاوەوە گووتی «بەڵام وانییە... وانییە... جارێ هیچ شتێک دیار نییە». خالید بە نیگایەکی ماندووەوە سەیری سەوسەنی کرد و گووتی «بەڵام سەوسەن خان... ئەم بێباکییەی تۆ، ئەوەی ناتەوێت ببینیت کوڕەکەی سەلما لە سەرەتاوە چی دەکات، ئەوەی نابینیت چ کارساتێکی بەسەر من و خانەوادەکەمدا هێناوە، ئەوە هەزارجار... هەزارجار برینەکەم قووڵتر دەکاتەوە. ئەوە وادەکات زامدارتریم و برینم لە تەیرەکانم قووڵتر بێت. ئاه سەوسەن خان لێگەڕێ... لێگەڕێ و هەمووی بخەرە بەر ویژدانی خۆت... ببینە ئێمە چ ئازارێکمان کێشاوە... ببینە چەندە برینداربووین... ببینە و بیخەرە بەر ویژدانی خۆت».

سەوسەن دوای ئەو قسانە لە بێدەنگییەکی زۆر قووڵدا نوقم بوو، بەڵام شەو بەر لەوەی ماڵاوایی لە یەکتریکەن، بە خالیدی گووت لە نزیکترین کاتدا، دەبێت یەک ببینن و بە هێمنی لەسەر هەموو شتێک قسەبکەن.

نیوەشەو فیکرەت گوڵدانچی و کچەکەی بە دوو تاپڕەکەوە گەیشتنەوە ماڵ، تا لەبەرچاوی دکتۆر ڕەفعەت ڕەمزی ونبوون هەر یەکەیان تاپڕێکی هەڵگرتبوو، کە چوونە ژوورەوە لە بەردەرکی هۆڵەکەدا فیکرەت تاپڕەکەی خۆی دایە دەست سەوسەن و ئەویش بێئەوەی هیچ بڵێت وەریگرت و لەگەڵ تاپڕەکەی دەستی خۆیدا پێچانی لە چەرچەفێکی کۆنەوە و دەرگای «دۆلابی یادگارە تاڵەکان» ـی کردەوە و لەویادا بۆ هەتاهەتایە هەڵیگرتن.

٤٢

کوشتنی باڵندەکانی خالید ئاموون لە شاردا دەنگدانەوەیەکی بێوێنەی هەبوو. کامەرانی سەلما لە ماڵی خۆیان لە جێگاکەی خۆیدا نوستبوو کە لە خەویان هەستاند و هەواڵەکەیان پێڕاگەیاند، سەرسامانە سەیری دەوروبەری خۆی کرد و بێئەوەی تەواو بە ئاگا هاتبێتەوە، وەک ئەوەی بەدەم خەوەوە بێت گووتی «کام باڵندانە، ئەوانەی ئاورنگ ئاباد یان ئەوانەی شاری خوماسی؟». ئەوەی هەواڵەکەی بۆ هێنابوو کوڕێکی ئاوێنەفرۆش بوو لە بازاڕ، تێگەیشت کە کامەرانی سەلما خەو بەری نەداوە و هێشتا لە خەونەکانیدا هەر بە جیهاندا دەگەڕێت... وشە بەوشە خەبەرەکەی بۆ دووبارەکردەوە و گووتی «دوێنێ شەو خالید ئاموون گەڕاوەتەوە و قەفەزی باڵندەکانی لەبەردەم ئوتێلی باوەجاندا داناوە و نیوە شەو یەکێک بە تاپڕ تەقەی لە تەیرەکان کردوە». کامەرانی سەلما چاوی گلۆفی و بە بێباکییەوە گووتی «جا من کارم بە باڵندەکانی خالید ئاموونەوە چییە؟». کوڕەکە گووتی «نا هیچ کاک کامەران، بەڵام دەنگێک لە بازاڕدایە کە تۆ یان کاک مەنگوڕ ئەوەتان کردبێت، بەڵام من دەزانم کە ئێوە شتی واناکەن». کامەران بە سەرسامییەوە سەیریکرد و گووتی «بەڵام خوایە، من باڵندە بۆ دەکوژم... باڵندە بۆ دەکوژم... من قەت باڵندە ناکوژم». کوڕەکە گووتی « من دەزانم تۆ باڵندە ناکوژیت... من دەزانم».

کە کامەرانی سەلما هاتەدەرەوە بۆ ناو بازاڕ، هەواڵی کوشتنی باڵندەکان بە ئەندازەی هەواڵەکانی شەڕ لە سەر زاری خەڵک بوو. هەواڵەکە تووشی دوودڵییەکی ڕاستەقینەی کرد. بێئەوەی کاتێکی زۆر بکوژێت و لە هیچ قسەوباسێکی سەرزارەکییەوە تێوەبگلێت بە پەلە چوو بۆ چایخانەکە، کە گەیشتە ئەوێ مەنگوڕی بینی جامێکی گەورەی ماستاوی لەبەردەم خۆیدا دانابوو و بەدەنگی بەرز قسەیدەکرد و دەیگووت «سوێند دەخۆم بە قوونی هەموو پیاوە موقەدەس و بەڕێزەکانی ئەم شارە کە ئاگام لە کوشتنی باڵندەکانی خالید ئاموون نییە... ها، شەوێ من لە ماڵی داغڵی بووم، ژنەکەی یەکەم کەسە لە لێنانی پاچەدا، هەموو شتێک باش دەزانێت قۆزی شام، کوبەی حەڵەب، چلوخورشتی ئێرانی و هەزار شتی تریش، بەڵام لە هەر شت زیاتر لای من پاچەکەیەتی... ژنەکەی داغڵی دەزانێت من چەند حەزم لە پاچەیە، دوائەوە من کاتێک پاچەی ژنەکەی داغڵی دەخۆم، هەموو شتێکم لە بیردەچێتەوە... هەموو شتێک، من دوای پاچە خواردن مەزاجێکی وەها سافم هەیە کە ناتوانم بیری خراپ بکەمەوە. من لەوێ بووم لە ماڵی عومەر داغڵی بووم کە یەکێک هات گووتی خالید ئاموون بە خۆی و باڵندەکانەوە هاتۆتەوە. من گووتم بەخێربێتەوە، ها سوێندتان بۆ دەخۆم کە من گووتم بەخێربێتەوە، ئێرە شاری خۆیەتی... شاری ئەوە و شاری هەموو ئاموونییەکانی تریشە. سوێند دەخۆم کە گووتم، چەند شاری منە ئەوەندەش شاری ئەوانە. بەڵام ئەم شەڕە مەلعونە... ئەم شەڕە مەلعونە هەموو شارەکەی لەیەک ترازاندوە، برای لەگەڵ برادا کردووە بە دوژمن. دواتر یەکێک هات و گووتی خالید ئاموون لەبەر بێکەسی و بێجێگەیی چووە لە ئوتێلەکەی باوەجان لایداوە... من گووتم گەر بڕوای بە من بووایە، گەر منی بە دوژمن نەزانیبایە، سوێند دەخۆم کە دەمبردە لای خۆم، چیم بۆ کامەرانی سەلما کردوە بۆ ئەویشم دەکرد، بەڵام دەزانم

ئاموونییەكان خێڵێكی كەللە ڕەقن... لەو عەشایەرانەن هێشتا هەر بە كەللەی كۆن بیردەكەنەوە... نا كەس پێم نەڵێت، هەموو عەشایەرەكان بە كەللەی كۆن بیردەكەنەوە، ها سوێند دەخۆم عەشایەرمان هەیە سەرێكی تازەیان خستۆتە جێگای كەللە كۆنە پوتەكانیان و قوونێكی تازەیان لە خۆیان بەستوە... بەلام ئاموونییەكان نا، بەداخەوە».

قسەكانی مەنگوڕ لە چایخانەكەدا دەنگیان دەدایەوە، بەلام شتێك لە گاڵتەكردن، لە لەرەی پێڕابواردن بەدەنگییەوە دیاربوو، ئەوە جۆرە تۆنێك و مۆسیقایەكی نهێنی بوو كە جار جار لە دەنگیدا دەردەكەوت و تەنیا هەندێكمان هەستمان پێدەكرد. كە كامەران لە تەنیشتییەوە دانیشت و سەیری دەموچاوی ئەوانەی دەوروبەری خۆی كرد، هەستیكرد هەندێك لە نیگاكان هێشتا بە ڕاستی گومانیان لە قسەكانی مەنگوڕ هەیە.

كامەران بە كەمێك نائارامی و سەرسامییەوە گووتی «چ قسەیەكی پڕوپوچە ئەمەی لە بازاڕدا كەوتۆتەوە... ها... دەبێت كێ قسەی وای بلاوكردبێتەوە. ئێمە بۆ دەبێت باڵندەكان بكوژین... بۆ دەبێت باڵندەكان بكوژین. من قەت باڵندە ناكوژم».

یەكێك لە ئێمە لە مەنگوڕی پرسی «مەنگوڕ، تۆ ڕات چییە، خەیاڵت بۆ كێ دەچێت، دەڵێیت كێ لە پشت ئەم حیكایەتەوەیە؟».

مەنگوڕ تا دوا قووم ماستاوەكەی خواردەوە و گووتی « یوسف كەویاری گەورە لەم حاڵەتانەدا دەیگووت «تاوانبار ئەو كەسەیە كە بۆی ناچیت». ها بەلام من نازانم، بڵێم چی، من كە هەواڵەكەیان پێگووتم، بە خۆمم گووت مەنگوڕ خۆت لەم ئاگرەیان لادە، تێدەگەن... من گووتم مەنگوڕ قوونی خۆت مەخەرە سەر بەردی وا گەرم».

تۆزێك بە جیدییەتەوە چاوی داچەقاند و كۆكی و دەمی سڕی و

گووتـی« بڵێـم چـی... تاوانبارەکـە دەشـێت هـەر کەسـێک بێت، هەر کەسـێک بێـت کـە ئێـوە خەیاڵتـان بـۆی ناچێـت، دەشـێت تاقمـی مەنسـور ئەسـرین بـن، کـە خۆتـان دەزانـن دوای شـەڕەکەی قەلەنـدەر ئامـوون و مسـتەفا هـەژار چ ڕقێکـی گـەورە لـە نێوانیانـدا سـەوزبووە. خۆتـان دەزانـن ئـەوەی قەلەنـدەر کـردی کـەم نەبـوو، کابـرا شـاعیرێکە نـاوی خـۆی هەیـە، ئـەو مسـتەفا هـەژارە زەلامێکـە شـاعیرەکان سـوێند بـە قوونـی دەخـۆن. تـۆ کەسـێکی وا لەسـەر یـەک دوو قسـە خەڵتانـی خوێـن بکەیـت... هـا ئـەوە کـەم نییـە. نازانـم، لەوانەشـە هـەر کەسـێکی تـر بێـت کـە دەیەوێـت فیتنەکـە قووڵبکاتـەوە، کەسـێک دەزانێـت ئاموونییـەکان سـەرگەرم و دڵگەرمـن و دەیەوێـت زیاتـر بریندارپانبـکات... لـە بیرتـان نەچێـت ئـەم شـەڕە ئەخلاقـی تیـا نەمـاوە. بـەڵام خـۆ دووریـش نییـە دەسـتی یەکێـک بێـت لـەو گاڵتەچییـە بێویـژدان و شـەڕانیانەی ئـەم شـارە، کـە هەمـوو شـتێک دەکـەن بـۆ ئـەوەی دوایـی لـە دوورەوە پێبکەنـن، بـە قەبـری کەویـاری گـەورە پێکەنیـن لـەم شـارەدا بۆتـە شـتێکی شـەڕانی، شـتێکی لـە خەنجـەر خراپتـر، لـە ژەهـر کوشـندەتر، لێتـان ناشـارمەوە مـن کـە ئـەو توخمـە مەلعونـە لـە خەڵکـی گاڵتەچـی لـەم شـارەدا دەبینـم، حەزدەکـەم ئیتـر پێنەکەنـم، قـەت تادەمـرم پێنەکەنـم... هـا یـان دوور نییـە کەسـێک بێـت بیەوێـت سـەر لـە کچەکـەی گوڵدانچـی تێکبـدات، بـە جۆرێـک کچـە بـە ستەزمانەکە پـاک و پیسـی بـۆ لەیـەک جیانەکرێتـەوە. گـەر ڕاسـتیتان پێبڵێـم هەمـوو شـتەکان کـراوەن... دوور نییـە خەڵکێـک بـن کـە ڕقیـان لـەم باڵندانەیـە، خەڵکێـک هەیـە دەزانـن بینینـی ئـەم تەیرانـە عەقڵـی خەڵکـی ئـەم شـارە دەخاتـە سـەر هەوایەکـی تـر... ئێـوە مەنگوڕ بـە نەفـام تێمەگـەن، عەقڵـم بـە شـت دەشـکێت... ئـەم شـارە هـەزار کەسـی تێدایـە چـۆن لـە تاعـوون دەترسـن ئـاوا لـە دونیـا دەترسـن، لـەوە زراویـان چـووە ئێمـە شـتێک ببینیـن نەگبەتـی ئـەم ژیانـە پەڕپوتـەی خۆمـان بیربخاتـەوە، خۆتـان دەزانـن دوای بینینـی باڵندەکانـی کامـەران خەڵکـی ئـەم شـارە بـە ژن

و پیاوەوە چەندە حەزیان لە بینینی دونیا کردوە، چۆن هەوای سەفەر چۆتە کەللەیان... ئا کوڕینا... بڕۆین و جیهان بدۆزینەوە... جیهانی گەورە، میللەتانی تر ببینین کە لووتیان ڕەنگێکی تری هەیە... ئێوە نازانن، خەڵکێک هەیە زۆر لەوە دەترسێت»

ئینجا سەیری هەموومانی کرد و بەئەسپایی گوتی« بە دووریشی مەزانن کە خالید ئاموون خۆی بێت... ها، ئێوە بۆ ئەو دەرگایە دادەخەن.. بۆ دەڵێن خۆی چۆن باڵندەکان دەکوژێت؟ بەڵام بە قەبری شەیتان من ئەوە بە دوور نازانم. کوڕەکە دەیەوێت سەوسەن فیکرەتی دەست بکەوێت... بە هەر نرخێک بووە... بە هەر نرخێک بووە... ها تێدەگەن، دەشێت حیکایەتەکە وابێت، کوڕەکە دەڕوات و هەموو دونیا دەگەڕێت... هەموو باڵندەکانی خۆشی کۆدەکاتەوە، بەڵام ڕۆژ دوای ڕۆژ، مانگ دوای مانگ، ساڵ دوای ساڵ خەیاڵێک لە سەریدا گەورە دەبێت... تێدەگەن... بەسەر زەویدا دەڕوات و ئەو خەیاڵە مەلعونە لەسەریایەتی... تێدەگەن، بە دارستان و سەحرا و گوێ ڕووبارەکانی دونیادا دەڕوات و ئەو خەیاڵە مەلعونە وازی لێناهێنێت. ها... هەموو دەزانین کە خالید ئاموون بە ئەندازەی کامەرانی سەلما یان بە ئەندازەی کوڕەکەی ئیبراهیم ئەسرین جوان نییە، بۆیە دەبێت شتێک بکات، گورزێکی گەورە بهاوێت، خۆی بکات بە قوربانی، باڵندەکانی بکات بە شەهید... ها... وەک قەلەندەر ئامونی خزمی کە سوێند دەخۆم بە پشت قوونی هەرچی سیاسی دونیایە، گەر چەکەکەی دابنایە، گەر عینادییەکی گەورەی نەکردایە، لەوانەبوو خوێن لە لووتی نەیەت. بەڵام واز لەوە بهێنن... سەیرکەن، تێدەگەن... دوو تاپڕ، دوو تاپڕ... هەڵبەت ئەوەی بە دونیادا گەڕابێت، بەدوای باڵندەکاندا چوو بێتە ناو دارستانە چڕەکان، چووبێتە ناو شوێنە تاریک و عاسییەکان کە شێر و پڵنگیان تێدایە، پێویستی بە دوو تاپڕ دەبێت... ها تێمبگەێنن، بۆ ئەوەی کە تەقەکان دەکات دەبێت تاپڕەکەی

جێبهێڵێت، سوێند دەخۆم کە پێویست ناکات تاپڕەکەی جێبهێڵێت، لەبەرئەوە بە دووری نازانم ئەو تاپڕانە تاپڕی خالید ئاموون خۆی بن کە کاتی نەبووە بیانشارێتەوە... شەو نیوە شەو لە ئوتێلەکەی باوەجان هاتۆتەدەرێ، هەموو دەزانن کە سەعات سێی شەو ئەو ناوە گەر جنۆکەش تیا زەماوەندبکەن کەس ئاگای لێ نییە... هاتۆتە دەرێ تاپڕەکانی تەقاندوە و گەڕاوەتەوە بەردەمی ئوتێلەکە و کردوێتی بە هاوار... ها... بۆ ئەوەی دواجار مەنگوڕی بابەگەورە و کامەرانی سەلما تێوەبگلێنێت... ها... بۆ ئەوەی باڵندەکانی بکات بە شەهید، بۆ ئەوەی سۆزی هەمووومان بۆ خۆی بباتەوە، بۆ ئەوەی سەوسەن خان بڵێت وای لەم پیاوە بریندارە، وای لەم مرۆڤە کە هەموو گیانی زامە، وەرە گوڵی من، وەرە عەزیزم، من شوو بە تۆ دەکەم... ها... من بە دووری نازانم وا بووبێت... بە دووری نازانم».

یەکێک پرسی «بەڵام مەنگوڕ تو قەبری مردوت، تۆ دوێنێ شەو لە کوێ خەوتیت؟».

مەنگوڕ بە خەندەیەکی ساردەوە گووتی «من دوای پاچەکەی خانمی داغڵی، چوومەوە بۆ ماڵی خۆم و یەک تەختە لێیخەوتم، هیچ شتێک لە خەوی دوای پاچە خۆشتر نییە».

مەنگوڕ بەو تەفسیرانەی لە چایخانەکە پێشکەشیکرد تا ئەندازەیەکی زۆر هەموو گومانێکی گەورەی لە خۆی دوورخستەوە. وەک هەمیشە هەمووومان باوەڕمان پێکرد. کامەرانی سەلماش دڵنیابوو کە ئەو نییە... لە ئێوارەدا گومان بە جۆرێکی وا گەورە بڵاوبووەوە، ژمارەی تەفسیرەکانیش بە شێوەیەکی وا سەیر زیادیانکرد، هەموو گومانمان لە یەکدی بوو. بەڵام دەبێت بڵێم کە بکەری ڕاستەقینەی ئەو تاوانە هەرگیز دەرنەکەوت و ڕۆژێک لە ڕۆژان نەدۆزرایەوە.

٤٣

دوای هەفتەیەک لە گەڕانەوەی ئامـوون، مەنسـور ئیبراهیـم ئەسرینیش گەڕایەوە بۆ شـار. بە پێچەوانـەی هـەر دوو کاروانەکـەی دییـەوە، ئـەو لـە کاتـی نیوەڕۆدا گەیشـت، قەفەزەکانـی بچوکتـر و ڕەنگینتـر بـوون، باڵندەکانی مەنسـور لـە بـری ئـەوەی لـە قەفـەزی جیاجیـادا بـن لـە دوو لـۆری زۆر زۆر گـەورەدا لەسـەر یـەک بارکرابـوون، کـە لـە دوورەوە سـەیرماندەکرد باڵەخانەیەکـی سـەیرمان لـە قەفـەز دەبینـی، باڵنـدەکان چیـن چیـن لەسـەر یـەک هەڵچنرابـوون، باڵنـدە گـەورەکان لـە ژێـرەوە و باڵنـدە بچوکـەکان لەسـەرەوە، ئەوانـەی لـە ژماردنـدا وردن باسـیان لـە زیـاد لـە سەدوشەست چەشـنە باڵنـدەی جۆراوجـۆر دەکـرد... کـە هەمـوو لـەو پـەڕی بەختەوەریـدا گۆرانیـان دەگـووت. دەبێـت بڵێـم کـە باڵندەکانـی مەنسـور کەمێـک لەخۆبایـی و لـووت بـەرز و بەدەعـوا دەیاننوانـد، کامەرانیـان لـە کامەرانـی باڵندەکانـی کامەرانـی سـەلما نەدەچـوو، کـە گەلێـک سـادە و دۆسـتانە و پرفـزوڵ بـوون. هەمـوو باڵنـدەکان دەیانخوێنـد بێئـەوەی بەڕاسـتی سـەیری ئێمـە بکـەن یـان سـەیری شـارەکەمان بکـەن، یـان وادەربکـەون هـۆی خۆشـحاڵی و بەهانـەی بەختەوەرییـان گەیشـتن بـە دەڤـەری ئێمـە بێـت. کۆمەڵێـک باڵندەبـوون لەسـەرەتاوە تـا کۆتایـی بـەوە خۆشـحاڵبوون لـە دونیـادا دەژیـن و بـە جیهاندا سـەفەردەکەن. مەنسـور ئەسـرین قەفەزەکانی بە شـێوەی زۆر قەشـەنگ و بە گـەڵای زۆر نـاوازە و بـە مـورو و دەمامـک و پەیکـەری بچکۆلـە ڕازاندبـووەوە،

هەموو پیاوێکی زیرەک تەنیا بەسەیری قەفەزەکان دەیتوانی بزانێت ئەم باڵندانە مەلی چ ئاسمانێک و تەیری چ سەرزەمینێکن، قەفەزی باڵندە ئەفریقییەکان بە دەمامک و پەیکەر و سەمبولی شارستانێتییە ئەفریقییە کۆنەکان و بە کاری قەشەنگی هونەرمەرمەندە خۆرپسکەکانی ئەو سەر زەمینانە ڕازابووەوە، لە سەر هەندێ قەفەزی دی، نیشانە و سەمبولی شارستانییەتی کۆنی مایا و زەخرەفەی جووتیارە بۆلیڤییەکان و ملوانکە و موفەرک و کەرەستەی هیندییە سورەکانمان بینی، هەندێ قەفەزیش بە کاری دەستی هەندێک لە هونەرمەندە بودییەکان ڕازابووەوە. بە گشتی قەفەزەکانیش بە ڕەنگی زۆر تایبەتی ڕەنگکرابوون، شێوەی ڕێکخستنی ڕەنگەکان و دیمەنی بارهەڵگرەکان، هەر یەکە و بەجیا لە کارێکی هونەری گەورە دەچوون. کاتێک لۆرییەکان لەدەروازەی خۆرهەڵاتی شارەوە هاتن بەمدیودا، نزیکی سەعات دوازدە گەیشتنە کۆڵانی ماڵی ئیبراهیم ئەسرین و لەبەردەم هەمان ماڵی دێرینی جاراندا وەستان، گەنجێکی باریک و قژ درێژ لە دەستێک جلی نوێدا بە خەندەیەکی ئاڵۆزەوە لە لۆریی یەکەم دابەزی. کە خۆی کرد بە حەوشەکەدا ئیبراهیم ئەسرین لە ڕادیۆییەکی لۆکاڵەوە گوێی لە هات و هاوار و شەڕە جنێوی نێوان حیزبە کوردییەکان دەگرت، کە یەکدیان بە جاش و قالۆنچە و دوپشک ناودەنا. خوشکەکەی لەگەڵ منداڵێکی چوار ساڵاندا کە لە کوڕێکی زەڕەنگەر بووبووی خەریکی یاریکردن بوو، خوشکە بچکۆلەکەی لەسەریان جلی بە تەنافەکاندا هەڵدەواسی، ئەو یەکەم کەس بوو مەنسوری بینی و پڕ بە هەموو گەڕەک قریشکانی «مەنسور هاتەوە». هاوارەکەی هێندە بەرز بوو، لە گەڕەکەکانی دیشەوە گوێیان لێیبوو. ئیبراهیم ئەسرین باوەڕی بە چاوی خۆی نەکرد، ئەو هەموو ساڵە وا لە بیری چەسپیبوو کە مردن یاخود لەدەستدانی بینایی ناهێڵن جارێکی تر کوڕەکەی ببینێتەوە، بۆ ئێستێک وایدەزانی ئەوەی دەیبینێت دووبارەبوونەوەی خەوێکی دێرینە

کـە هەشـت سـاڵ بـوو دەیبینـی، خەونێـک تێیـدا سـەری بەرزدەکـردەوە و مەنسـوری بـە خەندەیەکـی گەشـەوە لـە بـەر دەرگای ماڵـەوەدا دەبینـی، کـە مەنسـور نزیکتـر بـووەوە و ئەویـش کەمێـک هۆشـی خـۆی ڕاژەنـی و لـە غوبـاری گومـان پاکیکـردەوە، لـە شـوێنی خـۆی هەسـتا و وەک دەسـت بـۆ خەیاڵێکـی دوور بەرێـت، دەسـتی درێژکـرد و لـەو پـەڕی سەرسـامیدا دەسـتی بـەر مەنسـور کـەوت، گوێـی لـە دەنگـی بـوو کـە گووتـی «وای پیرەبابـی خۆشەویسـت... وای پیرەبابـی عەزیـز». مەنسـور لـە منداڵییەکـی زووەوە ئیبراهیمـی بـە پیرەبـاب بانگدەکـرد، کـە باوەشـیان بـە یەکدا کـرد، ئیبراهیـم ئەسـرین ماوەیەکـی کـورت نەیتوانـی هەناسـەبدات، لـەو سـاتەدا جارێکـی تـر ئیزرائیلـی بینییـەوە دڵنیابـوو ئیزرائیـل لـە پشـت مەنسـورەوە بـە خەندەیەکـی زۆر گـەورەوە تەماشـایدەکات، بـەڵام بێئـەوەی بایەخـی پێبدات، بێئـەوەی بترسـێت سینەی پڕکـرد لـە هـەواو و گووتـی «تۆیـت... تۆیـت...». یەکـەم جـار ئیبراهیـم ئەسـرین نەگریـا، بـەڵام کـە بینـی سـیڤان و بەفـراو بـە چ شـەوق و حەسـرەتێکەوە بـاوەش بـە مەنسـوردا دەکـەن چـاوی پڕبـوو لـە فرمێسـک. پـاش ماوەیەکـی کـەم هەمـوو شـتەکان لـە بـەر چاویـدا هێمـن و هەمـوو دەنگـەکان لـە گوێچکەیـدا کـپ بـوون، شـادییەکی قـووڵ دایگـرت... شـادییەک لـە هەمـوو شـتێکی دونیـای دابـڕی، دووبـارە و چەنـد بـارە باوەشـی بـە مەنسـوردا کـردەوە و یـەک لەسـەر یـەک دەیگـووت «تۆیـت... تۆیـت».

لـە چەنـد سـەعاتێکدا هەمـوو شـار هەواڵـی گەڕانـەوەی مەنسـوری بیسـت. سـاقی مەحمـود و کۆمەڵـێ مۆسـیقار، مسـتەفا هـەژار و کۆمەڵێـک شـاعیر لـە پێشـی پێشـەوەی ئـەو کەسـانەدا بـوون کـە بەپەلـە گەیشـتنە لای مەنسـور و باڵنـدەکان... مەنسـور بـە ئاشـکرا ڕوخۆشـتر و کراوەتـر و پـڕ ژیانتـر لـە جـاران دەردەکـەوت، بـە گەرمییەکـی بێوێنـەوە باوەشـی بـە هاوڕێکانیـدا کـرد، خەندەیەکـی ڕاسـتەقینەی گـەورە لـە ڕوخسـاریدا بـوو کـە مـرۆڤ پێـش

سـەفەرەکە بـە دەگمـەن دەیبینـی. زۆری نەبـردماڵـی ئیبراهیـم ئەسـرین پڕبـوو لەوانـەی لـە هەمـوو لایەکـەوە دەڕژانـە حەوشـەکەوە بـۆ بەخێرهاتـن، بەجۆرێـک مەنسـور وەک ونبوویـەک لـە شـەقامێکی جەنجاڵـدا نـە بـواری قسـەکردن، نەبـواری بیرکردنـەوە، نـە بـواری پشـوودانی نەبـوو. لـە هەمـوو لایەکـەوە خزمانـی ڕژانـە حەوشـەکەوە و بێنـەوەی خـۆی ئاگاداربێـت ئامـۆزا و هاوەڵەکانـی پاسـەوانی تایبەتیـان بـۆ باڵنـدەکان دانـا. سـەعات دوای سـەعات هونەرمەنـدان و شـاعیران و شـێوەکاران زیاتـر و زیاتـر لـە حەوشـە و داڵان و هەیـوان و ژوورەکانـدا کەڵەکەدەبوون. مەنسـور لە خەیاڵی ڕۆشـنبیرانی شـاردا بە پێچەوانـەی خالیـد ئامـوون و کامەرانـی سـەلماوە، وەک نمونـەی عاشـقی گیانفیـدا و ڕۆمانسـی وێناکرابـوو، سـاڵ دوای سـاڵ وێنەیەکـی ئەفسـانەیی وەرگرتبـوو. ئیتـر دوای بڵاوبوونـەوەی هەواڵـی گەڕانـەوە چاوەڕوانکراوەکـەی سـات دوای سـات هورووژمـی شـەیدایانی ئـەو عاشـقە ڕۆمانسـییە بـۆ سـەر ماڵـی ئیبراهیـم ئەسـرین زیادیدەکـرد، بەجۆرێـک نـە ژوورەکان و نـە حەوشـەکە نەیدەگرتـن. سـاقی لـە ناچاریـدا پێشـنیاریکرد کـە هۆڵێکـی گـەورە بگـرن و ئاهەنگەکەیـان لـەو ماڵـە چکۆلانەیـە دەربهێنـن و بیبەنـە سـالۆنێکی ڕاسـتەقینە، تـا هەمـووان پتـر هەڵپـەڕن و شـیعر بخوێننـەوە و شـاییبکەن.

لـە سـەعاتێکدا هۆڵێکـی گـەورەی ئاهەنگیـان پەیداکـرد و هەمـوو میوانـەکان لەگـەڵ مەنسـور ئیبراهیمـدا بـە دەیەهـا ماشـێن بـەرەو هۆڵەکـە بەڕێکەوتـن، لـۆری باڵندەکانیشـیان بـە هەمـوو شـاردا تـا بـەردەم هۆڵەکـە بـاژوت. زۆر لـە میوانـەکان لـە پیکابـی سـەربەتاڵدا دوای کاروانـی ماشـێنەکان کەوتـن و لـە زۆربـەی کـۆڵان و کوچەکانـدا خەڵکـی تـازە خۆیـان گـۆڕی و سـوار ئوتومبیلەکانیـان بـوون و چوونـە دوای کاروانەکـە. لـە هۆڵەکـەدا هـەر زوو هەوەسـی ئاهەنـگ هەمووانـی داگـرت، سـاقی مەحمـود خـۆی کـرد بـە ڕێکخـەری بەرنامـەکان و ویسـتی جـۆرە ڕێکخسـتنێکی گونجـاو بخاتـە ئـەو هەمـوو ناڕێکییـەوە کـە لـە پـڕ گەمـارۆی مەنسـوری دابـوو، لـە مـاوەی چەنـد

دەقیقەیەکدا تیپە مۆسیقییەکانی ڕێکخست و بەرو دوا گۆرانیبێژەکانی ریزکرد، لە نێوان هەموو گۆرانییەک و گۆرانییەکدا شاعیرێکی خستە پرۆگرامەکەوە. ژمارەی شاعیر و گۆرانیبێژەکان بە ئەندازەیەک زۆربوون، گەر پرۆگرامەکە چەند رۆژێکیشی بخایەندایە بەشی هەموانی نەدەکرد. وەک چاوەڕواندەکرا زۆربەی گۆرانی و شیعرەکان لەو هەفتانەی دوایدا بۆ پێشوازی مەنسور ئامادەکرابوون. بە شیعری «باڵندە موقەدەسەکان» کە یەکێک لە شاعیرە لاوەکان نوسیبووی ئاهەنگەکە کرایەوە، شاعیرەکە بەدەنگی ئەکتەرێکی شانۆ هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵێک دەست جوڵاندنی نابەجێدا شیعرەکەی خوێندەوە، بەڵام لەگەڵ خراپی خوێندنەوەکەیدا چەپڵەیەکی بەجۆشی وەرگرت. مەنسور سەیری لێهات کە ساڵانی دووردرێژی غەریبی ئەو خەیاڵ و خورافەتانەی نەسڕیوەتەوە کە دوای ڕوداوی ژێرزەمینەکەی خدرۆ دوویار بە ناوی ئەوەوە لکابوون، بەڵام شتەکان وەها خێرا و بێپرس و بێئاگای ئەو دەکران بواری ئەوەی نەبوو لەسەر ئەم بەزمە گەورەیە قسەیەک بکات یاخود هیچ جۆرە ناڕەزاییەک نیشانبدات. لەو ساتەوەی گەیشتبووەوە شار شتەکان وەک لافاو لەگەڵ خۆیاندا دەیانبرد، ئێستا هیچ چارێکی نەبوو ئەوە نەبێت لە جێگای خۆی ڕوخۆش دانیشێت و بە ئەدەبەوە بۆ هەموان پێبکەنێت و خۆی سوپاسگوزار نیشانبدات. گۆرانیبێژەکان یەک لە دوای یەک گۆرانییەکانی خۆیان بەسەر مەنسوردا دەگووت و شاباشیان وەردەگرت، کە وچانێک دروستدەبوو، خەڵکانێک هەڵدەستان و بەخێرهاتنەوەی مەنسوریان دەکرد، دواتر شاعیرەکان شیعرە عاشقانەکانیان دەخوێندەوە، هەندێکیان لە کاتی خوێندنەوەکاندا دەگریان و هەندێکیان هەوڵیاندەدا قسەخۆش و کۆمیدی دەربکەون. باوکی بەردەوام بە چپەوە لە ناو ئاهەنگەکەدا ئەو کەسانەی پیشاندەدا کە لەو چەند ساڵەدا بە پارە کۆمەکی سەفەرەکەی مەنسوریان کردبوو، پورەکانی زوو زوو دەهاتن و باوەشیان پیادەکرد، لە

ناو وشەی شاعیرەکان و لە ناو گۆرانییەکاندا بەردەوام گوێی لە ناوی خۆی دەبووەوە... ساقی دووجار هات بۆ لای و دەیگووت ئاواتەخوازبوو بیتوانیبایە گۆرانی بۆ بڵێت، بەڵام ناتوانێت، چونکە دوای ڕۆیشتنی ئەو دەنگی کەوت و هەرچییەک بکات چیتر ناتوانێت بە هیچ ئاوازێک بچریکێنێت. ساقی چەندە زۆری لە قورگ و هەناسەی خۆی دەکرد نەیدەتوانی گۆرانی بڵێت. لە ناوەڕاستی ئاهەنگەکەدا مەنسور ئەسرینیان هەستان تا هەندێ قسە پێشکەشی ئامادەبووان بکات. کە مەنسور قسەیکرد هەمووان بێدەنگبوون، ماتییەک باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا، کپییەکی قووڵ کەوتە سەر هەموو ڕوخسارەکان، کچانی ئامادەبوو لە هۆڵەکەدا هەموو گیانیان بووبوو بە چاو، دیمەنی ئەم کوڕە ناسکە زەمینگەڕە تەماحێکی قووڵی تێگەیشتن و ناسینی دونیای لە هەمووانندا جوڵاندبوون. مەنسور بە هێمنی هەمووانی سوپاسکرد و باسی خۆشحاڵی خۆی کرد کە جارێکی تر دەگەڕێتەوە و شاری خۆی دەبینێتەوە. گووتی «ئەگەر باڵندەکانم بیانتوانیبایە بە دڵنیاییەوە سوپاسیاندەکردن، بەڵام باڵندەکانی دونیا تەنیا یەک زمان دەزانن کە زمانی باڵندەیە» هەموو پێکەنین. هەستمانکرد کەمێک دەستەپاچەیە، وەک ئەوەی نەزانێت بڵێت چی، سەیرێکی ساقی مەحمودی کرد کە ئەمڕۆ جامانە کوردییەکەی بە دەستوری توربانی مەهراجا هیندییەکان بەستبوو و گووتی «من لێرەم، ماوەیەکی دەوێت تا بڕوادەکەم کە لێرەم، من چوو بێتم بۆ هەر شوێنێک ماوەیەکی ویستووە تا بڕوامکردوە لەوێم». زەردەخەنەیەکی گەورەی گرت و دەستی خستە گیرفانی پانتۆڵە ڕەشەکەیەوە و خۆی ڕاستکردەوە و گووتی «چووم بۆ هەر شوێنێک وامزانیوە لە شوێنێکی ترم، ئەوە وادەکات مرۆڤ لە هیچ شوێنێک نەبێت... کە بیر لەوەدەکەمەوە دەڵێم کە وابێت من لە هیچ شوێنێک نەبووم، کەواتە لێرەش نیم». هەموو هەستمانکرد بە ڕاستی دەیەوێت بمانهێنێتە پێکەنین، بۆیە هەموو

بەڕاستی پێکەنین. کەمێک وەستا و گووتی «بەڵام زەوی شوێنێکی سەیرە، مرۆڤ دەتوانێت بیری هەموو کونجێکی بکات، دەتوانێت بیری ئەو شوێنانەش بکات کە لەوێ نەبووە». دەنگی کەمێک قووڵتر و جیدیتر بوو و گووتی «من زۆر سەرمەست بووم بە زەوی، زۆر. مرۆڤ کە زەوی دەگەڕێت ئیتر شتەکان بە چاوێکی تر دەبینێت. کە دونیا دەبینێت ئەوسا تێدەگات کۆترێک کە بەسەربانی ماڵەکەی ئەودا دەفڕێت، لە ڕیزی باڵندەکانی دونیادا چ شوێنێکی هەیە... مرۆڤەکان، شوێنەکان، باڵندەکان بەجۆرێک هەمەڕەنگن... هەموو شتێک ڕەوایە... هەمووی ڕەوایە، هەرچی لەسەر زەوی هەیە ڕەوایە». زەردەخەنەیەکی گرت و بە غەمێکەوە سەری بادا و بە دەنگێکی بەرزتر گووتی «شتەکان بە جۆرێک لە یەک ناچن، بەجۆرێک جیاوازن هەموو شتێک ڕەوایە. تۆ ڕەوایت لە شاری خۆتدا و ئەوانیش ڕەوان لە شاری خۆیاندا. وەک چۆن کەس ناتوانێت گومان لە ڕەوایەتی تەیرێک بکات لە فڕینی خۆیدا، لە سەر درەختی خۆی، کەس بۆی نییە گومان لە ڕەوایەتی تۆش بکات لە فڕینی خۆت و لە هێلانەی خۆتدا... هەموو تەیرێک ڕەوایە... هەموو ژیانێک ڕەوایە». گەرچی زۆربەمان تێنەگەیشتین مەبەستی چییە، بەڵام چەپڵەیەکی گەورەمان بۆ لێدا. هەندێک قسەی تری لەسەر مافی هەموو زیندەوەران و هەموو شوێنەکان کرد، باسی ئەوەی کرد کە مرۆڤێک لەدوورەوە دێت و دەچێتە شارێک یان زەوییەک، لای ئەو هەموو شتێک نەناسراو و سیحراوییە، ئینجا بە غەمگینییەوە سەیریکردین، نەیدەزانی چیمان پێبڵێت، هەستمانکرد بەجۆرێک لە جۆرەکان بەزەیی بە خۆی و ئێمەشدا دێتەوە، هەموو سەرلەبەر بێدەنگبووین، هەناسەشمان دەنگی نەدەهات، بەڵام ئەو هەناسەیەکی هەڵکێشا، دەنگی هەناسەکەی لە مایکەکەوە دەنگیدایەوە و گووتی «ناتوانم زۆر بڵێم، تاکە شتێک، تاکە شتێک نرخی هەبێت بیڵێم، ئەوەیە کە دوو جۆر شار لە دونیادا هەن...

ئـەو شـارانەی کـە غەریبەیـان نەبینیـوە و لێیدەترسـن، ئـەو شـارانەی کـە غەریبەیـان بینیـوە و ناترسـن... گـەر ڕۆژێـک لـە ڕۆژەکان توانیتـان دەرگای ئـەم شـارە لـە ڕووی دونیـادا بکەنـەوە... لـە غەریبـەکان مەترسـن... چۆن ئـەم باڵنـدە غەریبانـەی مـن شـارەکەتان جواندەکـەن، هەمـوو غەریبەیـەک کـە ڕوودەکاتـە ئـەم شـارە... شـارەکەتان جوانـدەکات... ئـەوە تاکـە شـتێکە کـە دەمەوێـت پێتـان بڵێـم... تاکە شـتێک، تەنیا غەریبەکانـن دونیا جواندەکەن».

هەمـوو چاوەڕوانـی ئەوەمـان دەکـرد باسـی خۆشەویسـتی و نەمـری عەشـق و سەوسـەنمان بـۆ بـکات، چاوەڕێـی وانەیەکـی دووروودرێژبوویـن لەسـەر وەفـا و ڕەنـج و خۆشەویسـتی، بـەڵام ئـەو هیچـی نەگـووت، بـە هێمنـی هاتـە خـوارەوە و چەپڵەیەکـی گەورەمـان بـۆ لێـدا، چەپڵەیـەک هەمـوو هۆڵەکـەی لەرانـدەوە. هەندێـک بێئـەوەی بزانـن بـۆ، چاویـان پڕبووبـوو لـە فرمێسـک، هەندێکـی دیشـمان بـە سـۆزەوە سـەیری مەنسـور و سـەیری یەکترمـان دەکرد، بـەر لـەوەی سـاقی بـە چـاوی پـڕ فرمێسـکەوە جارێکـی تـر مایکرۆفۆنـی ئاهەنگەکـە بگرێـت و تیپـی مۆسـیقاکە بانگهێشـتی سـەر شـانۆکە بکاتـەوە، بێدەنگییەکـی قـورس و خنکێنـەر باڵـی بەسـەر هەموومانـدا کێشـا... لـەو سـاتەوە، لـە نـاو فـەزا و ئەتمۆسـفیری هۆڵەکـەدا هەسـتمان بـە شـتێکی نائاسـایی کـرد، هەسـتێک تەنیـا هەفتەیـەک دواتـر لـە مانـا ڕاسـتەقینەکانی تێگەیشـتین.

٤٤

سەوسەن سەرنجیدا کە باڵندەکانی خالید ئاموون زۆر غەمگینن و بەدەگمەن دەخوێنن، ئەو دەنگە کورت و غەمگینەی لێیانەوە دێت پتر لە نرکەی زام دەچێت. هەر ئەو ڕۆژە هەندێک لە باڵندە زامدارەکانی بردەوە بۆ ماڵەوە و ژمارەیەکی زۆر لە باڵندە بچوکەکانیشی گواستەوە بۆ قەفەزی نوێ لە ژوورەکەی خۆیدا، بەڵام لەوێش باڵندەکان هەر غەمگین بوون، لەو ژوورەشدا کە پڕبوو لە باڵندەی دڵخۆش و مەستخوێن هەر جۆرە بێدەنگییەکی سەنگین و نائاسایی باڵی بەسەردا کێشابوون. کە سەوسەن باڵندەکانی مەنسور ئەسرینیشی وەرگرت هەر هەمان شتی کرد، باڵندە بچوکەکانی گواستەوە بۆ ژوورەکەی سەرەوەی خۆی و باڵندە گەورەکانی جیاکردەوە و ناردنی بۆ عەمبارە گەورەکە.

هاتنەوەی مەنسور ئەسرین، سەوسەنی خستە بەردەم ئەو ڕاستییەی کە دەبێت بڕیاربدات، دەبایە کۆتاییەک بۆ هەموو ئەو چیرۆکە دووردرێژە دابنێت و قەدەری کچانەی خۆی هەڵبژێرێت، دەبایە لەو دوو هەفتەیەدا بە جیا چاوی بە هەریەک لە خالید ئاموون و مەنسور ئیبراهیم بکەوتبایە. ئەو گفتوگۆیانە دەبایە گرنگترین گفتوگۆی ژیانی سەوسەن بن. خالید ئاموون لە دوا نیوەڕۆیەکی تا ئەندازەیەک گەرمدا گەیشتە ماڵی سەوسەن خان، بێئەوەی هیچ بپرسێت، وەک پیاوێکی زامدار بەڵام پڕ سۆز لە قاتێکی ڕەشدا بەرامبەر خانم دانیشت، جلەکانی بێئەندازە شیک و

ڕوخساری دەرەکی تابلّیی ڕێک دەینواند. سەوسەن سەرنجی ئەوەیدا کە خالید ئاموون پرسیارێکی لە باڵندە بریندارەکانی خۆی نەکرد، سەیریکی ئەو باڵندە چکۆلانانەی نەکرد کە لەوسەری زەمینەوە هێنابوونی. سەوسەن چەند ڕۆژێک بوو ئەو دەنگۆیەی بیستبوو کە دەشێت خالید ئاموون خۆی تەقەی لە باڵندەکان کردبێت، بەڵام بایەخێکی ئەوتۆی بەو قسانە نەدا، یەکەم پرسیار کە سەوسەن لێیکرد ئەوەبوو: خالید لەو باوەڕەدایت باڵندەکان لەم شارەدا ئاسوودەبن، هەستدەکەم باڵندەکان زۆر غەمگین و ماندوو دەردەکەون؟. خالید سەیرێکی ئەو هەموو قەفەزەی کرد کە لە هەموو لایەکی ژوورەکەدا هەڵواسرابوون، بەڵام نیگای وەها ڕووکەشبین و خێرابوو پێنەچوو شتێکی ئەوتۆ لە باڵندەکاندا سەرنجی ڕاکێشابێت. بە هێمنی لەسەر قەنەفە کۆنەکە دانیشت، هەستی بە هەمان ترس کردەوە کە چەند ساڵێک لەوەوبەر لەسەر ئەم کورسییە هەستی پێکردبوو، بەڵام لەسەرەخۆ گووتی «سەوسەن خان باڵندەکانی من هەمیشە بێدەنگبوون. لە جەنگەڵدا من بە دوای باڵندەی بێدەنگدا دەگەڕام». خالید گەلێک هێمنتر و ئاسوودەتر لەو ڕۆژە دەردەکەوت کە سەوسەن بۆ یەکەمجار لە تەنیشت قەفەزە خوێناوییەکانەوە بینی، بەوەدا چەند ڕۆژێک بوو لەو ئوتێلەدا بەتەنیا دەژیا و چاوەڕوانی ئەم دانیشتنەی دەکرد، پێدەچوو ماوەیەکی زۆری هەبوویێت بیر لە جوڵەو قسە و وشەکانی خۆی بکاتەوە، سەوسەن وای هەستدەکرد هەموو جوڵەیەک و وشەیەکی پێشتر بیری لێکراوەتەوە. خالید گووتی «باڵندەکان تەنیا لە جێگای خۆیاندا ئاسوودەدەبن، لە ناو سروشتدا، لەویادا نەبێت لە هیچ جێگایەکی تر ئاسوودەنابن. ڕاستە لەوانەیە ئەوانیش حەز بەبینینی دونیا بکەن، بەڵام لە قەفەزدا نا... هیچ سەفەرێک لە ناو قەفەزدا خۆش نییە». سەوسەن بە هێمنی و لاوازی چاوی لێکنا و بە چاوی نوقاوەوە پرسی «ئەی تۆ خالید... ئەی تۆ ئاسوودەبوویت لە گەشتەکەتدا بە دونیادا؟». خالید بێئەوەی درۆبکات،

بێئـەوەی هەسـتەکانی خـۆی بگۆڕێـت گووتـی «نـا ئاسـوودە نەبـووم، ئـەم سـەفەرە لـە سـەختترین ڕۆژەکانـی ژیانـم بـووە». سەوسـەن بێئـەوەی چاویکاتـەوە پرسـی «هەستتدەکرد تـۆش وەک باڵنـدەکان لـە قەفەزدایـت؟». خالید گووتی «بەڵێ سەوسـەن خان، هەسـتمدەکرد، منیش وەک باڵندەکان لە قەفـەزدام». سەوسـەن چاویکـردەوە و گووتـی «بـەڵام خالیـد بۆ نەگەڕایتەوە؟ تـۆ دەتتوانـی لـە هەمـوو سـاتێکدا سـەفەرەکەت بپچڕێنێـت و بگەڕێیتـەوە... حەزمدەکـرد یەکێکتـان، هـەر یەکێکتـان کـە ناتوانێـت بـەردەوام بێـت سـەفەرەکەی بوەسـتێنێت و بگەڕێتـەوە». «لـە بەرئـەوەی تۆم خۆشدەویست، هەستمدەکرد بۆ ئـەوەی تـۆ ببیت بـە ژنـی مـن دەبێت ئـەم سـەفەرەبکەم... وەک سـزایەکی گـەورەی ئـەو خۆشەویستییە گەورەیـە سـەیرمدەکرد... هەمـوو سـەفەرەکە بـۆ مـن سـزایەکی گـەورە بـوو...». سەوسـەن گووتـی «خالیـد پێمبڵـێ... جیهانـت چـۆن بینـی؟». خالیـد بەساردییەوە سـەیریکرد و گووتـی «وەک جەهەنـەم، جیهـان جەهەنەمـە، سەوسـەن خـان، سـەفەرەکەی مـن سـەفەرێکی دووروودرێـژ بـوو بـە جەهەنەمـدا...». سەوسـەن بـە دەنگێکـی زۆر غەمگینـەوە پرسـی «بـۆ... خالیـد، بۆچـی بـەو چەشـنە وەسـفی دونیـا دەکەیـت؟». «لەبەرئـەوەی جیهـان پـڕە لـە ئـازاری گـەورە گـەورە، پـڕە لـە مـرۆڤ کـە لـە هەمـوو کونـج و کەلەبەرێکدا ئـازار دەکێشـن، پـڕە لـە تاریکـی کـە مـرۆڤ نایبڕێـت، پـڕە لـە درۆ، پـڕە لـە مـرۆڤ کـە کەسیان لـە کەسیان تێناگـەن، پـڕە لـە زمـان کـە هیـچ یەکێـک لـەوی دی حاڵـی نابێت، پـڕە لـە دارسـتان کـە مـرۆڤ ناتوانێـت بچێتـە ناویـان، پـڕە لـە شـار کـە تیـا وندەبێت، پـڕە لـە باڵنـدە کـە بـە هیـچ کـەس ناگیرێـن. لـە بەرئـەوەی مـرۆڤ ناتوانێت لـە یەککاتـدا بیـر لـە خۆشـی و بیـر لـە دونیـاش بکاتـەوە... لەبەرئـەوە». سەوسـەن بـە غەمگینییـەوە گووتـی «بـەڵام خالیـد ئامـوون، مـن تـۆم نـارد تـا دونیـا ببینیـت... تـۆم نـارد بـۆ ئـەوەی لـەم شـارە دووربیـت و بتوانیـت ئـەو هەمـوو جوانییـە تەماشـابکەیت، تـا لەم شـەڕانەدا نەکوژرێیـت... دەزانیت چەند

شەڕی گەورە ڕوویاندا؟... دەزانیت؟». خالید ئاموون تۆزێک بیریکردەوە و گووتی «دەزانم خانم شەڕ وڵاتەکەی هەلاهەلاکردوە، شەڕ وڵاتەکەی وێرانکردوە... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من لە ساڵانی سەفەردا ئازاری گەورەم چەشت و سەختی گەورەم بینی، چەندجارێک لە نێوان وڵاتەکاندا گیرام، بەشێک لە سەفەرەکەم لە زینداندا بردەسەر، بەڵام هەمیشە بە ماڵ و پارەی ئامووننییەکان دەهاتمەدەرێ و لە سنوورەکان دەپەڕیمەوە، هیچ شتێکم دەربارەی ئەو ڕۆژە ناخۆشانە بۆ قەلەندەر ئاموون و کەسوکاریشم نەنوسی، تا دڵیان نەشکێنم. سەوسەن خان ئەوەی تۆ وادەزانیت جیهان باغێکی گەورەیە کە پڕە لە گوڵی جۆراوجۆر و باڵندەی جۆراوجۆر هەڵەیە، بمبورە سەوسەن خان، بەڵام من تۆم خۆشدەوێت، دەمەوێت بزانیت چەند سەختیم کێشاوە، دەمەوێت بزانیت کە جیهان باغێکی گەورە نییە... لێرەو لەوێ باغی تێدایە، لێرەو لەوێ باڵندەی جوانی تێدایە، بەڵام ئەوەی من بینیومە زۆرتری ئازار و برسێتی بووە... خانم شەڕ تەنیا لە عێراق و لەم کوردستانەی ئێمەدا نییە، شەڕ لە سروشتی مرۆڤدایە، شەڕ تەنیا لێرەدا نییە بەڵکو لە هەموو دونیادایە».

سەوسەن بە نائومێدییەکی گەورەوە گووتی «ئەی خالید ئێستا خۆشەویستیت بۆ مرۆڤ زیاتری نەکردوە، خۆشەویستی تۆ بۆ مرۆڤ لەو ڕۆژە زۆرتر نییە کە لێرە ڕۆیشتیت؟ تۆ ئەو هەموو خاک و میللەتە جیاوازانەت بینی، ئەوە بەشی ئەوەی تێدایە کە فێری خۆشەویستی بوویت؟». خالید زەردەخەنەیەکی تاڵی گرت و گووتی «سەوسەن خان من زۆربەی ساڵانی سەفەر بە تەنهابووم، هەشت ساڵە بۆ ماوەیەکی درێژ لە هیچ شوێنێکدا نەماومەتەوە. هەشت ساڵە هاوڕێیەکم نەبووە، تەنیا شتێک بیرم لێکردۆتەوە تۆ بوویت. بەدرێژایی ئەو ساڵانە لەو تەنهاییە قووڵەدا تەنیا خۆشەویستیم بۆ تۆ زیادیکردوە، تەماحم لە تۆ و ئیرەیم بەرامبەر تۆ زیادیکردوە. نەمدەتوانی لە یەک کاتدا بیر لە تۆش و دونیاش

بکەمــەوە... مـن لـە هەمـوو جێگایەکـدا تەنیـا تـۆم دەبینـی، ڕاسـتت دەوێـت زۆر بێبـاک و کەمتەرخـەم باڵندەکانیشـم دەگـرت... مـن درۆت لەگەڵـدا ناکـەم، مـن ڕقـم لـە هـەر شـتێک بـوو، لـە هـەر وڵاتێـک و هـەر دارسـتان و هـەر ئاوێـک بـوو کـە لـەم شـارەی دوور دەخسـتمەوە... تـا زیاتـر دووریکەوتبامایەتـەوە، زیاتـر ڕقـم لـە دونیـا دەبـووەوە. دونیـا جێگایەکـی ترسـناک بـوو لای مـن... مـن کاتێکـی زۆرم بـەوەوە نەدەکوشـت بیـر لـە دونیابکەمـەوە، مـن دەقیقـە بـە دەقیقـە دەمژمـارد تـا بگەمـەوە ئـەم شـارەو تـۆ ببینـم».

سەوسـەن پرسـی «ئـەی ئـەو هەمـوو دیمەنـە سروشـتییە جوانانـە سەرسـامیان نەکردیـت. دەنگـی خۆشـی ئـەو بولبولانـە مەسـتیان نەکردیـت... لـە مـن زیاتـر، لـە تەنیـا ژنێکـی بچکۆلـە و نەخۆشـی ئـەم دونیایـە بیـرت لـە هیچـی تـر نەکـردەوە؟». خالیـد ئامـوون سـارد و تیـژ سـەیریدەکرد و گـوتـی «ئەوەنـدە گوێـم لـە دەنگـی دڵـی خـۆم و هـاواری دڵـم دەگـرت، گوێـم لـە دەنگـی تـر نەبـوو. ئـەوەی سەرسـامیدەکردم، توانـای نهێنـی خـۆم بـوو کـە ئەو هەمـوو سـاڵە دووردرێـژە بـە دوای خۆشەویسـتیدا بـە زەویـدا وێڵبـم. پێشـتر نەمدەزانـی توانـای وا گـەورەم تێدایـە... نەمدەزانـی ئامووونییـەک هەیـە بتوانێت بەرگـەی ئـەو هەمـوو ناخۆشـی و سـەختییە بگرێـت، مـن کـوڕی خێـزان و خێڵێـک بـووم کـە هەمـوو لـە خۆشـیدا ژیـاون، پێشـتر زۆر ئاسـان ژیانـی خۆمم دابینکردبـوو، نەمدەزانـی توانـای وا گـەورەم تێدایـە... بـەڵام سـاڵ دوای سـاڵ جگـە لـەو هێـزەی لـە تـۆی نزیکدەکردمـەوە هەسـتم بـە هیچـی تـر نەدەکـرد».

هەنـدێ جـار جریـوەی باڵنـدەکان دەیوەسـتاندن، هەندێکیـان بەدەنگێکـی وا زوڵاڵ و بـەرز دەیانخوێنـد بەسـەر هێمنـی دەنگـی سەوسـەندا سـەردەکەوتن و دەبایـە خالیـد ئامـوون گەلێـک وریـا گوێبگرێـت تـا وشـەکانی سەوسـەن لـە نێـوان جریوەکانـدا بگرێتـەوە.

سەوسـەن دوای کەمێـک هێمنـی، وەک دەسـتووری خـۆی لەگـەڵ چاخواردنـەوەی بەردەوامـدا، دوو چـای تێکـرد و گـوتـی «ئـەی باڵندەکانـت

خۆشدەویست یاخود نا؟».

خالید ئاموون، بێئەوەی بیخواتەوە سەیرێکی چاکەی کردو گووتی «لە تۆ زیاتر هیچ شتێکی ترم خۆش نەویستووە، باڵندەکان شتێک بوون وەک قەدەر، نە خۆشمدەویستن نە ڕقم لێیان بوو، دەمزانی تۆ باڵندەکانت خۆشدەوێت، لەبەرئەوە دەبوو بیانپارێزم... پەیوەندیم بە باڵندەکانەوە پەیوەندییەکی قووڵ نەبوو، نە قسەم لەگەڵدا دەکردن و نە قسەیان لەگەڵدا دەکردم. هەندێ جار پێمدەگووتن کە دەتانبەم بۆ شارێکی دوور، بەڵام گەر وەڵامیشیان دابێتمەوە من هیچ تێنەگەیشتووم».

سەوسەن سەیرێکیکرد و بە غەمگینی گووتی «واتێدەگەم کە تۆ بە دڵ، بە هەموو دڵ لەگەڵ باڵندەکاندا نەبوویت».

خالید بێئەوەی زۆر بیریکاتەوە گووتی « سەوسەن خان نەمدەتوانی، نەمدەتوانی بە هەموو دڵ لە گەڵیاندابم. دونیای باڵندەکان دونیایەکی نەبینراوە، تا زیاتر پیا ڕۆبچین زیاتر لەم دونیایەی خۆمان دووردەکەوینەوە، تا زیاتر بەدوایدا بڕۆین، زیاتر خۆمان لە بیردەچێتەوە... هەر وەختێک لە ڕاوی باڵندەکاندا نوقمدەبووم، کە گەڕانی جەنگەڵا و جەنگەڵ شێتیدەکردم... خۆمم لە بیردەچووەوە، خۆشەویستی تۆم لە بیردەچووەوە، دڵنیابووم تۆ ئەوەت ناوێت، لەبەرئەوە سەوسەن خان نەمدەتوانی بە هەموو دڵ خەریکی باڵندەکان بم... نەدەکرا، شتی وا نەدەکرا».

سەوسەن بە غەمگینییەوە گووتی «ئەی خالید پێمبڵێ، تکایە پێمبڵێ هەستت بە چی دەکرد کە باڵندەیەک لە باڵندەکان دەمردن؟».

خالید بێئەوەی زەردەخەنەبگرێت، شتێک لە تۆنی گاڵتەجار دەپەڕییە ناو دەنگی و دەیگووت «سەوسەن تۆ دەڵێیت چی من خۆم هیچ کەسێک هەستی پێ نەدەکردم... بەسەر زەویدا دەگەڕام و هیچ کەس لەو دونیا گەورەیەدا نەیدەزانی من چیم، بەشی هەرە زۆری مرۆڤەکانی سەر زەوی هەتا ناوی میللەتەکەیان نەبیستبووم... کورد... بەشی هەرە

زۆری بەشەرەکانی ئەم دونیایە، ناوی میللەتی وایان نەبیستبوو. سەوسەن خان بیهێنە پێشچاوی خۆت بەزەویدا وێڵ بیت و تەنیای تەنیا بیت و کەس ناوی نەتەوەکەشتی نەبیستبێت. ڕەحم لە مرۆڤێک و لە شارێک و لە جێگایەکەوە وەرنەگریت. دەتەوێت هەست بەچی بکەم... کە باڵندەیەکم دەمرد، لاشەکەیم لە قەفەزەکەی دەردەهێنا و فڕێمدەدا و دەڕۆیشتم و دەمویست باڵندەیەکی تر بگرم... دەمویست دەست بە ژیانی ئەوانی ترەوە بگرم کە نەمردون. چاوەڕێی چی دەکەیت سەوسەن خان، کە باڵندەیەکم دەمرد دانیشم و بگریم؟... ها وەک کەسێک کە نازانێت دونیا چەند دڵڕەق و پڕ ئازارە. سەوسەن خان، تۆش دەزانیت دونیا چ دڵڕەق و پڕ ئازارە. قەلەندەر ئاموون بەر لە مردنی نامەیەکی بۆ نوسیم باسی کوشتنی ئاسایشەکان دەکات، باسی ئەوە دەکات شەوێک تۆی لە ناو مەیتی ئاسایشەکاندا دۆزیوەتەوە، شەوێک چووە بۆ ناو مەیتە سووتاوەکان و تۆ لە ناویاندا بوویت. من چەند ڕۆژە بیری لێدەکەمەوە... لەو ساتەوەی کە نامەکەی قەلەندەر ئاموونم خوێندۆتەوە بیری لێدەکەمەوە... سەوسەن خان تۆ بۆ چوویت بۆ ناو ئەو مەیتانە... ها... سەوسەن خان، لەویادا لە ناو ئەو مەیتانەدا شتێکت بینیوە کە ئەوانی تر نایبینن، بێڕەحمی ژیان، دڕندەیی ژیان. وانییە... تۆ بەچاوی خۆت چەند ساڵە ئەوە دەبینیت؟ سەوسەن خان تۆ تێمدەگەیت دەڵێم چی. من بەردەوام لە هەموو شوێنێکی دونیادا ئەوەم بینیوە، لە هەموو شوێنێکدا...».

وەک ئەوەی یادی ئەو شەوە سەوسەنی ئازاردابێت، بە ئارامی لە جێگای خۆی هەستا و دەستی خستە سەر مێزەکە و گووتی «خالید ژیانی ئێمە لێرە، تەنیا عومرێکی درێژە لەگەڵ لاشەکاندا دەیبەینەسەر. من چەندین ساڵ بوو بەردەوام لە تەلەفزیۆنەوە لاشەم دەبینی، هەموو شەوێک دەمبینین. بۆیە کە ئێوە داواتانکردم، ویستم لەوبەری دونیا، لە جێگایەکی ترەوە شتێکی تر ببینن، شتێک پەیوەندی بە مردنەوە نەبێت.

بەڵام خالید باڵندە کوژراوەکانی تۆ... ئەو هەموو خوێنە بەقەفەزەکانەوە، ئەم بێدەنگییەی تەیرەکانت... دەمترسێنن».

هێمن قسەیدەکرد و لەناکاو دەستی گرت بە دەموچاوییەوە و وەک بگری گووتی «خالید، من پێویستیم بە یەکێکە لەوسەری دونیاوە بێت و چیرۆکێکی ترم بۆ بگێڕێتەوە... هەتا ئەگەر درۆش بێت. دەمەوێت شوو بەیەکێک بکەم بە چیرۆکەکانی دونیایەکی ترم نیشانبدات و سەرسامبکات، هەتا ئەگەر درۆش بێت... من کچێکی نەخۆشم... دەمەوێت شوو بەیەکێک بکەم، ئەوەم لە بیرببباتەوە... دەمەوێت شوو بەیەکێک بکەم باسی ئەم شار و مەملەکەتەم بۆ نەکات». خالید لە جێگای خۆی هەڵدەستا و دەستی سەوسەنی دەگرت و دەیگووت «نا سەوسەن تۆ پێویستت بە یەکێک نییە درۆت لەگەڵدابکات، پێویستت بە یەکێکە شتەکان وەک خۆیان ببینێت». سەوسەن بە ترسەوە سەیری چاوی دەکرد و گووتی «خالید ئاموون، ئەی ئێستا دەتوانیت لە پێناوی مندا کەس بکوژیت؟ پێمبڵێ دەتوانیت یاخود نا؟»».

خالید هەڵدەستا و پشتیدەکردە سەوسەن و چەند هەنگاوێک لە کورسییەکەی خۆی دووردەکەوتەوە و دەیگووت «زیاد لە هەشت ساڵ لەمەوبەر ئەو پرسیارەت لێکردم، سەوسەن خان لەو ماوەیەدا شتێکی ئەوتۆ لە مندا نەگۆڕاوە، ڕەنگە من کەمێک پیرتربووبم. ئا کەمێک پیرتر و عاشقتر و ڕەقتر بووبم. سەوسەن خان، من هەر ئەو وەڵامەم هەیە کە لەوەوبەر پێمگووتی، من لە پێناوی تۆدا ئامادەم هەموو گوناهێک بکەم. من ئێستاش وەک دوێنی، ڕقم لە هەردووکیانە. خۆزگە دەخوازم هیچیان لەم دنیایەدا نەبووناییە. هەتا دەمرم ڕقم لەو دوو پیاوە دەبێت... هەتا دەمرم».

سەوسەن فرمێسکێکی گەورە لە چاویدا بوو گووتی «خالید، تا ئێستاش ئەو ڕقە گەورەیە هەر لە دڵتدایە... ئەو ڕقە گەورەیە».

خالید وەک ئەوەی چاوەڕوانی ئەو پرسیارەی کردبێت گوتی «سەوسەن، من ناتوانم خۆشەویستی تۆ لە ڕق جیابکەمەوە. خۆشەویستییەک نییە بەبێ ڕق، جارانیش نەبووە و لە داهاتووشدا نابێت. تا خۆشەویستیم قووڵتر و گەورەتربێت، ڕقم گەورەتر دەبێت. لەبەرئەوەی من مرۆڤێکی سادەم بەبێ درۆ... ڕقم لە هەر شتێکە بکەوێتە نێوان من و تۆ وە... هەر شتێک بێت یان هەر کەسێک بێت».

خالید ویستی زۆرتر قسەبکات، بەڵام سەوسەن گوتی «خالید دەستتم بدەرێ... دەستتم بدەرێ بۆنیبکەم».

خالید ئاموون سەرسامانە وەستا و بێئەوەی تێبگات دەستی دایە سەوسەن و ئەویش بە هێمنی بۆنیکرد. زۆر قووڵ و ئارام بۆنیکرد، سەرەتا بۆنی دەستی کرد، بۆنی مەچەکەکانی، بۆنی سەری... گەڕایەوە و بۆنی پەنجەکانی کرد، هەناسەی نا بە سینەیەوە، بۆنی دەموچاوی کرد، بۆنی قژی کرد... بەڵام سەوسەن هەستی بە هیچ شتێک نەکرد، وەک ئەوەی خالید ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر زەوی نەبووبێت، وەک ئەوەی یەک بۆنی ڕاستەقینەی دونیا بە پێست و دەست و ژیانییەوە نەنوسابێت... خالید ئاموون پیاوێک بوو هەر بۆنی کوچەکانی ئەم شارەی لێدەهات. وەک گومانی هەبێت، وەک باوەڕنەکات، جارێکی تر سەرلەنوێ بۆنیکردەوە، دووبارە بە هەموو لەشیدا هاتەوە، لە پەنجەکانییەوە بۆ تەوقی سەری، هەموو جێگایەکی لەشی، هەموو بستێکی دیار و داپۆشراوی زیاد لە جارێک بۆنکردەوە... بۆنی خالید ئاموون بۆنی جیهان نەبوو، بەڵکو بۆنی ئەم شارە بوو، بۆنی مردووەکان بوو، بۆنی ئەو لاشانەبوو کە لە ژێر زەمینی ئاسایشە سووتاوەکەدا بۆنیکردبوون. وەک ئەوەی سامێکی گەورە دایگرتبێت سەوسەن گوتی «خالید... بمبورە...... بمبورە... بمبورە کە بۆنتدەکەم». وای گووت و بێدەنگ سەیری چاوی ئاموونی کرد و دووبارە گووتییەوە «بمبورە».

٤٥

کە خالید ئامـوون لـە ماڵـی گوڵدانچییـەکان هاتـەدەرێ، هەسـتیکرد شـەڕەکەی بـۆ هەتاهەتایـە دۆڕانـدوە. گەرچـی شـتەکان تـا کۆتایـی ئاسـایی تێپەڕیـن، گەرچـی ئـەم تـا دوائەنـدازە لەگـەڵ خانمـدا ڕاسـتگۆ بـوو و هیـچ شـتێکی لـەو ڕۆحـە تاریـک و دوودڵـەی خـۆی لـێ نەشـاردەوە، بـەڵام وای هەسـتکرد سەوسـەن بـە دوای تیشـکێکدا دەگەڕێـت کـە لەمـدا بوونـی نییـە. لـە قووڵاییـدا هەسـتیکرد سەوسـەن بـە پێچەوانـەی جارانـەوە لـە بێدەنگـی دەترسـێت، ئـەو هەمـوو باڵندانـەی لـە ژوورەکـەدا دەیانخوێنـد، شـتێکیان تێدابـوو جیـاواز لـەو بێدەنگییـە قووڵـەی کتێبـەکان چەنـد سـاڵێک لـە مەوبـەر لەوێـدا سـەپاندبوویان. خالیـد ئامـوون تێنەگەیشـت بـۆ سەوسـەن بەوجـۆرە بۆنیکـرد، بـۆ دوای ئـەو بۆنکردنـە بـەو چەشـنە مانـدوو و نائومێـد دیاربوو. بۆ پرسـیاری دەربـارەی باڵنـدە کوژراوەکان لـێ نەکـرد. کـە گەیشـتەوە ئوتێلەکە هەسـتێکی قووڵـی خۆشەویسـتی بـۆ سەوسـەن لـە نـاوەوە دەیخـوارد، لـە هـەر شـتێکی تـری دونیـا زیاتـر پێویسـتی بـەو ژنـە بـوو. هەسـتیکرد ئـەو هەمـوو سـاڵە هیـچ شـتێکی تێـدا نەگۆڕیـوە، تـەواو وەک جـاران عاشـقێکی پـڕ ئیرەییـە، عاشـقێک حـەزدەکات بازنەیەکـی ئاسـنین بـەدەوری مەعشـوقەکەیدا بکێشـێت و لـە هەمـوو شـتێک دووریبخاتـەوە و بیپارێزێـت.

دوای ڕۆیشـتنی خالیـد ئامـوون، سەوسـەن فیکـرەت هەسـتی بـە ساردییەکی گـەورە کـرد لـە ژوورەکـەدا، سـەرمایەکی لـە نـاکاو کـە ڕۆژانـی

دووروودرێـژی دەرد و ناسـاغی دوای ڕاپەڕینـی بەیـادا هێنایـەوە. بۆ ئـەوەی خـۆی لـەو هەسـتە سـارد و بۆنـە ساردەی خالیـد ئامـوون ئازادبـکات، بـە خێرایـی چـووە خـوارێ و باوەشـی بـە هـوزاردا کـرد کـە خەریکبـوو لـە باوەشـی فیکرەتـدا خـەوی لێدەکـەوت. وەک خـەوی بینیبێـت، وەک ترسـێک یـان هەواڵێکی گـەورە ڕایچڵەکاندبێت، تونـد منداڵەکـەی بـە خۆیـەوە نوسـاند و گووتـی «هـوزار گیـان، جوانتریـن تەیـری پـورە غەمگینەکـەی خـۆت، شـوکور تـۆ ساردنیت... تـۆ بۆنـی وات لـێ نایـەت». پڕوشـە دەسـتی خسـتە سـەر ناوچاوانـی سەوسـەن و گووتـی «سەوسـەن چـی بـوو؟ ئـەم بەدبەختـەت چـۆن بینـی، ڕاسـتیت دەوێـت مـن لـە هەموویـان غەمگینتـر دەیبینـم، بـەڵام تۆزێـک ئاڵـۆزە، وانییە؟». سەوسـەن منداڵەکـەی تونـد بـە خۆیـەوە نوسـاندبوو و سـەیری جێگایەکـی نادیـاری دەکـرد و گووتـی «نـا پڕوشـە... باسـی مەکـە، باسـی مەکـە». فیکـرەت گوڵدانچـی کەمێـک خـۆی جوڵانـد و چاویلکەکـەی بەرزکـردەوە و سـەیری کچەکـەی کـرد و گووتـی «ئـەم خالیـد ئاموونـە، بێدەنگییەکـی تێدایـە مـن حـەزم لێـی نییـە... پیـاوی وا بێدەنـگ یاخـود بلیمەتـن یـان خەڵکـی ترسـناکن... نازانـم لەوانەشـە زوڵـم بێـت، بـەڵام شـتێکی تێدایـە دڵـم خـۆش نـاکات... هـا... سەوسـەن تـۆ دەڵێیـت چـی؟». سەوسـەن سـەری لەقانـد و گووتـی «گوڵدانچـی باسـی مەکـە، باسـی مەکـە. پیاوێکـی خـراپ نییـە، بـەڵام لەوانەیـە بتوانێـت زۆر خـراپ بێـت، لەوانەیـە بتوانێـت».

بـەڵام دوای دیتنـی مەنسـور ئەسـرین، پڕوشـە هەسـتیدەکرد سەوسـەن لـە ناخـەوە شـەڕێکی گـەورە دەژی. مەنسـور ڕۆژێـک دوای گەڕانـەوەی بـە یاوەریـی باوکـی و سـاقی مەحمـود و هەنـدێ لـە خەڵکـی شـار باڵندەکانـی خـۆی هێنـا و لـە بـەر دەرکـی ماڵـی گوڵدانچیـدا وەسـتا و بێئـەوەی هیـچ قسـەیەکی ئەوتـۆ بـکات کلیلـی قەفەزەکانـی دایـە دەسـت سەوسـەن. هاتنەکـەی مەنسـور زۆر کـورت بـوو، بـەڵام لەگـەڵ کورتییەکەشـیدا زۆر گرنـگ

بوو، هەموو هەستمان پێکرد کە هەردووکیان پەشۆکان، هەستمان بە تێپەڕینی تەزوویەکی گەورە و نهێنی و ترسناک کرد لە نێوانیاندا، هەستمانکرد شتێکی تاریک و نهێنی، کارەبایەکی ڕەش لە نێوانیاندا دروستبوو. بینیمان چۆن مەنسور بە نەرمی دەلەرزێت، کە دەستی برد کلیلەکان دەربهێنێت دەستی دەلەرزی... زۆر زۆر دەستی دەلەرزی. بەڵام کە سەوسەنیش نزیک بووەوە ئەویش دەلەرزی، بۆ ساتێک هەر دووکیان سەیری چاوی یەکیان کرد، سەوسەن لە نزیکەوە زۆر لە نزیکەوە چاوی لێکنا و وەک بۆنێکی بەهەشتی بەسەریدا بچێت، ڕەنگ و ڕوخسارێکی ئاسمانی پەڕییە سەر سیمای، بەڵام هێشتا لەگەڵیشیدا هەر دەستی دەلەرزی. دواتر هەموو بیستمان کە مەنسور و سەوسەن هەردووکیان ئەو شەوە نەخۆش کەوتوون، هەر دووکیان پێکەوە لەرز و تای زۆریان لێهاتووە، پێکەوە تووشی وڕێنە و بزڕکاندن بوون، بەڵام بێئەوەی کەسیان ئاگایان لەوی دیکەیان بێت.

دوای چاوپێکەوتنەکەی خالید ئاموون بە ڕۆژێک بڕیاربوو چاوپێکەوتنە گەورەکەی نێوان مەنسور و سەوسەنیش سازبکرێت، ئێمە ئەوانەی ئەو ئێوارەیە شاهیدی ئەو تەزووە تاریکەی نێوان مەنسور و سەوسەن بووین وەک لەسەر پشکۆبین چاوەڕوانی ئەو چاوپێکەوتنەمان دەکرد، ئەو دەست لەرزینە کورت و ئەو نەخۆشییە کتوپڕەی هەردووکیان پێکەوە تووشیبوون، بەسبوو بۆ ئەوەی هەندێک کەس پێشوەخت ئەوە ڕابگەیێنن کە کچەکەی فیکرەت گوڵدانچی لە یەکەم نیگا و یەکەم سەیرکردنەوە مەنسوری هەڵبژاردووە.

لە بەیانی ئەو ڕۆژەدا کە دەبایە مەنسور بچێت بۆ ئەو چاوپێکەوتنە گەورەیە، سەوسەن فیکرەت نامەیەکی لە مەنسورەوە پێگەیشت کە سەر لەبەر هەموو هاوکێشەکانی هەڵگێڕایەوە. بەیانی ئەو ڕۆژە کوڕێکی زۆر منداڵکار و نەناسراو نامەیەکی بۆ سەوسەن خان هێنا و لەدەرگاوە دایە

دەستی و بەخێرایی ماڵاواییکرد و ونبوو. ئەمە دەقی نامەکەیە بەو جۆرەی دوای ڕۆژێک کۆپییەکەی لە بازاڕدا بڵاوبووەوە.

« سەوسەنی خۆشەویست

سڵاو.

ڕەنگە ئەم نامەیە ئەستەمترین و غەمگینترین نامەیەک بێت لە ژیانمدا نوسیبێتم... لەوانەشە تادەمرم نامەیەکی تری وا نەنوسم. تۆ کاتێک ئەم نامەیەت پێدەگات من چیتر لەم شارەدا نیم، لەوانەیە هەرگیز جارێکی دیش نەگەڕێمەوە. من بڕیاری کۆتایی خۆمدا کە بڕۆم و درێژە بەو سەفەرە بدەم کە چەند ساڵ لە مەوبەر دەستم پێکرد. تۆ تەنیا کەسێکیت کە هەستدەکەم دەبێت بۆتی ڕونبکەمەوە بۆ گەڕامەوە و بۆ دەڕۆم. سەرەتا دەبێت بزانیت کە من چەند خۆشمدەوێیت و چەند پێویستیم بە تۆیە، دەبێت گومان لە خۆشەویستی و سەرسامی من نەکەیت. ئەو ڕۆژەش کە تۆم بینییەوە زانیم تا مردن تۆم خۆشدەوێت. بەڵام جگە لەوە زۆر شت هەیە کە دەبێت تۆ بیزانیت. سەوسەنی ئازیز. من ئەو ڕۆژەی کە گەڕامەوە هەستم بە غەریبییەکی زۆر کرد. سەرەتا بزانە ئەو ساڵانی کۆچە منیان کرد بە گەڕیدەیەکی تەواو، من بووم بە دونیاناسێکی بێسرەوت، بووم بە کەسێک ناتوانێت لە جێگایەکدا بمێنێتەوە. ئێستا من لەو کەسانە نیم کە بتوانم لە شارێکدا بژیم و لە ماڵێکدا بسرەوم. هەشت ساڵ لەمەوبەر کە ئەم شارەم بەجێهێشت، حەزم نەدەکرد بڕۆم... ئەم شارە هەموو دونیای من بوو، لێرەدا منداڵیم ژیابووم، لە کۆڵانەکانی ئەم شارەدا ڕامکردبوو، لە قوتابخانەکانیدا فێربووبووم، لە ژێر بارانەکانیدا گەورەبووبووم. هیچ شتێک نەبوو لە سەر زەوی جێگای ئەم شارەم بۆ بگرێتەوە... لەوانەیە لە داهاتووشدا هەر وەها بێت و هیچ شارێک جێگای ئێرەم بۆ نەگرێتەوە. بەڵام نازانم بۆ لە ڕۆژی یەکەمەوە کە تۆ باسی کۆچ و سەفەرت لە گەڵدا کردم وا تێگەیشتم تۆ ناتەوێت بگەڕێمەوە، یان

لـە ڕاسـتیدا ناتەوێـت کەسـمان بگەڕێینـەوە. کـە بـە ئێمـەت گـووت بـڕۆن، کـە ئـەو ئەرکـە زۆر سـەختەت دا بەسـەر شـانماندادا دڵنیابـووم ناتەوێـت تاقیمانبکەیتـەوە، بەڵکـو دەتەوێـت ئـەم شـارە بچکۆلەیـە بەجێبهێڵیـن و بـۆ ژیانێکـی تـر بگەڕێیـن لـە شـوێنێکی تـری دونیـادا. مـن بـەر لـە هـەر شـتێک سوپاسـتدەکەم... هیـچ مرۆڤێـک پێشـتر دیـاری وەهـای پێشـکەش بـە کەسـێکی تـر نەکـردوە، جیهـان... بەڵـێ سەوسـەنی خۆشەویسـت، تـۆ جیهانـت پێشـکەش بـە مـن کـرد... ئـەوە گەورەتریـن دیارییەکـە تـا ئێسـتا ژنێـک لـەم سـەر ئەسـتێرەیە پێشکەشـی پیاوێکـی کردبێـت. کـە مانـگ دوای مانـگ و سـاڵ دوای سـاڵ لەگـەڵ کۆکردنـەوەی باڵندەکانـدا چوومـە پێشـێ، کـە شـار دوای شـار و وڵات دوای وڵات گـەڕام، کـە کەشـتی لـەدوای کەشـتی گۆڕیـم و شـەمەندەفەر دوای شـەمەندەفەر سـواربووم، کـە شـەوم لـە بیابانەکانـدا ڕۆژکـردەوە و لـە جەنگەڵەکانـدا دوپشـکەکان پێیانـەوە دام، کـە تووشـی نەخۆشـی بـووم و لـە خەسـتەخانەکاندا کەوتـم، کـە گیـرام و ئازادکـرام، کـە لـە دەریاچـەی جیـاوازدا مەلەمکـرد و بـە دیـار هەڵـۆی سیمرغئاسـاوە لـە چیـاکان شـەونخونیم کێشـا، کـە بەفـر لێیـدام و خـۆر گەرمیکردمـەوە، لەگـەڵ هەمـوو باڵندەیەکـدا کـە دەمگـرت دڵنیابـووم کـە ئـەو باڵندانـە دیـاری مـن نیـن بـۆ تـۆ، بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە دیـاری تۆیـە بـۆ مـن. هـەر گوڵێکـی جوانـم ببینیبێـت، هـەر باڵندەیەکـی جوانـم ڕاوکردبێـت، هـەر شـارێکی قەشـەنگ پێشـوازی لێکردبـم، لەگـەڵ هـەر ژنێکـدا خەوتبێتم... تێگەیشـتووم ئـەوە دیـاری تۆیـە بـۆ مـن. سەوسـەن مـن هەمـوو ئـەو سـاڵانە سـات دوای سـات بـە قووڵـی ژیـام... خۆشـیم لـە خۆشـییەکان و خۆشـیم لـە ئازارەکانیشـی بینـی. لێتـی ناشـارمەوە کـە جیهـان زۆر سەرسـامیدەکردم... ئامادەبـووم بـۆ هەمـوو شـتێک بکرێمـەوە، کـە سـوار کەشـتییەکان دەبـووم بـۆ ئـەوەی لـە کیشـوەرێکەوە بپەڕمـەوە بـۆ کیشـوەرێکی تر، وام هەسـتدەکرد گەڕیدەیەکـم چەندیـن سـەدە لـە دوای گەڕیـدە گەورەکانـی دونیـاوە لـە

دایکبـووم. سەوسـەن خـان مـن دەمزانـی تـۆ بۆیـە منـت نـاردوە بـۆ ئـەوەی بژیـم... بـۆ ئـەوەی هەمـوو شـتێک تاقیبکەمـەوە، تـۆ منـت نەنـارد تـا تـۆ مـن تاقیبکەیتـەوە، منـت نـارد تـا مـن جیهـان تاقیبکەمـەوە، مـن دەمەوێت پێتبڵێـم مانـای داواکـەی تـۆ وەک مـن تێیگەیشـتم ئەوەبـوو بـڕۆم و بژیـم، باڵنـدەکان تەنیـا بەڵگـەی ئەوەبـوون کـە مـن ژیـاوم، کـە مـن چوومەتـە نـاو جەرگـەی ئـەو جێگایانـەی ژیانـی تێدایـە، تەنیـا ژیانـی مـرۆڤ نـا، بەڵکـو ژیـان بەهەمـوو جۆرەکانـی و زیندوێتـی بـە هەمـوو چەشـنەکانی. سەوسـەن دەسـتدان لـە باڵندەیـەک کـە دڵنیایـت هیـچ کەسـی تـر پێـش تـۆ دەسـتی لـێ نـەداوە، وەک دۆزینـەوەی ئەسـتێرەیەکی تـر وایـە. ئـەوەی توانیومـە تاقیمکردۆتـەوە... ژنەکانـی دونیـام تاقیکردۆتـەوە، بۆنـی گوڵەکانـی دونیـا، چێشـتخانەکانی دونیـا، جلوبەرگـە جیاوازەکانـی دونیـا، زیندانەکانـی دونیـا، مێشـولەکانی دونیـا و تامـی جیـاوازی ئاوەکانـی دونیـا و ڕەنگـی جیـاوازی گەرمـا و سـەرماکانی دونیـا... مـن هەمـووی تاسـەر ئێسـقان ژیـاوم.

لـە کۆتایـی سـاڵی پێنجەمـدا بڕیارمـدا نەگەڕێمـەوە، لەبەرئـەوەی جارێکـی تـر ئەسـتەمە بتوانـم تـا مـردن لـە ماڵێکـدا دانیشـم، ئەسـتەمە لـە شـارێکدا دانیشـم. بـەڵام نەمدەویسـت هەڵبێـم، نەمدەویسـت وادەربکـەوم وەک ئـەوەی لەبـەر بچوکـی و بێهێـزی و بێتوانایـی ناگەڕێمـەوە. مـن خـۆم زۆر گومانـم لـە خـۆم بـوو، زۆر کەسـی تریـش هەبـوون کـە گومانیـان لێمبـوو... بـەڵام ئـەوەم زۆر لا گرنـگ نەبـوو. زۆر شـت هەیـە خەڵکـی نایزانـن، بـۆ نمونـە کـەس ئـەوە نازانێـت کـە دونیـا وەک مەکینەیەکـی گـەورە وایـە کـە خـۆی دەجوڵێـت، ئەونـدەی قاچـت خسـتە سـەری خـۆی دەتبـات. نـا... ئـەوە زۆر گرنـگ نەبـوو. مـن دەبـوو بگەڕێمـەوە بـۆ ئـەوەی بـە تـۆ بڵێـم سـوپاس، دەبـوو باڵندەکانـی خـۆت ببینیـت، ئـەوە تەنیـا بەشـێکی ئـەو قـەرزە بـوو کـە دەمتوانـی بیدەمـەوە بـە تـۆ. سەوسـەن مـن تەنیـا کەسـێکم کـە تـۆ ناتوانیـت شـووم پێبکەیـت، چونکـە تەنیـا کەسـێکم دەتوانـم تـا کۆتایـی

ئەو داوایەی تۆ جێبەجێبکەم، تۆ خۆت دەزانیت کە ناسینی دونیا بێکۆتاییە، ئەوەی دەتەوێت لە شەڕی ناو ئەم وڵاتە دووربکەومەوە، دەتەوێت لە هیچ جەنگێکەوە نەگلێم، دەتەوێت دەستم پیس نەبێت، دەتەوێت کەس نەکوژم و کەس نەمکوژێت، ڕقم لەوانە نەبێت کە تۆیان خۆشدەوێت... دەبێت جیهانگەڕێکی بەردەوامبم، دەبێت لە سەفەرێکدابم کە هیچ ڕۆژێک تەواو نابێت، هەموو ئەوانەی تۆ داوایاندەکەیت لەم وڵاتە مەلعونەدا نەکردەیە... من ئێستا هەموو شەوێکی ژیانم دوو دەنگ پاڵم پێوە دەنێت، یەکێکیان دەنگی تۆیە کە داوام لێدەکەیت بڕۆم و لەم ئاگرستانە دووربکەومەوە، یەکێکی تریشیان هاواری باڵندە وێڵەکانی سەر ئەم زەمینەیە، بانگەوازی جەنگەڵەکانە کە هەستدەکەم هەمیشە بانگمدەکەن، من چارێکم نییە ئەوە نەبێت بڕۆم و ئەم گەشتە تەواوبکەم... گرنگ ئەوەیە من لە هەر جێگایەکی سەر زەمین بم بیر لە تۆ دەکەمەوە، هەمیشە هەستدەکەم جیهان دیارییەکی گەورەی تۆیە و بەبێ یادی تۆ مانای نییە. بەڵام نایشارمەوە لە زۆر شاری دونیادا ئەم شارەی خۆم بیرچۆتەوە، لە زۆر جێگای دونیادا خۆم لە یادکردوە و لە بەردەم زۆر ژنی سەر زەویشدا تۆم بیرچۆتەوە. ئیتر لەو ساتانەدا تێدەگەیشتم جیهان بەجۆرێک منی بردوە گەڕانەوەم ئەستەمە، ئەوە ئەو ساتە ترسناکانەی لاوازی بوو کە دونیا بەجوانی و سیحری خۆی دەیفڕاندم و قووڵتر و قووڵتر لە مانای ئاوارەیی خۆم و وێڵی خۆم بەسەر زەویدا تێدەگەیشتم. جگە لەوەش، من ئەو ساڵانە بەردەوام هەواڵی ئەم شارەم بۆ دەهات، ساقی لە هەموو شتێک ئاگاداریدەکردمەوە، هەموو ئەو ئازارە زۆرانەی بەم خۆشەویستییەوە گرێدراون، ئەو ئازارانە نە تۆ و نە ئێمە کەسمان دروستمان نەکردون، بەڵکو ئەم شارە، ئەم دونیایەی لە منداڵییەوە تێیدا دەژین دروستیکردون. سووتانیماڵی ساقی، سووتانی ماڵی ئامورنییەکان، کوشتنی قەلەندەر ئامورن، کوشتنی باڵندەکان...

دڵنیابووم ئەو هەموو ساڵە دەتویست ئێمە لەم شەڕە دووربخەیتەوە و نەهێڵیت ئەو ئاگرانە بمانگەنێ، نەهێڵیت پیسببین... ئەوە خۆشەویستی تۆیە، کە بە دووری ئێمەوە گرێدراوە. کە شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا، کە هەواڵی کوشتنی باڵندەکانم بیست، تێگەیشتم شەڕ لەم وڵاتەدا دوایی نایەت، ئیتر تۆ ناتوانیت بمانپارێزیت، تۆ ڕێگاکەت پیشانداین، تۆ هەوڵتدا ڕزگارمانبکەیت، لە ڕاستیدا تۆ ئێمەت هەموو ڕزگارکرد، بەڵام مەرج نییە ئەوانی تر وەک من لەم ڕزگارییە تێبگەن، من دەزانم تۆ ڕزگارتکردوم و نامەوێت جارێکی تر باڵەکانی خۆم بشکێنم... دەزانم تۆ بەلاتەوە سەختە دووبارە پێمان بڵێیت برۆین و لەم هەموو شەڕە دووربکەوینەوە. دەزانم لەو هەموو ساڵەدا، لەو هەموو ترسەدا ئەوەت لادروستبووە کە پێویستت بە ئێمەیە... بەڵام سەوسەن سوودی نییە... بۆ ئەوەی لەم شەڕانەوە تێوەنەگلێم، بۆ ئەوەی ئەو هەموو خوێنە پیسم نەکات، دەبێت بڕۆم. تۆ لە من باشتر دەزانیت کە خوێنی تر بەڕێوەیە، شەڕی تر بەڕێوەیە... ئەوەی زۆر ئازارمدەدات، ئەوەیە ناتوانم هیچت بۆ بکەم... تەنیا دۆعادەکەم لە خراپەی ئەم هەموو جەنگانە بەدووربیت. ئەو هەموو ساڵەی سەفەر لە جیهاندا فێریکردم ڕق بە تەواوەتی لە خۆمدا بکوژم. مرۆڤیش لەم شارەدا بێ ڕق ناژی... بێ ڕق ناتوانێت عاشق بێت... دەڕۆم و هەموو ڕۆژێکی ژیانم کە دەژیم و هەموو جوانییەکی دونیا کە تامیدەکەم و هەموو پاکییەک کە لە خۆمدا هەستی پێدەکەم سوپاسی تۆ دەکەم. هێندە هەیە ئاگات لە باڵندەکانم بێت، دڵنیام ئەوانیش هێدی هێدی لەم شارە تێدەگەن... ڕۆژێک کە غەمگین دەبن تێیانبگە و ڕۆژێک کە دەمرن ڕێزیان بگرە. هەندێ شەو کە سەیریاندەکەیت، بزانە من تەنیا کەسێکم کە تا کۆتایی لەگەڵ سەفەرەکەی تۆدا دەژیم... حەزدەکەم دڵنیابیت کە دونیا منی وەها کردەوە ئیتر لە جێگایەکی بچوکدا جێگام نابێتەوە... ئیتر تامردن لەم

سەر زەمینەدا بەڕێوەدەبم، چونکە ئەوە تەنیا شێوەی منە بۆ ئەوەی لە تۆ دوورنەکەومەوە. ئەوەی لەم سەر زەمینەدا ونبم تەنیا شێوەی منە بۆ ئەوەی تۆ بدۆزمەوە.

بەڵام بزانە من بۆیە ناتوانم بێم و ڕوو بە ڕوو ئەم شتانەت پێبڵێم، چونکە لە دڵەوە دەترسم. ئەو چەند ساتە کورتەی ئەو ڕۆژە تۆم تێدا بینی دڵنیاییکردم کە بینینی تۆ لەوانەیە بە جۆرێک نەخۆشم بخات و لاوازمبکات لە هەموو خولیاکانم پەشیمان ببمەوە، چاکترە بۆ من تۆ نەبینمەوە. هیوادارم بمبوریت، نامەوێت خۆم بخەمە بەر تاقیکردنەوەی وەهاوە... بۆیە لەگەڵ کۆتایی ئەم نامەیەدا، بەبێدەنگی، بەبێ ماڵاوایی هەموو ئەم شارە و ئەم یادگاریانە بۆ هەتاهەتایە جێدەهێڵم.

هیوادارم لەگەڵ یەکێک لە داخوازەکانی تردا ئاسوودە بژیت... هیوادارم هەر پیاوێک تۆ هەڵیدەبژێرێت ڕێزی ئەو خەیاڵە گەورانەت بگرێت. من ماڵاوایت لێدەکەم.

هەمیشە ئاسوودەبە و هەمیشەش بیرتدەکەم.

عاشقی ئەبەدی خۆت: مەنسور ئەسرین»

نامەکە سەرسامییەکی زۆری لە شاردا دروستکرد. خێزانی ئەسرین و هەوادارانی وەک ئەوەبوو بروسکەیەکی گەورە لێیدابن، مەنسور یەکجار لە ماڵ هاتبووەدەرێ و ئیتر تا هەتاهەتایە ونبوو، تاکە نیشانەیەکی ئەوە بوو دوو کۆپی ئەو نامەیەی بۆ ئیبراهیم ئەسرینی باوکی و ساقی مەحمود جێهێشتبوو... دوای ئەوە نە دەنگێکمان لە مەنسور خۆی بیست و نە هیچ کەس لە هیچ جێگایەکی دونیاوە هەواڵێکی ئەوی بۆ هێنایـن. تا ئەمڕۆش خوشک و خوشکەزاکانی بە ئومێدی ئەوەن ڕۆژێک لە ڕۆژان مەنسور لە گۆشەیەکی دونیاوە سەرهەڵدا و دەربکەوێتەوە، بەڵام ساڵ دوای ساڵ ئەو ئومێدانە لاوازتر و لاوازتر دەبن و ڕوخساری مەنسوریش زیاتر و زیاتر لە

بیردەچێتەوە، چەند ساڵێک لەمەوبەر خوشکەکانی تکایان لە سەوسەن فیکرەت کرد ئەو وێنانەی مەنسوریان بداتێ کە لە ساڵانی سەفەردا ناردبوونی تا دووبارە بیشۆنەوە، سەوسەن فیکرەت هەموو وێنەکانی بۆ ماوەی هەفتەیەک بە قەرز دانێ و دواتر لە وادەی خۆیدا وەریگرتنەوە. خوشکەکانی مەنسور ئەلبومێکی گەورەیان لەو وێنانە دروستکرد، هەر کەسێک لەدەرەوەی وڵات بهاتبایەتەوە ئەلبومەکەیان دەبرد و یەک یەک وێنەکانیان نیشاندەدا، بەڵکو لە ڕێگای یەکێک لە وێنەکانەوە بشێت کەسێک مەنسور بناسێتەوە و شوێنی بدۆزێتەوە... بەڵام تا ئەمڕۆ، هیچ کەس شوێنی مەنسور نازانێت... مەنسور لەو جیهانە گەورەیەدا ونبوو کە سەوسەن بە دیاری پێشکەشیکرد... ئیدی جارێکی دی هەرگیز نە بینیمان و نە دۆزیمانەوە.

٤٦

ئـەو ماڵاواییـە کتوپـڕەی مەنسـور، سەوسـەنی غەمگینکـرد. ئـەو بـە ڕاسـتی حـەزی بەبینینـەوەی مەنسـور دەکـرد. بۆنـی کوڕەکـە گەلێـک نائاسـایی و سـیحراوی بـوو، لـەو ساتە کـەم و کـورت و تێپـەڕەدا کـە ئـەم لـە بەردەمیـدا وەستا و بـۆ یـەک دوو هەناسـەی خێـرا ئـەو هەوایـەی هەڵمژی کە لە جەسـتەی مەنسـورەوە دەهـات، بۆنـی دونیایەکـی نەبینـراو و تـازە چـوو بەسـەریدا، کـە لـەو بۆنـە ئەفسـوناویتر و گوڵاوییتـر بـوو کـە لەسـەر لەشـی کامـەران هەڵیمژیبـوو. ئـەو شـەوە تـا بەیانـی بـەو بینیـن و لەرزیـن و یەکدی نیگاکردنـە مەستبوو، هەشـت سـاڵ لەوەوبـەر کـە هێشـتا کچێکـی منداڵکاربـوو، بەوجـۆرە نەیدەتوانـی جوانـی کـوڕەکان ببینێـت، بـەڵام ئێسـتا ئاشـکرا جوانیانـی دەبینـی و پێیـان سەرسـامدەبوو. فیکرەتـی بـاوک کـە هەسـتی بـە گۆڕانـی کچەکـەی دەکـرد، بـە دەنگـە پیرەکـەی کـە مۆسـیقایەکی حەکیمانـەی تێدابـوو پێدەکەنی و دەیگـووت «مـرۆڤ تـا پیـر بێـت زیاتـر جوانـی دەبینێـت... ئـەوە یەکێکـە لـە ناعەدالەتییەکانـی دونیـا».

تـا ئەمـڕۆ کەسـانێک هـەن دەپرسـن، ئاخـۆ گـەر مەنسـور ئیبراهیـم نەڕۆیشـتبایە، سەوسـەن شـووی پێدەکـرد؟ لـە ڕاسـتیدا سەوسـەن ڕۆژێـک لـە ڕۆژان وشـەیەکی لـەو بارەیـەوە نەدرکانـد، بـەڵام هەمـوو دەزانیـن دوای نامەکەی مەنسـور دوو ڕۆژ غەمێکـی گـەورە بـەر ڕۆحـی سەوسـەنی گـرت، وەک دەڵێـن دەیـان جـار ئـەو نامەیـەی خوێندۆتـەوە، چەندیـن جـار بۆنـی پێوەکـردوە،

هەندێ جاریش گریاوە.

گومان لەوەدا نییە مەنسور بەجۆرێک لە جۆرەکان باشتر لەوانی دیکە لە مانای خەیاڵ و بیرکردنەوەی کچەکە تێگەیشتوە، ڕەنگە هەر خودی ئەو نامەیە دواجار ئابڕووی مەنسوری لە زۆر شت ڕزگارکردبێت، هەموو ئەوانەی نامەکەیان خوێندەوە گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە کوڕەکە کەسێکی بێوەفا و ترسنۆک نییە، بەڵکو کەسێکە کاراکتەر و بینین و تێگەیشتنی لەو چەند ساڵەدا بەتەواوەتی گۆڕدراوە. بەڵام لە چایخانە و بازاڕەکانی شاردا چەندین شەڕی گەورە ڕوویاندا، لەو جێگایانەدا کە شاعیران و مۆسیقارەکان کۆدەبنەوە پێکدادانی خوێناوی قەوما، کەسانێک لە خەڵکی عەوام و لە هەوادارانی کامەرانی سەلما تانەی ئەوەیان لەو خەڵکانە دا کە پاڵەوانەکەیان گومانی لە پیاوەتی خۆی هەبووە، بۆیە بە نهێنی و بێئاگایی کەس هەڵهاتووە. ئەو نوکتەیەی لە دەمی مەنگوڕی بابەگەورەوە کەوتەوە کە گوایە «لە یەکێک لە دارستانەکاندا پڵنگێک گوونی مەنسوری ئەسرینی خواردوە» بەجۆرێک لە شاردا بڵاوبووەوە، خەڵکی لە هەموو جێگایەک دەیانگێڕایەوە، شەڕە قسە و لێکدانەوەی جیاواز بۆ هەڵوێستی مەنسور گەیشتە ناو ماڵەکان و تا ناو ژووری خەوتنەکانیش ڕۆیشت، لە هەندێ یانەی شەوانە و لە چەند دائیرەیەکی دەوڵەتیدا شەڕەکورسی گەورە قەوما. گومان لەوەدا نەبوو هەموو ئەوانەی مەنسوریان بە ڕاوکەرە موقەدەسەکە، عاشقە گیانفیداکە، ڕێبوارە مەزنەکەی ڕێگای ئەڤین ناودەنا تووشی نائومێدییەکی بێوێنە بوون، هەموو بە جۆرێک لە جۆرەکان دەیانویست مەنسور لێرەبێت و سەوسەن بهێنێت و وەک سەمبولی سەرکەوتنی ئەڤین نمونەیەکی گەورە نیشانبدات، زۆریان دوورکەوتنەوەکەی مەنسوریان بەجۆرێک لە هەڵهاتن دەزانی، هەندێک هۆکەیان دەگێڕایەوە بۆ ترسنۆکی و هەندێکی دیکەش بۆ ئەو فەنتازییە باڵدارەی لە ڕۆحی ڕۆشنبیرانی ئەم شارەدا لە کۆنەوە هێلانەیکردوە. ساقی مەحمود نزیکی سێ مانگ لە ماڵ نەهاتەدەرێ، بەرگەی توانج و

سەیرکردن و پرسیارەکانی خەڵکی نەدەگرت، بەرگەی گلەیی ئەو کەسانەی نەدەگرت کە پارەیەکی زۆریان دابوو تا مەنسور سەفەرەکەی بە جیهاندا تەواوبکات، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا مەنسور بە نامەکەی ڕێزێکی قووڵی لای فیکرەت گوڵدانچی و سەوسەنی کچی بەجێهێشت. باڵندەکانی مەنسوریش لە باڵندە گەشبین و پڕ ئاوازەکان بوون. ئەوان لە باڵندەکانی دی سەوسەنیان خێراتر لە دارستان و ژینگە و بۆنی جەنگەڵەکانی خۆیان نزیکدەکردەوە، ئەو پردە گەورەیەش وایکرد سەوسەن بە خێرایی نائومێدی خۆی لە مەنسور بیربچێتەوە و زوو حەسرەتی ئەو ڕۆژانە لەیادبکات.

هەفتەیەک دوای کۆچی مەنسور، سەوسەن دەبایە دوا بڕیاری خۆی بدات. لە شاردا هەموو چاوەڕوانی وەڵامی ئەومان دەکرد.ماڵی گوڵدانچی ئەو چەند ڕۆژە قیبلەی هاتوچۆیەکی بەردەوام بوو، ژنانی خێزانی گوڵدانچی و پورەکانی بێوچان دەهاتن و دەچوون، عیزەت گوڵدانچی و کوڕەکانی لە جوڵەیەکی بێوێنەدا بوون. بەڵام فیکرەتی باوک سووربوو لەسەر ئەوەی هیچ کەسێک دەست لە بڕیاری سەربەخۆ و ئازادی سەوسەن وەرنەدا. هەموو دەمانزانی خانم ڕۆژانێکی سەخت دەژی، ئەو دەبایە لە نێوان کامەران و خالیددا یەکێکیان هەڵبژێرێت، سەوسەن دەیزانی هەڵبژاردنی هەر یەکێکیان توڕەییەکی گەورە و گرێیەکی دەروونی قووڵ لەوی دیکەدا دروستدەکات. دوو ڕۆژ بەر لەوەی دوابڕیار بدات، فیکرەت گوڵدانچی نامەیەکی نهێنی لە ئاموونییەکانەوە بۆ هات کە هەڕەشەیەکی ئاشکراو گەورەی تێدابوو، بەپێی نامەکە ئەگەر سەوسەن شوو بە بکوژانی قەلەندەر بکات، بەو کارەی سوکایەتییەکی گەورە و بێحورمەتییەکی بێوێنە بە خوێن و ماندووبوونی ئاموونییەکان دەکات و ئەوان لێی نابوورن. لەو کاتەدا خالید ئاموون زۆربەی ڕۆژەکانی لە ئوتێلەکەی باوەجاندا دەبردەسەر، زۆر بە دەگمەن دەهاتە دەرێ، هەندێ ئێواران بە قاتە ڕەشەکەیەوە لەبەردەم پەنجەرەی ئوتێلەکەدا دەوەستا و سەیری دەرەوەی دەکرد، نیوەڕوان دادەبەزی بۆ

چێشتخانەیەکی نزیک و نانی دەخوارد و دوای سەعاتێک دەگەڕایەوە بۆ ئوتێلەکە، لە کاتی نان خواردندا قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد، بە هێمنی نانەکەی دەخوارد و بێئەوەی سەیری کەس بکات یان ئاوڕ لە کەس بداتەوە دەگەڕایەوە ژوورەکەی خۆی. ئێمە کە شەوان لە ژێر زەمینی ئوتێلەکەدا کۆدەبووینەوە، ئارەزوویەکی زۆرمان هەبوو بزانین خالید لە ژوورەوە چی دەکات. بەڵام بەوەدا ئوتێلەکە میوانێکی دیکەی تێدانەبوو سەیرکردن و چاوەچاوەی زۆر ئاسایی و ئاسان نەبوو، ئەو چەندجارە کەمەی خزمەتچییەکان بۆ جێبەجێکردنی شتێک چوونە ژووری باسیان لەوە دەکرد کە خالید ئاموون بەردەوام جانتاکەی پێچاوەتەوە و بە قاتەوە دانیشتووە و هەندێ جاریش بۆ ماوەی نیوسەعات لە ژوورەکەدا دێت و دەچێت و دواتر دەگەڕێتەوە سەر کورسییەکە و بێئەوەی هیچ بکات دادەنیشێت، لە پیاوێک دەچوو چاوەڕوانی ئەوەبێت فەرمانی سەفەرێک یان بلیتی شەمەندەفەرێکی بۆ بێت و بکەوێتەڕێ. خاوەنی ئوتێلەکە چەندجارێک پێشنیاری بۆ کرد تەلەفزیۆنێک یاخود ڕادیۆیەکی بداتێ تا لە ساتەکانی بێئیشیدا خۆی بە شتێکەوە سەرقاڵبکات، بەڵام هەموو جارێک بەساردی سوپاسیدەکرد و دەیگووت ئارەزووی بینینی هیچ و بیستنی هیچ شتێکی نییە. لە هەموو ئەو ماوەیەدا خالید تەنیا سێ جار چووە دەرەوە و کەمێک بە شەقامەکاندا پیاسەیکرد، جارێک بۆ ئەوە بوو هەندێ گۆرەویی تازە و دەرمانێکی دان بکڕێت، جاری دووەمیش بۆ ئەوە بوو لە «فۆتۆگرافی چیا» وێنەی باڵندە کوژراوەکانی خۆی هەڵگرێتەوە، جاری سێیەمیش بەسەردانێکی کورت گەڕایەوە بەردەم دوکانە کۆنەکەی خۆی کە هەر وەک جاران شوێنی فرۆشتنی کەلوپەلی ژنانەبوو. خالید ئەو ڕۆژە بۆ ئیستێکی کورت لە بەردەم دوکانەدا وەستا و بێئەوەی بچێتە ژوورێ بە پەلە گەڕایەوە بۆ ئوتێلەکە، کەسمان هیچی تایبەتیمان لەسەر ڕوخساری نەخوێندەوە، کەسمان تێنەگەیشتین هەستی بەچی کردوە، لەوانەیە هەستی

بە هیچ نەکردبێت. چەند ساڵێک دواتر کە خۆی باسی ئەو ڕۆژانەی بۆ گەنجێکی ئاموونی گێڕایەوە، گووتی «جگە لە تێپەڕینی کات... جگە لە شوێن پێی پۆستاڵی زەمان لەسەر ژیانم هەستم بە هیچی تر نەکرد». هەموو دڵنیابووین دەقیقە و ساتەکان لە ژیانی خالیددا بە سەختی و خاوی دەڕۆن... بەجۆرێک خاو کە مرۆڤ لە نێوان چرکەیەک و چرکەیەکدا کاتێکی تەواوی هەیە بیر لە زۆر شت بکاتەوە، هەموو کە بەبەردەم ئوتێلەکەی باوەجاندا دەڕۆیشتین و سەرمان بۆ ژوورەکەی ئەو بەرزدەکردەوە، لەو دیو پەنجەرەکانەوە هەستمان بە سستی و قورسی جوڵەی کات دەکرد. لەو ماوەیەدا هیچ کەس لە خەڵکی شار سەردانی خالید ئاموونی نەکرد، هەتا ئەوانەش کە ئارەزووی ئەوەیان هەبوو سەردانیبکەن خۆیان لە سڵاو و دیداری پاراست. لەو چەند هەفتەیەدا شەڕ شێتانە لە زۆربەی هەرێمەکاندا ئاگری سەندبوو، ڕۆژانە کوژراو و بریندار دەهاتنەوە بۆ شار، هەواڵ زۆر بڵاوبوو کە ئاموونییەکان بە زیاد لە پێنج سەد چەکدار لە شەڕەکاندا بەشداران و ئەو هێزانەی لەتیپ ئاموون سەرکردایەتیان دەکات، ڕێگرێکی گەورەن لە بەردەم ئەوەی یەکێتییەکان لە هەندێ قۆڵەوە پێشڕەویبکەن. بوونی خالید ئاموون بە تەنیا لەو شارەدا هەستێکی قووڵی ناڕەحەتی خولقاندبوو، هەتا هەندێکمان کەمێک لەسەر سەلامەتی و ژیانی دەترساین، هەستماندەکرد خۆ قایمکردنی لە ئوتێلەکە و دەرنەکەوتنی لەسەر شەقامەکان دەگەڕێتەوە بۆ ترسێکی تایبەتی کە پەیوەندی بە شەڕ و کوشتنی باڵندەکان و سیاسەتی بنەماڵەکەیەوە هەیە. بەڵام کەسمان تێنەگەیشتین کە کێ باڵندەکانی کوشتووە، لە هەموو لایەکەوە بێدەنگییەکی قووڵ هەبوو، وەک زۆربەی ئەو تاوانانەی بکەرەکانیان دیارنییە، خەڵکی کوشتنی باڵندەکانیان لەبیرکرد و دوای نەکەوتن. لەو چەند ساڵەی دواتردا هەندێک شت ڕوویاندا کە زۆر سەرنجی ئەوانەی ڕاکێشا کە بەدوای مێژووی ئەم ڕووداوانەوە بوون. لە دوو بۆنەی جیاوازدا دوو پیاوی ئاموونی لە دوو شاری جیاواز و لە دوو

ڕێکەوتــی جیــاوازدا، شــەو بــەدەم خــەوەوە هەڵدەسـتن و بێئــەوەی ئاگایــان لــە خۆیــان بێــت، بێئــەوەی دواتــر هیچیــان لــە بیربێــت تەقــە لــە ژنەکانــی خۆیــان دەکــەن و دەیانکــوژن. بڵاوبوونــەوەی ئــەو دوو هەواڵــە دەشــیا زۆر گرنــگ نەبێت، بــەڵام ئــەوەی گومانەکــەی زۆر گەورەکــرد ئەوەبــوو کــە هەمــان چیــرۆک دەریــارەی خالیــد ئاموونیــش دەمــاو دەمــی دەکــرد. چەنــد ســاڵێک دواتــر کاتێــک خالیــد ئامــوون بــوو بــە فەرمانبەرێکــی زۆر گــەورە لــە یەکێــک لــە وەزارەتەکانــی حکومەتــی یەکگرتــووی هەولێــردا و لــە یەکێــک لــە هــەرە گەڕەکــە خۆشــەکاندا کۆشــکێکی ســێ قاتــی دروســتکرد، پاســەوانەکانی دەیانگێڕایــەوە کــە شــەوان چەنــد جارێــک بێئــاگا و نوقــم لــە خــەودا هەســتاوە و تاپڕێکی کۆنی هەڵگرتووە و بە نوستویی ویستوێتی بچێتە سەرجادەکە و لەوێدا بیتەقێنێت، بــەڵام ئــەوان هەمیشــە لــە کاتــی خۆیــدا فریاکەوتــوون و بەئاگایــان هێنــاوە و گێڕاندویانەتــەوە بــۆ ســەرجێ خــەوی خــۆی. ئاخــۆ ئــەو قســانە هیــچ شــتێکی دیاریکــراو و کۆتایــی و بنەبڕمــان لەســەر ڕووداوەکانــی ئــەو دەمــە پێدەڵێــن، نازانیــن... پێدەچێــت ئێســتاش دوای ئــەو هەمــوو ســاڵە هێشــتا تەمێکــی گەورە و چڕ لەســەر شــەوی کوشــتنی باڵنــدەکان نیشــتبێت و ئاســان نەڕەوێتــەوە.

دوای هــەژدە ڕۆژ لــەو ئوتێلــەدا، ئێــوارەی یەک شــەممەیەکی ســارد، کەسێک بە هێمنــی لــە دەرگای ژوورەکــەی خالیــد ئاموونــی دا، خالیــد لە نــاکاو ڕاچڵەکی و دڵــی بــە خێرایــی کەوتــە لێــدان، شــێوەی لێدانــی دەرگاکــە وەک لێدانــی خزمەتچییــەکان نەبــوو، ئەمجــارە دەســتێکی هێمــن و ئارامتــر بــەڵام دڵنیــا و بێڕەحــم دەرگاکــەی کوتــا. خالیــد لــە مێژبــوو چاوەڕوانــی ئــەم لێدانــەی دەکــرد، پتــر لــە دوو هەفتەبــوو بیــری لــە هەمــوو شــێوە دەنگەکانــی ئــەو جــۆرە کوتانــە کردبــووەوە، دەیزانــی دواجــار لــە یەکێــک لــەم شــەو و ڕۆژە زۆر درێژانــەدا دەســتێک لــە دەرگاکــە دەدات و هەواڵێکــی بــۆ دەهێنێــت کــە کۆتایــی بــە ســەفەرێکی دووروودرێــژی چەنــد ســاڵە دەهێنێــت... هەنــدێ جار لــە خەونەکانیدا دەیبینــی سەوســەن خــۆی هەواڵەکــەی بــۆ دەهێنێــت، خەونەکانــی زۆربەیــان

تێکەڵاو و ئاڵۆز و ترسناک بوون، کە هەڵدەستا ماوەیەکی دەویست تا دەگەڕایەوە دۆخی جارانی خۆی... بەڵام ترس و ڕاچڵەکانی پێشووتری هیچیان وەک ترسی ئەم ساتەی قووڵ نەبوون کاتێک دڵی بە دەنگی ئەو دەستە نەناسراوەی لە دەرگاکەیدا ڕاچڵەکی. ترسی دووروودرێژی لە مردن لە جەنگەڵەکاندا بە ئەندازەی ئەم ترسەی نەبوو، ئەو ساڵەی لە کۆتیڤار تووشی پەتای جەنگەڵ بوو، ئەو کاتەی پڵنگێکی گەورە لە نزیک حەیدەرئاباد پەلاماریدا، هێند نەترسابوو... تا پێشتر لە هەموو ژیانیدا بە ئەندازەی ئەو ساتە دڵی نەلەرزی بوو. کە دەرگاکەی کردەوە دەستی دەلەرزی، ترسێکی گەورە لە چاویدا بوو کە بەدەگمەن دەپەڕییە سەر ڕوخساری پیاوێکی ئاموونی. لە پێش دەرگاکەدا نەبیلی بینی، یەکێک لە پورزاکانی سەوسەن کە بە قەڵافەتی پیاوێکی گرنگەوە لە بەردەرگاکەدا وەستابوو، قاتێکی شەکەری نوێ و جووتێک پێڵاوی بریقەداری قاوەیی لە پێکردبوو. نەبیل بە هێمنی سڵاوی لێکرد و پێیگووت کە نامەیەکی تایبەتی لە سەوسەن خانی پورزایەوە پێیە. خالید بەدەنگێکی کەمێک لەرزۆک فەرمووی لە کوڕەکە کرد بێتە ژوورێ و کەمێک پشوویدات، بەڵام نەبیل پێیباشبوو نامەکە بداتە دەستی و بڕوات، کورت و بێقسە نامەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و دایە دەست خالید ئاموون و بە هەمان ڕێزی زۆر و دەنگی پڕ حورمەتەوە خوداحافیزیکرد و بە خەندەیەکی هێمنەوە لە پلەی ئوتێلەکە چووە خوارێ.

نامەکەی سەوسەن کورت بوو، بەڵام بە خەتێکی قەشەنگ و ڕوون نوسرابوو. خالید کە کردییەوە دڵی زۆر بە خێرایی لێیدەدا، بە پەشۆکان و نائارامییەوە لە سەر تەنیا کورسی ژوورەکە دانیشت و دەستیکرد بە خوێندنەوە:

« زۆر بەڕێز خالید ئاموون

نزیکی هەشت ساڵ لەمەوبەر بەر لەوەی ئێوە بڕۆن بۆ سەفەر، بە

هەمووتانـم ڕاگەیانـد كـە دوای سـاڵانی دووردرێــژی سـەفەر مـن دەتوانـم تەنیـا شـوو بـە یەكێكتـان بكـەم، پێمگووتـن كـە ئێـوە دوای چەندیـن سـاڵ دەگەڕێنـەوە و دەشێت دوای ئـەوە مـن بـۆ ئێـوە نەبم. دواجـار كـە مـن و تـۆ چاومـان بەیـەک كەوت و قسـەمانكرد، ڕاسـتگۆیی تۆ سەرسـامیكردم، خۆشـحاڵ بـووم كـە هەسـتەكانی خـۆت و ڕستەكانی خـۆت بـێ درۆ بـە مـن گـووت. ئـەوە گەورەییەكـی بێوێنەبـوو لـە تـۆدا. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هەسـتمكرد سـاڵانی زۆری سـەفەر مـن و تـۆی لـە یـەک نزیـک نەكردۆتـەوە. هەسـتدەكەم مـن و تـۆ پێكـەوە بەختـەوەر نابیـن. نـە تـۆ لەگـەڵ منـدا بەختـەوەر دەبیـت و نـە مـن لەگـەڵ تـۆدا... مـن تامـردن ڕێزێكـی گـەورەم بـۆ ماندووبـوون و ئازایەتـی تـۆ هەیـە. گومانـم لـەوە نییـە كە تـۆ پیاوێكـی خۆبەختكەریت... كەسێكی ئازایانە بەسـەر زەویـدا گەڕایـت، ئازایانـە منـت خۆشویسـت، دڵنیاشـم ئازایانـە ئـەم بڕیـارە قەبووڵدەكەیـت كـە مـن لـە نێـوان هـەر سێكتاندا یەكێكـی تـر هەڵبژێرم و لەگـەڵ كەسێكی تـردا بژیـم. دەزانـم بـەم بڕیـارە زۆر ئـازارت دەدەم، زۆر لـەوە غەمگینـم، بـەڵام غەمگینـی بەشێكی گـەورەی ئـەم چیرۆكـەی ئێمەیـە، لە یەكـەم ڕۆژەوە غەمگینـی لەگەڵمانـدا بـووە، لەگـەڵ مـن و تـۆ و هەمـوو ئەوانـی تـردا، مـن زۆرم پـێ ناخۆشـە كـە ناتوانـم بەختەوەرتبكـەم. هیـوادارم ژیـان لـە داهاتـوودا زۆر كامەرانـی گـەورە و سـەركەوتنی گـەورەت پێببەخشێت. لـە دڵـەوە هیـوای خۆشـبەختیت بـۆ دەخـوازم، حەزدەكـەم تـۆش لـە دڵـەوە هیوای خۆشبەختیم بـۆ بخوازیـت. هیـوادارم تێمبگەیـت و ڕقـت لێـم نەبێت، دڵنیابـە باڵندەكانـت وەک گەورەتریـن یـادگار تـا كۆتایـی لەگەڵمـدا دەژیـن. گـەر بـە هاوڕێیەكـی خۆشـت قەبووڵمبكەیـت كامـەران دەبـم.... سەوسـەن فیكـرەت».

خالیـد ئامـوون چەنـد جارێـک نامەكەی خوێنـدەوە، وەک باوەڕنـەكات هەموو جارێـک كـە دەگەیشـتە كۆتایـی دەگەڕایەوە سـەرەوە و دووبـارە دەیخوێندەوە... سـێ بـارە دەیخوێنـدەوە... چواربـارە دەیخوێنـدەوە. نەیدەزانی لـە كوێدا دەبێت بوەسـتێت و چیتـر نەیخوێنێتـەوە، لـە جێگایەكـدا هەسـتیكرد دەگـری، زۆر بـە

دەنگی بەرز دەگری، بە جۆرێک دەنگی گریانەکەی لە ڕاڕەوی ئوتێلەکەدا دەبیسترا، خزمەتچییەکان گوێیان لێبوو لەگەڵ گریانەکەدا دەیگووت «بۆ... بۆ سەوسەن... بۆ. ئەو کوڕەی سەلما چی لە من باشترە... بۆ سەوسەن... بۆ بڕیار بۆ پیاوکوژ و چەقۆکێشەکان دەدەیت... بۆ؟؟». خالید زیاد لە نیوسەعات گریا، ئینجا هەستا و چووە بەر دەستشۆرەکە و دەموچاوی شت، خاولییەکەی خۆی و دەرمانی دانەکە و فلچەکەی پێچایەوە و خستییە ناو جانتاکەی خۆی و دووبارە جانتاکەی داخستەوە. لەسەر قەراغی پەنجەرەکە نامەکەی هەڵگرت و قەدیکرد و خستییە گیرفانی چاکەتەکەی و جانتاکەی هەڵگرت و لە پلەکەکان هاتەخوارێ. کاتێک خاوەن ئوتێلەکە بەوجۆرە تێکشکاو و غەمگین بینی پێیگووت «خالید بەگ، ئێوارەیەکی درەنگە، بەڕاستی ئێوارەیەکی درەنگە، ئێستا زۆر زەحمەتە لە نەقلیاتەوە ئوتومبیلت دەستبکەوێت، تکایە ئەمشەویش لێرە بمێنەوە... تۆزێکی تر دەبێت بە شەو و ڕێگاش ئەمین نییە، ڕێگای هەولێر شەڕێکی گەورەی لەسەرە و باش نییە بە شەوێکی وا بکەویتە ڕێ... بەقسەمبکە و مەڕۆ». خالید بە دەنگێکی بریندار و لەرزۆکەوە گووتی «ناتوانم دەقیقەیەکی دی لەم شارەدا بمێنمەوە... بمبورە، ناتوانم دەقیقەیەکی تر تیا بژیم». دەنگی بەجۆرێک بریندار و پڕ لە خوێن بوو، دڵی مرۆڤی هەلاهەلادەکرد. خاوەن ئوتێلەکە خۆی تا سەر شۆستەکە جانتاکەی بۆ هەڵگرت و تاکسییەکی بۆ گرت، لەبەردەم تاکسییەکەدا باوەشی پیاکرد و گووتی «کوڕم بە ئومێدی ئەوەم سەرکەوتووبیت... دان بە خۆتدا بگرە، مەهێڵە خەفەت زەفەرت پێبهێنێت». کە تاکسییەکە لە بەردەم ئوتێلی باوەجاندا جوڵا و لەناو ئوتومبیلەکانی تردا ڕێگای خۆی کردەوە، کەسمان نەماندەزانی تا یازدە ساڵی تر خالید ئاموون ناگەڕێتەوە بۆ ئەم شارە و دووبارە چاوی بەم شەقامانە ناکەوێتەوە.

٤٧

هەواڵــی نامەکــەی سەوســەن وەک بــا بیهێنێــت و بروســکە بیبــات بــە شــاردا بڵاوبــووەوە. یەکەمیــن پەرچەکــرداری گــەورەی نامەکــە لــە چایخانــەی پەپولــەی ئــازادەوە بیســترا کــە تێیــدا دەنگــی گۆرانــی بەرزکرایــەوە و هــەوای ســەفا و شــاییکردن باڵــی بەســەر هەموانــدا کێشــا. بــەڵام دەنگوباســەکە وەکــو هەمــوو هەواڵێکــی تــری نــاو ئــەم شــارە ســەرەتا شــوێنی دوودڵــی و گومــان بــوو، هەتــا کاتێــک لــە ئوتێلــی باوەجانیشــەوە هەواڵــی ڕۆیشــتنی خالیــد ئاموونمــان بیســت زۆربەمــان هــەر باوەڕمــان نەکــرد، بــەڵام کــە بیســتمان پورزایەکــی دیکــەی سەوســەن «هوشــیاری پــورە خەنــدە» بــە داوەتێکــی تایبەتــی کامەرانــی ســەلمای بانگکــردوە تــا ســبەی بچێــت بــۆ ماڵــی فیکــرەت گوڵدانچــی و لــەوێ نانــی نیــوەڕۆ بخــوات، ئیــدی شــتەکان تــا ئەندازەیــەک ڕوون دەیاننوانــد. ئــەو ئێوارەیــە بەپێچەوانــەی چاوەڕوانــی هەموانــەوە هیــچ یــەک لــە مەنگــوڕ و کامــەران لــە چایخانەکــەدا دەرنەکەوتــن، پێدەچــوو تــا هەواڵێکــی زۆر گرنــگ و گەورەیــان پــێ نەبێــت نەیانەوێــت خۆیان ئاشــکرابکەن. ئــەو شــەوە هەموومــان بــە دوودڵییــەوە خەوتیــن، پێمــان وابــوو گەرچــی چیرۆکەکــە ســەربوردی خۆشەویســتییەکی گەورەیــە و بــە چەنــد ســەفەرێکی مــەزن دەســتپێکردوە و ڕۆحێکــی گەردونــی دەبەخشــێتە مێــژووی خۆشەویســتی لــە شــارەکەماندا، بــەڵام لــە زۆر جێــگادا برگــەی وەهــا خوێنــاوی تێکەوتبــوو، وایدەکــرد دڵمــان هــەردەم بلەرزێــت. بــەڵام ئێســتا دوای ونبوونــی

مەنسور ئەسرین و ماڵاوایی خالید جگە لە کامەرانی سەلما و باڵندەکانی هیچی دیکە نەمابوون... هیچی دیکە. بەڵام هەموو لەوە دەترساین کچەکەی گوڵدانچی هەوایەکی ڕەش بنیشێتە سەری و بڵێت من شوو بە کامەرانی سەلماش ناکەم، دیارە ئەوە پێچەوانەی ئەو ڕێکەوتنە گەورەیە بوو کە سەوسەن و داواکارەکان مۆریانکرد، بەڵام لەو سەردەمی شەڕەدا شتێک بە ناوی پەیمانەوە نەمابوو، لەبەرئەوە ترسەکانمان هۆ و بەهانەی خۆی هەبوو... بەڵام نا پێدەچێت خودای ئاهەنگ و هەڵپەڕکێ، یەکێک لە بنکە سەرەکییەکانی خۆی لەم شارەدا دامەزراندبێت، خەڵکی ئەم شارە هەتا لە کارەساتی گەورەشدا دەرفەتێک دەدۆزنەوە هەڵپەڕن، لە دوای شین بێت یاخود لە خۆشیدا، لە نیشتیمان بن یاخود لە غەریبی، هەمیشە جێگایەک دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی دەستبگرن و هەڵپەڕن... وەک ئەوەی ئەو جوڵە نەرمە، ئەو دەستگرتنە بازنەییە، ئەو پێکەوە نوسانە توندەی لە هیچ جۆرە سەمایەکی تری دونیادا نییە، تاکە شتێک بێت مرۆڤی ئێمە لە ترس و تەنهایی قووڵی خۆی ڕزگاربکات و توند بەوانی دیکەوە گرێبیدات. وەک ئەوەی ئەو پێکەوە قفڵبوونەی سەماکەرەکان تەنیا تەعبیرێک بێت لە ڕۆحێکی دەستەجەمعی کە بە کاریگەری شەڕ و هەلاهەلابوونی سیاسی هێدی هێدی بەرەو ئاوابوونێکی هەمیشەیی دەڕوات. ئەو ڕۆژەی کە کامەرانی سەلما چوو بۆ ماڵی گوڵدانچی، زۆربەمان لە بەیانییەوە بە جلی کوردییەوە هاتینەدەرێ، جلەکانمان جلی ئاهەنگ و هەڵپەڕکێ بوون، ئەو جلانەی چەند ساڵ بوو بەهۆی شەڕ و شۆڕی بەردەوامەوە، بەهۆی کەمبوونەوەی شووکردن و ژنهێنانەوە، بەهۆی گرانبوونی تێچوونی ئاهەنگەکانەوە زۆر نەماندەهێنانە دەرەوە، بەڵام گەرچی شار چواردەوری بە نەهامەتی و شەڕ و برسێتی گیرابوو، هەستماندەکرد بەڕاستی پێویستیمان بە ئاهەنگێکی ڕاستەقینەیە تا تواناکانی شادیمان تیا دەرکەوێتەوە و بیسەلمێنینەوە کە زیندووین و

هێشتا توانای کامەرانیمان تێدا ماوە. هەموو وەختێک لەم شارەدا کە کارەساتی گەورە و ترسی گەورە داماندەپۆشێت، بەهانەیەک دەدۆزینەوە پێکەوە دەستبگرین و هەڵپەڕین، ئەو هەڵپەڕکێ شێتانەیەی ناو کارەساتەکان، ئەو قاچ کوتانە هیستیری و لێکترنجانە توندە لە نێوان وێستگەکانی غەمدا تەنیا شتێکە بە زیندوویێتی ڕاماندەگرێت. ئەو ڕۆژەش کە کامەرانی سەلما چوو بۆ بینینی خانمی باڵندەکان، بێئەوەی بزانین چی لە گۆڕێیە و چی ڕوودەدات هەموو خۆمان بۆ ئاهەنگێکی دڕندە و بێلەمپەر ئامادەکرد.

بەپێچەوانەی هەواڵەکەی دوێنێوە، کامەران بۆ خواردنی نیوەڕۆ لە ماڵی گوڵدانچی داوەت نەکرابوو، ئەوە بەشێک بوو لەو درۆ بچوکانەی خەڵکی شار دەیانخستە سەر هەموو هەواڵێکی گەورە و بچوک، بەشێک بوو لەو کولتورە دووردرێژەی درۆکردن کە نەخۆشی گەورەی خەڵکی ئەم شارەبوو. کامەران دەبایە سەعات سێ لە ماڵی فیکرەت گوڵدانچی ئامادەبێت تا هەواڵێکی گرنگ وەربگرێت. کوڕەکەی سەلما بۆ ئەو نیوەڕۆیە هەر هەمان ئەو جلە کوردیانەی کردە بەر کە هەشت ساڵ لەمەوبەر بۆ داوەتە دەستەجەمعییەکەی سەوسەن لەگەڵ داواکارانی تردا کردبوویە بەری، ئەو بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە ئەو جلەی بۆ ئەم ڕۆژە بەقەدکراوی هەڵگرتبوو. کە لە دەرگای ماڵی گوڵدانچی چوو بەودیودا سەوسەن وایدەزانی ئەو هەموو ساڵەی نێوان ئەم دوو بۆنەیە زۆر خێرا تێپەڕیوون، ئێستا بەزەحمەت بتوانێت وێنەی ئەوسای کامەران لە وێنەی ئێستای جیابکاتەوە... هەموو شتێک گرێدراو و یەک ڕێکا و ڕێک دەهاتە بەرچاوی، دەبایە هەموو شتەکان بەوجۆرە ڕووبدەن کە ڕوویانداو، بینینەوەی کامەران لەو جلانەدا نیشانەی ئەوەبوو کە ڕیتمێک و یەکێتییەک و هارمۆنییەکی گونجاو لە نێوان هەموو ئەو سەردەمە جیاوازانەدا هەیە کە ئەو دوو ساتە دوورە لە یەک نزیکدەکەنەوە. نزیکی

نێوان ئەو دوو ساتە نزیکی کات و زەمان نەبوو، بەڵکو نزیکی وێنەکان و ماناکان بوو، کە زیاتر لەنزیکی شوێن و کات مرۆڤ سەرسامدەکەن. لێکچوونی ئەو دوو ساتە سەوسەنی ڕاچڵەکاند، وەکو ئەوەبوو دونیا یەک سوڕی گەورەی خواردبێت و چووبێتەوە سەر هەمان خاڵی پێشوو. ئاخۆ دەکرا لە یەکەمجارەوە، بێئەوەی بهێڵێت ئەو هەموو کاتە تێبپەڕێت، کامەران هەڵبژێرێت؟... سەوسەن لە دڵی خۆیدا گووتی «نا نەدەکرا، دەبووایە زەمان و ئێمە هەموومان بەو هەموو پێچاوپێچەدا بڕۆین. تا بگەینەوە سەر ئەمڕۆ». کامەرانی سەلما زۆر لە سەوسەن زیاتر گۆڕانەکانی دەبینی، باشتر تێدەگەیشت کات چی وێرانکردوە و چی لە جێگای وێرانییەکان دروستکردوە، ماڵی گوڵدانچی بەچەشنێک گۆڕدرابوو، کامەران هەر پێی بخستایەتە بەر دەرگای ئەو ماڵە موچڕکێکی سارد بە لەشیدا تێدەپەڕی، ئەو پیربوونی فیکرەت و پیربوونی دیوارەکان و کاڵبوونەوەی ڕەنگەکان و لاوازی درەختەکانی حەوشەکەی ڕوونتر لەوانی دی دەبینی. ئەو ڕۆژە کە چووە قاتی سەرەوە سەری لەو هەموو باڵندەیە سوڕما کە پێکەوە دەیانخوێند، دەیان قەفەزی جۆراوجۆر بەجۆرێکی ئەندازەیی، وەک چۆن دۆڵابی کتێبەکان و ڕەفی کتێبەکان لە کتێبخانە کۆنەکەدا ڕیزکرابوون، بە هەمان شێوە ستوون دوای ستوون و ڕیز دوای ڕیز، لەسەر یەک و لە پاڵ یەکدا ڕیزکرابوون. کامەران سەیری لێهات کە بینی سەوسەن لەسەر هەموو قەفەزێک لە قەفەزەکان ناوی لاتینی باڵندەکانی نوسیوە، ئەو ناوە قورس و درێژانەی بە هیچ کەس لە بەر نەدەکران. گەرچی ژوورەکە بۆن باڵندەیەکی زۆری لێدەهات، بەڵام بۆنەکە وەک جاران لە بەر کەپووی ئەو ناخۆش و تیژ نەبوو، ئاشکرا بۆ خۆشکرنی بۆنی ژوورەکە، سەوسەن گیراوەیەکی تایبەتی بەکاردەهێنا کە پێدەچوو لای یەکێک لە عەتارە خۆماڵییەکان کڕیبێتی. دیمەنی باڵندەکان و شێوەی ڕێکخستنیان بەپێی گەورە و بچوکی و

ڕەنــگ لــە بــەر دڵــی کامــەران زۆر قەشــەنگ بــوو. سەوســەن وەک جــاران لەوســەری ژووره گەورەکــەدا چاوەڕوانیدەکرد. یەکەمجاربـوو ببینێت سەوسـەن مەکیاجێکی ڕاستەقینەبکات، جلێکـی شـینی کاڵـی درێـژی لـە بەردابـوو کـە سـەر شـانەکانی کەمێـک ڕووتبـوون، یەکەمجـاری بـوو قۆڵـە باریکەکانـی ببینێـت، یەکەمجاربـوو بەشـێکی زیاتـر لـە پێسـتی ببینێـت کـە تابڵێـی سـاف و سـپی دەینوانـد. سەوسـەن لـەو ڕۆژەشـدا بێئـەوەی شـادومانییەکی ڕاستەقینە لەسـەر ڕوخسـاری بێـت، پێشـوازی لـە کامـەران کـرد و چایەکـی پـڕ گـەڵای بۆنـداری بـۆ تێکـرد و بەرامبـەری دانیشـت و گووتـی « کامـەران، وابزانـم دەزانیـت بۆچـی ناردوومـە بـە دواتـدا... دەبێـت بزانیـت، دڵنیـام لـەو مەسـەلانەدا پیاوانیـش غەریزەیەکـی باشـیان هەیـە، بەتایبـەت پیاوێـک ئـەو هەمـوو سـاڵە توانـای خـۆی لـە ڕاوی تەیروتیـوری دونیـادا بەکارهێنابێـت». کامـەران پێکەنـی و گووتـی «سەوسـەن خـان، مـن پیاوێکـی سـادەم، تـۆ ژنێکـی سـادە نیـت، ژنێکـی ئاسـان نیـت. لەبەرئـەوە ناتوانـم هەڵیبهێنـم منـت بـۆ بانگکـردوە». سەوسـەن کەمێـک لـە شـێوە دانیشـتنی خـۆی گـۆڕی و بـە هێمنـی گووتـی « نـا وانییـە، مـن ژنێکـی قـورس نیـم. بۆیـە بانگمکردیت، بۆ ئـەوەی پێتبڵێـم دەمەوێـت شـووت پێبکـەم...». کامـەران هەسـتا و گووتـی «سەوسـەن خـان... بەمـە دڵـم خۆشـدەکەیت و دەمکەیـت بـە خۆشـبەختترین کەسـی ئـەم دونیایـە». سەوسـەن گووتـی «کامـەران دانیشـە تکایـە دانیشـە. زۆر قسـەم هەیـە بیکـەم». کامـەران دانیشـت و بـۆ ئێسـتێک جگـە لـە دەنگـی باڵنـدەکان و لێدانـی دڵـی خـۆی گوێـی لـە هیچـی دیکـە نەبـوو. سەوسـەن گووتـی « کامـەران خـۆت دەزانیـت کـە مەنسـور ئیبراهیـم بـە ویسـتی خـۆی دەسـتبەرداری داخوزییەکـەی خـۆی بـوو و بڕیاریـدا بگەڕێتـەوە بـۆ سـەفەر، خـۆی نایەوێـت مـن بهێنێـت، پێدەچـێ ئـەوە بـۆ مەنسـور باشـتر بێـت. لێتناشـارمەوە مـن ئێسـتاش غەمگیـن و تـوڕەم لـەوەی تـۆ شـەڕت لەگـەڵ کوڕێکـی وادا کـرد، بـەلاّم زۆرم پێخۆشـە کـە هەسـتدەکەم پەشـیمانیت. ئیتـر

ئەو چیتر لە نێوان من و تۆدا نابێتە ڕێگر... تێدەگەیت، من دەمزانی ڕۆژێک دێت یەکێکتان دەڕۆن و شوێن بۆ ئەوی ترتان چۆڵدەکەن. من گووتم هیچ نەبێت یەکێکتان کە دونیا دەبینن، کە ژنە جوانەکانی سەر زەوی دەبینن، کە تامی جۆراوجۆر دەکەن، ئیتر وەک جاران منتان خۆش ناوێت. بەڵام نا، من بەختەوەرم، من زۆر بەختەوەرم، هەر سێکتان سێ عاشقی ڕاستەقینەبوون، سێ عاشق لەو چەشنەی هەموو ژنێکی دونیا خەونی پێوەدەبینێت... بەڵام هەر یەکە و بەجۆری خۆی».

سەوسەن کەمێک لە دامێنی کراسە شینەکەی چاککرد و بە باڵندەکاندا ڕوانی و هەناسەیەکی هەڵکێشاو گووتی « مەنسور ئەسرین وای بە باشتر دەزانێت بە جیهاندا وێڵ بێت و بگەڕێت، نەوەک لەگەڵ مندا لەم شارە بچوک و ناخۆشەدا بژی و بمێنێتەوە. من ئومێدی ئەوەم هەبوو هەر سێکتان پەشیمان ببنەوە، دیارە گەر هەر سێکتان بڕۆشتبانایە و نەگەڕابانایەتەوە من وەک هەر ژنێکی تر بریندارەبووم... بە ڕاستی کە بریندارەبووم. تا ماوەیەکی زۆر وام هەستدەکرد من لە ژنی تر ناچم و ئەوجۆرە شتانە بریندارم ناکەن، بەڵام نا... هەستدەکەم منیش وەک هەر ژنێکی ترم... وەک هەر ژنێکی تر. بەڵام گەر هەر سێکتان پەشیمان ببونایەتەوە، هەر سێکتان بڕۆشتبانایە و نەگەڕابانایەتەوە، من ڕقم لێتان نەدەبوو، بە پێچەوانەوە هەستمدەکرد هیوام بۆ ئێوە گەیشتۆتە جێگای خۆی. من لە سەرەتاوە گووتم بڕۆن و دونیا ببینن ئەوسا بە ڕاستی تێدەگەن ئایا منتان دەوێت یان نا... وانییە... چ مانایەکی هەیە مرۆڤ ژنێک هەڵبژێرێت لە کاتێکدا هێشتا هیچ ژنێکی تری ئەم دونیایەی نەبینیوە... کامەران جاران خەڵک تەنیا گوندەکانی خۆیان هەبوو بۆ ئەوەی هاوسەری تیا هەڵبژێرن، بەڵام ئێستا هەموو دونیایان هەیە... هەموو جیهانیان لە بەردەستدایە. من سوپاسدەکەم کە لەو هەموو وڵات و شارەی دونیادا منت لە بیرنەکرد. ئەوە شتێکی گەورە بوو لە

تـۆوە... شـتێک بـوو دڵنیاییەکی گـەورەی بـە مـن بەخشـی... ئـەوەی پێـدام کـە دەتوانـم بەرابـەری ژنەکانـی تـری دونیـا بوەسـتمەوە... وانییـە؟ ئـەوە زۆر نییـە؟ دیارە ئـەوە بـۆ ژنێکـی نەخۆشـی وەک مـن زۆر زۆرە. هیـچ ژنێـک نییـە لـەم سـەر زەوییـە بـە ڕاسـتی بـۆ پیاوێکـی لـەو چەشـنە نەگەڕێـت، بـەڵام هــەر تــۆ وا نەبوویــت، خالیــد ئاموونیــش وەک تــۆ منــی لــە بیــر نەکرد، بگـرە ئـەو شـێتانەتر منـی خۆشویسـت. دواجـار کـە قسـەم لەگەڵـدا کـرد هەسـتمکرد ئـەو لـە خۆشەویسـتی خۆیـدا بـۆ مـن دەتوانێـت شـتی زۆر خـراپ بـکات. ئــەو منــی گــەرم خۆشــدەوێت و بەرامبــەر هەمــوو دونیــاش ساردە... تێدەگەیـت کامەرانـی سـەلما دەڵێـم چـی. دواجـار بیرتـە کـە بۆنـم بـە دەسـتی تـۆوە کـرد، بۆنـم بـە لەشـتەوە کـرد، بۆنـم بەسـەرتەوە کـرد. بەوجـۆرە خالیـد ئاموونیشـم بۆنکـرد، خالیـد بۆنـی دونیـای لـێ نەدەهـات... بـە پێچەوانـەی تـۆوە کـە بۆنـی دارسـتان و درەخـت و ئـاو و جەنگەڵەکانـت لێدێـت. ئـەو بۆنـی هیچـی لـێ نایـەت، ئـەو تەنیـا بۆنـی مردنـی لێدێـت... حەزدەکـەم بزانیـت مـن شـەوێک زۆر زۆر لـە نزیکـەوە مردنـم بۆنکـرد، گـەر ئـەو شـەوە نەبووایـە نەمدەزانـی بۆنـی خالیـد لـە چـی دەچێـت. بـەو بۆنـە ساردەدا هەسـتمکرد خالیـد وەک ئێمـە وایـە، بۆنـی ئێمـە دانیشـتوانی ئـەم شـارە و بۆنـی مـردووەکان لـە یـەک دەچـن، ئێسـتا تەنیـا تۆیـت کـە بۆنێکـی تـرت هەیـە. ئـاە خالیـد ئامـوون مـن نەبێـت هیـچ جێگایـەک و هیـچ کەسـێکی دونیـای خۆشـناوێت، بۆیـە گومانـم لێکـرد... کامـەران ئێسـتا دەسـتتم بـەرێ، دەسـتتم بـەرێ جارێکـی تـر بۆنیبکـەم».

کامـەران هـەر وەک جـاری یەکـەم دەسـتی خـۆی دایـە، ئـەو بۆنیکـرد و بـە مەسـتی گووتـی « ئـەم بۆنـە تـۆی ڕزگارکـرد... مـن ئێـوەم نـارد ئـەم شـارە بەجێبهێڵـن، بـە لـەش و بـە دڵ لـەم شـارە دووربکەونـەوە... بـە ڕۆح و خوێـن بـە دونیـادا بگەڕێـن... بـە ڕۆح و خوێـن. ئـاە کامـەران دەمویسـت کـە هاتنـەوە ئـەم بۆنـە لەسـەر دەسـتتان بێـت... زۆر خۆشـحاڵم بـۆ تـۆ، زۆر دڵـم

بە تۆ خۆشە... کامەران تۆ چەند گۆڕایت، چەند گۆڕایت، دونیا تۆی زۆر گۆڕی، وانییە...». کامەران بە هێمنی سەری دەلەقاند و گووتی «وایە خانم، دونیا منی زۆر گۆڕی».

سەوسەن دەگەڕایەوە سەر جێگاکەی خۆی و چاوی لێکدەنا، باڵندەکان شێتانە دەیانخوێند و شادومانانە لە ناو قەفەزەکاندا دەفڕین، بۆ ئێستێک سەوسەن بەبێدەنگی گوێی لە باڵندەکان دەگرت. پاش ئێستێک بێئەوەی چاوبکاتەوە دەیگووت « دەبێت لە ڕۆژانی داهاتوودا خۆت بۆ زەماوەند ئامادەبکەیت... ئەوە لە ژیانی هەر دووکماندا ڕۆژێکی گەورە دەبێت... ڕۆژێکی زۆر گەورە دەبێت». کامەران هیچی نەدەگووت، سەوسەن چاویدەکردەوە و دەیگووت «بەڵام بەر لەوەی زەماوەندبکەین دەبێت سوێندم لەسەر کۆمەڵێک شت بۆ بخۆیت». کامەران بە دەنگێکی خنکاو لە شادیدا دەیگووت «سوێندت بۆ دەخۆم». سەوسەن هەڵدەستا و بە کەمێک تووڕەییەوە دەیگووت «دەبێت سوێندم بۆ بخۆیت کە هەرگیز مەنگوڕی بابەگەورە نەیەتە ماڵمان، پێ نەخاتە حەوشەکەمان، لە زەماوەندەکەماندا بەشدار نەبێت، لەبەرئەوەی مەنگوڕ ئازاری خەڵکێکی زۆر زۆری دا... من لێی نابوورم». کامەران بە دەنگێکی خنکاو دەیگووت «باشە... باشە». «دەبێت سوێندم بۆ بخۆیت کە چۆن باڵندەکانی خۆتت خۆشدەوێت، باڵندەکانی تریشت خۆشبوێت». کامەران بە هەمان هێمنی و دڵی پڕەوە دەیگووت «باشە». «سوێندم بۆ بخۆیت کە هەرگیز هیچ باڵندەیەک نەکوژیت، هیچ کاتێک و لە ژێر هیچ هەلومەرجێکدا... هەرگیز تا دەمریت باڵندەیەک نەکوژیت، بزانە گەر باڵندەیەک بکوژیت، وەک ئەوە وایە ئەو پایەیە بڕوخێنێت کە هاوسەریی من و تۆی لەسەر ڕاگیراوە». کامەران دەیگووت «سوێندت بۆ دەخۆم کە هەرگیز تا دەمرم هیچ باڵندەیەک ناکوژم... سوێندت بۆ دەخۆم». «سوێندم بۆ بخۆ گەر من مردم، بە دڵسۆزی هەموو باڵندەکان خزمەتبکەیت»

. «سوێندت بۆ دەخۆم». «سوێندم بۆ بخۆیت کە هەرچییەک لەم وڵاتەدا بووە و دەبێت، تۆ ناچیت بۆ شەڕ و تفەنگ هەڵناگریت و شەڕ ناکەیت». «سوێندت بۆ دەخۆم کە ناچم بۆ هیچ شەڕێک و هیچ چەکێک هەڵناگرم، تا دەمرم... تادەمرم». «سوێندم بۆ بخۆ قەت قژت چەورناکەیت و بۆسەرەوە دایبێنیت، قەت بۆینباخی سوور لە مل ناکەیت، قەت چاکەتی خەت خەت لەبەرناکەیت، گەر خواردنێکم دروستکرد خراپ بوو توڕە نەبیت، گەر نەمتوانی شەوێک لەگەڵتدا بخەوم توڕەنەبیت، گەر کتێبکم کڕی قەت نەیفرۆشیت». کامەران بە پێکەنینەوە گووتی «سوێندت بۆ دەخۆم... سوێندت بۆ دەخۆم». ئینجا سەوسەن بە زەردەخەنەوە دەیگووت «سوێندم بۆ بخۆ کە بهێڵیت هەموو شەوێک بۆن بە لەشتەوە بکەم، هەموو شەوێکیش پێش خەوتن چیرۆکێکم لەسەر دونیا بۆ بگێڕیتەوە». کامەران هەڵدەستا و دەیگووت «سەوسەن سوێندت بۆ دەخۆم کە چیت دەوێت بۆت دەکەم».

کامەران نزیکی سەعاتێک لەگەڵ سەوسەن گوڵدانچیدا مایەوە، دواتر دوو قوڵی چایەکی لەگەڵ فیکرەت گوڵدانچیدا خواردەوە و گەڕایەوە بۆ لای ئێمە. فیکرەت گوڵدانچی لە کاتی چا خواردنەوەکەدا پێیگووت «دەبێت بزانیت کە سەوسەن کچێکی نەخۆشە، پێویستی بە چاودێری و ئاگاداری بەردەوام هەیە، بەرگەی دڵشکانی گەورە و ئازاری زۆر ناگرێت. گەر دەزانی توانای ئەوەت نییە دڵی ناسکی خانمێکی وەک ئەو ڕابگریت... هیچ کەس لە ئێمە گلەیی لە تۆ نییە، تۆ لە ماڵی خۆتدا و ئێمە لە ماڵی خۆماندا دەژین. تۆ دونیات بینیوە و سەفەرێکی گەورەت کردوە، فێری سەبر بوویت، فێربویت خۆت بناسیت، ئێستا دەزانیت چیت لە تاقەتدا هەیە و چیت بۆ ناکرێت... لە بەرئەوە تکایە دووبارە بیر لە هەموو شتێک بکەرەوە... ئێستا کەس نەماوە لە ڕقی ئەو سەوسەنت خۆشبوێت... کەس نەماوە لە ڕقی ئەو بتەوێت سەوسەن داگیربکەیت...

ها کوڕم... بیرت لەوە بێت کە سەوسەن کچێکی تەنها بووە و عومری لە ناو کتێبدا بردۆتەسەر... ها بیرت لای ئەوە بێت».

کامەرانی سەلما دەیگووت «نا فیکرەت بەگ... سەوسەن پێویستی بە یارمەتی کەس نییە، بە پێچەوانەوە من کەسێکم پێویستیم بە یارمەتی ئەوە... من لەوسەری دونیاوە بۆ لای خانمی کچتان هاتوومەتەوە و پەشیمان نیم... لەبەرئەوە خۆشبەختدەبم ئێوەش وەک یەکێک لە خێزانەکە قبووڵمبکەن و شەرم لەوە نەکەن کە کەسێکی وەک من دەبێتە زاواتان».

فیکرەت گوڵدانچی پێدەکەنی و دەیگووت «پاشەڕۆژ دەزانێت کوڕم... پاشەڕۆژ دەزانێت... با سەیرکەین و ببینین».

بە هەموو پێودانەکان ئەوە ڕۆژێکی گەورەی ژیانی کامەرانی سەلما بوو. کە کامەران لە ماڵی گوڵدانچی هاتە دەرەوە خەندەیەکی گەورە لەسەر ڕوخساری بوو... هەموو لەو ساتەدا کە کامەرانمان بینی تێگەیشتین چیرۆکی سەوسەن فیکرەت و باڵندەکان لەمڕۆوە ئاراستەیەکی تری وەرگرتووە. هەر ئەو ڕۆژە سەوسەن ئەلبومی وێنەکانی دەرهێنا، کە ئێستا پتر لە سێ ئەلبومی گەورەبوون و یەک یەک وێنەکانی خالید ئەموون و مەنسور ئەسرینی جیاکردەوە و لە ئەلبومێکی تایبەتیدا دینان و لە جێگایەکی قایمدا هەڵیگرتن.

٤٨

پێش ئەوەی کامەرانی سەلما بچێت بۆ ماڵی گوڵدانچی، مەنگوڕی بابەگەورە پێیگووت «کامەران گوێبگرە. من دەزانم لە ئێستادا ئەو کچەی گوڵدانچی لە من نابوورێت، دیارە من نەفام نیم و دەزانم کە قوونێکی زۆر پاکم نییە، کچەکە ناهەقی نییە گەر ڕقی لە من بێت، من حورمەتێکی زۆرم بۆی هەیە، بەڵام دەزانم ئەو خانمە ناسکە بە ڕاستی لە ژیانی ئەم شارە تێنەگەیشتووە، باشتریش کە تێینەگەیشتووە. عوسە دووگل بە ڕەحمەت بێت دەیگووت «پیاوچاکان ئەوانەن کە هێشتا لەم شارە حاڵی نەبوون». ئینسان کە لە شارەکە حاڵی بوو یان دەبێت بڕوات یاخود بیر لە پاکی نەکاتەوە. من ئەم ماوەیە هەر چییەکم کردبێت بۆ ئەوە بووە تۆ بگەیت بە سەوسەن، دەزانم کچەکە گەر تۆی خۆشبوێت و عاقڵ بێت داوا لە تۆ دەکات، من لە ماڵی خۆت دوور بخەیتەوە... ئەو دەیەوێت تۆ وەکو من دەرنەچیت، منیش ئەو هەموو ساڵە لەگەڵتدا ماندووبووم بۆ ئەوەی بە پاکی بژیت و وەکو من دەرنەچیت. سوێندت دەدەم بە کلکی هەموو ئەو تەیرانەی لەم دونیا حیزەدا کۆتکردونەتەوە، گەر داوای وای لێکردی بێئەوەی قسەبکەیت... بێئەوەی هیچ بڵێیت، بێئەوەی سەر لە خۆت تێکبدەیت، یەکسەر بڵێ باش. من جگە لەوەی تۆ بەختەوەر ببینم هیچی ترم ناوێت. بەوەدا من کوڕم نییە، لەم عومرەمدا پێویستم بەوەیە هەستبکەم شتێکی باشم

بۆ کەسێکی تر کردوە، بەقەبری ئەولیا ئەوە بۆ خۆم دەکەم نەوەک بۆ تۆ. من ئیشم باشە، تێدەگەیت، پارەم هەیە، گەر ویستیشم پارەی ترم دەستدەکەوێت، دەتوانم زۆر کۆمەکتبکەم... بەڵام دەبێت لەنێوانماندا سوێند بێت کە جگە لە من و تۆ هیچ کەس هیچ نەزانێت... هیچ کەس».

کامەران لە بەرابەر مەنگوڕدا هەستی بە شەرمێکی گەورەدەکرد. ئەوەی سەوسەن بەو چەشنە لە مەنگوڕ تووڕەیە کامەرانی زۆر ئازاردەدا. لە هەموو ساڵەکانی سەفەردا، ئەو بەو یارمەتییە بەردەوامانە ژیابوو کە مەنگوڕ بۆی ناردبوو، ئەو ساڵ دوای ساڵ خۆی لە خراپە و قاچاغ و دزییەوە ئاڵاندبوو بۆ ئەوەی بە دەنگ ئەوەوە بێت، زۆرجار زیاد ڕۆیشتبوو، هەندێ کات شتەکانی لە دەست دەرچووبوون، بەڵام ئەوە مەنگوڕ بوو، ئەوە ئەو بوو، مرۆڤێک بەشێوەی خۆی کۆمەکی بەو دەکرد، بەو شێوەیەی لەسەری گەورەبووە، بەو کەرەستانەی خەیاڵی بۆیان دەچوو، بەو ڕێگایانەی لە منداڵی و گەنجێتییەوە لە ناو چەقۆکێش و دز و قومارچییەکاندا فێری بووبوو. کامەران دەیزانی بەبێ مەنگوڕ نەیدەتوانی ئەو سەفەرە بکات، بەبێ ئەو لەوانەیە نەشتوانێت لە داهاتوودا هەموو گرفتەکانی ژیانی خۆی چارەسەربکات. دەیزانی ئەوەی کە یارمەتیداوە ببێت بە مرۆڤێکی تر تەنیا سەوسەن و جیهان و باڵندەکان نەبووە، بەڵکو مەنگوڕی بابەگەورەش بووە.

لەو ساتەوەی کامەرانی سەلما گەڕایەوە و دوا هەواڵی بەجۆرێکی ڕاست و دروست پێڕاگەیاندین، ئاهەنگەکان دەستیان پێکرد. شادی و خۆشییەکان سێ شەو و سێ ڕۆژیان خایاند، لەبەردەم چایخانەی پەپولەی ئازاد و ماڵی کامەرانی سەلمادا ئاهەنگی گەرم دامەزرا، لە شەوانی پڕ مەستی و پڕ گۆرانی ژێر زەمینی ئوتێلەکەی باوەجانیشدا تا دەمەوبەیان ئاهەنگ و بەزمەمان سرەوتی نەبوو، بە ڕۆژ چەند جارێک

ئوتومبێلی شاییکەران، پاسی پڕ لە ژن و منداڵانی ڕەنگاوڕەنگ لە ئێمە و خێزانەکانمان بە شاردا دەگەڕاین. ئەو ڕۆژەی مەلا مارەی خانمی بڕی و شەکراو خورایەوە، بەزمی ئێمە گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی، شێتیمان و هاوارمان، هەڵپەرکێی هیستیریمان، سەرخۆشبوون و ڕشانەوەمان بەجۆرێک بوو خەڵکی بێزارکرد. ئێستاش زۆرمان وێنەی ئەو ئاهەنگانەمان لە ئەلبومەکانماندا هەڵگرتووە، ئێستاش ئەو ڕۆژانە لە یادەوەری ئێمەدا بۆ هەتاهەتایە زیندوون. ئێمە هەموو پێشتر شایی زۆرمان بینیبوو، هەموومان کوڕی هەڵپەرکێ و بەزمی سەرجادە و سەرخۆشبوونی بێسنوور بووین، بەڵام پێشتر شایی وا گەورە و بەزمی وا گەرممان نەبینیبوو، هەموو بەجۆرێک لە جۆرەکان سەرکەوتنی سەفەری هەشت ساڵەی عاشقەکەی خۆمان بە بۆنەیەکی ئەفسانەیی دەزانی تا ئاهەنگبکەین و مەستبین و بڕشێینەوە... هەندێکمان وێنەی باڵندەکانی کامەرانی سەلمامان کردبوو بە سنگمانەوە و بە شاردا دەگەڕاین، هەموو خولیای ئەوە لەسەرماندا بوو ڕۆژێک بۆمان دەستبدات و ئێمەش سەفەرێکی وا گەورە بە جیهاندا بکەین، لەو پەڕی مەستی و هەڵپەرکێدا بیرمان لای ئەوە بوو جیهان ببینین، کۆچبکەین بۆ کیشوەرەکانی تر، بەپێ وڵاتە و وڵات بڕۆین و وەک کامەران دونیا ببینین و بەم شێوە ئەفسانەییەی ئەو بگەڕێینەوە.

لە ماوەی پازدە ڕۆژدا کامەرانی سەلما، سەوسەن گوڵدانچی گواستەوە. سەوسەن سووربوو لەسەر ئەوەی کە شەوی یەکەمی زەماوەند و پێکەوە خەوتنیان لە ژوورەکەی خۆی لە قاتی سەرەوەدا و لە بەردەم باڵندەکاندا بێت. هەوڵەکانی خێزانی گوڵدانچی و خوشکەکانی کامەرانی سەلما بۆ ئەوەی ڕازیبکەن یەکەمین شەوی بوکێنی لە ئوتێلێکی تایبەتدا بباتەسەر بێبەرهەم مایەوە، کچەکە وەک هەمیشە سەرسەختییەکی گەورەی پیشاندا و سووربوو کە لەبەرچاوی باڵندەکان بۆ یەکەمجار لەگەڵ پیاوێکدا ڕووتبێتەوە. وابڕیاربوو دوای هەفتەی یەکەمی گواستنەوەکە سەوسەن

بگوازێتەوە بۆماڵێکی زۆر گەورە کە کامەرانی سەلما گرتبووی، لە ڕاستیدا خانووەکە کۆشکێکی زۆر گەورەبوو کە مەنگوڕ بەپارەی فەرهود و لە کاتی دابەزینی گەورەی نرخی عەقاراتدا کڕی بووی، دوو ماڵی لەیەکدراو بوو کە حەوشێکی شەش سەد مەتری گەورە و لە پشتیشەوە باغێکی بەرینی لەسەر بوو، مەنگوڕ هەر لەسەرەتاوە لە خەیاڵیدا بوو تەواوی کۆشکەکە لەسەر کامەرانی سەلما تاپۆبکات، بەڵام کۆی پڕۆژەکەی بەر عینادییەکی گەورەی کامەران کەوت کە سووربوو لەسەر ئەوەی تەنیا بە کرێ کۆشکەکە وەرگرێت و تەواوی موڵکەکە بۆ مەنگوڕ خۆی بپارێزێت، بەڵام بەو مەرجەش کە سەوسەن نەزانێت موڵکی ئەوە. دیارە مەنگوڕ هێدی هێدی تەمەنی بۆ نیوەی دووەمی پەنجاکان هەڵدەکشا و هیچ کەسیشی نەبوو ببێت بە واریسی و خانوویەکی دیکەشی لە ناوەڕاستی شاردا هەبوو کە نەیدەتوانی چۆڵیبکات. ئەم خانووەی وەک دوا دیاری خۆی بۆ کامەران تەماشادەکرد. بەڵام ڕۆژی گواستنەوەی سەوسەن هێشتا خانووەکە هەندێک چاکردن و دەست پیاهێنانی دەویست کە دەشیا کاتێکی زۆر بەرێت. خانووەکە ئێجگار بەرین و جوان و سەرسوڕهێنەر بوو، سەوسەن کە یەکەمجار بینی، داوای لە کامەران کرد لە بەشێکی حەوشەکەدا ماڵێکی گەورە بۆ هەموو باڵندەکان دروستبکەن و تەواوی ئەو باڵندانەی لە عەمبارەکەدا دەژین بگوازرێنەوە بۆ ئەوێ... لە ڕاستیدا ئەوە ئیشێکی زۆری دەویست، بەڵام وەستا و کرێکارەکان گفتیاندا کە دروستکردنی هەیکەلی ئەو ماڵە لە ماوەی دوو هەفتەدا تەواوبکەن، ئاسنگەرەکانیش پێویستیان بە دوو هەفتە هەبوو بۆ ئەوەی تەواوی بیناکە قەفەزڕێژبکەن. سەوسەن خۆی سروشتی شوێنەکە و ئەندازەی دابەشبوونی قەفەزەکانی دەستنیشانکرد، بەڵام دەبایە بوەستن تا شوێنەکە بەجۆرێک لەدەرەوە و ناوەوە دروستدەکرێت، لە خزمەت مانەوە و ژیانی باڵندەکاندا بێت، دەبایە لە هەموو بستێکدا حیسابی

هاتنی خۆر و کەوتنی تیشک و سەرماو گەرمابکەن، دەبایە بۆ هەندێک باڵندە حەوزی بچوک و بۆ هەندێکی دیکە سەوزی بەردەوام و بۆ هەندێکی دیکەیان مشوری هەوای سارد و شوێنی سارد بخۆن.

هەفتەی یەکەمی زەماوەندەکە دەبایە فیکرەت گوڵدانچی ماڵەکە بۆ کچەکە و زاوا نوێکەی چۆڵبکات. دیارە بیرۆکەی زەماوەند لە ناو باڵندەکاندا بۆ فیکرەت نارێک و نەگونجاوبوو، وەک پیرەمێردێکی ڕیش سپی خۆشحاڵ نەبوو، لەبەر زەماوەندی کچەکەی بۆ هەفتەیەک ئاوارەبێت، بەڵام وەک هەمیشە سەرسەختی کیژەکە هەمووانی گەیاندە بونبەستێکی گەورە و هیچ چارەیەکی نەهێشتەوە جگە لەوەی فیکرەتی پیر بۆ هەفتەیەک لای دکتور ڕەفعەت و پڕوشەی کچی بژی. بەوەدا سەوسەن دەیزانی بەوزوانە ئەم ماڵە جێدەهێڵرێت و دەدرێ بە کرێ، بەوەدا نزیکی نۆ ساڵ بوو لەو ماڵەدا بیریدەکردەوە و یادیدەکردەوە و خەونی دەبینی و دەچووە ناو وێنەکانەوە و جیهانی تەیدەکرد، بەلایەوە گرنگ بوو لە هەمان ئەو ماڵەدا، لە هەمان ئەو شوێنەدا کە ساڵانێکی درێژ کتێبخانەکەی تێدابوو، لە هەمان ئەو ژوورەدا کە بە وێنەکانی ئاریان جەودەتدا گەشتیکردبوو، لە هەمان ئەو ژوورەدا کە جار دوای جار داواکارەکانی خۆی تێدا بینیبوو، لە هەمان ئەو جێگایەدا کە باڵندەکان تێیدا دەیانخوێند و دەژیان... ئا لەویادا دەستبەرداری کچێتی خۆی بێت.

ئێمە وردەکارییەکانی شەوی یەکەمی بوکێنی سەوسەنمان لە هاوڕێیەکی پڕوشەوە بیست کە ئەویش کۆی چیرۆکەکەی لە زاری سەوسەن خۆیەوە بیستبوو. لە یەکێک لە ئێوارەکانی زستانی ساڵی نەوەدوپێنجدا کامەرانی سەلما چوو بۆ ماڵی سەوسەن گوڵدانچی و هەفتەیەکی تەواو نەهاتەدەرێ. ژوورەکەی قاتی سەرەوە جگە لە دوو دۆشەکی گەورە کە هەر دووکیان لەسەر زەوییەکە ڕاخرابوون هیچی دیکەی تێدا نەبوو، ئەو ئێوارەیە باڵندەکان زۆربەیان بە خۆشحاڵییەوە

دەیانخوێند، دەنگی خوێندنی باڵندەکان لە هەندێ شەقامی نزیک لە ماڵی گوڵدانچیشەوە دەبیسترا، ئەوەی سەیربوو سات دوای سات دەنگی باڵندەکان و جریوەیان زیادیدەکرد و بەرزدەبووەوە، کە بۆ یەکەمجار سەوسەن و کامەران لەگەڵ یەکدا ڕووتبوونەوە خرۆشی باڵندەکان بە شێوەیەک بەرزبوو، هەر کەس لە نزیک ماڵی گوڵدانچییەوە بڕۆشتبایە وایدەزانی هەموو تەیری جەنگەڵەکانی سەر زەوی ڕژاونەتە ئەو حەوش و ژوورانەوە. ئەو شەوە سەوسەن ماوەیەکی درێژ تەنیا گوێی لە باڵندەکان گرت و بۆنی لەشی ڕووتی کامەرانی کرد، بۆنی لەشێک کە لەم شارەدا بێوێنە و بێهاوتا بوو، لەشێک بوو بۆنی جیهان و ڕێگا دوورەکان، بۆنی سروشت و شەوی لێدەهات، بۆنی تێکەڵاوبوونی ترێفە بە عارەقی مرۆڤ، بۆنی گیای خەوتووی سەر زەمینە دوورەکان و بۆنی تەختەی تەڕی کەشتییەکان، بۆنی شەمەندەفەری کۆن و جووتیاری خەوتووی ناو فارگۆنەکان... بۆنی جیهان کە وەک عەترێکی سیحراوی، وەک گوڵاوێکی نهێنی لە لەشی ئەم پیاوە هەڵدەستا، تێکەڵاوبوونی ئەو بۆنە بە دەنگی باڵندەکان، بە خوێندنی دڕندانەی بولبولەکان، بە هاواری گروپێک لە عەندەلیب و جریوەی دەیان شێوە پاساری دەگمەن، پێکرا ئارەزووی کچانەی سەوسەنیان دەکردەوە، دەرگاکان و قفڵە دێرینەکانی سەر لەشی سەوسەنیان یەک لە دوای یەک دەشکاند... پێستێکی سپی هەبوو، کامەرانی سەلما لە بچوکی مەمکەکانی بەڵام لە شێوەی هەڵتۆقین و بەرزبوونەوە و ڕەقبوونی لە ناکاوی گۆکانی سەرسامبوو، گەردنی زۆر لەوە بەرزتربوو کە بە جلەوە دەردەکەوت. باڵای باریکتر و کەمەری ڕێکتر و ناوکی وردتر لەوەی هیچ خەیاڵێکی پێشووی کامەران بۆی ڕەسمکردبوو، کە بۆ یەکەمجار بە ڕاستی تێکەڵی بوو، سەوسەن بە گوێگرتنی بەردەوام لە باڵندەکان، بە هەڵمژینی قووڵی بۆنی پیاوانەی کامەران، بە هەناسەدانێکی باریک وێستگەی ئەو ئازارە کەم و شیرینەی

تێپەڕاند کە سەرەتا کەم و دواتر زۆر و زۆرتر و دواتریش کەم و کەمتر و کەمتر دەبووەوە. سەوسەن هەستیکرد باڵندەکان بەر لەو و بەر لەکامەرانیش بۆنی خوێنەکەیان کردوە، تا ماوەیەک بێئەوەی چاویکاتەوە تەنیا لە ڕێگای هاوار و فڕینی باڵندەکانەوە هەستی بە بڵاوبوونەوەی بۆخوێنی کچێتی خۆی دەکرد... کە چاوی دەکردەوە چیتر کچ نەبوو، سەرەتا تەنیا کامەرانی وەک تارماییەک بینی، هەستیکرد بۆنی کامەران ئێستا چڕتر و نیگای بۆهیمییانەتر و ئامادەگی دونیاش لە دەستەکانیدا کە منداڵانە یاری بە مەمکی دەکرد گەورەترە بوو... لەو ساتەدا دڵنیابوو کە خەوێکی دێرینی ژیانی هاتۆتە دی... خەوێکی کۆنی منداڵی کە شوو بە گەڕیدەیەک بکات... ئێستا جیهان... هەموو جیهان، بە بۆن و بە دەنگ و بە جەستە لە ژوورەکەیدا بوو، لە لەشیدا بوو، قووڵ قووڵ بە ناو هەناویدا دەڕۆیشت.

لەو شەوەوە ئیدی تا کۆتایی سەوسەن بەبێ ئامادەبوونی باڵندەکان ناتوانێت لەگەڵ کامەراندا بخەوێت، دەنگی باڵندەکان ئەو هێزەن کە لەشی دەخەنە سەر پشت، کلۆمەکانی دەترازێنن، زنجیرەکانی لە ناوەوە دەشکێنن و وای لێدەکەن بکرێتەوە... بەبێ دەنگی باڵندەکان ئیتر ناتوانێت بگاتە خۆشییە ڕاستەقینەکانی پێکەوەخەوتن، ناتوانێت لەرزە ڕاستەقینەکانی دواچرکە و هەژانی سەر دواترۆپکی تێکەڵاوبوون بژی. لەو شەوانەی هەفتەی یەکەمدا سەوسەن دەگاتە یەقین کە دەبایە یەکێک بڕوات و بە جیهاندا بگەڕێت و ئەم باڵندانە بهێنێت، بۆ ئەوەی ئەو بتوانێت لەگەڵ پیاوێکدا بخەوێت، بەبێ ئامادەبوونی ئەو هەموو بۆن و بەرامە و دەنگە پڕ لە هاوار و قریشکە کێوییەی دونیا ئەستەمبوو وەک ژنێک لەشی خۆی بناسێت و بیکاتەوە و لەزەتی لێببینێت.

٤٩

ده ڕۆژ دوای شەوی زەماوەند گواستیانەوە بۆ ماڵە نوێکەیان، سەوسەن سووربوو لەسەرئەوەی فیکرەت دەبێت ئەم ماڵەی ئێستایان بداتە کرێ و لەگەڵ ئەودا بژی. دیارە گوڵدانچی حەزیدەکرد پیرییەکی هێمن لە نزیک یەکێک لە کچەکانییەوە بباتەسەر، بەڵام بەوەدا هێشتا کامەرانی لە نزیکەوە نەدەناسی، ترسی لەوە هەبوو پێشهاتەکانی داهاتوو ناخۆش بکەونەوە و نەتوانێت ئاسوودەبێت، بەڵام گووشاری سەوسەن و کامەران بە جۆرێک بوو گوڵدانچی نەیدەتوانی خۆی لە بەردا بگرێت، کچەکە لەو باوەڕەدا نەبوو بتوانێت بێ باوکی بژی، ئەوەی تا مردن دەبێت لەگەڵ گوڵدانچیدا بێت شتێک بوو لە منداڵییەوە چووبووە خەیاڵی. لە ماوەی چوار ڕۆژدا کامەران لەلای مۆبێلفرۆشەکانەوە تەواوی ئەساسی ماڵەکەی کڕی و گواستییەوە، ژوورەکانی ڕێکخست و شتەکانی دامەزراند و دیکۆری گونجاوی بۆ دۆزینەوە. لە قاتی خوارەوەی ماڵەکەدا یەکێک لە خۆشترین جێگاکانی بۆ گوڵدانچی پڕ فەرشکرد. ڕۆژی گواستنەوەی ماڵەکە بۆ ئێمە ڕۆژێکی جەنجاڵ و پڕ شادی بوو، دووبارە ژمارەیەکی زۆر لە باڵندەکانمان لە لۆرییە گەورەکانی گواستنەوەدا بینی، دووبارە گوێمان لە جریوە و دەنگیان بوو لەسەر جادەکان. هەموو خۆشحاڵ بووین کە ماڵە تازەکەی سەوسەن لە جێگایەکدا بوو ئاسانتر لەجاران ڕێبوارانی ئەو گوزەرە دەیانتوانی هەیوان و باغی ببینن. جگە لە قەفەزەکان هەموو ماڵەکەی گوڵدانچی

بە باری لۆرییەک گواسترایەوە، تاکە شتێکی قورس «دۆڵابی یادگارە تاڵەکان» بوو، کە دەبایە وەک خۆی و بێهیچ زیانێک بگاتە هەواری نوێ، دۆڵابێک بوو پڕ لە نەخش، لە تەختەی ئەستوور و سەنگین، بە هیچ جۆرێک هەڵگرتنی ئاسان نەبوو، دەبووایە بە چوار پیاو بیگوازنەوە و لە نیشتەجێی تازەدا شوێنێکی تایبەتی بۆ تەرخانبکەن. ئەو دۆڵابە هەر ئەوە نەبوو تەنیا یادگارێک بێت کە لە ژیانی سالآنی بەغداوە مابوو، بەڵکو گەنجینەی هەموو بیرەوەرییەکان و شوێنی هەموو یادە غەمگینەکانیش بوو کە لای هەر دوو کچەکە و فیکرەت گوڵدانچیش موقەدەس بوون. لە ڕاستیدا جگە لە باڵندەکان و دۆڵابی یادگارە تاڵەکان ماڵی گوڵدانچی شتێکی دیکەی ئەوتۆی تێدا نەبوو شایستەی گواستنەوە بێت، مێز و کورسییە کۆنەکانی سەوسەنیان گواستەوە، قەنەفەی ژوورەکەیان هەڵگرت و وەک پارچەیەکی گرنگی یادگار پێچایانەوە و لە ماڵی تازەدا لە ژوورێکی تایبەتیدا سەربەخۆ دایاننا و دەرگایان لەسەر داخست.

سەوسەن لە ماڵە نوێکەیدا وەک خاتوونێکی کارا و بەقسە ڕەفتاریکرد، هەر لەسەعاتەکانی یەکەمی هاتنییەوە دوای ئەوەی ئینجانەی گەلاچاکانی لە شوێنێکی تایبەتیدا دانا، خەریکی داڕشتنی بناغەی ماڵی گەورەی باڵندەکان بوو. خۆشحاڵ بوو کە لەم خانووە نوێیەدا ڕووبەرێکی گەورەی هەیە باڵندەکانی تێدا دابەشبکات، لە قاتی سەرەوەدا دیواری نێوان دوو ژووری گەورەی بە کرێکارەکان ڕوخان و سالۆنێکی گەورەی نوێی دروستکرد و قەفەزی باڵندەکانی لەوێدا ڕێکخستەوە. ئەو ڕۆژانەی سەوسەن بە دروستکردنی ماڵی باڵندەکانەوە خەریک بوو، لە ڕۆژە پڕ شادییەکانی ژیانی بوو، خۆی بە دەنگە هێمن و نیگا سارد و ڕەنگە پەڕیوەکەیەوە سەرپەرشتی زۆر شتی دەکرد. دیارە فیکرەتی پیر کۆمەکی زۆری پێدەکرد، بەلآم کامەران حەزیدەکرد سەوسەن هەموو شتەکان بەو چەشنە بکات کە دەیەوێت. بەو جۆرە لە ماوەی دوو مانگدا شوێنی باڵندەکان تەواوبوو، بە

چەشنێکیش بوو زۆریان ڕووبەرێکی گونجاویان بۆ فڕین و جوڵە هەبوو، ئەمجارەش بۆ ئەوەی هەموومان باڵندەکان ببینینەوە دەمەونیوەڕۆیەک لە عەمبارە کۆنەکەی عیزەت گوڵدانچییەوە باڵندەکانیان بە هەموو شاردا گواستەوە بۆ ماڵە نوێکەی خانم، گواستنەوەی باڵندەکان یەکێک بوو لەو گەشتە ئەفسانەیی و دەگمەنانەی شاری ئێمە بەخۆیەوە بینی، دووبارە باڵندەکان سەدان بینەری تینوویان بۆ خۆیان ڕاکێشا. کونەپەپوە گەورەکان و ئەو حاجی لەقلەقانەی دەنوکە درێژەکانیان لە قەفەزەکانەوە هاتبوونە دەرێ، ئەو توتییە زەبەلاحانەی بە ئەندازەی پڵنگێک گەورەبوون، ئەو بازانەی پەڕیان وەک ئاڵتون دەدرەوشایەوە، ئەو تەوارە قەشەنگانەی تووشی غەمۆکی بووبوون، دیسان سەرسامیانکردینەوە... بینینەوەی باڵندەکان سەرلەنوێ هەموومانی بۆ سیحرەکانی دونیا واڵاکرد، زۆرمان تا بەردەمی ماڵی نوێی سەوسەن بە هێمنی لەگەڵ کاروانەکەدا ڕۆیشتین، بەڵام لەسەیرکردنی باڵندەکان تێرنەدەبووین، لەو ڕۆژەوە هەستمانکرد کە ئەم باڵندانە شتێک لە قودسییەتیان تێدایە، ناوی باڵندە موقەدەسەکان لەو ڕۆژەوە تەواو چەسپا و بووە نازناوی هەمیشەیی بۆیان. خۆشحاڵی ئێمە بەو تەیرانە جۆرێک بوو، دەمانویست شەو و ڕۆژ بە شەقامەکاندا بسوڕێنەوە تا ئێمە سەیریانبکەین. لەو ڕۆژەشەوە خانم دوو کەسی تایبەتی گرت تا جارجار لە خزمەتی باڵندەکاندا کۆمەکیبکەن، ئەرکی دابینکردنی پێویستی ئەو هەموو باڵندەیە لەوە گەورەتر بوو بەتەنیا بەو هەڵبسوڕێت، بەڵام باڵندە بچوکەکان وەک جاران لە قاتی سەرەوەدا لە ژێر چاوەدێری خۆیدا مانەوە.

دوای گواستنەوەیان بۆ ماڵە نوێکە، کامەرانی سەلما دەبایە بە ڕاستی بیر لە ئیشێک بکاتەوە بیژێنێت، کە لەگەڵ مەنگوڕدا لەو ڕووەوە قسەیکرد، مەنگوڕ ئاگاداریکردەوە دۆخی بازاڕ وەها دژوارە، بەبێ

سـەرمایەی زۆر زەحمەتـە کارێکـی دەسـتبکەوێت، ئـەو گووتـی شـارەکە ئێسـتا جگـە لـە هەندێـک ئیشـی سـەرافەت و بازرگانیکـردن بـە پـارەوە هیچی دیکـەی تێدا نییـە، مەنگوڕ ڕای وابـوو کـە ئـەو لـە بازاڕدا دوکانێک بگرێـت و پارەیـەک بداتـە دەسـت کامـەران تـا ئیشـی کڕیـن و فرۆشـتنی دراوی پێبـکات، قازانجـەکان هەڵگـرێ بـۆ خـۆی و هـەرکات لـە داهاتـوودا هەبیـوو پارەکـەی بـۆ بگێڕێتـەوە. کامـەران لـەو چەنـد ساڵەدا تەنیا هەمـوو باڵندەکانـی دونیـای نەبینیبـوو، بەڵکـو زۆربـەی چەشـنە دراوی دونیاشـی ناسـیبوو، لـە زۆر بانکـی دونیـا و لـە بـازاڕی ڕەشـی زۆربـەی شـارەکانی دونیـادا دراوی گۆڕیبـووەوە، وریایـی لـە گۆڕینـەوەی پـارەدا بەشـێکی گرنگـی نهێنـی سـەرکەوتنی سـەفەرەکەی بـوو، لـەو کاتـەوە تێگەیشـتنێکی بەهێـزی بـۆ چۆنێتـی یاریکردنـی دراوە جیاوازەکانـی دونیـا لەگـەڵ یەکـدا هەبـوو. کامـەران کـە یەکەمجـار قفڵـی دوکانەکـەی کـردەوە و دەرابەکـەی هەڵدایـەوە، نەیدەزانـی ئـەم نوسـینگە بچوکـە لـە مـاوەی داهاتـوودا دەبێتـە قیبلەگایەکی سـەیر و شـوێن نیـازی هەمـوو ئەوانـەی دەیانەوێـت بـە دونیـادا بگەڕێـن.

ئـەو کات سـەرەتای شـەپۆلە گەورەکانـی کـۆچ دەرکەوتبـوو، بـەڵام ئاراسـتە و گەورەیـی ئـەو شـەپۆلانە هێشـتا دیارنەبـوو. بـەڵام دوای چـوار مانـگ لـەو ڕۆژە کۆچکـردن بـوو بـە هـەوڵ و هەواڵێکـی ڕۆژانـەی ژیانـی ئێمـە، لـە نێـوان سـەرەتای سـاڵی ١٩٩٥ و تـا ئـەو ڕۆژەی ئەمریکییـەکان چوونـە بەغـدا و سـەدام حوسـەین ڕوخـا، پتـر لـە سـەد هـەزار کـەس شـاری ئێمەیـان بـەرەو شـوێنەکانی دیکـەی دونیـا بەجێهێشـت، ئـەوە تـا ئـەوکات گەورەتریـن شـەپۆلە کۆچێـک بـوو شـارێک لـە شـارەکانی وڵات بـە خۆیـەوە ببینێـت. ئاشـکرا دوای گەڕانـەوەی باڵنـدەکان پەتـای کـۆچ بـووە شـتێک کـە ئیـدی جڵـەو نەدەکـرا، وەک ئـەوەی هاتنـی باڵنـدەکان بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان هێـزی فڕینـی لـە هەمووماندا زیندووکردبێتـەوە، وەک ئـەوەی ئـەو خەونـە بچوکـەی سەوسـەن بـۆ ڕزگارکردنـی داواکارەکانـی لـە شـەڕ، بووبێـت بـە

خەونی هەموومان... ماوەیەکی زۆر نەبوو کامەران نوسینگەکەی کردبووەوە کە بێتەوەی خۆی بزانێت چۆن و بە چ هێزێک، لەپاڵ کڕین و فرۆشتنی دراوە جیاوازەکانی دونیادا، ئیشێکی تری گرنگ و گەورەی بۆ دروستبوو. دەبایە باسی جیهان بۆ ئەوانە بکات کە دەیانەویست بڕۆن و ئەم شارە بەجێدەهێڵن. لە ماوەی دوو مانگدا نوسینگەکەی کامەران بوو بە سێ ژووری جیاواز، لە یەکێکیاندا سەوا و مامەڵەی دراو دەکرا، لە دووانەکەی دیکەشدا کامەران و هاوڕێ ئێرانییەکەی باسی جیهانیان بۆ کۆچبەرەکان دەکرد، کامەران و هاوڕێکەی لە ژوورەکەی خۆیاندا سەرتاپای دیوارەکەیان لە سەقفەوە بۆ زەوییەکە کردبوو بە نەخشەی وڵاتەکان... کۆچبەرەکان دەهاتن بۆ لای کامەران و هەزار پرسیار لە دڵیاندا بوو، هەر یەکەیان پرسیاری ڕێگایەک و ئاڕاستەیەکی دەکرد، پرسیاری چۆنێتی پەڕینەوە لە سنوورەکان و ڕووبارەکان و دەریاکان، کامەران بە دڵسۆزییەوە باسی هەموو ڕێگاکانی دونیا و مەترسییەکانی بۆ دەکردن، ناوی شارەکان و ئوتێلەکان و وێستگەکانی دەدانێ، ئامۆژگاریدەکردن چۆن بڕۆن و کەی بڕۆن و لە کوێ بخەون و چۆن پارەکانیان بشارنەوە، لەسەر نەخشەکان شوێنی خاڵەکانی پشکنینی پۆلیسی بۆ دیاریدەکردن، لەسەر نەخشەکان پێیدەگووتن چ ڕێگایەک بگرن، سەعات چەند دەربچن، چەند سەعات بڕۆن. دوورو نزیکی نێوان شارەکانی پێدەگووتن، ناوی قاچاغچییەکانی دونیای دەدانێ کە دەشێت یارمەتیانبدەن، ناوی بەلەمەوانەکان، ماڵی ئەو خاوەن ماشێنانەی خەڵک لە نێوان سنوورەکاندا دەپەڕێننەوە، زانیاری لەسەر شوێنە سارد و گەرمەکان دەدانێ، لەسەر جیاوازی نێوان ڕێگاکان و جۆری مەترسییەکانیان، زانیاری دەربارەی پۆلیسی وڵاتە جیاوازەکان و چۆنێتی بەرتیل وەرگرتنیان، یەک یەک فێریدەکردن چۆن لە جێگا دوورەکانەوە پەیوەندی بە نیشتیمانەوە بکەن، گەر گیران چی بڵێن، گەر هەستیان بە مەترسی کرد چۆن ڕابکەن، چۆن خۆیان بشارنەوە،

چ جلێک لەبەربکەن. هاوڕێ ئێرانییەکەشی یارمەتی ئەوانەی دەدا کە بەدوای ئافرەت و ڕابواردندا دەگەڕان ئاسان بگەنە خواستی خۆیان، لە هەموو شارەکانی دونیادا ماڵە سۆزانییەکانی لەسەر نەخشە بۆ دەست نیشاندەکردن، شێوەی نزیکبوونەوە لە سۆزانییەکانی فێردەکردن، زانیاری گشتی لەسەر ژنی وڵاتە جیاوازەکانی دونیا دەدانێ، لە چۆنێتی نیشاندانی ڕێزەوە وانەی دادەدان تا دەگاتە شێوەی ڕەفتارکردنی ناو جێگە لەگەڵیاندا، هەندێک لە دانیشتنەکان خێرا و هەندێکی دییان چەندین سەعاتی دەخایاند. کامەرانی سەلما و هاوڕێکەی بەرامبەر ئەو زانیاریانە ڕاستەوخۆ داوای پارەیان نەدەکرد، بەڵام هەر کەس دەهات خۆی بڕێک پارەی جێدەهێشت، جگە لەوەی زۆربەی کۆچبەران هەر لە نوسینگەکەی ئەودا ڕاستەوخۆ پارەکانی خۆیان دەکردە دراوی بێگانە.

کەس نازانێت کێ بۆ یەکەمجار ئەو ئەفسانەیەی بڵاوکردەوە کە گوایە پەڕی باڵندەکان، موفەڕکێکی بەختهێنە و کۆمەکی زۆر بە مرۆڤ دەکات سەفەرێکی سەرکەوتوو بە دونیادا ئەنجامبدات. بەڵام لە ناکاو ئەفسانەکە بەجۆرێک بڵاوبووەوە بەری پێنەدەگیرا، هێندەمان زانی زۆربەی کۆچبەران دەهاتن، نە تەنها بۆ ئەوەی زانیاری وەرگرن، بەڵکو بۆ ئەوەی پەڕە باڵندەیەکیش بخوازن، پەڕێک کە لە ڕاستیدا بێنرخ و ناچیز دەینواند، بەڵام لە بڕوای ئەواندا نرخێکی گەورەی هەبوو. باوەڕیان وابوو لە کاتی سەفەردا ڕۆحی باڵندەکان لە دەشتایی و دارستان و گوێ ئاوەکانی جیهاندا کۆمەکیاندەکات. ڕۆژانە کامەران لە قەفەزەکاندا پەڕی وەریوی باڵندەکانی کۆدەکردەوە و دەیکردنە کیسەیەک و دەیبرد بۆ بازاڕ و بەسەر ئەو خەڵکانەدا دابەشیدەکرد کە دەکەوتنە ڕێ... لەو سەردەمەدا دەیان کەس لەوانەی لە سنوورەکانی ئێران و تورکیا و سوریا وە بەرەو دونیای گەورە پەڕینەوە، چەندان لەوانەی بەپێ لە سنووری تورکیاوە هەموو گریکستانیان تا ئەسینا تەیکرد، ئەوانەی شەوان لە کەنارەکانی ئیتالیا

بە قاچاغ دابەزین و خۆیان گەیاندە شارە گەورەکانی وەک ڤینیسیا و ڕۆما، پەڕی باڵندەکانی سەوسەن خان لە گیرفانیاندا بوو.

لەو ماوەیەدا سەوسەن و کامەران ژیانێکی بەختەوەر ژیان، ئەوکات پرۆشە فیکرەت لەگەڵ دکتۆری مێردیدا کاتێکی زۆری لە ڕێکخستنی کاروباری عیادەکەدا دەبردەسەر، ڕۆژانە هوزار تا درەنگ لای سەوسەن و باپیرەی دەمایەوە، بە شەو کامەران چ چیرۆکێکی دەربارەی دونیا بۆ سەوسەن دەکرد، بەڕۆژ سەوسەن وەریدەگێڕایە سەر زمانێکی منداڵانە و بۆ هوزاری بچکۆلەی دەگێڕایەوە. کامەران شەو دوای شەو و باڵندە دوای باڵندە چیرۆکی ڕاوکردنەکانی بۆ سەوسەن حیکایەتدەکرد، لە چەند سندوقێکی جیاوازدا کەرەستە جیاوازەکانی ڕاوی نیشاندەدا کە لە داوی ئاساییەوە تێیدا بوو تا ئەو تفەنگە چکۆلانانەی لە بێهۆشکردنی گیاندار و باڵندەدا بەکاردێن، فاقەی زیرەک کە چاوی ئەلەکترۆنیان پێوەیە و شوێنی باڵندەکانت پێدەڵێن، تەڵەی تایبەت کە بێئەوەی ئازاری باڵندەکان بدات قاچیان دەگرێت و بەریان نادات، سپرای گێژی کە مرۆڤ لە ڕێگای سۆندەیەکی تایبەتییەوە دووراودوور دەیپرژێنێت تا باڵندەکان گێژبن و بگیرێن. لەو شەوانەدا زۆرجار کامەرانی سەلما و سەوسەن دوای ئەوەی لە خۆشەویستی و پێکەوەخەوتنێکی درێژ و عاشقانە دەبوونەوە تا بەیانی دەکەوتنە وەرگێڕان و دروستکردنی ناوی کوردی بۆ باڵندەکان. سەوسەن هەمیشە ناوەکانی بە لاتینی دەگووت و لەسەر ڕۆشنایی جۆر و شوێنی ژیان و ڕەنگ و شێوەیاندا ناوی نوێیان بۆ دەتاشین. هەر دووکیان زۆر بەختەوەربوون... خۆیان وەک دوو کەس دەبینی کە قەدەر بۆ دووبارە ناونانەوەی دونیا دیاریکردون، بەڵام ئەمجارە بە کوردی. سەوسەن دەیگووت ئەمە «پێرۆکۆراکس پیرۆکۆراکس» ـە، لەسەر ڕۆشنایی وەسفەکانی کامەراندا ناوەکەیان بە «قەلەڕەشەی ئالپ» وەردەگێڕا. «ڤراتێرکولا ئارکیتیکا» یان ناودەنا «نوقمەتوتی» لە بەرئەوەی لە توتی

دەچێت و قاچی وەک قاز وایە و دەتوانێت بچێتە ژێر ئاو، «گیمنۆگیپس کالیفۆرنیانۆس» بە «خێوەداڵ» لە بەرئەوەی خەریکە بەرەو نەمان دەڕوات و هێندەی باڵە گەورە و سیمرغئاساکانیشی کردەوە سپێتی بنباڵی بە دەستی خێوێکی فریو دەچێت. ناونانی باڵندەکان بەشێکی گەورەی خۆشی ژیانیان بوو. لەو شەوانەدا «پەپوەمۆن» «پەپوەپاشا» «شین بولبول» «بەردەداڵ» «مرە یاقووتی» «گوڵ پاساری» و دەیان ناوی دیکەیان بۆ مەلە دڵخۆشەکانیان دروستکرد.

ناونانەوەی باڵندەکان بە کوردی، لای سەوسەن و کامەران وەک دووبارە دروستکردنەوەی جیهان وابوو، وەک ئەوە بوو لە ڕێگای ناونانەکانەوە هەموو شتە نادیار و ون و نائامادەکانی دونیا بکەن بە موڵکی خۆیان و باڵندەکانیش بکەن بە بەشێک لە دانیشتوانی ئەم شارە. سەوسەن تا ئەوکاتە تەنیا لەزەتی بینینی دونیا و بیستن و بۆنکردنی دەناسی، بەڵام لە ڕێگای ناونانەکانەوە لەزەتێکی دیکە فێربوو، لەزەتی دروستکردنەوەی دونیا، هەموو ناونانێک چەشنە نزیکییەکی دیکەی دروستدەکرد، هەر باڵندەیەک کە ناوی نوێی خۆی پێدەدرا ئیتر ئاشناتر و دۆستتر لای سەوسەن دەردەکەوت، ئەو ناونانە کوردیانە بەجۆرێک لە جۆرەکان زۆر لە دیوارەکانی غوربەتی لە نێوان سەوسەن و باڵندەکاندا شکاند، وەک ئەوەبوو لەو ڕێگایەوە دونیا بە جۆرێکی ڕوونتر و ڕاستەقینەتر بووبێت بە موڵکی ئەو، وەک ئەوەی بەوە بەشێک لەو خەونە کۆنەی هاتبێتە دی کە جیهان لەم شارەدا نیشتەجێبکات و لە دڵیدا بیپەوێنێت.

دوای زەماوەندەکەی سەوسەن و کامەران و گواستنەوەی باڵندەکان بۆ ماڵی نوێیان شەوێک دکتۆر دڵشاد شوکور بە خۆی و دەیان مۆمیای بچوک و گەورەی باڵندەوە هات بۆ ماڵی سەوسەن گوڵدانچی، دکتۆر پیاوێکی سەرڕووتاوە و شەرمنی لەگەڵدابوو ناوی «کەمال یەڵدا» بوو. ئەم پیاوە یەکێک بوو لەو مەخلوقانەی مرۆڤ تەنیا لە شاری

ئێمـەدا ڕێکەوتیانـدەکات، کۆمەڵێـک ئیشـی زۆر جیـاواز جیـاوازی هەبـوو کـە هیچیـان لـەوی دیکەیـان نەدەچـوو، تەلەفزیۆنـی چاکدەکـردەوە، شـیعری دەنوسـی، باڵنـدەی مۆمیادەکـرد، بـە شـەو شـۆفێری تاکسـی بـوو، دەیزانـی ئۆکۆردیۆنیـش لێبـدات. لـە سـاڵانی داهاتـوودا سەوسـەن زۆر ڕێـگای دەکەوێتە ئـەم پیـاوە، کـە هەمیشـە بـە شـەرمێکی بێوێنـەوە هەمـوو شـتێکی بـۆ جێبەجێدەکات. ئـەو شـەوە دکتـۆر دڵشـاد، کەمـال یەڵـدای وەک وەسـتای گـەورەی مۆمیاکـردن پێناسـاندن. مۆمیاکانـی یەڵـدا قەشـەنگ و ڕاسـتەقینە دەیاننوانـد، باڵندەکانـی لـە جـۆرە دۆخێکـی وەهـادا مۆمیاکردبـوو هێمنـی یـان توڕەیی بەرجەسـتەدەکرد. هەندێکیانـی بـە لقـی درەختـەوە نوسـاندبوو، هەندێکـی دیکەشـی لەسـەر بـەردی ڕەنگکـراو و تایبەتـی دانابـوو، چەنـد مەلێکی بە باڵـی کـراوەوە لـە سـاتی پێـش فڕینـدا وەسـتاندبوو، چەندانێکـی دیشـی لـە دۆخـی بیرکردنەوەیەکـی ئەبـەدی و هێمنـدا ڕاگرتبـوو. سەوسـەن مۆمیاکانـی لـە زۆر شـوێنی ماڵـە گەورەکـەدا بڵاوکـردەوە، لـە هەنـدێ جێـگادا لـە سـەر مێـزەکان و لـە هەندێ شـوێنی تـردا ڕەفەی تایبەتی بۆ دروسـتکردن. لـە ژووری میوانەکـەدا بەیارمەتـی وەسـتایەکی بـەردکار لـە نزیـک سـەقفەکەوە هەنـدێ لەتەبـەردی چیاڕەنگـی بـە دیوارەکانـەوە نوسـاند و هەڵـۆ و داڵ و بـازە کوژراوەکانـی خسـتنە سـەر، بەجۆرێـک ئـەوەی دەهاتـە ژوورەوە ئـەو هەسـتەی لادروسـت دەبـوو کـە لـە نـاو سروشـتێکی بەردیـن و شـاخاویدا دانیشـتووە و باڵنـدەکان لـە جێـی سروشـتی خۆیانـەوە تەماشـایدەکەن.

ڕۆژێـک لـە ڕۆژان سەوسـەن فیکـرەت لەگـەڵ پڕوشـەی خوشـکیدا چـوو بـۆ دوکانەکـەی کامەرانـی سـەلما، تـا ئـەوکات شـوێنی وەهـا جەنجاڵـی نەبینیبـوو، بـە دیمەنـی نوسـینگەکە و ئـەو هەمـوو نەخشـەیە سەرسـامبوو، پێشـتر لـەم شـارەدا ڕێکەوتـی شـوێنێکی نەکردبـوو هێنـدەی ئـەوێ ژیانـی تێدابێـت، هێنـدەی ئـەوێ بـە جوڵـە و دەنـگ و هـاوار سەرشـاربێت. ئـەوە خۆشـحاڵیکرد... لەگـەڵ یەکێـک لـە کۆچبەرەکانـدا دانیشـت و گوێـی لـە

کامەران گرت چۆن باسی پەڕینەوە لە کەنارەکانی لوبنانەوە بەرەو یۆنان دەکات. ئەو دەنگە دەنگەی بازاڕ، ئەو گەرمی و جوڵەیە، ئەوەی دەتوانێت تێکەڵی ئەم جیهانە بێت دڵخۆشیکرد. دواتر هەندێک ڕۆژ دێت و بە ڕەنگە پەڕیوەکەی خۆیەوە، بەو ناسکییەوە کە بچوکترین شت دەیشکێنێت، لەسەر کورسییەک دادەنیشێت و چاوی لێکدەنێت و گوێ لە دەنگەکان دەگرێت، هەندێک جار بۆنێک دەکات کە لە بۆنی ئاسایی ئەم شارە و بۆنی خەڵکانی ئەم شارە ناچێت، بەڵکو بۆنێکی دیکەی نوێ و نەزانراوە کە سەرەتا نازانێت چییە، بەڵام هێدی هێدی تێدەگات کە ئەوە بۆنی خەونە... خەونی ئەو پیاو و ژنانەی دەیانەوێت بڕۆن و سەفەربکەن، خەونی ئەوانەی خەون بە شارەکانی دی و بەندەرە دوورەکان و کەشتییەکانەوە دەبینن. ئەوە ئەو هەستەی دەداتێ کە ئەم جێگایەی کامەران ئیشی تێدادەکات، سەر بەم شارە نییە، بەڵکو وێستگەیەکی نادیارە بۆ پەڕینەوە بەرەو دونیاکانی تر و سەرزەمینەکانی تر.

٥٠

خالید ئامـوون کـە شـاری بەجێهێشـت و گەیشـتە یەکێـک لـە شـارۆچکە بچکۆلەکانـی دەڤـەری بادینـان، جگـە لـە ڕق هەسـتی بـە هیـچ شـتێکی تـر نەدەکـرد، ڕقێکـی گـەورە کـە هـاوڕێ بـوو بـە سـووتانێکی ناوەکـی گـەورە کـە ئاشـکرا گـڕی نـاو سـینەی عاشـقان نەبـوو، بەڵکـو گـڕی کەسـێک بـوو کـە هەمـوو شـتێکی دۆڕانـدوە و بەرامبـەر دونیـا تووڕەیـە. خالیـد کـە گەیشـتەوە ئـەو ماڵـەی خوشـکە گەورەکـەی تیـا دەژیـا، بـۆ چەنـد ڕۆژێـک لـە جێـگادا کـەوت. ئاموونییـەکان هەمـوو چیرۆکەکەیـان بیسـتبوو، کوشـتنی باڵنـدەکان زۆر بریندارکردبـوون، گـەر فـەوزی بـەگ نەبووایـە کـە بـە شـیعری خەیـام و جەلالەدینـی ڕۆمـی هێمنیکردنـەوە، هەندێـک لـە گەنجـە ئاموونییـەکان بەجۆرێ شـەرەفی خێڵانەیـان بریندارببـوو، دەیانویسـت بـە مەفـرەزەی نهێنـی بڕۆنـەوە نـاو شـار و تۆڵەبکەنـەوە. هەندێـک هـۆی کوشـتنەکەیان گێڕابـووەوە بـۆ فەرمانێکـی نهێنـی کـە لـە یەکێـک لـە سـەرکردە سـەربازییەکانی یەکێتـی نیشـتیمانییەوە دەرچـووە، چونکـە ئـەوان هەمـوو ئاموونییـەکان پێکـڕا و بـێ جیـاوازی وەک دوژمـن سـەیردەکەن. بـەڵام بەرپرسـێکی مامناوەنـدی و لۆکاڵی یەکێتـی لـە ڕێـگای بازرگانێکـی شـەکرۆچاوە نامەیەکـی بـۆ ئاموونییـەکان نـارد و پێیگووتـن کـە ئێمـە «وەک یەکێتـی» ئـەو مەسـەلەیە وەک گرفتـی نێـوان چەنـد بنەماڵەیـەک دەبینیـن و وەک حیـزب کارمـان بـە ئیشـەکەوە نییـە، ئاگاداریشـیکردنەوە کـە بەدرێژایـی ئـەو ماوەیـەی خالیـد لـە ئوتێلـی

باوەجاندا بووە، بێئاگای خۆی پاسەوانی تایبەتیان بۆ داناوە نەبا كەس نامەردانە زیانی پێبگەیێنێت. ئاخۆ ئەو نامەیەی ڕاستی دەگووت؟ ئایا حیزب هەمووی هەر بەو چەشنە بیریدەكردەوە؟ كەس بەتەواوی نازانێت. بەڵام زۆر لە ئاموونییەكان باوەڕیان بەو قسانەنەكرد و باوەڕیان وابوو ئەو سووكایەتیانەی بە خالید ئاموون كراون، هۆكارەكانی سیاسین و بڕواشیان وابوو یەكێتییەكان دەستیان لەوەدا هەیە كە سەوسەن فیكرەت، خالید وەك مێرد قەبووڵ نەكات. دیارە هەندێك بەڵگەشیان دەربارەی پەیوەندی نێوان كامەرانی سەلما و چەند بەرپرسێكی حیزبی لەبەردەستدا بوو كە بەشی ئەوەی دەكرد وەك چەك بەكاریبهێنن، دوای گەڕانەوەی كامەرانی سەلما، تەنیا مەنگوڕی كۆنە هاوڕێی پێشوازی لێ نەكرد، بەڵكو قەپۆز جوقڵی «كە ئێستا بووبوو بە بەڕێوەبەری بەندیخانەیەكی تایبەتی یەكێتی نیشتیمانی» و سامان كیسراش هەریەك بە جیا دوو داوەتی گرنگیان بۆ كرد و لەو دوو داوەتەشدا شەراب زۆر خورایەوە و مەی زۆر ڕژایە ناو پەرداخەكان و گۆرانی زۆر گوترا. هەریەك لە سامان و جوقڵی دوو هاوڕێی سەردەمی منداڵی كامەران بوون... دەستێكی فیتنەباز وێنەی دانیشتنەكانی كامەرانی لەگەڵ قەپۆز جوقڵی و سامانی كیسرادا گەیاندە ئاموونییەكان.

خالید ئاموون خۆی بە جۆرێك لە جۆرەكان دەیزانی شووكردنی سەوسەن بە كامەران پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە، دڵنیابوو كچەكە بۆ شتێك دەگەڕێت لەودا نییە، گەرچی ئاگرێكی گەورەی ئیرەیی دەیسووتان، گەرچی هەستی بە شەرمێكی بێوێنە دەكرد كە ئاموونییەكان لە ناو هەموو ناخۆشی و دەردی خۆیاندا هەشت ساڵ بۆ ساتێك پشتی ئەویان بەرنەداوە و ئەویش مایەپووچ لە هەموو ئەم گەشتە هاتەدەرێ، گەرچی فەوزی بەگ پێیگووت تۆ نەدۆڕاویت و لەوەدا براوەیت كە هەشت ساڵ سەر زەمینت بە پانی و درێژی بینی و تا مردن ئەو ڕۆژانەت لە

یادناچێتەوە و ئەو سەفەرە هەمیشە مایەی دەوڵەمەندبوونی دڵ و ڕۆحت دەبێت. خالید دوای چەند ڕۆژێک غەم چوو بۆ کۆبوونەوەیەکی گەورەی ئاموونییەکان کە بۆ بەخێرهاتنەوە و دڵدانەوەی ئەو کردبوویان، لەلای خۆیەوە هۆی هەموو شتەکانی لەسەر شانی سیاسەت لابرد و گووتی ئەوەی لە پشت هەموو ڕوداوەکانەوە وەستاوە کامەرانی سەلمایە. ڕقی بەرامبەر کامەرانی سەلما لە هەموو شتێک گەورەتربوو، ئەوەی ئێستا ئەم لە غەمدا نوقمە و کامەران لەگەڵ سەوسەندا دەژی دەیسووتان، کە سەیری ناخی خۆی دەکرد جگە لەو ڕقە ڕەش و تاریکە هەستی بە هیچ شتێکی تر نەدەکرد. هێدی هێدی و سات دوای سات ئەو خۆشەویستییە شێت و سەرگەرمەی بۆ سەوسەن هەیبوو، ڕەنگی دەگۆڕا و دەبووە ڕقێکی گەورە و بێوێنە بەرامبەر کوڕەکەی سەلما، هەستیدەکرد سات دوای سات ئەو ڕقە لە ناوەوە دەیبات و تا مردن ناتوانێت خۆی لێدەربازبکات. لە کۆبوونەوەی ئاموونییەکاندا لیستێکی کۆنی تۆڵەیان دەرهێنایەوە کە قەپۆز جوقڵی و هوشەجوجە و سامانی کیسرا لەسەری سەرەوەیدا بوون، لیستێک لەدوای کوشتنی قەلەندەرەوە ئاموونییەکان بە خوێنی خۆیان نوسیبوویان بۆ ئەوەی تۆڵە لە بکوژانی ئەو بکەنەوە. ئەوەی سەیرە لەو لیستەدا مەنگوڕ لە دوای ناوێکی نەناسراوەوە لە پلەی پێنجەمدا دێت، کە ناوی کەسێکە لە کاتی کوشتنی قەلەندەردا بەرپرسی کۆی ڕێکخستنەکانی یەکێتی بووە لەو هەرێمەدا. ئەو ڕۆژە لیستەکەیان دەرهێنایەوە بۆ ئەوەبوو ناوی کامەرانی سەلمای تێبکەن، بەڵام دانانی ناوەکە لە سەری سەرەوە وەک پاکردنەوەی یەکێتییەکان وەها بوو لە گوناهەکە و گۆڕینی بوو بۆ کێشەیەکی خێڵەکی، چونکە هەموو شار دەیزانی کە کامەرانی سەلما لە هیچ حیزبێکدا نییە، نەک هەر ئەوە بەڵکو کابرا کەمترین ئارەزووشی نییە گوێی لە باسی سیاسەت بێت و لەو ڕووەوە سەرودەر لە هیچ دەرناکات، دووری ئەو هەموو ساڵە

و ژیانی ئێستاشی لەگەڵ سەوسەندا کاتێکی بۆ جێنەهێشتوە بیر لە سیاسەت بکاتەوە و بەجۆرێکی منداڵانە ناوی حیزبەکان و بەرپرسەکانی لێتێکدەچێت.

لەتیف ئاموون، قارەمانی نوێی ئاموونییەکان، کە وردە وردە ناوێکی ئەفسانەیی پەیدادەکرد دژی ئەوە بوو ناوی کامەران بخرێتە لیستەکەوە، بە شتێک لە نائومێدییەوە بیری خالیدی خستەوە کە ئەو پەیمانێکی مۆرکردوە کە مەرج نییە سەوسەن فیکرەت بۆ ئەو بێت و ئاموونییەکان هەمیشە پابەندی پەیمانن و دەبێت دان بە ئازارەکانی خۆیدا بگرێت. بەڵام زۆر لە ئاموونییەکانی تر جۆرێکی تر بیریاندەکردەوە و ڕایان وابوو سووکایەتییەکی گەورە بە ئاموونییەکان کراوە و خوێن ڕژاوە و باڵندەکانی خالید لە ناوەڕاستی شاردا کوژراون، لەبەرئەوە مەسەلەکە لە دەستی خالیددا نییە و هەموو ئاموونییەکان بە ماڵ و سامان و شەرەف باجیانداوە و تەواوی خێڵەکە بۆ ماوەیەکی دووردرێژ سووکایەتی پێکراوە و بکەرانی گەورەی ئەو سووکایەتییەش، لەدەوری ناوی کامەرانی سەلما کۆبوونەتەوە و هۆی سووکایەتییەکەش هێندەی خواستی کامەرانی سەلمایە هیچی تر نییە.

ڕقی ئاموونییەکان و خواستیان بۆ تۆڵە لەوە گەورەتر بوو فەوزی بەگ و لەتیف ئاموون بتوانن هێوریبکەنەوە، تەنیا شتێک توانیان بیکەن ئەوە بوو ناوی کامەران پێش ناوی سێ بکوژە سەرەکییەکەی قەلەندەر نەکەوێت.

لەگەڵ ئەو کۆبوونەوە گەورەیەشدا ئاموونییەکان لە بەهاریساڵی نەوەدوپێنجدا زۆر لە شاری ئێمە دووربوون و لەوەش لاوازتربوون دەستیان بگاتە تۆڵە. هەفتەیەک دوای ئەوە خێرخوایەک هەواڵی دانیشتنی ئاموونییەکانی بۆ کامەرانی سەلما نوسی و بەیانییەک بە خشکەیی بۆی خستە ئەو دیو دەرگای نوسینگەکەیەوە. کامەران چەندجارێک نامەکەی

خوێندەوە و دواتریش بێئەوەی بترسێت یان بیربکاتەوە بۆ سەوسەنی خوێندەوە و گووتی «بەڵام بۆ؟ بۆ؟ من هیچم بەرامبەر ئامووننییەکان نەکردوە، هیچ. من هەشت ساڵ لەمەوبەر چەقۆیەکم لە مەنسور ئەسریندا، بەڵام بەرامبەر ئامووننییەکان هیچم نەکردوە...هیچ». سەوسەن لەو ساتەدا بێئەوەی هیچ دەربارەی بڕی مەترسییەکان بزانێت، ماچیکرد و گووتی «کامەران غەم مەخۆ... غەم مەخۆ، و بیر لە شتی خراپ مەکەرەوە». ساڵانی دوورودرێژی ڕاو، کامەران فێربووبوو تەنیا لە مار و دوپشک و جاڵجاڵۆکەی ژەهراوی و چنگی چەقۆئاسا و دەنوکی بێڕەحمی باڵندەکان بترسێت، لەبەرئەوە ساڵ دوای ساڵ ترسی لە مرۆڤ کەمتر و کەمتر دەبووەوە... سەفەری بە دونیادا ئەو هەستەی لا لاوازکردبوو بزانێت خۆی لە چ دونیایەکدا دەژی. لەبەرئەوە زەردەخەنەیەکی گەورەی گرت و نامەکەی دڕی و گووتی «بێگومان غەم ناخۆم... بێگومان هیچ نابێت...».

ئەو ماوەیەی سەوسەن و کامەران پێکەوە ژیان، ڕۆژانێکی گەلێک خۆشی تێدابوو. باڵندەکانیان هەمیشە بەختەوەر بوون، هەمیشە دەیانخوێند، هەندێک لەو باڵدارانەی نێر و مێیان هەبوو هێلکەیان دەکرد و جوجکە باڵداری دیکەیان هەڵدەهێنا، هەندێ جار دکتور دڵشاد شوکور دەهات و دەرمانی تایبەتی دەدا بە باڵندەکان. کامەران لە ناو گوڵدانچییەکاندا جێگای خۆی کردبووەوە، ئەوەی بەخێراییەکی گەورەش دەوڵەمەنددەبوو، مایەی خۆشحاڵی هەموومان بوو.

٥١

بەدرێژایی ساڵی نەوەدوپێنج خوێندنی باڵندەکان و دەنگی بولبولەکان بەجۆرێک بەرزبوون هەر کاتێک بەبەردەم ماڵی سەوسەن گوڵدانچیدا دەڕۆیشتین گوێمان لە جریوە و واکواک و زیکەی بەجۆشیان بوو، هەموو باڵندەکان بەختەوەر دەیانخوێند، هەتا باڵدارە غەمگینەکانی خالید ئامونیش گۆڕابوون و لەو کۆڕاڵە گەردونی و بەردەوامەی باڵندەکانی دیکەدا بەشداربوون. ئەو سەردەمە ئێمە ناوی ماڵی خانممان گۆڕیبوو بۆ کۆشکی باڵندەکان، کامەران هەموو دوو مانگ جارێک فۆتۆگرافێکی بانگدەکرد و وێنەی باڵندەکانی دەگرت، دەبایە خۆی و سەوسەن و فیکرەت گوڵدانچیش هەموو وەرزێک وێنەی نوێ و نوێتر لە نێوان قەفەزەکاندا بگرن.

لە هاوینی ساڵی نەوەدوپێنجدا کامەران یەکێک لە هاوڕێکانی خۆی هێنا کە وێنەی ڤیدیۆی دەگرت، تا یەکەم کاسێتی ڤیدیۆی درێژ بۆ خۆیان و باڵندەکان پێکەوە تۆماربکات، ئەوە یەکەمین تۆمارێکی ڤیدیۆیی باڵندەکان و ماڵی گوڵدانچییە کە ئێستا لە بەردەستماندا بێت، لەوێدا گوڵدانچی پیر دەبینین، بە خۆی و سمێڵە گەورە و دەموچاوە باریک و قامەتە ڕێکەکەیەوە لە چاکەتێکی سەوزدا لە بەردەم قەفەزی باڵندەیەکدا ڕاوەستاوە، باڵندەیەکی دەنوک گەورەیە کە لەشێکی باریک و سەوز، لامل و سەرێکی قاوەیی هەیە. گوڵدانچی و باڵندەکە پێکەوە جووتێکی

سـەیریان دروسـتکردوە، لـە ڤیدیۆکـەدا هـەر دوو تەنیـا و گۆشـەگیر بـەڵام دڵخـۆش و ڕەزامەنـد دەنوێنـن. باڵندەکـە، چەشـنە تەیرێکـە تەنهـا لەسـەر یـەک دورگـەی زۆر بچـوک لـە باشـووری ئاسـیا بـە نـاوی نارکۆندامـەوە دەژی، هـەر لەسـەرەتاوە ئـەو باڵندەیـە کـە لـە شـوێنێکی وابچوکـی دونیـادا دەژی و لـە هیـچ جێگایەکـی تـری دونیـادا وێنـەی نییـە گوڵدانچـی پیـری سەرسـامکردبوو. فیکرەتـی پیـر کـە هەنـدێ جـار سـەیری چـاوی حەکیمانـەی باڵندەکـەی دەکـرد، ئـەو ئـارەزووەی خـۆی نەدەشـاردەوە کـە دەیەوێـت بڕوات و لـەو دورگـە بچوکـەدا ونبێـت و لـەوێ لـە نـاو سروشـتی ئـازاددا لەگـەڵ ئـەم باڵندانـە بـژی... لـە وێنەکەشـدا ناوازەیـی باڵندەکـە تـا ئەندازەیەکـی زۆر ناوازەیـی فیکـرەت گوڵدانچـی دووبارەدەکـردەوە و زیاتـر بەرجەسـتەیدەکرد.

لـە وێنـە و فلیمەکانـی ئـەو دەمـەدا بـە ئاشـکرا ئاسـەواری ژیانێکـی جەنجـاڵ و هاتوچۆیەکـی گـەرم لـە نێـوان سەوسـەن و دونیـای دەرەوەدا دەبینیـن. وێنـە هاوینییـەکان لـە حەوشـە گەورەکـەدا ئـەوە نیشـاندەدەن کـە زۆربـەی شـەوان خێزانـی سەوسـەن بـە گەرمـی و گـوڕی پێشـوازی میوانـی زۆریـان کـردوە، بارودۆخـی ناهەمـواری سیاسـی و داکەوتنـی بـاری ئابـووری لـە وڵاتـدا ڕێگـر نەبـوون لـە بـەردەم ئـەوەدا کـە سەوسـەن وەک بوکێکـی نـوێ ژیانێکـی پـڕ داوەت و میـوان بـژی. کۆشـکی باڵنـدەکان شـەوانە بۆتـە جێـگای کۆبوونـەوەی ماڵـی بـرا و خوشـکەکانی فیکـرەت گوڵدانچـی، ماڵـی هاوڕێکانـی کامـەران، ماڵـی ئەوانـەی بـە خۆزگەیەکـی زۆرەوە دەهاتـن تـا باڵنـدەکان ببینـن. ئەمـڕۆ کـە سـەیری ئەلبومـی خانەوادەگـی خانـم دەکەیـن، وێنەگەلـی کەسـانی زۆر نەناسـراو دەبینیـن، وێنـەی منداڵانـی نەناسـراو، بـوک و زاوای گەنـج، نیـگاری خانەوادەگـی گـەورەی هەندێـک کـەس کـە دووروونزیـک خزمایەتییەکیـان لەگـەڵ گوڵدانچییەکانـدا نییـە. ئەوانـە پێکـڕا بەڵگـەی دروسـتی ئـەو ڕاسـتییەن کـە سـاڵی نەوەدوپێنـج گەرچـی یەکێکـە لـە تەڵخترین سـاڵەکانی مێژووی سـەدەی بیسـتی ئێمـە، بـەڵام دروسـت لـەو

ساڵەدا خانم چڕترین و پڕترین ساڵی ژیاوە. هەر لەو ساڵەدا و لە چوارەمین چەژنی لەدایکبوونی هوزاردا سەدان میوانی تایبەتی کە دکتۆر رەفعەت ڕەمزی و پڕوشە بانگیانکردون حەوشی کۆشکی باڵندەکان پڕدەکەن، دەیان دکتۆری بەناوبانگ، بەڕێوەبەری هەموو خەستەخانەکانی شار، هەندێک لەو مامۆستایانەی زانست کە بەتایبەت دێن کامەران باسی شوێنە سەیر و جیاوازەکانی دونیایان بۆ بکات، هاوشانی کچانێکی گەنج کە هاوڕێی پڕوشەن و ئەو هەلەیان بە گونجاو زانیوە بێن و لە نزیکەوە باڵندەکان ببینن... هەموو لە وێنەکان و کاسێتەکانی ڤیدیۆدا دەردەکەون و پێکڕاش بە شادیی دەبینرێن.

لەو ماوەیەدا کامەران لەدەرەوەی ماڵیش ژیانێکی پڕ و زیندووی هەبوو، هەفتانە شەوێک لە ژێر زەمینی ئوتێلەکەی باوەجاندا لەگەڵ مەنگوڕ و هاوڕێکانیدا کۆدەبووەوە، بەختەوەربوو کە هێندەی پارە دەستدەکەوت دەیتوانی کرێیەکی ڕاستەقینە بدات بە مەنگوڕ، دەیتوانی هاوڕێ بێپارەکانی داوەتی خواردنەوە بکات. ئەو ساتانەی مەنگوڕ کامەرانی تێدا دەبینی زۆر دەگەشایەوە و بەختەوەر دەبوو، بەڵام لەو ساتانە بگوزەرێت، مەنگوڕ بە گشتی ڕۆژ دوای ڕۆژ بێدەنگتر و بێوەیتر لە جاران دەردەکەوت، هەندێک کاسبی تایبەتی دەکرد کە کەسمان بە تەواوی نەماندەزانی چییە. خەفەتێکی زۆری دەخوارد کە ئەو تەنیا کەسێک بوو نەیدەتوانی بچێت و باڵندەکان ببینێت، جار جار کامەران قەفەزی هەندێک تەیری لەگەڵ دەستی خۆیدا دەهێنایە بازاڕ و لە چایخانەی پەپولەی ئازاد دایدەنان و ئێواران کاتێک بۆ ماڵ دەگەڕایەوە لەگەڵ دەستی خۆیدا دەیبردنەوە، هەموو دەمانزانی بۆیە ئەو باڵندانە دەهێنێت تا مەنگوڕ بیانبینێت. بینینی باڵندەکان بێئەندازە دڵی مەنگوڕیان خۆشدەکرد، کە باڵندەکان دەیانخوێند مەنگوڕ نائومێدانە دەکەوتە جنێودان بەم شارە کە مرۆڤ جگە لە هۆڕنی ئوتومبێل و فرەفرەی پاسە نەفەربەرەکان و هات

و هـاواری دەسـتگیرەکان زیاتـر هیچـی دیکـەی تێـدا نابیسـتێت. تـا شـەڕی ناوخـۆ گەرمتـر بووایـە مەنگـوڕ نائومێدتـر و پیرتـر دەینواند، هەڵبـەت وەک هەمیشـە پەیوەندییەکـی باشـی لەگـەڵ سـەرکردەو پیـاوە چالاکەکانـی نـاو یەکێتیـدا هەبـوو، گیانـی بـەوە بـوو شـەوان دەچـووە سـەر مێزەکانیـان و بەدەنگـی بـەرز ڕەخنـە ئاگرینەکانـی خـۆی دەگـووت، خۆشـحاڵ بـوو بـەوەی هەمـوو قسـەیەکی لێقەبووڵدەکـەن... زۆرجـار و لـە زۆر شـوێندا بەدەنگـی بـەرز ڕەخنـەی دەگـرت. کـە لێمـان دەپرسـی ئایـا ناترسـێت، بەئاشـکرا ئـەو جـۆرە قسـە توندانـە دژی حیـزب دەکات. دەیگـووت «بـرادەری عەزیـز، ئێـوە فەقیـرن... قوونـی مەنگـوڕ قەڵایەکـی ئاسـان نییـە بـە هەمـوو کـەس بگیرێـت».

لـە بەهـار و هاوینـی ئـەو سـاڵەدا سەوسـەن و کامـەران چەندجارێـک سـەیرانی دەرەوەی شـاریان کـرد، کامـەران هەمـوو جارێـک ژمارەیەکـی زۆر لـە بولبولەکانـی دەخسـتە پشـتی پیکابێـک و دەیبـردن بـۆ نـاو سروشـت، ئـەو سـەیرانانە بـۆ سەوسـەن و باڵنـدەکان وەک خـۆی بـە پێکەنینـەوە دەیگـووت «شـادیهێن و خەفەتبـەر» بـوون.

لـە بەیانییەکـی فێنکـی کۆتایـی هاوینـی نەوەدوپێنجـدا سەوسـەن وەک هەمـوو ڕۆژێکـی دی هەسـتا بـۆ ئـەوەی پەنجەرەکان بکاتـەوە تـا هـەوای نـوێ بێتـە کۆشـکەکەوە، دوای ئـەوەی کترییەکـەی خسـتە سـەر ئاگر بە ڕوخسـاری خەواڵـووەوە وەک جـاران چـوو بـۆ ماڵـی باڵنـدەکان تـا ئـاوی بەردەمیـان بگۆڕێـت، ئـا لەویـادا و بـۆ یەکەمجـار، یەکەمیـن باڵنـدەی مـردووی دۆزییـەوە. ئەگـەر نەڵێـم جوانتریـن باڵنـدەی هەمـوو قەفـەزەکان بَـوو، دەبێـت بڵێـم باڵندەیـەک بـوو لـە هـەرە جوانـەکان، تەیرێکـی نـاوازە کـە لەگـەڵ کۆمەڵـە باڵندەکـەی مەنسـور ئەسـریندا هاتبـوو، هـەر بـەو نـاوەوە کـە لەدونیـادا پێیناسـرابوو «باڵـداری خوداوەنـدان» ناویـان نابـوو، مەلێـک ئەورووپییـەکان لـە جوانیـدا وەک باڵـداری بەهەشـت سـەیریانکردبوو، «پارادیسـیۆ تۆپـادا»

ناوە لاتینییەکەی بوو، پەڕەکانی درێژ و زێرین بوون، درێژی پەڕی زەرد و تەڵایی کلکەکەی هەندێجار لە مەترێک نزیک دەبووەوە، یەکێک بوو لەو باڵندانەی هەستێکی خودایی لای سەوسەن دروستدەکرد، هەرکات دەیبینی هەستی تێکەڵبوون لەگەڵ هەوای فیردەوسدا دایدەگرت. باڵندەکە بێ هۆیەکی دیاریکراو لە قەفەزەکەی خۆیدا مردبوو. کامەرانی سەلما لەسەر دەنگی سەوسەن لە خەو هەستا کە بە باڵندە مردووەکەوە لە نزیک سەرییەوە دەگریا، ئەوە یەکەمین ڕۆژی غەمگینی ژیانی هاوبەشیان بوو. فیکرەت دەبایە تەواوی بەیانییەکە قسە لەگەڵ سەوسەندا بکات و ئەو ڕاستییەی بیربخاتەوە کە باڵندەکان ڕۆحلەبەرن و دواجار ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو دەمرن. ئەو بەیانییە کامەران تەلەفونی بۆ کەمال یەڵدا کرد و باڵندە قەشەنگەکەیان بە مردویی برد بۆ مۆمیاکردن. بەڵام ئەوە لە سەوسەندا ترسێک و پرسیارێکی گەورەی دروستکرد: چی دەبێت گەر ڕۆژێک باڵندەکان هەموو بمرن... چی دەبێت؟ چی دەبێت گەر هەموو باڵندەکان بکەونە ناو هەمان ئەو بێدەنگییەی باڵندە مۆمیاکان تێیکەوتوون؟. گەر باڵندەکان هەموو بمرن، ئەوکات دەبێت بە هەموو ڕۆح و جەستە و خەیاڵی لەم شارەدا نوقم بێت، دەبێت ئەو ڕاستییە قەبوڵبکات کە ئەم شارە نەبێت هەموو ئەو شوێنانەی دی کە ئەو بۆیان هەڵدێت، دەڕۆن و لە ناودەچن، ڕاستییەک نەیدەتوانی قەبووڵیبکات و تاسەر لەگەڵیدا بژی.

هەفتەیەک دوای ئەوە «باڵداری خوداوەندان» بە مۆمیاکراوی و بە ویقاری تەیرێکەوە کە دەزانێت لە غوربەتدا مردوە گەڕایەوە بۆ ماڵێ... بەڵام هاتنەوەی باڵندەکە بە بێدەنگی، لەبری ئەوەی دڵی سەوسەن خۆشبکات، ڕاپچڵەکاند و جارێکی دی دووری دونیای بیرخستەوە.

لەسەرەتای ساڵی نەوەدوشەشدا بارودۆخی سیاسی لە کوردستان تەواو دژواربوو، شەڕی ناوخۆ تا دەهات درتر و بێڕەحمتر دەبوو، جەنگ

لەسەر داگیرکردنی هەولێری پایتەختی هەرێم تادەهات خوێناویتر دەگەڕا، لە ئاسۆکاندا هیچ هیوایەکی ڕێکەوتن بەدی نەدەکرا، ڕۆژانە سەدان خەڵک لە هەموو سنوورەکانەوە دەچوون بەودیودا. هەندێک لە کۆچبەران بەر لەوەی بڕۆن دەهاتن و دەپاڕانەوە تا لەگەڵ باڵندەکاندا وێنەیەک بگرن... هەندێک سەردانی کۆشکی باڵندەکانیان بە یەکێک لەو ئەرکە گەورانە دەزانی کە دەشێت لە سەفەرەکەیاندا بەخت و سەرکەوتنیان بۆ بهێنێت، لە پاییزی ساڵی نەوەدوپێنجەوە هەندێک لەو کەسانەی سەردانی کۆشکی باڵندەکانیان کرد، سوێندیان خوارد لە هەر جێگایەکی دونیادا بگیرسێنەوە، نامەو نیگار بۆ خانمی سەوسەن بنێرن.

لە کۆتایی ئابی ساڵی نەوەدوشەشدا و دوای نزیکی ساڵ و نیوێک لە دروستبوونی کۆشکی باڵندەکان، هێزەکانی پارتی دیموکرات هەولێری پایتەختی هەرێمیان لە دەست هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی دەرهێنا، شکستی هێزەکانی یەکێتی خێرا و ئەفسانەیی بوو، تێکشکانی ئەوان لە هەولێر بەجۆرێک بوو تووشی شکستێکی سەرتاسەریی کردن، هێزەکانیان لە هەموو قوڵەکانەوە شکان و لە هەموو بەرەکانەوە هەڵهاتن. لەهەندێ جێگادا هەموو شتێکیان بە ساغی جێهێشت و لە هەموو لایەکەوە بەرەو سنوورەکانی ئێران پاشەکشەیانکرد، هێزەکانی پارتی لە ماوەیەکی زۆر کورت و خێرادا گەیشتنە شاری ئێمە. هەواڵی هەڵهاتنی سەرکردەکانی یەکێتی و شکستی هێزەکانیان شاری ئێمەی بە جۆرێکی بێوێنە شڵەقاند. ئاموونییەکان لە پێشی پێشەوەی ئەو هێزانەدابوون کە بەرەو خۆرهەڵات و بەنیازی گرتنەوەی دەڤەری ئێمە پێشڕەویانکرد. لەتیف ئاموون سەرکردەی بەشێکی ئەو هێزە گەورەیە بوو کە بەرەو ناوچەی ئێمە جوڵا. لەتیف پیاوێکی چکۆلانە و خڕ و سمێڵ باریک بوو، خۆی بە کڵاشینکۆفێکی بێقۆناغەوە لە ماشێنێکی تازەی سەربازیدا لە پێشی هێزەکانەوە دەڕۆیشت، ئارام و لەسەرخۆ دەینواند. لەتیف لە ئاموونییە

زۆر خێڵەکییەکان بوو کە ناوی عەشرەتەکەی خۆی لە هەرشتێکی دیکەی دونیا بەلاوە گرنگتر بوو، تا ڕۆژی کوشتنی قەلەندەر کە هاوڕێی منداڵی و گەنجی یەکدی بوون، بڕیاری نەدابوو لەم شەڕەوە بئاڵێت، بەڵام کوشتنی قەلەندەر ناچاریکرد بە سەر و ماڵەوە خۆی فڕێبداتە جەنگەوە. ئەو ڕۆژەی لە دەروازەی شار هاتن بەمدیودا ئامونییەکان نزیکی پێنج سەد چەکدار دەبوون کە دەیانویست دوای ئەو هەموو سووکایەتی و دەرکردن و ئابڕووبردنە بە سەرکەوتوویی بگەڕێنەوە بۆ شارەکەی خۆیان، زۆریان بە ڕۆحی تۆڵە و هەندێکیان بە هیوای ئاشتی و ئاسوودەیی دەگەڕانەوە. پارتییەکان بێ شەڕ و بەرگرییەکی ئەوتۆ شاریان گرت، بینای یەکێک لە بارەگا سەرەکییەکانی یەکێتیان کرد بە بنکەی سەرەکیان و بە جۆرێکی خێرا هێزەکانی خۆیان بە شاردا بڵاوکردەوە.

خالید لە ماوەی ئەو ساڵ و نیوەدا بووبوو بە ئەندامێکی چالاکی حیزب. لەو ماوەیەدا ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕقی کۆدەکردەوە، بەردەوام لە گینگڵ و ئازار و بێسەبرییەکی گەورەدا دەژیا، برینێکی قووڵی ناوەکی دەیجوڵاند... بۆ ئەوەی ئازارەکانی لە بیربکات و ژیانێکی نوێ دەست پێبکات بووبوو بە کادێرێکی سیاسی بزێو و چالاک. چیتر ئارەزوویەکی نەمابوو بە دیار کۆمەڵێک کەرەستەی ژنانەوە لە دوکانێکدا دابنیشێت، دەیویست ئیشێکبکات ئازارەکانی خۆی لەبیربچێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەوڵە ڕێگر نەبوو لەوەی جارجار کەسانی تایبەتی بنێرێت سۆراغی ژیانی سەوسەن و کامەرانی سەلمای بۆ بکەن. هەموو ئامونییەکان دەیانزانی تێکەڵبوونی بێسرەوتی ئەو لەگەڵ ئیشوکاری حیزبدا هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەراقەی لە ناوەوە دەیخوات. ئەو ڕۆژەی لەتیف ئامون لەگەڵ هێزەکەیدا بەرەو شار دەجوڵا، لە دوا چرکە و ساتەکاندا، لە گەرمەی خۆئامادەکردن و هێز ڕێکخستندا لە یادی بوو بنێرێت بە

دوای خالید ئاموونـدا بـۆ ئـەوەی لێیبپرسـێت ئاخـۆ ئارەزوویەکـی هەیـە لەگەڵیـدا بگەڕێتـەوە بـۆ شـار. ئـەو ڕۆژە بـۆ مـاوەی دە دەقیقـە گفتوگۆیەکـی دوو قوڵـی لـە نێـوان لەتیـف و خالیـد ئاموونـدا ڕوویـدا کـە تـا ئێسـتا کـەس ناوەڕۆکەکـەی نازانێـت، چونکـە تـا ئـەمڕۆ وەک نهێنییەکـی قفڵکـراو و داخـراو لـە نێـوان هەردووکیانـدا ماوەتـەوە. کەسـانێک دەڵێـن خالیـد لـەو گفتوگۆیـەدا داوایکـردوە تۆڵـەی بۆبکرێتـەوە، کەسـانێکی تریـش دەڵێـن خالیـد تەنیـا گووتوویەتـی ئارەزوویەکـی نییـە بگەڕێتـەوە بـۆ شـاری نائومێدییـە گـەورەکان و حـەزدەکات تامـردن غەریـب بێـت... شـتێک کـە ئاشـکراو نکوڵـی لـێ نەکـراوە ئەوەیـە کـە تۆڵەکردنـەوە لـە کوشـتنی قەلەنـدەر یەکێـک بـوو لـە ئامانجـە سـەرەکییەکانی بەشـداری ئاموونییـەکان لـەو شـەڕەدا.

٥٢

ڕۆژێک بەر لە گەڕانەوەی پارتییەکان، لە نیوەڕۆوە هەموو شتێک لە شارە بچوکەکەماندا گۆڕدرا. مەنگوڕ کە بە تەواوی لە هەواڵی گرتنی هەولێر دڵنیابوو، بە پەلە گەڕایەوە بۆ ماڵێ و هەندێ کاغەز و بەڵگەنامەی تایبەتی کۆکردەوە و هەندێکیانی سووتاند و چەندانێکی تری لە جێگایەکی نهێنی شاردەوە و ئەو پارە دانراوەی لە ماڵ قایمیکردبوو لە پشتێنێکدا هەڵگرت و پشتێنەکەی بەستە پشتی و چەقۆیەکی کۆنی، کە یادگارێکی دێرینی یوسف کەویاربوو لەجێگایەکی نهێنی دەرهێنا و بە خێرایی بەرەو نوسینگەکەی کامەرانی سەلما کەوتە ڕێگا. بازاڕ تا ڕادەیەک چۆڵ و زۆر لە دوکانەکان داخرابوون، خەڵکی لە ترسێکی گەورەدا دەژیان. دەنگوباسەکان وەهابوون کە پارتییەکان هاوشان بە تانک و زرێپۆشەکانی سەدام حوسەین دەدەن بەسەر شارەکەدا. هەندێ لە بازرگانەکان لە ترسی تالانی لۆریان نابوو بەدەمی دوکان و مەخزەنەکانیانەوە و شتەکانیان بەرەو شوێنی باشتر و ئەمینتر دەگواستەوە. خەستەخانەکان خۆیان بۆ دۆخێکی نائاسایی ئامادەدەکرد، بەشی زۆری فەرمانگەکان داخرابوون، زۆربەی شەقامەکان تەواو خاڵیبوون. کە مەنگوڕ گەیشتە نوسینگەکەی کامەرانی سەلما سەیری لێهات کە نوسینگەکەی ئەو تەنیا شوێنی بازاڕە دەرگای کرابێتەوە، لەوەش سەیرتر ئەوەبوو کامەران وەک لە هەموو دونیا بێئاگابێت لەگەڵ گەنجێکی منداڵکاردا دانیشتبوو

و باسی جەنگەڵە گەورەکانی کەناری خۆرئاوای ئەفریقای بۆ دەکرد. کامەران بە خەندەیەکی گەورەوە وەک ئەوەی ڕۆژێک بێت لە هەرە ڕۆژە ئاساییەکانی ژیان پێشوازی لە مەنگوڕ کرد. مەنگوڕ بێئەوەی بوار بە کامەران بدات، بە خێراییەکی بێوێنە گەنجەکەی ڕەوانەی ماڵەوە کرد و بە کامەرانی گووت کە خێرا هەموو پارەکانی لە قاسەی دوکانەکە دەربهێنێت و شتە گرنگەکانی کۆبکاتەوە و نوسینگەکە قفڵبکات و بڕۆن، چونکە لە چەند سەعاتی داهاتوودا پارتییەکان بۆ بەرگرییەکی ئەوتۆ دەگەنە ئێرە. کامەران سەرەتا گووتی «ها مەنگوڕ، بەڵام هاتنی پارتییەکان ئەو هەموو ترسە گەورەیەی بۆچییە... خۆت دەزانیت من لە سیاسەتدا نیم، خۆت دەزانیت... بەڵام بە ڕاستی حەزدەکەم تۆ ئاگات لە خۆت بێت، تۆ لە حیزبدا بوویت». ئەم سادەییەی کامەران مەنگوڕی بێزاردەکرد. پەلی گرت و بردی بۆ ژووری نوسینگەکەی خۆی و پێیگووت «کامەران، گوێبگرە... من لەم شارە مەلعونەدا پیربووم، حیکایەتێک نییە لە کوچە و کۆڵانی ئەم شارەدا ڕوویدابێت و من نەیزانم. پەنجا ساڵە چی لەم شارەدا قەومابێت لەم کەللەیەمدا چەسپیوە و نایەتە دەرێ، دەزانم خەڵکی ئەم مەملەکەتە چۆن بیردەکەنەوە. هەموو پیاوە گەورەکانی ئەم شارە لە شتی بێمانادا تیاچوون... تێدەگەیت، لە شوێن و ساتی وادا تیاچوون دەبوو لەوێ نەبن، دەکرا لەوێ نەبن. هەموو پیاوە ئازاکانی ئەم شارە بۆ مردن شوێنی خراپ و کاتی خراپ هەڵدەبژێرن. بە قەبری باوکم وایە، سەیرمکە، من لە دوو ساڵ لەوەوبەرەوە دەزانم کە ڕۆژێک ئاموونییەکان دەگەڕێنەوە. ئەوە دیاربوو درەنگ یان زوو بە شێوەیەک لە شێوەکان دونیا دەگۆڕێت و ئەوان دێنەوە شار... تێدەگەیت، من لەیەکەم ڕۆژەوە کە چەقۆکەمان لە کوڕەکەی ئیبراهیم ئەسرین دا دەزانم حیکایەتی ئەم خۆشەویستییەی تۆ تێکەڵ بە هەموو پیس و پۆخڵی شارەکە بووە، بێئەوەی تۆ بتەوێت یاخود من بمەوێت.

ئینسان نازانێت لەم شارە مەلعونەدا حەز لە ژنێک دەکات و سەیردەکات کەوتۆتە شەڕێکەوە نە سەری دیارە و نەبن. من پێتدەڵێم، هەرچییەک بووایە، شتەکان باشتر نەدەڕۆیشتن لەوەی من کردم... بەڵام حەزدەکەم بزانیت من قەڵەندەر ئامووئنم نەکوشت، من قەت فەرمانی وام نەداوە، قەت فەرمانی کوشتنیم نەداوە، بەڵام ئەوە ئێستا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. دوو ساڵ لە مەوبەر ئاموونییەکان نامەیەکیان بۆ ناردم، نامەیەکی زۆر تایبەت کە سەری هەرە باڵای ئاموونییەکان نوسیبووی، ئەو وەخت هەموو وایاندەزانی من قوونی گەورەی ناو مەسەلەکەم... وایاندەزانی من لە ترسا دەڵێم کە فەرمانی کوشتنی قەڵەندەرم نەداوە، بەڵام من ڕاستیم دەگووت، من خراپترین پیاوی ئەم شارەم، هەموو شتە خراپەکانم کردوە کوشتن نەبێت، سوێند دەخۆم کە زۆریش دڵم خۆشە کە هەرگیز کەسم نەکوشتوە، خۆت ئەوە دەزانیت، دوائەوە کە تۆ بە جۆرێکی تر گەڕایتەوە بۆ ئەم شارەو وازت لە چەقۆ و هەموو شتێک هێنا و بۆ خێزانەکەت دەژیت... ئەوە هیوای من بوو. ڕێک ئەوە هیوای من بوو، بە باڵندەکانەوە بێیتەوە و ببیت بە مێردێکی باش بۆ سەوسەن خان. بەڵام ئەوە هیچ لەوە ناگۆڕێت کە لە چەند سەعاتی داهاتوودا ئەم شارە وەک پۆپنەی کەڵەشێر سووردەبێتەوە، سەیرکە من نامەکەم پێیە، تێدەگەیت، بۆ تۆم هێناوە تا لای خۆت هەڵیبگریت، لە نامەکەدا نوسیویانە کە گوایە من تا ماوەیەکی تر دەتوانم خاتر جەم بم و خۆم نەخەمە سەغڵەتەوە، چونکە پێشتر، یەعنی پێش ئەوەی بمکوژن دەبێت بەچاوی خۆم مەرگی عەزیزترین کەسانی خۆم ببینم. سوێنددەخۆم بە قوونی هەرچی شەیتانە کە ئەم ئاموونیانە دەتوانن زۆر بێڕەحم بن... لە دەستیان دێت مرۆڤ لەسەر ساجی گەرم دانێن و سووریبکەنەوە، من قەت وام نەدەزانی. کامەرانی سەلما ئەوان و هەموو شارە مەلعونەکە دەزانێت کە تۆ عەزیزترین کەسی لەلام، ئەو کوڕەیت من تەمەنامدەکرد

لە ژیاندا هەمبووایە... ئێستا لە بەیانییەوە هەزاران خەڵک لەم شارە ڕایانکردوە، بێئەوەی هیچ کێشەیەکی گەورەیان لەگەڵ پارتی یاخود ئامونییەکاندا هەبێت، هەزاران هەڵهاتوون لەبەرئەوەی لووتیان باشتر ئێشدەکات و بۆنی ئەو بەڵا گەورەیە دەکەن کە بەڕێوەیە، تۆ... تۆ... ئەو هەموو شتەت بەدواوەیە دەتەوێت دانیشیت و پەنجە نەجوڵێنیت؟ ئای باوکەڕۆ، تۆ دەبایە لە پێش هەمووانەوە لەم شارە دەرچیت و شوێنی خۆت لەو سەر مەرزە قایمبکەیت. ژیانی تۆ لە مەترسییەکی گەورەدایە... بە قەبری هەموو پێغەمبەران سوێنددەخۆم کە ژیانی تۆ لە مەترسییەکی گەورەدایە، من شتەکان لە بەرچاوت قورس ناکەم، بەڵام گەر وەک هەموو پیاوە ئازاکانی تری ئەم شارە قوونی خۆت خوار دانێیت و نەیجوڵێنیت، من نازانم چی دەبێت... بە قەبری مردوم، نازانم چی دەبێت».

کامەران وەک ئەوەی گەڕابێتەوە دۆخی جارانی، هەمان ئەو سەرسامی و بێوەلامییەی پێوەدیاربوو کە چەند ساڵ لەمەوبەر پێش سەفەرەکەی تووشی بوو. وەک ئەوەی بە تەواوەتی نەزانێت چی دەکات، سەیری مەنگوڕی کرد و گووتی «من سوێندم خواردوە لەم شارە نەچمەدەرەوە... خۆت ئەوە دەزانیت. سوێندیشم خواردوە لە هیچ شەڕێکی دونیادا بەشدارنەبم... لەبەرئەوە نازانم چی بکەم». مەنگوڕ گووتی «گوێبگرە... گەر حەزت لە قسەی ڕووت و بێپێچ و پەنایە، تۆ بکەویتە دەست ئامونییەکان نابیتەوە بە خاوەنی کەوڵی خۆت. گەر بتگرن دەتکوژن... ئەوە ڕاستییەکەیەتی. ئامونییەکان چەند سەعاتێکی تر لێرەن، تێدەگەیت، گەر لەگەڵمدا نەیەیت منیش ناتوانم بڕۆم و بەجێتبهێڵم، ئەوسا هەردووکمان دەکوژرێین... ڕاستیت پێبڵێم حەزم لێ نییە وازوو قوونی خۆم لە جەهەنەمدا ببینمەوە، بەڵام گەر نەیەیت، ئەوا چارم نییە». کامەران بە نیگەرانی و سەرسامییەوە گووتی «مەنگوڕ،

ناتوانـم سەوسـەن و باڵنـدەکان بەجێبهێڵـم... خوایـە تـۆ دەتەوێـت چـی بکـەم... هیـچ پیاوێـک ناتوانێـت ئـەوە بـکات».

مەنگـوڕ گـوتـی «ماوەیەکـی زۆر کەممـان لەبەردەمدایـە بـۆ ئـەوەی بیریکەینـەوە و بڕیاربدەین، ئێسـتا دەرگای نوسـینگەکەت دابخـە و بابڕۆین، دەبێـت سەوسـەن خـان بـەم چیرۆکـە بزانێـت، دەبێـت بزانێـت ژیانـی تـۆ لـە مەترسـیدایە».

لـە مـاوەی نیوسـەعاتدا هەردووکیـان لەبـەردەم کۆشـکی باڵندەکانـدا بـوون، بـەوەدا مەنگـوڕ بـۆی نەبـوو پێبخاتـە کۆشـکەکەوە، گفتوگۆکان لـە بـەردەم دەرگای کۆشـکەکەدا ئەنجامـدران. مەنگوڕ دوای ئـەوەی حورمەتێکـی زۆری نیشـانی سەوسـەن دا، بـە شـێوازی خـۆی بـۆی ڕوونکـردەوە کـە لـە چەنـد سـەعاتی داهاتـوودا پارتییـەکان شـار دەگـرن و دەشـێت ژیانـی کامـەران لـە مەترسیدا بێـت. شـتەکان لای سەوسـەن بێمانـا و کتوپـڕ بـوون، بێئـەوەی هـۆ ڕاسـتەقینەکەی بزانێـت هەسـتیکرد هەمـوو گیانـی دەلەرزێـت، هەسـتی بە ساردییەکی لـە ناکاوکـرد، بە لاوازییـەوە گـوتـی «کامـەران بـڕۆ، بـڕۆ... تـۆ دەتوانیـت بڕۆیـت مـن و گوڵدانچـی لێرەیـن... ئەگـەر مەنگـوڕ مەترسـییەک دەبینێـت باشـترە بڕۆیـت. مـن هەشـت سـاڵ تـۆم بـە دونیـادا نـارد بـۆ ئـەوەی نەکەویتـە شـەڕەوە، ئـاە... کـەی شـەڕ تەواودەبێـت، کـەی بـۆ هەتاهەتایـە شـەڕ لـەم شـارەدا تـەواو دەبێـت. مەنگـوڕ باشـتر دەزانێـت، مـن لای باڵنـدەکان دەمێنمـەوە و باوکـم لەگەڵدایـە، بـەڵام سوێندم بۆبخـۆ بەشـداری شـەڕ نەکەیـت، تفەنـگ هەڵنەگریـت، هیـچ شـتێک نەکەیـت جگـە لـەوەی لـە شـەڕ ڕابکەیـت».

کامـەران سـەیری ئـەو ڕەنگـە سـپییەی کـرد، سـەیری ئـەو لـەرزە لـە نـاکاوەی کـرد، لـەرەی دەنگـی، ئـەو هەناسـە باریـک و دەنگـە ناسـکەی، ئـەو غەمـە لـە نـاکاوەی پەرپیـووە سـەر ڕوخسـاری. نەیدەتوانـی بەجێیبهێڵێـت، بـەڵام چـی دەبێـت گـەر مەنگوڕیـش لەگەڵیـدا بمێنێتـەوە و ئامۆژگارییـەکان

بیگرن و بیکوژن... ئەوە ئازارێکی وەها لە دڵیدا دروستدەکات لەوانەیە بەرگەی نەگرێت. ئەی ئەگەر ڕۆیشت و نەیتوانی بگەڕێتەوە؟ ئەی دەبێت تا چەند ساڵی دی لە ترسی ئاموونییەکان ڕابکات؟ ئەی ئەگەر بارودۆخی سیاسی گۆڕا و نەیتوانی سەوسەن ببینێتەوە؟ ئەی گەر ئاموونییەکان ئازاری سەوسەنیان دا؟ . کامەران دەیزانی کە ناتوانێت وەڵامی هیچ یەک لەو پرسیارانە بداتەوە، بەڵام دڵنیابوو گەر ئەو نەڕوات مەنگوڕیش دەمێنێتەوە و لەوانەیە بکوژرێت، خۆی هەستی بە مەترسی نەدەکرد، پێیوابوو ترسەکانی مەنگوڕ دەربارەی شوێنی ئەو لە چیرۆکەکەدا لە جێگای خۆیدا نییە. هەموو دونیا دەزانێت کە لە کاتی کوشتنی قەلەندەر ئاموون و ڕوداوەکانی دیکەشدا ئەو لە وڵات نەبووە، هیچ کەسێک نییە ئەوە نەزانێت، بەڵام مەنگوڕ پێیگووت «لەم شەڕەدا برا برای کوشتوە، چەندین کەس دەستی چۆتە خوێنی کەسی خۆی... وامەزانە کەس ڕەحم بە تۆ دەکات».

دوای ڕاڕاییەکی زۆر کامەران پلانێکی هەبوو، کە دەبایە جێبەجێیبکات.

لەگەڵ سەوسەندا چووە ژووری بۆ ناو کۆشکەکە، خۆی گۆڕی و بێ ماڵاواییەکی ڕاستەقینە سەوسەنی ماچکرد و گووتی «سەوسەن مەترسە، هەرچییەک بوو دەبێت ئازا بیت... تێگەیشتیت... دەبێت ئازابیت، من تا بکرێت زوو دەگەڕێمەوە، بەڵام ئاگات لە باڵندەکان بێت، مەچۆرە دەرەوە... زۆر ئاگات لە خۆت و باڵندەکان بێت، من زۆر زوو دەگەڕێمەوە».

کە کامەران لەگەڵ مەنگوڕدا ڕۆیشت، سەوسەن هەستی بە ساردییەکی گەورەکرد، هەستیکرد باڵندەکان جۆرە بێدەنگییەکی سەنگین و قورس دایگرتوون، ڕۆژێکی زۆر گەرم بوو، لەگەڵ ئەو گەرمییەشدا سەوسەن هەستیکرد دەبێت خۆی بە شتێکی دی داپۆشێت، بەڵام شتێکی ئەوتۆی دەست نەکەوت لە خۆی بئاڵێنێت. باوکی لە بەیانییەوە بەدوای هەواڵدا بەردەوام گوێی لە ڕادیۆکان دەگرت، لە ڕۆژدا چەند جارێک کوپێک چای

هەڵدەگرت و دەچووەماڵی باڵندەکان و لەگەڵ تەیرەکاندا قسەیدەکرد. سەوسەن سەرنجیدا ماوەیەکە گوڵدانچی زۆر لەگەڵ باڵندەکاندا قسەدەکات، هێدی هێدی ئەو قسەکردنە زۆرە دەیترساند، بەڵام فیکرەت هەموو جارێک بە پێکەنینەوە دڵنیایدەکردەوە کە شتەکان ئاساییین و هێشتا عەقڵی لە جێگای خۆیدایە و شێت نەبووە. دوای ڕۆیشتنی کامەران بە سەعاتێک سەوسەن چووە ناو باڵندەکانەوە، چەندە هەوڵیدا دەنگی باڵندەکان لەم ساتی ترس و دڵتەنگییەی دوور بخەنەوە، بەڵام دەنگەکان بۆ هیچ جێگایەکیان نەبرد، هەستیکرد ئەمڕۆ بەچڕی و بە هەموو هەستەکانی لەم ماڵەدا و لەم شارەدا دەژی و هەرچییەک بکات ناتوانێت لە شوراکانی ئێرە دەرچێت.

٥٣

ئێوارەی یەکەم لەتیف ئاموون هەندێ خاڵی پشکنینی لەسەر شەقامە گشتییەکان جێگیرکرد، دۆشکەکانیشی لەسەر هەندێک شوێنی بەرز دامەزراند و گەڕایەوە بۆ بارەگا سەرەکییەکەی خۆی. گەرچی دوو ساڵ بوو خەونی بەوەوە دەبینی بگەڕێتەوە بۆ ئەم شارە و دووبارە کوچە و شەقامەکانی ببینێتەوە، کەچی ئێستا نە دڵی بەم سەرکەوتنە ئاسانە خۆشبوو، نە ئەم گەڕانەوە کتوپڕە شادومانیدەکرد. شتێک لە ناوەوە دڵی دەگوشی کە نەیدەزانی چییە، شارەکە بە ئەندازەیەک چۆڵبوو، نیگای شەقامە خاڵی و بێڕۆحەکان لە گەرمای خنکێنەری ئەم عەسرەدا بەجۆرێک ماندووکەربوون، مرۆڤیان تووشی نائومێدی دەکرد. کە گەڕایەوە بارەگاکە ناردی لە ماڵی یەکێک لە هاوڕێکانییەوە خواردنیان بۆ هێنا. دوای نان خواردن، کەمێک بە پشتێنەکەی دەست و دەمی سڕی و لەسەر مێزەکە هەندێ بروسکەی خێرا و نامەی هەواڵنێرە بێتەلەکانی خوێندەوە کە لە شوێنی جیاواز جیاوازەوە لە ورد و درشتی جوڵاندنەوەی هێزەکان ئاگاداریاندەکردەوە. زۆربەی بەرپرسە مەیدانییەکان دەیانویست بزانن چۆن لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا بجوڵێنەوە کە شار چۆڵدەکەن و پەیتا پەیتا بەرەو دەرەوە هەڵدێن. لەتیف بەدەم چا خواردنەوەوە بە قەڵەمدارەکەی خۆی گووت، نوسراوێک ئاراستەی هێزەکان بکات دەست بۆ هیچ کەسێک نەبەن و لێگەڕێن خەڵک بێ ڕێگریی هاتوچۆبکەن. قەڵەمدارەکە کوڕێکی

گەنجـی باریکەڵـە و درێـژ بـوو، سـەیری لـەو فەرمانـە هـات کـە لەتیـف ئامـوون بـێ گەڕانـەوە بـۆ سـەروو خـۆی بڕیـاری دابـوو. کوڕەکـە دڵنیابـوو ئەمـە هەمـوو ئاموونییەکانـی تـر کـە هاتبـوون تۆڵەبکەنـەوە و لەسـەر شـەڕ گەرمبـوون تـوڕەدەکات. بـەڵام ئـەو هەستی بـە تەمەڵییەکـی زۆر دەکـرد، تەمـی ڕووداوەکانـی ئـەم دوو ڕۆژە بەجۆرێکـی گـەورە بەرچاویـان گرتبـوو، وەک ئـەوەی لـە نـاوەوە ئارەزوویەکـی ڕاسـتەقینەی نەمابێـت بـۆ درێـژەدان بـەم جەنگـە، وەک ئـەوەی لەدڵـەوە بخوازێـت دوژمـن و نەیارەکان، ئەوانـەی ئـەو دەبێت بەدوایانـدا بگەڕێـت و بیانکوژێـت، بەخێرایـی شـار چۆڵبکـەن و خۆیـان بشارنەوە و ئەرکـی سەرشـانی ئـەو سـووکبکەن. کـوڕە قەڵەمدارەکـە لـە خاوی و تەمەڵـی لەتیـف ئاموونـدا ئـەوەی خوێنـدەوە کـە دەیەوێـت ماوەیەکـی درێـژ ببەخشـێتە ناحـەزەکان هەڵبێـن و لـە شـاردەرچن. هەمـوو دەیانزانـی هەوڵـی وەهـا بێهودەیـە، لـەدەرەوەی ژوورەکـەی لەتیـف ئامـوون ئەوانـی دی بێئۆقـرە چاوەڕوانـی فەرمانێکـی ڕاسـتەوخۆیان دەکـرد، تـا بێوچـان دەسـتبکەن بـە گـەڕان بـەدوای ئـەو کەسـانەدا کـە لـە لیسـتی گـەورەی ئاموونییەکانـدا بـوون. کەمتەرخەمـی ئـەو ئێوارەیـەی لەتیف هەموانی سەرسـامکرد. سـەعات هەشـتی شـەو چوارکـەس لـە بـەردەرگای ژوورەکـەی لەتیفـدا وەسـتان و داوایانکـرد چاویـان پێیبکەوێـت، لەتیـف لـە ژوورەوە لـە ژێـر پانکەیەکـی بچکۆڵـەدا جامەنەکەی داگرتبوو و بەسەری ڕووتی لە سـەر کورسـی و مێزێک دانیشـتبوو و بیـری لـە نوسـینی نامەیـەک بـۆ نوسـینگەی عەسـکەری حیـزب دەکـردەوە. میوانـەکان برایـەک و ئاموزایـەک و دوو خاڵـۆزای قەلەنـدەر ئامـوون بـوون. هـەر چواریـان نائـارام و تـوڕە دیاربـوون، پێیانڕاگەیانـد کـە نواندنـی خاوێتـی لـە گـەڕان بـە دوای بکوژانـی قەلەنـدەردا وادەکات هەلـی تۆڵەکردنەوەیـان سـات دوای سـات لاواز و لاوازتـر بێـت، هـەر چواریـان لـەو بڕیـارە توڕەبـوون کـە دەرفەتـی دابـوو، خەڵـک لـە هەمـوو قوڵەکانـەوە شـار چۆڵبکـەن. لەتیـف بـە خـاوی و کەمتەرخەمییـەوە پێیگووتـن، ئـەو کەسـانەی ئـەوان بـۆی دەگەڕێـن لە

شاردا نەماون، بەپێی زانیارییەکان لە دوێنێ شەوەوە لە شار دەرچوون و بەرەو سنوور هەڵهاتوون. بە ساردی و هێمنییەوە پێیگووتن بە بڕوای ئەو گەڕان لە شاردا سوودێکی نییە و سبەی دوای پشوویەکی یەک شەوانە، هێزەکانی خۆی بەرەو سنوور دەجوڵێنێت و دوای هەڵهاتووەکان دەکەوێت. قسەکانی لەتیف بۆ میوانەکان نائومێدکەر بوو، ئەوان دەیانویست خەڵکی شار تۆڵەیان ببینن، هەر چواریان بەدەنگێکی بەرز داوایان لە لەتیف کرد هێزیان بداتێ تا چیتر کات بە فیڕۆ نەدەن و دوای بکوژانی قەلەندەر بکەون. براکەی قەلەندەر گووتی، خاوی و دانیشتن لەساتی وادا هێندەی تر ئابڕوویان دەبات و دەبێت شتێک بکەن حەیا و نرخیان بە ڕاستی هەستێنێتەوە. لەتیف ئاموون کە ئێستا بە حوکمی ناچاری بووبوو بە حاکمی بەشێکی شار، بەلایەوە قورس بوو دوای ماندوێتی ئەو دوو ڕۆژە لە شەوێکی واگەرمدا لە ژوورەکەی بچێتەدەرێ و ماڵان بپشکنێت. هەموو دەیانزانی لەتیف پیاوێکی کردەو ئازایە، بەڵام قسەکردن و دانیشتنی لە ژێر هەوای پانکەکەدا ئەو سەرنجەی جێدەهێشت کە شەڕی بەردەوام و دووردرێژ ماندوویانکردوە. دوای سەعاتێک قسەکردن لەتیف ئاموون بە دەموچاوی پیاوێکەوە کە هەر ئێستا دەیەوێت بخەوێت، جامانەکەی کردە سەری و کڵاشەکانی لەپێکردەوە و لەگەڵ چوار میوانەکە و هێزێکی بچکۆلەدا چووەدەرێ. دڵنیابوو ئەوە نەبێت کە دوای ئەم جەنگاوەرە تووڕانەبکەوێت، چارێکی تری نییە. براکەی قەلەندەر ئاموون چاوساغیان بوو، ئەو لە هەر کەس زیاتر پلان و هەوای تۆڵەی لەسەردا بوو. یەکەم جار چوون بۆ ماڵی قەپۆز جوقلی، کەدەرگاکانیان شکاند و چوونە ژوورێ دڵنیابوون کەس لە ماڵەکەدا نادۆزنەوە، تاریکییەکی سەنگین و کوشندە هەموو ماڵەکەی خنکاندبوو، بە کۆمەکی دوو لۆکس و چەند لایتێکی گەورەی دەستی ماڵەکەیان ژووراو ژوور پشکنی، قەپۆز لە ماوەی ڕابوردوودا بووبوو بە بەرپرسی یەکێک لە بەندیخانەکانی یەکێتی، بەڵام شتێکیان نەدۆزییەوە

شایەنی بایەخ بێت، دواجار ئەلبومی وێنەکانیان دەرهێنا و ئاگریان لە ماڵەکە بەردا و هاتنەدەرێ. ئەو شەوە تا دوازدەی شەو ماڵی هەر یەک لە سامانی کیسرا و هوشەجوجەشیان سووتاند، ماڵەو ماڵ بە خۆیان و لۆکس و لایتەکانیانەوە دوای برا و کەسی نزیکی ئەواندا گەڕان، بەڵام کەسیان دەست نەکەوت. لەگەڵ نوشوستی هەموو پشکنین و گەڕانێکدا ئاموونییەکان تورەتر و نائومێدتر دەردەکەوتن، هیستریانەتر دەرگاکانیان دەشکاند و دەچوونە ژوورێ، تورەتر شتومەکەکانیان دەدا بەسەر یەکدا، ناحەزانەتر نەوتیان بە ماڵەکاندا دەکرد و دەیانسووتاندن. لەتیف ئاموون چەندجارێک هەوڵیدا هێزەکەی خۆی لە جێگایەکدا جڵەوبکات و بیانوەستێنێت، بەڵام نەیتوانی... لە نزیکی سەعات یەکی شەودا لە ماڵی مەنگوڕی بابەگەورە، ئەلبومی وێنەکانیان دەرهێنا و ئاگریان لە خانووەکەی ئەویش بەردا. لەتیف زۆری هەوڵدا لەوێدا بوەستن، بەڵام ئاموونییەکان سووربوون لەسەر ئەوەی بەر لەوەی خۆرهەڵبێت و ڕۆژ بێتەوە ماڵی کامەرانی سەلماش بپشکنن، دواجار پێویستیان بەوە بوو لە یەک شەودا، کە هێشتا شەڕ گەرمە، هێشتا کەس هۆشی بەخۆیدا نەهاتۆتەوە، ئەم چیرۆکە کۆتایی پێبهێنن. هەموو دەیانزانی کە بەیانی خۆرهەڵات، شار لە خەو هەستا، شەوێک بەسەر نیشتەجێبوونی هێزەکانی حیزبدا تێپەڕی، هەستکردنی مرۆڤ بە سنووری خۆی دووبارە زیندوودەبێتەوە، ئیتر دەرفەتی پەشیمانی زیاتر و ئەگەری پاشگەزبوونەوە گەورەتر دەبێت... ئەوەی دەکرێت دەبێت لەم شەودا بکرێت... هەر ڕقێک هەیە دەبێت ئەمشەو خاڵیبکرێتەوە.

لەسەعاتی سێی بەیانیدا هێزەکانی لەتیف ئاموون کە بۆنی دوکەڵ و نەوت و ئاگریان لێدەهات گەیشتنە بەردەم کۆشکی باڵندەکان... لە سەعاتێک بەر لە گەیشتنی ئەوانەوە باڵندەکان تەواو بێدەنگ بوویبوون، بێدەنگییەک کە ترس و چاوەڕوانی، نەوەک زوڵمەت و خەو چاندبووی.

٥٤

لـه سـەعات یـەک و نیـوی هەمان شـەودا سەوسـەن فیکـرەت خەبـەری بـووەوە و لـە تاریکییەکـەدا دەسـتی کوتـا و دەسـتی بـەر لەشـی کامەرانـی مێردی کـەوت کـە بـە جلـە کوردییەکانییـەوە لە جێگاکـەدا خەوتبوو. تاریکی ژوورەکـە زۆر چڕبـوو، سەوسـەن چـاوی نەیدەبینـی، بـەڵام نەیدەزانـی کـەی کامـەران گەڕاوەتـەوە، سـەعات دەی شـەو کـە خـەوت کامـەران هێشـتا لـە مـاڵ نەبـوو. لای وابـوو کامـەران لەگـەڵ مەنگوڕ و خەڵکانێکـی زۆری دیکـەدا لـە ترسـی تۆڵـە هەڵهاتـووە. بەرلـەوەی چـرا دەسـتییەکە دابگیرسـێنێت، تـەواوی هەسـتی خـۆی لـە تاریکییەکـەدا کۆکـردەوە و بۆنـی بـە سـنگی کامەرانـەوە کـرد... وەک هەمیشـە بۆنـی باغەکانـی دونیـای لێدەهـات، بۆنـی کەشـتی دوور، بۆنـی بـا کـە بەسـەر کێڵگـەی نێرگسـدا تێپەڕیـوە، بۆنـی ڕاوکـەرە مانـدووەکان، بۆنـی میـوەی شـارە دوورەکان و هـاڵاوی قـاوەی قاوەخانەکانـی ئـەو سـەری دونیـا... دوای دوو سـاڵ لـە گەڕانـەوەی کامەرانـی سەلما هێشـتا بۆنـی وەک ئـەو ساتە وابـوو کـە لـە گەشـتە درێژەکـەی بـە جیهانـدا گەڕایـەوە. سەوسـەن ماوەیـەک لـە جێگاکـەدا دانیشـت و تەنیـا گوێـی لـە مشـەی دەگـرت، پـاش ماوەیـەک هەستیکرد زۆر پێویسـتی بەوەیـە ببینێـت، بـە ئەسـپایی فانۆسـەکەی داگیرسـاند و سـەیریکرد، لـە ڕەنگـە شـەرابییەکەی، لـە بـرۆ ڕەشـەکانی، لـە خـاوی قـژی، لـە چاڵـی چەناگـە و ڕێکبـڕی ڕوخسـاری وردبـووەوە... سـەیری لـە بێدەنگـی باڵنـدەکان هـات،

شەوانی تر ئەم کاتە بولبولەکان جارجار جریوەیەکیان لێدەهات، بەڵام ئەمشەو هەموو بە ئاگا و بێدەنگ بوون. ئارەزوورییەکی گەورەی هەبوو کامەران هەستێنێت و لەگەڵیدا بخەوێت، بەڵام بێدەنگی باڵندەکان هێند قورس بوو، پەشیمانیکردەوە. لە تاریکیدا هەستا و چووە بەر پەنجەرەکان... ڕۆشنایی هەندێ ئاگری دووری بینی، بەڵام بێئەوەی لە هیچ دڵنیابێت گەڕایەوە ناو جێگاکەو حەزیکرد بخەوێت، لە ناکاو هەستی بە ماندوێتی و سەرئێشە و خاوییەکی گەورە لە لەشیدا کرد، لەمێژبوو بەو توندییە هەستی پێ نەکردبوو. نەیزانی کەی خەوی لێکەوتۆتەوە، بەڵام کە بە ئاگا هاتەوە دوو سێبەری زەبەلاح لەسەر سەری بوون. چەند ساتێک دواتر زانی ئەو دوو پیاوە یەکێکیان لەتیف ئاموون و ئەوی دیکەیان هاجەر ئامونی برای قەلەندەرە. لەتیف ئاموون وەک یەکێکی زۆر ئازیزی خۆی لە خەو هەستێنێت، بە هێمنی دەستی خستە سەر جێگاکەی سەوسەن و بە ئەسپایی گووتی «خانم هەستە... هەستە... ئێمە لێرەین». کامەران و سەوسەن هەر دووکیان لەسەر چرپەکانی ئاموون ڕاچڵەکین، لەتیف ئاموون بۆ ئێستێک سەیری لە هێمنی خۆی هات، بەڵام نەیزانی دەبێت بڵێت چی، نەیزانی بۆ وا هێمن و لەسەرەخۆ و بەڕەفتارە. کامەران لە شوێنی خۆی هەستا و بێئەوەی هیچ بڵێت سەیری هەر دوو پیاوەکەی کرد و سەیری سەوسەنی کرد، هێشتا هەر لەخەودا بوو، هێشتا ڕوون نەیدەبینی، وەک بەدەم خەوەوە بێت گووتی «باڵندەکان لە دارستاندا وننابن». کەسیان تێنەگەیشتن کامەران مەبەستی چییە، بەڵام بەر لەوەی کاتیان هەبێت بیری لێبکەنەوە، سەوسەن بە دەنگێکی گریاو و ترساوەوە گووتی «ئێوە کێن؟». لەتیف ئاموون سەیریکرد و گووتی «مەترسە سەوسەن خان، مەترسە». سەوسەن سەیری دەرەوەی کرد و هەستیکرد بەر پەنجەرەی ژوورەکەی پڕە لە خەڵکانی تر، فیکرەتی پیری بینی لەدەرەوە بە

تورەیی لەگەڵ هەندێ کەسدا قسەدەکات، ڕوناکییەکی گەورە هەموو هەیوانەکەی ڕوناککردبووەوە، فیکرەت بە نائارامییەکی زۆرەوە خۆی کرد بە ژووردا و سەیری لەتیف ئاموونی کرد و گووتی «هەڵکوتانە سەر ماڵان لە شەوی وەهادا... هیچ نییە جگە لە ڕەوشتێکی ناشیرین، ها بەڕێز لەتیف ئاموون، خۆت دەزانیت من چەند ساڵ دۆستی هەمووتان بووم، تێدەگەیت، لە ماڵی خۆمدا پێشوازیم لە ئێوە کردوە، ئەوەی تۆ دەیکەیت... سەعات سێی شەو بدەیت بەسەر ماڵی مندا ڕەوشتی ئەمنە کۆنەکانم بیردەخاتەوە... تێدەگەیت، بۆ ئەوەی بتوانین قسەبکەین و تێبگەم بۆ ئەم هەموو هێزەت هێناوەتە سەر ئەم ماڵە، هەر ئێستا ئەم چەکدارانە لە حەوشە و هەیوانی من دووربخەرەوە». تورەیی فیکرەت، کامەرانی بە ئاگاهێنایەوە، ئێستا دەیزانی کە ئاموونییەکان لێرەن. هاجەر ئاموون بە هێمنی گووتی « فیکرەت گوڵدانچی، بەداخەوە لە ماڵەکەی ئێوەدا کەسێک هەیە کە ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین... کەسێک دەبێت لەگەڵ خۆماندا ببەین». فیکرەت گووتی «لە ماڵی مندا کەسێکی تێدا نییە تۆ ببەیت... ئەوەی تۆ بۆی دەگەڕێیت لێرە نییە. بەڵای هەموو بەڵاکان ئەوکاتە دەست پێدەکات کە مرۆڤ نەتوانێت خەتابار و بێ خەتا لە یەک جیابکاتەوە». هاجەر بە تورەییەکەوە گووتی «بەڵام خەتای هەموو خەتاکان ئەوەبوو تۆ کچەکەی خۆت دا بەو کەسانەی کە براکەی منیان کوشت». فیکرەت دەستی بەرزکردەوە و گووتی «ئەوانەی براکەی تۆیان کوشت دیارن، خەڵکی ئەم شارە هەموو دەزانن بکوژانی براکەی تۆ کێن، هەمووش دەزانن کە ئەوان بۆیان نییە پێ بنێنە ماڵی من... لەبەرئەوە جەنابت بە هەڵە خۆت کردوە بە ماڵی مندا».

لەو کاتەدا کە فیکرەت گوڵدانچی بێئارام دەینەڕاند. هەندێک لە ئاموونییەکان لە بەشەکانی دیکەی کۆشکەکەدا خەریکی شت شکاندن و ڕشتنی نەوت بوون بۆ ئەوەی کۆشکەکە بسووتێنن، هەندێکیان

دزەیانکردبــووە ماڵــی باڵنــدەکان و سەرســامانە ســەیری مەلــە ترســاو و بێدەنگەکانیـان دەکـرد. لەتیـف لـە گەرمـەی گوێگرتـن لـە هاتوهـاواری نێـوان فیکـرەت و هاجـەر ئامووندا بیریکەوتــەوە کـە دەشـێت چەکـدارەکان لەسـەر هەمـان هــەوای پێشــوو بــڕۆن و ئێــرەش ئاگـردەن، بـە خێرایـی لـە ژووری خەوتنەکــە چــووە دەرێ و بــە تووڕەییــەوە مێزەکــەی خــۆی لــە کۆشــکەکە کـردە دەرێ و نائومێدانــە قیژانـدی کـە هیـچ کـەس نابێـت دەسـتکاری هیـچ شـتێک لـەم ماڵــەدا بـکات، هیـچ شـتێک.

تووڕەیـی لەتیـف ئامـوون بەجۆرێک بوو ئاموونییەکانـی دی وەئاگاهێنایەوە، هاجــەر هاتــەدەرێ و بـۆ هێورکردنــەوە هەمــووان گووتــی «لێــرە جگــە لــە کامەرانـی سـەلما هیـچ شـتێکی دیکـە نابەیـن... هیـچ شـتێکی دیکـە».

هــەوای ســەرەتای ئەیلـول هێشـتا هــەر گــەرم بــوو، کـە کامەرانیـان سـوار ماشـێنەکە کـرد، سەوسـەن تەنیـا سـەیریدەکرد و هیچـی تـر، کـەس لەوانـەی لەوێدا بوون هیچیان لێ نەبیسـت، سـەیری ڕوخسـاری عارەقاوی چەکدارەکانی دەکـرد و بێدەنـگ بـوو، گوێـی لـە تووڕەبوونەکانـی باوکـی دەگـرت و بێدەنـگ بــوو، بۆنــی نەوتــی ڕژاوی دەکــرد و بێدەنــگ بــوو، ســەیری سەرسـامی و دەستەوەسـتانی کامەرانـی دەکـرد و بێدەنـگ بـوو. دڵنیابـوو ئـەوەی کامەرانی ئیفلیجکـردوە، ئـەوەی وای لێکـردوە ئـاوا بەبێدەنگـی لەگـەڵ ئـەم چەکدارانـەدا بـڕوات، ئـەو سـوێندە گەورەیەیەتـی کـە هەرگیـز شـەڕنەکات.

هاوارەکانـی فیکـرەت گوڵدانچـی تەنیـا کچەکـەی و کۆشـکی باڵندەکانـی ڕزگارکــرد، بــەڵام نەیتوانـی ڕێگــری لــە بردنـی کامــەران بــکات. کــە ئاموونییــەکان ڕۆیشــتن، فیکــرەت لــە بــەر هەیوانەکــە لەســەر پلەکەیــەک دانیشــت و دەســتیکرد بــە گریــان، نزیکــی دە ســاڵ لەمەوبــەر لــە ترســی شــەڕ هەڵهاتبــوو بــۆ ئــەم شــارە، هەمــوو شــتێکی کردبــوو بــۆ ئــەوەی جەنــگ ڕوونەکاتــە ماڵەکــەی، ڕوونەکاتــە ژیانــی کچەکانــی، بــەڵام ئێســتا دوای دە ســاڵ، دوای ئــەو ســووڕە گەورەیــەی زەمــان، جەنــگ لــە بەرگێکــی تــر

و شێوەیەکی تردا بەر دەرگای پێدەگرتەوە... ئێستا پێکەوە لەگەڵ سەوسەندا لەسەر پلەکەکان دادەنیشتن، فیکرەت دەگریا و سەوسەن سەیری ئاسمانی دەکرد، هەر دووکیان دڵنیابوون کە هەرگیز ناتوانن لە گەمارۆی جەنگ دەرچن.

شتەکان زۆر خێرا تێپەڕین، لەتیف ئاموون لە قووڵایی دڵەوە باوەڕی بە پاکی کامەرانی سەلما هەبوو، گەر توانای هەبووایە هەر ئێستا ئازادیدەکرد، بەڵام پلەوپایەی لە عەشرەتدا بەرتەقای پلە حیزبییەکەی نەبوو، لە سەروو ئەوەوە دەیان هێز و یاسا و دەستووری نهێنی هەبوون کە دەسەڵاتی ئەویان بچوک و بچوکتر دەکردەوە. ئەو لە ئێوارەدا ڕاپۆرتێکی کورتی خوێندبووەوە کە دەڵێت کامەرانی سەلما دەمەونیوەڕۆ لەگەڵ مەنگوڕدا شاریان بەجێهێشتووە، بەڵام گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە و خەوتنی بەو چەشنە بەجلە کوردییەکانییەوە توڕەیکرد، لە دڵی خۆیدا هاواریکرد «تۆ چ نەفامێکی گەورەیت... چ بێمێشکێکی گەورەیت، لە ڕۆژێکی وەهادا چۆن لە شاردا دەمێنیتەوە». ئێستا دڵنیابوو ئەو سەفەرە درێژە بە دونیادا زۆر شتی بیر کامەران بردۆتەوە. لەتیف ئاموون هیچ ئارەزوویەکی نەبوو قسە لەگەڵ کامەرانی سەلمادا بکات، نە لەبەرئەوەی نەیدەویست، بەڵکو دەیزانی هەر قسەیەکی لەگەڵدا بکات دواتر وەک مەراقێکی گەورە لە دڵیدا دەمێنێتەوە... کوڕەکە لەوە گەنجتر و جوانتر بوو، بکوژرێت... دڵنیابوو گوناهیشی نییە، دڵنیاش بوو هەر وشەیەک ئەمرۆ بگوترێت، سبەی لە یادەوەریدا ئازاری گەورە جێدەهێڵێت. کە بە چەکدارەکانی گووت لە یەکێک لە ژوورەکاندا بیبەستنەوە و دەرگای لەسەر کلیلدەن، دەیزانی هەرچییەک بکات بێهودە و بێمانایە، دڵنیابوو گەر کامەرانی سەلما لە ژوورەکەی خۆشیدا بخەوێنێت، شانسێکی ئەوتۆی نییە و ئاموونییەکانی دی هەر دەیکوژن. لە ئێوارەوە هەموو بۆ قوربانییەک دەگەڕان، بۆ شتێک دەگەڕان توڕەیی و نائومێدی دووروودرێژی

خۆیانی تیا خاڵیبکەنەوە... هەستیکرد پاڵنەرێکی ئەوتۆ و بەهانەیەکی هێند گرنگی نییە تا ڕێگری لە کوشتنی کامەرانی سەلما بکات. ماندوێتی و گەرما وایان دەکرد نەتوانێت بە ڕوونی بیربکاتەوە، دواجار هەموو شەڕێک پێویستی بە چەند قوربانییەک هەیە، بۆ جەنگاوەران ناخۆشترین شەڕ ئەوەیە خوێنی تێدا نەڕژێت. لە ئێوارەوە کە هاتبوونە شار، هیچ حاڵەتێکی تەقە و بەرگریکردن ڕووی نەدابوو، لە ناو شاردا بریندار و کوژراو نەبوو... لەتیف ئاموون شەرمەزاردەبوو گەر دواتر وەک سەرکردەی ساردترین و بێڕۆحترین شەڕی ناو مێژووی ئێمە باسبکرێت. بەڵام ئێستا ماندووبوو، بێئەوەی خۆی زۆر سەغڵەتبکات، فەرمانی بە قەڵەمداری مێزەکەی دا جێگای بۆ ڕابخات و بخەوێت، کە چووە ناو جێگاکەوە دڵنیابوو سبەینێ کە هەڵدەستێت چ هەواڵێک چاوەڕوانیدەکات. بەڵام ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە بە جۆرێک بڕستیان لێبڕی بوو، وەک کەسێک کتوپڕ بێهۆش بووبێت خەوی لێکەوت و لە خەویدا خەونی بەوەوە بینی کە خەبەری دەبێتەوە و خۆی لە سەر زەوییەکی دی و لە جیهانێکی تردا دەبینێتەوە کە زۆر لەم شارە و لەم جەنگەوە دوورە.

کوشتنی کامەرانی سەلما لە نێوان چواری بەیانی و شەشی بەیانیدا ڕوویدا، هۆی مردنەکە یەک فیشەک بوو، نرابوو بەسەر سنگییەوە. تا ئێستا کەس نازانێت بکوژەکە کێیە، تاوانەکە بەشێوەیەک لە نێوان ئامووونییەکاندا شاردراوەتەوە و بەشکراوە، مرۆڤ گومانی لە هەموویان بێت و گومانی لە کەسیش نەبێت. ئەوە ئەو خوێنە بوو کە ئامووونییەکان پێویستیان پێیبوو تادواتر بە هەستێکی ڕاستەقینەی شەرەف و سەرکەوتنەوە لەم شارەدا بژین. کوشتنی کامەران تەنیا جۆرێک نەبوو لە تۆڵە، بەڵکو جۆرێک بوو لە سروت و ڕیتواڵی پێویست کە دووبارە شوێن و سێبەری ئەوانی لە ژیانی ئێمەدا دەچەسپاندەوە. هەموو خۆشحاڵ بووین کە شارەکە بێکوشتارێکی ڕاستەقینە و شەڕی کۆڵانەو کۆڵان گیرایەوە، بەڵام

بەوەدا لە دابونەریتی سیاسەت و عەشیرەتدا سەرکەوتنێک نییە بەبێ خوێن، کوشتنی کامەران وەک ڕەمزی ڕاستەقینەی ئەو سەرکەوتنە لە یادەوەری ئێمەدا بۆ هەتاهەتایە مایەوە. لەسەعات شەش و نیوی بەیانیدا لاشەکەی کامەران کە لە بەتانییەکی ڕەشەوە پێچرابوو لە بەردەرگای مزگەوتی گەورەی شاردا دانرا. تا نزیکی سەعات هەشت کەس نەیوێرا بچێت بەلایدا، لە سەعات هەشتدا دوو مەلا بە جلی پیاوانی ئاینییەوە لە تەرمەکە نزیک بوونەوە و سەریان لادا، نزیک بوونەوەی مەلاکان کۆمەڵێک ڕێبواری دیکەشی هاندا کە تاک و تەرا بەسەر شەقامەکاندا دەڕۆیشتن لە لاشەکە نزیک ببنەوە، یەکێکیان کامەرانی سەلمای ناسییەوە. لەسەعات نۆدا بە یارمەتی دوو مەلاکە و بە کۆمەکی هەندێک ڕێبواری ڕاگوزەری دی، تەرمەکەیان گواستەوە بۆ ناو مزگەوتەکە. لەسەعات دە دا فیکرەت گوڵدانچی و دکتور ڕەفعەت پێکەوە هاتن بۆ سەیری لاشەکە کە لە ژووری مردوشتنی مزگەوتەکەدا بە جلەکانییەوە لەسەر تەختێکی گەورە دانرابوو. خۆی بوو، کامەرانی سەلمابوو، بە قژە ڕەش و ڕەنگە شەرابی و برژانگە درێژ و ڕەشەکانییەوە، بە هێمنییەکی بێوێنەوە، بە ئارامییەکی زۆر قووڵەوە مردبوو، نیشانەیەکی ترس و تێکچوون لە ڕوخساریدا نەبوو، بەڵکو وەک یەکێک ئاگای لە مردنی خۆی نەبێت، وەک ئەوەی چاوەڕوانی هەستانەوەیەکی نزیک و خێرابکات، وەک ئەوەی سەرخەوێک بشکێنێت و دواتر ڕاست ببێتەوە... وەها دیاربوو.

کە تەرمەکەی کامەرانی سەلما گەیشتەوە، گوڵدانچییەکان زۆربەیان لە بەردەم کۆشکی باڵندەکاندا ئاپۆرەیان بەستبوو. دکتۆر رەفعەت نەیهێشت لاشەکە لەو پیکابە دەربهێنن و بیخەنە پێشچاوی کەس، پێشنیاریکرد سەوسەن بۆ دواجار لاشەکە ببینێت و دواتر ڕاستەوخۆ بۆ شتن بیبەن بۆ نزیکترین مزگەوت. سەرەتا سەوسەن باوەڕی بە هەواڵەکە نەکرد، ئەوەی بەوجۆرە بەخێرایی بێوەژن بکەوێت دواشت

بوو لە ژیانیدا بیری لێکردبووەوە، هەستی بە ئازارێکی زۆر قووڵ کرد، ویستی بگری، بەڵام نەیتوانی، وەک هەمیشە بە نیگایەکی ماندووەوە، بە ڕەنگێکی پەڕیوەوە بە لەرزێکی نهێنی و توندەوە لە لەشیدا باوەشی بە فیکرەتی باوکیدا کرد، باوەشی بە پرۆشەدا کرد، هەموو دەگریان... بەڵام ئەو نەگریا. توند خۆی بەوانەوە نوساند و دڵنیابوو ژیانی بۆ هەتاهەتایە گۆڕاوە، بەڵام هەستەکانی بەجۆرێک ئاڵۆز و بێدەنگ و ناوەکی بوون، لەدەرەوە، لە نیگایدا، لە دەنگیدا مرۆڤ هەستی بە هیچ نەدەکرد، لەو ساتەدا سەوسەن لە ژنێکی مێرد کوژراو نەدەچوو، ڕوخساری کەمێک ترساوبوو، بەڵام ئەو ترسە بەشی ئەوەی نەدەکرد، مرۆڤ وەک خانمێکی کۆست کەوتوو تەماشاییکات، ئێستاش هەر لە منداڵە ڕەنگ پەڕیو و ماندووەکەی جاران دەچوو. دوای کەمێک بە دەنگێک کە وەک دەنگی باڵندەیەکی خنکاو وابوو، داوایکرد بەدەستی خۆی جلە خوێناوییەکان لەبەری کامەران دابکەنێت. پیاوەکان دەستیان گرت و بردیانە سەر لاشەکە. سەوسەن دەستی بە قژی تەرمەکەدا هێنا، ڕوخساری لە ڕوخساری ئەوکاتانە دەچوو کە پێکەوە دەخەوتن و دواتر ماندوو لەسەر باسکی ئەم خەوی لێدەکەوت. بەدەستی خۆی جلەکانی بە هێمنی لەبەر داکەند، ئەو پەڵە خوێنینە گەورەیەی بینی لە ناوەڕاستی سنگیدا، بەدەنگێکی کەمێک سەرسام و بەرز گوتی «کۆتری سینەزامدار... گالیکۆلۆمبا لۆزۆنیکا... گالیکۆلۆمبا لۆزۆنیکا».

هەموو ئەوانەی لەوێدا بوون ئەو باڵندە قەشەنگەیان بیرکەوتەوە کە پەڵەیەکی سوور، وەک شوێنی خەنجەرێک، یان جێگا گوللەیەک لەسەر سینە سپییەکەی بوو. ئەو باڵندە تایبەتییەی دوو ساڵ لەوەوبەر کامەران بەجیا و وەک دیارییەکی تایبەت لە بەرچاوی هەموومان دای بە سەوسەن. سەوسەن دەستێکی لە خوێنی سەر سینەی کامەران دا و بۆنیکرد، خوێنەکە بۆنێکی سیحراوی هەبوو، بۆنی کامەرانی سەلمابوو کە

لەگەڵ هیچ بۆنێکی دیکەی دونیادا نەدەگۆڕدرا. چەندەها جار ناوی ئەو باڵندەیەی لەبەر خۆیەوە گوتەوە، ئێستا بە ڕونی جۆرە لێکچوونێکی بێویژدانانە و دڵڕەقی لە نێوان هەردوو ئەم بوونەوەرە جوانەدا دەبینی. لە بەرچاوی هەموانەوە بۆنی بە هەموو لەشییەوە کرد، هەمان بۆنی سیحراوی جارانی هەبوو، بەڵام ئێستا تێکەڵی بۆساردێک بوو، پێشتر تەنیا لەسەر جەستەی مردووەکان بۆنیکردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بە ئاشکرا بۆنی جیهانی لێدەهات... دڵنیابوو جارێکی تر ئەم بۆنە هەڵنامژێتەوە... لەبری ئەوەی بگری و بەخۆیدا بکێشێت، بە هێمنی چەند جارێک کامەرانی ماچکرد و چەند جارێکی دی قووڵ بۆنیکردەوە، کە پیاوەکان لە پیکابەکە دایانگرت، خەریک بوو بێهۆش دەکەوت، بەڵام هێزێکی ناوەکی ڕایگرت و گوتی «لە دوێنێ شەوەوە باڵندەکان تەواو بێدەنگن». قسەکەی هێندە کتوپڕ و سەیربوو، هەموان کەمێک ڕامان، لەو ساتەدا باڵندەکانیان بیرکەوتەوە و سەرنجی ئەوەیان دا کە بێدەنگی باڵندەکان بە چەشنێک قورسە، بە چەشنێک لەسەر کۆشکەکە نیشتووە، هەموو بێئاگا هەست بە ئامادەیی دەکەن. فیکرەت گوڵدانچی ویستی هەندێک لە جلە خوێناوییەکان لە دەست سەوسەن وەرگرێت، بەڵام ئەو بە غەمگینی گوتی کە خۆی دەیەوێت تەواوی جلەکان بەدەستی خۆی بخاتە دۆڵابی یادگارە تاڵەکانەوە. بەبێدەنگی بە خۆی و جلە کوردییە خوێناوییەکانی کامەرانەوە بە ناو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا ڕۆیشت کە تا دەهات زۆرتر و زۆرتر دەبوون. لەو ساتەدا سەوسەن لەبەرچاوی هەموو ئەوانەی بە ناویاندا تێپەڕی، لە شاژنێکی زامدار دەچوو، لە ساتی جێهێشتنی شانشینی گەورەی خەونەکانیدا.

٥٥

کامەرانی سەلما بۆ ئەوەی مەنگوڕ لە شار دووربخاتەوە و خۆی بگەڕێتەوە بۆلای سەوسەن و باڵندەکان، دەبایە لە ڕێگادا بەرەو سنوور لە جێگایەکی گونجاودا خۆی لە مەنگوڕ ونبکات، بێئەوەی گومانی ئەوەی تیا بجوڵێنێت کە دووبارە گەڕاوەتەوە. ئەو شەوە مەنگوڕ گەیشتە سەر سنوور بێئەوەی ئاگاداربێت کە کامەران لە ژێر باڵی تاریکیدا گەڕاوەتەوە بۆ شار. لە ئێوارەی ڕۆژی دووەمدا هەندێ لەوانەی تازە لە شار هەڵهاتبوون هەواڵی کوشتنی کامەرانی سەلمایان گەیاندە ئەوانەی لەسەر سنووری ئێران گیریانکردبوو. هەواڵەکە وەک باو بروسکە بە ناو هەمواندا تێپەڕی و شەپۆلی دڵتەنگییەکی گەورەی جولاند، لەگەڵ گەیشتنی هەواڵەکەدا هەموو مەنگوڕیان بینی چەند دڵۆپە فرمێسکێکی گەورە لە چاوی هاتەخوار، بەڵام هیچی نەگووت. ئەو شەوە مەنگوڕ لە ژێرباڵی تاریکیدا دای بە کێوە بەرزەکانی سەرسنووردا و ئیتر تا پتر لە دەساڵ نەمانبینییەوە. مەنگوڕ بەرلەوەی لە ئێرانەوە بەرەو دەرەوەی وڵات سەفەربکات، کۆپییەکی تاپۆی خانووەکە و نامەیەکی مۆرکراو وەک وەسێت و بڕێکی ئێجگار زۆر پارەی نارد بۆ سەوسەن و لەگەڵیشیدا تەواوی کۆشکەکەی بۆ ئەو جێهێشت. مەنگوڕ لەگەڵ سەدان کەسی تردا بە کۆمەکی ئەو نەخشە کۆنەی لە دەمێک ساڵەوە کڕیبووی و هەمیشە لە گیرفانیدا بوو لە سنووری ئێران و تورکیا چوو بەودیودا، لەگەڵ دەیان کەسی تردا بەپێ سنووری یۆنانی

بەزاند، بەپێ بە خاکی گریکەکاندا تا ئەسینا ڕۆیشت، لەوێوە بە بەلەم بەرەو ڕۆخەکانی ئیتالیا پەڕییەوە، جارێکی دی بەپێ لە چیاکانی نێوان ئیتالیا و سویسرای دا و لە فەرەنساوە بەرە و بەلچیکا و لەوێوە بەرەو هۆڵەندا ڕۆیشت. ئیتر دە ساڵی تەواو هەواڵی لە ئێمە پچڕا... دەساڵ هیچ شتێکمان دەربارەی نەزانی، هیچ هەواڵێکیمان نەبیست. دوای دە ساڵ لە ئێوارەیەکی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٦ دا وەک پیرەمێردێکی نەخۆش و پەککەوتە کە وەک خۆی دەیگووت «قوونی بە ئەستەم هەناسەی تیا مابوو»... گەڕایەوە و پێیگووتین کە بۆ مردن هاتۆتەوە.

کوژرانی کامەران لە هەلومەرجێکدا ڕوویدا کەس نەیتوانی غەمی گەورەی بۆ بخوات، زۆربەی هاوڕێ و دۆستە نزیکەکانی لە دۆخێکی دژواردا لەسەر سنوورەکان گیریان خواردبوو، یاخود لە شاردا بێدەنگ لە ماڵەکانی خۆیاندا چاوەڕوانی ڕووداوەکانی داهاتوویان دەکرد. دواتریش خوێنی کامەران وەک خوێنی زۆربەی کوژراوەکانی شەڕی ناوخۆ بوو بە ژێر تەپوتۆزی ئەو سەردەمەوە. لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا جارێکی تر پارتییەکان شکانەوە و یەکێتییەکان بە چ خێراییەک هەڵهاتبوون، بە هەمان خێرایی گەڕانەوە و پارتییەکانیش بە چ خێراییەک سەرکەوتبوون، بە هەمان خێرایی شکستیان هێنا و ئامۆنییەکانش جارێکی تر لە زێد و ماڵی خۆیان ئاوارەبوونەوە. تاکە غەمگینی ڕاستەقینە دوای سەوسەن و فیکرەتی باوکی باڵندەکان بوون کە لە شەوی کوژرانییەوە تا چەندین ڕۆژ بێدەنگ بوون... سەوسەن لە ڕۆژانی پرسەکەدا بەردەوام ئەو باڵندە بچوکە سینە خوێنینەی کامەرانی خستبووە سەر سنگی و بە غەمگینی سەیری هەمووانی دەکرد. ئێستا هەموو شار، ناوی ئەو باڵندە بچوکەیان لە بەربوو گالیکۆلۆمبا لۆرۆنیکا... گالیکۆلۆمبا لۆرۆنیکا. منداڵە بچوکەکانی شار لە کوچەکاندا ڕایاندەکرد و وایان دەگووت. سەوسەن لە کاتی پرسەکەدا هێندەی گوێی لە بێدەنگی قورسی باڵندەکان بوو، گوێی

لـە گریانـی کەسـوکارە تەعزێبارەکـەی خـۆی و کامـەران نەبـوو. سەوسـەن گەرچـی ئازارەکانـی زۆر قـووڵ بـوون، بـەڵام بـە فرمێسـک نەگریـا، لـە تـەواوی پرسـەکەدا جگـە لەسەرئێشـەیەکی بـەردەوام، جگـە لـە بێهێزییەکـی گـەورە کـە هێـدی هێـدی دەچـووە خوێنییـەوە هەسـتی بـە هیچـی تـر نەکـرد. لـە ناخـدا پێویستی بەوەبـوو کـە ئـەم هەمـوو ئادەمیـزادە دەورویـەری چۆڵبکەن و بگەڕێتـەوە بـۆ تەنهایـی خـۆی. هەمـوو ڕۆژانـی پرسـەکە هـوزاری لـە باوەشـدا بـوو و بـە هێمنـی سـەیری تەعزێکەرانـی دەکـرد، پێدەچـوو دووروونزیـک پەیوەندییەکـی ڕاسـتەقینەی بـەو دونیایـەوە نەبێـت کـە ئەوانـی دی تیـا دەژیـان و تیـا دەگریـان. نـە ئەوکاتـە و نەدواتـر، هیـچ کـەس شـتێکی تایبەتـی دەربـارەی هەسـتە ناوەکـی و قووڵەکانـی سـەبارەت بـە مردنـی کامـەران لـێ نەبیسـت. بـەڵام سەوسـەن ئیـدی لـەو ڕۆژی مردنەوە تا چەندین سـاڵ کۆشـکی باڵندەکانـی جێنەهێشـت و نەهاتـەدەرێ، هەوڵـی فیکـرەت گوڵدانچـی و پرۆشـە بـۆ هێنانـە دەرەوەی لـەو کۆشـکە بـە جێگایـەک نەگەیشـت. دوای تەواوبوونـی پرسـەکە تاکـە شـتێک بـۆی دەژیـا باڵنـدەکان بـوو، دوای کوژرانـی کامـەران ماوەیەکـی زۆری ویسـت تـا دووبـارە مەلـەکان کەوتنـەوە خوێنـدن و هاتنـەوە دەنـگ، بـەڵام دەنگـی ئێسـتایان لـە گوێـی ئێمـەدا غەمگینتـر دەزرینگایـەوە. ئـەو نرکـە و هاوارانـەی دواتـر لـە باڵندەکانـەوە دەهـات وایانکـرد نـاوی ماڵـی سەوسـەن بگۆڕیـن بـۆ کۆشـکی باڵنـدە غەمگینـەکان. هەنـدێ شـەو ماڵەکـە وەهـا لـە دەنگـی غەمگینـی باڵنـدە پڕدەبوو، ئێمـەی ڕێبـواران کـە ڕاگـوزەر بـە کوچەدا دەڕۆیشـتین وامـان دەزانـی دەنگـی کۆمەڵێـک ڕۆحـی مـردوە لـەو دیـو دەرگاکانـی کۆشـکەوە دەگریـن و شـیوەندەکەن. پەیوەنـدی سەوسـەن لەدوای کۆچـی کامەرانـەوە بـە هەمـوو شـتێکی دیکـەی ئـەو دیـوی کۆشـکەوە، سروشـتێکی سـەیری وەرگـرت، دوای دووسـاڵ و نیـو لـە دابـڕان و بێدەنگـی ئێوارەیـەک نـاردی بـەدوای ئاریـان جەودەتـدا، ئەمجـارە نـە تەنهـا بـۆ ئـەوەی وێنـەی سـەر دیـواری بـۆ بـکات، بەڵکـو بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگـای کامێرایەکـی

فۆتۆگرافی تایبەتییەوە وێنەی بۆ بگرێت. بەوەدا خۆی نەدەچووە دەرێ دەبایە ئاریان هەموو هەینییەک وێنەی گۆڕەکەی کامەرانی بۆ بگرێت، وێنەی شەقامەکان و کوچەکانی شار. سەوسەن چیتر نەیدەتوانی لەگەڵ حەقیقەتی ئەم شارەدا بژی، بەڵکو تەنیا دەیتوانی لەگەڵ وێنەکانیدا هەڵبکات. لە مانگ و ساڵانی دیدا دەستیکرد بە چاندنی گوڵ لە حەوشیماڵەکەدا، هەموو ڕۆژانێکی هەینی چەپکێک گوڵی دەنارد بۆ سەر گۆڕەکەی کامەران. لە ساڵانی داهاتوودا کەمال یەڵداش وەک ئاریان دەبێتە میوانێکی بەردەوامی ماڵی گوڵدانچی، لە پاییزی ئەو ساڵەوە باڵندەکان هێدی هێدی و یەکە یەکە دەکەونە سەر مردن. کەمال یەڵدا هەموو جارێک دێت و بەدەستی خۆی باڵندە مردووەکان دەبات و بە مۆمیاکراوی دەیانهێنێتەوە. هێدی هێدی و ساڵ دوای ساڵ باڵندە مۆمیاکان تەواوی ژوور و ڕاڕەوەکانی ماڵی گوڵدانچی داگیردەکەن. ئاریان جەودەت دێت و وەک جاران بە هێمنی دەکەوێتەوە نیگارکردنی دیوارەکان. ماڵی گوڵدانچی بەجۆرێک پڕدەبێت لە تابلۆ سروشتییە شێتەکان و لە باڵندەی مۆمیاکراو و لە قەفەزی بولبولی غەمگین، مرۆڤ هەر کاتێک دەچێتە ناوی وادەزانێت پێی خستۆتە ناو جەنگەڵێکی دوور و بێهاوتاوە. پڕوشە و دکتۆر ڕەفعەت لەو ساڵانەدا بەجۆرێک سەرقاڵی کارن، بە چەشنێک لە ئیشی خەستەخانە و عیادەدا نوقمدەبن، هوزاری کوڕیان بەشی هەرە زۆری کاتی خۆی لەگەڵ سەوسەن و باڵندەکاندا دەباتەسەر. سەوسەن لە دوای مردنی کامەرانەوە دەستدەکات بەوەی بایەخێکی بێوێنە بدات بەو منداڵە، ڕۆژ دوای ڕۆژ هەوای ناسینی دونیا و گەڕان بەزەویدا لەسەریدا سەوزدەکات. فیکرەت گوڵدانچی کە تا دێت زیاتر و زیاتر لەگەڵ باڵندەکاندا قسەدەکات و بەشێکی درێژی سەعاتەکانی خۆی لەگەڵ باڵندەکاندا دەباتەسەر، ڕۆژێک لەسەوسەن دەپرسێت، چۆن دەبێت کەسێک هەموو ژیانی خەونی بە جیهانەوە بینیبێت ئێستا لە کۆشکێکدا

خۆی دیلبکات و نەچێتەدەرەوە؟. سەوسەن پێیدەڵێت لەبەرئەوەی تەنیا لەم ماڵەدا دەتوانێت هەست بە گەورەیی دونیا بکات، لەدەرەوەی ئەم ماڵە هەموو شەقام و کوچەکانی ئەم شارە جگە لە بچوکی و تەسکی هیچی دیکەی بیرناخەنەوە. فیکرەت ئێستا ئارەزوویەکی نییە وەک سالان، کیژەکە هانبدات بچوکی ئەم شارە قەبووڵبکات، ئارەزوویەکی نییە لەم زیندانە تازەیە دەریبهێنێت کە باڵندە و مۆمیاکان بۆیان دروستکردوە، بە پێچەوانەوە هەستدەکات خۆشی هێدی هێدی بەرەو جێگایەک دوور لەم شەقامە سارد و بێرۆحانە پاشەکشەدەکات. کاتێک دەگەینە کۆتایی سەدەی بیست و پێشوازی لە سالی دوو هەزار دەکەین، فیکرەت گولدانچی زمانێکی تایبەتی بۆ قسەکردن لەگەڵ باڵندەکاندا دەخولقێنێت کە تەنیا خۆی تێیدەگات. لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا فیکرەتیش ئیدی بۆ پرسەکان نەبێت زۆر کەم دەچێتەدەرێ. بەلام وردە وردە دەبینێت وەک مردنی باڵندەکان پیاوانی ئەوەی ئەویش یەکەیەکە دەکەون و دەمرن... هەندێ ڕۆژ ناچارە لە پرسەیەکەوە بچێت بۆ پرسەیەکی تر. وەک هەموو پیاوە بەتەمەنەکانی وەک خۆی کە لە پرسەکاندا لەسەر کورسی مزگەوتەکان دادەنیشێت و گوێ لە سورەتەکانی قورئان دەگرێت، جۆرە تێرامانێکی فەلسەفی دەربارەی ماناکانی ژیان و مردن سەرقاڵیدەکات. فیکرەت لە دڵی خۆیدا دەڵێت مردن تەنیا یارییەکی خۆشی ئەم شارەیە کە هەموو بەباشی دەیزانین. هەمیشە کە لە پرسەکان دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی کەمێک خەیالاتی مردن لەسەری خۆی دەربکات، بۆ ماوەی درێژ لەگەڵ باڵندەکاندا قسەدەکات.

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا ئێوارەیەک ئیبراهیم ئەسرینیش بەڕاستی ئیزرائیل دەبینێت، ئەو پیاوەی هەموو ژیانی ئیزرائیلی بەشێوەیەکی تایبەتی بینیبوو، لە ساتی مردندا، لەو دەقیقەیەدا کە بەڕاستی ڕووبەڕووی ئیزرائیل دەبێتەوە، تێدەگات کە بەدرێژایی ژیانی بە هەڵە مردنی بینیوە و

ئەوەی هەمیشە لەبەردەمیدا هاتووە و چووە ئیزرائیلی ڕاستەقینە نەبووە، بەر لە مردنی فریای ئەوە دەکەوێت بە کچەکانی بڵێت تا ئێستا هەرچی خولیایەکی مردن لەسەریدا بووە، دەستکردی تەپوتۆز و تاریکی ئەم شارەبووە و پەیوەندییەکی بە مردنی ڕاستەقینەوە نەبووە. تەنیا لە ساتی مردندا تێدەگات کە هەموو ئەو ئیزرائیلانەی پێشتر بینیونی پەیوەندیان بە ئیزرائیلی خوداوە نەبووە، بەڵکو هەموویان فریشتەی تایبەتی ئەم شوێنە و ئەم شارە تاریکە بوون، ڕەنگە جوبرائیلی ڕەحمەت بووبن و پەیامێکی تریان هێنا بێت. لە پرسەکەی ئیبراهیم ئەسریندا، فیکرەت گوڵدانچی جارێکی تر ساقی مەحمود دەبینێتەوە، پیرێکی چەماوە و ماندوو کە لەو دوو ساڵەدا بارتەقای چەندین ساڵ پیربووە. ئەو ئێوارەیە ساقی مەحمود و فیکرەت گوڵدانچی پیاسەیەکی دووردرێژ دەکەن، بەڵام بەر لەوەی ماڵاوایی لە یەکتربکەن، ساقی مەحمود داوای لێدەکات ڕێگای بدات ڕۆژێک بێت و باڵندەکان ببینێتەوە، بەتایبەت باڵندەکانی مەنسور کە ئەو بە پێچەوانەی زۆر کەسی ترەوە هێشتا ڕێزێکی قووڵی بۆی هەیە و بە عاشقێکی ڕاستگۆ و گەورەی دەزانێت. ساقی مەحمودی پیر لە ئێوارەیەکی ئەو هەفتەیەدا چوو بۆ سەیری باڵندەکان و لەبەردەم قەفەزەکاندا دەستیکرد بە گریان. سەوسەن بە هێمنی لێیپرسی «بۆ دەگری؟». ئەو لەوەڵامدا گووتی «بۆئەوە دەگریم کە لەم شارەدا دەمرم و هیچ شتێک لەسەر دونیای گەورە و بەرین نازانم، ئەوەشی دەیزانم پڕە لە هەڵە و نادروستی». لەو ئێوارەیەوە ساقی مەحمود و فیکرەت گوڵدانچی بوون بە دۆستێکی زۆر نزیک. زۆر ئێوارە ساقی دەهات بۆ سەیری باڵندەکان و بەوە سەرسامبوو کە دەیبینی فیکرەت بە زمانێکی تایبەتی قسە لەگەڵ باڵندەکاندا دەکات، لەو ماوەیەدا فێربوون ئێواران پێکەوە لەگەڵ یەکدا دانیشن و تاوڵەبکەن، تاکە شتێک کە هەردووکیان سوێندیان لەسەر خواردبوو نەیکەن باسی سیاسەت بوو، بەتایبەت باسی دوو حیزبە گەورەکەی وڵات، هەردووکیان

لەو باوەڕەدابوون هەر مرۆڤێک بتوانێت غەمی ئەو دوو هێزە لە دڵ نەگرێت، دەبێت بە بەختەوەرترین مرۆڤی ئەم مەملەکەتە. سەوسەن بەوە بەختیاربوو ساقی بێت بۆ ماڵیان و لەگەڵ باوکیدا ببێتە دۆست. هەر لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا کەسانێکی زۆر لەوانەی لەدەرەوەی نیشتیمانەوە دەهاتنەوە، نیگاری ئەو ڕێبوار و کۆچبەرانەیان بۆ سەوسەن دەهێنایەوە کە لەمسەرەو سەری زەویدا بڵاوبووبوونەوە و لە هەموو جێگایەکی دونیاوە وێنە و نامەی تایبەتیان بۆ دەنارد. خەڵکانێکی زۆر سوپاسی سەوسەنیان دەکرد کە لەگەیشتن بە ئومێدی خۆیاندا باڵندەکانی ئەو کۆمەکیکردون. هاوینی ساڵی نەوەدوهەشت و نەوەدونۆ لێشاوی سەردانەوەی کۆچبەرەکان بۆ کوردستان گەیشتە ترۆپکی خۆی، بەدرێژایی ڕۆژان و شەوانی هاوین، سەوسەن میوانداری ئەو دۆستانەی دەکرد کە نامە و کاغەزی ئەوانەیان بۆ دەهێنا کە لە مسەرەوسەری زەویدا نیشتەجێ بووبوون، هەموو وێنەی شارەکانی خۆیان بۆ دەنارد، وێنەی ماڵەکانیان، وێنە تایبەتییەکانیان لە کاتی گەڕاندا بە کوچە و بازاڕەکاندا، لە کاتی سەردانی باغچە جیاوازەکانی ئاژەڵاندا، نیگاری ئەو دورگە و دەریا و دەریاچانەی ڕێگایان تێیکەوتووە. هەندێکیان تکایان لەسەوسەن دەکرد پەڕێکی دیکەیان لە باڵندەکان بۆ بنێرێت، باڵندە غەمگینە موقەدەسەکان، وەک ئێستا ئێمە ناومان دەنان، ئەو باڵندانەی چەند ساڵ بوو بە گەرویەکی غەمگین دەیانخوێند. سەوسەن ئەلبومێکی زۆر گەورەی بۆ وێنەکان کردەوە، لەو ئەلبومەدا وێنەی چەندین شار و شارۆچکە و ناونیشانی جیاوازی دونیای تێدابوو، کە سەوسەن ڕۆژ دوای ڕۆژ کۆیدەکردنەوە، شەو دوای شەو دەریدەهێنان و پەنجەی دەخستە سەر وێنە بێدەنگەکان و چاویدەکردەوە و دەچووە ناویان، ئێستا لە جاران ئاسانتر دەیتوانی بۆنبکات و دەنگەکانیش ببیستێت، دەیتوانی چاوبکاتەوە و بە ڕاستی بۆنی شوێنە دوورەکان بکات، هاواری باڵندەکان ببیستێت، سەوسەن ئێستا دەیتوانی هەموو دونیا بهێنێتە ناو کۆشکی باڵندەکانەوە...

هەموو دونیا. بەڵام لەپاڵ ئەو میوانانەشدا بەردەوام ئاریان جەودەت و کەمال یەڵدا و فیکرەتی باوکی ڕادەسپێرێت، کتێب و ئەتڵەسی تایبەتی بۆ بکڕن، لە ماوەی چەند ساڵێکدا دووبارە ژمارەیەک کتێب دەهێنێتەوە بۆ ماڵ، کە زۆریەیان کتێبی تایبەتی گوڵ و باڵندە و جەنگەڵ و چیا و دەریاچەکانی دونیان. هوزار لە باوەشی پورە نەخۆشەکەیدا گەورەدەبێت، کە بەردەوام پەڕۆیەکی شینی بەسەرییەوە بەستوە و بەپەرداخێک چاوە کە بۆنی گەڵاچای بۆنداری لێدێت، بە دەم سەرئێشەیەکی هەمیشەیی و بە هەستی لاوازییەکی ئەبەدییەوە قسەی بۆ دەکات، کتێبەکانی پیشاندەدات، فێری ناوی لاتینی باڵندەکانی دەکات، فێریدەکات لە منداڵییەوە هەوڵبدات گوڵ لە ناو کتێبەکاندا بۆنبکات، باڵندە لە ئاسماندا بناسێتەوە، تەیرەکان بەپێی دەنگ جیابکاتەوە، ناوی شارەکان و ڕێگاکان و دوورگەکانی دونیای فێردەکات، لەو سەدان حیکایەتەی بۆ دەگێڕێتەوە کە کامەرانی سەلما لە شەوانی درێژی شووە کورتەکەیدا بۆی گێڕابووەوە. هوزار لە تەمەنی هەشت ساڵیدا بوو کاتێک دکتۆر ڕەفعەت سەرنجیدا کوڕەکەی ناوی لاتینی سەدان گوڵ و باڵندە دەزانێت، ناوی دەیان شار و دوورگەی لەبەرە کە ئەو نەیبیستون، دەزانێت کورتترین ڕێگا بەدەریادا لە نێوان ئەمریکای باکوور و باشووردا چییە. ئەوە تووشی ترس و تۆقانێکی کتوپڕی دەکات. دوای دەنگەدەنگێکی گەورە لەگەڵ پرۆشەدا کە گەلێک قاپی تێدا شکا و گەلێک پەرداخ لە سەر دیوارەکان زرمەیانکرد، دکتۆر بڕیاریدا ئیدی کوڕەکەی نەبات بۆ کۆشکی غەمگینی باڵندەکان و بیبات بۆ لای دایکی کە دەمێک ساڵ بوو داوای ئەوەی دەکرد کوڕەزاکەی لە سەر دەستی ئەودا گەورەبێت. دکتۆر کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو بە پیاوێکی مۆن، کاتی زۆرتر و زۆرتری لەگەڵ نەخۆشەکاندا دەبردەسەر، لووت بەرزتر و تووڕەتر دەبوو، پێیوابوو کە سەوسەن منداڵەکەی لە دونیایەکدا نوقمکردوە کە کەم و زۆر پەیوەندی بە منداڵییەوە نییە،

بەجۆرێک هەوای ناسینی دونیای خستۆتە سەرییەوە کە دەشێت منداڵەکە لە داهاتوودا لە دەوروبەری خۆی تێنەگات و توانای ژیانی تێدا نەبێت. دوورخستنەوەی منداڵەکە لە سەوسەن، هەردووکیانی تووشی نەخۆشییەکی گەورە کرد. لە هەموو ئەو ماوەیەدا سەوسەن لەگەڵ نەخۆشییە قورس و سەرئێشە بەردەوام و بێهۆشبوونە کتوپڕەکانیدا نەیهێشت دکتۆر ڕەفعەت سەیریبکات و وەک جاران دەرمانی بداتێ، دەبایە فیکرەت گوڵدانچی بەدوای دکتۆرێکی دیکەدا بگەڕێت و بیهێنێت بۆ ماڵەوە، لەو ماوەیەدا منداڵەکەش بەجۆرێکی ترسناک تووشی ڕشانەوە و لاوازی و سەرئێشە و لە هۆشخۆچوون هات... منداڵەکە لەو ماوەیەدا تەواو لە خوێندن دابڕا و نەیتوانی بچێتەوە بۆ قوتابخانە، ئەوە ژیانی دکتۆر ڕەفعەت و پروشەی وەها تێکدا، بەرنامەی کار و پەیوەندی هاوسەرییان بەجۆرێک تێکچوو کە یان دەبایە جیاببنەوە یاخود دەبایە منداڵەکە ببەنەوە بۆ لای سەوسەن. سەرسەختی و کەللەڕەقی دکتۆر دوای دوو مانگ گەیشتە کۆتایی خۆی و ڕۆژێک بڕیاریدا هوزار لەگەڵ پڕوشەدا بباتەوە بۆ کۆشکی باڵندەکان. ئەو ئێوارەیە دکتۆر بە پێچەوانەی سروشتی توڕەی خۆیەوە، گەلێک بە ئەدەبەوە داوای لە سەوسەن کرد، شتی زۆر نەخاتە مێشکی منداڵەکەوە و خەیاڵی وا گەورە نەکات، دواتر نەتوانێت بژی. بەڵام سەوسەن زۆر بە ڕەقی سەیری دکتۆری کرد و بە وشکی گووتی «دکتۆر، کوڕەکە دەبێت دونیا بناسێت، نابێت وا تێبگات کە ژیان هەمووی ئەوەیە کە لەم شارەدا دەیبینێت». وەڵامەکەی سەوسەن لە ناخەوە هەمووانی ترساند، بەڵام نیگاکانی وەک هەمیشە بە چەشنێک بوون، کەم کەس دەیتوانی لە پێشدەمیدا دەنگ بەرزبکاتەوە و شتێکی پێچەوانە بدرکێنێت.

٥٦

باڵنـدەکان هێـدی هێـدی دەمـردن، دکتـۆر دڵشـاد مردنـی بەشـێک لـە باڵندەکانی دەگێڕایـەوە بـۆ تەمەنـی سروشـتیان و مردنـی هەندێکـی دیکەشـی دەگێڕایـەوە بـۆ نەخۆشـی تایبەتـی و مردنـی ژمارەیەکـی دیکەشـی دەخستە سـەر ئەسـتۆی غـەم. ڕۆژێکیـان دکتـۆر بـە سەوسـەنی گـووت « باڵنـدەکان لـە مـرۆڤ زۆر غەمگینتـر دەبـن... باڵنـدەکان وەک ئێمـە دەگریـن و ڕۆحێکـی ناوەکیـان هەیـە ئۆقرەیـان لێدەبڕێـت و گینگڵیـان پێـدەدا». سەوسـەن لـەو چەنـد ساڵەدا تـەواو گەیشـتبووە ئـەو جێگایـەی بەڕاسـتی لە شـێوەی خوێندن و سروشـتی دەنگیانـدا هەسـت بـە غەمیـان بـکات، هەمیشـەش چەنـد ڕۆژێـک بـەر لـە مردنیـان هەسـتی بـە هاتنـی کۆتایـی دەکـرد. لـە سـەرەتای سـاڵی دوو هـەزاردا کۆتـری سـینە زامداریـش مـرد. سەوسـەن چەنـد هەفتەیـەک پێشـتر هەسـتی بـە نزیکبوونـەوەی مردنـی کردبـوو، بـەڵام ئـەوەی نائاسـایی بـوو لـە سـاتی مردنـدا، لـە شـوێنی هەمـان ئـەو پەڵـە سـوورەی سـەر سـنگییەوە، چەند دڵۆپـە خوێنێکـی چـڕ هاتنـەدەرێ، کـە سەوسـەن دەسـتی لێـدا و بۆنیکـرد هەمـان ئـەو بۆنـە تایبەتییـەی کامەرانـی سـەلمای لێدەهـات، ئـەو بۆنـەی سەوسـەن لەگـەڵ هیـچ بۆنێکـی دیکـەی دونیـادا تێکەڵـی نەدەکـرد. ئـەو بـوو، بۆنـی کامـەران بـوو جارێکـی تـر لـە ڕێگای خوێنـی ئـەم کۆتـرەوە دەگەڕایەوە. کـە کەمـال یەڵـدا هـات باڵندەکـە بەرێـت بـۆ مۆمیاکـردن، سەوسـەن تـکای تیاکـرد زۆر ئـاگاداری بێـت و تایبـەت ڕەفتـاری لەگەڵدابـکات. دواتـر مۆمیاکەی

لەسەر مێزێک لە نزیکی سەری خۆیەوە دانا و هەموو شەوێک بەر لە خەوتن تەماشایدەکرد. لەدوای پێنج ساڵ لە کوشتنی کامەران، سەوسەن وەک گەڕابێتەوە بۆ قۆناغی پێش گەڕانەوەی داواکارەکانی هەندێ شەو وەک جاران، ئەلبومە کۆنەکانی بەنهێنی دەردەهێنایەوە و سەیری وێنەی داواکارەکانی دەکرد، وەک ئەوەی چاوەڕوانی گەڕانەوەیان بکات، وەک ئەوەی هێشتا هیچ کەسێکیان نەگەڕابێتنەوە و ئەم باڵندانە تەنیا زادەی خەوێکی درێژبن. لەوە بترازێت سەوسەن لەو چەند ساڵەدا تووشی دەردێک بوو کە زۆربەی ژنی تەنیای دونیا تووشی دەبن، ماوەی درێژ لە بەردەم ئاوێنەدا دەوەستا و قژی شانەدەکرد، هەندێجار بە سەعات بەردەوام دەبوو، بێئەوەی بەڕاستی خۆی لە ئاوێنەکەدا ببینێت، قژی دادەهێنا و خەیاڵی بۆ جێگایەکی تر و بیری بەرەو شوێنێکی تر پەڕیبوو، قژی دادەهێنا و دایدەهێنا و دایدەهێنایەوە، بەڵام لە بری خۆی باڵندەکانی دەبینی، لەبری خۆی ناو جەنگەڵ و دارستانە دوورەکانی دەبینی.

لەسەرەتای سەدەی نوێوە دوای ئەوەی هەر دوو حیزبە گەورەکەی وڵات بڕیاریاندا ئاشتببنەوە، هێدی هێدی ئامووننییەکان گەڕانەوە بۆ شاری ئێمە. ڕاستە زۆربەمان کوشتنی قەلەندەر و کامەرانی سەلمامان لە بیرنەکرد، بەڵام یادگارەکانی شەڕ بە چەشنێک تاڵبوون زۆربەمان دەمانویست برینی ئەو ڕۆژانە نەکولێنینەوە و سەری زامەکان دووبارە هەڵنەدەینەوە. لە کۆتایی ساڵی دووهەزاروسێدا هەموو ئامووننییەکان جگە لە خالید ئاموون هەموو گەڕانەوە بۆ شار، زۆربەیان خانووەکانیان وەرگرتەوە و چوونەوە سەر ئیشە کۆنەکانیان. لە ماوەی ئەو هەموو ساڵەدا خالید ئاموون پەیوەندی بە سەوسەن فیکرەتەوە نەکرد، جۆرە شەرمێکی قووڵ و ترسێکی قووڵتر لە ناوەوە دەیهەژاند. دوای کوشتنی کامەران، خالید بە قۆناغێکی بێدەنگی گەورەدا ڕابورد، بە خۆی و تاپڕێکەوە پیاسەی دوورودرێژی بە کێوەکاندا دەکرد، هەموو هەفتەیەک چەند جارێک دەچوو

بۆ ڕاو، زیاد لە هەرجۆرە گیانەوەرێک باڵندەی ڕاودەکرد، گەرچی لە قسەو گفتیدا هەستمان بەشتێک نەدەکرد، بەڵام نیگا و سەیرکردنی بۆ باڵندەکان پڕبوون لە جۆرە کینەیەکی شاردراوە. هەرگیز گۆشتی باڵندە کوژراوەکانی خۆی نەدەخوارد، هێند هەبوو دەیهێنانەوە و دەیدا بە یەکێک لە پاسەوانەکانی و قسەیەکی لە زار نەدەهاتەدەرێ. خالید ئاموون زۆر زوو لە پلە حیزبییەکاندا سەرکەوت و بوو بە بەرپرسێکی کارای حکومەت، هەمیشە بە بێدەنگییەکی سەیرەوە کاریدەکرد، لە هەموو کۆبوونەوەی ئاموونییەکاندا بەشداردەبوو بێئەوەی قسەیەکی ئەوتۆبکات، هەموو هەستیان بەو غەمگینی و حەسرەت و کینە گەورەیەی دەکرد کە بەرۆکی ژیانی بەرنادات. کەدوای یازدەساڵ بۆ یەکەمجار بە ئیشێکی گرنگی حکومەت گەڕایەوە بۆ شار، سەیرمان لێهات کە لە ناو ئەو هەموو ئوتێلە تازە و خۆشەدا کە لەو ماوەیەدا لە شارەکەماندا کرابووەوە، ڕاستەوڕاست چوو بۆ ئوتێلەکەی باوەجان، لەوێ باوەشی بە خاوەنە پیرەکەیدا کرد و لە هەمان ئەو ژوورەدا دابەزی کە یازدە ساڵ لەوەوبەر لێدابەزیبوو، هەموو خۆزگەمان دەخواست بزانین خالید ئاموون لەو ژوورەدا چی دەکات، پارەیەکی زۆرمان دا بە یەکێک لە خزمەتچییەکان تا لە ناکاو خۆی بکات بە ژوورەکەیدا و بزانێت ئەم بەرپرسە باڵایەی حکومەتی نوێ لەوێ چیدەکات، سەیرمان لێهات کە کوڕەی خزمەتچی بە پەشۆکاوی هاتەخوارێ و پێیگوتین خالید ئاموون لەسەر هەمان ئەو کورسییە کۆن و تەنهایەی جاران دانیشتووە و دەگری، ئەو پیاوەی خەریکبوو لە هەموو وڵاتدا دەبووە هێمای وشکی و دڵڕەقی، دوای ئەو هەموو ماوەیە هاتبووەوە بۆ ئەوەی لێرەدا بگری، لەو ساتەدا ئیتر دڵنیابووین کە یازدە ساڵە خالید لە ڕووی ڕۆحییەوە لەو چرکەیەدا وەستاوە و ناتوانێت بەجێیبهێڵێت. کە لە ئوتێلەکەی باوەجان دابەزی پاسەوانەکانی ئێمەیان دوورخستەوە و نەیانهێشت زۆر لە نزیکەوە بیبینین، بەڵام کە

سوار ئۆتومبیلەکانیان بوون ئێمەش دووراودوور بە ماشێنەکانمان دوایان کەوتین. ئەو ڕۆژە خالید ئاموون خۆی و پاسەوانەکانی بەرەو باکووری شار و بە ئاراستەی کۆشکی باڵندە غەمگینەکان بەڕێکەوتن. هەموو وامانده‌زانی دەچێت بۆ لای سەوسەن فیکرەت، بە جوانیشمان دەزانی لە جوانترین بێوەژنی شارەکەمان بپرسێتەوە و سەردانێکی کورتیبکات و هەوڵبدات شتێک لەو غەم و خوێنە بتەکێنێت کە لەسەر هەموو چیرۆکەکە نیشتووە. بەڵام بینیمان لە نزیک کۆشکی باڵندەکانەوە وەستا، لەو دیو دیوارەکانی کۆشکەوە گوێی لە دەنگی باڵندە غەمگینەکان گرت، کە ئەوکات خەریکبوو دەهاتنە کزی. چەند دەقیقەیەک لەوێ وەستا و تەنیا سەیری دیوار و پەنجەرەی کۆشکەکەی کرد، هەموو دەمانزانی چ ئازاربەخشە مرۆڤ لەم دیو دیوارەکانی ماڵی مەحبوبەیەکی کۆنەوە بوەستێت و نەتوانێت بچێتە ژوورێ، دەمانزانی چەندە سەختە مرۆڤ هەموو ژیانی حەسرەتی ئافرەتێک لە دڵیدا هەڵگرێت. لەگەڵ ئەوەی هەموومان بە بەرپرسی سەرەکی کوشتنی کامەرانی سەلمامان دەزانی، بەڵام لەو چرکەی بێکەسی و بەدبەختییەدا کە لەمدیو دیوارەکانی کۆشکەوە وەستابوو، کسپە لە دڵمانەوە هات بۆی و گریانمان بۆی دەهات. کێ چوزانێت، ڕەنگە سەوسەن حەزیکردبێت بیبینێتەوە، ڕەنگە چەندین پرسیاری هەبووبێت لێیبکات، ڕەنگە گەر جورئەتیبکردایە و لەدەرگاکەی بدایە، دواجار هەموو شتەکان بگۆڕایانایە. هەموو دەمانزانی ئەوە دوا فرسەتی ژیانێتی تا دوا هەنگاو بنێت بۆ گەیشتن بەسەوسەن، بەڵام بێئەوەی لەدەرگا بدات سوار ئۆتومبیلەکەی بووەوە و ئەو کوچەیەی جێهێشت و ئیدی هەرگیز نەماندی بگەڕێتەوە. دواتر زۆرمان هەوڵدا لە ڕێگای پرۆشە و کچانی دیکەی خێزانی گوڵدانچییەوە بزانین خانمی باڵندەکان چۆن بیر لە خالید ئاموون دەکاتەوە، بەڵام هەموو دڵنیایانکردینەوە کە سەوسەن لەو ڕووەوە هیچ شتێک ناڵێت و ئامادە نییە هیچ حەرفێک بدرکێنێت.

٥٧

لە ساڵی ٢٠٠٢ دا ساقی مەحمود خوشکەکەی مرد و لەسەر داوای فیکرەت گوڵدانچی گواستییەوە بۆ ناو کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، لە ڕاستیدا ماڵەکە هێند گەورەبوو جگە لە ساقی چەندین کەسی دیکەشی دەگرت، بەڵام ساقی بەجۆرێک دەستکورت بوو، گەر گوڵدانچی دەستی نەگرتبایە مرۆڤ نازانێت چۆن و لە کوێ وندەبوو. هاتنی ساقی بۆ کۆشکەکە کەمێک ژیانی سەوسەن و هوزار و فیکرەت گوڵدانچیشی پڕکرد. ئیدی بەیانیان پێکەوە بەرچاییاندەکرد، هەمیشە پرۆشە بازاڕی بۆ دەکردن، کە وەک ژنێکی بەهێز و گورجوگۆڵ ئیشیدەکرد، بەسەرێک لە خەستەخانە ئەهلییەکەی دکتۆر ئیشی حیساباتی دەکرد و بەسەرێکی دیش دەبایە ئاگای لە باوکێکی پیر و خوشکێکی نەخۆش بێت کە وەک خۆی دەیگووت «لە ناو کۆمەڵێک تەیروتیوردا چەقیوە و نایەتەدەرێ».
هەندێجار لە ماندووبووندا دەگریا، ڕایدەکرد بۆ لای کچە پورەکانی، بۆ لای مریەم گوڵدانچی کە لە لابۆرێکی گەورەی پشکنینی پزیشکی کاریدەکرد و سکاڵا زۆرەکانی خۆی لە دەست دونیا دەردەبڕی، لە دەست مێردەکەی کە کاری پزیشکی گۆڕیوە بۆ کاسبییەکی تەماحکارانە، لەدەست نەخۆشەکان کە نازێکدەکەن لە توانای ئەمدا نییە بیکێشێت، لە دەست خوشکێکی نەخۆش و ڕەنگ زەرد و بێدەنگ کە هیچ کەس ناتوانێت خەیاڵی بخوێنێتەوە، لەدەست باوکێک کە فێری زمانێک بووە

باڵندەکان نەبێت کەس تێیناگەن، لە دەست شارێک کە تادێت جەنجاڵتر و بێڕەحمتر دەبێت. تاکە دڵنەوایی ئەوە بوو کە ئێستا دەتوانێت بەباشی ماشێن لێبخوڕێت و خێرا لە نێوان هەموو جێگاکاندا بێت و بچێت. بەیانیان کە دەگەیشتە کۆشک و گوێی لە دەنگی غەمگینی باڵندەکان دەبوو، سەیری لێدەهات چۆن ئەو باڵدارە دڵخۆشانەی کە سەرەتا جریوەیان مرۆڤی دەهێنایە سەما و هەتا پیاوێکی کەمدووی وەک دکتۆر ڕەفعەتی دەگەشاندەوە و دۆخێکی ڕۆحی نوێی پێدەبەخشی، بەو چەشنە وەرگەڕان و ئێستا ڕۆژ دوای ڕۆژ غەمگین و غەمگینتر دەخوێنن. بەڵام کە دەهاتە ناو ماڵەکە کە هەمووانی دەبینی لەسەر مێزی نانخواردنی بەیانی چاوەڕوانی هاتنی ئەو دەکەن، کە هوزاری دەبینی باوەش بە پوورە سەوسەنیدا دەکات و هەواڵی باڵندەکانی لێدەپرسێت، هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەمژی، هەستی بە گەورەیی و قووڵی ژیان لەم کۆشکە گەورەیەدا دەکرد. دوو سێ جار لە مانگدا ساقی مەحمود و گوڵدانچی هەر لە بەیانییەوە دەچوونە دەرێ، پێکەوە هەموو شار دەگەڕان، چاخانەکانیان بەسەر دەکردەوە، دەچوونە بازاڕی کۆنەفرۆشان، ماوەیەک لە ناو بالە و بۆنی شێداری جلی کۆندا وندەبوون، دواتر دەچوون بۆ یەکێک لە چێشتخانەکان و نانیان دەخوارد، لەگەڕانەوەدا دەچوون بۆ بازاڕی ماسیفرۆشان و ماسییەکی گەورەیان دەکڕی و شەو لە ماڵ دەیانبرژاند. سەرەتا ساقی مەحمود باوەڕی نەدەکرد کە فیکرەت گوڵدانچی بە ڕاستی بتوانێت قسە لەگەڵ باڵندەکاندا بکات، بەڵام دواتر ئەو چیرۆکە سەیرانەی فیکرەت لەسەر باڵندەکان و ژیانیان و شوێنیان دەیگێڕایەوە بە جۆرێک سەیر و ڕاستەقینە دیاربوون، ساقی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە فیکرەت تەواو لە باڵندەکان تێدەگات.

لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٣ دا کە سەددام حوسەین ڕوخا و ئەمریکییەکان هاتنە ناو وڵاتەکەوە، شارەکانی ئێمە تاقە شاری سەر ئەم ئەستێرەیە

بوون کە هاتنی ئەمریکییەکان و هەرەسی سەدام حوسەینیان لە دڵەوە پێخۆشبوو، دواجار هیچ کەس وەک ئێمە لەسەر ئەم ئەستێرەیە دڵڕەقی ئەو پیاوەی نەبینیبوو، سەوسەن ئەو وەرزە وەک شێت گەڕایەوە بۆ بەر تەلەفزیۆنەکان و لە قووڵایی دڵەوە ڕوخانی سەدام حوسەین شادومانیدەکرد، بەڵام تەنها کەسی شارەکەش بوو هەستی بە نزیکبوونەوەی تۆفانێکی ترسناکی ئاگر دەکرد. لە کۆتایی ساڵدا بەر لەوەی سەدام حوسەین بە خۆی و ڕیشە درێژەکەیەوە لە چاڵەکەدا بگیرێت، باڵندەکانی خانم وەک ئەوەی نەیانەوێت ئەو ڕۆژە تاریک و ڕەشانە ببینن کە چاوەڕوانی وڵاتەکە دەکات، هێدی هێدی ژمارەیان ڕووەو کەمبوون دەچوو. فیکرەت گوڵدانچی مردنی باڵندەکانی وەک مردنی خەونی هەموو وڵاتەکە دەبینی. لە کۆتایی ساڵدا کەمتر لە پەنجا باڵندە لە قەفەزەکاندا مابوون، بەشێکی زۆری بولبولە بچکۆلە و باڵندە دەنگخۆشەکان مردبوون، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کەسێک بە بەردەم کۆشکدا بڕۆیشتبایە گوێی لە دەنگی باڵندەکان دەبوو، بەڵام هەموو سەرنجمان دا کە دەنگەکان مانگ دوای مانگ کزتر و کزتر دەبن. هەندێ شەو سەوسەن وای بەخەیاڵدا دەهات کە گوێی لە دەنگی باڵندەیەکی مۆمیایە لە جێگایەک لە جێگاکانی کۆشکەکەوە هەڵدەستێت، هەڵدەستا و ژووراو ژوور دەڕۆیشت، بەڵام هیچی نەدەبینی و هیچی نەدەبیست... لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شەوێک ئەو دەنگە نامۆ و سەیرانە لەسەریدا زیندوودەبوونەوە. زۆرجار وای هەستدەکرد باڵندەکان لە جیهانێکی ترەوە، لە شوێنێکی ترەوە بانگیدەکەن، بەڵام هەندێجاری دیکەش مۆی ئەو دەنگانەی دەگێڕایەوە بۆ گیرخواردنی خۆی لە ناو زنجیر و قەفەزەکانی ڕابوردوویەکی تاڵ و کوشندەدا.

لە ساڵی ٢٠٠٦ دا ڕۆژێک مەنگوڕ گەڕایەوە بۆ شار... سەر و ڕیشێکی سپی هێشتبووەوە، زۆر لە جاران لاوازتر بوو. بەپێچەوانەی چاوەڕوانی هەموومانەوە، لەبری ئەوەی بەجلە دێرینە کوردییەکانییەوە دەربکەوێت،

بە چاکەت و پانتۆڵێکی کۆنەوە لەبەردەم چایخانەی پەپولەی ئازاددا دەرکەوت، کراسێکی سپی لەبەردابوو کە قۆپچەکانی سەرەوەی کرابوونەوە و تۆپەڵێک مووی سپی لە سنگییەوە هاتبووەدەرێ. دوای دەساڵ ژیان لە غەریبیدا بووبوو بە پیاوێکی بێدەنگ کە دەموچاوی هەندێکمانی لەبیربوو و هەندێکی دیکەشمانی نەدەناسییەوە. ئەو کات قەپۆز جوقڵی بووبوو بە فەرمانبەرێکی گرنگ لە یەکێک لە فەرمانگەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش، سامانی کیسرا بووبوو بە دەموچاوێکی ناسراو هەندێجار لە تەلەفزیوندا دەردەکەوت و باسی «وەبەرهێنان» و «پلانی گشتی بۆ کێشەی نیشتەجێبوون» و ئەوجۆرە شتانە دەکرد، تا دەیتوانی خۆی لە ڕابوردوو بە دوور دەگرت و نەیدەویست کەس هیچ شتێک دەربارەی جارانی ژیانی بدرکێنێت و لاپەڕە کۆنەکانی هەڵبداتەوە، هوشەجوجە ڕیستورانێکی مۆدێرنی کردبووەوە کە هەرزانترین خواردن تێیدا بەرابەر سی دۆلاری ئەمریکایی دەوەستا. کە مەنگوڕ هاتەوە هەموو وامان دەزانی کە ئەوان دێن بۆ لای و دوای ئەو هەموو ساڵە داوای لێبوردن و گەڕانەوەی دۆستایەتی دەکەن، بەڵام هیچ کەسیان مەنگوڕیان لە بیرنەبوو. بەڵام بەدیوێکی دیشدا ئێمە واماندەزانی کە مەنگوڕ لەم دەساڵەدا هەموو ڕابوردووی لەبیرکردبێت، کەچی سەرسامبووین کە زانیمان ئەو لە هەموو ئەو ماوە درێژەدا جگە لە ڕابوردوو بیری لە هیچ شتێکی تر نەکردۆتەوە، کە گەڕایەوە بۆ چایخانەکە وەک جاران چەقۆیەکی کۆنمان پێبینی کە دەیگووت چەقۆکەی یوسف کەویارە. دیاربوو ئەو چەقۆیەی بە هەموو زەویدا گێڕاوە، ئێستاش لە گیرفانی قاتە خۆڵەمێشییە کۆنەکەیدا وەک هێمای وەفا بۆ سەردەمێکی بەباچوو هەڵیگرتبوو. لە یەکەم ئێوارەی دەرکەوتنییەوە بە ئێمەی گووت کە هاتۆتەوە بۆ ئەوەی لێرە بمرێت.

لە ئێوارەی ڕۆژی دووهەمدا بینیمان کە چوو بۆ کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، هوزار دەرگاکەی لێکردەوە، بە دەنگێک کە پڕی حورمەتی

تەواو بوو داوای لێکرد سەوسەن خان ئاگاداریکاتەوە کە میوانێکی دووروڵاتی هاتووە کە ناتوانێت بێڕوخسەتی ئەو پێ بخاتە ئەو دیو دەرگاکەوە. بۆ ئێستێکی کورت سەوسەن نەیناسییەوە، سەوسەن لەم دیو ئاسنی دەرگاکەوە و ئەو لەو دیو ئاسنی دەرگاکەوە وەستابوون، بەرلەوەی تەواو بیناسێتەوە، سەوسەن هەستی بە بۆنێکی سەیرکرد، بۆنی پیاوێک کە ماوەیەکی درێژ لە قەراغ دەریایەکی گەورە ژیاوە، پیاوێک بۆنی دەساڵ ژیانی لە گوندێکی هۆڵەندیدا لێدەهات کە دەکەوتە سەر کەناری دەریا، دەساڵی ڕێک مەنگوڕ بە تەنیا لە کەناری ئەو دەریا گەورەیەدا ژیابوو، دەساڵی ڕێک هەموو ڕۆژێک چەند سەعاتێک سەیری دەریای کردبوو، بۆنێکی تایبەتی گرتبوو کە تەنیا سەوسەن دەیتوانی بیناسێتەوە. سەوسەن بەو دەنگە ناسک و نەخۆشەی کە تێپەڕینی ساڵان و پیربوونی دونیا کاری تێنەدەکرد، گووتی «ئاه مەنگوڕ، ئەو هەموو ساڵە لە کوێ بوویت، هەموو وامان دەزانی مردویت». مەنگوڕ لەسەرەخۆ گووتی «سەوسەن خان، دوێنێ گەڕامەوە، لەوسەری زەوی بووم، لە جێگایەک نزیک لە قوونی دونیاوە، لە قەراغ بەحرێکی گەورە... ئا سەوسەن خان، هەر هاتم لە دەرگاوە ڕێز و حورمەتێکی بچوک نیشانبدەم و سڵاوێکی کورت بکەم». ئەو بۆن دەریایەی کە لێیدەهات، وەها توندبوو، سەوسەن دەستی برد و بە هێمنی بەرەو ئەو دیو دەرگاکە ڕایکێشا و گووتی «مەنگوڕ، وەرە ژوورێ، لەم دە ساڵەدا دونیا وەها گۆڕاوە دەتوانم لە هەموو شتێک ببورم...». بینینی مەنگوڕ، هەر یەک لە فیکرەت گوڵدانچی و ساقی مەحمودی حەپەساند کە لە هەیوانی کۆشکەکەدا لەسەر مێزێک پێکەوە بەسەر تاوڵەیەکی کۆندا نوشتابوونەوە و لە گەرمەی زار هەڵدانیدا بوون. لەو چرکە ساتەدا کە هەمووان سەیری یەکتریان کرد، کە نیگاکان لە یەک گیربوون و چاوەکان تەماشای یەکدیان کرد، هەموو تێگەیشتن کە زەمان سوڕێکی گەورەی خواردوە، جیهان بەجۆرێک وەرچەرخاوە شوێنێک

بۆ ڕقە کۆنەکان و جێگایەک بۆ چیرۆکە بەباچووەکانی نێوانیان نەماوە، وەک ئەوە بوو زەمان لەم پیرییەدا سەرلەنوێ لە ئاوێکی نوێی هەڵکێشابن و دووبارە دروستیکردبێتنەوە، ڕووداوەکان بە چەشنێک هەموویانی هاڕیبوو، جێگایەک بۆ کینە تایبەتی و بچوکەکانی نێوانیان نەمابوو، نائومێدییەکانی ژیانیان بە جۆرێک گەورەبوو کە دەبایە لە چاوی یەکدا بۆ کەمێک ئومێد بگەڕێن... کە ساقی و مەنگوڕ باوەشیان بە یەکدا کرد، لای فیکرەت گوڵدانچی باوەشەکەیان لە ئاشتبوونەوەی دوو پیاوی زیندوو نەدەچوو، بەڵکو لە ئاشتبوونەوەی دوو لاشە دەچوو. چەند ڕۆژێک دواتر کە هەر سێکیان پێکەوە لەسەر بەرچایی بەیانی دانیشتن، فیکرەت بە پێکەنینەوە پێیگووتن «ئەوەی ئێمەی کردوە بە دۆست، نزیکبوونەوەی مردنە».

سەوسەن و فیکرەت گوڵدانچی هەرگیز ئەوەیان لە بیرنەکرد کە ئەم کۆشکەی لە ناویدا دەژین کۆشکی مەنگوڕە، چەند ساڵێکی زۆر هەوڵیاندا شوێن و هەواڵی لە گەڕیدە جیاوازەکانی دونیاوە بزانن کە لەملاولای زەوییەوە دەگەڕانەوە بۆ شار، بەڵام هیچیان دەست نەکەوت. ئەو ڕۆژە کە دەرکەوتەوە هەر دووکیان خۆشحاڵ بوون و پێشنیازی ئەوەیان کرد، لەم کۆشکە گەورەیەی خۆیدا لەگەڵیاندا بژی. هەڵبەت مەنگوڕ هیچ جێگایەکی نەبوو، خۆشحاڵ دەبوو، لێرەدا لە شوێنێکی وا هێمندا بژی. لە هەمان شەودا تاکە جانتاکەی هەڵگرت و هات بۆ کۆشکی باڵندە غەمگینەکان و لە ناو مۆمیاکاندا شوێنێکی بۆ خۆی ڕێکخست.

کە بەیانیان هەر سێکیان لەسەر مێزی بەرچاییەکە دادەنیشتن، سەوسەن وەک سێ باڵندەی مۆمیای گەورە دەیبینین... سێ پیرەمێرد بوون کە پێکەوە وەک سێ تارمایی بە ژوورەکانی کۆشکدا دەهاتن و دەچوون، هەموو ڕۆژێک چەند جارێک بە هەموو ژوورەکاندا دەگەڕان. مەنگوڕ بەردەوام چیرۆکی بۆ دەگێڕانەوە، لە شەوی یەکەمدا چیرۆکی جۆرە مەلێکی بۆ گێڕانەوە کە بە «باڵندەی پەنابەر» ناوبانگی

دەرچووبوو، مەلێک بوو گوایە لە تورکیاوە تا ئەورووپا دوای پەنابەرە کوردەکان دەکەوێت. چیرۆکی خالیدی مەهەچاویازی بۆ گێڕانەوە کە جووتێک باڵندە ولاتە و ولات تا نەرویج لەگەڵیدا فڕیون. مەنگوڕ گووتی «خالید لە هەر جێگایەک بایە، ئەو جووتە تەیرە دەیاندۆزییەوە، جووتێ تەیری بچکۆلەبوون... ئێوە خالید ناناسن، من لە دوو جێگای سەفەرەکەمدا خالیدم لەگەڵدا بوو، من باوەڕم بە حیکایەتی ئەو تەیرانە نەکرد، تا شەوێکیان لە سالۆنیک لە ماڵی ناسیاوێک خەوتبووین، خالید هەمیشە بەدەمدا دەخەوت، کە هەستام بینیم هەر دوو باڵندەکە لەسەر قوونی نیشتبوونەوە. ئەوە یەکەمجاربوو ئەو تەیرانە ببینم، بەلام دواتر ئەو تەیرانەم لای پەنابەری تریش بینیوە، پانەبەرم بینیوە لە گیرفانیاندا مەل هێلانەیکردوە، تێدەگەن لە گیرفانی سەرەوە یان خوارەوەی چاکەتەکانیاندا جووجکی خۆیانیان هەڵهێناوە...».

مەنگوڕ لە ڕۆژی یەکەمەوە لە ڕێگای ئەو چیرۆکانەوە جێگای خۆی لە ماڵی سەوسەندا کردەوە. پیری زۆر کاری لە یادەوەری و فەنتازیاکانی نەکردبوو، لەگەڵ دوو پیرەکەی تردا بە ناو ماڵەکەدا دەگەڕا، باڵندەکانی بەسەر دەکردەوە، ئاوی بۆ دەگۆڕین، لەگەڵ هاوڕێکانیدا تاوڵەیدەکرد، لەگەڵیاندا دەچووە ناو شار، لە چایخانە جیاوازەکان دادەنیشت، کە دەچوونە بازاڕی ماسییەکە، خۆی وەک ماسی ناسێکی شارەزا پیشاندەدا. گەر ماسیفرۆشەکان گومانیان لە توانای بکردبایە، دەیگووت «کوڕی باوکم وەرە بۆنی دەستم بکە، بۆنی قوونم بکە، ئێستاش بۆنی دەریای لێدێت، تۆ دەتەوێت من فێری ماسی ناسی بکەیت؟». شەوان لە هەیوانی ماڵەکەدا هەر سێکیان سێ بەتانیان دەدا بە خۆیاندا و دادەنیشتن، سەیری ئەستێرەیان دەکرد و گوێیان لە خوێندنی دوا باڵندەکانی کۆشکەکە دەگرت. سێ باڵندەی پیر بوون... سێ باڵندەی پیر کە زەمان نەوەک کەمال یەڵدا مۆمیایکردبوون.

٥٨

لەو چەند ساڵەی دواییدا ئاریان جەودەت ڕۆژانە دەهات بۆ کۆشک، بەڵام ساڵ دوای ساڵ بێدەنگتر و بێدەنگتر دەبوو، هونەرمەندێکی ناوازە بوو کە جگە لە سەوسەن فیکرەت بینەرێکی دیکەی لە دونیادا نەبوو. بەیانیان بە خۆی و جانتای بۆیە و فڵچەکانییەوە دەهات و لەسەر یەکێک لە دیوارەکانی کۆشکەکە دەستی بە نیگارکێشان دەکرد، لەو چەند ساڵەی دواییدا زۆربەی جار خۆی نیگارەکانی هەڵدەبژارد، هەمیشە دەستەسرێکی سووری تەنکی بە گەردنییەوە دەبەست و کاسکێتێکی سەوزی لەسەر دەکرد و لە کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا بێپرسیار دەردەکەوت. وەک هەمیشە ڕۆژانە چەندجارێک لەگەڵ سەوسەندا دادەنیشت و چای دەخواردەوە. چەند ساڵ بوو ئەو چایە نەبێت کە سەوسەن لێیدەنا و پڕیدەکرد لە گەڵای بۆندار لە هیچ شوێنێکی تر چای بۆ نەدەخورایەوە. هێدی هێدی ئاریان ببووبوو بە بەشێک لە کۆشکەکە. هەندێ شەو تا بەیانی لە کۆشکەکەدا دەمایەوە و نیگاریدەکێشا، سەوسەن هەمیشە بۆ ماوەی درێژ بەدیاریەوە دادەنیشت و سەیریدەکرد، بەڵام هەندێ جاریش لێدەگەڕا بە تەنیا ڕەسمبکات. هەندێ شەو بەدەم خەوەوە هەڵدەستا و سەیری لێدەهات کە ئاریانی دەبینی لە جێگایەک لە جێگاکانی کۆشکەکەدا مەستانە نیگاردەکات. بە نۆبەت دیوار دوای دیوار نەخشیدەکرد، کە ئیدی شوێنی بەتاڵ نەدەما نیگارێکی کۆنی بە

بۆیەی سپی دادەپۆشی و لەسەرەوە دەستی پێدەکردەوە. هەندێ ڕۆژ هەر سێ پیاوە پیرەکە، سێ کورسیان دادەنا و سەیریاندەکرد، بەڵام ئاریان دڵنیابوو ئەم سێ پیرە ناتوانن وەک سەوسەن تێبیگەن.

کە لە ساڵی دووهەزاروچوارەوە جەنگ لە عێراق ڕەوتێکی شێتانەی وەرگرت، سەوسەن بەردەوام لە نیگاری تەقینەوە و لاشەی سووتاوی سەرجادەکان هەڵدەهات و لە وێنەکانی ئاریاندا نوقمدەبوو. بەردەوام لە خۆی دەپرسی کەی سێبەرەکانی مەرگ دەگەنە ئەم شارە. لەو ماوەیەدا تەنیا ئەوەی لە خەیاڵدا بوو هوزار لە جەنگەکانی ئێستا و سبەی ڕزگاربکات. ئەو وێنەیەی کە دەشێت سبەینێ هوزار گەورەبێت و بیبەن بۆ جەنگ، دەشێت گەورەبێت و تەقینەوەیەکی شێت لەسەر شەقامێکی ئەم وڵاتەدا بیکوژێت، شێتیدەکرد. هوزار لەگەڵ گەورەبوونیدا پتر لە دونیای پورە غەمگینەکەیدا نوقم دەبوو. کە تەمەنی بوو بە دوازدە ساڵ لەگەڵ سەوسەندا سوێندیان خوارد کە چیتر نهێنی خۆیان ئاشکرانەکەن و ئەوە دەرنەخەن کە سەوسەن لە ژێرەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر و زیاتر دونیای دوور لای هوزار شیریندەکات. لەو تەمەنەوە هوزار فێربوو کە خۆی لە بەردەم ڕەفعەتی باوکیدا بکات بە کەسێکی بێئاگا و نەزان، نەبا لە سەوسەنی دووربخاتەوە. هوزار قوتابییەکی زیرەک نەبوو، بەڵام ناوی لاتینی هەموو گوڵ و باڵندەکانی دونیای لەبەربوو، ئەو چەند ساڵە سەوسەن هەمیشە لەسەر ئەتڵەسە گەورەکان، لە ڕێگای وێنە تایبەتییەکانی خۆیەوە، بەڕێگای حیکایەتەکان، زۆر شتی لەسەر جیهان فێرکردبوو. کە هوزار تەمەنی بوو بە چواردەساڵ تەنیا ئومێدی پوری ئەوەبوو لەم شارەی دووربخاتەوە، لەو جەنگە زۆر و نادیارانەی دووربخاتەوە کە دەشێت سبەی سەر هەڵبدەن. کوڕەکە خۆشی هێدی هێدی خەونی سەفەرێکی دوورودرێژ لە خەیاڵیدا سەری هەڵدەدا... باڵندەکانیش هەمیشە هێدی هێدی دەمردن... شەوێکیان هوزار بە پوری

گووت «پورە سەوسەن، لەگەڵ مردنی دوا تەیردا، من لەم شارە دەڕۆم و بە دونیادا دەگەڕێم و باڵندەی ترت بۆ دەهێنم». سەوسەن بە هێمنی دەستی خستە سەر دەمی و گووتی «کە باڵندەکان هەموو مردن تۆ دەڕۆیت، تێگەیشتیت... کە باڵندەکان هەموو مردن، من دەتبەم و ڕێگات پیشاندەدەم و تۆ خۆت دەڕۆیت، بەڵام باڵندە ناگریت، تێدەگەیت... لەوانەیە تا تۆ دەگەڕێیتەوە پورە سەوسەن لێرە نابێت. بەڵام هەرچییەک بوو، لە هەر کوێی دونیا بوویت نامە بۆ دایکت دەنوسیت، تێدەگەیت زەوی دەگەڕێیت و گوێ لە دەنگی باڵندەکان دەگریت... گرنگترین شت ئەوەیە لەم وڵاتەدا نەبیت و شەڕنەکەیت».

لە کۆتایی ساڵی دووهەزاروحەوتدا تەنیا پێنج باڵندەی زیندوو مابوون، کە دەنگیان بە ئەستەم دەگەیشتە ئەو دیو دیوارەکانی کۆشک، ئێمە هێدی هێدی هەستمان بە کزبوون و نەمانی دەنگی باڵندەکان دەکرد، هەندێکمان ڕوخسەتمان لە کەمال یەڵدا وەردەگرت کە بەرلەوەی باڵندە مۆمیاکان بباتەوە بۆ کۆشک نیگایەکیان بکەین، ئەو ڕۆحسوکانە دەرفەتی ئەوجۆرە نیگایەی پێدەداین، بێئەوەی بهێڵێت وێنەی باڵندەکان بە کامێرا دیجیتالە نوێکانمان بگرین. لە هاوینی ئەو ساڵەدا زۆر کەس لە سەر تەلەفونە دەستییەکانیان، کورتە کلیپێکیان بۆ هات کە کەمال یەڵدا لە کاتی مۆمیاکردنی کونەپەپویەکی قەشەنگدا پیشاندەدات، دیاربوو کەسێک لەوانەی یەڵدا متمانەی داونەتێ، بێئاگای خۆی تۆماریکردوە، ئەو کورتە ڤیدیۆیە هۆکاری گەورەی ئەوەبوو یەڵدا هەمووومان دەربکات و نەهێڵێت ئیدی باڵندەکان ببینین. لەگەڵ مردنی هەموو باڵندەیەکدا سەوسەن لاوازتر و لاوازتر دەبوو، هەر سێ پیاوە پیرەکە هەستیاندەکرد کە نزیکبوونەوەی باڵندەکان لە کۆتایی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سەوسەن هەیە، شەو دوای شەو لە ژێر تیشکی مۆمەکاندا، لە ژێر شەقی زەردی گڵۆپە کزەکاندا ڕەنگ زەردتر دەردەکەوت. مەنگوڕ بۆ

ئەوەی دڵی خۆشبکات شەوان لە تەنیشت قەرەوێڵەکەیەوە دادەنیشت و چیرۆکەکانی خۆی بۆ دەگێڕایەوە، حیکایەتی چەقۆکێشەکانی شار، چیرۆکی پەنابەرەکان، سەربوردی ئەو کوردە داماوانەی لە هەموو جێگایەکی سەر زەویدا مرۆڤ وەک مەخلوقێکی بێنرخ و بێبەهرە سەیریاندەکات. دەستی دەخستە سەر دەستی سەوسەن و دەیگووت «کچم تۆ دونیات خۆشدەوێت، تۆ وات لە خەڵکێکی زۆری ئەم شارە کرد دونیایان خۆشبوێت... بەڵام لە خۆت نەپرسیوە ئاخۆ دونیا ئێمەی خۆشدەوێت، من نیوەی ئەم سەر زەوییەم بەپێ تەیکردوە، پێتدەڵێم، لە هەموو شوێنێکی دونیادا ئێمە وەک لەشێکی بۆگەن سەیردەکەن... من کە گەیشتمە کەنار دەریا و ژوورێکی بچکۆلانەم پەیداکرد، ئیتر وەستام، سەیرکردنی دەریا تاکە شتێک بوو ئارامی دەدامێ. چونکە کاتێک ئەم مەنگورە بچوک و پیر و ناجۆرە لە ڕۆخی دەریادا شان بە شان لەگەڵ خەڵکانی باڵابەرز و بەقەوامی میللەتانی تردا دەوەستا، هەستیدەکرد هەموو بەرامبەر گەورەیی ئەو ئاوە چەندە بچوکن... ئەوە زۆر دڵی مەنگوری خۆشدەکرد... ئەوە تەنیا شتێک بوو وەک کوردێک هەست بە یەکسانی بکات لەگەڵ بەشەرەکانی تری ئەم دونیایەدا. یوسف کەویاری گەورە دەیگووت «کە مرۆڤ لەم شارەدا لەدایکبوو، لاشەکەی لە هەر کوێیەک بنێژرێت، ڕۆحەکەی هەر لێرە دەمرێت»، گەر خۆم بە دونیادا سەفەرم نەکردبایە تێنەدەگەیشتم ئەو شەوە کامەرانی سەلما بۆ گەڕایەوە ئەم شارە، چەند ساڵ ئەو پرسیارەم لە خۆم کرد، بۆ کامەرانی سەلما فێڵی لێکردم و گەڕایەوە؟ دواجار زانیم کە کامەران نەیدەویست ڕۆحی لە جێگایەک و لەشی لە جێگایەکی تر بمرێت. لە ساڵانی دووردرێژی سەفەردا ئەوە لە هەر شتێک زیاتر ترساندبووی، نەیدەویست جارێکی تر لەو ترسەدا بژی. وەک تۆ کچم... وەک تۆ... کە خۆت لەم کۆشکەدا دیلکردوە نەبا لەشت لەم شارەدا نوقم بێت و لە ڕۆحت ون ببێت».

فیکرەت گوڵدانچی دەیزانی لەگەڵ مردنی دوا باڵندەدا، پەیوەندی سەوسەن بە جیهانی گەورەوە، بەو دونیا بەرینەوە کە لە منداڵییەوە عاشقێتی دەپچڕێت. لە کۆتایی ساڵی دووهەزاروحەوتدا هەموو هەوڵەکان بۆئەوەبوون کە تادەشێت و دەکرێت ژیانی ئەو چەند باڵندەیەی ماون درێژبکرێتەوە. لە سەرەتای بەهاری ساڵی داهاتوودا ئیدی دەنگی باڵندەکان لەدەرەوە نەدەبیسترا، لە ناوەڕاستی بەهاریشدا تەنیا باڵندەیەک کە مابوو، داڵێکی گەورە بوو کە ناوی وەک داڵی زیوین ڕۆیشتبوو. داڵی زیوین یەکێک بوو لەو باڵندانەی لە قەفەزەکانی خالید ئاموونددا بریندارببووبوو، بەڵام بە کۆمەکی دکتۆر دڵشاد مەترسی مردنی تێپەڕاندبوو و ئێستا وەک دواهەمین تەیری ناو کۆی قەفەزەکان تەنیا مابووەوە. یەکێک بوو لە هەرە غەمگینترین باڵندەکان، کە سیازدە ساڵ بوو لەم شارەدا دەژیا و یەک یەک مردنی هەموو باڵندەکانی بینیبوو، ماڵاوایی لە هەموو هاوڕێکانی کردبوو. ئەو چەند مانگەی کە بە تەنیا مایەوە، هەموو دەیانزانی کە زۆر نابات تەنهایی و گەرما و بێدەنگی دەیکوژێت. لەسەرەتای ئابی ئەو ساڵەدا، لە گەرمای کوشندە و بێئاوی ئەو وەرزەدا، بەیانییەک فیکرەت هەستا بۆ ئەوەی کەمێک قسە لەگەڵ ئەو داڵەدا بکات، بەڵام وەک هەموو باڵندەکانی دیکە کە بێدەنگ و بێهاوار و بێپەلەقاژەیەکی ڕاستەقینە دەمردن، مردبوو. فیکرەت کە داڵەکەی هێنایە دەرێ و سەیری ماڵی گەورەی باڵندەکانی کرد، هەموو قەفەزەکان چۆڵبوون... دەیەها قەفەز کە ئێستا یەک لەسەر یەک وەستابوون و خاڵێتیان دەنگێکی قورس و ترسناکی لەوێدا جێهێشتبوو.

کە هەواڵی مردنی دوا باڵندە لە شاردا بڵاوبووەوە، هەموو دڵنیابووین بەو مردنە چیرۆکێک کۆتایی دەهات کە تەمەنی لە بیست ساڵ زیاتر بوو. ئێمە عاشقانی باڵندە غەمگینە موقەدەسەکان کە زۆربەمان وێنەی باڵندەکانمان لە ئەلبومی تایبەتیدا هەڵگرتبوو، هەستمانکرد لەگەڵ مردنی

دوا باڵندەدا شار ناخۆشتر و تاریکتر و دوورتر لە جاران دەردەکەوێت... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستمانکرد باڵندەکان جۆرە پردێکیان لەنێوان ئێمەو جیهاندا دروستکردوە کە ئاسان ناڕوخێت. ئەو ڕۆژە کە دوا باڵندە مرد، کۆشکەکە لەدوورەوە هێمن و ئاسایی دەردەکەوت، لە ناویشەوە بێدەنگییەکی قورس باڵی بەسەر هەموو شتێکدا گرتبوو. پێش نیوەڕۆ هەر سێ پیرەمێردەکە بە غەمگینی هاتنەدەرێ و هەموومانیان لە مردنی دوا باڵندە ئاگادارکردەوە، بە چایخانەکاندا گەڕان، بە بازاڕدا سوڕانەوە، دوکانی ئاسیاو و هاوڕێ کۆنەکانیان بەسەرکردەوە... هەموو ئەوانەی هەواڵەکەیان نەبیستبوو بە کۆمەکی سێ پیرە پیاوەکە، بیستیان. ئەو ئێوارەیە هەموو کەمال یەڵدامان بینی کە چوو دوا باڵندە وەربگرێت و لەوسەر بە چاوی پڕ فرمێسکەوە هاتەدەرێ. ئەو بۆی باسکردین کە سەوسەن زۆر ئارام و لەسەرخۆ پێشوازی لێکردوە و پێیگوتووە کە چەندین ساڵە بیری لەم ساتە کردۆتەوە و خۆی بۆ ئامادەکردوە، لەبەرئەوە ئەم کارەساتەی کە ڕوویداوە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نییە.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە شتێکی نائاساییمان لە ماڵی گوڵدانچیدا نەبینی، دووجار هوزارمان بینی هاتەدەرێ و گەڕایەوە. شەو هەموو شتێک لە ماڵی گوڵدانچییدا ئارام بوو. ئەوە یەکەم شەو بوو دوای ئەو هەموو ساڵە ماڵەکە بێ چرکە و دەنگ و جریوەی باڵندەکان بخەوێت، ئێمە کە لەدوورەوە سەیری کۆشکەکەمان دەکرد، مانگمان دەبینی بە گەورەیی لەسەری دەدرەوشێتەوە. ئەو شەوە هوزار لەگەڵ ڕەفعەتی باوک و پڕوشەدا نەگەڕایەوە بۆ ماڵێ... بێئەوەی هیچ کەس پێیبزانێت یاخود بیبینێت بەیانی زوو لەگەڵ خانمی باڵندەکاندا لە ماڵ هاتنەدەرێ، سەوسەن نزیکی دوازدە ساڵ بوو پێی نەخستبووە ئەودیو دەرگاکەوە... ئەوە یەکەمجاربوو دوای ئەو ماوە درێژە پێبخاتە سەر شەقامی ئەودیو دەرگای خۆیان، سەیری لە گۆڕانی شار و ئەو خانووبەرە تازە و شەقامە نوێیانە هات کە

بە چۆڵــی لەگــەڵ هــوزاردا پیادەڕۆیشــتن، بــەڵام وەک هەمیشــە هەســتی بــە دڵتەنگییەکــی قــووڵ و خنکێنــەر کــرد. هــوزار جانتایەکــی چکۆلانــە و بڕێــک پــارەی پێبــوو کــە سەوســەن ســاڵ دوای ســاڵ بــۆی هەڵگرتبــوو، دەفتەرێکــی گــەورەی ناونیشــان و ژمــارەی تەلەفوونــی ئــەو کەســانەی هەڵگرتبــوو کــە لــە کۆشــکی باڵندەکانــەوە و بــە کۆمەکــی پــەڕی ئــەوان بــەرەو دونیــای دوور ڕۆیشــتبوون. ئــەو کەســانەی ســاڵ دوای ســاڵ و وەرز دوای وەرز ناونیشــان و شــوێن و نیــگاری خۆیــان بــۆ خانــم ناردبــوو، پاســپۆرتێکی نوێــی پێبــوو کــە تــا ئێســتا کەســمان نازانیــن چــۆن پەیدایکردبــوو. لــە نزیــک ســەعات پێنــج و نیــوی بەیانیــدا گەیشــتنە نەقڵیاتــی گــەورەی شــار، شــۆفێرێکی پیــر لــە تاکســییەکدا چاوەڕوانــی ڕێبوارەکانــی بەریەیانــی دەکــرد، بــەڵام نەقڵیاتەکــە بــە گشــتی چــۆڵ و بێنەفــەر دەینوانــد. سەوســەن داوای لــە پیرەمێردەکــە کــرد ئــەو کــوڕە گەنجــەی تــا نزیکتریــن خاڵــی ســەر ســنووری ئێــران بــۆ بەرێــت... گرنــگ ئەوەبــوو بگاتــە ســەر ســنوور، ئیــدی لەوێــوە خــۆی هەمــوو نەخشــەکانی دونیــای لەســەردا بــوو، لــە منداڵییــەوە ســاڵ دوای ســاڵ و ڕێــگا لــەدوای ڕێــگا هەمــوو دونیــای لەبەربــوو، گەنجتریــن گــەڕاڵ بــوو کــە دووری هەمــوو شــارەکانی دونیــای لــە یەکــدی دەزانــی، دەیزانــی هــەر شــەقامێک لــەم زەوییەدا بــە چ جــۆرە زەوی و بــە نــاو چ چەشــنە باغێــک و بــە کێڵگــەی چ جــۆرە دەغڵێکــدا دەڕوات. لەوێــوە ئیتــر پێویســتی بــە کۆمەکــی کــەس نەبــوو، لەوێــوە هەمــوو ســەر زەمیــنماڵــی خــۆی بــوو. بــەر لــەوەی شــۆفێرەکە جانتــای تەنیــا میوانەکــەی بخاتــە ســندوقەکەی پشــتەوە، پــوری باوەشــی پیاکــرد و ماچیکــرد و گووتــی «لــە هــەر کوێیەکــی دونیــا بوویــت، نامــە بــۆ دایکــت بنێــرە... لــە هــەر شــوێنێکی زەوییــەوە توانیــت قســە لەگــەڵ دایکتــدا بکەیــت بیکــە، لــە هەر شــوێنێکی دونیــاوە توانیــت شــتێکی جــوان بۆئــەم شــارە بنێریتــەوە بینێــرە. هــەر ڕۆژێــک زانیــت کــە ناتوانیــت ئیتــر ســەفەربکەیت و بڕۆیــت، لــە جێگایەکــدا دانیشــە و چیرۆکــی خــۆت بــۆ خەڵکــی ئــەم شــارە بنوســەوە».

هەر دووکیان بە هێمنی سەیری یەکتریان کرد، هەر دووکیان قووڵ یەکتریان خۆشدەویست، هەردووکیان ڕەنگ پەڕیو و تەنها دەیاننواند، هەردووکیشیان نەگریان.

سەوسەن نزیکی سەعات شەشی بەیانی گەیشتەوە ماڵەوە، بێئەندازە شەکەت و کەنەفت بوو، بە هێمنی چوو بۆ ماڵی باڵندەکان، لەوێش هەموو شتێک بێدەنگ و غەمگین دیاربوو، کەمێک چووە ناو قەفەزەکان، تا ئێستا دەیتوانی بۆنی بەجێماوی هەندێک لە باڵندەکان بکات، بۆنی یادگارە بەجێماوەکانیان هەڵمژێت. پاش ئێستێک گەڕایەوە بۆ ناو کۆشک، ژووراو ژوور گەڕا... سەرسامبوو کە لەیەکێک لە ژوورە چەپەکەکاندا، بەو بەیانییە زووە ئاریان جەودەتی بینی بە جووتێک چاوی سوور و ماندوو بێخەوەوە ڕەسمدەکات، وای هەستکرد ئاریان چەند ڕۆژ بێت لەم ماڵەدا لەیادکرابێت و هەمووان لەویادا بیریسان چووبێتەوە. ئاریان بەجۆرێک لە ناو ڕەنگ و نیگارکردندا نوقمبوو وەک شێت دەردەکەوت. سەوسەن بە هێمنی دەستی خستە سەرشانی و گووتی «ئاریان کاتی ئەوە هاتووە پشوویدەیت... کاتی ئەوە هاتووە هەموو پشوویدەین، تۆش دەبێت پشوویدەیت، ئاە چەندە تۆم ماندووکرد لەگەڵ خۆمدا، چەندە تۆم ماندووکرد». ئاریان پێشتر جۆرە ڕستەی وەهای لە زاری سەوسەن نەبیستبوو، بە سەرسامی سەیریکرد، بەجۆرێک شەکەت بوو نەیتوانی هیچ بڵێت، بەڵام هەر کەسێک لەویادا بووایە و ئەو نیگا سەرسام و قووڵ و شێتانەی ئاریانی بدیبایە هەموو ئەو شتانەی تیا دەخوێندەوە کە نزیکی بیست ساڵ بوو وای لەم کوڕە کردبوو نیگار بۆ ئەم خانمە بکات. بیست ساڵ بوو ئەویش لەسەفەرێکی دوور و قووڵ و بێبڕانەوەدا بوو لە پێناوی ئەم خانمەدا کە هەموو عومری بێدەنگ و سەرسام سەیریدەکرد و هیچی نەدەگووت. هەموو دەمانزانی ئەم کوڕە چەندە سەوسەنی خۆشدەوێت، هەمووش دەمانزانی چ پەیمانێک تامردن زمانی

بەستووە. ئەو بەیانییە ئاریان جانتاکەی پێچایەوە، دڵنیابوو جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ ئەم کۆشکە بۆ ئەوەی نیگاربکات، بێئەوەی دوا نیگاری تا دوا فڵچە تەواوبکات، بۆیەکانی کۆکردەوە و بە چاوێکەوە کە پڕبوو لە فرمێسکی گەورە سەیری سەوسەنی کرد و جانتاکەی هەڵگرت و کەمێک لە ژوورەکان ڕاما و کەمێک سەیری باڵندە مۆمیاکانی کرد و وەک وێڵێک نەزانێت بۆ کوێ بچێت، کۆشکی باڵندەکانی بەجێهێشت.

لە سەعات شەشونیوی بەیانیدا سەوسەن چووە بەر ئاوێنەکە و ماوەیەک بە بێدەنگی قژی داهێنا، دواتر سەری لە فیکرەت گوڵدانچی و ساقی مەحمود و مەنگوڕی بابەگەورە دا کە هەر سێکیان لە خەوێکی قووڵی بەیانیدا نوقم بوون. سەری لە هەموو باڵندە مۆمیاکان دا، هەندێکیانی بە هێمنی ماچکرد، بۆنی بە هەندێکیانەوە کرد، دواتر سەرکەوتە سەرەوە و لە ژووری خەوتنەکەیدا دۆڵابی جلەکانی خۆی کردەوە، لەوێدا سەری سندوقێکی بچکۆلانەی کردەوە، سێ نامەی زۆر دێرینی دەرهێنا کە تەمەنێکی زۆر درێژیان هەبوو، سێ نامە کە وەک یەکەمین ڕۆژی ناردنیان نوێ دەیاننواند، وەک ئەوەی هەر ئەمڕۆ و بەر لە سەعاتێک نامەبەرێک هێنابێتنی، ئەو نامانەبوون کە پتر لە بیست ساڵ لەمەوبەر ڕازی بوونی داواکارەکانی بۆ سەوسەن گواستەوە، ڕۆژێک سەوسەن داوای لێکردن بڕۆن و سەفەربکەن. بە هێمنی چاوی لێکنا و بۆنی بە نامەکانەوە کرد، ئەوە یەکەمجاربوو هەستبکات کە کاغەزەکان بە ڕاستی بۆنێکی تایبەتیان لێدێت، بۆنی تێپەڕینی ژیان و بەباچوونی زەمان. لەسەرخۆ نامەکانی نا بە دڵییەوە و هەستا و بۆ ئەو ژوورە تایبەتەی دۆڵابی یادگارە تاڵەکانی تێدابوو چووە خوارێ، لەوێ دۆڵابەکەی کردەوە، نامەکانی خستە ناوی، جارێکی دی چووە سەرەوە و هەندێک لە کتێب و دەفتەرەکانی هوزاری هێنا و ئەوانیشی خستە ناو دۆڵابەکەوە. لەویادا کەمێک وەستا دەستی لە جلە کۆنەکانی نزاری برای دا، دەستی

لـە جلـی خوێناوییەکانـی کامـەران دا و جارێکـی دی بۆنـی پێوەکـردەوە، ئـەو شوشـەی خۆڵەمێشـەی هەڵگرت کـە پاشماوەی ماڵـی سـاقی مەحمـود بـوو، دەسـتی لـەو دوو تاپـرە کۆنـە دایـەوە کـە دەمـێ سـاڵ بـوو لەویـادا خەوتبـوون... دواجـار وەک ئـەوەی بۆنـی زەمانێکـی دوور لـە سینەی خۆیـدا هەڵگرێـت بۆنـی بـە هەمـوو شـتەکانەوە کـرد و بـە حەسـرەتێکی نادیـارەوە دەرگای دۆلابەکـەی داخسـت و سـەرکەوتە سـەرەوە. لـە ژووری خـەوتنەکـەی خۆیـدا ئەلبومـی وێنـەی هـەر سـێ داواکارەکـەی دەرهێنـا، پـەردەی هەمـوو پەنجەرەکانـی دادایـەوە، کۆتـری سینە زامـداری خسـتە سـەر سـەرینەکەی خۆی، سـێ ئەلبومەکـەی خسـتە سەرسنگی خـۆی و بـە ئارامـی پاڵکـەوت. پـاش کەمێـک هەسـتیکرد گوێـی لـە دەنگـی کۆترەکەیـە، وای هەسـتکرد لـە تاریکییەکـەدا بـە زیندوێتـی دەیبینێـت، کەمێـک بـە ماندوێتـی رامـا و هەسـتیکرد بـە راسـتی کۆترەکـە دەجوڵێتـەوە، نـا بەڵکـو هەمـوو باڵنـدە مۆمیاکانـی دەبینـی لـەو دیـو دیوارەکانـەوە دەجوڵێنـەوە، هەسـتیکرد هەموویـان لـە هەمـوو ژوورەکانـدا زیندوودەبنـەوە، چاویکردەوە و لـەو پـەڕی سەرسـامیدا هەمـوو ئـەو وێنانـەی ئاریانـی بینـی وەک جەنگـەڵ و درەخـت و کێڵگـە و دارسـتانی راسـتەقینە دەکرێنـەوە. بینـی باڵنـدە مۆمیـاکان لـە جێگای خۆیـان دەفـڕن و خۆیـان دەکـەن بـە ئاسمان و ئـاو و دارسـتانی نـاو نیگارەکانـدا، لـە نـاکاو بێئەنـدازە خۆشـحاڵ بـوو، بۆنێکـی خۆشـی دونیـا لـە هەمـوو لایەکـەوە خـۆی کـرد بـە ژوورەکەیـدا، بینـی کـە کۆترەکـەی تەنیشـتی دەفڕێـت... بینـی تەمێکـی دەمەوبەیانـی چـڕ بـەڵام فێنـک ئابلۆقـەی دەدات، هەسـتیکرد دەنگێـک لـە پشـت ئـەو تەمـەوە بانگیـدەکات، نەیدەزانـی دەنگـی کێیـە... هەستیدەکرد ڕوخسـاری کەسـێک لـەو دیـو تەمەکـەوە دەردەکەوێـت و بانگیـدەکات، بـۆ یەکەمجـار لـە ژیانیـدا ئارەزووییەکـی گـەورەی هەبـوو، قـووڵ و دوور بـە نـاو ئـەو جەنگەڵـەدا بـڕوات، بـە نـاو ئـەو تەمـەدا ڕۆبچێت... دەیویسـت بزانێـت ئـەو دەنگـە کێیـە کـە لـەو دیـو درەختەکانـەوە، لەودیـو

ئاوەکانـەوە بانگیـدەکات، دەیویسـت بزانێـت باڵنـدەکان بـۆ کـوێ فڕیـن... لـە جێگاکـەی خـۆی هەڵدەسـتا، ڕوناکییەکـی نادیـار لـەو دیـو تەمەکانـەوە ڕایدەکێشـا، ڕوخسـاری کەسـێکی دەبینـی کـە نەیدەزانـی کامەرانـی سـەلمایە، مەنسـور ئەسـرینە یاخـود خالیـد ئامووتـە؟ لـە دڵـەوە دەیویسـت دوای تەلیسـمی ئـەو تارماییـە نادیـارە بکەوێـت، کـە لـە بەردەمیـدا دەڕۆیشـت و زیاتـر و زیاتـر بـەرەو نـاو جەنگەڵێکـی دوور و گـوێ ئاوێکـی نەناسـراو ڕایدەکێشـا، بـەڵام سەوسـەن دەیویسـت ئـەم پیـاوە ببینێـت... دەشیویسـت بزانێـت باڵنـدەکان دوای مـردن بـۆ کـوێ دەفـڕن... دەڕۆیشـت و دڵنیابـوو کـە گەیشـتە قووڵایـی ئیتـر ناتوانێـت بگەڕێتـەوە... باڵنـدەکان و تارماییـەکان و ئـاوەکان ڕایاندەکێشـا، جەنگـەڵ بـە دەنگەکانـی و هـەوا بـە فێنکـی و درەختـەکان بـە بۆنـی خۆیـان دەیانبـرد... ئێسـتێکی دەکـرد و دەیویسـت بگەڕێتـەوە، دەیویسـت وەرگەڕێـت و بچێتـەوە سـەر جێگاکـەی خـۆی، بـەڵام نـا... نەیدەتوانـی بگەڕێتـەوە، کـە ئـاوڕی دەدایـەوە کۆشـکەکەی لـە تەمێکـی دوورو چڕدا دەبینـی، دەسـتێکی نهێنـی بـەرەو پێشـەوە پاڵـی پێوەدەنـا... دەسـتێکی نهێنـی بـەرەو جێگایـەک پاڵـی پێوەدەنـا کـە باڵنـدەکان بەسـەر سـەریدا و لـە نزیکییـەوە و لـە پێشـییەوە بـەرەو ئـەوێ دەفڕیـن... ئێسـتا دڵنیابـوو قـووڵ بـەرەو شـوێنێک دەڕوات کـە پێشـتر نەیبینیـوە، جێگایـەک دەتوانێـت لـەوێ بۆنـی هەمـوو گوڵەکانـی دونیـا بـکات و گـوێ لـە دەنگـی هەمـوو باڵنـدەکان بگرێـت... ئەمجـارە بێئـەوەی بیریکاتـەوە... بێئـەوەی پێویسـتی بـەوە بێـت دوودڵ بێـت بـەرەو نـاو ئـەو تەمـە ڕۆیشـت... تەمێـک کـە تـا زیاتـر بـە ناویـدا ڕۆدەچـوو ڕۆشـن و ڕۆشـنتر دەبـووەوە... بێئـەوەی بترسـێت دوای پۆلـی ئـەو باڵندانـە کـەوت کـە پێشـی دەکەوتـن... بێئـەوەی بترسـێت دوای ئـەو تارماییـە کـەوت کـە پێشـی دەکـەوت. ئێسـتا دڵنیابـوو بـەرەو جێگایـەک دەڕوات هەمـوو ئـەو شـتانەی تیـا دەبینێتـەوە کـە زۆر زۆر بیریانـدەکات. بـە هێمنـی ڕۆیشـت و هەسـتیکرد جیهـان...

هەمـوو جیهـان بانگیـدەکات... هەسـتیکرد جیهـان هەمـوو جیهـان بـەرەو ناخـی خـۆی داوەتیـدەکات، هەسـتیکرد جیهـان، هەمـوو جیهـان دەرگاکانـی خـۆی یـەک یـەک بـۆ دەکاتـەوە... ئیـدی بـە خێراییەکـی ئەوتـۆ دەڕۆیشـت پێشـتر بەخۆیـەوە نەبینیبـوو... ئێسـتا ڕایدەکرد و ڕایدەکـرد... تـا زیاتریـش ڕایدەکـرد کۆشـکی غەمگینـی باڵنـدەکان لـەو دیـو تەمـەوە کەمتـر و کەمتـر و کەمتـر دەردەکـەوت. تـا زیاتـر ڕایدەکـرد، زیاتـر دڵنیادەبـوو کـە ئیـدی ناتوانێـت جارێکـی دی هەرگیـز بگەڕێتـەوە.

کتێبە چاپکراوەکانی ئەندێشە

ناوی کتێب	ناوی نووسەر	ناوی وەرگێڕ
١. بنەڕەتەکانی فەلسەفە	د. حەمید عەزیز	
٢. کورد لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە	د. فەرهاد پیربال	
٣. ڕێبازە ئەدەبییەکان	د. فەرهاد پیربال	
٤. نەتەوەی زێرابەکان	جەبار جەمال غەریب	
٥. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی	د. جەعفەر عەلی	
٦. سۆفیزم و کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی...	د. جەعفەر عەلی	
٧. مەحوی لەنێوان زاهیریی ت و باتینییەت و ...	د. ئەحمەدی مەلا	
٨. نهێنییەکانی ژیان	ئۆشۆ	ئازاد بەرزنجی
٩. کورتیلەیەک لە مێژووی کات	ستیڤن هۆوکینگ لیۆنارد ملۆدیتۆ	حوسەین حوسەینی د. هیوا عومەر
١٠. کۆشک	فرانتس کافکا	عەتا نەهایی
١١. فەصلول مەقال	ئیبن ڕوشد	مەریوان عەبدول
١٢. شۆڕشی ئەیلوول لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا	وریا ڕەحمانی	

١٣. دەسەڵات و جیاوازی	مەریوان وریا قانیع	
١٤. لە چ ئێستایەکدا دەژین	مەریوان وریا قانیع	
١٥. شوناس و ئاڵۆزی	مەریوان وریا قانیع	
١٦. دین و دونیا	مەریوان وریا قانیع	
١٧. سیاسەت و دونیا	مەریوان وریا قانیع	
١٨. کتێب و دونیا	مەریوان وریا قانیع	
١٩. دواهەمین هەناری دونیا	بەختیار عەلی	
٢٠. ئێوارەی پەروانە	بەختیار عەلی	
٢١. جەمشید خانی مامم	بەختیار عەلی	
٢٢. مەرگی تاقانەی دووەم	بەختیار عەلی	
٢٣. کەشتی فریشتەکان (١)	بەختیار عەلی	
٢٤. کەشتی فریشتەکان (٢)	بەختیار عەلی	
٢٥.شاری موسیقارە سپییەکان	بەختیار عەلی	
٢٦. سێوی سێهەم	بەختیار عەلی	
٢٧. لە دیارەوە بۆ نادیار	بەختیار عەلی	
٢٨. وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان	بەختیار عەلی	
٢٩. چێژی مەرگدۆستی	بەختیار عەلی	
٣٠. ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن	بەختیار عەلی	
٣١. مەعریفە و ئیمان	بەختیار عەلی هێمن قەرەداخی	
٣٢. دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو...	گۆران ئیبراهیم صاڵح	
٣٣. سەمەرقەند (چ٢)	ئەمین مەعلوف	د. ئەحمەدی مەلا

٣٤. وێستگەیەک لە گەشتێکی فەلسەفی	فاروق ڕەفیق	
٣٥. ئەخلاقناسی	تەحسین حەمە غریب	
٣٦. گەشەسەندنی ڕامیاری...	د. ک. پێسچانی	د. ئارام عەلی
٣٧. مێژووی کۆنی کورد (چ٢)	د. جەمال ڕەشید	
	د. فەوزیە ڕەشید	ملکۆ کەلاری
٣٨. منداڵانی گەڕەک	هیوا قادر	
٣٩. مرۆڤی یاخی	ئەلبێر کامۆ	ئازاد بەرزنجی
٤٠. پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و دەوڵەتانی...	هێرش جەوهەر مەجید	
٤١. مێژووی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی... (چ٢)	فریشتە نورائی	هەورامان فەریق کەریم
٤٢. سلێمانی لەنێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)	توانا ڕەشید کەریم	
٤٣. شاری سلێمانی (١٤ی تەموزی ١٩٥٨-١٧ی تەموزی ١٩٦٨)	هەوراز جەوهەر مەجید	
٤٤. کتێبی پەراوێزنووسان	عەتا محەمەد	
٤٥. فیکر و دونیا (بەرگی ١)	مەریوان وریا قانیع	
٤٦. فیکر و دونیا (بەرگی ٢)	مەریوان وریا قانیع	
٤٧. دین و دونیا (چ٢)	مەریوان وریا قانیع	
٤٨. کتێب و دونیا (چ٢)	مەریوان وریا قانیع	
٤٩. کۆمەڵگەی ڕەش	د. عادل باخەوان	
٥٠. زستانێکی درێژ	کولم تویبێن	دلاوەر قەرەداغی
٥١. فرانسیسکۆس قەدیسی من	نیکۆس کازانتزاکیس	دلاوەر قەرەداغی
٥٢. ئاهەنگی تەگەکە	ماریۆ بارگاس یۆسا	جەلیل کاکەوەیس

٥٣. شەوی لیشبۆنە	ئێریش ماریا ڕیمارک	کەریم پەڕەنگ
٥٤. من و ئەو	ئەلبێرتۆ مۆرافیا	کارزان عەلی
٥٥. میرنامە	جان دۆست	سەباح ئیسماعیل
٥٦. ڕوخسارە بەندکراوەکەم	لەتیفە	ڕووناک شوانی
٥٧. قەپێلک	مستەفا خەلیفە	هەورامان وریا قانع
٥٨. خەونی پیاوە ئێرانییەکان کەوتنی بۆرە قەڵا	ماردین ئیبراهیم	
٥٩. گرگن	پێر لاگەرکڤیست	خەبات عارف
٦٠. ١٩٨٤	جۆرج ئۆروێل	حەکیم کاکەوەیس
٦١. سوور و ڕەش	ستاندالْ	سیامەند شاسواری
٦٢. دەستنووسە دۆزراوەکەی ئەکرا	پاولۆکۆیلۆ	سیروان مەحمود
٦٣. جادەی مێخەک (١)	دلاوەر قەرەداغی	
٦٤. جادەی مێخەک (٢)	دلاوەر قەرەداغی	
٦٥. ئێوارستان	پێر لاگەرکڤیست	خەبات عارف
٦٦. دارستانی نەرویجی	هاروکی موراکامی	تارا شێخ عوسمان
٦٧. ئێوارەی پەروانە (چ٦)	بەختیار عەلی	
٦٨. شاری مۆسیقارە سپییەکان (چ٣)	بەختیار عەلی	
٦٩. مەرگی تاقانەی دووەم (چ٥)	بەختیار عەلی	
٧٠. کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (چ٢)	بەختیار عەلی	
٧١. تا ماتەمی گوڵ.. تا خوێنی فریشتە (چ٣)	بەختیار عەلی	
٧٢. سێوی سێهەم (چ٣)	بەختیار عەلی	
٧٣. ئاورەکەی ئۆرفیۆس	بەختیار عەلی	
٧٤. غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ (چ٢)	بەختیار عەلی	

٧٥. ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن (چ٢)	بەختیار عەلی	
٧٦. دواهەمین هەناری دونیا (چ ٥)	بەختیار عەلی	
٧٧. ئێمەی پەنابەر	کۆمەڵێ نووسەر	
٧٨. گرەوی بەختی هەڵاڵە (چ٢)	عەتا نەهایی	
٧٩. عێراقییەک لە پاریس	سەمۆئێل شەمعون	سەباح ئیسماعیل
٨٠. جیهانی سۆفیا و فەرهەنگی سۆفیا (چ٤)	یۆستاین گاردەر	بەهرۆز حەسەن
٨١. کچەی پرتەقاڵ (چ٣)	یۆستاین گاردەر	بەهرۆز حەسەن
٨٢. لە ئاوێنەیەکدا، لە نهێنییەکدا (چ٢)	یۆستاین گاردەر	بەهرۆز حەسەن
٨٣. کچی بەڕێوەبەری سێرک (چ٢)	یۆستاین گاردەر	بەهرۆز حەسەن
٨٤. نهێنی یاری کاغەز (چ٢)	یۆستاین گاردەر	بەهرۆز حەسەن
٨٥. مایا (چ٢)	یۆستاین گاردەر	بەهرۆز حەسەن
٨٦. ئینسایکلۆپیدیایەکی مێژوویی وێنەدار	کۆمەڵێ نووسەر	هەورامان وریا قانع
٨٧. کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا	د. حامد مەحمود عیسا	زرار عەلی
٨٨. دوالیزمی دژیەک لە هۆنراوەلیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی دا	لهۆن قادر	
٨٩. فەلسەفەی ئایین (چ٢)	ئازاد قەزاز	
٩٠. سایکۆپۆلیتیک (چ٢)	ئازاد قەزاز	
٩١. خۆت بناسە	ئازاد قەزاز	
٩٢. مەسیح لە خاچ دەدەنەوە (چ٢)	نیکۆس کازانتزاکیس	دلاوەر قەرەداغی

٩٣. قەدەغەشکێنی (چ٢)	مەولود ئیبراهیم حەسەن	
٩٤. گەڕان بەدوای نەمرییدا (چ٢)	مەولود ئیبراهیم حەسەن	
٩٥. پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی (چ٢)	مەولود ئیبراهیم حەسەن	
٩٦. فەلسەفەی بوون	د. محەمەد کەمال	
٩٧. وەک ڕووبارە بەخووڕەکە	پاولۆکۆیلۆ	سیروان مەحمود

تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

Bachtyar Ali Mohamed

Koşkî Báĺinde Xemgînekan

ISBN 978-1-63068-980-3
9 781630 689803
ENDESE
١٠٠٠٠ دينار